هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان
# 90

سالْی/ 2013 – بەرگی نەوەت

---

چاپی یەکەم/ سالْی 2013

لە بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی(2013)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەرگی: 90
چاپی یەکەم: 2013
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات کردن: شەرمین خضر، نەورۆز شێرزاد، گزەنگ ابراهیم، دلێر اکرم، بەختیار جمیل، شوان محمد، نەهلە اسعد.
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێکی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/3/12 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2013/3/18 ل 13

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2013/4/1 ل 43

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/4/2 ل 93

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2013/4/3 ل 153

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2013/4/8 ل 185

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2013/4/10 ل 233

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2013/4/15 ل 297

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/4/16 ل 327



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک**

**سێ شەممە رێکەوتی 12\3\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/3/12

کاتــژمێر (11)ی پــێش نیــوەڕۆی ڕۆژی ســێ شــەممە ڕێکــەوتی 2013/3/12 پەرلــەمانی کوردســتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی دەسـپێکی خـولی سـێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلــەمانی کوردســتان - عێــراق, دەســتەی ســەرۆکایەتی پەرلــەمان بڕیــاری درا دانیشــتنی دەســپێکی خــولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/3/12 دا بەم شێوەیە بێت:

1- دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق.

2- وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق بەم بۆنەیەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

ئەم کاتەتان باش و بەخێر بێنەوە، ئومێد دەکەین ئەو ماوەیە هەم ئیسراحەتێکی باشتان کرد بێت و هەم هەندێك لەو پرۆژە یاسایانەی کە لەبەر دەستدا بووە کاری باشیان لەسەر کرا بێت.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی دەستپێك، ڕۆژی دانیشتن 2013/3/12، ڕێوڕەسمی کردنەوەی خولی گرێدانی دووەم، ساڵی چوارەم، خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، بەپێی حوکمی بڕگە (1) لە مادده (5)ی هەر دوو بڕگەی (1، 2) لە مادده (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراودا، بڕیاردرا کاتی کردنەوەی خولی گرێدانی دووەم، ساڵی چوارەم، خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/3/12دا بێت و، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت:

1- دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق.

2- وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق بەم بۆنەیەوە.

**ئێستاش بۆ جێ بەجێ کردنی بەرنامەی کار دێینە سەر خاڵی یەکەم، ئەویش وەستانە دەقیقەیەك بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، بفەرموون. زۆر سوپاس، فەرموون دانیشن.**

**ئێستا دێینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، ئەویش وتاری سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانە بەم بۆنەیەوە.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان.**

**خوشك و برایانی بەڕێزم.**

**ئەو کاتەتان باش.**

**بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پیرۆزبایی دەست پێ کردنی خولێکی نوێی دانیشتنەکانی خولی گرێدانی دووەم، ساڵی چوارەم، خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە گەلەکەمان و ئێوەی بەڕێز دەکەین، دیارە کردنەوەی ئەم خولە هاوکاتە لەگەڵ یادەوەری (22) ساڵەی دەست پێ کردنی راپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ساڵی 1991، بەم بۆنەیەوە سڵاوی وەفاداری و سەری رێزو نەوازش بۆ شەهیدانی گەلەکەمان بە گشتی و شەهیدانی راپەڕین بەتایبەتی دادەنوێنین و کە (22) ساڵ بەر لە ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بە رابەرایەتی بەرەی کوردستانی توانیان لە راپەڕینێکی گشتی و سەرتاسەریدا لە ماوەی (15) رۆژ کە لە رانیەی دەروازەی راپەڕینەوە دەستی پێ کرد، تەواوی شارو شارۆچکەکانی پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێرو دهۆك رزگار بکرێت و دواتریش بە رزگار کردنی شاری کەرکووکی خۆشەویست لە 20/ئازاردا راپەڕین تاجی سەرکەوتنەکانی لەسەرنا.**

**راپەڕین وێستگەیەکی گرنگ و قۆناغێکی وەچەرخان بوو لە خەباتی رێکخراوەیی و سیاسی و جەماوەری و شۆڕشگێڕی میللەتەکەمان، لەم قۆناغەشدا پێویستە بە هەمان حەماس و گیان سەردەمی راپەڕین گەشەی زیاتر بە ئەزموونەکەمان بدەین، دەستکەوتە سیاسی و دەستوورییەکان بپارێزین، کە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو دەستکەوتی هەرە گرنگی بەری خەبات و فیداکاری دەیان ساڵی راپەڕینە شکۆدارەکەو کۆڕەوە ملیۆنەکەی ساڵی 1991ی گەلەکەمان، مانگی ئازار بۆ گەلی کورد چۆن مانگی دەستکەوت و سەرکەوتنەکانە، هاوکات مانگی کارەسات و یادەوەری ناخۆشیشە، لە 16/ئازار یادی یەکێك لە گەورەترین کارەساتەکانی دژ بە مرۆڤایەتی دەکەینەوە، کە یادی کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی شەهیدە لە چرکە ساتێکدا زیاتر لە (5) هەزار هاووڵاتی شەهید بوون و بوونە قوربانی، لە یادی ئەو برینە قوڵ و سارێژ نەبووەی گەلەکەمان سەری رێزو وەفاداری بۆ گیانی پاکی شەهیدان و کەسوکاری قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەو تەواوی ناوچەکانی تری کوردستان دادەنوێنین، راستە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە گەورەیە بە سزای خۆیان گەیشتن، بەڵام هێشتا پێویستە کاری زیاتر بکەین بۆ ئاسوودە کردنی قوربانیانی کارەساتەکەو چارەسەر کردنی بریندارەکان و کار کردنی زیاتر تا ئەو کارەساتەو تاوانەکانی ئەنفال و گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی بە تاوانی جینۆساید بناسرێت، لێرەوە سوپاس و دەستخۆشی لە هەموو**

ئەو کەس و لایەنە کوردستانی و بیانیانە دەکەین کە لە خەباتی بەردەوامدان، بۆ ئەوەی کۆمەڵی نێو دەوڵەتی ئەو تاوانانە بە تاوانی جینۆساید بناسێنێت، سوپاس و دەستخۆشی بۆ گەل و پەرلەمانی وڵاتەکانی نەرویج و سویدو بەریتانیا دووپات دەکەینەوە، کە ئەو تاوانەیان بە تاوانی جینۆساید ناساندووە، بەڵام پێویستە وەك پەرلەمان و حکومەتی هەرێم کاری زیاتر بکەین، بۆ ئەوەی پەرلەمانی ئەوروپاو دواجاریش ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی سەرجەم تاوانەکانی دژ بە کوردو کوردستان بە تاوانی جینۆساید تۆمار بکەین.

بەڕێزان، لە ماوەی چەند مانگی داهاتووی ئەم خولەدا کە دوایین خولی دانیشتنەکانە لە خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان، کۆمەڵێك ئەرك و پرۆژەی گرنگمان لەبەردەست ماوە، کە دەبێت کاری جددیان لەسەر بکەین، هەندێکیان دەمێکە لە پەرلەمان گیریان خواردووە، ئەمەش پێویستی بە بوونی ئیرادەو گیانی هەماهەنگی و سازان و لە یەك تێگەیشتنی نێوان فراکسیۆن و لیژنەکان هەیە، لە کاتێکدا کە هێشتا زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرکردایەتی حزبە سیاسیەکان نەهاتۆتە پێش، تاکو بە یەکەوە دابنیشن و لەسەر پرۆژەکانی کە ناوی رەهەندی نیشتمانییان لێنراوە هەیە جۆرە لە سازدان و تەوافوق بدۆزنەوە، لە گفتوگۆیەکانی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2013 بینیمان چۆن ئێوەی بەڕێزو لیژنەکان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان توانیتان ئەو بەستەلەکە بشکێنن و کوێی سەرکردایەتی حزبەکان بکەون لەسەر چەندین و بڕگەو ماددەی گرنگ تەوافوقتان کردو بڕیاری کاریگەرتان لە گفتوگۆیەکانی بودجەدا کرد، کە لە زۆر رووەوە جیاواز بوو لە چاو ساڵانی پێشوودا، هەروەها لەم چەند ساڵەی رابردوودا بینیمان لیژنەو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لەگەڵ ئەو دیدو بۆچوونە جیاوازانەی کە هەشیان بوو جار جارە لەگەڵ یەکتریدا گفتوگۆی توندیشیان دەکرد، بەڵام پەیوەندییەکانی خۆیان نە پچڕاندو هەمیشە بەردەوام لەسەر گفتوگۆ و لەسەر کار کردنی بە یەکەوە، بۆیە لەم خولەدا کە چەند مانگێکمان لەبەردەست ماوە دەیان پرۆژە یاسا لەبەردەستدان، لەبەر نزیك بوونەوەی وادەی کۆتایی هاتنی ئەم خولە، رەنگە بە هەموویان رانەگەین، بۆیە داوا لەسەرجەم لیژنەو فراکسیۆنەکان دەکەین کە بەگیانی هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی نیشتمانی و نەتەوەیی لە بەجێ گەیاندنی ئەرکەکان داواتان لێ دەکەین کە زۆرترین هەوڵەکانی خۆتان بخەنە گەڕ وەك یەك تیم کار بکەن و رێککەوتن و سازدان لەسەر ئەو پرۆژانەی کە پێویستیان بە رێککەوتنی پێش وەخت هەیە، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان وەك لە سەرەتای دەست بەکار بوونمان راگەیاند بوو لەسەر پەیڕەو کردنی سیاسەتی کراوەو راوێژکاری و هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆن و پێکهاتەکانی پەرلەمانی کوردستان بەردەوام دەبین بۆ نزیك خستنەوەی بیرو بۆچوونە جیاوازەکانی نێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لەسەر پرۆژە یاساو بڕیارەکانی کە دەمێکە گیریان خواردووە، بەتایبەتی پرۆژە یاساکانی دامەزراندنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێم، پرۆژە یاسای مافی بە دەستهێنانی زانیاری، پرۆژە یاسای یارمەتی حزبە سیاسیەکان، پرۆژە یاسای ئەنجومەنی باڵای دانوستاندن،

یاسای پارێزگاکان، هەروەها چەند پرۆژە یاسایەکی تریش کە لەبەردەستدان، کە بەشێکیان لە ماوەی ئەم ساڵەی دواییدا چەند کۆڕو کۆبوونەوەو سیمیناری بۆ رێکخراوە.

دەستەی سەرۆکایەتی نایەوێت یاسایەك بگێڕێتەوە ناو پەرلەمان، کە رەهەندی نیشتمانییان هەیە، بەلاَم سازدان و تەوافوقی لەسەر نەکراوە، هەر کاتێك سەرجەم لایەنە سیاسیەکان و فراکسیۆنەکان و لیژنەکان لەسەر ئەو مەسەلانە رێککەوتن، ئەو پرۆژانە دەخەینە نێو بەرنامەی کاری دانیشتنەکان، لەم پێناوەشدا سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرکردایەتی حزبە سیاسیەکان و لیژنەو فراکسیۆنەکان لە پەیوەندی بەردەوامدا دەبێت، دیارە لەم خولەدا هەموار کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان یەکێك لەو پرۆژە گرنگانەیە کە لەبەردەستماندایە، ئەو لیژنەیەی کە بۆ پێداچوونەوەی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێك هاتبوو، خۆشبەختانە کارەکانی خۆیان تەواو کردووە، ئەمێد دەکەین لەم خولەدا فراکسیۆنەکان رەزامەندی لەسەر دەربڕن، بۆ ئەوەی بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی سێ ساڵ و نیوی رابردوومان و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی پەرلەمانی وڵاَتانی پێشکەوتوو و دیموکرات ئەو پەیڕەوە هەموار بکەینەوە تاکو خولی داهاتووی پەرلەمان بتوانێت بە تواناتر کارەکانی ئەنجام بدەن، لە ماوەی خولی پێشوودا توانرا سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی پاراستنی مافی مرۆڤ دابنرێت، لەم خولەدا کار دەکەین بۆ ئەوەی سەرۆکی هەردوو دەستەی نەزاهەو دیوانی چاودێری دارایی دابنرێن، بۆ ئەوەی ئەو دوو دەستەیەش بکەونە بواری کار کردن و هاوکاری پەرلەمان لە چاودێری کردنی حکومەت و بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی و چەسپاندنی زیاتری دەستەلاَتی یاساو دادپەروەری لە هەرێمی کوردستان بکەن، بۆ ئەمەش چەند کاندیدێك بۆ سەرۆکی هەردوو دەستەی نەزاهەو سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی پێشنیار کراون، هەوڵ بدەین لە ماوەیەکی نزیکی داهاتوودا سەرۆکی هەردوو دەستەکە دیاری بکەین، تا ئێوەی بەڕێزیش بڕیاری لەسەر بدەن، هیواداریین بە هاوکاری و هەماهەنگی هەموو لا بتوانین ئەرکەکانی سەرشانمان لەم چەند مانگەی داهاتووی ماومانە سەرکەوتووانە راپەڕێنین و زەمینەیەکی لەبار بڕەخسێنین بۆ ئەنجامدانی خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەمەش وەك سەرۆکایەتی پەرلەمان لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەمی ساڵی 2012 بە نووسراوی رەسمی ئەو مەسەلەیەمان ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بۆ ئەوەی رێ و شوێنی پێویست بگیرێتە بەر، تاکو خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەو وادەی خۆیدا ئەنجام بدرێت.

بەڕێزان، وەك دەزانن ئەزموونەکەمان لەبەردەم قۆناغێکی هەستیارو چارەنووسسازدایە، هێشتا دەستکەوتە یاسایی و دەستووریەکانی گەلەکەمان لە عێراق و ناوچەکە لەبەردەمی هەڕەشەو مەترسی دوژمنان و شۆڤێنیەکاندان، بۆیە گرنگە یەك ریزی و تەبایی و یەك هەڵوێستی خۆمان بپارێزین، هەموو لایەنەکان بە پشتیوانی جەماوەری دڵسۆزی گەلەکەمان بە یەکەوە سەنگەری پاراستنی دەستکەوتەکان قایم بکەین، ئەم قۆناغە هەستیارە تێ پەڕێنین تا دەگەینە دوا قۆناغی ئازادی و سەربەستی و دڵنیایی یەکجارەکی و بە

**دەستهێنانی تەواوی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانمان لە عێراقدا، جارێکی تر پیرۆزبایی کردنەوەی خولی نوێی دانیشتنەکان لە گەلەکەمان و لە ئێوەی بەڕێز دەکەین.**

**زۆر سوپاستان دەکەین، پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکەمان بهێنین، بەیانی سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆ دادەنیشینەوە میوانداری جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین دوا پێشهاتەکانی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی لە چ ئاستێکدایە، هەروەك خۆتان بینیتان سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت دوو بەیاننامەیان لەو بارەیەوە دەرکردووە، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستانیش لەو مەسەلانە ئاگادار بێت و، ئێوەی بەڕێز ئاگادار بن، پەرلەمانیش بۆچوونی خۆی هەبێت لەو مەسەلەیە، تا بەیانی سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆ بە خواتان دەسپێرین، هەروەکو پێرێش لە کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکان قسەمان کرد، فراکسیۆنەکان ئامادەسازی خۆیان بکەن وەکو فراکسیۆن بۆچوونی خۆیان، رەئی خۆیان لە مەسەلەکان گەلاڵە بکەن، وەکو فراکسیۆن لێرە دەیخوێننەوە، بۆ ئەوەی دوا پێشهات سەرۆکایەتی پەرلەمان لەو بارەیەوە بەیاننامەیەکی هەبێت، تا ئەو کاتە بەخواتان دەسپێرین هەربژین و زۆر سوپاس.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 18\3\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)

## دوو شەممە رێكەوتی 2013/3/18

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2013/3/18 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2013/3/18 دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی رەتكردنەوەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ هەردوو ماددەی (هەشتەم/یەكەم) و ماددەی (دەیەم/یەكەم) ی یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 2012 یاسای زانكۆ تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستان

2-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای پەیمانگای باڵا بۆ پەرەپێدانی ئەمنی و ئیداری لە هەرێمی كوردستان-عێراق

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، پەرلەمانی كوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی چوارەم، بە پێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەموار كراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (1)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات 11 ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2013/3/18 بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی رەتكردنەوەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ هەردوو ماددەی (هەشتەم/یەكەم) و ماددەی (دەیەم/یەكەم) ی یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 2012 یاسای زانكۆ تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستان

2-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای پەیمانگای باڵا بۆ پەرەپێدانی ئەمنی و ئیداری لە هەرێمی كوردستان-عێراق

بـەخێرهاتنی بـەرێز وەزیـری خوێنـدنی بـاڵا ئەکـەین، و بـەخێرهاتنی مونەسـیقی نێـوانی حکومـەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەکەین، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنـەی پـەروەردە ئەکـەین بفـەرموون بـۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، نوقتەی نیزامیە یان پرسیارە؟ فەرموو کاك عبدالله.

**بەرێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

کورتەی نوقتە نیزامیەکەم ئەوەیە بە پێی خـاڵی شـەش لـە مـاددەی 54 ی پـەیڕەوی نـاوخۆ هـەر سـەرۆك فراکسـۆنێك بـۆی هەیـە 24 کاتـژمێر پـێش دانیشـتنی پەرلـەمان داوا بکـات بابـەتێك بخرێتـە کارنامـەی دانیشتەنەکە، ئێمە وەکو فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزۆسیۆن 24 کاتژمێر پێشتر، واتە دوێنێ سەعات 11 داوامـان کرد بابەتی بلاٌونەکردنەوەی بڕیاری ژمارە 2 کە لـە 17/3 /2011 بـە دەنگی زۆرینـەی پەرلـەمانتارانی هەرێمی کوردستان پەسند کرا، و تا ئێستاش بلاٌونەکراوەتەوە لە ڕۆژنانەمەی وەقائیعی کوردستان هـەرێمی کوردسـتان، ئـەم بابەتـە گفتوگـۆ کـردن لەسـەر بابەتـەکانی بلاٌونەکردنـەوەی بڕیـاری ژمـارە 2 لـە لایـەن سەرۆکایەتی پێشـتووتر و ئێسـتای پەرلەمانـەوە بخرێتـە بەرنامـەی کـارەوە، بـەلاٌم بەرنامـەی کـاری ئـەمڕۆ ئەبینین هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەر نەهاتووە، لە کاتێکدا ئێمـە ئـەزانین بلاٌونەکردنـەوەی بڕیـاری ژمـارە 2 ناکۆکە بە دەستوور، بە پەیڕەوی ناوخۆ، بە یاسای پەرلەمانی کوردستان، و ئەو بڕیارەش بەرێزتان ئـەزانن خۆی لە داخوازیـە بنـەڕەتی و هەنووکەیـەکانی خۆپیشـاندەران ئەبینێتـەوە، بۆیـە هیـوادارم و داواکـارم لـە بەرێزتان هۆکاری ئەوەی کە ئەم بابەتە نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە بۆ پەرلەمانتاران ڕوون بکەنەوە

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

عەینی بابەتە یان شتێکی ترە؟ فەرموو

**بەرێز عبدالله محمد امین**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

بـە پێـی پـەیڕەوی نـاوخۆ لـە مـاددەی 54 بڕگـەی 2، دەسـتەی سـەرۆکایەتی بەرنامـەی کـاری پەرلـەمان دادارێژێ، پرسیاری من ئەوەیە، مەعیار چیە؟ یان پرەنسیپ چیە بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلـەمان پـرۆژە یاسـایەك ئەولەویـەتی پێـدەدات لەسـەر پـرۆژە یاسـایەکی تـر؟، دوو، ئێمـە بڕیـاری ژمـارە 2 مـان هەیـە، لەناوەڕۆکی بڕیارەکە کە لەم پەرلەمانە دەنگی لەسەر دراو تەسبیت کراوە ئەگـەر چـی لـە وەقـائعی ڕەسمـی بلاٌو نەکراوەتەوە، بۆچی ناوەڕۆکی کە گێڕانـەوەی کۆمـەڵێك پـرۆژە یاسـای گرنگـە یـان دانـانی سـەرۆك بـۆ دەستەی نەزاهە و دیوانی ڕەقابەی مالی و ئەمانە، بۆچی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان نـاوەڕۆکی ئـەم بڕیارە بە نەزەری ئیعتیبار وەرنـاگرێ، نایکاتـە ئەولەویـەت بـۆ ئـیش و کارەکـانی پەرلـەمان کـە لـە هـەموو خولەکانیش و لە وتاری یەکەمی سەرۆکایەتی پەرلەمان دا وەکـو دروشمێـك باسـی لێـوە ئـەکات و تەئکیـدی لەسەر ئەکاتەوە، ئێمە ئەو کارە ئەکـەین و ئـەو کـارە ناکـەین، مـن تـەکلیف ئەکـەم لـە بـەرێز سـەرۆکایەتی پەرلەمان کە چیتر ئەم مەسەلانە دوانـەخرێ، و هـەموو یاسـایەك لـە دیـدی منـەوە گرنگـی خـۆی هەیـە، و

پەیوەندی هەیە بە بیئەیەك لە کۆمەڵگا، بەڵام کاتێ پەرلەمان هەمووی کۆدەنگ ئەبێ، هەموو لایەنەکان، ئێمە باس لە سازدانی نیشتیمانی ئەکەین، باس لەوە ئەکەین ئەبێ لایەنە سیاسیەکان پێش ئەوەی بابەتێك گرژی تێ بکەوێ هەوڵ بدەن لەسەر مێزی گفتوگۆ سازدانی لەسەر بکرێ، بۆچی ئەو باسانەی ئێمە سازدانمان لەسەر کردووە و لەم پەرلەمانە دەنگی لەسەر دراوە نایکەینە بەرنامەی کار و ئیشی لەسەر ناکەین؟ ئایا ئێمە ئەگەر بزانین گفتوگۆکان و سازدانەکان هیچ بەرئەنجامێکی نابێت و بەس کات کوشتنە، بۆچی لەمەودوا کۆببینەوە و سازدان بکەین؟ پرسیاری من ئەوەیە ئایا سەرۆکایەتی پەرلەمان بە چ مەنتقێك حوکم ئەکات؟، بەو مەنتیقەی کە ئەوەی ئەیەوێ بیخاتە بەرنامەی کارەوە و ئیشی لەسەر بکات

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

ئەمە دەرچوونە لە نوقتەی نیزامی، ئەوەی پەیوەندی هەیە بە بەرنامەی کاری کە ئەمڕۆ من ئەو دانیشتنە بەڕێوە ئەبەم لەگەڵ سکرتێری پەرلەمان، دووخاڵە، و دیارە لەم دوو خاڵە زیاتر ناتوانین ئێستا نە زیادی بکەین و نە کەمی بکەین، ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە نوقتە نیزامیەکەی کاك عبداللە هەرچەندە نوقتەی نیزامی نەبوو، چونکە ماددەی 54 لە خاڵی شەش باس لەوە ئەکات کە سەرۆکی فراکسیۆن لە ماوەی 24 سەعات ئەتوانێ بەرنامەیەکی تازە بە شەرتێك ئەم بابەتە گشتگیر و جۆرێك لە پەلەیی تێدا بێ، نیسبەت بە ئەو بابەتەی کە سەرۆك فراکسیۆنەکان خستوویانەتە بەرنامەی کار ئێستا لە دیراسەتە، و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بڕیارێکی لەسەر نەداوە، هەرکات بڕیاری لەسەر دا ئایا دانیشتنی لەسەر بکرێ یان نا؟، بە تەئکید ئەبێ قەناعەتێك لە لایەن هەردوولا دروست بێ، لای سەرۆکایەتی و ئەوانەی تەقدیمیان کردووە، بۆیە ئێستا لە دیراسەتە، و ئەوانەی لایەنی پەیوەندیدار کە ئەم پرۆژەیان تەقدیم کردووە ئەتوانن دەرگای سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوەیە بۆ ئەوەی بێن بپرسن کە دیراسەکردنی ئەم پرۆژەیە گەیشتۆتە کوێ؟ ئەم داوا کاریە تکایە ئەگەر لەسەر ئەم بابەتەیە هیچ پێویست بە تەفاصیل ناکات، دێینە سەر بەرنامەی کار، فەرموو بۆ خاڵی یەکەم

**بەڕێز عونی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ:

خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی ڕەتکردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەردوو ماددەی (هەشتەم/یەکەم) و ماددەی (دەیەم/یەکەم) ی یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 2012 یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەم یاسایەی گەڕاندەوە بۆ پەرلەمان بە نووسراویان ژمارە د/60 لە ڕێکەوتی 2013/1/30، و نووسراوەکە بەم شێوەیە هاتووە:

**بۆ/سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**ب/بڕیاری ژمارە 1 ی ساڵی 2013**

**هاوپێچ/بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ژمارە 1 ی ساڵی 2013 تان بۆ دەنێرین دەربارەی ڕەتکردنەوەی یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە 18 ی ساڵی 2012 بۆ پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ڕیزدا**

**هاوپێچ/دەقی بڕیاری ژمارە 1 ساڵی 2013 دەقی یاسای زانکۆ تایبەتەکانی لە هەرێمی کوردستان ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە 174 لە 2013/1/13**

**بڕیار/ژمارە 1 ساڵی 2013**

**بەپێی ماددەی 10 یەم یەکەم/دوو لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە 1 ی ساڵی 2005ی هەموار کراو بڕیارماندا یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە 18 ی ساڵی 2012 کە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ژمارە 30 لە 2012/12/26 پەسندی کردووە، و بە نووسراوی ژمارە 43174 لە 2013/1/13 ناردوویەتی بۆ ئێمە ڕەتبکەینەوە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو دوو ماددەی لای خوارەوە دێن بگۆڕێت بە جۆرێك بەرژەوەندی گشتی نیشتیمانی و پاراستنی ئاستی بەرزی زانکۆکان بپارێزێ لە کوردستان بەم شێوەی خوارەوە:**

**1-ماددەی هەشتەم/یەکەم ڕوون نیە، و ئەبێتە هۆکاری کێشە لە نێوان خوێندکار و زانکۆ تایبەتەکان لە کاتی وەرگرتنی خوێندکاری پەیمانگا و ئامادەییە پێشەیەکان، چونکە دەستەواژەی نزیك (مقارب) زۆر ئەستەمە پێناسە بکرێ لەو شوێنەدا کە ئەڵێ (بەمەرجێك وەرگرتنی دەرچووی پەیمانگا یان ئامادەیی پێشەیی تەنها کورت بکرێتەوە سەر ئەو کۆلیژانەی خوێندن تیایاندا نزیکە لە پرۆگرامی خوێندنی پەیمانگا یان ئامادەییە پیشەیەکان، (على ان يقتصر قبول خريج المعهد او الاعدادية المهنية في الكليات المقاربة في دراستها مع منهج ديراسي للمعهد او الاعدادية المهنية)، بۆیە داوا ئەکەین ماددەی هەشتەم/یەکەم بگۆڕێ و بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە، بە کوردی (پێویستە لەسەر ئەوەی ئەیەوێ پێشەکەشی خوێندن بکات لە زانکۆ تایبەتەکان هەلگری بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی یان پیشەیی یان پەیمانگا بێت بە گوێرەی پسپۆری بە مەرجێك وەرگرتنی دەرچووی پەیمانگا یان ئامادەیی پیشەیی تەنها کورت بکرێتەوە سەر ئەو کۆلیژانەی خوێندن تیایاندا هاوتای پرۆگرامی خوێندنی پەیمانگا یان ئامادەییە پیشەیەکەیە، بە گوێرەی ئەو ڕێنماییانەی وەزارەت دەریان ئەکات، بە عەرەبی (يشترط في الراغب في التقديم للدراسة في الجامعات الخاصة ان يكون حاصلا على شهادة الدراسة الاعدادية او المهنية او المعهد حسب الاختصتاص على ان يقتصر قبول خريج المعهد او الاعدادية المهنية في الكليات المماثلة في لدراستها مع المنهج الدراسي للمعهد او الاعدادية المهنية وفق التعليمات التي تصدرها الوزارة**

**2-بۆ ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و لە ڕێگەی ئەوەوە حکومەتی کوردستان بتوانێ ژمارە و جۆری پسپۆریەکان کە پێویستن لە هەر بوارێکی ژیان لە ساڵانی داهاتوودا لە وڵات دابین بکات بە گوێرەی پلانێکی زانستی لە لایەکەوە و سەرپەرشتیاری تێکڕای پلانی وەرگرتنی ساڵانەی گشت خوێندنی باڵا بێت، و ڕێگە نەدات هەر زانکۆیەك بە گوێرەی بەرژەوەندی ماددی خۆی ژمارەی وەرگتوان بۆخۆی دیاری بکات، داوا ئەکەین**

ماددەی دەیەم/یەکەم بگۆڕدرێت و بەم جۆرە بخوێندرێتەوە، بە کوردی (پلانی وەرگرتنی ساڵانە بۆ پەسند کردنی)، بە عەرەبی (خطط القبول السنوي للمصادقة عليها)

**مسعود بارزاني**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لیژنەی یاسای ڕاپۆرتی خۆی ئامادە کردووە لەسەر پێشنیارەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئێستا بە زمانی عەرەبی ئەیخوێنمەوە بۆتان،

**الى/رئاسة برلمان كوردستان-العراق**

**م/تقرير لجنة الشؤون القانونية حول مشروع قانون الجامعات الخاصة**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية بتاريخ 12/رشمي 2712 كوردي المصادف ليوم 2013/3/3 ميلادي لدراسة مشروع قانون الجامعات الخاصة الذي صادقت عليه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقمة 30 في 2012/12/26 و بعد احالته الى رئاسة الاقليم بكتاب البرلمان المرقم 174/3/4 في 2013/1/3 اعترض السيد رئيس الاقليم على مادتين من القانون بقراره المرقم 1 لسنة 2013 والمرفق مع كتاب رئاسة الاقليم المرقم د/60 في 2013/1/30 لغرض اعادة النظر فيها والتشرع ما بشكل الذي يحافظ على المصلحة العامة و حماية المستوى العالي للجامعات في الاقليم وبعد المناقشة والمداولة مجدداً تؤيد اللجنة ماوردت في اعتراض السيد رئيس الاقليم بشان المادتين وبصياغتهما كالاتي:

المادة 8:

1-يشترط في الراغب في التقديم اللدراسة في الجامعات الخاصة ان يكون حاصلا على شهادة الدراسة الاعدادية او المهنية او المعهد حسب الاختصتاص على ان يقتصر قبول خريج المعهد او الاعدادية المهنية في الكليات المماثلة في دراستها مع المنهج الدراسي للمعهد او الاعدادية المهنية وفق التعليمات التي تصدرها الوزارة

المادة 10:

1- خطط القبول السنوي للمصادقة عليها

راجين التفضل بالاطلاع وعرض التقرير على البرلمان للمناقشة والتصويت مع تقدير

بە کوردیەکەی

**بۆ/سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

**ب/ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی دەربارەی پرۆژە یاسای زانکۆ تایبەتەکان**

لە ڕێکەوتی 12/ڕەشەمێی 2712 کوردی کە دەکەوێتە ڕێکەوتی 2013/13/3 زاینی لیژنەی کاروباری یاسایی کۆبۆوە بە مەبەستی باس کردنی پرۆژە یاسای زانکۆ تایبەتەکان کە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 30 ڕێکەوتی 2012/12/26 پەسندی کردووە، دوا بەدوای ڕەوانەکردنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بە نووسراوی پەرلەمان ژمارە 174/3/4 لە ڕێکەوتی 2013/1/3 بەڕێز سەرۆکی هەرێم بە بڕیاری ژمارە 1 ی ساڵی 2013 ی هاوپێچ لەگەڵ

نووسراوی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە د/60 لە ڕێکەوتی 2013/1/30 نارەزایی دەربڕی لەسەر 2 مادده لە یاساکەدا بە مەبەستی دووباره چاوپێخشاندنەوەی، و دەرچواندنی بەو شێوەی پارێزگاری ئەکات لە بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی ئاست بەرزی زانکۆکان لە هەرێم، و لەدوای سەر لە نوێ گفتوگۆ و ئالۆگۆڕ کردن لیژنەکەمان ئەوەی لە نارەزایی بەرێز سەرۆکی هەرێم دەربارەی هەردوو ماددەکە هاتووە پشتگیری ئەکات، و دارشتنەوەیان بەم شێوەی خوارەوەیە:

ماددەی 8:

1- پێویستە لەسەر ئەوەی ئەیەوێ پێشەکەشی خوێندن بکات لە زانکۆ تایبەتەکان هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی یان پیشەیی یان پەیمانگا بێت بە گوێرەی پسپۆری بە مەرجێك وەرگرتنی دەرچووی پەیمانگا یان ئامادەیی پیشەیی تەنها کورت بکرێتەوە سەر ئەو کۆلیژانەی خوێندن تیایاندا هاوتای پرۆگرامی خوێندنی پەیمانگا یان ئامادەییە پیشەیەکەیە، بە گوێرەی ئەو ڕێنماییانەی وەزارەت دەریان ئەکات،

ماددەی 10:

1-پالانی وەرگرتنی ساڵانە بۆ پەسند کردنی

داواکارین بفەرموون بۆ زانیاری و خستنەڕووی ڕاپۆرت لە پەرلەمان بۆ گفتگۆکردن و دەنگدان لەسەری، سوپاس

**بەرێز. حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە ئەگەر ڕاپۆرتان هەیە یان ڕەئیتان هەیە، فەرموو

**بەرێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

لیژنەکەمان لە ڕۆژی دووشەمەی ڕێکەوتی 2013/3/18 کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی باس کردنی پرۆژە یاسای زانکۆ تایبەتەکان، کە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 30 لە ڕێکەوتی 2012/12/26 پەسندی کردووە، دوا بە دوای ڕاوانەکردنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بە نووسراوی پەرلەمانی کوردستان ژمارە 174/3/4 لە ڕێکەوتی 2013/13/3 بەرێز سەرۆکی هەرێم بە بڕیاری ژمارە 1 ی ساڵی 2013 ی هاوپێچ لەگەڵ نووسراوی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە د/60 لە ڕێکەوتی 2013/1/30 نارەزایی دەربڕی لەسەر 2 ماددە لە یاساکە بە مەبەستی دووبارە چاو پێداخشاندنەوە و دەرچواندنی بەو شێوەی پارێزگاری ئەکات لە بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی ئاستی بەرزی زانکۆکان و زیاتر ڕەخساندنی دەرفەت لەبەردەم سەرجەم هاووڵاتیان بۆ درێژە دانیان بە خوێندن لە دوای سەرلەنوێ گفتگۆ و ئالۆگۆڕ کردن ڕای لیژنەمان بەم شێوەی خوارەوەیە:

سەبارەت بـە مـاددەی هەشـتەم/یەکەم، دوو ڕا هەیـە، یەکـەم پێـی وایـە وەرگـرتن لـە زانکۆ بـۆ دەرچـووانی پیشەیی و پەیمانگاکان کراوەبێ و دەرفەتی درێژەدان بۆ خوێندنیان بڕەخسێ بە لەبەرچاو گرتنی سەرجەم مەرجەزانستیەکان و سەپاندنی مەرجەکان بەسەریان

دووەم،لەگەڵ ئەو دارشتنەن کە لە نووسراوی بەرێز سەرۆکی هەرێم داهاتووە

سەبارەت بـە مـاددەی دەیـەم، یەکـەم، پشتگیری ئـەو دارشـتنەوەیە ئەکـەین کـە لـە ڕەتکردنەوەکـەی بـەرێز سەرۆکی هەرێم هاتووە

**بەرێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان دیارە هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی ماددەی هەشتەم/یەکەم، دەیەم/یەکەم، لـە لایـەن بـەرێز سـەرۆکی هەرێم خوێندرایەوە، و ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەی یاسایی و پەروەردەش خوێندرایەوە، ئێستا ئەگـەر بـەرێز وەزیری خوێندنی باڵا ڕوون کردنەوەی هەیە با بفەرمووێ

**بەرێز د.علی سعید-وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشتەم/یەکەم، بە تەئکید دوای تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە لـە ئەنجومـەنی وەزارەتـی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە سەرجەم سەرۆك زانکۆکان و ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و خـاوەن ئەزموونـەکان، ئـەم بابەتـە تـاوتوێ کـرا، ئێمـە پشـتگیری لـەوە ئەکـەین کـە دەسـتەواژەی (المقاربـە) بگۆڕدرێ بۆ دەستەواژەی (المماثلة) واتە نزیـك بگۆڕدری بـە هاوتـا و هاوشـێوە، چونکە ئـەوە بـە تەئکیـد لەگـەڵ بنـەماکانی زانسـتیە، لەبـەر ئـەوەی ئەگەرێمـەوە بـۆ ئـەوەی فەلسـەفەی دامەزرانـدنی ئامادەییـە پیشەیەکان لە بنەڕەتدا بۆ پێگەیاندنی کادیری پیشـەییە بـۆ کۆمەڵگـە، و بـۆ ئـەوەی ئـەو بەرێزانـەی ئـەو ئامادەییە پیشەیانە تەواو ئەکەن بتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن لە ڕێگەی ئەو پیشەوە کە فێری ئەبن، و وەکو پێشـتریش ئامـاژەم پێـداوە، $80\%$ بـۆ $75\%$ ی وانـەکانیان لـە قۆنـاغی دوای سـەرەتایی بەیەکـەوە تـا شەشی ئامادەیی پیشەیی پراکتیکیە، لە وەرشەکاندا فێری ئەو پیشەیە ئەبن $25\%$ یان کەمتر لەوە تیۆریـە، بە بەراورد کردن لەگەڵ ئەوانەی کە قۆناغی سەرەتایی تەواو ئەکەن و ئەچنە ناوەندی و دواتر ناوەنـدی و زانکۆ کە ڕێچکەی ئەکادیمی ئەگەرنە بەر، و $75\%$ یان $80\%$ زیاتریش لە وانەکانیان تیۆریە، و شتێکی کـەم پراکتیکە، و باگراوندیان وایان لێ ئەکات شایستە تر بن بۆ تەواو کردنی خوێندنی ئەکادیمی، پرۆژە یاسـای زانکۆ تایبەتەکان ئەو دەرفەتەی ڕەخساندووە بۆ دەرچوانی ئامادەییە پیشەیی و پەیمانگا تەکنیکیەکان کـە بە پێی بواری پسپۆری خۆیان بتـوانن خوێنـدنی زانکـۆیی تـەواو بکـەن لـە زانکـۆ تایبەتـەکان، لەبـەر ئـەوە دەستەواژەی هاوتا کارێـك ئـەکات کـە ئـەوەی پـەیمانگای تـەکنیکی بەشـی کۆمپیوتـەر تـەواو ئـەکات بچێتە زانستی کۆمپیوتەر، ئەوەی پەیمانگای تەکنیکی بەشی ڕووپێوی تـەواو ئـەکات بچێتە هەندەسـەی مـەدەنی، یان ئەندازیاری شارستانی، ئەوەی پەیمانگای تەکنیکی کشتوکاڵی تەواو ئـەکات بچێتە کۆلیـژی کشـتوکاڵ، و ڕێگریش لەوە ئەکات بۆ نموونـە یـەکێ دەرچـووی ئامـادەیی بازرگانیـە بتـوانێ بچێتە کۆلیـژی ئەنـدازیاری

بەشی تەلارسازی، یان بچێتە بەشێکی تر کە لە توانایدا نەبێ، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو وەزارەتی خوێندنی بالاّ 100٪ لەگەڵ گۆڕینی دەستەواژەی نزیکین بۆ هاوتا، خاڵی دووەمیش باس بکەم یان تەنها؟

**بەڕێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ موناقەشەی ماددەی یەکەم ئەکەین، ماددەی هەشتەم/یەکەم، کێ قسەی هەیە با ناوی بنووسین؟ (ئاشتی عزیز، دانا سعید، پەیمان عبدالکریم، کاوە محمد امین، شڤان احمد، سالار محمود، فەرمان عزالدین، عظیمة نجم الدین، عمر صدیق، سەروەر عبدالرحمن، جمال طاهر، سیوەیل عثمان) فەرموو ئاشتی خان

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەبارەت بە ماددەی هەشت بڕگەی یەك کۆمەڵێك تێبینیم هەیە لەسەر ئەو ڕەتکردنەوەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم، و ئەو مولاحەزانەی بەڕێز وەزیری خوێندنی بالاّ سەبارەت بە ماددەکە ئاماژەی پێ کرد، لە راستی دائەو رەتکردنەوە بە تەنها گۆڕینی وشەیەك نیە، لە کاتێکدا ئەو موقارب ئەگۆڕێ بە هاوتا، بە بڕوای من هیچ حیسابێك نەکراوە بۆ نیەتی موشەریع کە ئێمە موناقەشەیەکی زۆرمان کرد لە کاتی خۆی، ڕۆژانێکی زۆر قسە لەسەر ئەوە کراوە و ئەوەندەی من لە یادم بێ لە ئەزعەف ئیماندا و لە خیلافاتێکی زۆر وشەی موقارب لیژنەی صیاغەکار پەنای برد بۆ وشەی موقارب، ئەگەرنا زۆربەی نیەتەکانی موناقەشە کردن ئەوە بوو کە چانسی خوێندن بۆ ئەو بەڕێزانەی لەم بوارە ئەخوێنن چانسی ئەوەیان هەبێ دەرفەتی خوێندن لەو بەشانە وەرگرن، بەلاّم ئەوەی لێرە ئەبینرێ هەر گۆڕینی وشەیەك نیە، بە بڕوای من هیچ حیسابێك نەکراوە لەو دانیشتنەی بەڕێز وەزیری خوێندنی بالاّ ئاماژەی پێ کرد لە ئەنجومەنی وەزیران هیچ حیساب بۆ موشەریع نەکراوە، ئەمە گۆڕینی هەموو موناقەشەکانی ئەندامانی پەرلەمانە، چونکە لەیادمە ژمارەیەکی زۆرمان لەسەر ئەوە قسەمان کرد لە ڕوویەکی عاتفیەوە نا، بە کۆمەڵێك بەڵگە کە ئەبێ ئەو چانسە بدرێ بە خوێندکارانی بواری پیشەیی کە دەرفەتی ئەوەیان هەبێ لە زانکۆکانی هەرێم چانسی خوێندنیان هەبێ، یەعنی تەصەورێك هەبوو لەسەر خوێندنی پیشەی کە لە سالآنی ڕابردوو پەیوەندی هەبوو بە سیستەمی بەعسەوە، بەشێکی سیاسی بووە کە زیاتر خەڵك چانسی خوێندن ئاسانتر کراوە لەو بوارانە، و دەوامەکان زۆر فەرمی توند نەبووە، بۆ ئەوەی گەنجانێکی زۆر بچنە ئەو بوارە بخوێنن و بەزووترین کات خوێندنی تەواو بێ پەیوەندی بکات بە عەسکەری، حکومەت تاقەی ئیستیفادە لێ بکات لەو مەجالە کە ببێتە کەسێکی سەرباز، بەلاّم لە کاتێکدا کە ئێمە حکومەت هی خۆمان بێ، زانکۆکان هی خۆمان بێ، و ئیشی جدی ئەکەین، و نیەت هەیە بۆ ئەوەی ئاستی ئیعدادیەکان بەرز بکرێتەوە، و هەمووشمان لە کاتی موناقەشە کردن دژی ئەوە نەبووین کە ئاستی خوێندنی پیشەیی بەرز کراوەتەوە لە هەرێمی کوردستان، ئیهتیمامێك زیاتر ئەدرێ لە ڕووی لوغەوی و ئەو ماددە زمانیەوانە کە لە

ئیعدادەیـەكان ئەخوێنـدرێ بـە هـەمان كـاریش جـۆری خوێندنەكانیشـیان كوالێتیەكـەی بـەرز بۆتـەوە، و زۆربەی ئیعدادیە پیشەیەكان ماددەكانیان تا ئێستا بۆ نەكراوەتە زمانی كوردی، بە زمانی عەرەبی مـەوادی ئیقتیصـادی و ئیـداری و محاســەبەی زۆر بــەهێز ئــەخوێنن، لـە زۆربــەی كولیــەكان تــا ئێســتا زۆربــەی ماددەكانیان بۆ ئەكرێ بـە كـوردی، بۆیـە پرسـیار ئەوەیـە ئایـا ئەمـە گـۆڕینی وشـەیەكە یـان ئەمـە گـۆڕینی هەموو نیەتی موشەریعە و حیساب نەكردنە بۆ چەند ڕۆژێكی گفتوگۆ نـەكردنی ئێمـە كـە ئەمانـەوێ ئـەو فرسەتە بۆ ئەو گەنجانە برەخسێ، خاڵێكی تر، من وەكو ئەندام پەرلەمانێك بـە بـڕوای مـن ئاسـتی هـەموو ئەو گەنجانە كە لە خوێندنی پیشەیی دا ئاستی هیزریان و توانای دەروونیان كەمتر نیـە لـەو كەسـانەی كـە ئیعدادیە تەواو ئەكەن، حەل ئەوە نیە تـۆ دەرگـای خوێنـدنی لەبـەردەم دا بخـەی، حـەل ئەوەیـە تـۆ ئاسـتی خوێندنی پیشەیی كۆنترۆل تر بكـە، بـەرزتری بكـەوە، تێسـتێكی پـرۆفێشـناڵی بـۆ دابـنێ بەرلـەوەی بچێتە خوێندن، یان خوێنـدنێكی شـەش مانگیـە یـان سـێ مانگیـە وەك ئـەوەی لـە زۆربـەی وڵاتـان هەیـە، بـا بـەو فلەتەرانە بڕوات و بچێتە كولیە، نەك تۆ هەموو ئەو توانایانەی لێ بسەنیەوە، و ئایـا شانسـی خوێنـدن بـۆ ئەو كەسانەی ئەچنە زانكۆ لە چ بوارێكە؟ زۆربـەی زۆری ئەوائیلـەكان وەریـان ئـەگرێ، و ئایـا ژمـارەی ئـەو كولیانەی ئەتوانێ ژمارەی پیشەیەكان بگرێتە خۆی چەندە لە هـەرێم كـە زۆر زۆر كـەمن، جارێكی تـر بـە بڕوای من زمنیەن ئێمە تەشجیع ئەكەینەوە بەو سیاسەتە ئـەوەی كـە لـە خوێنـدنی پیشـەیی تـەواو ئـەبێ جارێكی تر ئەم كەسانە ئیكتیفا بكەن بە خوێندنی ئیعدادیـە، چونكە ئەگـەر پەیمانگایـەكی بـاڵا هەیـە بـۆ پەرەپێدانی توانای پیشەیی منـیش لەگـەڵ وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵاو بـەرێز سـەرۆكی هـەرێمم، بـەڵام كـە پەیمانگایەكی باڵات نەبێ بۆ بەهێز كردن، مەرحەلەیەكی ترت نەبێ لە دوای ئیعدادیـە لـە غـەیری ئـەوەی چەند كولەیەیەك كـە چانسـی وەرگـرتنی خەڵكەكـەش زۆرجـار لـە عەشـەرە ئـەوائیل تێپـەڕنابێ، بۆیـە بـە بڕوای من نابێ ئەو حەقـەیان لێ بسـەنرێتەوە، و ئـەبێ ئالیـەتی تـر دابنـێین كـە لـەوە خـۆی ئەبینێتـەوە ئاستی خوێندنی پیشەیەكان بەرز بكرێتەوە، نـەك جارێكی تـر بـەو تێڕوانینـە زۆر دیـاری كـراو و تەسـكە خوێندكاری پیشەیی ئەكرێ توانایـان بـەرز بكرێتـەوە، سـوود لـە تاقـەیان ببینـرێ، بـەڵام پرسـیار ئەوەیـە، لەوانەیە زۆر لە ئەندام پەرلەمان لە دوای من ئەوە ئیسارە بكەن كە ئایا یەكێكی پیشەیی بۆی هەیە بچێتە كولیەی توب؟ كولیەی توب ڕێنمایی خۆی هەیە، كۆمەڵێك مـەرجی خـۆی هەیـە، ئـەو كەسـەش ئـەزانێ كـە تەقدیمی ئەكات، لە كاتی چانسی تەقدیمەكان ئەتوانین لە ڕێگەی ڕێنمایەكانەوە كۆنترۆڵ بكـەین، بـەڵام لـە ئێستا ئەبێ چانسی خوێندن لەبەردەم ئەم خوێندكارانە نەسەنرێتەوە، و یەك مولاحەزەم لەسـەر ڕاپـۆرتی لیژنەی پەروەردە هەیە، دوو وشە هەیە بەلای منەوە ڕوون نیە، لە ڕاپۆرتەكەتان لە دەستەواژەیەك ئـەڵێن كراوەبێ، لە یەكێكی تر ئەڵێن بە پێی مەرجەكان سنووردار بێ بەسەریەوە، ئایا كراوەبێ؟ یان مەرجـەكان بە تەواوی بەسەریا بسەپێنرێ؟ كە ئەمە تەناقوز دروست ئەكات، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر دانا

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئاسان کاری بۆ ئەوانەی کە لە پرۆگرامی پیشەیی و پەیمانگاکان ئـەخوێنن کـە راسـتەوخۆ پرۆگرامـی هاوتایـان هەیـە ئـەوە کـارێکی باشـە، بـەلاّم بـە ڕای مـن ئـەو ئیعـتیرازەی بـەرێز سـەرۆکی هـەرێم لەوانەیـە نەتوانێ بە تەواوی چارەسەری کێشەکە بکات، لەوانەیە بۆ ئەوانەی وەك گوتم پرۆگرامەکانیان لە پیشـەیی و لە پەیمانگاکان کە هاوتایـان هەیـە ئـەوە زۆرباشـە، چوارچـێوەیەکی یاسـایی دادەڕێـژی کـە مافێکـە بۆیـان ئەگەڕێنێتـەوە، بـەلاّم لـە هـەمان کـات ئێمـە کۆمـەڵێك پرۆگرامـی پیشـەییمان هەیـە، و لـە پـەیمانگاکانیش راستەوخۆ لە زانکۆکـان هاوتایـان نیـە، جـا ئـەوە چـۆن موعالەجـە ئـەکرێ؟ ئەگـەر ئێمـە ئـەو چـوار چـێوە یاساییە کە ئێستا پێشنیار کراوە وشەی نزیك بگۆڕدرێ بە هاوتای پێم وایـە ڕێگـری ئەکـەین لـە کۆمـەڵێك کەس کە نەتوانن بەردەوامی بە خوێندن بدەن، لە کاتێکدا ئێمە ستراتیجی پەروەردەیی لە هەرێم پێویستە بە شێوەیەك بێت کە بواری ئیدامەدان بە خوێندن بۆ هەموو کەسێك ئاوەلاّ بێـت، جگـە لـەوەی مەسـەلەی بەردەوامی خوێندن ئەوە پرەنسیپێکە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ ئەگونجێ، بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە ئاساییە ئەوانەی کە هاوتای پیشەییان هەیە راستەوخۆ لە زانکۆکان با ڕێگەیان بـدرێ بـە پێـی ئـەو مەرجانـەی کـە وەزارەت دایدەنێ، بەلاّم لە هەمان کات ئێمە ناتوانین چوارچێوەیەکی یاسایی دابڕێژین کە ڕێگربین لـەوەی کە خەڵکانێك هەن کە ئارەزوی خوێندنیان هەیە ڕێگریان لێ بکەین لەبەر  ئەوەی هاوتاکانیان لە زانکۆکان نیە، بەرێز وەزیر باس لەوە ئەکات کـە ئەوانـەی پیشـەیی ئـەخوێنن تـەنیا 25٪ وانـەکانیان تیۆریـە، ئێمـە ئەتوانین لە جیاتی ئەوەی ڕێگریـان لـێ بکـەین ئـەتوانین ئاسـتی خوێنـدنی تیۆریـەکانیان بـەرز بکەینـەوە، وەزارەت ئەتوانێ بە پێی ڕێنمایی ئەو مەسەلە چارەسەر بکات، بەلاّم ناتوانین لێـرەوە ڕێگـری لـەوە بکـەین ئەوانەی کـە ئـارەزووی خوێنـدنیان هەیـە ڕێگریـان لـێ بکـەین، بۆیـە بەراسـتی مـن لەگـەڵ ئـەوە نـیم بـەو شێوەیە دابڕێژرێ، ئەتوانین بیکەین بە دووخاڵ، ئەگەر ئەوانەی هاوتایان هەیە با ئەوانە بێ کێشە ئیدامە بدەن، بەلاّم لە هەمان کاتیش ئەبێ ڕێگە چارەیەك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوانەی کە راستەوخۆ هاوتایان نیە لـە زانکۆکان نابێ ڕێگریان لێ بکرێ، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان وەك تێبینیەك دیارە گفتوگۆی ئێمە لە چوارچێوەی زانکۆ تایبەتەکانە، فەرموو پەیمان خان

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراسـتی ڕەتکردنـەوەی مـاددەی هەشـت و گـۆڕینی ئـەو نزیکـە بـە هاوتـا بـە ڕای مـن بـۆ ئـەو قۆناغـە زۆر زەرووریە کە دیاری بکرێ، چونکە راستە ئەو کۆلیژانەمان کەمە ئەوە کـە بایـەخ ئـەدات بـە ئیدامـەدان بـە خوێندنی پیشەیی، لەوانەیە خۆی لە کۆلیژی ئیدارە دۆزیبێتەوە بە تەنیا، بۆ ئەو قۆناغە ئـەو وشـەیە پـڕ بە پێستیەتی بە ڕەئی من، هەر خۆشم پشتگیری ئەو ڕایەم کـرد لـە لیژنـە کـە ئـەبێ بـە لایـەنی کـەم ئـەو

کەسەی ئەندازیاری وەرئەگیرێ چەند ڕێنمایەك هەیە لە کۆلیژەکەی، یان لە پلانی خوتەی قبولی جامیعە کە تیایدا دروسی موفازەڵە هەیە، من لێرە چۆن ئەو دەرگایە بکەمەوە، ئەکەومە ناو هەڵەیەکی زۆر گەورە کە تێدا من هەموو دەرگایەکی بۆ بکەمەوە، ئەی لە دروسی موفازەلە لەولاوە دێم دیسان ڕێگری لێ ئەکەمەوە، کە نەیبێ، بیرکاری نەبێ، فیزیایی نەبێ، کیمیایی نەبێ، چۆن ئەتوانێ بچێتە ناو ئەو مونافەسەی کە بۆ کۆلیژی ئەندازیاری یان یاسا یان هەر کۆلیژێکی تر بێ؟ لەبەر ئەوە ئێمە غەدر لەوانە ئەکەین کە ئەوە چواری ئامادەییەو پسپۆریەکی پەیدا کردووە، جۆرە زانیاریەکی لەو مادانە وەرگرتووە کە خۆی تێدا پسپۆرە، جا با ئیدامە بەوە بدات، بۆ ئەو قۆناغە ئەوە زۆر زۆر باشە، بەلأم ئەتوانین بۆ قۆناغێکی تر ئەو یاسایە هەموار بکەینەوە و دایبڕێژینەوە بە گوێرەی ئەوەی کە وەزارەتی خوێندنی باڵا خۆی ئەبێتە ساحێب قەرار، ئەوکات ئەگەر سەرکەوت ئەوە ئیدامە ئەدات بەوە، ئەگەرنا ئەگەر داواکاری زۆر بوو، بێگومان ئێستا پلەی دەرچوونیش دەور ئەبینێ، هەموو کەسێك ناتوانێ خۆی لێ بدات، زانکۆ تایبەتەکان لەوانەیە بڵێین زۆر باشە، با هەموویان پێشکەش بکەن، ئێمەش ئەڵێین زۆر باشە، بەلأم ئەبێ بنەما زانستیەکە پشت گوێ نەخرێ، ئەبێ ئێمە بە گرنگی وەرگرین کە بایەخ بەو بنەما زانستیە بدەین کە ئەوانە وەریان گرتووە، و ئەبێ وەزارەتی پەروەردەش هەماهەنگ بێ لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا کە مەبەست چیە لە کردنەوەی خوێندنی پشەیی؟ ئێمە ئەمانەوێ ئەو کادیرانەی لەو ئامادەییە دەرئەچن کادیری شارەزاو پسپۆر بن، بتوانن ئەو ماددانەی کە ئەنووسرێ بتوانن بیخوێننەوە، بتوانن مامەڵەیەکی جوان بکەن لەگەڵ ئەوەی لەبەر دەستیانە، ئەوە دووریان ئەخاتەوە لە زۆر شتی نارێك، جا ئەگەر ئیدامەشی پێ بدەن ئەوە ئەکەوێتە سەر گیرفانی خۆی و مەسروفاتی خۆی، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاوە

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من چەند ئاسانکاری بکرێ بۆ بواردان بە مەجالی خوێندنی پیشەیی هێشتان هەر کەمە، لەبەر ئەوەی ئێمە لە کوردستان هەست بە کەمی ئەکەین لەو بوارە، بواری پیشەیی لە هەموو مەجالەکان، لە هەموو ئیختیصاصیەکان کەمن، بەلأم لەگەڵ ئەوەش لەو پرۆژە یاسایە چ لەو دوو ماددەیە و ئەو دوو بڕگەیە و چ پێشتریش لە پرۆژە یاسای زانکۆ تایبەتەکان موناقەشە کرایە و پەسند کرایە، نە یەکەم قانونە، نە دوا قانونە، لەبەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا و لیژنەی تایبەت کە چەند جاری تریش پێویست بکات بۆ هەر مەجالێك ئەتوانین هەموار کردنەوە بکەین، لە ناردنەوەی ئەو دوو ماددەیە لە ماددەی هەشتەم/یەکەم یەك وشەی تێدا گۆڕایە، ئەویش لە عەرەبی (المقاربە) بۆتە (المماثلة)، لە کوردیش بۆتە هاوتا، پێم وایە هاوتا لێرە دەقیق نیە، هاوتا زیاتر بۆ شتێك ئەگوترێ کە موجەسەم بێ، سەنگی هەبێ،

بالأى هەبێ، لێرە بۆ بڕگەیەکی قانونی جێی خۆی نیە، مادام هەر یەك وشە گۆڕاوە پێم باشە وشە تەسبیت بکرێ و ببێتە هاوشێوە، هاوتا، مومامسیل نیە، سوپاس

**بەرێز محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شڤان

**بەرێز شڤان احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری و دەست خۆشی لە جەنابی سەرۆك ئەکەم بۆ ڕەتکردنەوە و تێبینی بەرێزیان لەسەر ماددەی هەشت بڕگەی یەکەم، بەراستی ئەوە کە بەرێز وەزیریش ڕوون کردنەوەی لەسەر دا بۆ ئەوەیە کە میسداقیەتی عیلمی و ئەکادیمی زانکۆکانی ئێمە بپارێزرێ لە ڕاست ڕێکخراوی نێودەوڵەتی یونسکۆوە، و ئەمە تەعزیزی میسداقیەتی عیلمیمان ئەکات، بۆیە من پشتگیری لێ ئەکەم، وشە لە یاسادا پێمان وایە زۆر گرنگە کە ئەڵێن موقاریب یان مومامسیل دوو مانای جیاوازن، نیەتی موشەریع وەختێك قازی پێوەرئەگرێ کە هیچ وشەیەکی موعەیەن تێدا نەهاتبێ، بە تەغیری جوملەکە، یان بە کۆی جوملەکە یان بە کۆی ماددەکە سەیر ئەکات بە نیەتی موشەریع وەرئەگرێ، نیەتی موشەریع ئەگەر هاتوو وشەیەکی موعەیەن هەبوو ڕێ لە قازی ئەگیرێ، ناتوانێ بەو نیەتە وەرگرێ کە خۆی مەبەستیەتی، ئەبێ بە پێی ئەو وشە وەرگرێ، بۆیە ئەم وشە زۆر خەتەرە لەسەر میسداقیەتی عیلمی زانکۆکانی ئێمە، سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان بۆ ئەوەی گفتوگۆکانتان وازح تربێ، خۆی دوو وشەیە، یان موقاریبە، یان مومامسیلە، ناتوانین ئێمە ئەو یاسایە ئێستا هەموار بکەینەوە، یان بەدیلی تر بێنین، چونکە پێشتر دەنگی لەسەر دراوە، لەم دوو وشەیە دەرنەچێ، کامتان لا پەسندە ڕەئی خۆتان بدەن بۆ ئەوەی لای ئەندام پەرلەمانانیش وازح بێ، بفەرموون کاك سالار

**بەرێز سالار محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕام وایە بەرێز سەرۆك لەبەر ئەوەی ئەمە پەیوەندی بە مافی خوێندنەوە هەیە، و ڕۆحی یاساکەش تەصەور ئەکەم لەم یاسایەیە، کۆمەڵێك خەڵك ئەتوانێ لە ڕێگەی نزیکەوە زیاتر سوود لە دەرفەتەکان وەرگرێ بۆ خوێندن، و هەروەها هەندێکیش لە ڕێگەی هاوتاوە ئەتوانێ باشتر لە ڕووی عیلمیەوە سوود لەو دەرفەتانە ببینێ، ڕاستە ئەوە پەیوەندی بە زانکۆ تایبەتەکانەوە هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەبێ سیستەمی خوێندن بە تایبەتی خوێندنی بالأ ئەبێ یەك ستراتیج بێ لە هەرێم، بۆ حکومی و بۆ تایبەتیش، بە دیدی من تا ئەوکاتەی کە لە هەرێمی کوردستان قبول مەرکەزی دێنێ، ئەبێ بە حەزەرەوە بڕوانرێتە خوێندنی تایبەت و زانکۆ تایبەتەکان، هیوادارم وەکو چۆن زۆربەی جانبەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستان بۆتە

بزنس بە سیاسەتیشەوە، عیلم بهێڵدرێتەوە لە دەرەوەی بزنس، بۆیە من سەرباری کۆمەڵێك تەحەفوزم بۆ کۆمەڵێك پرس، لەوانەیە کۆمەڵێك خەڵك لەسەر ئەم دەستەواژەیە لەبار ببڕێ، بەڵام تا ئەوکاتە قبولی مەرکەزی لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەمە بەم جۆرە بێ، بەڵام کار بکەین قبولی مەرکەزی نەهێڵین، و لەسەر ئەساسی کەفائات و ئیختیباری عیلمی خەڵك دەرفەتی پێ بدرێ، هاوشێوەی سیستەمی خوێندنی وڵاتانی پێشکەوتوو، لەبەر ئەوە ڕام وایە لەناو پەرلەمانیش کاتێ ئێمە گفتوگۆیەکی چڕ و پڕمان لەسەر ئەم بابەتە کرد یەکلا نەبووینەوە لەسەر ئەو پرسە، ئێمە ئەکرێ هەم هەوتا و نزیك پێکەوە دابنێین وەك دەستەواژە، و دواتر بە پێی زەوابت کە وەزارەتی خوێندنی باڵا مەرج و ڕێنمایی هەیە بۆ وەرگرتن، هەم بۆ زانکۆ تایبەتەکان، هەم بۆ حکومیەکان، لەوێ تەرکیزی تەواوی بکرێتە سەر، بۆیە ئەمە کە پەیوەندی بە مافی خوێندنەوە هەیە من ڕام وایە هەردوو وشەکە دەمج بکرێ، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فەرمان

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە واقیعی زانکۆ ئەهلیەکان لە هەرێمی کوردستان بەراستی لە قەیران دایە و وێرانە، لەبەر ئەوەی زانکۆ ئەهلیەکان جگە لە تیجارەت و بازرگانی هیچ مانایەکی تر نابەخشێ، زانکۆ ئەهلەیەکان جگە لە بەرهەمهێنانی نەوەیەکی نەخوێندەوار کە شەهادەیان پێ ئەدات هیچ مانایەکی تر نابەخشێ، ڕەنگە لێرە و لەوێ زانکۆ ئەهلەیەکان خزمەتێك بکەن، بەڵام ئەوە نیە کە لە پێناوی دانرایە، زانکۆ ئەهلەیەکان ئەگەر لە زیارەتی مەیدانی بڕۆی سەیری هەرچیان ئەکەین تەنها بە زانکۆ ناچێ بە هەموو شتێك ئەچێ، تەمەنا ئەکەین یەك، دوو زانکۆ دەربێنین بڵێین ئەوانە زانکۆنە و بە پرەنسیپ و زەوابت دامەزراون، خاڵی دووەم، بەراستی ئێمە بەو یاسایە دێین ڕەوشی زانکۆیەکان خراپتر ئەکەین، یەعنی یاسایەك دەرئەکەین ڕەوشی زانکۆیەکان لەو فەقەرە مەبەستم پێی خراپتر ئەکەین، دیارە یاساش ئەزانن لە پێناو ڕێکخستنە، بەڵام بەراستی لێرە جۆرێك لە بەربلاوی تێدایە، ئەگەر بمانەوێ بە جورئەتەوە بڵێین زانکۆ ئەهلیەکان خزمەتی ڕەوڕەوەی زانست لە هەرێمی کوردستان ناکەن، جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا لێرەیە، ئەکرێ وەکو پرسیاری من، یان بەڕێزانی دوای من دێن ئەوە بکەنە پرسیار کە تا چ ڕادەیەك زانکۆ ئەهلیەکان توانیتیان ئاستی خوێندن لە هەرێمی کوردستان بەرز بکەنەوە؟ بەڵێ کۆمەڵێ خەڵك لەسەر گیرفانی ڕۆڵەکانی ئێمە بووینە بە خاوەن بەرژەوەندی خۆیان، تەنیا لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان زانکۆ ئەکەنەوە، نەوە لە دوای نەوە دەرئەچوێنن بێ ئەوەی هیچیان پێ بێ، لای ئێمە بەراستی کات بڕینە نەك قۆناغ بڕین، چوار ساڵ تەواو ئەکات و بەکەلۆریۆس وەرئەگرێ لە ئیدارە، بەڵام قۆناغەکەی نەبڕیە، مەبەستمان بە شێوەیەکی زانستیانە لە پۆلی یەك نەچوویتە دوو، بە تاقی کردنەوەش ڕۆیشتووە، لە دوو نەچۆتە سێ و بەو شێوە وەریگرتووە، جا بەراستی هەر وەك جەنابی وەزیر وتی و کاك دکتۆر داناش وتی، دامەزراندنی

خوێندنگا پیشەیەکان باشترین ڕێگە چارەیە بۆ ئەوەی زیاتر سوود لە خوێندنگا پیشەیەکان وەرگرین، خوێندنگا پیشەیەکان بەراستی چاکتر بکرێن، بەڕێزان ئەوانەی کە مامۆستا بوونە یەك لەو شاری هەولێرەی، ئەوانەی لە سلێمانی، ئەوانەی لە دهۆك، یەك ساڵ لە ساڵەکان بووینە مامۆستا لە پۆلی شەشەم لە خوێندنگا پیشەیەکان بزانن یەك خوێنکار لەو پۆلی.....

**بەڕێز حسن محمد سوره_جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا تەبیعی بۆتان هەیە پرۆژە تەقدیم بکەن بۆ چاکردنی پەیمانگاکان، وەرە سەر بابەتەکە تکایە

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

بە کورتی من لەگەڵ هاوتام نەك لەگەڵ نزیك، هاوتا بکرێتن، کارەبایی بچێ کارەبا بخوێنێ، میکانیکە با میکانیك بخوێنێ، هەرکەس لە ئیختیصاصی خۆی، نەك لەبەر نزیکی و نەك هەر دەستەواژەش، پێکەوە دەمج بکرێ، کۆمەڵێك ڕێنمایی دەربکرێ، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سوره-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو عظیمة خان

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی مولاحەزەی منە ئەمڕۆش لە لیژنە لەسەر گەڕانەوەی ئەو بڕگەیە کە هاوتا کردن و نزیکە بۆ پیشەیەکان و پەیمانگاکان بەراستی مایەی نیگەرانیە کە سەرۆکایەتی هەرێم لە کۆی ئەندامانی پەرلەمان وەکو ئاشتی خان باسی کرد لە کۆی موناقەشەیەك و ڕەئی زۆر جیاوازیش توانرا ئەو وشەیە بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو حاڵەتە بکات، ئەوەی کە لە یاسایەکە گرنگی خۆی هەبوو ئەو بڕگەیە گەڕێنراوەتەوە پەرلەمان، چونکە بەراستی تا لە هەرێمی کوردستان وەکو ئەو قسەی کاك سالار وتی تا سیستەمی وەرگرتن لە هەرێم گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت ناتوانین قسە لەسەر ئەوە بکەین کە دەرگای خوێندن لە شەریحەیەك یان لە بەشە پیشەیە جیاجیاکان لە هەرێمی کوردستان وەرگرین، هەموومان ئەزانین سیستەمی وەرگرتن لە هەرێم قبول مەرکەزیە، هیچی لە دەستەڵات و ئەوەی کە حوکم ئەکات بۆ مەسەلەی وەرگرتن لە هەرێم دەرەجەکەیەتی نەك ڕەغبەتی خۆی، ئەیخاتە ئەو پەیمانگایەوە، ئەیخاتە ئەو پیشەی کە تیای ئەخوێنێ، بۆیە لێرەوە ئەڵێم وەکو پەرلەمانی کوردستان و وەکو ئەندامی ئەو لیژنەیە لە 100٪ پشتگیری ئەوە ئەکەم کە پەیمانگاکان و پیشەیەکان دەرفەتی خوێندنیان لەبەردەم کراوەبێ، و بتوانن بەو شێوەی کە خۆیان ئەیانەوێ خوێندن تەنها لە هەرێمی کوردستان، ئەوانەی کە ئەچنە پیشەییەوە، ئەگەر سیستەمی وەرگرتن لە هەرێم بەو شێوەیە بێ کە وەرگرتن بە ڕەغبەت بێ، من لەگەڵ ئەوەم کە ئەوانەی پیشەیی ئەخوێنن، و بەردەوام بن، و مەبەست لەوە بێ کە ئێمە کەس و کادیری ئەکادیمی یان میهەنی پێبگەیەنین، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەو کەسانەی وەرئەگیرێن لە پەیمانگاکان

به رەغبەتی خۆیان نیە، بۆ ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان دەرفەتیان لێ بگرێن و نەهێڵێن ئەو کەسانەی کە پەیمانگا پیشەیەکانیان تەواو کردووە بتوانن لە زانکۆ و پەیمانگاکان کە بە پارەی خۆیان ئەخوێنن، بە پارەی خۆیان ئەچنە ئەو کۆلیژ و پەیمانگایانەی کە ئەیانەوێ، بۆیە لەگەڵ ئەوەم ئەو شێوەی کە لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە هاتووە ڕەت بکرێتەوە، لە پەرلەمانی کوردستان پێشتر دەنگی لەسەر دراوە، بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی دەرچووانی پیشەیی تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەرفەتی خوێندنیان نەبووە، مەبەست لە خوێندنیش تەنیا ئەوە نیە تۆ دەرفەتی کار و فرسەتی کارت بۆ بهێنێتە دی، مەبەست ئەوەیە تۆ لە هەر ئاست و تەمەنێك بووی لەوانەیە رەغبەتی خوێندنت هەبێ، کاتی خۆی من ئامادەیی سناعەم تەواو کردووە، ئێستا ئەمەوێ قانون بخوێنم، ئەمەوێ مێژوو بخوێنم، بۆچی دەرگا لەبەردەم رەغبەت و توانای من دا بگیرێ لەبەر ئەوەی من سناعەم تەواو کردووە خاوەن پیشەم و هەرچەند ئەو دەرفەتی خوێندنە بە تایبەتی بۆ کچان نیە بچێ سناعەی تەواو کردووە دوکانێکی فیتەری یان دوکانی کارەبایی دابنێ و بچێ لە ماڵان کارەبا یان مەسەلە ئیش کردن بێ، ئەگەر هەدەف لەوەیە ئیش کردنە ئەبێ دەرفەتی کاریش بۆ خەڵك بدۆزینەوە، بەراستی ئەمە جێی نیگەرانیە کە لە پەرلەمانی کوردستان بەرتەسك کردنەوەیەك لەبەردەم ئەوەی کە دەرفەتی خوێندن لەبەردەم هاووڵاتیانی خۆمان بگرین، سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عومەر

**بەرێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جێگای خۆشحاڵیە بۆ ئێمە وەکو پەرلەمانتار بە هاوکاری و هەماهەنگی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم لەم ماوەی ڕابردوو کار لەسەر ئەوە بکەین یاسایەك دەربکەین بۆ ڕێکخستنی کاروباری خوێندن و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان و زانکۆ و پەیمانگا تایبەتەکان، ئێمە ئەمڕۆ باس لە وشەیەك ئەکەین کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی خوێندن و فێرکردن، بە باوەڕی من سێ خاڵ هەیە وامان لێ ئەکات وەکو موشەریع وابکەین بڕیار بدەین کام وشە هەڵبژێرین، یەکەمیان، ئایا ئەم وشەیە ئەگەر بکرێ بە هاوتا ڕێگری ئەکات لە کەسێك کە حەز بکات بەردەوام بێ لە خوێندنی باڵا؟ بە باوەڕی من ئەگەر لە مەجالی ئیختیصاصەکەی خۆی خوێندنی باڵا فرسەت هەبێ ڕێگر نابێ، واتە ئەگەر ئێمە بیکەین بە هاوتا مامەلەیەکی دادپەروەرانە ئەکەین، ناکرێ مامەڵەیەکی یەکسان لەگەڵ کەسێك کە پلەیەکی بەرزی بەدەست هێناوە بکرێ، بە هەمان شێوە کەسێك کە پلەیەکی نزمی بەدەست هێناوە، چونکە ئەمە کاریگەری زۆری ئەبێ لەسەر ئاستی خوێندن و زانست، دواتر کاریگەریشی ئەبێ لەسەر ئەو چالاکیە ئیداری و ئابووریە کۆمەڵایەتیانەی کە لە ناو موجتەمەعدا ڕوو ئەدات، و کاریگەری ئەبێ لەسەر ژیانی هەرێمی کوردستان، خاڵی دووەم ئەوەی پەیوەندیدارە ئایا ئێمە وەکو پەرلەمان ئەگەر مەبەستمان بێ ڕاوێژ و پرس بە خەڵکانی پسپۆر و شارەزا

بكەین من ئەوەندەی گوێم لێ بوو بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا باسی لەوە کرد ئەنجومەنی وەزارەت کە پێکهاتەیەکە لەخەڵکانی پسپۆڕ و شارەزا، و گوێشم لێ بوو بەشێك لە هاوکارانم لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ ئەوە بوون کە وشەی هاوتا بمێنێتەوە نەك نزیك، چونکە بەراستی کاریگەری ئەبێ، لەوانەشە زۆر سلبی بێ، دواتر هەڵگرتنی ئەم قورساییە لەسەر شانی هەموومان ئەبێ، بۆیە لەگەڵ ئەوەم وشەی هاوتا بێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە_جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر سەروەر

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنەکانی ڕابردووش لە کاتی پەسند کردنی یاساکە دووجۆر تێڕوانینمان هەبوو، پێم وایە مەسەلە دوو وشە نیە، یان مەسەلەیەکی زمانەوانی بێ، ڕایەك هەیە ئەیەوێ دەرفەت بڕەخسێنێ لەبەردەم گەنجان ئەوانەی پیشەیەکانیان تەواو کردووە، ئەوەی پەیمانگای تەواو کردووە بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندن بدات، ڕایەکی تر هەیە قبولی ئەمەی نیە، مەسەلەکە زمانەوانی نیە، بۆیە پرسیارێك ئەکەم، بەڕێز جەنابی وەزیر، چ کێشەیەك هەیە کەسێك دەرچووی ئامادەیی پیشەیی بێ بچێت بەشی زمان تەواو بکات؟ بەشی عەرەبی، کوردی، ئینگلیزی، شەریعەی ئیسلامی، چ مانعێك هەیە؟ کاتێك ئەڵێین هاوتا کەسێك دەرچووی پیشەسازی بەشی ئەلیکترۆنە تەنها ئەبێ بچێت لە کۆلیژی تەکنەلۆجی ئەگەر هەبێ بەشی ئەلیکترۆن بخوێنێ، بۆیە ئەوەی هەستی پێ ئەکەم مەسەلە تەنها ڕێگرتنە لەبەردەم ئەوانە کەوا درێژە بە خوێندن نەدەن، دوایی بەڕێزان ئێمە دوو مەسەلەمان هەیە، ...

**بەڕێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆك پەرلەمان:**

دکتۆر سەروەر ئەمە تەفسیرێکی غەڵەتە بۆ ئەو وشەیە،تکایە ئەمە لە پرۆتۆکۆل بسڕنەوە، بەڕێزت تەنها تەوزیحی خۆت بدە، ئایا لەگەڵ ئەمەی یانا؟ هۆکارەکەش چیە؟

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

داوای لێبوردن ئەکەم ئەگەر غەڵەت تێگەشتبن، بەلاْم من پرسیارم لە بەڕێز وەزیر کرد، ئەڵێم چ مانعێك هەیە بۆ ئەوەی کە ئەڵێ هاوشێوە کەسێك دەرچووی پیشەیە، دەرچووی پەیمانگایە ڕێگەی نادەن لە زمان بخوێنێ؟ ڕێگەی نادەن لە کۆمپیوتەر بخوێنێ؟ ئەگەر ئەمە دروست کردنی ڕێگری نەبێ لەبەردەمیان من شتێکی تر نابینم، بۆیە لێرەوە موفتەرەح ئەکەم، ئەو بڕگەیە ببێ بە دوو بەش، (ا، ب)، (ا) بڵێ پێویستە لەسەر ئەوەی پێشکەشی خوێندن بکات لە زانکۆ تایبەتەکان دەرچووی ئامادەیی زانستی یان وێژەیی بێ، زۆر ئاساییە بە پێی ئەو ڕێککارانەی تر کە هەیە، وەکو بەلایەنە یاساییەکە دائەنرێ، ئەوەی تریان سەبارەت بە پیشەیەکان بەو شێوازە بێ، وەرگرتن بۆ دەرچووانی ئامادەییە پیشەیەکان و پەیمانگاکان لە

زانكۆ تايبەتەكان كراوەبێ، واتە هەموويان بتوانن داواكارى پێشكەش بكەن، نەك هەموويان وەرگيرێن، كراوەبێ لە بەشە مۆرڤايەتيەكان، لەبەشە زانستيەكانيش تەنها بۆ هاوتاكان بێ، لەبەشى زانستى ئاساييە، كەسێك ناتوانێ بچێ لە كۆليژى پزيشكى بخوێنێ، كۆمەڵێك ڕێكار هەيە بەرێز وەزير لە ئێمە باشتر ئەزانێ، دروسى موفەزەلە هەيە، تەنانەت زانستيەكانيش ناتوانن لەوێ وەرگيرێن، ئيتر چۆن ئەتوانێ كەسێك دەرچووى پيشەيى بێ لەوێ بخوێنێ؟ ئەگەر مەترسيەكەمان ئەوەبێ ئەو مەترسيە نيە، بۆيە بڵێين بۆ بەشە زانستيەكان بۆ هاوتاكانيان بێ بە لەبەر چاو گرتنى سەرجەم مەرج و ڕێكارە زانستيەكان، نەك مەرجى تر، مەرج و ڕێكارى زاسنتى جيايە، مەرجى ئيدارى جيايە، بە گوێرەى ئەو ڕێنماييانەى كە وەزارەت دەريان ئەكات، واتە لێرە ئەو دەرگايە بەرەو ڕووى پيشەيەكان و پەيمانگاكان دانەخرێ، بڵێين هاوتاكانى هيچيان پێم وانيە وەرگيرێن، چونكە بەشى هاوتايان نيە ئەوانە، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو كاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان**

ئێمە پێش ئەوەبێ موماسيلە بێ يان موقاريبە بێ يانيش مونازيرە بێ هەر شێوەيك بێ، ئێمە با پرسيارێك لە خۆمان بكەين، بۆچى خوێندنى تەكنيكى، يان ميهەنى، يان دەرچووى ميهەنى، بۆ؟ برادەران، هەيكەلى وەزيفيەت لە هەر موئەسەساتێك، تۆ چەند بەكەلۆريۆست هەبێ لازمە بەرامبەرى ئەوەندە خەرجى پيشەييت هەبێ، ئەوەندە خەرجى مەعهەد هەبێ، ئيختيصاص هەيە بەكەلۆريۆس هەيە پێويستى بە دوو پيشەيە، بە كۆلۆرويۆس هەيە پێويستى بە سێيە، هەيە پێويستى بە چوار هەيە، مەسەلەن دكتۆرێك پێويستى بە چەند مومەريزەيەك هەيە، يان چەند سەيدەلى ئەبێ؟، كێشەكە لەوە نيە بێين بەس هى ئيعداديات، و ديراساتى ميهەنيش بكەن و بەيانيش دەرگا بكەن كاكە ئەوەى بڕوات جاميعە تەواو بكات با بچێ، كێشەكە لەوەيە با دەرگا ئاوا واڵا نەكەين كە هەموويان بڕۆن، چونكە حيكمەتێك لە دامەزراندنى ئەو ئيعداديە و ئەو كوليە چيە؟ مەعاهيدى تەقەنى و تا دوايى، حيكمەت هەيە، ئەوە مەبەستى يان وەزيفەى ئەساسى ئەو مەعاهدانە پێگەياندنى ستاڤ ناوەنديە، بۆيە من نابينم ئەو دەرگا بە موتلەقى بێتن، نازانم پرسيار لە وەزير ئەكەم وشەى مونازيرە چۆن چاكتر نابێ بەكاربێنن، چونكە ئێمە لە خوێنمان ئيش كريە زۆر، لە تەئعليم عالى ئيشمان كرديە، زۆربەى زۆرى نە موماسيلە و نە موقاريبە دێتن، زۆرجار مونازيرە بەكاردێنێ، بۆيە من پێشنيار ئەكەم ئەگەر نەصەكەى عەرەبێ بڵێتن ( يشترط في من يرغب بالتقديم للدراسة في الجامعات الخاصة ان يكون حاصلا على شهادة الدراسة الاعدادية او المهنية..في اقسام الكليات) وليس كليات، يەعنى با قسميش تەحديد بكەين، (في اقسام الكليات المماثلة) يان (المناظرة في دراستها)، سوپاس

**بەڕێز حسن.محمد سورە-جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرمووو شلێر خان

**بەڕێز شلێر محی الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەند من زوو دەستم هەڵبڕی، ناوم ئەبوایە لە سەرەتا بێ، کەوتە ئاخیری و قسەکانم زۆربەی کران، بەڵام ئەمەوێ پشتگیری خۆم دەربڕم، و دەست خۆشیش لەو ڕایە و تێبینیەی کە لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە کراوە، بەو شێوەی کە لە لایەن ئەوان داڕێژراوە، لەبەر ئەوەی خوێندنی پیشەیی ئێمە هەموو کات و لە هەموو ساڵان داوا ئەکەین کە زیاتر پەرە بە خوێندنی پیشەیی بدرێ، خەڵك هان بدرێ بۆ بازاڕی کار، ئەگەر بێین لە قۆناغی ئامادەیی ئیعدادیاتی میهەنی بکەینەوە لە دوایی مەفتوحی بکەین بۆ وەرگرتن لە زانکۆکان و هەرکەسە و بچێ لەئیختیصاصێك بخوێنێ کە پەیوەندی بە ئیختیصاصی خۆی نیە ئەوە ئەو ئیعدادیە میهەنیە بۆچی ئەکرێتەوە؟ با هەر عیلمی و ئەدەبی بێ، لە ئەدەبیەکە ئەتوانن بچن لەو شوێنانەی کە ئیختیصاصی خۆیاندا بخوێنن، پێویست ناکات بچن سناعە و کارەبا و نازانم میکانیك بخوێنن، دوایی بچن بەشی یاسا تەواو بکەن، هیچی سوود لە ئیختیصاصی میکانیك و کارەبایەکە وەرنەگرن، هەر ئەوە کرانەوەیە بەرامبەریان بۆ ئەوەی زیاتر دەرفەتە زیاتریان وەرگیرێن، نەك ڕێگا گرتنە لێیان، بە عەکسەوە، چونکە لە زانکۆ حکومیەکان زۆربەیان لە کۆلیژەکان ئەگەر یەکەم و دووەم بە دەست نەهێنن زۆریان وەرناگیرێن لە کۆلیژی ئەندازیاری وزراعە و هەتا دوایی، بەڵام لەو کۆلیژە ئەهلیانە لەبەرامبەریان دەرگا کراوەتەوە کە لە هەمان پیشەی خۆیان، لە هەمان ئیختیصاصی خۆیان لە کۆلیژ و پەیمانگای ئەهلی وەرگیرێن، ئەوە زیاتر ڕێگە کرانەوەیە لەبەردەمیان نەك ڕێگە گرتن، بۆیە من لەگەڵیم کە هاوتا بێ لە هەمان ئیختیصاصی خۆیان پەرە بە خوێندنیان بدەن، بۆ ئەوەی زیاتر کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە ئیختیصاصی پیشەیی دروست بکەین، خەڵك هان بدەین بۆ بازاڕی کار، لە دوایی ئەگەر بێتو فەتوحی بکەین لە هەر ئیختیصاصێك وەرگیرێن نابێتە موشەجیعێك بۆ ئەوانەی لەقۆناغی ئیعدادیە و متەوەستەشن ئەڵێن بۆ بخوێنین ئەوەتا با بچینە سناعە و ئەدەبی و عیلمی و پشەیی لە هەر کۆلیژێك بێ لە دواییدا وەرئەگیرێن، بۆچی خۆمان هیلاك بکەین و بخوێنین؟ئەویش هاندان نابێ بۆ ئەوانەی کە لە ئیعدادیە ئامانجێکی خوێندنیان هەبێ، سوپاس

**بەڕێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو سیوەیل خان

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە و ئەو وشەیە من لەگەڵ ئەوە نیم موماسیلە بێ، لەبەرچی؟ پرسیار، چەند دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵمان هەیە کە دامەزرابێ؟ چەند کەسێك هەیە ئێستا زانکۆی تایبەت موستەحیلە بەشێك بکاتەوە کە بەشی کشتوکاڵی تێدابێ، لەبەرچی؟ ئێستا ئەوانەی دەرچووی کۆلیژی

کشتوکاڵن هەموویان جادە ئەپیون، هەتا نە لە کەرتی گشتی و نە لە کەرتی تایبەتی کاریان نیە، جا ئـەوەی دەرچووی کشتوکاڵە مەجالی نادەی تەنها ئەبێ لە کۆلیـژێکی کشـتوکاڵ بخوێنێ، ئـەدی ئـەوە حەوزیشـی لـە خوێندنە، نمرەکەشی باشە، حەق وایە ئەگەر ئەو دەرچووانەی حەزیان لێیە بخوێنن با بە پێی نمرە بێ، با نمرەکەیان هەندێ بەرز بێ، ناڵێین 50، 60 یان هەبێ و بچن لە کولیەی تر وەرگیرێـن لـە زانکـۆی تایبـەت ئەوە چیە بە پارەی خۆی ئەخوێنێ، بـەلاّم حـەق وایـە بـە پێـی نمرەیـەك بـێ لـە وەزارەتـی خوێنـدنی بـالاّ تـەعلیمات دەرئـەکات، هەنـدێ مـەرجی هەیـە، مەرجەکەشـی زۆر قـورس نـەبێ، واتـە هـیچ دەرچـوویەك نەتوانێ بخوێنێ، نموونەمان هەیە بۆ دەرچووانی بازرگانی، چەند دەرچووی بازرگانیمان هەیـە بازرگـانن و لە غورفەی تیجارە کار ئەکەن و بۆخۆی ئیشی هەیە؟ نیمانە، لەبەر ئەوەی لـە هـەرێمی کوردسـتان ئـەوەی ئەیەوێ دابمەزرێ، ئەوەی دامەرزارندنی نەبێ ئەبێ یان بچێتە پـۆلیس، یـان سـایەق، یـان کاسـبکار، عـەیب نیە، بەلاّم ئەو حەزی لێیە درێژە بە خوێندن بدات یەعنی مـانع چـیە لـەوەی بخوێنێ؟ کـە لـە پـۆلی سـێی ناوەندی تەواو ئەکات یان حکومەت هەرچەندە ئێستا کاتی ئەوەی نیە، حکومەت ئـەو ئامادەییـە پیشـەیانە با هەڵگرێ، بیکاتە پەیمانگا و کۆلیژ، بە نمرەیەکی باش وەریان گرێ، یان مەجالی ئەوەیان بدەن لە زانکۆی تایبەت، جاری وا هەیە قوتابی هەیە لـە زانکـۆی حکـومی یـان لـە تایبـەت ئـەخوێنێ بـە نمـرەی 50 و 60، لەبەرچی ئەو دەرچووە کە نمرەکەی 70 و 80 یە وەرنەگیرێ لە زانکۆی تایبەت کە بە پارەی خۆشیەتی؟ ئەمە غەدرە ئەگەر مۆماسیلە بێ، نموونەی کشتوکاڵ، مۆماسیلەی دەرچووی کشـتوکاڵ بـزانین چ زانکۆیـەك هەیـە ئەگـەر بـەرێز وەزیـر بۆمـان ڕوون بکاتـەوە؟ نموونـەی بازرگـانی ئیـدارە و ئیقتیصـادمان هەیـە، چ بەشێکی تر هەیـە؟ بـەڵکو نمرەکـە باشـە پێـی خۆشـە بچێتە کۆلیـژی یاسا؟ جاری وا هەیـە زۆرووفـە، کـە زۆرووفێکی تایبەت هەیە ئەو خوێندکارە نەیخوێندیە، هەرزەکار بـووە و فکـری لـە خوێنـدن نەکردۆتـەوە، بەلاّم گەیشتۆتە تەمەنێك حەزی لە خوێندنە، لەبەرچی لێی مەنع بکـرێ. بۆیـە پـێم بـاش نیـە مۆماسـیلە بێ، بزانین زۆرینەی ڕەئیش چیە؟ سوپاس

**بەرێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر صەباح

**بەرێز د.صباح محمد نجیب بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئەمە فرسەتێکی زۆر باشە بۆ ورد کرنەوەی ئەو بڕگەیەی کـە لـەو ماددەیـە هـاتووە، پـێم وایـە هەر یەکێ لەو ڕەئیانەی کە پێشکەش کـران وەجاهـەتی خـۆی هەیـە، بـەپێی ئێسـتا بـێ ئـەوەی دەرچووی ئامادەیی پیشەیەیە بۆی نیە درێژە بە خوێندن بدات، چ لە ئیختیصاصی هاوشێوە بـێ، چ لـە ئیختیصاصـی نزیك بێ، کۆتوبەندێکی زۆر خراوەتـە سـەر ئامادەییـە پیشـەیەکان ئـەویش سیسـتەمێکە کـە بـە بۆمـاوەیی بۆمان ماوەتەوە لە سیستەمێك، بە پێـی ئـەو ڕەئیـەش بـێ کـە لـە وڵاتـانی پێشکەوتوو هەیـە دیـارە ئـەوان ئەزموونێکی زۆریان هەیە، کراوەیە ئەو مەوزوعە، یەعنی هەر کەسێك هەر ئیختیصاصێکی ئەوێ بـە پێـی

مەرجـە زانسـتیەکان پێشـکەش ئـەکات، ئەگـەر مەرجـەکانی تێـدا بـوو وەریئـەگرێ، مـوهیم ئەوەیـە ئـەو ئامادەیی تەواو کردبێ، ئەگەر لە دەرسێك کەمی هێنابوو هەندێ دروسی تەمهیدی بۆ دائەنێن، بە تایبـەتی لـە هەنـدێ ولاَت بـۆ ئیعدادیـە پیشـەیەکان هـاتوون پێـنج دەرسـیان بـۆ دانـاوە کـاتێ ئەچـێتە زانکـۆ لـە ئیختیصیاصێکی تردا، پێی ئەڵێن ئەبێ ئەو دەرسانە بخوێنی، وەکو سـاڵێك تەمهیـدی و ڕێگـری لـێ ناکـەن، تەنانەت ئێمـە خوێنـدکاری خۆمـان کـە بـەکالۆریۆس ئـەهێنێ مەسـەلەن لـە بـوارێکی موعەیـەن ئەچـێ لـە ولاَتێکی تر ئەیەوێ ئیختیصاصەکەی بگۆڕێ دبلۆمێکی پێ ئەدەن لەو ئیختیصاصە تازە، ئینجا ڕێگـەی پـێ ئەدەن ماجستێر و دکتۆرا بخوێنێ، چونکە مەسەلەی خوێندن مەسەلەی مافە، تەقید هەڵئەگرێ، بـەلاَم لـە سنوورێك تەقید هەڵئەگرێ، تۆ ئەتوانی زەوابتی بۆ دابنێی، کێشەی ئێمە لەوە نیە کراوەبێ یـان نـا ئەگـەر زەوابت هەبێ، بەلاَم مەسەلەی ئەوەی بەرێز سەرۆکی هەرێم فەرموویەتی لەم یاداشتە کـە ناردوویـەتی بـۆ پەرلەمان، پێمان ئەفەرمووی کـە مەسـەلەکە ڕوون نیـە، یـەعنی پەرلـەمانی کوردسـتان ئـەتوانێ مەسـەلەی موقاریب ڕوون بکاتەوە، وشـەی موقـەریب بـە ڕوون کردنـەوە ڕەنگـە لـە لایـەن وەزارەتـی خوێنـدنی بـالاَوە ڕوون بکرێتـەوە و مەسـەلەکە حـەل بـێ، چـونکە درێـژە دان بـە خوێنـدن لـە ئیختیصاصـی هاوشـێوە و موماسیلە نیـە، یـەعنی ئەگـەر یـەکێ ئامـادەیی کشـتوکاڵ تـەواو بکـات ئـەبێ مـافی ئـەوەی هـەبێ ئەگـەر لـە ئیختیصاصی کشتوکاڵ بچێ بخوێنێ، یەعنی ئەوە حەقێکی تەبیعیە، تۆ ڕەنگە تەحصیلی حاصل بێ ئەگـەر قـانونی بـۆ دەربکـەی، کێشـە لەوەیـە تـۆ بتـوانی دەروازە بکەیتـەوە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە ئیختیصاصـی هاوشێوەیە، بۆ نموونە لە لوغە ئیختیصاصێکی هێناوە، زمانی ئینگلیزی تەواو کردووە تۆ ڕێگـەی پێنـادەی بچـێ ئـەدەبی عـەرەبی بخـوێنێ، یـان ئـەدەبی ئیسـپانی بخـوێنێ؟ یـەعنی مـەوزوع ئەوەیـە ئێمـە ئـەبێ ئینتیلاقەیەك بکەین لەو وەزعە، لەو دۆخـەی کـە ئێسـتا خوێنـدن و خوێنـدەواری لـە کوردسـتان هەیـە، و بەڵگە ئەهێنینەوە و ئەڵێن زانکۆکانمان ئاستیان خراپە، با خراپتر نەبێ، قسەیەکی بـە جێیـە، بـەلاَم بەمـە چارەسەر نابێ، ئەبێ لە ڕێکاری ترەوە بۆی بێن، چۆن ئاستی پیشەیەکان بـەرز بکەینـەوە؟ چـۆن بەرنامـەو مەوادەکانیان وا لێبکەی کە موئەهەل بن، دوایی بچن هەر ئیختیصاصێکی تر بخوێنن، جـا بۆیـە مـن کێشـە نابینـم ئێمە موماسیلە بکەین بە موقاریب، یان موقاریب بکەین بە موماسـیل، بـەلاَم بـا صـیاغەکە وابـێ تـا پێمان ئەکرێ دەروازەی خوێندن بکەینەوە بۆ ئەوەی ئارەزوومەندە لە بوارێکدا بخـوێنێ، چـونکە دوو شـت موهیمە لە خوێندن، یەکەم ئارەزوومەندی کەسەکە، دووەم ئەهلەیەتی بـۆ ئـەو بـوارە، یـەعنی هەیـە حـەز ئەکات بچێتە هەندەسە وەکو ئارەزوومەند، بەلاَم ئەهلیەی نیـە، تـۆ نـاتوانی بیخەیتـە ئـەو بەشـەوە، هەیـە ئەهلەیەتی هەیە، بەلاَم ئارەزوومەند نیە، ئەگـەر بچـێتە ئـەو بـوارەش موەفـەق نـابێ و سـەرکەوتوو نـابێ، بۆیە پێشنیاری ئەوە ئەکەم موماسیلە هەر هـەبێ، ئـەوە تەحصـیل حاصـلە، بـەلاَم موقاریبـەش بمێنێتـەوە لەبەر خاتری، بەلاَم بەو زەوابیتەی کە وەزارەتی خوێندنی بالاَ دیاری ئەکات، سوپاس

**بەرێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەو ڕوون کردنەوەی دایان، ئێستا ئەگەر لیژنەی یاسایی قسەیەکی ترتان هەبێ، فەرموو

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی ئێمە عەرزی قسەکانی ئەندامانی پەرلەمان بکەین، پێمان باشە جوابی وەزیر بزانین بۆ ئەو پرسیارانەی پەرلەمانتاران کە ئاراستەیان کرد، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ئاراپیانە فەرز بکەین کە تەرح کران بە نیسبەت ماددەی 10 یەم بڕگەی یەکەم

**بەڕێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.علی سعید_وەزیری خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جێگەی خۆشحاڵیە کە لەناو یەك فراکسیۆن ڕاو و بۆچوونی جیاواز هەبێ، زۆرم پێ خۆشە، زۆربەی تێبینیەکان دووبارە بوونەوە و ئالۆگۆڕکردنی بیر و ڕایە، تێبینی کورت کورت هەیە، بە نیسبەت بەڕێز ئاشتی خان دڵنیام هەر ئەزانێ مەبەستمان لە ئەنجومەنی وەزارەت بوو نەك وەزیران، بەڕێزی وتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەو مەسەلەیە تاوتوێ نەکراوە لە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵکو لە ئەنجومەنی وەزارەت، کاك دکتۆر دانا پێشنیازی ئەکرد کە پرۆگرامەکانی خوێندن لە ئامادەییە پیشەیەکان بگۆڕین و تیۆرینی زیاد بکەین، ئەگەر ئەوە بکەین بە زمانی عەرەبی ئەڵێین تەفریغی ئەکەین لە محتەوای خۆی، کەواتە خۆی هەر ئیعدادیەکان و میهەنیەکان داخەین، ئەوانیش قەتعەکانیان بگۆڕین بە ئامادەیی، لقی زانستی و وێژەیی و تادوایی، ئەوە چارەسەری مەسەلەکە ناکات، بە پێچەوانەوە، ئەبێ وانە پراکتیکیەکان زیاد بکرێن، وشەی زیاتر دابین بکرێ، تاقیگەی زیاتر دابین بکرێ، بواری پیشەیی و فێربوونی پیشەیی بەهێزتر بێ لەو ئامادەییانە بۆ ئەوەی کادیری شایستە تر پێکبهێنین، نەك بێین ئەوانیش بکەین بە لقی زانستی و وێژەیی و تادوایی، کاك دکتۆر کاوە فەرمووی ئاسانکاری بۆ بواری پیشەیی بکەین، ئاسانکاری بە ڕەئی من بەوە ناکرێ بەرێزێك ئامادەیی بازرگانی تەواو کردبێ و تۆ ڕێگەی پێ بدەی یاسا تەواو بکات، بە پێچەوانەوە سەری لێ تێکئەچێ، لەبەر ئەوە مومکینە زانکۆی تایبەت بە پۆلی تەکنیك، زانکۆ تایبەت بە بواری پیشەیی دابمەزرێ، ئەوکات لە جیاتی ئەوەی ڕێژەیەك لە دەرچووانی ئامادەییە پیشەیەکان ئێستا وەریان بگرین لە زانکۆ تایبەتەکان، و لەوانەیە خۆیان زانکۆ تایبەتەکان کە هەست بکەن ئەو بازاڕی کارە هەیە، خۆیان هەستن بە کردنەوەی ئەو جۆە خوێندنانە لەسەر ئاستی بەکالۆریۆس، بە نیسبەت بۆچوونەکەی کاك سالار و بەڕێز کاك دکتۆر صەباح وشەی هاوتا و نزیکیش هەبێ، بە بۆچوونی من ئەوە نابێ دوای ئێمە ڕێنمایی پێ دەربکەین، و ئەبێتە جۆرێك لە سەر لێشێواندن بۆ ئێمە، چاکتر وایە وشکە هاوتا بێ یان هاوشێوە، بەڵام مومکینە لە ئاینده هەموار کردن هەبێ، چارەسەری تر هەبێ، بە نیسبەت

بۆچوونی بەڕێز عەزیمە خان کە هەندێ تریش وتیان دەرگا داخستن و ڕێگرتنە، ڕێگرتن نیە، ڕێکخستنی کارەکانە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساو ڕێنمایی، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گشتی کە ئەڵێ نابێ لە 80 زیاتر لێبخوری لەسەر ئەم جادە، بۆ پارێزگاری کردنە لە گیانی شۆفێرێك، ڕێگەی پێ نادات لە 140 و زیاتر لێ بخورێ، چونکە ئەبێتە هۆی کارەسات، ئەوە پێی نالێین ڕێگرتن لە حوریەتی شەخصی و ئێمە بارێگەی پێ بدەین، خۆ سەیارەی خۆی نیە بەنزینی خۆی نیە، بەلاّم گیانی خۆی ئەخاتە مەترسیەوە، خۆ ئەبێ ڕێساو ڕێنماییەك هەبێ کە حدودی بۆ دابنێ، سەدان نموونە هەیە، لەبەر ئەوە دانانی یاسا لە لایەن پەرلەمانی بەڕێزەوە، دانانی ڕێساکان لە ئەنجومەنی وەزیران، ڕێنمایەکان لە وەزارەت، ڕێکخستنی ئەرك و مافەکانە نەك ڕێگرتن و بربەست دانان، بە نیسبەت کاك دکتۆر سەروەر ئەوە کە مرۆڤایەتی کراوەبێ، بەلاّم زانستی وشەی هاوتا بێ، ئایا دەرچوویەکی ئامادەیی پیشەیی کە نەجوگرافیای خوێندبێ و نە تاریخی خوێندبێ و نە ئابووری خوێندبێ چۆن بچێ بەکالۆریۆس بهێنێ لە مێژوو و لە جوگارفیا و لە یاسا یان هەتا لە زمان، کۆلیژی زمان دیسان پێویستی بە باگراوندێك هەیە کە ئەو خوێندکارە تەئهیل ئەکات بۆ ئەوەی لە ئاستێك بچێتە ئاستێکی تر، و ئەو بەرنامانەی کە لە ئامادەییە پیشەیەکان ئێستا ئەخوێندرێ وەك وتم تەئهیلی ناکات بۆ ئەوەی بتوانێ بەکالۆریۆس تەواو بکات لەسەر ئاستی زمان، بە نیسبەت هەلی کارکردن وەکو سیوەیل خان فەرمووی، لەوانەیە بەکالۆریۆسی کشتوکاڵیش تەواو بکات هەلی دامەزراندنی هەر نەبێ و شەرت نیە هەرچی ئامادەیی یان پەیمانگا یان کۆلیژی تەواو کرد دابمەزرێ، 100٪ لە هیچ ولاّتێك لە دونیا قەت ئەوە ناکرێ، وشەی مونازیرە فەرقی هەیە لەگەڵ موماسیلە، مونازەرە یەعنی دوو کەس، دوو جەماعەت بەرامبەر یەك دانیشن و بەراوردێك بێ لە نێوان دوو، مەسەلەن ئەڵێی بەشی بایلۆجی لە زانکۆی دهۆك لەگەڵ بەشی بایلۆجی لە زانکۆ سلێمانی، ئەمە پێی ئەڵێن ئەقسام موتەنازیرە، لەبەر ئەوە هەدەفەکەی ناپێکێ وەکو موماسیلە، لەبەر ئەوە ئەگەر دەقیق بین موماسیلە زیاتر هەدەفەکە ئەپێکێ، بە زمانی کوردی هاوشێوە یان هاوتا دیسان ئەڵێم پێویستە گرنگی بدەین بە بواری پیشەیی و تەکنیکی لەسەر هەموو ئاستەکانی چ ئامادەیی بێ، چ زانکۆ بێ، چ پەیمانگا بێ، بەلاّم ئەوە بەوە چارەسەر ناکرێ بێن دەرچوویەکی ئامادەیی پیشەیی کشتوکاڵ ببەین و داینێین لە کۆلیژی زمان، سوپاس

**بەڕێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دیارە هەموولایەك ڕوون کردنەوەی خۆی دا، ئەم دوو ماددەیە بریتین لە دوو ماددەی یاسای زانکۆ تایبەتەکان، خودی یاساکە بۆ ئەوە دەرچووە کە فورەسی خوێندن زیاد بکرێ بۆ گەنجان، بۆ ئەوانەی کە ئەیانەوێ بخوێنن، ئێستا تەنها یەك ئیقتیراح هەیە، ئەویش ئەوەیە کە وشەی موقاریبە بکرێ بە موماسیلە، بە کوردیەکەی وشەی نزیك بکرێ بە هاوتا یان هاوشێوە، بە کوردیەکە ئەکرێ دوایی ئەگەر موماسیلە زیاتر هاوشێوە نزیك تر بێ، شتێکی تەبیعیە، وەکو کاك کاوە باسی کرد، بۆیە ئێستا لەسەر ئەم وشەیە ئەگەر بتانەوێ وەکو خۆی بمێنێ یان هاوتا یان هاوشێوە، کەسێك بە زمان زیاتر مەعلوماتی هەبێ بۆمان وازح بکات سوپاسی ئەکەین، ئەگەرنا هەر وەکو خۆی ئەیهێڵێنەوە، هاشێوە یان هاوتا، بۆ ئەوەی لە

کاتی دەنگدان لـە کوردیەکـەش وەك خـۆی بـێ، هاوشـێوەیە؟ بـەرێز جـەنابی وەزیـر ئـەڵێ هاوشـێوە زیـاتر نزیکترە لە موماسیلە، کەواتـە وشـەی هاوشـێوە نزیـك تـرە لـە موماسـیلە، موقتەرەحەکـە ئەوەیـە گۆڕانێـك بکرێ لە ماددەی هەشت/یەکەم، وشەی موقاریبە بکرێ بە موماسیلە، بە کوردیش، وشـەی نزیـك بکـرێ بـە هاوشێوە، کێ لەگەڵ دایە؟ کاك دکتۆر صەباح فەرموو

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیقتیراحێك هەبوو کە کراوەبێ

**بەڕێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەرەتاش باسمان کرد، تا ئێستا یاساکە دەرنەچووە تـا تـەئجیلی بکـەین، ئـەکرێ دوایـی هـەر تەعـدیلێکی مەبەستان بێ بە 10 ئەندامی بەرێز تەعدیل بکرێ، بەڵام ئێستا گۆڕانکاریەك لە نـاو پـرۆژەکە هەیـە، کـە موقاریبە بکرێ بە موماسیلە، بۆیە هیچ وشەیەکی بەدیل قبوڵ ناکرێ، تەنها موقاریبە بکرێ بە موماسیلە، وەك خۆی بمێنێ؟ یان بکرێ بە موماسیلە؟ فەرموو دکتۆر سەروەر

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێمـە تێبـینی بکـەین ئـەوە هێشـتان نـەبووە بـە یاسـا و پەسـند نـەکراوە لـە لایـەن بـەرێز سـەرۆکی هەرێمەوە هاتۆتەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ ئەو ماددەیە، و ئـەوە پەرلەمانـە و گفتوگـۆی لەسـەر کرا، من نازانم لە ئەنجامی گفتوگۆدا سێ ڕا هـەبوو، بۆیـە مـن پرسـیارێك لـە بـەرێز سـکرتێری پەرلـەمان ئەکەم، ئایا چ مانعێك هەیە؟ بە پێی بەندێکی پەیڕەو هەیە من شارەزاییم بـێ نـەبێ لەوانەیـە بـۆ ئـەوەی پێمان بڵێن بەرێزتان ئەگەر ڕێگە نـادات تـەنها ئـەبێ ئـەوەی بـەرێز سـەرۆکی هـەرێم کـە وتوویـەتی ئەمـە بگۆڕن، بیگۆڕین یان نا؟ ئەدی ئەو گفتوگۆیە بۆچیە؟ سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە_جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گفتوگۆکە بۆ ئەوەیە کە ئەوانەی لایانگری موقاریبەن هۆکاری خۆیان بڵێن، ئەوانەی لایـانگری موماسـیلەن هۆکاری خۆیان بڵێن، باقی تر وەك باسمان کرد، جارێ ئەوەی کە ئەو یاسایە هەمووی نەگەڕاوەتەوە، تـەنیا دوو ماددەی، ماددەی هەشت/یەکەم، و مـاددەی دەیەم/یەکـەم، بـاقی تـر ئـەوەی کـە ئیعـتیرازی لەسـەر نیـە تەسدیق کراوە، ئەم دوو ماددەیە لەبەر ئەم دوو هۆیە گەڕاوەتەوە، بۆیە ئـەبێ ئەنـدامانی پەرلـەمان ئەمـە زیاتر یەك لا بکەنەوە، نەك ئێمە جارێکی تر هەوڵ دەین ئەو دوو ماددە بە شێوەیەکی تر تەعدیل بکەین، بەرێز سکرتێری پەرلەمان تەوزیحی هەیە، فەرموو

**بەڕێز فرست احمد-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسا مافەك بە ئەندامانی پەرلەمان داوە، مافەك بە جەنابی سەرۆكی داوە، ئەندامانی پەرلەمان مافی خۆیان بەكار هێنا ئیقراری وشەی موقاریبەیان كرد، جەناب سەرۆك مافی خۆی بەكار هێنا و ئیعتیرازی گرت لەسەر ئەو وشەیە داوای وشەیەكی تری كرد، نیقاش هەبوو، ئەوی بە مافی پەرلەمان ئیقرار كراوە وەكو خۆی ئەمینێت مافی ئەندامانی پەرلەمان یان ئەندامانی پەرلەمان قبولی پێشنیاری جەنابی سەرۆك ئەكەن، ئەوە بۆ ئێوەی بەرێز ماوە، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من هیچ پێشنیارێكی تر نابێتە نەجێگەی موناقەشە، نەجێگای تەسویت، سوپاس

**بەرێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز كاك عەونی فەرموو

**بەرێز عونی كمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان**

با ڕوونتر داخیلی بابەتەكەی بین، یاساكە دەرچوو لە پەرلەمانی كوردستان، ڕەوانەی سەرۆكایەتی هەرێم كرا، جەنابی سەرۆكی هەرێم ئیعتیرازی لەسەر دوو مادده هەبوو، واتە ماددەكانی تر پەسند كراون، و ئێستا ئەندامانی پەرلەمان كە قسەی خۆیان كرد پێشنیارەكە ئەبێ بەو شكلە تەرح بكرێ، ئایا قەبولی ئیعتیرازی سەرۆكی هەرێم ئەكەن بۆ ئەو ماددەیە؟ یان ڕەتی ئەكەنەوە؟ ئەگەر قەبولی ئەكەن ئەوە ئیعتیادیە دەنگدان لەسەر ئەو بابەتە بێ كە قەبول ئەكرێ یان نا؟ سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك پێشەوا.

**بەرێز پێشەوا توفیق:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەگەر سەیری بڕیارەكەی سەرۆكی هەرێم بكەین، ئەو نیقاش و گفتوگۆیانەی كە پێشتر كرا تەنها لەسەر مانای وشەكە بوو، هاوتا بێ یان نزیك بێ، بەڵام ئەگەر سەیر بكەی بە كوردیەكەی سەرۆكی هەرێم ئەڵێ هاوتای پرۆگرامی خوێندن، بەڵام لە دەقە عەرەبیەكە ئەڵێ مومасیلە، كەواتە لێرەش سەرۆكایەتی هەرێم یەكلانەبۆتە هاوتابێ یان هاوشێوە بێ، هەڵەیەك هەیە لێرە، و ئەگەر سەیری خودی بڕیارەكەش بكەین وەكو پێشتر باسم كرد، گفتوگۆ لەسەر واتای وشەكەیە، سەرۆكی هەرێم داوای ڕەتكردنەوەی یاسای زانكۆ تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستان ئەكات، لیژنەی یاسایش لە ڕاپۆرتەكەی خۆی باسی لەوە كردووە كە ئیعترازی گرتووە، بۆیە لێرەش ڕەتكردنەوە لەگەڵ ئیعتیراز دوو شتی زۆر لەیەك جیاوازن، بۆیە من داوا ئەكەم لیژنەی یاسایی ڕوون كردنەوە لەسەر هەردووكیان بدات، هەم لەسەر ئیعتیرازەكەم هەم لەسەر ڕەتكردنەوەكە، و هەمیش لەسەر خاڵی دووەم ئەوەی كە سەرۆكایەتی هەرێم ناردوویەتی، ئایا هاوتایە یان هاوشێوەیە؟ سوپاس

**بەرێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

وشەی موقاریبە کە بکەی بە مومASیلە دیارە مەعنایەکەشی ئەگۆڕێ، بەڵام وشەی هاوتاکە ببێتە هاوشێوە تەنها لە ڕووی زمانەوانیە، بۆیە وەکو خۆتان باستان کرد تەنها گۆڕینی وشە نیە، بەڵکو ئەم فەلسەفەیەی کەوا ئەم دەزگایە، واتە زانکۆ ئەهلیەکانی لەسەر دامەزراوە، یان مەعاهیدی پیشەیی، یان ئیعدادیاتی پیشەیی لەسەر دامەزراوە، پارێزگاری بکرێ وەکو بەرێز جەنابی وەزیر ڕوونی کردەوە، بۆیە وشەکە لە نێوان موقاریبە و مومASیلەیە، وشەی هاوتا و هاوشێوە تەنها مورادیفن، فەرموو عەزیمە خان ئاخیر کەس.

**بەرێز عظیمة نجم الدین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو وشەی کە هاتۆتەوە لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێم بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ موناقەشە کردنە لە ناو پەرلەمان، بۆ ئەوەی چەند ڕەئی تر و پێشنیاری تر یان ئەو وشەیە ئاڵوگۆڕ بکرێ، چونکە پەسند نەکراوە ئەو ماددەیە لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە، لێرە دەستکاری نەکرێ و ئەو وشەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەو ماددەیە پەسند نەکراوە، نێردراوەتەوە بۆ پەرلەمان، بۆیە حەقی ئەندامانی پەرلەمانە ئەو پێشنیارانەی کە لێرە ئەکرێ، دوو پێشنیارە، یان سێ پێشنیارە بخرێتە دەنگەوە، بۆیە داوا ئەکەم ئەو سێ پێشنیارە کە دکتۆر سەروەر کردی، لەگەڵ ئەوەی نزیکە لەگەڵ ئەوەی هاوتایە، لەگەڵ ئەوەی لە سەرۆکایەتی هەرێم هاتووە، هەرسێکی بخرێتە دەنگدانەوە، نەك ئەوەی تەنها پێشتر پەسند کراوە، پەسند نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئەوە نێردراوەتەوە بۆ پەرلەمان

**بەرێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەو ماددەی پەسند نەکرایە و گەڕایتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، و ئێستا ئەندامانی پەرلەمان قسەی خۆیان کرد، تەوزیحیان کرد، لێرەوە ئەبێ سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو تەرحە بخاتە دەنگدانەوە، ئایا پێشنیارەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێم بە گۆڕینی وشەی موقاریبە بۆ مومASیلە قەبولە یان نا؟

**بەرێز حسن.محمد سومر-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دێینە سەر دەنگدان، چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە کە وشەی موقاریبە لە ماددەی هەشتەم/یەکەم بگۆڕێ بۆ مومASیلە وەکو تەوزیح کرا؟ 42 کەس لەگەڵ ئەوەیە کە وشەکە لە موقاریبەوە بکرێ بە مومASیلە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ 20 کەس لەگەڵ دا نیە، واتە پێشنیارەکەی سەرۆکی هەرێم و بەرێز وەزیری

خوێندنی باڵا قبول کرا، ئێستا دێینە سەر ماددەی دەیەم/یەکەم، لیژنەی یاسایی ماددەکە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیعتیرازی بەڕێز سەرۆکی هەرێم سەبارەت بە ماددەی دەیەم/یەکەم، داوا ئەکات بەو شکلەی بێت: (پلانی وەرگرتنی ساڵانە بۆ پەسند کردنی)، بە عەرەبی (خطط القبول السنوي للمصادقة عليها)، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەسەرەتادا ڕاپۆرتی خۆمان خوێندەوە، پشتگیری پێشنیارەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەکەین، بەو شکلەی کە هاتووە لە نووسراوەکەیان.

**بەڕێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پەروەردە

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش وەکو لیژنەی پەروەردە پشتگیری بۆچوونی سەرۆکی هەرێم ئەکەین.

**بەڕێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.علی سعید-وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە دڵنیاییەوە ئەم پێشنیارە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیەوە پەسندە، کە سنوورێك هەبێ بۆ پلانی وەرگرتن، وەکو لە تەواوی زانکۆکانی جیهان پیادە ئەکرێ

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە ئەو بابەتە بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدەن، سوپاس

**بەڕێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ هەیە قسەی لەسەر ئەو ماددەیە هەبێ؟ گفتوگۆ نیە لەسەر ئەو ماددەیە، بۆیە ئەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەی دەیەم/یەکەم بەو شێوەی کە لیژنەی یاسایی خوێندیەوە لەسەر ئەساسی ئیعتیرازی بەڕێز سەرۆکی هەرێم، کێ لەگەڵ دایە؟ 44 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ تەنها یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بۆیە پێشنیارەکەی دووەمی بەڕێز سەرۆکی هەرێم دەربارەی ماددەی دەیەمیەکەم قبول کرا.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نووسراوەكەی با وردتر بكەینەوە، چونكە دیتمان پێشنیار هەبوو، زمانەوانیە، با چاكی بكەینەوە، ئەگەر ئیمكانە بیخوێنمەوە؟

المادە 8: يشترط فمين يرغب في التقديم للدراسة فى الجامعات الخاصة) ئەوانی تر وەكو خۆی بمێنێتەوە، ئەوە پێشنیار بوو، لەبەر ئەوەی صیاغەكەی دەقیق نەبوو، ئەڵێ (يشترط في الراغب في التقديم)، جا نازانم جەنابی وەزیریش تێبینی هەیە لەسەر ئەوە؟ .

**بەڕێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.علی سعید محمد-وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیم نیە، سوپاس

**بەڕێز حسن.محمد سورە_جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا هەردوو پێشنیارەكەی بەڕێز سەرۆكی هەرێم قبول كرا، پیرۆزبایی جارێكی تر لە گەلی كورد ئەكەین بۆ یاسایەكی نوێ، ئاخیر وشەی جەنابی وەزیر ئەگەر هەتانە

**بەڕێز د.علی سعید محمد-وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر زۆر سوپاسی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان ئەكەم، سوپاس

**بەڕێز حسن.محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەربارەی خاڵی دووەمی بەرنامەی كار (خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پیشنیاری یاسای پەیمانگای باڵا و پەرەپێدانی ئەمنی و ئیداری لە هەرێمی كوردستانی عێراق، بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ نەساغیەكی هەبوو بۆیە نەیتوانی ئەمڕۆ ئامادەبێ، بۆیە ئێمە دانیشتنی ئەمڕۆمان كۆتایی پێ دێنین، تا ئاگاداركرنەوەتان لە دانیشتنی ئاینده بە خواتان ئەسپێرین، هیواداریین كاتێكی خۆش لەگەڵ نەورۆز و یادەكانی بەسەر بەرن، سوپاس

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سورە** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 1\4\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)

## دوو شەممە رێكەوتی 2013/4/1

**كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2013/4/1 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەم, سالّی (2013) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی سالّی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (2)ی خولی سێیەمی هەلّبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2013/4/1 دا بەم شێوەیە بێت:**

1. **خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای پەیمانگای بالاّ بۆ پەرەپێدانی ئەمنی و ئیداری لە كوردستانی عێراق.**
2. **خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە و یاسای هەمواركردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەس و كاری شەهیدان و ئەنفال كراوان ژمارە (9)ی سالّی 2007 كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەشكراوە.**
3. **خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای كێبركێ لە هەرێمی كوردستان.**
4. **خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای دایانگا لە هەرێمی كوردستان.**
5. **هەلّبژاردنی سەرۆكی دەستەی گشتی دەست پاكی لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق لە نێوان ئەم بەڕێزانە، ( سامی عثمان یونس، سیروان عمر امین، د. احمد انور)**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم ژمارەی دانیشتنی (2) ڕۆژی دانیشتن 2013/4/1، بەرنامەی کار: بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە یەکی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا، بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (2)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوت 2013/4/1، بەم شێوەیە بێت

1. خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پەیمانگای باڵا بۆ پەرەپێدانی ئەمنی و ئیداری لە کوردستانی عێراق.

2. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە و یاسای هەموارکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوان ژمارە (9)ی ساڵی 2007 کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشکراوە.

3. خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای کێبرکێ لە هەرێمی کوردستان.

4. خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای دایانگا لە هەرێمی کوردستان.

5. هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەی گشتی دەست پاکی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق لە نێوان ئەم بەڕێزانە، ( سامی عثمان یونس، سیروان عمر امین، د. احمد انور)

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازی دەکەین، لەگەڵ وەفدە یاوەرەکەی هەروەها بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، خۆتان دەزانن ئیدارە دانی ئیش و کارەکانی پەرلەمان پێویستی بەوەیە کە سکرتێری پەرلەمان دابنرێ، سکرتیری پەرلەمان بە کارێکی ڕەسمی لە دەرەوەی وڵاتە، بۆیە پێویستیمان بەوەیە د. ڕۆژان دزەیی پێشنیار بکەین بۆ ئەوەی ئەم ماوەیەی تا سکرتێری پەرلەمان دێتەوە، وەکو سکرتێری پەرلەمان ئیدارەی دانیشتنەکانمان بکا، ئەوە دەخەینە بەر دەستی ئێوەی بەڕێزەوە، کێ لەگەڵ دایە د. ڕۆژان ئەو ماوەیەی ببێتە سکرتێری پەرلەمان تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ تەنیا یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا فەرموو د. ڕۆژان بۆ شوێنی کۆبوونەوە، ئێستا دێینە سەر جێبەجێکردنی بەرنامەی کار، خاڵی یەکەم: خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پەیمانگای باڵا بۆ پەرەپێدانی ئەمنی و ئیداری لە کوردستانی عێراق. داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین بفەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، کاك کاردۆ بۆ نافەرموێ. ئەندامانی لیژنەی یاسایی یەکەکی دی بفەرموێ بۆ سەکۆی لیژنەکان، کاك ئاسۆ تۆ فەرموو، یەکێکتان بفەرموون، بۆ خاڵی یەکەم، خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پەیمانگای باڵا بۆ پەرەپێدانی ئەمنی و ئیداری لە کوردستانی عێراق. حکومەت داوای کردووە کە ئەم بڕگەیە ماوەی تریان پێ بدرێ، بۆئەوەی ئەوان خۆیان پڕۆژەیەکی تازە پێشکەش بکەن، لەبەر ئەوە ئەوان داوایان کردووە، ئێمە وای بە باش دەزانین ئەم خاڵە جارێ دوا بخرێ تا ئەوان پڕۆژەکەیان تێرو تەسەلی دەکەن ،دەوڵەمەندی دەکەن، بۆیە کێ لەگەڵ دایە ئەمە

دوا بخرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ دواخرا، سوپاستان دەکەین، ئێستا دێینە سەر خاڵی دووەم. خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە و یاسای هەموارکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفال کراوان ژمارە (9)ی ساڵی 2007 کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشکراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمراحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پڕۆژە یاساکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە نێردراوە بۆپەرلەمان، تەنها ئەتوانین ئێمە هینێکی بخەین، چونکە زۆرە ماددەکان، بۆیە زۆر ناچینە تەفاسیلەکانیانەوە، دەڵێ بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت پڕۆژە، بە هاوپێچ پڕۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوان ژمارە (9)ی ساڵی 2007 بۆتان دەنێرین بەمەبەستی خستنە بەردەستی پەرلەمان بۆ بڕیاردان لە سەری، پڕۆژە یاساکە تەنها لە (10) مادده پێکهاتووە لەگەڵ ئەسباب موجیبە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە بەپێی ئیختیساسەکەی خۆی ڕەوانەی لیژنەی شەهیدان و ئەنفالکراوان دەکرێ، فەرموو کاك کاردۆ

**بەڕێزکاردۆمحمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ساڵی 2009 پڕۆژە یاسایەکمان بۆ هەمان مەبەست بەناوی یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007 و ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفال کراوەکان لە هەرێمی کوردستان پێشکەش کردووە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، وەکو فراکسیۆنی گۆڕان کە پێشکەشی کردووە، لەبەر ئەوە تا ئێستا ئەوە نەخراوتە بەرنامەی کارەوە، پێم باشە ببێتە پڕۆژەیەکی هاوبەش تەحویلی لیژنەکان بکرێ بۆ ئەوەی پێکەوە ئەم یاسایە دوا نەنەخری و دوو یاسایە تا ئێستاش دواخراوە، ئێوەش گەیشتوونە کاروانەکە، زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جا ئێمە ئەم پڕۆژە یاسایە بەپێی ئیختیساسەکەی خۆی ڕەوانەی لیژنەی شەهیدان و ئەنفالکراوان دەکرێ هەروەها لیژنەی یاسایی جا ئێمە داوا لە هەردوو لیژنەکە دەکەین لە هەردوو پڕۆژە یاساکە ئیستیفادە بکەن، چی باشە ئەوە گەڵاڵە بکەن، فەرموو کاك محمد شارەزووری

**بەڕێزمحمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره ئەو پڕۆژە یاسایەی کاك کاردۆ باسی کرد هاتۆتە لیژنەکەی ئێمە، من لەگەڵ لیژنەی یاساییدا قسەم کردووە، ئێمە لە 2/11/ 2010 جەوابی ئەو پڕۆژە یاسایەمان داوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، کە لەگەڵ حکومەت قسەمان کردووە، ئەو کاتە حکومەت چاوەڕێی ئەوە بووە، بۆیە ئێمە نەك بۆ ئەوەی لیژنەکە جوابی نەدابێتەوە، ئێمە جەوابمان داوەتەوە، بەڵام هەردوو پڕۆژەکە هاتووە ئێمە بە تەئکید ئیستیفادە لە هەردووکی دەکەین هەر بۆ ئەوەی برادەرانی پەرلەمان بزانن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ گفتوگۆکردن لە سەر هەر پـڕۆژە یاسـایەك ئێمـە ئیسـتیفادە بکـەین لـە هـەموو بۆچـوونەکان باشـە چـی باشە، هەموو بۆچوونەکان، هەموو پڕۆژەکان لای خۆتان دابنێن بەیەکەوە دیراسەی بکەن، چی لـە قـازانجی میللەتەکـەمان و قـازانجی شـەهید و ئـەنفالکراوەکان و کـەس و کـاری شـەهیدانە ئـەوەمان پـێ باشـە، ئێسـتا دێینە سەر خاڵی سێیەم: خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی یاسای کێبڕکێ لـە هـەرێمی کوردسـتان. نوێنـەرێکی لیژنـەی دارایـی و نوێنـەرێکی لیژنـەی مـافی بەکاربـەر بفـەرموون بـۆ سـەکۆی لیژنـەکان، باشـە فـەرموون ڕاپۆرتەکانتان بخوێننەوە،

**بەڕێزئەڤین عمراحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی بەکوردی و عەرەبی ڕاپۆرتمان لە سەر پڕۆژە یاساکە هەیە ئەگەر مەجالمان بدەن ئێمە عەرەبییەکە دەکەینە ئەساس، چونکە یاساکە خۆی هەر بەعەرەبی هاتووە، بۆیە ڕاپۆرتەکەشمان بە عەرەبی ئەساس بێ، بەڵام کوردیەکە وەکو موتەرجەم بەکاربێ، ڕاپۆرتی لیژنەی قانونی ،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شڤان بزانین ڕەئی چییە؟ فەرموو، جا هەر خۆتان ژمارە یاسایی پەرلەمانتاران بەعەرەبیتان پێشکەشکردووە، فەرموو.

**بەڕێزئەڤین عمراحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەکوردیش هەیە، بەکوردیش دەخوێندرێتەوە،

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية بتأريخ 9/خرمانان/2711 كوردي المصادف ليوم 2011/7/31 لدراسة مشروع قانون (المنافسة لإقليم كوردستان-العراق) المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (10) في 2009/11/17 ، وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنة الى ما يلي:

أولاً: تسمية القانون بقانون المنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية في إقليم كوردستان-العراق، لأن منع الاحتكار يفسح المجال أمام المنافسة الحرة والشريفة وحماية المستهلك وتنظيم اقتصاد المجتمع.

**ثانياً:حذف المادة الاولى لكونها زائدة. وتصحيح تسلسل المواد تبعاً لذلك، وتبديل التسلسلات الرقمية بالكتابية واتباع نفس الاسلوب المتبع في صياغة وتشريع القوانين في برلمان كوردستان.**

**ثالثاً: وتقترح اللجنة الصياغة التالية للقانون:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لیژنەی یاسایی سیاغەیەکی تازەی بۆ یاساکە داناوە، ئیتر ئەمە بۆ بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمان دەمێنێتەوە ئایا سیاغەی لیژنەی یاسایی دەکرێتە ئەساس یاخود پڕۆژە یاساکە کە پێشکەشکراوە؟ هەمووی بخوێنمەوە،**

**قانون المنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية في إقليم كوردستان_العراق**

**رقم ( ) لسنة 2011**

**(الفصل الاول)**

**المادة (1):**

**يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون:**

**أولاً:- الإقليم: إقليم كوردستان –العراق.**

**ثانياً:- الوزارة: وزارة التجارة والصناعة في الإقليم.**

**ثالثاً:- الوزير: وزير التجارة والصناعة في الإقليم.**

**رابعاً:- المنافسة: الجهود المبذولة في ممارسة النشاط و التطوير الاقتصادي.**

**خامساً:- الاحتكار: كل فعل ، أو اتفاق ، صدر من شخص أو اكثر طبيعي أو معنوي ، أو ممن توسط بينهم للتحكم بالسعر في السوق أو نوعية السلع والخدمات بما يؤدي الى الحاق الضرر بالمجتمع.**

**سادساً:- السوق: المنطقة التي يتصل بها المنتجون و المستهلكون مع بعضهم لعقد الصفقات التجارية بشأن سلعة معينة. و لا تنحصر السوق بالضرورة بحدود جغرافية معينة لاغراض هذا القانون.**

سابعاً:- المجلس: مجلس حماية المنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية.

**المادة (2):**

**يهدف هذا القانون الى تنظيم المنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية التي تلحق الضرر بالمجتمع.**

**المادة (3):**

**أولاً:- تسري أحكام هذا القانون على انشطة الانتاج والتجارة والخدمات التي يقوم بها الاشخاص الطبيعية والمعنوية داخل الإقليم ، كما تسري أحكامه على أيّة أنشطة اقتصادية تتم خارج الإقليم وتترتب عليها آثار داخليه.**

ثانياً:- تستثنى من حكم الفقرة (أولاً) من هذه المادة القرارات التي تصدرها الوزارة في تحديد أسعار السلع والخدمات الأساسية ، بناءً على قيام ظرف استثنائي طارئ وللمدة التي يتطلبها الظرف المذكور ، وكذلك بموافقة مجلس الوزراء.

المادة (4)

يشكل مجلس في الوزارة يسمى مجلس حماية المنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية ، ويتولى ادارته وكيل الوزارة للشؤون التجارية ، ويتكون من:

أولاً:- اعضاء بدرجة (مدير عام) يمثلون الجهات الآتية:

1- وزارة الداخلية.
2- وزارة النقل والاتصالات.
3- وزارة الزراعة والموارد المائية.
4- وزارة التخطيط-الجهاز المركزي للتقييس والسيطرة النوعية.

ثانياً:- اعضاء يمثلون الجهات الآتية:

1- اتحاد الغرف التجارية والصناعية.
2- اتحاد الفلاحين.
3- نقابة المحاسبين والمدققين.
4- مجلس حماية المستهلك.

المادة (5)

أولاً:- يجتمع المجلس بدعوة من الرئيس مرتين في كل شهر ، أو كلما تقتضي الضرورة ذلك وتكون اجتماعاته صحيحة بحضور اغلبية أعضائه وتصدر قراراته بالأغلبية.

ثانياً:- لايجوز لأي عضو في المجلس أن يشارك في المداولات اوالتصويت في حالة معروضة على المجلس أن تكون له فيها مصلحة أو بينه وبين أحد اطرافها صلة قرابة الى الدرجة الرابعة ، او يكون قد مثل أو يمثل احد الأطراف.

ثالثاً:- للمجلس أن يدعو لحضور اجتماعاته من يرى الاستعانة به من الخبراء والمختصين دون ان يكون لهم حق التصويت.

المادة (6):

مع عدم الاخلال بما يقتضي به المعاهدات والاتفاقيات الدولية السارية في الحكومة الاتحادية تكون ممارسة النشاط الاقتصادي والتجاري بالشكل الذي لا يؤدي الى منع المنافسة أو تقييدها او الاضرار بها وفقاً لأحكام هذا القانون.

المادة (7):

يحظر الاتفاق أو التعاقد بين اشخاص متنافسة في أية سوق،او من تكون له السيطرة على سوق معينة القيام بأي مما يأتي:

1- التلاعب في اسعار المنتجات برفع ، أو خفض ، أو تثبيت أسعار البيع والشراء للمنتجات محل التعامل.

2- اقتسام اسواق المنتجات أو تخصيصها على أساس من المناطق الجغرافية أو مراكز التوزيع أو نوعية العملاء أو السلع أو المواسم أو الفترات الزمنية.

3- التنسيق فيما يتعلق بالتقدم أو الأمتناع عن الدخول في المناقصات والمزايدات والممارسات وسائر عروض التوريد.

4- فرض قيود على الانتاج أو المبيعات بما في ذلك تحديد حصص.

5- العطاءات التواطئية بأن يتفق طرف واحد أو أكثر على عدم تقديم العطاء أو المناقصة أو الاتفاق على تحديد الاسعار أو بنود أو شروط العطاء أو المناقصة والاتفاق فيما بينهم على أن يكونوا شركاء في العطاء الاكثر جاذبية.

**بەرێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەرێزد. احمدابراهيم على (وەرتی):**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

6- تقييد عمليات التصنيع أو التوزيع أو التسويق أو الحد من توزيع الخدمات أو نوعها أو حجمها أو وضع شروط أو قيود على توفيرها.

7- الاتفاق على التصنيع او الانتاج او التوزيع لمنتج لفترة او لفترات محددة.

8- الاتفاق على ابرام صفقات بيع او شراء منتج مع اي شخص او وقف التعامل معه على نحو يؤدي الى الحد من حريته في دخول السوق او الخروج منه في اي وقت.

9- الاتفاق على الاقتصار على توزيع منتج دون غيره على اساس مناطق جغرافية او مراكز توزيع او عملاء او مواسم او فترات زمنية.

10- التمييز بين بائعين أو مشترين تشابه مراكزهم التجارية في اطار البيع أو الشراء أو في شروط التعامل.

11- الامتناع عن انتاج او اتاحة منتج شحيح متى كان انتاجه ممكنة اقتصادياً.

12- الزام مورد بعدم التعامل مع منافس.

13- الحد من حرية تدفق المنتجات الى الأسواق او خروجها منها بصورة كلية أو جزئية ، وذلك باخفائها أو الامتناع عن التعامل فيها ، رغم وجودها لدى حائزها او بتخزينها دون مبرر.

14- منع أو عرقلة ممارسة اي شخص لنشاطه الاقتصادي أو التجاري في السوق.

15- حجب المنتجات المتوفرة في السوق بصورة كلية او جزئية عن شخص محدد دون عذر مشروع.

16- نشر معلومات غير صحيحة عن المنتجات او اسعارها مع العلم بذلك.

17. **الامتناع عن التعامل في المنتجات بالبيع او الشراء او الحد من هذا التعامل او عرقلته بما يؤدي الى فرض سعر غير حقيقي له.**

18. **انقاص او زيادة الكميات المتاحة (المتوفرة) من المنتج بما يؤدي الى افتعال عجز او وفرة غير حقيقية فيه.**

19. **فرض التزام بعدم التصنيع او الانتاج او التوزيع لمنتج لفترة او فترات محددة.**

20. **تعليق ابرام عقد او اتفاق بيع او شراء لمنتج على شرط قبول التزامات او منتجات تكون بطبيعتها او بموجب الاستخدام التجاري غير مرتبطة بمحل التعامل الاصلي او الاتفاق.**

21. **اهدار تكافؤ الفرص بين المتنافسين بتمييز بعضهم عن البعض الآخر في شروط صفقات البيع او الشراء دون مبرر مشروع.**

**المادة (8):**

**يختص المجلس بما يلي:**

**أولاً:- اعداد معلومات متكاملة عن النشاط الاقتصادي وتحديثها وتطويرها مع الجهات ذات العلاقة في كافة المجالات المرتبطة بالمنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية ، واجراء الدراسات والبحوث اللازمة لذلك.**

**ثانياً:- تلقى المعلومات المتعلقة بالممارسات المخلة بقواعد المنافسة ومنع الاحتكار بالتعاون مع الجهات ذات العلاقة ، واتخاذ الاجراءات المناسبة بشانها وفق القانون.**

**ثالثاً:- التنسيق مع الأجهزة المماثلة في مجال تبادل المعلومات والبيانات فيما يتعلق بتنفيذ قواعد المنافسة ومنع الاحتكار في الحكومة الاتحادية والاقاليم والدول وفق القوانين النافذة.**

**رابعاً:- اعداد تقرير نصف سنوي عن انشطة المجلس وخطته المستقبلية ومقترحاته بشأن المنافسة ومنع الاحتكار، وعرضه على الوزير.**

**المادة (9):**

**بناءً على اقتراح المجلس يمنح العاملون في المجلس صفة اعضاء الضبط القضائي من قبل رئيس السلطة القضائية لاثبات الجرائم التي تقع بالمخالفة في احكام هذا القانون ولهم في سبيل ذلك الحق في دخول الاماكن والمحال والمنشأت التي يزاول فيها المخالف نشاطه و تفتيشها والاطلاع على مستنداتها وسجلاتها لدى أية جهة كانت حكومية او غير حكومية.**

**المادة (10):**

**يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة و لاتزيد على سنتين او بغرامة لاتقل عن (100) مائة مليون دينار و لاتزيد على (200) مائتي مليون دينار كل من أخل بحكم المادة(السادسة) من هذا القانون او امتنع عن موافاة المجلس بالبيانات او الاوراق او المستندات التي يطلبه.**

**المادة (11):**

مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد في أي قانون آخر نافذ في الاقليم يعاقب بغرامة لاتقل عن (250) مائتي وخمسين مليون دينار و لاتزيد على (500) خمسمائة مليون دينار في حالة موافاة المجلس ببيانات او اوراق او مستندات غير صحيحة مع العلم بذلك. وفي حالة العود تضاعف العقوبة.

المادة (12):

على الاشخاص الذين يرغبون في تملك اصول او حقوق ملكية او انتفاع أو شراء اسهم او اقامة إتحادات او اندماجات او الجمع بين ادارة شخصين معنويين او اكثر على نحو يؤدي الى السيطرة او الهيمنة في السوق اخطار المجلس الذي يتولى فحص الاخطار واصدار قرار بشأنه خلال مدة لاتتجاوز ستين يوماً من تأريخ وصول الاخطار اليها فأذا مضت تلك المدة دون البت فيه عُدَ ذلك موافقة.

وفي جميع الاحوال لايجوز اتمام التصرفات التي تم الاخطار عنها الاّ بعد صدور قرار المجلس او مضي المدة المشار اليها دون البت في الطلب.

المادة (13):

لا تسرى أحكام المادة (الحادية عشرة) على حالات الاندماج والتملك التي يرى المجلس انها تساهم في التقدم الاقتصادي بشكل يعرض الاخلال بالمنافسة.

المادة (14):

يحظر افشاء المعلومات والبيانات المتعلقة بالحالات الخاصة بتطبيق أحكام هذا القانون أو استخدامها لغير الاغراض التي قدمت من أجلها.

المادة (15):

يجوز لأي شخص ابلاغ المجلس بأية مخالفة تقع لأحكام هذا القانون.

المادة (16):

على المجلس عند ثبوت مخالفة الاحكام الواردة بالمادة السادسة من هذا القانون تكليف المخالف بتعديل أوضاعه و إزالة المخالفة فوراً خلال مدة محددة وذلك دون الاخلال بأحكام المسؤولية الناشئة عن هذه المخالفات.

المادة (17):

على مجلس القضاء في الاقليم تشكيل محاكم تنظيم التجارة للنظر في النزاعات الناشئة عن حماية المستهلك والمنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية وغيرها من الممارسات التجارية ، ويكون القضاة في هذه المحاكم من قضاة الصنف الثاني على الأقل. ويطبق احكام قانون تنظيم التجارة العراقي النافذ في الإقليم او اي قانون آخر يحل محله بما لايتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة (18):

أولاً:- يعاقب المسؤول عن الادارة الفعلية للشخص المعنوي المخالف بذات العقوبات المقررة للافعال المخالفة لأحكام هذا القانون اذا اثبت علمه بها وكان اخلاله بالواجبات التي تفرضها عليه تلك الادارة قد اسهم في وقوع الجريمة.

ثانياً:- يكون الشخص المعنوي مسؤولاً بالتضامن عن الوفاء بما يحكم به من عقوبات مالية او تعويضات اذا كانت المخالفات قد ارتكبت من احد العاملين به او باسمه او لصالحه.

المادة (19):

على مجلس الوزارء والوزير كل حسب اختصاصه إصدار الانظمة والتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة (20):

لايعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة (21):

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة (22):

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الاسباب الموجبة**

لأجل تنظيم المنافسة ومنع الممارسات الأحتكارية التي تؤدي الى الحاق الضرر بالمجتمع التي يقوم بها الأشخاص الطبيعية والمعنوية من المستثمرين والمنتجين والمسوقين أو غيرهم في جميع النشاطات الانتاجية والتجارية والخدمات والانشطة الاقتصادية التي يتم خارج الاقليم وترتب عليها آثار داخله . فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالأطلاع و عرض تقرير اللجنة بشأنه على البرلمان للمناقشة و أبداء الرأى المناسب و التصويت.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی بەكاربەر.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم باشە ئەگەر جەنابتان ئیزن بە ئێمە بدەن خوێندنی ڕاپۆرتەكەی ئێمە تەوزیحێك لە سەر ئەم بابەتە بدەین، تەبیعی پێش هەموو شتێك داوای لێبوردن دەكەین ئەگەر هەڵەیەكی چاپی لە ڕاپۆرتەكەی ئێمە دا هاتووە لە دێری سێیەمی ڕاپۆرتەكە كە دەڵێتن لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران ئەم پڕۆژە یاسایە پێشكەشكراوە، ئەمە بە هەڵە هاتووە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ئەم پڕۆژە یاسایە پێشكەشكراوە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، تەبیعی ئەم پڕۆژە یاسایە كە پێشكەشكراوە لە ساڵی 2009 خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا، و بۆ پێنج لیژنە ئیحالە كراوە، ئێمە لە ساڵی 2010 ڕاپۆرتمان

ئامادەکردووە لە سەر پڕۆژە یاسایەکە، و پێشکەشمانکردووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، وابزانم لیژنەی دارایی پێش ئێمە ئەوانیش ڕاپۆرتیان ئامادە کردووە لە سەر پڕۆژە یاسایەکە و پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووە، دیارە لیژنەکانی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ ڕاپۆرتیان نیە لە سەر ئەم پڕۆژە یاسایە، بەڵام لیژنەی یاسایی وابزانم لە مانگی چواری ساڵی 2012 ڕاپۆرت لە سەر ئەم پڕۆژە یاسایە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە،و تێدا پێشنیاری سیاغەیەکی نوێی کردووە بۆ ئەم پڕۆژە یاسایە، ڕاستە ئێمەش لەو فەترەیە هەستمان کرد کە فیعلەن ئەم پڕۆژە یاسایە یەعنی لە ئاستی پێویست دا نیە، یان چەند کەم و کوڕیەکی تێدایە، تەبیعی شێوازی داڕشتنی ئەم پڕۆژە یاسایە بە شێوەیەکی (بحثي، تحليلي) داڕێژراوە، بۆیە ئێمە بۆ ئەم مەبەستە کۆڕبەندەکی یاساییمان کرد بە هاوکاری لەگەڵ (n,d,a) کە بەڕێزان لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی ئامادەبوون، و خەڵکێکی موختەس و پسپۆڕ و لیژنەکانی یاسایی و مافی بەکاربەر و داراییش لەو کۆڕبەندە ئامادە بوون دواتر، ئێمە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان ئەنجامدا لە لیژنەی یاسایی، کە لیژنەکانی یاسایی و مافی بەکاربەر و دارایی، و بەڕێز جەنابی وەزیری پیشەسازی و بازرگانی و ستافی وەزارەتیش لەوێ ئامادەبوون، ئێمە لە کۆتاییەکەی گەیشتینە ئەو ئیتیفاقە کە بەڕاستی پێداچوونەوە لەو پڕۆژە یاسایە دا بکرێتن، ئێمە زیاتر بۆچوونەکان ئەوە بوون نزیکی یاسای عێراقی بێت، چونکە مەسەلەی هەندێك مەحزورات و ئیستیسنائات لە یاساکە دا هەیە، بۆ ئەوەی کێشە لە موجتەمەعی توجار و لە ناو وەسەتی توجارەکان کێشە دروست نەبێتن، و دیسان لەبەر ئەو هۆیانەی کە من ئاماژەم پێکرد یەعنی پڕۆژە یاساکە بەشێوەیەکی تەحلیلی داڕێژراوە، و زۆر وردەکاری تێدایە، و پێ دەچێت وەکو بەحسێك یەعنی بەشێوەی بەحس ئامادەکردبێ، تەبیعی کە دواتر لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتیان ئامادەکرد لە سەر ئەو پڕۆژە یاسایە دیارە بەڕێزان ئەو تێبینی و بۆچوونەکان ئەوەی کە ئیتیفاقمان لە سەر کرد تەقریری خۆیان جێگایان کردووە، بۆیە ئێمەش وەك لیژنە پێمان باشە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی ببێتە ئەساس بۆ موناقەشەکردن لە ناو هۆڵی پەرلەمان، و ئەگەر جەنابتان ڕێ بدەن ئێمە ڕاپۆرتی خۆمان دەخوێنینەوە،

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ڕاپۆرتی لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر**

لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر لە ڕۆژی چوارشەممە، لە 2010/1/27 کاتژمێر(11)ی سەر لە بەیانی کۆبوونەوە، بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامەکان بۆ تاوتوێ کردنی پڕۆژە یاسای کێبڕکێ (المنافسة) لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرابوو، کە لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان ژمارە (10) لە 2009/11/17 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە بە نووسراوی ژمارە (ك 157) لە 2009/11/19 لەلایەن بەڕێوبەرایەتی کاروباری پەرلەمان بۆ لیژنەکەمان ناردووە، دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەلایەن ئەندامانی لیژنەکەمان، ئەم

**پێشنیارانەی خوارەوە دەخەینە بەر دەستی بەڕێزان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆ و بڕیاردان لە سەری:**

**ماددەی یەکەم: پێشیار دەکەین کە ناوی یاساکە بەم شێوەیە بێت:**

**(یسمى هذا القانون، قانون المنافسة ومنع الأحتكار).**

**ماددەی دووەم:**

**پێشیار دەکەین لە جیاتی دەستەواژەی (نظام السوق المفتوح) دەستەواژەی (نظام السوق) دابنرێت.**

**ماددەی سێیەم:**

**1.پێشنیاری دووبارە سیاغەکردنی بڕگەی (4)ی ئەم ماددەیە دەکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**يعني جهاز المنافسة ومنع الأحتكار، الذي اسس بموجب المادة (14) من هذا القانون.**

**2.پێشیار دەکەین لە جیاتی دەستەواژەی (تجارية او تجاري) دەستەواژەی (اقتصادية او اقتصادي) دابنرێت لە بڕگەی (5)ی، سوپاس،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاک حەمە سعید، نوقتە نیزامت هەیە؟**

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لیژنـەی یاسـایی داوایـان کـردووە کـە ڕاپـۆرتەکـەی لیژنـەی یاسـایی بکـرێ بـە ئەسـاس، بـۆ گەڕانـەوەی بـاج، موناقەشەی بکرێ،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی ئێوەش پێتان وایە هی لیژنەی یاسایی بکرێتە ئەساس؟،**

**بەڕێز لانە احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمەش بەنسبەت لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری ئێمەش لەگەڵ ئەو ڕەئیەینە کە ئەو سیاغەی لیژنەی یاسایی کە داینایە بکرێتە ئەساس، بۆ گفتوگۆکردن لە سەری، سوپاس.**

**ڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر ئێوە پێتان باشە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بکرێ بە ئەساس، بۆ موناقەشەکردن، کەواتە دەیخەینە بەر دەستی ئێوەی بەڕێز، کێ لەگەڵ دایە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ تەنیا یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، کەواتە لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتی ئێوە دەکەین بە ئەساس، ئێوە بیخوێننەوە دوایی ئەوان چی مولاحەزاتیان هەبوو، بەکوردی و بەعەرەبی بیخوێننەوە فەرموو،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو ئەڤین خان،**

**بەڕێزئەڤین عمراحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە لە سەرەتا لە ناوی یاساكەوە دەست پێ دەكەین، قانون المنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية في إقليم كوردستان_العراق، رقم ( ) لسنة 2011**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو د. احمد،**

**بەڕێزد. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ناوەكەی بەكوردی بەو شێوەیە پێشنیارمان كردووە، لە یاسا كۆنەكە دیارە ناوەكەی مەشروع قانون مونافەسە بوو، لیژنەی یاسایی پێشنیاری كردووە كە ناوی یاساكە، یاسای كێبركێ و قەدەغەكردنی كاری قۆرخ كردن لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق بێت، ژمارە فەراغ بۆ ساڵی 2013**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی بەكاربەر.**

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پشتگیری ئەو پێشنیارە دەكەین، كە ناوەكە بەم شێوەیە بێت كە لیژنەی یاسایی پێشنیاریان كردووە،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی دارایی،**

**بەڕێز لانە احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش هەروەها پشتگیری ئەو ڕەئیەی دەكەین، كە ناوەكە بكرێتە (المنافسة ومنع الأحتكار)، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێزسنان چەلەبی/وەزیری بازرگانی وپیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**قانون المنافسة ومنع الممارسات الأحتكارية في اقليم كوردستان ـ العراق، هەروەكو هاتووە لێرە، بەم شێوەیە، ممارەساتە، چونكە لێرە ئیحتیكار دەكرێتن، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پەرلەمانتارە بەڕێزەکان کێ تێبینیی و قسەی هەیە لێرە با ناوی بنووسین؟ لە سەر عینوانەکەیەتی، ئەم بەڕێزانە ناویان نوسراوە (ئاشتی خان، کاک دڵشاد، کاک نەریمان، کاک صباح، سۆزان خان، کاک عبدالسلام، کاک جمال، شلێر خان، کاک سالار) کەسی تر هەیە؟،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان،

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناوی یاساکە، من تێبینیەکم هەیە بەو تەعدیلاتەی کە لیژنەی یاسایی داوا دەکەن کە مەنعی ممارەساتی ئیحتیکاری بێت، من لەگەڵ ئەوە دام کە قانونی مونافەسە و مەنعی ئیحتیکار بێ، نەك ممارەسات، چونکە ممارەسات مەرحەلەیەکی دوای ئیحتیکارە دەچێتە مەرحەلەی تەتبیقەوە، واتا لە نەتیجەی ممارەسەکردن یان دەبێ ئێمە چاوەڕوان بین، بزانین ئەم سلوکە لە ناو بازاڕدا ئیحتیکارە یان ئیحتیکار نیە؟ ئینجا بڕیار بدرێ، ئەمە مەرحەلەیەك، مەرحەلەیەکی تری موتەئەخر بۆ ڕێگەگرتن لە ئیحتیکار ئەوەیە کە  لیژنە کێیە؟ کە تەقیم دەکات لە ناو بازاڕ، ئەو چاوە گشتیە بەردەوام ئەو خەلفیە بداتەوە بە جیهاتی مەسئوول، بڵێ ئەو ممارەسەیە لە ئەنجامدا بۆمان دەرکەوت، ئیحتیکارە یان ئیحتیکار نیە؟ بۆیە ئەگەر تێبینی بکەین لە زۆربەی وڵاتاندا قانونی مونافەسە و مەنعی ئیحتیکارە، نەك مەنعی ممارەساتی ئیحتیکاری کە بە بڕوای من ئەوە مەرحەلەیەکی موتەئەخیرە، و ئیشەکە ڕائەوەستێنێت لە ڕێگریکردن لە بەردەم ئیحتیکاردا بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکەم کە ممارەساتەکەی لێ هەڵبگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک دڵشاد،

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکی یاساییم هەیە، یەعنی هەر کۆی پڕۆژەکە دەست پێ بکەین، بەپێی ماددەی دەستور (110) بڕگەی (3) تیجارە و گەمارك مەسەلەیەکی سیادی عێراقە، ئێمە لە چوار چێوەی عێراقدا ئەم مەسەلە، مەسەلەی مونافەسە و بازاڕ و بازاڕی ئازادە، ئێمە لە عێراقدا یاسای ژمارە (14)ی ساڵ 2010 مان هەیە، و پرسیارەکە ئەوەیە ئێمە ئەم هەموو کاتەی پەرلەمان بە یاسایەك دەکوژێن کە یاسایەك لەبەردەممان ئامادەیە من ڕام وایە کومەڵێك یاسا ڕەنگە، بەڵام هەندێك یاسا هەیە کە پەیوەستە بە مەسائیلی بازاڕ و سیادە، یەعنی بۆ نموونە بازرگانێك لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ناتوانێ تۆ تەحدیدی ئەسعاری نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا بکەی، یان لەگەڵ گەمارکە کە لە بەغدا ئەسعار دائەنرێ ڕێکاری یاسایی بۆ گەمارك لە بەغداوە دادەنرێ، بۆیە من پێم وایە عەمەلیتر و باشتر بۆ ئەم یاسایە بۆ ئەوەی ئینفاز بکرێ و کاتی زۆری نەکوژین من پێشنیارێك دەکەم بۆ لیژنەی یاسایی ئەگەر وەڵاممان بداتەوە،

ئەویش ئەوەیە من ڕام وایە بۆچی مەسەلەن ئێمە یاسایەکی تر هەیە لە بەغدا ئینفازمان کردووە مافی بەکاربەر بۆچی ئەم یاسایە بە ئینفازی بەغدا جێبەجێ نەکرێ؟ کە ئەشکالیەتێکی نێوان بازرگانی هەرێم و ئەشکالیەتێکی دەستوریمان لە کۆڵ دەکاتەوە، و کێشەی دەستوریمان بۆ دروست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەریمان،

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕایەکەی ئاشتی خان دەکەم، لێرەدا ئەگەر ئێمە وشەی ممارەسات بخەینە پێش (الأحتكارية) کەواتە ئێمە دەستی ئەو یاسایەمان بەستەوە بە کۆمەڵێك کارەوە، و لە کاتێکیشدا ئەگەر لە کوردیەکە دیقەتێ بدەین، کار بە مانای ممارەسات ناگەیەنێ، کار بە مانای عەمەل دەگەیەنێ، و هەندێ جار لە بواری قانونیدا کار کردنێك بە تاوان یان بە ئیحتیکار حیساب دەکرێ، هەندێك جار نەکردنی کارێك بە ئیحتیکار حیساب دەکرێ، و بەپێی قانون کۆمەڵێك کار هەیە کە پێویستە ئەوانەی کە لەم بوارە کار دەکەن بیکەن، کارەکە ناکات، باشە کەواتە ئەوەی کە کارەکە دەکات کە ئیحتیکاریە ئێمە دەسەڵاتی یاساکە بچووك دەکەینەوە، بۆیە پێویست ناکات فراوان بکرێ، کارەکەی لێ لابرێ، واتە ممارەسەکەی لێ لابرێ لە عەرەبیەکە، بۆچی ئێمە لە ئەسبابی موجیبە بەشێوەیەکی جوان دامان ڕشتووە کە دەڵێن، دەڵێ ئەسبابی موجیبە ئەم یاسایە چییە؟ (لأجل تنظيم مونافسة ومنع الممارسات الأحتكارية) ممارسات ئیحتیکاریە لە ئەسباب موجیبەکە هاتووە کەواتە پێویست ناکات لێرانە هەبێ، و لەوێ مانای خۆی دەگەیەنی، بەڵام خستمانە پێشی یاسا، کەواتە ئێمە دەسەڵاتی یاساکە بۆ ئیجرائات کردن کە پێویست دەکات فراوان و کراوە بێ، ئێمە تەقەیودی دەکەین بۆ ممارەسات، بۆیە داوا دەکەم ممارەساتەکەی لی لا ببرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك صباح،

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ناوی پڕۆژە یاساکە بەم شێوە بیتن، (قانون حماية المونافسة ومنع الممارسة الأحتكارية) یەعنی حیمایە بۆی ئیزافە بکرێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووسۆزان خان،

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش یەعنی تۆزێ بە دوورو درێژی دەزانم ئەگەر بکرێ بە (قانون المنافسة ومنع الأحتكارفي اقليم كوردستان) ڕاستە ئیحتیکار کۆمەڵێك مومارەساتی لەگەڵدا دێت کە ڕەنگدانەوەی ئەوەی هەیە کە ئەم کارە بەرەوە ئیحتیکارکردن دەڕوات، بەڵام هەر بۆ کورتکردنەوەی یاساکە بە قانونی موونافەسە پێشکەشکراوە، بەڵام هیچ مەعنایەك نادات قانونی موونافەسە بە تاقی تەنیا، مادام غەرەزی موشەریع ئەوەیە مەنعی ئیحتیکار بکات، هەر با وای لێ بکرێ، (قانون المنافسة ومنع الأحتكار) پێم وایە کورت تر و بەسیت ترە، و خاڵی دووەم: ڕاستە یاسایەك لە عێراق دەرچووە ئێمە نەفازی پێ دەڵێین، بەڵام خۆم یەکێکم لەوانەی کە لەگەڵ ئەوە دام، ئێمە قەوانینی خۆمانمان هەبێت تایبەت بە هەرێمی کوردستان، مەرج نیە هەموو قانونێك لە عێراقەوە دەرچوو لێرە ئێمە نەفازی پێ بدەین، خسوسیەتی خۆمان دەبێ بپارێزین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەرەتاوە دەمویست شتێك تەسبیت بکەم من پرۆژەکەم نەدیوە، ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی، نازانم تەفسیری منە یان تەفسیری تەوزیعەکەیە؟ بۆیە ئەو قسە ئەڵێم، چونکە ئەساس ناوەڕۆکی یاساکەیە، ئایا یاساکە ڕێکخستنی ململانێ دەکات یان ڕێگا دەگرێ لە قۆرخکردن؟ بۆیە ئەو پێشنیارەی من لە سەر ئەو ئەساسەیە کە هەردوو بابەتی باس کردووە، موونافەسە یەکێکە لە ئەوەلەویاتی بازاڕی ئازاد و ئابووری بازاڕ، لای من ئەگەر ئەو وشەیە نەوترێتن هیچ لە قیمەتی یاساکە کەم ناکات، هیچ مانای نیە بازاڕی ئازاد ئەگەر موونافەسە نەبێت، خۆی ئەسلەن لیبرالیەکان دەڵێن ئەرکی دەوڵەت ڕێکخستنی موونافەسەیە، ئەرکی دەوڵەتە ئازادی بڕەخسێنی، بۆ ئەوەی سەرمایە بجولێنێ، بەڵام لە چوارچێوەیەك، ئەوە یەك، دووەم: ئێمە ئەمانەوێ یاسایەك دژی قورخکردن دەرکەین یان ئێمە هەندێ مومارەسە بە دڵمان نیە، من تەسەور دەکەم نیەتی موشەریع ئەوەیە پرەنسیپی ئەنتیکەرتێل تەسبیت بکات، و بۆیە پێشنیارەکەی ئاشتی خان ڕاستە من پشتگیری دەکەم ئەگەر لە ناو ناوەڕۆکەکە باسی موونافەسەش بکرێت یاسای کێبیرکێ و دژی ڕێگاگرتن یان قەدەغەکردنی قورخکردن ئیقتراح دەکەم، یەعنی (منع الأحتكار) نا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال ،

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێتو سەیری ئەو موقتەرەحە بکەین (قانون المنافسة ومنع الممارسات الأحتكارية في اقليم كوردستان) من لێرە پرسیارێك دەکەم، ئێمە لە کوردستان خۆمان ئێستا باوەڕمان بەوەیە بازاڕی ئازادە کە (اقتصاد السوق)ی پێ دەڵێن مانای ئەوەیە مونافەسەیەك هەیە، کێبرکێیەك هەیە یان کۆمپکینێك هەیە، لێرە چ دەبێت کە مەناپۆلی هەیە یان ئیحتیکار هەیە، مەبەستمان ئەوە لێرە ئەوەی دیار دەبێت کە زیاتر ئەوە دەکەن (ومنع الممارسات الأحتكارية) من نابینم، یەعنی ئەو بابەتە یەکتری بگرن، چونکە بە باشتر دەزانم ئێمە وەك خۆی بڵێین (قانون المنافسة في اقليم كوردستان) تەنها ئەوەتر دەبێت، چونکە لە بیرمان نەچێتن بابەتی مونافەسە بابەتێکی زۆر گەورەیە، و بۆ زانینی جەنابتان بابەتێك هەیە پێی دەڵێن (المنافسة الأحتكارية) (واللاحتكار القلة دون تنوين الناتج) زۆربەی زۆری من ناڕۆمە ناو تەفاسیل بابەتێکی ئابووریە پێم باشترە ئەوە بمێنێتن (قانون المنافسة في اقليم كوردستان)وەك خۆی بمێنێت، ئەگەر بێنە (7) (يحظر الاتفاق أو التعاقد بين اشخاص متنافسة في أية سوق،او من تكون له السيطرة على سوق معينة القيام بأي مما يأتي) ئەمە لە ئەسڵدا مەنعی ممارەساتی ئیحتیکاری دەکاتن، بۆیە من نابینم لێرە ئەو عینوانە لەگەڵ یەکتر بگونجێ تەنها(قانون المنافسة في اقليم كوردستان)، و ماددەی ئێستا ئیشارەتم پێ دا ئەوە تەعویزی منعی ممارەساتی ئیحتیکاری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێرخان،

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم یاسایە لەبەر ئەوەی زۆر گرنگە، و زۆربەی ئەوانەی کە باسیان کرد، وتیان ئەبێ ئەوەی عێراق ئینفازی پێ بکرێ، ئەگەر ئەوەی عێراق بێ ئەو مەنعی ئیحتیکارەکەی تێدایە، بەڵام ئەگەر ئەوەی خۆمان بێ وەکو کاك (جمال) وتی بەنیسبەت یاساکە بەس بنووسرێ کە (قانون المنافسة) چونکە وەکو هەموو هاوڕیان باسیان کرد، خۆی مونافەسە زۆر شت دەگرێتەوە، کە بەڕاستی جەنابی وەزیریش پێش کۆبوونەوەکە ئیشارەتی بەوە دا لەومەنزومەی تیجاری عالەمی بەهیچ شێوەیەك کەس ناتوانێ ئەگەر تۆ ئینتیمات هەبوو، ئەبێ ئەو یاسایە هەبێ، لەبەر ئەوە ئەگەر یاساکە لە هەرێمی کوردستان دەرکەین بە ناوی مونافەسەوە دوای ئەوە لە ناو هەموو ئەوانەی کە دەڵێن یەعنی مەنعی ئیسائەی ئیستیخدامی ئەو وەزعەی کە هەیە، و ئەو مەنعی کارتل و یان تەحالفاتەی ڕەسمی و زمنی کە ئەکرێ، یاخود ئەو بازاڕی ئازادە وا ئەکات ئەو مونافەسەیە بەڕاستی یاسای هەبێ بۆ ئەوەی مەجموعەیەك خەڵك هەیە قۆرخ کاری نەکەن، و ئێستا من پێم وایە یەعنی خەریکە بیدایەتی دەست پێ دەکات و بۆ ئەوەی بەرەو ئاقارێکی خراپمان نەبات و سومعەتی هەرێمەکەمانی پێ نەبەین، لەبەر ئەوە ئەو یاسایە مونافەسە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالار ،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا وەکو پرەنسیپ گرنگە ناونیشانی یاسا کورت و پوخت و پڕ مانا بێ، من ڕام وایە کە تەنها ناوەکەی موونافەسە بێ کێبڕکێ، چونکە خودی مەبدەئی موونافەسە دژی ئیحتیکاری و، و بەشێکە لە هەڵسوکەوتی مەنعی ئیحتیکاری، و لە محتەوای ئەو پڕۆژە یاسایەدا بۆ نموونە تەنیا ماددەی حەوت وەرگرین بە (21) خاڵ، ئەتوانم بڵێم (19) خاڵی ڕێ و شوێنە بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵسوکەوتی ئیحتیکاری بەپێی یاساکە، و هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە مەنعی ئیحتیکارەوە هەیە لە قانونی عقوباتی عێراقی، چەند قانونێکی تر لە هەرێمی کوردستان دا ڕێ و شوێنی بۆ دانراوە، ئەگەر یاسا لە هەرێمی کوردستان وەکو خۆی جێبەجێ بێ، تەسەورم وایە ئەم ئیزافەکردنە بۆ ئەم پڕۆژە گرنگ نیە، چونکە بەدیدی من ئەم بابەتە لە محتەوادا هەم مەنعی ئیحتیکاری تێدایە، و ئەسلیش ئەوەیە موونافەسە خۆی لە بنەمادا یەعنی جورێکە لە هەڵس و کەوت بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵس و کەوتی ئیحتیکاری، بۆیە پێم وایە هەر وشەی کێبڕکێ، موونافەسە، بۆ یاساکە ببێتە ناو نیشان مەهامی خۆیە پێکێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان،

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ پشتگیری کردنم لەو پڕۆژە یاسایە، چونکە بەڕاستی ئێمە بەو پێیەی کە ئێستا بازاڕی ئازاد لە هەرێمی کوردستان دا هەیە، و سیستەمی ئابووری بە پێی بازاڕی ئازاد دەڕوات بەڕێوە پێویست بەوە دەکات کە ئێمە پڕۆژەیەکمان هەبێ بۆ ئەوەی کە ئەو کومپانیایانەی کە موونافەسەش دەکەن بە تەئکید نەتوانن ئیحتیکارەکەی بازاڕیش بە تەواوی بکەن، بۆیە بەڕاستی من پشتگیری لە ڕەئیەکەی ئاشتی خان دەکەم بەوەی کە هەر ببێتە (قانون المنافسة ومنع الأحتكارية)، و بەپێی ئەو موبەڕیڕاتانەی کە باسکرا، و هەر قانونەکەی عێراقیش مەنعی ئیحتیکارە، یەعنی مەنعی مومارەساتی ئیحتیکاری نیە، و لە چەند شوێنێکیش لە ناو یاساکە دا تەنها ئەوەی کە دایڕشتۆتەوە لیژنەی یاسایی تەنیا بە مەنعی ئیحتیکار هاتووە لە چەند شوێنێك، مەنعی مومارەساتەکە دانەنراوە، لەگەڵ ڕێزم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. بشیر،

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش،

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا ئێمە (3) ڕەئی لەلامان گەڵاڵە بووە، دوورترین ئیحتیمالیان بدرێتە دەنگ دان ئەویش ئەوەیە ئایا یاساكە بەو ناوەی كە پێشنیار كراوە كە (قانون المنافسة ومنع الممارسات الأحتكارية في اقليم كوردستان) بەو شێوەیە بمێنێتەوە یاخود بگۆڕدرێ، ئەگەر جەنابت یەكەم ڕەئی بدەی، ئاخر ئێستا ئەوەی ڕەئی داوە هەموو ڕەئیەك ئەوە بووە كە بگوڕدرێ بۆیە ئەمە دەبێتە (اضعف الأيمان) وەكو دەڵێ دوورترین ئیحتیمال، بۆیە یاساكە وەكو خۆی بمێنێ سوپاس. (قانون المنافسة ومنع الممارسات الأحتكارية في اقليم كوردستان)

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی بەكاربەر.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە چەند پێشنیارێك بو تەسمیەكردنی ئەم یاسایە پێشنیار كرا، لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، تەبیعی ئەگەر ئێمە بێن تەماشای ناوی ئەم یاسایە بكەین لە چەند وڵاتێكی دونیادا، كە نزیكی ناوی (23) وڵات لای من هەیە، تەبیعی هەیە (قانون المنافسة) ئەگەر مەسەلەن لە ئستۆنیا لە كەنەدا لە چەند وڵاتێك بەس (قانون المنافسة)یە، لە هەندێك وڵات (قانون تشجيع المنافسة ومنع الومارسات الأحتكارية) موهیم ناوەكان زۆرن، ئێستا عینوانی (23) یاسا لای من هەیە كە پەیوەندی بە مونافەسەوە هەیە، ئێمەش لەگەڵ ئەو ڕەئیەینە لە ڕاپۆرتی خۆمان دا تەئكیدمان كردووە كە ببێتە (قانون المنافسة ومنع الأحتكار)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دوو ڕەئی جیاواز لە ئەسڵی مەشروعەكە هاتووە، یەكێكیان دەڵێ بەس (قانون المنافسة)، ئەوی تریان دەڵێ (قانون المنافسة ومنع الأحتكار)، ئینجا سێیەم هاتووە كە لە ئەسڵی پرۆژەكەیە، ئینجا ئەوە دەخەینە دەنگەوە ئێستا، بەڵێ فەرموو، ئێستا ئەساسەكە ئەوەیە كە لێرە هاتووە (قانون المنافسة ومنع الممارسات الأحتكارية)ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە كێ لەگەڵ ئەوە دایە تەنیا (قانون المنافسة) كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (25) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵ دا نیە؟ ئێستا پێشنیاری یەكەم بەس (قانون المنافسة) (25) كەس دەنگی بۆ داوە، پێشنیاری دووەم (قانون المنافسة ومنع الأحتكار)، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ ئاخر نابێ دوو جار بۆ دوو شت دەنگ بدەی، دەنگەكەت ناژمێرم قەیدی ناكە، (40) كەس دەنگی بۆ دا، ئێستا ئەوەی سێیەم دەخەینە دەنگەوە، (قانون المنافسة ومنع الومارسات

**الأحتكارية)کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ (قانون المنافسة ومنع الأحتكار)، تکایەبڕسەرمادەیەکی تر،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی هاوبەش،**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**(الفصل الاول)**

**المادة (1): يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون:**

**أولاً:- الإقليم: إقليم كوردستان —العراق.**

**ثانياً:- الوزارة: وزارة التجارة والصناعة في الإقليم.**

**ثالثاً:- الوزير: وزير التجارة والصناعة في الإقليم.**

**رابعاً:- المنافسة: الجهود المبذولة في ممارسة النشاط و التطوير الاقتصادي.**

**خامساً:- الاحتكار: كل فعل ، أو اتفاق ، صدر من شخص أو اكثر طبيعي أو معنوي ، أو ممن توسط بينهم للتحكم بالسعر في السوق أو نوعية السلع والخدمات بما يؤدي الى الحاق الضرر بالمجتمع.**

**سادساً:- السوق: المنطقة التي يتصل بها المنتجون و المستهلكون مع بعضهم لعقد الصفقات التجارية بشأن سلعة معينة. و لا تنحصر السوق بالضرورة بحدود جغرافية معينة لاغراض هذا القانون.**

**سابعاً:- المجلس: مجلس حماية المنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەکوردیەکەی.**

**بەڕێزد. احمدابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**(بەشی یەکەم)**

**ماددەی (1):**

**مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:**

**یەکەم: هەرێم : هەرێمی کوردستان-عێراق.**

**دووەم:- وەزارەت : وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمدا.**

**سێیەم:- وەزیر: وەزیری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمدا.**

**چوارەم:- کێبڕکێ: ئەو ئەرکەی پێشکەش دەکرێ لە کاتی چالاکی و پەرەپێدانی ئابووری.**

**پێنجەم:- قۆرخکردن: هەر کارێك، یا ڕێککەوتنێك کە لە کەسێکەوە یان زیاتر سروشتی یا مەعنەوی دەرچووبێ یان لەوانەی کەوتبنە نێوانیان بۆ دەست بەسەرداگرتنی نرخ لە بازاڕدا یاخود کوالێتی کالاّ و خزمەتگوزاری کە دەبنە مایەی زیان گەیاندن بە کۆمەڵگا.**

**شەشەم:- بازاڕ: ئەو ناوچەیەیە کە بەرهەمهێن و بەکاربەر بە یەك دەگەیەنێ بۆ گرێدانی گرێبەندی بازرگانی لەبارەی کالاّیەکی دیاریکراوەوە و بازاریش بە ناچاری بە سنووری جوگرافیی دیاریکراوەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە نابەسترێتەوە.**

**حەوتەم:- ئەنجومەن: ئەنجومەنی پاراستنی کێبرکێ و قەدەغەکردنی ئەنجامدانی قۆرخکردن.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی بەکاربەر.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین وەکو خۆی،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی،

**بەڕێز لانە احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین وەکو خۆی،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر،

**بەڕێزسنان چەلەبی/وەزیری بازرگانی وپیشەسازی**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یەکەم: پاش وەزیر ببێتە ڕابعەن (المجلس)، چونکە (المجلس) موباشەرەتەن پاشی وی ئەو ئیشەی دەکاتن، لەبەر ئەوەی ماددەی خوارەوە بێتە سەرەوە المجلس: مجلس حماية المنافسة ومنع الاحتكارية. مومارەسات نامێنی تەبعەن لە وێندەرێ، ئەوە یەك، هی دووەم: هەشتەم و نۆیەم ئیزافە بکرێتن،**

**ثامنا: الأندماج: اندماج شركتين او أكثر بقصد توسيع حصة ما في السوق.**

**تاسعا : سعر الشراء الحقيقي: السعر المثبت في قائمة الشراء بعد تنزيل الرسومات المنصوص عليها فيها. ئەو دوو پێشنیارەمان هەیە،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ دەیەوێ قسە لە سەر ئەو ماددەیە بکات، ئەم ناوانە نووسراوە، (د. صباح، هاژە خان، کاك جمال، د.عمر نورەدینی، بیریڤان خان، مامۆستا کاوە، کاك سەرهەنگ، کاك پێشەوا، ئاشتی خان، کاك عبدالسلام) کەسی دیکە هەیە، فەرموو د. صباح،

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ماددەکە نوسراوە (الفصل الأول) من سەرنجی قانونەکەم دا تەسبیب نەکراوە بەپێی فسول یەعنی ئەو (الفصل الأول) ئەگەر فەسلی دووەم و سێیەمی تێدا نەبێ ئیزافییە دەبێ لابرێ، کەم کە ئەو تەرتیبە ڕەچاو بکرێ کە بەڕێز وەزیر پێشیازی کرد (الأقليم الوزارة) (الوزير) ئینجا (المجلس) پاشان کە باسی تەعریفی ئیحتیکار دەکا دەڵێ: بما يؤدي الى الحاق الضرر بالمجتمع، ببێ بما يؤدي الى الحاق الضرر بالمستهلك،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەوانەی دەڕۆنە دەرەوە زوو بێنەوە بۆ ئەوەی نیصابی دەنگ دان تەواو بێ، موراعاتی هاتنە ژورەوە بکەن،

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە تەعریفی ئیحتیکار دا کە باسی زەرەر دەکات ببێ بە هۆی گەیاندنی زیان بە کۆمەڵگا، بکرێ بە هۆی زیان بە بەکاربەر، یەعنی ئێمە تەئکید کەینەوە سەر حیمایەی بەکاربەر، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان،

**بەڕێز هاژە سليمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لە

رابعاً:- المنافسة: بەو شێوەیە تەعریف بکرێ، (الجهود المبذولة في سبيل التفوق الأقتصادي)، چونکە بەڕاستی موونافەسە بۆ ئەوەیە کە تەفەوقی ئیقتیسادی بە دەست بێت، بەو شێوەیە من پێم وایە باشترە تەعریفەکەی، و هەروەها پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز وەزیری پیشەسازی و بازرگانی دەکەم بەوەی کە هەشتەم و نۆیەم زیاد بکرێ، چونکە بەڕاستی (السعر الشراء الحقيقي) زۆر گرنگە لە ناو قانونەکە دا هەبێت، لە چەند ماددەیەك لە ماددەی (3 و 7) باس لە سعر کراوە، و لە قانونی موونافەسەش پێویست دەکات کە بە تایبەتی (سعر الشراء الحقيقي) تەعریف بکرێ لە ناو یاساکە دا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال ،

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەو بابەتە دوو مولاحەزەم هەیە، مولاحەزەی یەكەم ئەوەیە كە تەعریفی موونافەسە دەكاتن (الجهود المبذولة في ممارسة النشاط و التطوير الاقتصادي) ئەمە مانای موونافەسە نادات بەم شێوەیە، من پێشنیار دەكەم بنووسرێتن، (الجهود المبذولة في ممارسة النشاطات المتعلقة بالأنتاج والتسويق والتجارة) ئەمە لێرە موونافەسەی تێدا دەكرێتن، ئەمە یەك، خاڵی دووەم: (السوق: المنطقة التي يتصل بها المنتجون و المستهلكون) یەعنی مەرج نیە مونتەج و موستەهلك یەكبگرن لە هەمان شوێن، دائیمەن وەسیتمان هەیە مەرج نیە لە هەموو بوارێك مونتیج موباشەرەتەن لەگەڵ موستەهلیك ئیتساڵی هەبێت، بۆیە من پێشنیار دەكەم بڵێین (السوق اي مكان تتفاعل فيها قوى العرض والطلب) یەعنی خستنەڕووی داواكاری لەو شوێنە دەكرێتن، عەقدی سەفەقات دەبێت مەرج نیە مونتەج و موستەهلك یەكبگرن لە هەمان شوێن، چونكە دائیمەن وەسیتمان هەیە، بۆیە مەرج نیە مونتیج موباشەرەتەن لەگەڵ موستەهلیك بكات، بۆیە(السوق اي مكان تتفاعل فيها قوى العرض والطلب مع بعضها والنتيجة تكون عقد الصفقات التجارية والى اخره)، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو د. عمر،**

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من دوو تێبینیم هەیە یەكەمیان: خامسا: كە دەڵێ (كل فعل) بەڕاستی ئەگەر سەیری ئەوە بكەین لە دونیای ئابووری و بازاڕ و بازرگانیەتی دا زیاتر نەشات بەكار دەهێنرێ، جا من پێشنیار دەكەم مەسەلەن دەگوترێ نەشاتی بازاڕ یان چالاكی بازرگانی یان پیشەسازی یان فیعلەكە بكرێ بە نەشات، یان لەگەڵ فیعلەكەدا نەشاتی بۆ زیاد بكرێ، دەقیق ترە لە ڕووی بەكارهێنانی زاراوەكانەوە، هەروەها پشتیوانی لەو پێشنیارەی بەڕێز وەزیریش دەكەم كە مەسەلەی سیعر زیاد بكرێ، چونكە چەند جارێك لە ناو یاساكەدا هاتووە، مەسەلەن تەحەكوم بەسیعرەوە، یان سیعری غەیر حەقیقی یان ئەسعاری مونتەجات، ئەمە پێویست دەكات كە بەڕاستی مەسەلەی سیعر وەكو زاراوە، وەكو تێرمێك لە ناو قانونەكەدا هەبێ، جگە لەوەش یەكێك لە ئامانجەكانی قانونەكە بەڕاستی مەسەلەی ئەوەیە كە چۆن ڕێگا لەوە دەگرێ كە سەیتەرە بەسەر سیعر دا نەكرێ، یان مەسەلەن تەلاعوب بە ئەسعارەوە نەكرێ، بۆیە ئەوە زیاد بكرێ، من بە پێویستی دەزانم، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو بێریڤان خان،**

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی یەکەم، بەشی حەوتەم باسی لەوە کردووە، کە مەجلیسێك هەیە بەناوی (مجلس حماية المنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية)بەڕای من ئەو مەجلیسە نەبێ، یەعنی دروست دەبێ دیسان لەو یاسایە مەجلیسێکی تر دروست بکرێ، ئەوە مەجلیسێکمان هەیە بەناوی،(پاراستنی مافی بەکاربەر)، ئەو یاسایە لەگەڵ بەکاربەر دەگونجێ، هەروەها دەتوانێ سەر بە وەزارەتی بازرگانی بێ، بەڵام ئایا ئەو مەجلیسە بۆ دانراوە؟ بۆ دیسان دووبارە دروست بکرێتەوە؟ ئەگەر هەر بکرێتە پاراستنی مافی بەکاربەر زۆر لەگەڵ یەکتر دەگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا کاوە،

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لە ماددەی یەکەم لە بڕگەی پێنجەم کە نووسراوە (الاحتكار: كل فعل، أو اتفاق ، صدر من شخص أو اكثر) من پێم باشە هەر فیعلەکە نەمینێتن، ببێتە (الاحتكار: كل اتفاق صدر من شخص أو اكثر طبيعي أو معنوي) لە دوای (اكثر) (الشركات) بێتن، دائیمەن ئیحتیکار لە بەینی شەریکات دەکرێتن، ئەو کاتە قورخی بازاڕ دەکەن، لە ئاخیری ئەو بڕگەیەدا (أو ممن توسط بينهم للتحكم بالسعر في السوق أو نوعية السلع والخدمات بما يؤدي الى الحاق الضرر بالمنافسة الحرة والمجتمع) لێرە مونافەسە دەبێ حوڕ بێتن ئەو کاتە کە ئیحتیکار نەبێتن مونافەسەکەش حوڕ دەبێتن.

سابعاً:- المجلس: مجلس حماية المنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية) ئێمە پێشتر عینوانی قانونەکەمان گۆڕی، بووە (حماية المنافسة ومنع الاحتكار) بزەبت ئێرەش هەر وای لێبێتن (مجلس حماية المنافسة ومنع الاحتكار) بێت مومارەسات نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرهەنگ،

**بەڕێز سەرهەنگ فرج عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر ئەم ماددەیە، لە سەر بڕگەی پێنجەم من پێشنیاز دەکەم (الاحتكار) بەم شێوەیەی لێ بێت (كل فعل ، أو اتفاق ، أو عقد، صدر من شخص أو ابرمة بين اشخاص أو اكثر طبيعي أو معنوي) و ئەخیرەکەشی لە بری (الى الحاق الضرر بالمجتمع) بکرێ بە (المستهلك) لەبەرئەوەی بەڕاستی ئێمە لە مەجالی مەسەلەن گەیاندندا، لە مەجالی ئینتەرنێت و تەلەفونات هەندێك عەقدمان هەیە کە ئیحتیکاری تێدایە، بۆ ئەوەی ئەو قانونە بە سەر ئەو عەقدانەش دا تەتبیق ببێ، و لێرە تەئکیدێك لە سەر ئەوە بکەینەوە، چونکە بە

فیعلی ئیحتیکاری تێدا کراوە، و زەرەری زۆری لە موستەهلیك داوە، ئەو خەتانەی ئینتەرنێت و گەیاندن، هەمووومان ڕۆژانە دەیبینین خەڵك گلەیی لێ دەکا، لە نەتیجەی ئەو ئیحتیکارەیە کە لەعەقدەکانەوە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا،

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێش ئەوەی تێبینیەکەی خۆم بخەمە ڕوو، ڕوونکردنەوەیەك دەدەم باس لەوە کرا کە لیژنەی کشتوکاڵ ڕاپۆرتیان لە سەر ئەم پڕۆژە یاسایە نەبووە، ئەو ئەو پڕۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەی کشتوکاڵ نەکرابوو، بۆیە ئێمە ڕاپۆرتمان نەبوو، تەنها ڕونکردنەوەیە بوو، بەنیسبەت ئەو ماددەیە تێبینی من ئەوەیە ئەگەر سەیری ماددەی (3) بکەین من بە کوردیەکەی دەیخوێنمەوە، یەکەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر چالاکیەکانی بەرهەمهێنان و بازرگانی و خزمەتگوزاری پیادە دەکرێن کە کەسی سروشتی و مەعنەوی لەناو هەرێمدا پێی هەڵدەستن، واتا مونافەسە لەسەر چالاکی ئابووریە لە نێوان شەخسی تەبیعی و مەعنەوی، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە زاراوەکان هەم ئەشخاسی تەبیعی و هەم ئەشخاسی مەعنەوی، و هەم چالاکی ئابووری پێناسە بکرێ، چونکە هەدەفی یاساکە پیادەکردنە لە سەر ئەو سێ شتەی کە من باسم کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان،

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێناسە بۆ وشەی مونافەسە، ئەم مونافەسەیە کە لێرە تەعریف کراوە، بەڕاستی لە خزمەتی یاساکە دا نیە، چونکە کاتێ ئێمە لێرە بۆیە باسی مونافەسە دەکەین کە بەنەتیجە بمان گەیەنێتە مەنعی ئیحتیکار، بەڵام ئەو مونافەسەیە زۆر بە مونعەزلی پێناسەکراوە، کە لە خزمەتی پڕۆژەکە و ئەغرازی موشەرعیش دا نیە کە یاساکەی نووسیوە، یەعنی لێرە بەتەنها وەکو جهودێکی مەبزول بۆ مومارەسەکردنی نەشات و تەتویری ئیقتیسادی، بەڵام بنەمای سەرەکی مونافەسە، و غەرەزی لێرە کە مەنعی ئیحتیکار دەبێ ببەسترێتەوە بەغەرەزە سەرکیەکە،کە مەنعی ئیحتیکارە، واتا مونافەسە بمانگەیەنێتە ئەو نەتیجەیەی کە مەنعی ئیحتیکارە، بۆیە هەردوو موستەلەحەکە پێوەی بەستراوە، بۆیە دوو بنەمای سەرکی هەیە لە مونافەسەکردندا، بۆیە دەچێتە ناو کێبرکێ، بۆ ئەوەی کە سیعر دابەزێنی، و لە بەرامبەردا تەحسینی جەدوا بدەی بە مواتنین، کە تۆ لە تەعر یفی پێناسەکەیە تەرکیز نەکەیە سەر تەخفیزی سیعر ئەو جۆرە مونافەسەیە ئێمە لێرە باسی دەکەین، باس لەو مونافەسە حوڕە ناکەین کە لە دەرەوە نا شەرعیە، بۆیە

ئێمە بە یاسا ڕێکی دەخەین کە بە نەتیجە مونافەسە ببێ بە مونافەسەیەکی مونەزەم، و خەڵك موستەفید ببێ، موستەهلێك موستەفید بێ، و بەنەتیجە ببێ بە ڕێگایەك لە ڕێگاکان کە مەنعی ئیحتیکار بکا، کەواتە دەبێ تەرکیز بکاتە سەر تەخفیزی سیعر، و هەروەها تەحسینی جەودە بۆ موستەهلێك، بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەکەم ئەو دوو وشەیە ئیزافە بکرێ؟، بۆ سەر پێناسەی مونافەسە، بۆ ئەوەی بە نەتیجە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەمانەوێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە سەر پێناسەکردنی ئیحتیکار پێناسەیەك دەخوێنمەوە، پێشکەشی برادەرانیشی دەکەم، تەسەور دەکەم ئەم هەموو وشە هێنانە تۆزێك لە ئەسڵەکەی دەرئەکات، بەتایبەتی لە ئەخیردا مەرجەکەی (يلحق ضرراً بالمجتمع) زۆر شت (يلحق ضرراً بالمجتمع)دەکا، ئیحتیکار بەحەقیقەت ئێستا هەر تەماشای تەعریفێکی ڕەسمیم کرد، بەعەرەبی و بەکوردی دەیلێم، (قۆرخکردن: هەر ڕێککەوتنێکی فەرمیە لە نێوان لایەنی کە خەریکی کاری بازرگانینە یان بەرهەم هێنانن یان خزمەت پێشکەشکردنن بەمەبەستی (ئکسینك ثرايزە) بەمەبەستی تەحدیدکردنی نرخ یان جۆرو قەبارەی بەرهەم بەشێوەیەك کە زەرەر بگەیێنێتە کێبرکێ یان بەکاربەر) ئەمە تەعریفێکی ڕەسمیە یەعنی (أي اتفاق رسمي بين شركات تجارية او اطراف تجارية او أندماجية أو خدمية) چونکە ئەمە سێ بوارە سەرەکیەکەی ئینتاجی ئیقتیسادین، (يهدف الى تحديد الأسعار و حجم ونوعية الأنتاج بشكل يلحق الضرر بالمنافسة أو المستهلك) من پێشنیاری ئەو تەعریفە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش،

**بەڕێز د. احمد ابراهيم علي (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە چەند ڕایەك هەبوو لێرە، ئەوەی جەنابی وەزیر چەند خاڵێکی پێشنیارکردووە، (المجلس: مجلس حماية المنافسة ومنع الاحتكار) مەجلیسەکە بەو شێوەی لێ دێت، بەپێی ئەوەی کە دەنگی لە سەر درا، ثامنا: الأندماج: اندماج شركتين او أكثر بقصد توسيع حصة ما في السوق. ئەوە پێشنیاری جەنابی وەزیرە کردوویانە، (سعر الشراء الحقيقي) ئەوەش دەڵێ (سعر المثبت في قائمة الشراء بعد تنزيل الخصومات المنصوص عليها فيها) دیارە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمانیش پشنیاریان کرد کە تەعریفی سیعر بکرێ، ئەگەر بکرێ ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر لێرە باشە، بەنیسبەتی ئەوەی کاك جمال پێشنیاری کردبوو، (الجهود المبذولة في ممارسة النشاطات المتعلقة بالانتاج وتسويق التجارة) ئێمە پێمان باشە، (الجهود المبذولة في

ممارسة وتطوير النشاط الدقتصادي) بێ، بەو شێوەیە جێگیر بکرێ، ئەوەی تریش تەقریبەن هەر لە هەندێ پێشنیار هەبوو کەوا تەعریفی ئیحتیکار (کل فعل ، أو اتفاق) بکرێتە تەنها (کل اتفاق)بێ، بەڵام پێمان وایە فیعلەکە زەرورە لێرە ببێ، چونکە فیعل لێرە مەبەست لێی مومارەسەیە، یەعنی مەرج نیە ئەو شتەی کە ئیحتیکاری پێوە بکرێ، تەنها ئیتیفاقێك بێ یان تەنها عەقدێك بێ، بەڵکو دەکرێ لێرە ئەو پێشنیارەی تریش کە زیاد بکەین کە کاك سەرهەنگ پێشنیاری کرد،(کل فعل ، أو اتفاق ، أو عقد) ئەگەر من شتێکم لە بیرکردبوو، سوپاس بەو شێوەیە بوو،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی بەکاربەر.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێبینیەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمەش پشتگیری بۆچوونەکەی کاك صباح دەکەین کە لە تەعریفی (الأحتکار) لە کۆتاییەکە ببێتە (بما یؤدي الی الحاق الضرر في المستهلك)، و دیسان پشتگیری د. عمر دەکەین، فیعل ڕاستی لە ئیقتیساد دا نەشاتە زیاتر ئەو وشەیە بەکار دێنین، ئێمەش پشتگیری لەو پشنیارە دەکەین، ببێتە (کل نشاط أو اتفاق)، تەبیعی سەبارەت بە ئاشتی خان و چەند برادەرێکی تر پێشنیاری تەعریفێکی تر بۆ موناڧەسەیان کردووە، ئێمە تەعریفێکی زۆر ڕێك و پێکمان هەیە، ئەوەش ئیعتیماد کراوە لەلایەن مونەزەمەی ئومەمی موتەحیدە (تجارة وتنمية) (یونك تاد)، و دیسان مونەزەمەی (التعاون والتربية الأقتصادية) (والشبكة الدولية للمنافسة)، و تەبعەن چەند وڵاتێکی با بڵێین ئەوروپی تەبەنی ئەو تەعریفە کراوە، بەریتانیا ئیتیحادی ئەوروپی، ڕوسیا، ئوسترالیا، فیلەندا، چەند وڵاتێکی تر، تەعریفی موناڧەسە بەم شێوەیە هاتووە: (موزاولة الأنشطة الأقتصادية وفقا لأليات السوق دون تأثير أو تقيد لتلك الأليات تأثيراً او تقيداً مفرطاً يلحق أثاراً ضارة بالتجارة او التنمية)، تەبیعی ئەوە تەعریفێکی زۆر باوەڕ پێکراوە، موعتەمیدە لەلایەن وڵاتە پێشکەوتووەکان دیسانەوەش لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەی کە من ئێستا ئاماژەم پێکرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان نایەنەوە بەڕاستی، ئێستا ناتوانین بیخەینە دەنگەوە، لەبەر ئەوە مەجبورین بچینە ماددەیەکی تر، موناقەشەی ماددەکە دەکەین، ئەو دوو ماددەیە دوایی بانگیان دەکەین بۆ تەسویت، بڕۆن بانگیان کەنەوە زەحمەت نەبێ، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، بۆ موناقەشە، فەرموو ئەڤین خان،

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەکەم، ئێمە ڕەئیەکمان هەیە وەکو لیژنەی قانونی لە سەر وشەی ئەوەی کەوا لە تەعریف کردنی ئیحتیکار کە لە ئەخیردا (ضرر یلحق بالمجتمع) یان (بالمستهلك) بگەیەنێ، ئێمە پێمان باشە کەوا (بالمجتمع)بێ، لەبەر ئەوە (بالمجتمع) گشتگیرترە، موستەهیلك فیئەیەك دەگرێتەوە، بەڵام موجتەمەع هەموو دەگرێتەوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە (ضرر یلحق بالمجتمع) وەکو خۆی،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕۆ سەر ماددەی دووەم، فەرموو،

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (2):

یهدف هذا القانون الى تنظیم المنافسة ومنع الممارسات الاحتكاریة التي تلحق الضرر بالمجتمع.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەی فەرموو،

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (2):

ئامانجی ئەم یاسایە ڕێکخستنی کێبڕکێ و قەدەغەکردنی ئەنجامدانی قۆرخکردنە کە زیان بە کۆمەڵگا دەگەیەنێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی بەکاربەر.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین، بەڵام بە ڕەئی من لە جیاتی (تنظیم) ببێتە (تشجیع المنافسة)باشترە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی،

**بەڕێز لانە احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، هەروەها پشتگیری لە پێشنیاری ڕەئی لیژنەی ماف بەکاربەر دەکەین،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی لە جیاتی (تنظیم) ببێتە (تشجیع النافسة) جەنابی وەزیر فەرموو،

**بەڕێزسنان چەلەبی/وەزیری بازرگانی وپیشەسازی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە پێشنیاریمان هەیە، ئەو ماددەیە زۆر بەکورتی هاتووە، شەرحەکەی تەواو ناداتن، پێشنیاری ئێمە ئەوەیە: (یهدف هذا القانون الى تنظيم المنافسة ومنع الاحتكار من خلال مكافحة أو الغاء الأتفاقات او التصرفات التقيدية فيما بين الشركات او الأندماجات وعمليات الشراء او اساءة أستعمال مراكز القوى السوقية مهيمنة مما يحدد من امكانية الوصول الى الأسواق او تقيد المنافسة تقيداً مفرطاً فيؤثر تأثيراً ضاراً في التجارة الداخلية او الدولية او التنمية الاقتصادية وتلحق الضرر بالمجتمع)، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ دەیەوێ لە سەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ناوی بنووسین، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (ئاهەنگ خان، کاك سەرهەنگ، مامۆستا کاوە، تارا خان، شلێر خان، هاژە خان) ئاهەنگ خان فەرموو،**

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پشتگیری تەواو لە بەڕێز وەزیری تیجارە دەکەم، چونکە فیعلەن کە نەصەکەی جەنابی کە وتی بوعدی زیاتر دەداتە ئەو قانونەی، قانونی ئێمە ئەوڕۆکە قانونێکی دەردێنی بۆ ئەوەی نیە چ نەقس لە بازاڕ هەبێ ئەمڕۆ ئێمە مەنعی بکەین، مەدایەکەی کورت ببینین، مەدای دەبێ درێژتر ببینین کە ئیتیفاقیاتی تیجارەی لەگەڵ عالەم و دەولی و چۆن نزیك ببینەوە لە قانونی عالەمی زیاتر، بۆیە تەئیدی بەڕێز وەزیری تیجارە دەکەم، چونکە هەدەفەکەی بۆ تەنزیمی قانونی درێژ خایەنە و مەسافەکی درێژتر دەخوێنێتەوە**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئاخر بەڕاستی ئێوەش بڕۆنە دەرەوە، بەڵام تکایە زوو وەرنەوە ئەوەکانی دیکەش لەگەڵ خۆتان بێننەوە، فەرموو کاك سەرهەنگ**

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو تەعریفەی کە بەڕێز وەزیری بازرگانی خستیە ڕوو، تەعریفێکی باشە، بەڵام بەمەرجێك من پێشنیاز دەکەم لە ماددەکەی پێشوتردا ئیقتیراحم کرد، وشەی (عقود) جارێکی تر زیاد بکرێ ، و هەروەها (من بين الشركات) نا بەتەنها، چونکە ئێمە هەندێك عەقدمان هەیە کە لە بەینی شەریکات و حکومەت کراوە ئیحتیکار تێدایە، (من بين الشركات أو بين الشركات والمؤسسات الحكومية) بەو نەوعە پێم وایە شاملە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**مامۆستا کاوە،فەرموو**

**بەڕێز کاوە محمد امین**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێم باشە ماددەی دووەم وای لێ بێت، (يهدف هذا القانون الى تنظيم المنافسة ومنع الاحتكار التى تلحق الضرر بالنشاط وتطوير الأقتصادي) یەعنی ئیحتیکار لە نەتیجەدا زەرەری دەبێ بۆ چالاکی و پێشکەوتنی ئابووری، من پێم باشە تەعریفەکە بەو شێوەیە بێ، سوپاس،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**تارا خان فەرموو،**

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من وا بە باش دەزانم لە کۆی ماددەکانی کە هەیە لە ناو ئەو قانونە دا وا دابڕێژرێ هەدەف لێی چییە؟ بەعەرەبیکەی دەیخوێنم، (يهدف هذا القانون الى تنظيم المنافسة بشكل تتلائم مع نظام السوق المفتوح الذي يقرر الأسعار فيه التفاعل الحر وكذلك يهدف هذا النظام بضبط الأتفاقيات بين المؤسسات الذي تقيد المنافسة وتلحق الضرر بالمجتمع) واتا تەقریبەن لەگەڵ وتەکانی جەنابی وەزیریشم، لەبەر ئەوەی ئەزانین مەبدەئی ئەساسی بۆ ئیقتیساد لە هەرێمی کوردستان ئەو نیزامی سوقی مەفتوحە، لەبەرئەوە ئێمە مونافەسەکردن بە چ شێوەیەك بێت؟ بەشێوەیەکی شەریکانە کە ئەو شەریکانە بتوانن بکەن، بەڵام لە بوونی ئەو نیزامە هەدەفمان ئەوەیە کە نیزامەکە تەقیدی مونافەسە نەکات، بەڵکو تەقیدی ئەوە بکات کە فۆرخ کرێ لە لایەکەوە، لەبەر ئەوە وا بەباش دەزانم بەم شێوەیە بێت کە باسم کرد، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**شلێر خان فەرموو،**

**بەڕێز شلێرمحمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ویرای پشتگیریم بۆ جەنابی وەزیر، بەس وشەی (يهدف هذا القانون الى تنظيم المنافسة) بڵێین ئەم قانونە (يحمي المنافسة) ئینجا بەس مونافەسەکەشە، یەعنی موتنافسین نابێ، چونکە دوایی کە قەزیەیەك هاتە مەحاکم بەس بڵێن موتەنافیسێك خۆی یان موستەسمیرێك ئیداریەن فاشل بوو، هیچ قودرەتی نەبوو، ئەو فۆرخکاریەی کە مەسەلەن ئەو کەسەی کە لە دەسەڵات دایە بەو شێوەیەی کە خۆی جەنابی وەزیر وتی بەهیچ شێوەیەك نەتوانێ، نازانم ئەوە چۆن ڕێگری بکەین بەناوی خەڵکی ترەوە بێتە ناو ئەو بازاڕەوە کە بەڕاستی تا خەڵکی ئیعتیادی نەتوانن مونافەسەی بکەن؟، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**هاژە خان فەرموو،**

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە لەو ماددەیە هەدەفەکەی زۆر بە موختەسەری نووسراوە، بۆیە پێویست دەکات کە هەدەفەکە زۆر بەباشی خەڵك لێ تێ بگا کە هەدەفەکەی ئەو قانونە چییە؟ بۆیە من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێت،(يهدف هذا القانون الى تنظيم المنافسة ومنع الاحتكار والتي يقوم بها المستثمرون او المنتجون او المسوقون او غيرهم في جميع النشاطات الأقتصادية والتى تلحق الضرر بالمجتمع)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەریمان ،

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا من پشتگیری لە ڕەئیەکەی جەنابی وەزیر دەکەم، بۆ ئەم پێناسەیە، و بۆ ئەو ئیزافاتانەی کە کاك سەرهەنگ ئاماژەی پێکرد، ئەگەر هاتو ئەمە دەنگی نەهێنا، لە ئەسڵی ماددەکە کە دەڵێ (يهدف هذا القانون الى تنظيم المنافسة) بڵێین (يهدف هذا القانون الى تنظيم وتشجيع المنافسة ومنع الاحتكار التى تلحق الضرر بالمستهلك والمجتمع) بەڕێزان ئێمە موجتەمەع ئەگەر بەتەنها بەکار بێنین شتێکی عامە، و ویلایەتی عامیش لە سەر ئەمە حکومەتە، باشە ئەگەر وەکو موستەهلکێك زەرەری پێ گەشت خۆ دەبێ ڕێگەی پێ بدرێ دیفاع لە خۆی بکات، بۆیە موستەهلیك زۆر زەرورە لە پێشی موجتەمەعەکە بێ، لەبەر ئەوە ئەو شەخسەی کە زەرەری پێ دەگات دەتوانێ لە ڕێگەی قانونیەوە لە سەر خۆی لاببات، و موجتەمەعیش حکومەت دەتوانێ دیفاعی لێ بکات، لە ئەو ئیحتیکار کردنە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێزئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەڕێزان ئەوانەی کە پێشنیاریان هەبوو هەریەکی یەك جار بوو، بۆیە ناکرێ ئێمە وەری گرین،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی جەنابی وەزیر سێ، چوار کەس پشتیوانی لێکرد، فەرموو

**بەڕێزئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ئەوە دیینە سەری، بەڵام ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر کردوویەتی ئێمە پشتگیری لێ دەکەین وەکو لیژنەی یاسایی، هەروەها لیژنەکانی تریش دەتوانن ڕەئی خۆیان بدەن،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی،

**بەڕێز لانە احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت لیژنەی دارایی و ئابووری پشتگیری لە پێشنیاری لە بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازی دەكەین بەنیسبەت ماددەی دووەم،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی بەكاربەر.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا سەبارەت بە پێشنیارەكەی وەزیر بۆ ئەهدافەكانی ئەم یاسایە جارێكی تر دەڵێمەوە، ئەگەر ئێمە بێین تەماشای، یەعنی هەدەف لە سەر قەوانینی موونافەسە بكەین، دوو مەبدەئی ئەساسی هەیە، یەكەمیان: (حماية وتشجيع المنافسة) دووەم: (مكافحة الأتفاقيات او ترتيبات الممارسات التجارية التقيدية)یە، یەعنی مەبەست لە سەر قەوانینی موونافەسە ئەم دوو مەبدەئەیە، بۆیە ئەگەر ئەو تەعریفەش تەبەنی بكەین دەبێت ئێمە باسی تەشجیعی موونافەسە بكەین، چونكە ئەگەر تۆ بێی تەنزیمی موونافەسە بكەی، ئێمە باسی موتەنافیس ناكەین، ئێمە باسی مەبدەئی موونافەسە دەكەین، نەمگوتووە (المتنافسون) ئەگەر تۆ لێرە وشەی تەنزیم بەكار بهێنی، واتا ئێمە باسی موتەنافسینیش دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو،

**بەڕێز: سنان چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لێرانە یەك پێشنیاری گچكەمان هەیە، تەعدیلەك، لەو ماددەیە لە جیاتی (بين الشركات) (بين المؤسسات التجارية) شمولی تر دەبێ،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زیاتر (بين المؤسسات التجارية) شمولی ترە، یەعنی ئەوت تەعدیل كردووە، ماددەی دوو ئەوەی پێشنیارەكەی جەنابی وەزیر، چونكە دوورترە لەوەی ئەسڵیەكە، بیخوێننەوە، چونكە كۆمەڵێك ئەندام پشتیوانی لێكرد، هەر یەكێ یەك كەس شتەكانی زیاد كرد، بینووسن بزانین ئیزافەكە چی بوو؟، بۆ ئەوەی بیان دەینێ، (مؤسسات)ی ئیزافە كرد، فەرموو كاك عماد.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**یەك پێشنیار عەلەئەساس وشەی (عقود) زیاد بکرێتن، بەڵام یەك پێشنیار بوو، کەسێکی تر پشتگیری لێ نەکردووە،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**دەڵێن دوو کەس بووە، باشە یەك: یەك ئەوانەی کە پێشنیارکراوون، بزانن ئەوەی وەزیر بخەنە دەنگەوە بزانن چۆن دەبێ، ئەوەکانی تر ئیزافەی بکەنە سەری، فەرموون**

**بەڕێزد. احمدابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە پێشنیارەکەی جەنابی وەزیر، ئەوەی کە هاتووە دەڵێ (من خلال مكافحتها او الغاء الأتفاقات او التصرفات التقيدية) لێرە ئیلغاکردن لە یاساکەوە ئەوەی من بزانم ئیلغاکردنی ئیتفاقاتی تێدا نیە، بۆیە لە ئەسڵی پڕۆژەکە دا هاتبوو (ضبط الأتفاقات) یەعنی بە ڕای جەنابی وەزیریش باشتر نیە، لە باتی ئیلغائی ئیتفاقات (ضبط الأتفاقات والتصرفات التقيدية)بێت، سوپاس،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر فەرموو،**

**بەڕێز سینان چەلەبی/وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئیلغای ئیتفاقیات واجیبە ئەگەر بە ئیلغا نەکرێتن، تۆ دوو عەقدی دەکەیت، تۆ ئیتیفاق دەکەیت، ئەگەر موخالفی ئەوە بێ، دەبێ ئیلغا بکرێ، لەبەر ئەوە شەرتە بمێنێتن، ئەوە یەك: دووەم: کە موئەسەساتی حکومی لەگەڵ شەریکات ئیتیفاق دەکات کەسێك ئینتیزاری ئەوە ناکات حکومەت ئیحتیکار بکات، لەبەر ئەوە وشەی ئیحتیکار کە برادەران باسیان کرد، بۆ موئەسەساتی حکومی نابێ، و موئەسەساتی تیجاری کەرتی تایبەتە، سوپاس،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك سەرهەنگ ،**

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**عەقدمان هەیە شەریکات لەگەڵ موئەسەساتی حکومی کردوویەتی ئیحتیکاریشی تێدایە، چۆن نەکراوە؟،بۆیە مەفروزە ئێمە ئەوە بخەینە ناو ئەو قانونەوە بۆ ئەوەی دەعمێکی قانونی بۆ ئەو مەوزوعە ئیزافە بکەین لەغوی بکەینەوە بەڕاستی، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**موناقەشە زۆرکرا بۆچوونەکان بخوێننەوە، فەرموو کاك عماد.**

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**كە تۆ باسی (الأتفاقات او التصرفات التقیدیة) دەكەی ئەمە مەسەلەی عقودی تێدایە، یەعنی مەسەلەكە وازیحە تۆ دەڵێی مەسەلەن (من خلال مكافحتها او الغاء الأتفاقات او التصرفات التقیدیة) ئیتیفاقات بە چی دەكرێت؟ بە عەقد دەكرێت،**

**المادة الثانیة: (یهدف هذا القانون الى تنظیم المنافسة ومنع الاحتكار من خلال مكافحة أو الغاء الأتفاقات او التصرفات التقیدیة فیما بین المؤسسات التجاریة او الأندماجات وعملیات الشراء او اساءت أستعمال مراكز القوى السوقیة المهیمنة مما یحدد من امكانیة الوصول الى الأسواق او تقید المنافسة تقیداً مفرطاً فیؤثر تأثیراً ضاراً في التجارة الداخلیة او الدولیة او التنمیة الاقتصادیة وتلحق الضرر بالمجتمع)، ئەوە پێشنیاری بەڕێز وەزیرە،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر كە ژمارەیەك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان پشتیوانی لێ كرد، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟، (39) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵ دا نیە؟ (2) كەس لەگەڵ دا نیە، كەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، ئەم بۆچونەی ئەو، فەرموو ئەڤین خان.**

**بەڕێزئەڤین عمراحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێستا دەگەڕێینەوە سەر دەنگدانی ماددەی یەكەم، بیخوێنمەوە هەمووی،**

**المادة (1): یقصد بالمصطلحات والتعابیر الآتیة المعاني المبینة ازاءها لأغراض هذا القانون:**

**أولاً:- الإقلیم: إقلیم كوردستان –العراق.**

**ثانیاً:- الوزارة: وزارة التجارة والصناعة في الإقلیم.**

**ثالثاً:- الوزیر: وزیر التجارة والصناعة في الإقلیم.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، جەنابی وەزیر پێشنیار دەكا كەوا المجلس ببێتە رابعا**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك عماد.**

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

**دەنگمان لە سەر ناوی یاساكە داوە، (قانون المنافسة ومنع الممارسات الاحتكار)، دەبێ ببێتە (مجلس حمایة المنافسة ومنع الاحتكار).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو ئەڤین خان.**

**بەڕێزئەڤین عمراحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له زۆر شوێن هاتووه ئێمه كه دوایی كه تەعدیلی دەكەین، كه سیاغەی دەكەین، ئەگەر ئیزن بدەن له سیاغەكردنەكه هەموو مومارەسەكان لابدەین،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەنگدان له بۆ ناوی یاساكه كرا، بۆ ناوی ئەنجومەنەكه نەكرا، مەرج نیه ناوی ئەنجومەن هەمان ناوی یاسا بێ، ئەنجومەن كه بەو یاسایه پێكی دەینی، ڕاسته ناوەكه چەند كورت و پوخت بێ، له ناوی یاساكه نزیك بێ باشترە، بەڵام مەرج نیه هەمان ناوی یاساكه و ناوی ئەنجومەن وەكو یەك بن،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواته ئیعتیادیه ئەگەر بڵێ (منع الممارسات الأحتكارية) تكایه بیخوێننەوە هەمووی، ئاخر ئەوە له عینوانی قانونەكه هاتووە، بەڵام شەرت نیه له ناوەڕۆكەكەی ئەوە نەمێنێ، له عینوانی قانونەكه لابراوە، بەڵام لێرە بمێنێ، شتێكی ئیعتیادی دەبێ، فەرموو

**بەڕێزئەڤین عمراحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رابعا: المجلس: مجلس حماية المنافسة ومنع الاحتكار.

خامسا:- المنافسة: الجهود المبذولة في ممارسة النشاط و التطوير الاقتصادي.

سادسا:- الاحتكار: كل فعل ، أو اتفاق ، صدر من شخص أو اكثر طبيعي أو معنوي ، أو ممن توسط بينهم للتحكم بالسعر في السوق أو نوعية السلع والخدمات بما يؤدي الى الحاق الضرر بالمجتمع.

سابعا:- السوق: المنطقة التي يتصل بها المنتجون و المستهلكون مع بعضهم لعقد الصفقات التجارية بشأن سلعة معينة. و لا تنحصر السوق بالضرورة بحدود جغرافية معينة لاغراض هذا القانون.

جەنابی وەزیر پێشنیاری دوو خاڵی تریشی كردبوو،

ثامناً:- الأندماج: اندماج شركتين او أكثر بقصد توسيع حصته في السوق.

تاسعا : سعر الشراء الحقيقي: السعر المثبت في قائمة الشراء بعد تنزيل الخصومات المنصوص عليها فيها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا بەو سیاغەی كه خوێندرایەوە، كێ لەگەڵ دایه تكایه دەست بەرزكاتەوە،؟ فەرموو ئاشتی خان

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو گۆڕانكاریانەی كە لە نەتیجەی دەنگدان دا ئیزافە بووە، لە خوێندنەوەكان دا، بۆ نموونە (مجتمع) كرا بە (مستهلك)، (عقود) ئیزافە كرا،، و هەروەها پێناسەی مونافەسە یەعنی هەروەكو خۆی دانراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەزانی چۆن؟ دەنگدان بەس بۆ ئەوە كراوە لە بیدایەتی عینوانی ناوەكە بگۆڕێ، ئەوانی تر دەنگیان بۆ نەدراوە، ئێستا سیاغەكە بە عام وەكو ماددەی یەك دەنگی بۆ دەدرێ، هیچ نەخراوەتە دەنگ دان، ئەوان شەرحیان كرد و جەوابیان دایەوە، ئێستا ئاخیر سیاغە كە مولاحەزەی هەموو پەرلەمانتارەكان وەرگیراوە ئاخیر سیاغەیان خوێندۆتەوە ئەوان، دیارە لیژنەی هاوبەش وەریان نەگرتووە، یەك كەس بیڵێ خۆ شەرت نیە وەربگیرێ، دەبێ سێ كەس بیڵێ، باشە بڕگە، بڕگە دەیخەینە دەنگەوە، خوشك و برایانی ئازیز، ئەگەر یەك كەس پێشنیاری شتێك بكات، یان داوای گۆڕانكاری بكات شەرت نیە بخرێتە دەنگەوە، شەرت نیە لیژنەی هاوبەش قەبولی بكات، بەڵام كە بوو بە سێ دەبێ موراعاتی بكەین بیخەینە دەنگەوە، بەڵام هیچ یەكێكیان لەوانە سێ كەس پشتیوانی لی نەكردووە، سۆزان خان (111) پەرلەمانتار لێرە دانیشتوون (30) پەرلەمانتار ڕەئیەكی جیاوازی پێیە، هەر (30) ڕەئیەكەی پەرلەمانتاران دەخرێتە دەنگەوە؟، ناكرێ، باشە ئەوە وەری ناگرن ئەوانی تر قەناعەت بە هەندێ شت بكەن بە ئیجماع وەریگرن، ئێمە ناكرێ بە زۆر پێیان وەرگرین، ئێستا سێ لیژنەی هاوبەش دانیشتوون ئەوا ئەگەر بە جائیزیان زانیبایە یان بە مەنتقییان زانیبایە وەریان دەگرت، فەرموو د. احمد

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێشتر، چونكە ماددەكە لە كاتی خۆیدا نەخرایە دەنگدان، ئێمە شەرحی ئەو ڕەئیانەمان كرد ئەو كاتە كەلەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بوو، بەڵام ئەوەی بزانم پێشنیاركردنی وشەی (المجتمع) لە بری (المستهلك)، دوو كەس بوو، وابزانم ئێمە عورفەكەمان وا هاتووە، دەبێ (3) كەس تەبەنی بكا، تەنها دوو كەس بوو، بۆیە ماددەكە هەمووی خرایە دەنگدانەوە تەواو بوو، یەعنی ئێمە ڕەئیەكانمان هیچی فەرامۆش نەكردووە، داوای لێبوردن دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عماد.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكێك لە پێشنیارەكان ئەوە بوو، مەسەلەن ئەو پێشنیارەی بۆ تەعریفی ئیحتیكار كراوە، كە لەجیاتی وشەی فیعل ببێتە نەشات، ئێمە تەئیدمان كردووە، و دیسان كۆتایی تەعرفەكەش (الحاق الضرر بالمجتمع) وتمان وشەی موستەهلیك زیاد بكرێ، ئێستا ئەگەر جەنابت مەجال بدەی من ئەوەی تەعریفی مونافەسە، چونكە زۆر لە برادەران پێشنیاریان هەبوو ئێمە سیاغەكمان هەبوو بۆ،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سیاغەكە بخوێنەوە،

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (1): یقصد بالمصطلحات والتعابیر الآتیة المعاني المبینة ازاءها لأغراض هذا القانون:

أولاً:- الإقلیم: إقلیم كوردستان –العراق.

ثانیاً:- الوزارة: وزارة التجارة والصناعة في الإقلیم.

ثالثاً:- الوزیر: وزیر التجارة والصناعة في الإقلیم.

رابعا: المجلس: مجلس حمایة المنافسة ومنع الاحتكار.

خامسا:- المنافسة: تەعریفی مونافەسە بەم شێوەیە دەبێت: مزاولة الأنشطة الأقتصادیة وفقاً لألیات السوق دون التأثیر أو التقید لتلك الألیات تأثیراً أو تقیداً مفرطاً یلحق أثاراً ضاراً بالتجارة أو التنمیة.

سادسا:- الاحتكار: كل نشاط ، أو اتفاق ، صدر من شخص أو اكثر طبیعي أو معنوي ، أو ممن توسط بینهم للتحكم بالسعر في السوق أو نوعیة السلع والخدمات بما یؤدي الى الحاق الضرر بالمستهلك والمجتمع.

سابعا:- السوق: المنطقة التي یتصل بها المنتجون و المستهلكون مع بعضهم لعقد الصفقات التجاریة بشأن سلعة أو خدمة معینة. و لا تنحصر السوق بالضرورة بحدود جغرافیة معینة لاغراض هذا القانون.

ثامناً:- الأندماج: اندماج شركتین او أكثر بقصد توسیع حصته في السوق.

تاسعا : سعر الشراء الحقیقي: السعر المثبت في قائمة الشراء بعد تنزیل الخصومات المنصوص علیها فیها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر بەو سیاغەیەی جەنابت، باش، كەواتە كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟(50) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵ دا نیە؟ تەنیا (2) كەس لەگەڵ دا نیە، كەواتە بەزۆرینەی دەنەگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر،

**بەڕێزئەڤین عمراحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (3):

**أولاً:- تسري أحكام هذا القانون على انشطة الانتاج والتجارة والخدمات التي يقوم بها الاشخاص الطبيعية والمعنوية داخل الإقليم ، كما تسري أحكامه على أية أنشطة اقتصادية تتم خارج الإقليم وتترتب عليها آثار داخليه.**

**ثانياً:- تستثنى من حكم الفقرة (أولاً) من هذه المادة القرارات التي تصدرها الوزارة في تحديد أسعار السلع والخدمات الأساسية ، بناءً على قيام ظرف استثنائي طارئ وللمدة التي يتطلبها الظرف المذكور ، وكذلك بموافقة مجلس الوزراء.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەكوردیەكەی.**

**بەڕێزد. احمدابراهيم على (وەرتى):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (3):**

**یەكەم: حوكمەكانی ئەم یاسایە لەسەر چالاكیەكانی بەرهەمهێنان و بازرگانی و خزمەتگوزاری پیادە دەكرێن كە كەسی سروشتی و مەعنەوی لەناو هەرێمدا پیَی هەڵدەستن ، هەروەها حوكمەكانی هەر چالاكیەكی ئابووری كە لە دەرەوەی هەرێمدا ئەنجامدەدرێن دەگرێتەوەو هەمان ئەنجامی ناوخۆ دەگرێتەخۆ.**

**دووەم: ئەو بڕیارانەی كە وەزارەت دەریان دەچوێنێ لە حوكمی برگەی (یەكەم) لەم ماددەیەدا بەدەر دەكرێن لەبارەی سنوور دانان بۆ نرخی كاڵاكان و خزمەتگوزارییە بنەرەتییەكان ئەوەش لەبەر هاتنەپێشەوەی بارێكی بەدەركراوی لەناكاو بۆ ئەو ماوەیەی كە بارە ناوبراوەكە دەخوازێ و بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی بەكاربەر.**

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە پشتگیری ماددەكە دەكەین، بەڵام سەبارەت بە دووەم تەنها ئیستیسنائات بۆ حكومەت لێرە كراوە، پێم وایە ئێمە دەبێ بیر لەوە بكەینەوە ئێستا دەوری قوتاعی خاص دەورێكی زۆر گرنگە، دەبێتن هەندێك موئەسەساتی ئەعمالی قوتاعی خاصیش هەندێك ئیستیسنائات بۆیان هەبێت، ئینجا نازانم پرسیارەكەم ئاڕاستەی جەنابی وەزیرە، ئەگەر ئێمە دووبارە، پێشنیارێكمان هەیە ئاڕاستەیان دەكەین، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی،**

**بەڕێز لانە احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ماددەكە دەكەین وەكو كە سیاغەی كردووە لیژنەی قانونی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر،

**بەڕێز سنان چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیچ تەغیری تێدا نەكرێ،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە قسە بكات؟ (ئاشتی خان، كاك نەریمان، كاك صباح، د. صباح) فەرموو ئاشتی خان،

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە هەموو نەشاتاتی ئیقتیسادی ئینتاجی و تیجاری و خەدەمی بە تەنها بەم یاسایە ڕێك ناخرێ ئێمە لە هەرێمی كوردستان كۆمەڵێك یاسای ترمان هەیە كە ئەم نەشاتانە ڕێك دەخا، ئەمە بە تەنها هەدەفێكی دیاریكراوی هەیە كە مەنعی ئیحتیكارە، و تەنزیم كردنی مونافەسەیە بەو شێوانەی كە لە پێناسە جیاوازەكاندا هاتووە، بەڵام ئەم سیاغەیە سیاغەیەكی زۆر گشتگیرە، یەعنی وەكو وابێ ئێمە لە هەرێمی كوردستان بە تەنها بەم یاسایە ئەمانەوێ هەموو نەشاتە تیجاریەكان بەم یاسایە ڕێكبخەین، دەبێت ئەحكامی ئەم قانونە كە دەڵێن سەرەیانی بە سەر چیدا هەیە؟، هەدەفی یاساكە ڕوون بكاتەوە، نەك بەشێوەیەكی گشتگیر باس لە نەشاتی ئیقتیسادی بكەین، بۆیە دەبێ لە پێناسەكە بڵێین أولاً:- تسري أحكام هذا القانون على انشطة الانتاج والتجارة والخدمات التي يقوم بها الاشخاص الطبيعية والمعنوية داخل الإقليم ، إذا ترتب عليها منع حريةالمنافسة أو تقيدها. واتە ئەمە بە تەنها تەنزیمی هەموو ئیقتیسادی و ئینتاجیەكان ناكات، ئەمە لە كاتێكدا دەوری خۆی دەبێنێ ئەم یاسایە كە هەست بكات نا عەدالەتیەك هەیە بەرەوە ئیحتیكار دەڕۆن، مونافەسە بەشێوەی پێویست نیە، بۆیە دەبێت هەدەفی سەرەكی و یاساكە لە سەرەیانی ئەحكامەكەدا ئیشارەتی پێ بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەریمان فەرموو،

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك تێبینیم هەیە لە ڕاستیدا ئەمە لەبەر ئەوەی ئیستیسنائاتە، ئیستیسنائاتەكانیش دەست نیشان كراوە بۆ (اسعار السلع والخدمات الأساسية)ئێمە كە لێرە وتمان ئەساسیە، لێرە تەعریفی ئەساسیە كەواتە

دەبێ بكەین، خەدەمات ئەساسیە چییە؟ بۆیە من پێم وایە ئەو ئەساسیە زیادەیە، لەبەر ئەوە ناتوانین تەعریفێك بكەین، ئەو خەدەماتانە چی ئەساسیە بەنیسبەت تۆوە شتێك ئەساسیە بەنیسبەت حكومەتەوە شتێكی تر، بەنیسبەت قوتاعی خاصەوە شتێكی تر ئەساسیە، بۆیە لە ڕاستیدا خەدەماتەكە بەشێوەیەكی عام بێ ئەساسیەكەی لێ لابدرێ، من پێم وایە باشتر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك صباح فەرموو،

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی سێیەم: دووەم: داوا لە لیژنەی هاوبەش دەكەم كە ئەم پێشنیارە ئەگەر بە پەسەندی بزانن و وەریبگرن، ئەمە بۆی ئیزافە دەكەم (ان لا تسری هذا القانون بالنسبة للمرافق العامة التي تدير الحكومة)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. صباح فەرموو،

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا نەصە عەرەبیەكە هەندێك ئیشكالی هەیە، پاشان تەرجەمەكەشی بۆ زمانی كوردی ئەویش هەندێ ئیشكالی تێدایە، پێم باشە ئەگەر جەنابتان لیژنەی هاوبەش تەخویل كەن بۆ تەرجەمەیەكی باش، سەبارەت بە ئیستیسنائات كە لێرە هەیە، فیعلەن لە قانون ئێمە نەزەریەی زروفی تاریئەمان هەیە، كە لێرە ڕەچاوكراوە، كاتێك كە زەرفێكی نا ئاسایی دێتە پێشەوە دەبێ ئەو دەسەڵاتە بدرێ بە وەزارەت یان بە حكومەت بۆ ئەوەی چارەسەری بكا، بەڵام سیغەكە ئەگەر بەم شێوەیە بێ، تستثنى من حكم الفقرة 1 من هذه المادة القرارات التي تصدرها الوزارة في تحديد اسعار السلع و الخدمات الأساسية اذا طرأة ظروف استثنائية وذلك بموافقة مجلس الوزراء) ئەو (كذلك) دەبێ ببێتە (وذلك)چونكە لەوێ ناگونجێ، (وذلك بموافقة مجلس الوزراء) دێنە سەر مەوزوعی ئەوەلەن كە لە ڕاستیدا ئەم قانونە دەبێ دیاری بكرێ كە لە چ بوارێكدا جێبەجێ دەكرێ، یەعنی كە دەڵێ ئەحكامی ئەم یاسایە ساریە بەسەر ئەم بوارانە دا، مەعنای ئەوە نیە ئەم بوارانە تەنها بەم یاسایە تەنزیم دەكرێ، تۆ تەحدیدی نیتاقی تەنفیز و تەتبیقی ئەم یاسایە دەكەی بەماددەیەك لێرەدا بۆیە ماددەكە ئیشكالی نیە، تەنها لەمەدا تۆزێك ئیشكال دروست دەكات كە دەڵێ (كما تسري أحكام هذا القانون على أية أنشطة اقتصادية تتم خارج الإقليم وتترتب عليها آثار داخليه) یەعنی كە تۆ وتت ( تسري أحكام هذا القانون على انشطة الانتاج والتجارة والخدمات التي يقوم بها الاشخاص الطبيعية والمعنوية داخل الإقليم ) ئەمەی دوایی تەحسیل حاسلە، یەعنی تۆ عەقدێك دەكەی لە دەرەوەی هەرێمی كوردستان ئەگەر ئەنجام بدرێ بەڵام نەتیجەكەی لێرە بێ، تۆ ئەتوانی بەم یاسایە مەنعی

بکەی، ئەگەر فیعلەن بۆنی ئیحتیکاری لێوە هات، یان جۆرێ لە ئیجحافی تێدا بوو بەحەقی موستەهلیك، ئێمەش دەبێ یاساکان بەڕاستی دوور بێ لە حەشو، لە کەلیماتی ئیزافی و زیادە، یەعنی لێرە کە دەڵێ کما (کما تسري أحکام هذا القانون) فیعلەن ئەوە تەحسیل حاسلە، چونکە کە وتمان هەر ئەنشیتەیەکی ئیقتیسادی چونکە نەشاتی لە کەیەوە دەست پێ دەکات؟، لە کاتی عەقدەکەوە، و لە کاتی تەسەروفەکەوە درێژەی دەکێشی تا ئاسار، بۆیە پێم وایە ئەم سیاغەیە موفەق نیە، ئەگەر ئیعادە نەزەری تێدا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عماد.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە چەند تێبینی و مولاحەزە لە سەر ئەم ماددەیە، پێمان باشە ماددەی سێەم کە ئەوەڵەن دەڵێ (تسري أحکام هذا القانون علی انشطة الانتاج والتجارة والخدمات) دواتریش دەڵێتن (کما تسري أحکامه علی أیة أنشطة اقتصادیة) پێم وایە تۆزێك ڕەکیکە، دەتوانین بڵێین (تسري أحکام هذا القانون علی الانشطة الاقتصادیةوالممارسات الأحتکاریة التي یقوم بها الاشخاص الطبیعیة والمعنویة وتتم خارج الإقلیم وتترتب علیها آثار داخلیه)، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاخیر سیاغەتان، موشتەرەکە سیاغەکەتان، فەرموون بیخوێننەوە،

**بەڕێزئەڤین عمراحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (3):

أولاً:- تسري أحکام هذا القانون علی الانشطة الأقصادیة التي تقوم بها الاشخاص الطبیعیة والمعنویة داخل الإقلیم ، کما تسري أحکامه علی أیة أنشطة اقتصادیة تتم خارج الإقلیم وتترتب علیها منع حریة المنافسة او تقیدها کما تسري أحکامه علی أیة أنشطة اقتصادیة تتم خارج الإقلیم وتترتب علیها آثار داخلیه.

ثانیاً:- تستثنی من حکم الفقرة (أولاً) من هذه المادة القرارات التي تصدرها الوزارة في تحدید أسعار السلع والخدمات الأساسیة، بناءً علی قیام ظرف استثنائي طارئ وللمدة التي یتطلبها الظرف المذکور ، ذلك بموافقة مجلس الوزراء.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر،

**بەڕێز سنان چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر ئەساسەکەی هی خۆمان، ئەو سیاغە باش نیە، سیاغە ئەسڵیەکەی خۆی باشترە ئەوەی پێشنیار کرایە، چونکە لێرانە دەڵێ (تسري أحكام هذا القانون على انشطة الانتاج والتجارة والخدمات التي يقوم بها الاشخاص الطبيعية والمعنوية داخل الإقليم) ئەوە حەسر دەکات بۆ داخلی ئیقلیم، دوایی نەشاتی تیجاری هەیە خاریجی ئیقلیم، خارجی هەرێم تەئسیر لە ئێمە دەکات، بۆیە فەسل کردن بە نووسراوێکی جوان بنووسرێ باشترە، (كما تسري أحكامه على أية أنشطة اقتصادية تتم خارج الإقليم وتترتب عليها آثار داخليه)، ئەوە باشترە، ئەوە ڕەکیك هاتووە برێك، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان،

**بەڕێزئەڤین عمراحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (3):

أولاً:- تسري أحكام هذا القانون على انشطة الانتاج والتجارة والخدمات التي يقوم بها الاشخاص الطبيعية والمعنوية داخل الإقليم، كما تسري أحكامه على أية أنشطة اقتصادية تتم خارج الإقليم وتترتب عليها آثاره داخليه.

ثانياً:- تستثنى من حكم الفقرة (أولاً) من هذه المادة القرارات التي تصدرها الوزارة بموافقة مجلس الوزراء في تحديد أسعار السلع والخدمات الأساسية، بناءً على قيام ظرف استثنائي طارئ وللمدة التي يتطلبها الظرف المذكور.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەو سیاغەی کە خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە، (39) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ (4) کەس لەگەڵ دا نیە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێزئەڤین عمراحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (4)

يشكل مجلس في الوزارة يسمى مجلس حماية المنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية ، ويتولى ادارته وكيل الوزارة للشؤون التجارية ، ويتكون من:

أولاً:- اعضاء بدرجة (مدير عام) يمثلون الجهات الآتية:

1.وزارة الداخلية.

2.وزارة النقل والاتصالات.

3.وزارة الزراعة والموارد المائية.

4.وزارة التخطيط-الجهاز المركزي للتقييس والسيطرة النوعية.

ثانياً:- اعضاء يمثلون الجهات الآتية:

1.اتحاد الغرف التجارية والصناعية.

2.اتحاد الفلاحين.

3.نقابة المحاسبين والمدققين.

4.مجلس حماية المستهلك.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەی

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (4):

ئەنجومەنێك لە وەزارەت پێكدی پێی دەگوترێ (ئەنجومەنی پاراستنی كێبڕكێ و قەدەغەكردنی ئەنجامدانی كاری قۆرخكردن) و بریكاری وەزارەتی كاروباری بازرگانی بەڕێوەی دەبات و لەمانە پێكدێ:

یەكەم: ئەندامان بە پلەی (بەڕێوەبەری گشتی) نوێنەرایەتی ئەم لایەنانە دەكەن:

1.وەزارەتی ناوخۆ.

2.وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.

3.وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوە ئاوییەكان.

4.وەزارەتی پلاندانان-دەزگای ناوەندی پێوان و كوالیتی كۆنترۆڵ.

دووەم: ئەندامان نوێنەرایەتی ئەم لایەنانە دەكەن:

1.یەكێتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەكان.

2.یەكێتی جوتیاران.

3.سەندیكای ژمێریاران و وردبینان.

4.ئەنجومەنی پاراستنی بەكاربەر.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی بەكاربەر.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ماددەكە دەكەین، بەس تەنها ناوی مەجلیسەكە ببێتە (مجلس حماية المنافسة ومنع الأحتكار) دوو: پێشنیار دەكەین ماددەی چوار و پێنج دەمج بكرێ، چونكە ئەگەر تەماشا بكەین، ئەوەش

تەقریبەن پەیوەندی بە ئیش و کارەکانی مەجلیس هەیە، مەسەلەن چۆن کۆبوونەوە بکەن؟، پێم باشە ببێتە فەقەرەی سێیەم تەواو ماددەی پێنجەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی،

**بەڕێز لانە احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ماددەكە دەكەین، هەروەها پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی مافی بەكاربەر دەكەین،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز سنان چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیار دەكەین وەكو خۆی بمێنێ، بەس دوو فەقەرە زیاد بكرێ، پاشی چوار (مجلس حماية مستهلك)

خامسا: موظف ذو الخبرة والأختصاص يعين رئيس المجلس ويكون مقرراً لها.

تەقریرەكان بنووسی لە وێ

سادسا: يحدد رئيس الوزراء الأشخاص الممثلين عن الجهات المذكورة في الفقرة الثانية أعلاه والمكافأة المالية التي تمنح لكل منهم.

ثامناً: تخصص وزارة المالية موازنة للمجلس ميزانية الوزارة السنوية لتخطيط نفقاتها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ (3) كەس (ئاهەنگ خان، كاك نەریمان، هاژە خان) فەرموو ئاهەنگ خان،

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من گلەییەكم لە بەڕێز وەزیری تیجارە هەیە، لەو مەجلیسە ئەوەی تێی دا نیە، (اتحاد رجال اعمال) و (نقابة المهندسين) و وەزارەتی ئەعمارە، هەرچەندە ئەوێ ڕۆژێ جەنابی تەسریحەكی لە بۆ (گاردنیان) دابوو، ئەگەر بەغەلەت نەچم، دەڵێ تیجارەت مەفروزە شەریكاتی عالەمی مونافەسە بكەن لە سەر تەنفیزكردنی ڕێگاوبان لە هەرێم، ئەگەر ئەو سێ جیهەتەی تێدا نەبێ، ئەگەر من پێوەری تیجاری نەزانم وەكو وەزارەتی ئەعمار ناتوانم ڕێی حدوودی بكەم، كە ئەویش دەبێ نیوەی كە پێوەری تیجاریە، نیوەی ئەو دەوڵەتە خارجیە بكات، و نیوەكەی تر من كولفەكەی دابنێم، بۆیە ئەو مەجلیسە موهیمە (اتحاد رجال اعمال)ی تێدا بێ موهیمە نوێنەری وەزارەتی ئەعماری تێدا بێ، موهیمە (نقابة المهندسين) تێدابێ، چونكە

موهەندسینن ئەوەی شەریکات دەکەن و ئاگایان لە تیجارەت و لە ناو بازاڕ هەیە، کو تەحدیدی تەندەرات و ئیعمار بەپێش بێخن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرمووە،

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕوی شکلیەوە لە ڕاستیدا ئەمە خەلەلێك دەبینم لە ماددەی چواردا، دەڵێ (یتولی ادارته وکیل الوزارة للشؤون التجارية) لە ماددەی پێنجەم، ئێمە دەڵێین لە کاتی ئیجتماعاتەکاندا (يجتمع المجلس بدعوة من الرئيس) کەواتە دەبێ لێرەش ئەمە بگۆڕین بکەین بە (رئيس المجلس)، و هەر مەجلیسەك دەبێ ڕەئیسێکی هەبێ، لێرە نووسراوە،(ويتولى ادارته)بۆیە بکرێ بە (يشكل مجلس في الوزارة يسمى مجلس حماية المنافسة ومنع الاحتكار ويرأسه وكيل الوزارة للشؤون التجارية) ئەمە لە و ڕووەوە، و هەروەها لە خاڵێکی تردا لە ڕاستیدا (مجلس حماية المستهلك) کراوە بە ئەندامێك لە ڕیزی نەقابات و ڕێکخراوە پیشەییەکاندا لە کاتێکدا (مجلس حماية المستهلك) خۆی بۆ خۆی پێك دێت لە مەجلیسێکی گەورە، و نزیکەی (13) ئەندامی هەیە، و ڕەئیسەکەشی وەکیلی وەزیرە، بۆیە لە ڕاستیدا من ئەمە لە ڕووی ئیدارییەوە، و لە ڕووی قانونیشەوە ناگونجێ وەکیل وەزیرێك لە ڕیزی ڕێکخراوە پیشەییەکاندا هاتبێ، من پێم باشە لە ماددەی چوار لە بڕگەی یەکەمدا ناوی بێ لە زمنی مودیر عامەکاندا، مودیر عامێکی مەجلیسەکە لەوێ بەشدار بێ، لەبەرئەوە هەم حکومیە، و لە ڕیزی دەزگا حکومیەکاندا دابنرێ، و بە مودیر عامیش لەبەرئەوە ڕەئیسی مەجلیسەکەی تر، ئەویش هەر وەکیل وەزیرە، بۆیە ئەمە لە ڕووی ئیدارییەوە ناگونجێ من پێم وایە ئەوە چاك بکرێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان،

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ئەوەڵەن پێشنیار دەکەم کە (اعضاء بدرجة (مدير عام مختصون) وشەی (مختصون)ی بۆ زیاد بکرێ، یەعنی بەو شێوەیە نەبێت تاکو دیار بێت ئەو کەسانەی کە ئەندامن، لە مەجلیسەکە کێ بن، وەهەروەها پێشنیار دەکەم کە یەکێك لەو ئەندامانە لە وەزارەتی مالیەو ئیقتیساد بێ کە زۆر زۆر گرنگە لە ناو ئەو مەجلیسە دا ئەندامێکیان هەبێت، لە دووەم: پێشنیار دەکەم یەکێك لەو ئەندامانەی لە مەجلیسەکە دایە، لە یەکێتی ئابووری ناسان بێ کە بەڕاستی ئەویش گرنگە لە ناو ئو مەجلیسە دا هەبێت، و پێشنیاری ئەوە دەکەم کە سێیەمی بۆ زیاد بکرێ، بەو شێوەیە (يضع المجلس النظام الداخلي لسير أعماله)، دەبێ

مەجلیسەكە بەڕاستی نیزامی داخلی خۆی هەبێ، بۆیە لە تەشكیلەی مەجلیسەكە پێویستە ئەوە تەحدید بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان،

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ڕێكخستنەوەیەكی دەوێت، بە مەعنای ئەوە نابێت كە نوێنەری ئیتیحاداتی غورەفی تیجارە و سیناعە و ئیتیحادی فەلاحین و نیقابەی موحاسبین هەمان مافی دەنگدان و ئەوەیان نەبێ لە ناو ئەو مەجلیسە دا، بەڵكو ئەوان بۆیە لە وێن، بۆ ئەوەی وەكو هەموو باقی ئەندامانی مەجلیسەكە مامەلەی لەگەڵ دا بكرێ، بۆیە من پێم باشە بەو شێوەیە ڕێك بخرێتەوە،

یشكل مجلس في الوزارة يسمى مجلس حماية المنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية، ويتولى ادارته وكيل الوزارة للشؤون التجارية ، ويتكون من:

اعضاء بدرجة (مدير عام)، و دوای ئەوە ئەندامی تریش، و هەموویان حەقی دەنگدانیان هەبێ، ئەگەر بەم شێوەیە بێ یەعنی ئێمە هەمان حیسابمان كردووە بۆ ئەو سەندیكایانە وەكو حیسابی ئەوانی تر، چونكە بەلامانەوە گرنگە كە دەنگیان هەبێ، ئەوەی بە لای منەوە گرنگە (رجال الأعمال) ئەگەر نوێنەریان هەبێت زۆر گرنگە، چونكە ئێمە دەزانین زۆربەی كارەكان لەلای ئەوانە مونافەسە لەلای ئەوانە، مونافەسە دەبێ لە ناو ئەوان دا بێت، بەڵام والله من بۆ موهەندیسەكان تێناگەم بۆ كە دەڵێ تیجارات، تیجارات فەرقی هەیە لەگەڵ تۆ ئەوەی كە باس دەكرێ شەریكاتی تایبەتە كە كاری تەنفیزی دەكات، بڵێین تەندەر وەردەگرێ، بینای پێ دروست دەكات، من پێم وا نیە موهەندیسین ئیزافە بكەین، بەڵام (رجال الأعمال) زۆر گرنگە ئیزافە بكرێ، چونكە بەڕاستی دەبێ خەڵكی مونافەسەكە لە نێوان (رجال الأعمال) كانەوە ببێت، زیاتر ئیتر چ ناوەخۆیی بێ، چ دەرەوە بێ، گرنگ ئەوەیە ئەمانە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، ڕێك بخرێتەوە ئەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان، نوقتەی نیزامت هەبوو؟

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنیا كۆمێنتەكەم لە سەر ئەوەیە كە ڕوئیایەكە وازیح بێ، بۆ دەڵێم نیقابەی موهەندسین، نیقابەی موهەندسین زۆر جار بۆ ئێمە دەكرێ، دەڵێن تەندەر فاشیل دەبێ، تەندەر ئەسعاری سێ جار و پێنج جار و عەمەلیەی تەندەریین دەبێتەوە، ئەمڕۆ عەمەلەی تەندریین عیلاقەی ئەساسی بە تیجارە هەیە، یەك دۆلار بۆ هەر سەبەبێكی سیعری چیمەنتۆ زیاد ببێ، تەندەر فەشەلی دەهێنێ، بەڕێز وەزیری تیجارە خۆشی

موهەندیسە باش دەزانێ من چی دەڵێم، تیجارە ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمە یەك دەرگا، پەنجەرە، وایەر هەموو ئیشی موهەندیس عیلاقەی بەتیجارە هەیە، تیجارەت سەمیمی ئەمڕۆ داخیلە بە نیقابەی موهەندیسین، داخیلە بە سەمیمی ئیشی موهەندیسین، بۆیە جەخت لە سەر وەزارەتی ئیعمار و ئیتیحاد ریجال ئەعمال و نیقابەی موهەندیسین دەکەمەوە، بۆ تەفقیمی ئیشی ئەو لیژنەیە، ئەو سێیە لە ناو بن باشە، چونکە حەتا ئیتیحادی مقاولاتیش ئەوانە عیلاقەیان بە تیجارەی وڵاتەکەوە هەیە، تیجارەی وڵاتەکەی ئەمڕۆ گۆڕەپانی کوردستان تەحەکوم بەو تەندەر و بە ئیشی ئەو ڕێکخراوانە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کۆمەڵێك پێشنیار و کۆمە لێك مولاحەزات و ئەوانە جەنابی ڕەئیت چییە؟

**بەڕێز سنان چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی جوار: یشکل مجلس في الوزارة یسمى مجلس حمایة المنافسة ومنع الممارسات الاحتکاریة ، ویتولى ادارته ویرأسه وکیل الوزارة للشؤون التجاریة، ئەوە یەك: ئیتیحاد غورەفی تیجارە و سیناعیە بە خۆی ئیتحاد (رجال الأعمال) بەحەقیقەت، هەموو (رجال الأعمال)کان لە ناو ئیتیحادی غورەفی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازینە، شمولیە، چونکە هەر کەس لەوێ هەیە، ڕاستە ئەگەر تەندەر کە دەبیتن غورفەی نیقابەی موهەندیسین، نیقابەی (رجال الأعمال) یان نیقابەی ئەوانی تر کە داخیل بن لێرانە (لا یغیر من واقع الأمر شیئاً) چونکە هەموو کاتێك کۆتایی (رجال الأعمال)، لێرانە (رجال الأعمال)، شمولی هەموو ئەعمالی تیجاریەکەی دەکات، ئەگەر ئێمە بچینە ئەوەی، دەبێ هەموو غورەفی ئیتیحاد تیجاری داخیل بکەین لێرانە، صحەی داخیل بکەین، بەیتەریەی داخیل بکەین، ئەوانی تریش داخیل بکەین، لەبەرئەوە ئیشەکە ئەوکات قورس دەبێ، دەبینی هەڵناسێ غورفە تیجارەت گۆت، ئەو شمولی هەموویان دەکاتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان،

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆمێنتەکەم بەڕێز وەزیری تیجارە کە دەڵێ ئیتیحادی غورەفی تیجارە و سیناعە، ڕاستە من خۆم ئێستا ئەندامم لە (رجال الأعمال) مەفروزە ئێمە ئەندام بین لە غورەفی تیجارە و سیناعە، بەڵام ئەو دوو موئەسەسەیە، موئەسەسەی جیاوازن و مەهامیان موختەلیفە(رجال الأعمال)ئیتیحادی غورەفی تیجارە و سیناعە تەمسیلی (رجال الأعمال) ناکات،(رجال الأعمال) بە خۆی هەیئەتێکی موستەقلە بە تەنیا، و حەقە جێگای لێرە بکرێتەوە، ئەگەر نیقابەی موهەندیسین لێی نەکرێتەوە، چونکە زۆربەی بەڵێندەران و موهەندیسین ئەندامن لە (رجال الأعمال)، و ئەوە بە ئیعتیقادی من موهیمە پرۆتۆکۆلاتی ئێستا لەگەڵ

وڵاتانی دراوسێ ئەغلەبیەی کە تیجارەش دەکات ئیتیحادی غورەفی تیجارە دێنە (رجال الأعمال) پرۆتۆکۆلی بە تەنیا لەگەڵ (رجال الأعمال) دەکەن بۆ ئەوەی ببنە ئەندام تەسهیلاتی لە کۆدی تیجاری تەسهیلاتیان بۆ ببێ، بەڕێز وەزیری تیجارە باش دەزانێ کودی تیجاری موهیمە، (ساري مفعولة) بەنیسبەت تیجارەی لە بەینی وڵاتەکان،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان وەڵامتان بۆ ئەم پێشنیارانە؟

**بەڕێزئەڤین عمراحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ڕەئی ئێمە پشتگیری ئەو ڕەئیە دەکەین، کەوا (رجال الأعمال) دائەنرێ، چونکە ڕاستە کە (رجال الأعمال) لێرە دەورێکی گرنگیان هەیە، بۆیە ئێمە پشتگیری ئەو ڕەئیە دەکەین، و لەگەڵ ئەو ڕەئیەی جەنابی وەزیریش و ئەندامە بەڕێزەکانن کەوا (یتولى ادارته) بکرێتە (یرأسه)، بەڵام ئەمێنێتەوە ئەوەی کە لیژنەی مافی بەکاربەر لەگەڵ لیژنەی دارایی داوای ئەوەیان کردووە دەمج بکرێن، ماددەی پێنجەم و چوارەم، ئەوە بۆ بەڕێزتان دەهیلێینەوە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی بەکاربەر.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەندێك تێبینی لەلایەن ئەندامە بەڕێزەکان پێشنیاریان کردووە، یەکەمیان: مەسەلەی ئیزافەکردنی وەزارەتی ئەعمار و ئیسکان و نیقابات و نیقابەی موهەندیسین و ئیتیحاد، پێم وایە ئێمە دووبارە دەڵێینەوە مەبەست لە دەرکردنی ئەم یاسایە تەشجیعی مونافەسەیە، ئێمە باسی موتەنافسین ناکەین، لەبەر ئەوە پێمان وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە، فیعلەن (مجلس حماية المستهلك) دەزگایەکی حکومیە پشتگیری ئەو ڕەئیە دەکەین کە بچێتە ناو خانەی دەزگا حکومیەکان، دیسان پێشنیار دەکەین ماددەی چوار و پێنج دەمج بکرێتن، چونکە هەردوو ماددەکە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلا دوو مولاحەزە لای ئێمە هەبوو یەکێکیان ئەوەیە کە موکافەئە بۆ ئەندامانی ئەو مەجلیسە هەبێ، ئێ ئەو مەجلیسە هەموو خۆیان موەزەفن، دووەم: ئێمە موازەنەشمان تەسدیق کردووە جارێکی دیکە موازەنە بۆ مەجلیسێکی ئاوا دابنێتەوە هەم مەجلیسەکە دەبێتە قیادە واحیدە و ناکرێ ئەو لە زمنی وەزارەتەکان میزانیەی تایبەتی خۆشی هەبێ، ئەوەش ناکرێ بەڕاستی ئەوە بارگرانی دەکەوێتە سەر حکومەت، فەرموو کاك عماد،

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەوە پێشنیاری ئێمە نیە، ئێمە پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی دەکەین،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سیاغەی بکەنەوە بە ڕەچاوکردنی تێبینی وەزیر و تێبینی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، تا ئەو کاتە بە خواتان دەسپێرین،**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سورە** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 2\4\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2013/4/2

**كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/4/2 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (3)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/4/2 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای کێبڕکێ لە هەرێمی کوردستاندا.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای دایانگە لە هەرێمی کوردستان.**

**3- هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان – عێراق لەنێوان ئەم بەڕێزانە (سامح عثمان یونس، سیروان عمر امین، د. احمد انوەر).**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (3) رۆژی دانیشتن (2013/4/2)**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (3)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/4/2 بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای کێبڕکێ لە هەرێمی کوردستاندا.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای دایانگە لە هەرێمی کوردستان.**

**3- هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان – عێراق لەنێوان ئەم بەڕێزانە (سامح عثمان یونس، سیروان عمر امین، د. احمد انوەر).**

**داوا لە لیژنەی هاوبەش دەکەین بفەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، لیژنەی یاسایی، لیژنەی بەکاربەر، لیژنەی دارایی، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و وەفدە یاوەرەکەی دەکەین، بەخێربێن، لیژنەی هاوبەش ماددەی چوار موناقەشەی لەسەر کرا، بەس مابوو دوا سیاغەی ئامادە بکەن و بخوێندرێتەوە و بیخەینە تەسویتەوە، فەرموو.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ موناقەشەو گفتوگۆ کرا لەسەر ئەم بابەتە، ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش بەم شێوەیە دامان ڕشتۆتەوە، ئەگەر ئیزنمان بدەی بیخۆنینەوە.

المادة (4): يشكل مجلس في الوزارة يسمى مجلس حماية المنافسة ومنع الاحتكار، ويرأسه وكيل الوزارة للشؤون التجارية وعضوية كل من:

أولاً:- (مدراء عامون) يمثلون الجهات الآتية:

1- وزارة الداخلية.

2- وزارة النقل والاتصالات.

3- وزارة الزراعة والموارد المائية.

4- وزارة التخطيط - هيئة التقييس والسيطرة النوعية.

ثانياً:- ممثل عن مجلس حماية المستهلك.

ثالثاً: اعضاء يمثلون الجهات الآتية:

1- اتحاد الغرف التجارية والصناعية.

2- اتحاد الفلاحين.

3- نقابة المحاسبين والمدققين.

4- اتحاد رجال الاعمال.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سنان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری پیشەسازی و بازرگانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر تێبینیم نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزیان وەزارەت داوای ئەوەیان کردووە کەوا فەرمانبەرێك دابنـدرێ بۆ ئەوەی وەکو موقەڕیر بێ لەم مەجلیسەیەدا لە مادده پێنجدا هاتووە، دووەمیش ئەوەی کە باسی تەخسیسکردنی میزانییەکی کرد بۆ ئەو مەجلیسە هەر چەندە لە زمنی میزانییەی وەزارەتە، بەڵام بەڕێز پەرلەمانتارەکان کەس پشتگیری لەو ڕەئییە نەکرد، بۆیە ئەوە دەمێنێتەوە بۆ بەڕێزتان بیخەنە دەنگدانەوە دوایی، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، بەم شێوەیەی کە خوێندرایەوە مادده چوار کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (5):

أولاً:- يجتمع المجلس بدعوة من الرئيس مرتين في كل شهر ، أو كلما تقتضي الضرورة ذلك وتكون اجتماعاته صحيحة بحضور اغلبية أعضائه وتصدر قراراته بالأغلبية.

ثانياً:- لايجوز لأي عضو في المجلس أن يشارك في المداولات اوالتصويت في حالة معروضة على المجلس أن تكون له فيها مصلحة أو بينه وبين أحد اطرافها صلة قرابة الى الدرجة الرابعة ، او يكون قد مثل أو يمثل احد الأطراف.

ثالثاً:- للمجلس أن يدعو لحضور اجتماعاته من يرى الاستعانة به من الخبراء والمختصين دون ان يكون لهم حق التصويت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەکوردییەکەی.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (5):

یەکەم: ئەنجومەن لەسەر بانگهێشتی سەرۆك دوو جاران لە مانگێکدا کۆدەبێتەوە، یاخود هەر کە پێویستی کردو کۆبوونەوەکەش بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجام دەدرێ و بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگ دەردەچن.

دووەم: نابێ هەر ئەندامێك لە ئەنجومەن بەشداری لە تاوتوێکردن یا دەنگدان بکات لە حاڵەتێکی کە خرابێتە بەردەم ئەنجومەن و بەرژەوەندییەکی خۆی تێدابێت یان لەگەڵ یەکێك لە لایەنەکان پەیوەندی خزمایەتی هەبێ تاکو پلەی چوارەم یا نوێنەرایەتی یەکێك لە لایەنەکانی کردبێ یان بکات.

سێیەم: ئەنجومەن بۆی هەیە داوای ئامادەبوونی هەر کەسێك بکات لەوانەی داوای یارمەتییان لێ بکات لە شارەزایان و پسپۆران بۆ کۆبوونەوەکە بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی بەکاربەر.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ماددەکە دەکەین بەس تەنها ئەوەلەن (يجتمع المجلس بدعوة من الرئيس)، رەئیس تەعریف نەکراوە، پێمان باشە ببێتە (رئيس المجلس)، چونکە لە تەعریفەکان رەئیس تەعریف نەکراوە، (وتكون اجتماعاته صحيحة)، نازانم صەحیحە تۆزێك رەکیکە، ئەگەر ئەم صەحیحەش لابدرێتن باشترە، (وتكون اجتماعاته بحضور الاغلبية وتصدر قراراته بالأغلبية)، بەس ئەو تێبینییەمان هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت لیژنەی داراییەوە پشتگیری دەکەین لەماددەکەی وەکی کو لە یاسایەکەی هاتووە، لە قانونی سیاغەکەی لیژنەی یاسایی، پشتگیری لەماددەکە دەکەین وەکو خۆی، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تکایە ناوەکانتان بڵێین، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانە ناویان نووسرایە (ئاهەنگ خان، کاك عبدالسلام، شلێر خان، د. صباح، کاك حەمە سعید، کاك نەژاد، کاك جمال، د. عمر نورەدینی)، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، جەنابی وەزیر، من تێبینییەکم هەیە، ئیزافەیەکی بەسیت ئەگەر قەبوولی بکەن لە ماددەی ثالثاً (للمجلس أن يدعو لحضور اجتماعاته من يرى الاستعانة بە من الخبراء والمختصين)، هەندێك جاریش (نقابات واتحادات)، چونکە ئەوە کە دەڵێ نیقابەی موهەندیسین داخیل نەبێ یان هەندەك وەزارەت داخیل نەبێ، موحتەمەلە زۆرجار موناقەشە لەسەر ئەسعار بکرێ، ئایزۆ مەوادی بینای تێدابێ، ئەوە زەرورەتە ئیستیعانە ئەو جارە فەقەد بۆ ئەو جارەی بە موهەندسین یان موقاویلین بکرێ، چونکە ئەو ماددە سەمیمی ئێعمارە و سەمیمی هەندەسەیە کە دەکرێتە مونافەسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا وەکو من رەئیم سابتە بۆ هەموو یاسایەکان، من تەسەوڕ دەکەم ئەم ماددەیە زیادە، ئەمە ئیشکالیەت دروست دەکات، یەعنی بۆ نیزام داخیلی نەبێت و ئەم شتانە تەحدید بکات؟ ئەگەر ویستیان لەسێ مانگ جارێك یان لە تەسویت بیگۆڕن دەبێ مەشروع یاسایەك بکەن و یاسایەکە بێتە پەرلەمان و ئەمە بۆ چییە؟

به رەئی من هەموو ئەو شتانەی ئیداری وازی لێ بێنین بۆ نیزام داخیلی خۆیان، تەعلیمات ئەم ماددەیە زیادە بە رائی من، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددیە منیش پێم وایە یەعنی ئەو قیودە نەخەینە سەر ئەو مەجلیسە، نەوەکو بۆیان نەکرێ بەپێی ئەو، زۆرجار ئێمە لە رابردووشدا ئەوەمان کردووە کە بەراستی دوایی دەرچووە قیودێکە دەخەینە سەر ئەوانە، لەبەر ئەوە بەڕەئی من ئەگەر هەر ماددەکەش بمێنێ بنووسرێ وەکو ئەوەی کە لە قانونی بەغدادا هاتووە (يضع المجلس النظام الداخلي لسير اعماله)، ئەوە هەمووی ئیختیسار دەکاتن خۆیان سەلاحیەتی ئەوەیان هەیە کە بەو نیزامە داخیلییە کار بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت کۆبوونەوە و ئیداراتی میللی راستە دەبێ بە نیزام داخیلییەك تەنزیم بکرێ، ئەگەر بە نیزام داخیلی بێ باشە، ئەگەر نەکرا کاتێك کە لە لایحە یان لە کۆبوونەوەی هەر مەجلیسێك یان هەر ئۆرگانێکدا کە تۆ دوو جۆر دانیشتنت هەیە، دانیشتنێکیان سابیتە، بەپێی لایەحەکە، دانیشتنێکیشیان بۆ حاڵەتی پێویست و زەرورییە، بۆیە ئەم دانیشتنەی یەکەم کە دەڵێ (يجتمع المجلس مەسەلەن مرتين  يان مرة واحدة في كل شهر) ئیتر ئەوە دەعوەی ناوێ لە رەئیسەوە، ئەوە سابتە و بە دەعوە نابێ و خۆی دەبێ دانیشتنی خۆی بکا، کەواتە (بدعوة من الرئيس)ەکە زیادە، (مەرەتینیش) لە هەموو مانگێگ دا زۆرە، بەڕای من، (مرة واحدة في كل شهر)، ئینجا دوای ئەوە کە بڵێین (بدعوة من رئيس المجلس كل ماتقتضي الضرورة)، ئەوەیان (بدعوة من الرئيس)ەکە بێت، ئەوە خاڵێك، هەر لە خاڵی یەکەمدا کە دەڵێ (قراراتە باغلبية الاعضاء الحاضرين)، چونکە ئەو بێ ئەغلەبییە دوایی تەفسیل دەکرێ، ئایا ئەغلەبییەی هەموو ئەعزایە یان ئەعزای حازرینە؟ ئەوە بە نسیبەت ئەوە، بەنسیبەت ئەوەشەوە منیش پشتگیری رایەکەی ئاهەنگ خان دەکەم و پێم وایە شلێر خانیش ئاماژەی پێکرد کە مونەزەمات و ئیتیحادات بەتایبەتی موختەسین مەسەلەی مقاولینە یان مەسەلەی موهەندسینە یان ئەو ئیتیحاد و نیقاباتە موختەسە کە پێویستن ئەوانەش زیاد بکرێ لە فەقەرەی سێ دا، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. صباح.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم مادەیە فیعلەن ماددەیەكی شكلییە لە زۆر لە قانونەكاندا دووبارە بۆتەوە و دەبێ بە عورفێك بەڕاستی، منیش تەئیدی ئەو ڕەئییە دەكەم كە ئەم ماددەیە لا بدرێ، هەر ئیتیفاء بكرێ بەوەی كە مەجلیس بەخۆی نیزامێكی داخیلی دابنێ بۆ بەڕێوەبردنی كارەكانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوڕامە لەگەڵ برادەرانم كە داوا دەكەن ئەو ماددەیە نەمێنێتن، چونكە زیاتر پەیوەندی بە كاری بەڕێوەبردنە، ئەگەر بێت و ئەو ماددە لەغو بكەن، ماددەی هەشتیش لەغو دەبێ، بۆچی؟ من عیبارەیەكم نووسییە، سیاغەیەك، لە جیاتی ئەم ماددە بنووسرێت (المادة الخامسة: ینظم عمل المجلس وتحدد اختصاصاته واصلاحاته بنظام تصدره الوزارة)، ئەگەر ئەو نەسە هات لێرە ماددەی هەشتەمیش ئەو كاتە پێویست ناكاتن ماددەی هەشتەمیش لەغو دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوڕامە لەگەڵ كاك جمال كە ئەو ماددەیە پێم وایە زیادە، تەرتیب بكرێ لەگەڵ ماددەی هەشتیش ئەو نەسەی كە كاك جمال هینای پێم وایە شتێكی زۆر باشە، بەڵام ئەگەر هەر موسیڕیش بوون برادەرانی لیژنە لەسەر مانەوەی بەڕەئی من مەسەلەن كە دەڵێ (أن تكون لە فیها مصلحة) ئەمە چۆن زەبت بكرێ یەكێك مەسەلەن مەسڵەحەتی لەگەڵ فلان مەشروع هەیە یان فلان مەشروع نییە؟ یەعنی ئەوە دەبێت میكانزمێكی بۆ بدۆزرێتەوە كە مەسەلەن چۆن زەبت بكرێ، ئەوەی تر دیارە كە سلەی قەرابە و ئەوانە دیارە، بەڵام ئەوەی كە دەڵێت مەسلەحەتی تێدایە چۆنە؟ لە ئەوەلەنیش ئەگەر هەر مایەوە ئەو صەحیحەیە لەكوردییەكەش نەهاتووە، نازانم (اجتماعاتە صحیحة) ئەوە زیادە، وەكو كاك عمادیش ئیشارەتی پێدا، لەبەر ئەوە بەراستی من دیسان تەئكید دەكەمەوە كە ئەو ماددەیە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە پێچەوانەی برادەران بەڕاستی پێم زیاد نییە، چونكە وەكو مەبدەئێكی عام راستە دەبێ یاسا زۆر نەچێتە وردەكاری دەقەكانی، بەڵام لەكوردستان لەبەر ئەوەی رێنماییەكان كەمی بەپێی یاسایەكان دەردەچێ، گۆڕانكاری تێدەكەین، ناكۆكی تێدایە، لەوەندەی لەو قۆناغەی ئێمە لەو وڵاتەی ئێمە تەماشای بەڕێوەبردنی یان جێ بەجێكردنی یاسایەكان دەكەین، لەبەر ئەوە پێم وایە دەبێ لەلای ئێمە بچینە زۆر وردەكاری، بۆ ئەوەی بتوانین رەقابەیەكی بەهێز بەسەر یاسایەكە بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە تایبەتە بە چۆنیەتی كۆبوونەوە و بەڕێوەچوونی كاروباری ئەنجومەنەكە، ئەوەی هاتووە لەو سێ بڕگەیەدا شتی باشن، بەڵام كۆی ئەو بابەتانەی تێدا نییە كە پەیوەیستە بە چۆنیەتی كاركردنی ئەنجومەنەكە و بەڕێوەبردنی كاروباری ناوەخۆی، هێشتا شتی تر ماوە پێویستە ئێمە قسەی لەسەر بكەین، یان دەبێ لەم ماددەیەدا ئیزافەی بكەین یان ئەوەیە وەكو هاوكارانم پشنیاریان كرد ماددەكە ئیلغا بكرێتەوە لێ بگەڕێن بۆ پەیڕەوی ناوەخۆ، لەڕاستیدا ئەگەر لێی بگەڕێن بۆ پەیڕەوی ناوەخۆ باشترە، چونكە كۆمەڵێك تەفاسیلی تریش هەیە دەچێتە ناو پەیڕەوەكەوە پەیوەستە، مەسەلەن ئەرك و مەهامەكانی، ئەوەی لەماددەی هەشت دا هاتووە هەندێكی راستە مەسەلەی هینە، بەڵام هێشتا ماوە قسەی لەسەر ئەوە بكرێ ئەركەكانی ئەنجومەن ئەوەیە، ئامانجەكانی ئەوەیە، میكانیزمانە كاردەكا، بۆیە هەموو ئەو بابەتانە منیش لەگەڵ ئەوەم كە لەناو پەیڕەوی ناوەخۆدا جێگا بكرێتەوە، بەڵام من لەگەڵ ئەوەم كە ماددەی هەشتەم بمێنێتەوە، واتە من لەگەڵ ئەوەم ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێتەوە لەجیاتی ئەوە بنووسین (ئەنجومەن پەیڕەوێكی ناوخۆی دەبێ بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی ناوەخۆی و هێنانەدی ئامانجەكانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەم ماددەی هەشت بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی پێنج بەراستی من دەمەوێ رەئی قانونی خۆم بڵێم وەجهێكی تێدایە ئەگەر داوای ئیلغاكردنەوەی بڕگەی یەك و بڕگەی سێ بكەن كە بەنیزامی داخیلی تەنزیم بكرێ، ئەوە تەحسیل حاسلە ، بەڵام بڕگە دووەكەی باسی ئەوە دەكات هەر چ ئەندامێ لە ئەنجومەنەكە نابێ لە كێشەیەكدا بەشداری بكا كە لایەن بێ تێیدا یان خزمایەتی هەبێ ئەوە مەبادیئی ئەساسی قانونە لە قانونی مورافەعاتی مەدەنیشدا

باسكراوە، ئەوە نەسێكی زەروورییە بمێنێ، لەگەڵ ڕێـزم بـۆ قسـەی ئەنـدامان، لەبـەر ئـەوەی ئـەوە نەسـێكە ئەگەر وجوودی نەبێ ئەو وەختـە كێشـە دروسـت دەبـێ لـەو هەیئەتـە نـاكرێ لـە مـەبادیئی عامـەی قـانون ئەوەیە ناكرێ  كەسێك لەیەك كاتدا حاكم بێ و خەسمیش بێ، من خۆم كێشـەم هـەبێ لەگـەڵ تـۆدا لەیـەك كاتدا من خـۆم خـەسمیش بـبم و حـاكمیش بم بڕیـاریش بەسـەر هـەردوكمان بـدەم، لەبـەر ئـەوە وجـوودی بڕگەی دوو كە باس لـەوە دەكا نـابێ بەرژەوەنـدی هـەبێ یـان خزمایـەتی هـەبێ تـا پلـەی چـوارەم لـە گـەڵ یەكێك لەلایەنەكاندا ئـەوە نەسـێكی زەروورییـە، ئیلغـاكردنی بڕگـەی یـەك و سـێ وەجهـی تێدایـە بـە نیـزام داخیلی هەر دەبێ تەنزیم بكرێ، راست دەكەن تەحسیل حاصڵە، بەڵام بڕگەی دووەكەی نەسێكی زەروورییـە نەسێكە لـەقانونی مـەنافعی مـەدەنی كـە دەبێـت بـە ئەساسـی قـانونی مـەدەنی كـە كێشـەی موڵـك و مـاڵ و سەروەتی خەڵكە، ئەمەش كـە كێشـەیەكە پەیوەنـدی بـە سـەرمایە و موڵـك و مـاڵ و ئـیش كردنـەوە هەیـە، وجوودی ئەم نەسە بۆ ئەوە زەرورە، ئەگەر وانەبێ خۆ دەبێ هەر بنووسرێ بگەڕێتەوە بۆ مـەبادیئی عـامی قانونەكـە، ئەگـەر ئەمـەش لابـەری، نـەك هـەر ئـەوە بـەڵكو ئـەوە نەفوستانیيەكیشـی هەیـە لـە قـانونی مورافەعاتی مەدەنیدا هەتا نەك خزمایەتی تـا پلـەی چـوار، بـەڵكو نـابێ دۆستایەتیشت هـەبێ لەگـەڵ ئـەو كەسە كەدایدە  دەنیشی بڕیاری لەسەر دەدەی، لەبەر ئەوەی ئەو وەختە شتێك دروست دەبێ كە لە قـانوون دا پێی دەوترێ (ئێحساسی رەئی) یان (الشعور بالحرج)، كە ناتوانی وەكو پێویست بڕیارێكی عادیلانە بدەی، بە دەست خۆت نییە، عاتیفە بەلای لایەنێك دا دەشكێتەوە، بۆیە زۆر جار قەزیەیـەك كـە دەبەیتـە بـەردەم حـاكمێكی مەحكەمـە دەڵـێ داوای لێبـوردن دەكـەم، نـەقلی لای حـاكمێكی تـری بكـە، لەبـەر ئـەوەی مـن دۆستایەتیم لەگەڵ تەرەفەكەی تردا هەیـە، ئەمـە هـەتا كەلیمـەی دۆستایەتیشـی دەبـێ بـۆ بڕگـەی دووەكـە ئیزافە بكرێ، نەسێكی زۆر جوانە، بڕگەی دووەكە، داواكارم لە بەڕێزتان بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلـەمان، ئاسـاییە ئەگـەر یەكـەم و دووەم هـاوڕا لەگـەڵ هاوكـارم كـاك برهـان لابـدرێ، دەتواندرێ یەكەم و سێیەم بۆ ئەوەی ئەنجومەن پەیڕەوێكی نـاوەخۆ بـۆ خـۆی دادەڕێـژێ بـۆ بـەڕێوەبردنی كارەكانی، لەوێدا بەپێی پێویست لەمانگەكە لەوانەیە ئێقتیزاب بكا لە جیاتی دووجار، سێ جار، چوار جار دابنیشـن، ئـەوە حەقـە، یـەعنی هەرچـەندە ئەمـە بۆتـە وەكـو عورفێـك هـەموو مەجلیسـێك نووسـیومانە تەسویتەكە چۆن دەبێ، بەڵام بەهیچ جۆرێك دووەمی ئەم ماددەیە لانەچێ باشترە، نیەتی موشەریع لێـرەدا ئەوەیـە ئـەو كەسـەی كـە لـە هـەر چ پلـە و پۆسـت و پایەكـدا بـێ، ئەگـەر هـاتو مەسـلەحەتێكی هـەبوو لـە بابـەتێكی تیجاریـدا بـوونی لـەو پۆسـتەدا كـار نەكاتـە سـەر قـەراراتی، بەتایبـەتی لـەو مەجلیسـەدا چـونكە

تەنزیمی مونافەسە دەکا، بۆیە دووەم بمێنێتەوە، لەجیاتی یەکەم و سێیەم، بوترێت (مەجلیس پەیڕەوێك بۆ خۆی دابنێ بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگفتوگۆیەکاندا بۆمان دەرکەوت کەوا دوو ڕەئی هەیە لەنێوان پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، کە ڕەئییەك داوا دەکات ئەو ماددەیە هەمووی ئیلغا بکرێ، ڕەئییەکیش دیفاع لە مانەوەی ماددەکە دەکات بەتایبەتی بڕگەی دووەمیان، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش پشتگیری لەمانەوەی ماددەکە دەکەین، چونکە پێمان زەرورە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، بەڵام دەشتوانی تەعدیل بکرێ، هەروەها ئەو ڕەئییەش کە دەڵێ دەتواندرێ کە خاڵی یەکەم و خاڵی سێیەم لەجیاتی ئەوە بنووسین (يضع المجلس نظام داخلي لسير اعماله)، خاڵی یەکەم و سێیەم دەگرێتەوە، خاڵی دووەمیش بمێنێتەوە، ئەوە ڕەئییەکە وابزانم ئێمە لیژنەی هاوبەشیش لەگەڵ ئەو ڕەئییە موتەفیقین، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەصڵی پرۆژەکەینە، بەڵام ئێستا دوو ڕەئی هەیە، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەو هەردوو ڕەئییە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی هێنا ئێمە سیاغەی بۆ دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سنان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری پیشەسازی و بازرگانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزارەت وای بە مناسب دەبینێت کە هەرسێ ماددەکە وەکی خۆی بمینێت، چونکە نەتیجەی وەی نەتیجەیەکی خەتەرە، ماددەی دووەم هیچ نابێ دەست لێ بدرێت، چونکە لە قانونی مرافعات هەروەکو برادەران باسیان کرد، هەتا دەرەجەی چوارەم یان مەسلەحەتی تێدابێتن ئەوە نابێتن، هەم خەسم بم لەهەمان وەخت مودەعی بم، نابێتن، ماددەی پێنج خاڵی یەکەم کە لێرانەدا باسی دەکرێتن مانگێ دووجار بێ یان سێ جار بێتن......، خاڵی سێیەمیش تەبعەن لێرانەدا کێمان پێویست بێتن بە نیزام داخیلی بەخۆتان جەنابتان زۆر چاك دەزانن ئەوەل دەستووره، دوایی قانونە، دوایی نیزامە، دوایی تەعلیماتە، هیچ وەختێك نیزام ناگاتە دەرەجەی قانونی، لێرانەش نەتائیجی وەی ئیحتیمالی زۆری هەیە لەسەر

بازرگانەکان، لەسەر توجارەکان تەئسیرەکی زۆر موهیمی هەبێتن، نەتیجەی خەتەری دەبێتن، لەبەر ئەوە مانی، نەگۆڕانی رەچاو دەکەین، چونکە ئەوە بۆمان باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبعەن بەشێك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەڵێن ماددەکە ئەصڵەن هەمووی لەغو بکرێت، بەڵام جەنابی وەزیر........، فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەم روونکردنەوەی بەڕێز وەزیر لەسەر هینەکە، تەسەوڕ دەکەم تێگەیشتنێك هەبێ بۆ ئەم روون کردنەوەیە، بۆیە ئەگەر ماددەکە ئەو خالانە بمینێ، بەلام بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ بڵێین (ئەنجومەن دەتوانێ بۆ بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی خۆی بە پەیڕەوێکی ناوەخۆ دابنێ)، ببێتە بڕگەی چوارەم، بەم شێوەیە ماددەکە پەسەند بکرێ، تەسەوڕ دەکەم باش بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەو پێشنیارەت پێ باشە؟ فەرموو.

**بەڕێز سنان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری پیشەسازی و بازرگانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ هیچ عەیبی نییە، ئەوە دەبێتن، ماددەیەکی ئیزافە دەکەین، کە پەیڕەوی خۆی، نیزامی داخیلی خۆی دادەنێتن، بەس ئەو ماددانە وەکی خۆی بمێنێتن، چونکە ئەوە شەرتە بە نیسبەت ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر دەکرێ ئێمە لێرە جێی بکەینەوە، چونکە هەرچەند لەماددەی نۆزدەمیشدا پێویست کراوە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزیر کە هەریەکەیان بەپێی تایبەتمەندی خۆی پەیڕەو رێنمایی پێویست دەربچوێنێ و بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە، یەعنی لەماددەی نۆزدەی ئەمشدا هاتووە، بەلام دەکرێ لێرە بۆ ئەوەی خودی مەجلیسەکەش نیزامی خۆی هەبێ ئەم بڕگەیەی بۆ زیاد بکەین، بەلام ئێمە پێمان وایە وەکو لیژنەی هاوبەش مانەوەی ماددەکە بە زەروور دەزانین، هەندێك لە ئەندامان باسیان کرد کە ئەندامی ئیتیحادات لێرە زیاد بکرێ، ئەمە لەماددەی چوارەمدا ئەندامن خۆی لە خودی مەجلیسەکە، پێویست ناکا لێرە بۆی زیاد بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی كە پێشنیاریان كرد ئەو ماددەیە نەمێنێت، ئەوان لەسەر ڕەئی خۆیان سوورن یان لەگەڵ ئەو ملاحەزانەی د. عمر و جەنابی وەزیر و لیژنەی هاوبەش ئەوانیش ئێستا ڕەئییان وەكو ئەوانی لێ هاتووە؟ چونكە ئەوان لەسەر ڕەئییەكانی خۆیان سوور بن، سێ كەس زیاتر بووە، بیخەینە دەنگەوە، سوورن لەسەر ڕەئی خۆتان؟ باشە، ئێستا ڕەئییەك هەیە دەڵێت ماددەكە هەمووی ئیلغا بكرێ، فەرموو كاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورە نەمان گۆتییە هەر ماددەكە نەمێنێت ئەصڵەن، نەسوس نەمێنێتن، ئەم نەسە نەمێنێت، بەڵام نەسێكی ترمان نووسیووە، بەڵێ بەدیلێكی ترمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕەئییەك هەیە دەڵێ ئەم ماددەیە نەمێنێت، بەڵام بەدیلیان هەیە بەسیاغەكی دیكە، دەیانەوێ بە نیزام تەنزیمی بكەن، ئێستا ڕەئییەك ئەوەیە كە ئیلغای ماددەكە بكرێ، كێ لەگەڵ ئەوەدایە ماددەكە وەكو ماددەی پێنج ئیلغا بكرێت؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، (9) كەس لەگەڵدایە لەغو بكرێتەوە، كێ لەگەڵدایە بمێنێتەوە؟ تكایە دەست بەرزبكاتەوە، زۆر سوپاس، ژمارەی مانەوەكە زۆرە، كەواتە ماددەكە مایەوە، ئینجا ماددەكە چۆن دەمێنێتەوە، سیاغەكەی بزانین چۆنە؟، بیخۆێننەوە بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا ماددەكە بە سیاغەیەكی ترمان ئامادە كردووە.

المادة (5)

أولاً:- يجتمع المجلس بدعوة من الرئيس مرتين في كل شهر ، أو كلما تقتضي الضرورة ذلك وتكون اجتماعاته صحيحة بحضور اغلبية أعضائه وتصدر قراراته بالأغلبية.

ثانياً:- لايجوز لأي عضو في المجلس أن يشارك في المداولات اوالتصويت في حالة معروضة على المجلس أن تكون له فيها مصلحة أو بينه وبين أحد اطرافها صلة قرابة الى الدرجة الرابعة ، او يكون قد مثل أو يمثل احد الأطراف.

ثالثاً:- للمجلس أن يدعو لحضور اجتماعاته من يرى الاستعانة به من الخبراء والمختصين دون ان يكون لهم حق التصويت.

رابعاً: يضع المجلس النظام الداخلي لسير أعماله.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیریش ئیشارەتی دا بەوە دەکرێت ئیتیحادات و نەقابات ئەوەی کە زەوی ئیختیساسە، ئەوەی وەکو مەسەلەن ئیتیحاداتی موهەندسین و ئەمانە ئیزافە بکرێ، ئەگەر دابندرێ، تەسبیت بکرێ لێرە بۆ ئەوەی سبەی رۆژێ ئەگەر پێویستیان پێبوو حوجەت نەهێنێتەوە بڵێ لەناو یاسایەکەدا حەقی ئەوەمان نییە ئێمە مومەسیلی ئیتیحادات بانگ بکەین، هاوڕێ و هاوکارم ئاهەنگ خانیش هەم ئەم پێشنیارەی کرد، بۆیە ئەگەر بوترێ (ممثل الاتحادات دون الاختصاص)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کە دەڵێ (الاستعانة به من الخبراء والمختصين) ئەوانە ناگرێتەوە؟ فەرموو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبڕگەی چوارەمدا کە ئەو تەعدیلەی لیژنەی هاوبەش ئامادەی کردبوو باسی لە دەرکردنی نیزام داخیلی کرد، پاڵپشت بۆ قسەکانی کاك عمر نورەدینی، بەڵام بەڕای من زیاد کردنی ئەو بڕگە چوارە بۆی دەبێتە عەیبەیەك و شائیبەیەکی قانونی لەرووی قانونیەوە، لەبەر ئەوەی لە نەسی ماددەی (19)دا هاتووە دەڵێ (على مجلس الوزراء والوزير كل حسب اختصاصه إصدار الانظمة والتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون)، تۆ دووجا رئیشارەتی پێ بدەیتەوە ئەوە شتێکی خراپە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمن موسیڕم لەسەر نیقابەی موهەندیسین و ئیتحاد موقاولین، هەندێك ئیتیحادات تەسبیت بکرێ، چونکە هەندەك تەلاعوب بە تەندەر وئەسعار و تەناقوز بەس خواردن نییە جەماعەت، ئەسعار و تەناقوز ئەو مەوادەیە کە دێتە شار و ئێعماری پێ دەکرێ، خۆ بەڕێز وەزیری بازرگانی بەخۆی باش ئەوەی دەزانێ، یەعنی ئەمە لە بازێرێ زۆرجار دەبینین زۆر مەواد هەیە، بەڵێ جام هەیە، بەڵێ دەرکە هەیە، بەڵێ پەنجەرە هەیە، بەڵام هیچ تەوازنێك نییە لە تەناقوزی ئەسعار بۆ ئەوەی سەناعەت بێنێتە ناو شاری، لۆ ئەوەی سەناعەتی بێنی، ئەوە زۆر موهیمە لەو وەختەی کە ئەوان ئێحتیاجیان بە ئەو سعرەی هەیە، ئێحتیاجیان بە دەرهێنانی رێنماییەکی موعەیەن هەیە، ئەوانە بانگ بکەن، دەبێت تەسبیت بکرێت، ئیتیحاداتی موقاولین و نیقابەی موهەندسین بەڕێزان نابێ ئیهمال بکرێت، چونکە تەناقوزی ئەسعار بەس خواردن نییە، ئاوەدانی مەملەکەتیشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڕۆژان ڕوون کردنەوەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی ئایا بڕگەیەك زیاد بکرێ بەناوی نیزام داخیلی و دەسەڵات بدرێتە ئەو ئەنجومەنە ئەوە تشتێکی باشە تەعاروز ناکا لەگەڵ ماددەی (19)، لەبەر ئەوەی لەماددەکانی دواتر هاتووە لە ئەحکامی خیتامی ئەنزیمە و تەعلیماتە تەنها بۆ ئاسانکاری جێ بەجێکردنی یاسایەکەیە، لە دەقەکەشدا هاتووە، ئەوەی لێرە باس دەکرێ و پێشنیارکرایە وردەکارییە بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو ئەنجومەنە، هیچ تەعاروز ناکا لەگەڵ ماددەکەی دواتر، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم ئایا دەسەڵات بدرێتە ئەو ئەنجومەنە کەوا ئیستیعانە بە چەند کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بکا، بۆ ئەوەی ئامادە بن لە کۆبوونەوەکان، ڕاوێژیان پێ بکرێ و سوود لە شارەزاییان وەربگیرێ و ڕاو بۆچوونیان وەربگیرێ؟ ئەوە دەقێکی باشەو هیچ ڕێگرییەك نییە لە بەردەم ئەنجومەن، کەوا کەسێك پسپۆڕ بێ، شارەزابێ، ئینتیمای هەبێ لە بۆ نەقابەك یان لە دەرەوەی نەقابە، دەقەکە بە موتڵەقی هاتیە، هەرکەسێك پسپۆڕ و شارەزا بێ ئەنجومەن دەتوانێ ڕاوێژی پێ بکا و ئیستیعانەی پێ بکا، ئایا لە ناو نەقابە بێ ئینتیمای هەبێ بۆ نەقابەی یان لە دەرەوەی سەندیکا و یەکێتییەکان بن، دەقەکە ئەگەر بەم شێوەیە تەقیدی بکەین، تەنها لە چوارچێوەی نەقابە بێ ئەوە ئەنجومەنەکە ئەو دەقە ڕێگر دەبێ لەبەر دەم ئەوەی ئیستیعانە بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بکەی لە دەرەوەی نەقابە، بەم شێوەیە موتڵەقییە بێ دەتوانی پسپۆڕ و شارەزایەکان لەناو سنووری نەقابە بن یان لە دەرەوەی نەقابە بن ڕاوێژیان پێ بکا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا سەبارەت بە پەیڕەوی ناوەخۆ، من پرسیار دەکەم بەتایبەتیش لە لیژنەی قانونی، ئایا هیچ جار هەبووە کە ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر پەیڕەوی ناوەخۆ بۆ بەڕێوەچوونی ژیانی ناوەخۆی ئەنجومەنێك حکومەت بۆی دابنێ یان وەزیر بەتەنها بۆی دابنێ؟ ئەمە ئەنجومەنێکە لە چەندین ئەندام پێك دێ، ڕاستە حکومەت دەتوانێ تەعلیمات و ئەنزیمە بۆ ئاسانکاری بەڕێوەچوونی یان جێ بەجێکردنی ئەم قانونە دەربکا، بەڵام دامودەزگای کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکان، ئەنجومەنەکان، خۆیان پەیڕەوی ناوەخۆ دادەنێن و وەکو هەیئەتێك، بۆیە من ڕێز دەگرم لە هەر بیر و بۆچوونێکی تر، بەس من پێم وایە وەکو بەڕێز دکتۆرە ڕۆژانیش ڕوونی کردەوە، نیزامی داخیلی لەگەڵ دەرکردنی ئەنزیمە و تەعلیمات تەسەوڕ دەکەم لە ڕووی مانا و ناوەڕۆکەوە تۆزێك جیاوازیان لەگەڵ یەکتر هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی بەڕێز د. رۆژان گۆتی راستە لەوانەیە نەسێك بێ و نەسەكە لە قانون هاتبێ، بەڵام كە ئەتوو ئیستیعانە بە خوبەراء وئێختیساسین دەكەی فەرقی هەیە لەگەڵ رەئی نیقابەكی و رەئی ئیتیحادی موقاولی، زۆری فەرقە، ئێختیساس و ئیستیشاری فەرقی هەیە لە حكومی قانون كە تۆ تەمسیلی نیقابەیەكی دەكەی، مەشاكیل دەچێتەوە نیقابەی، مەشاكیل دەچێتەوە ئیتیحادات، بەڵام ئەمن موختەسم لەبواری تورق و جسور لە ئێختیساسەكی لێم دەپرسن دەڵێن ئەو قالبە بەوەندەیە، ئەڵمان بەوەندەی تەسعیریان كردییە، لەوانەیە موختەسەكان زیاتر موختەسی ئەجنەبی بن، بۆیە رەجا دەكەم ئەو دوو فەقەرە نابێ تێكەڵ بكرێ و دەبێ دابندرێ و كە هەروەكو سۆزان خانیش وتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەزانم لەرووی قانونییەوە وەزیر سەلاحییەتی نییە ئەم ئەنزیمە دەربكا، ئەوە سەلاحییەتی مەجلیسی وزەرایە، بەڵام سەلاحییەتی هەیە لە جیاتی تەعلیماتێك، پەنجا تەعلیمات دەربكات، دەتوانێ ئەوەی كە تۆ پێی دەڵێی دەتوانێ لە تەعلیماتەكاندا جێی بكاتەوە و جەنابی وەزیر خۆی كە هەندێك را هەبوو دەڵێت ئەو نیزام داخیلییە لە برگەی چواردا هەر بنووسرێ، بەڵام لە زمنی تەعلیماتدا جێ دەكاتەوە، بەڵام یەك فەرقی هەیە، فەرقێكی وازح هەیە، لەجیاتی مەجلیسەكە دەری بكا، وەزیر دەری دەكا، دەتوانێ بە تەعلیماتی یەكەم تەنازول لە سەلاحییەتەكەی بكات، دوای ئەوە بۆ مەجلیسەكە باوەزیریش رەئی خۆی بڵێ بزانێ قسەی قانونی من تەواوە یان تەواو نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو جەنابی وەزیر دوا رەئیت.

**بەڕێز سنان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكەی راستە بەخۆی نیزام داخیلی عادەتەن بۆ ئەو مونەزەماتانە ئەو موئەسەسە خاریجینە كە بەتاقی تەنێنە، ئەمن موئەسەسەیەكم هەیە بۆ وی نیزام داخیلی دادەنێم، بەڵێ سەڵاحیەتمان هەیە، من وەكو وەزیر ئەو سەڵاحیەتەم هەیە تەنیزیلی سەڵاحیەتی خۆم بكەم یان تەعلیماتی دەر بهێنم لۆ تەئسیری

ئیشەکی لێرانە، لێرانە لەبۆ ئەوەی کە دانێن (المجلس النظام الداخلي)، جیاوازی هەیە، چونکە دەبێتە قانون، بەس هەروەك گۆتەنی نیزام داخیلی لە ئەنجومەنی وەزیران دەردێتن عادەتەن، بەلاّم تەعلیمات لە سەلاّحیەتی وەزارەتییە، هی وەزیرە، لەبەر ئەوە بەتەعلیمات دەکرێتن، خالّی دووەم پاش ئەویش کە دەلّێن ماددەی پێنج برگەی سێیەم (للمجلس أن یدعو لحضور اجتماعاته من یری الاستعانة به من الخبراء والمختصین دون ان یکون لهم حق التصویت)، لێرەدا خوبەراء لە مەحکەمەش لۆ نەقابەی موهەندسین دەنووسن دەلّێن موهەندیسەکمان لۆ بنێرە کە لەسەر ئەو ئیشەی رەئی خۆی بەیان بکات، لێرانە نەقابەی موهەندسین کە ئەو شەخسەی دەنێریتن، ئەو پسپۆرەی دەنێرێتە ئەوێندەرێ، عەزوە لەو نەقابەیەی، تەمسیلی ئەو نەقابەی دەکاتن، تەمسیلی کەفائەتی خۆی دەکاتن لێرانە، لەبەر ئەوەی ئەوە بە موتلّەق هاتووە ئەو موتلّەقەش (المطلق یجري علی اطلاقه)، بە نەزەرە من ئاوا باشترە، نەگۆڕێ، چونکە کە نەقابەیەکمان دانا دەبێ نەقابەیەکی تریش دابنێین، ئیختیساسی تریش دابنێین، دەبێتە زۆر، دەبێتە موشکیلە لە ئاخیری، چارەسەر ناکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیزام ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات، ئەوە پەیوەندی هەیە (الانظمة)، (القوانین) لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچێت، (التعلیمات) لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت، کە دەلّێین نیزام داخیلی شێوازی بەڕێوەچوونی کارەکان، ئێوە بیهێنە بەرچاوتان ئەم بەڕێزانە یەکەم کۆبوونەوە دەکەن، نابێ خوتەیەك دابنێین، نیزامێك بۆ خۆیان دابنێن، یەکێك لەناو خۆیاندا دەستنیشان بکەن بلّێن ئەمە دەبێتە موقەریر، یاخود مۆزەفێك داوا بکەن لە وەزیرێك تاوەکو مۆزەفێکیان بۆ تەعین بکات وەکو موقەریر، دوای ئەوە دەلّێ ئێمە بەم شێوەیە کاردەکەین موستەحیلە مەجلیسێك هەبێ بەبێ ئەوەی نیزام داخیلی بۆ خۆی دابنێت پێی بلّێ فەرموو برۆ ئیش بکە، یەعنی پێی دەلّێن برۆ فەرموو ئیش مەکە، بۆیە دەبێت نیزام داخلی خۆی بۆ خۆی دابنێ، پەیوەندیشی نییە بەسەر ئەو نیزامەوە یاخود ئەو ئەنزیمەیەوە کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، ئەوە زۆر جیاوازە، جارێکی تر من دەیلّێمەوە من لەگەلّ هەموو رێزێکم دا ئێمە ئیتیحاداتمان هەیە، نەقاباتمان هەیە، ئەمانە تەمسیلی وجهەت نەزەری شەریحەیەك دەکەن، نەك کەسێك بێنی بانگی بکەی لەبەر ئەوەی زەرووره، رەئییەکەیت بەدلّە بیهێنیتە ناو مەجلیسەکەوە پێی بلّێی زەحمەت نەبێ رە ئیت چییە؟ نەخێر نەقابات و ئیتیحاداتی موهەندسین و موقاولین خۆیان رەئییەکی موحەدیان هەیە، ئێستا زوو زوو دەبینین پرێس کۆنفراس دەبەستن، رەئی خۆیان دەلّێن لەسەر بابەتێك، بۆ لەناو ئەو مەجلیسەدا وجودیان ئەوەندە زەحمەت بێت؟ کە ئەم پەیوەندییەی هەبێ بەسەر ئێعمارەوە، پەیوەندی هەبێ بەسەر مونافەسەوە، پەیوەندی هەبێ بەسەر مەنعی ئیحتیکارەوە، بەڕێزان ئەگەر لەلایەن هەندێك

وابێ ئەم یاسایە یاسایەکی گرینگ نییە، ئەمە یاسایەکی زۆر گرینگە و عەسەبی بەڕێوەچوونی وڵات و دروست بوونی مونافەسە و پەرەپێدانی کەرتی تایبەتە، بۆیە دەبێت زۆر بەوردی لەو بابەتەدا قسە بکەین، ئەمەی کە ئەخیرە ئێستا پێویست بەوە دەکات بخرێتە دەنگدانەوە بەو سیغەیەی کە خوێندیانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتێك بە هەڵە نەڕوا، من دەزانم (الانظمة) جیاوازە لە نیزام داخیلییە، من باسی (الانظمة)م کرد سەلاحیەتی مەجلیسی وزەرایە، تەعلیمات سەلاحیەتی وەزیرە، وتم ئەو نیزام داخیلییە وەزیر دەتوانێت بە تەعلیمات دەری بکات، دوای ئەوە سەلاحیات بداتەوە بە مەجلیسەکە خۆی، دووەم شت دەربارەی ئەوەی جەمعیات و مونەزەماتی ئیتیحادی موهەندسین و ئەمانە بەشدار بێ، خەلەلێکی قانونی هەیە حەزدەکەم لیژنەی هاوبەشی کە دانیشتوون بەڕێزیان گوێیان لێم بێ، قانون ئێمە قانونی کۆمەڵە و سەندیکایەکانمان هەیە بەناوی قانونی 18ی ساڵی 1993، تۆ ئەم جەمعیات و مونەزەماتانە بەزۆر دەکەیتە ئەندام لەوە دەبێ ئێمە ئەوەمان لەبیر بێ بە پێی قانونێکی پەرلەمان ژمارە 18ی ساڵی 1993 کولی پانزدە کەس بۆی هەیە جەمعییەك و مونەزەمیەیەك لە مینهەی خۆی دروست بکا، ئینجا باشە تۆ بەیانی هەر پانزە کەس جەمعییەو مونەزەمەیەك دروست بکا، وا بیست دانە دروست بوو، تۆ دەبێ هەمووی بکەی بە ئەندام لەوێ، لەبەر ئەوە نەسەکە خۆی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەی بخوێننەوە.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دوا سیاغە پێشکەش دەکەین، دوا لە بەڕێزتان دەکەین بخرێتە دەنگدانەوە.

المادة (5):

أولاً:- يجتمع المجلس بدعوة من رئيس المجلس على الاقل مرتين في كل شهر، أو كلما تقتضي الضرورة ذلك وتكون اجتماعاته بحضور اغلبية أعضائه وتصدر قراراته بالأغلبية.

ثانياً:- لايجوز لأي عضو في المجلس أن يشارك في المداولات اوالتصويت في حالة معروضة على المجلس اذا كانت له فيها مصلحة أو بينه وبين أحد اطرافها صلة قرابة الى الدرجة الرابعة، او يكون قد مثل أو يمثل احد الأطراف.

ثالثاً:- للمجلس أن يدعو لحضور اجتماعاته من يرى الاستعانة به من الخبراء والمختصين من داخل النقابات والاتحادات او خارجها دون ان يكون لهم حق التصويت.

رابعاً: يضع المجلس النظام الداخلي لسير أعماله.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، (5)كەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆماددەیەكی تر. فەرموو كاك عماد.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێكمان هەیە، پێمان باشە ماددەی هەشت بێتە جێگای ماددەی شەش، چونكە ئەمە ئیختیساساتی مەجلیسە، دەبێتن دوای ئەو ماددەیە بێتن، ئەگەر بەڕێزتان پێتان باش بێ بخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دەیانەوێت جێگۆڕكێ بە ماددەی هەشت و شەش بكەن، كێ لەگەڵدایە تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، فەرموو ئەوە قبولیان كرد، جێگۆڕكێیەكە بكەن، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثامنة يصبح المادة السادسة:

يختص المجلس بما يلي:

أولاً:- اعداد معلومات متكاملة عن النشاط الاقتصادي وتحديثها وتطويرها مع الجهات ذات العلاقة في كافة المجالات المرتبطة بالمنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية، واجراء الدراسات والبحوث اللازمة لذلك.

ثانياً:- تلقى المعلومات المتعلقة بالممارسات المخلة بقواعد المنافسة ومنع الاحتكار بالتعاون مع الجهات ذات العلاقة ، واتخاذ الاجراءات المناسبة بشأنها وفق القانون.

ثالثاً:- التنسيق مع الأجهزة المماثلة في مجال تبادل المعلومات والبيانات فيما يتعلق بتنفيذ قواعد المنافسة ومنع الاحتكار في الحكومة الاتحادية والاقاليم والدول وفق القوانين النافذة.

رابعاً:- اعداد تقرير نصف سنوي عن انشطة المجلس وخطته المستقبلية ومقترحاته بشأن المنافسة ومنع الاحتكار، وعرضه على الوزير.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بە كوردییەكەی.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم علي (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6):

ئەنجومەن ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

یەکەم: ئامادەکردنی زانیاری تەواو دەربارەی چالاکی ئابووری و نوێکردنەوە و پەرەپێدانی لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار لە هەموو بوارێکی بەستراو پێیەوە بە کێبرکێ و رێگەگرتن لە دەستدانە کاری قۆرخکردن و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی پێویست بەو کارەوە.

دووەم: وەرگرتنی زانیاری پەیوەندیدار بە کردنی کاری زیانبەخش بە بنچینەکانی کێبڕکێ و رێگەگرتن لە قۆرخکردن بە هاوکاریکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و گرتنی رێکاری گونجاو لەبارەیەوە بەپێی یاسا.

سێیەم: هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەزگای هاوچەشن لە بواری ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و بەیاننامەکانی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردنی بنچینەکانی کێبڕکێ و رێگەگرتن لە قۆرخکردن لە حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و وڵاتان بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

چوارەم: ئامادەکردنی راپۆرتی نیو مانگی لەبارەی چالاکیەکانی ئەنجومەن و پلانی دوارۆژی و پێشنیازەکانی لەبارەی کێبڕکێ و رێگەگرتن لە قۆرخکردن و پێشکەشکردنی بە وەزیر.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی بەکاربەر.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ماددەکە دەکەین وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، وەکو چۆن سیاغە کراوە، وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سنان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری دەکەین، وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تكایە ناوەكانتان بڵێن، زۆر سوپاس، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (كاك ئاسۆ، سۆزان خان، هاژە خان، ئاهەنگ خان، كاك نەژاد)، فەرموو كاك ئاسۆ.

**بەڕێز بكر كريم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارێكم ئاراستەی لیژنەی قانونی و هەروەها لیژنەی بەكاربەر هەیە، لەبڕگەی دووەمی ئەو ماددەیەدا دەڵێت (:- تلقى المعلومات المتعلقة بالممارسات المخلة بقواعد المنافسة ومنع الاحتكار بالتعاون مع الجهات ذات العلاقة ، واتخاذ الاجراءات المناسبة بشانها وفق القانون)، مەبەست چییە لە (واتخاذ الاجراءات المناسبة) ئەو ئیجرائاتە موناسبانە چین؟ بۆ ئەوەی ئەو ئیخلالە نەهێلدرێت، پرسیارەكەم ئەوەیە رەنگە لای من روون نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هاوڕا لەگەڵ برای بەڕێزم كاك ئاسۆ ئەم ماددەیەش لەلای من جۆرێك لە تێنەگەیشتنی تێدایە، (وفق القوانين) و (تلقى المعلومات المتعلقة بالممارسات المخلة بقواعد المنافسة ومنع الاحتكار)، فەرەزەن ئێمە ئەم مەجلیسە خەبەرێكی هەیە كە عەقدێك كراوە، سیفەتێكی ئیحتیكاری هەیە، ئەم عەقدە تەنها دراوە بە كۆمپانیایەك بەتایبەتی، ئەو بازاڕەكەی داگیر كردووە، ختوەی ئیجرائی دوای ئەوە چییە؟ بۆیە لە ماددەی نۆی دوای ئەو باسكراوە كە ختوە ئیجرائییەكە چییە، ئەگەر ئەمە بهێندرێ دەمج بكرێ ماددەی نۆ لەگەڵ ئەمەدا ببێتە خامیسەن (وفى حال تلقي المجلس اي شكوى)، ئەمە بهێندرێتە بەردەمی ماددەی نۆ، چونكە ئەوە باس لە ئەو ئیجرائاتە فیعلییە دەكات كە مەجلیس دەیكات، ئەگەر هاتو عەمەلیەتێكی ئیحتیكاری یاخود مەنعی مەنافەسە ئیسپات بوو، ئەمەیە، بۆیە ئەگەر ئەمە بخرێتە پاڵ ئەوانی تر موشكیلەكە چارەسەر دەبێت بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سليمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پێموایە ئەوە بكرێتە مەهامی مەجلیس نەك ئیختیساسات، یەعنی ئێمە بیكەینە مەهامی مەجلیس، عادەتەنیش لە هەموو ئەو قانونانەی كە دامان رشتووە بەم شێوەیە هاتووە،

**یەعنی مەهامەكان دوای تەشكیلەكەی مەجلیسەكە مەهامەكانی مەجلیسەكە دێت، بۆیە من پێم وایە ببێتە مەهانم، نەك ئێختیساسات، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، من حەوت خاڵم دارشتووە.**

1- **اعداد خطة عمل المنافسة ومنع الاحتكار.**

2- **العمل على النشر ثقافة المنافسة ومنع الاحتكار.**

3- **تقصي المعلومات والممارسات المخلة بقواعد المنافسة ومنع الاحتكار.**

4- **رفع التقرير السنوي عن وضع المنافسة في الاقليم.**

5- **اجراءت التحقيقات في الممارسات التي تكشفها المجلس.**

6- **الاستعانه بالخبراء والمستشارين.**

7- **التنسيق والتعاون مع الأجهزة المماثلة في داخل الاقليم، سوپاس.**

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو ئاهەنگ خان.**

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەنیسبەت ئەو ماددەیە فەقەرە یەك و فەقەرە سێ ئیلتیباسێكی تێدایە، كە دەڵێ (اجراءت الدراسات والبحوثات اللازمة والاستعانة)، لە بڕگەی سێ (التنسيق مع الأجهزة المماثلة في مجال تبادل المعلومات والبيانات)، عادەتەن تیجارەت هەروەكو هەندەسەی دەبێ كۆدی هەبێ، وابزانم بەڕێز وەزیری تیجارەی ئەو مەعلوماتەی زۆر باش هەیە، توركیا ئێستا یەك لەو ئەسبابانەی كە بوویتە مەركەزی تیجارەت، تیجارەتیان بەپێش دەكەوێ لەگەڵ سناعەتیان كە بلانس و تەوازونێكی هەیە، پیاوەكە پانزدە ساڵە (تی، سی، سی) دانایە، كۆدی تیجارەتی دانایە، كە نزیك بێ لە قانونی ئیتیحادی ئەوروپی، ئەگەر ئێمە لێرە بزەبت دەبێ بڵێین ئێختیساس و موختەسین، ئەوە ئەو فەقەرەیە هەر وەكی سۆزان خان و كاك ئاسۆ گۆتیان ئەوها یەعنی بە ئاچووخی وەكی بڵێی لووپەكەی لێی بزر دەبێ كەس نازانێ ئیستیعانەكە لەكێ دێ و جیهەی موماسیلە لەكێ دێ؟، لەوانەیە ئەو بەیاناتی جیهەی موماسیل دەداتە من، ئەگەر دیار نەكەوێ لێرە لەوانەیە بەیانەكی غەڵەت بداتە من لۆ بەرژەوەندی خۆی، ئەو تێبینییەم هەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك نەژاد.**

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**راستی من ئەو پێشنیارانەی هاژە خانم پێ باش بوو، بەڵام موشكیلەكە لەوەی دایە ئێستا ئەو خاڵانەی كە لێرە زیكر كراینە (اتخاذ الاجراءات المناسبة)، كاك ئاسۆش پرسی، بە حەقیقەت ئەوە موبهەمە وەكو ئەوەی كە لەماددەی پێشتر هاتبوو ( ان تكن لە فيها مصلحة)، یەعنی باشە ئێمە چۆن دەتوانین بزانین كێ**

مەسلەحەتی لەو مەوزوعەدا هەیە، یەعنی بە چ میکانزمێك هەیە؟ ئەوە زانیمان ئەوانەی سیلەی قەرابە هەموو دەزانین، باشە ئێمە چۆن دەتوانین بزانین ئەوەشیان هەروایە؟ نەقسی شتە؟ ئەو ئیجرائاتانە مەسەلەن دەبینی کابرایەك ویشایە دەکات، ئەویش هەیە، یەعنی لەو حاڵەتەدا کابرایەك ویشایە دەکا دەڵێ فلاّن موقاوەلات یان فلاّن تەندەر درایتە فلاّن کەسی مومکینە لە حەقیقەتیشدا وانەبێ مەسەلەن، یان ئەوەتا کابرایەك موقاوەلاتەکی وەرگرتووە لە هەمان کاتدا دایتیە موقاوەلەکی سانەوی، رەنگە ئەویش بە ژێراو ژێر کرابێ، یەعنی ئەوانە ئەو مەوزوعانە بەراستی دەبێ میکانزمێکی بۆ دابندرێ و روون بکرێتەوە، من لەگەڵ برای بەرێزیشم کاك عماد باسیشم کردووە بە حەقیقەت ئەو مەوزوعانە، لیژنەی قانونیش دەتوانن ئەو مەوزوعانە چارەسەر بکەن، لە رابعەنیش کە دەڵێ (اعداد تقرير نصف سنوي)، یەعنی بەراستی زۆر درەنگە یەعنی شەش مانگ جارێك ئەتوو تەقریرێك بۆ ئەو مەوزوعە موهیمە ئەوەیە، (على الاقل) بکرێتە تەقریرێکی فەصڵی کە باشترە بە رەئی من، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئیجرائاتی قانونی چنە بەرامبەر بە ئەو ممارەساتانەی کە موخیلن بە قەواعیدی مونافەسەوە؟ ئەگەر ئێمە تەماشای ماددەی (9، 10، 16، 17، 18) بکەین، بەتایبەتی ماددەی (17) کە موختەسە بە دروستکردنی مەحاکمی موختەس، بزەبت کە دەڵێتن (للنظر في النزاعات الناشئة عن حماية المستهلك والمنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية وغيرها من الممارسات التجارية)، بە تەسەوری ئێمە ئەم دەقە کە مەحاکم دەتوانن ئەو رێکارە یاساییانە بگرنە بەر بەرامبەر ئەو ممارەساتانە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تێبینیت هەیە؟ فەرموو .

**بەڕێز سنان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر تێبینم نییە، وەکی خۆی بمینێتەوە تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دوا سیاغەتان.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (6): يختص المجلس بما يلي:

**أولاً:- اعداد معلومات متكاملة عن النشاط الاقتصادي وتحديثها وتطويرها مع الجهات ذات العلاقة في كافة المجالات المرتبطة بالمنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية، واجراء الدراسات والبحوث اللازمة لذلك.**

**ثانياً:- تلقي المعلومات المتعلقة بالممارسات المخلة بقواعد المنافسة ومنع الاحتكار بالتعاون مع الجهات ذات العلاقة، واتخاذ الاجراءات المناسبة بشانها وفق القانون.**

**ثالثاً:- التنسيق مع الأجهزة المماثلة في مجال تبادل المعلومات والبيانات فيما يتعلق بتنفيذ قواعد المنافسة ومنع الاحتكار في الحكومة الاتحادية والاقاليم والدول وفق القوانين النافذة.**

**رابعاً:- اعداد تقرير نصف سنوي عن انشطة المجلس وخطته المستقبلية ومقترحاته بشأن المنافسة ومنع الاحتكار، وعرضه على الوزير.**

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، (28) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، (4) كەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێستا ماددەكەی دوای ئەوە ژمارەكەی دەگۆڕێ دەبێت بە ژمارە حەوت.**

**المادة (7): مع عدم الاخلال بما يقتضي به المعاهدات والاتفاقيات الدولية السارية في الحكومة الاتحادية تكون ممارسة النشاط الاقتصادي والتجاري بالشكل الذي لا يؤدي الى منع المنافسة أو تقييدها او الاضرار بها وفقاً لأحكام هذا القانون.**

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو بە كوردییەكەی.**

**بەڕێز د. احمد ابراهيم على (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (7): لەگەڵ سەرپێچی نەكردنی پەیماننامەو رێككەوتننامە دەوڵەتیەكان لە حكومەتی فیدرالی، چالاكی ئابووری و بازرگانی ئەنجام دەدرێ بەو شێوەیەی كە نابێتە مایەی قەدەغەكردنی كێبڕكێ یان سنووردارکردنی یاخود زیان پێ گەیاندنی بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە.**

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی بەكاربەر.**

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە پشتگیری ماددەكە دەكەین وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی پشتگیری لەماددەكە دەكات وەكو خۆی بمینێتەوەی، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سنان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری دەكەین، چونكە ئیلتیزاماتی دوەلی موهیمە، بۆیە دەبێ موراعاتی ئەوەی بكەین، ئێمەش ئەمڕۆ لەناو حكومەتی عێراقی پارچەیەكین، بۆیە پشتگیری دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تكایە ناوەكانتان بڵێن، زۆر سوپاس، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (مامۆستا كاوە، كاك عبدالسلام، د. صباح، سۆزان خان، مامۆستا عمر، هاژە خان، تارا خان)، فەرموو مامۆستا كاوە.

**بەڕێز كاوە محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە ئەو (مع)ەی بۆ چییە؟ (مع عدم الاخلال بما يقتضي)، یان (لەگەڵ) بەكوردییەكەی لەگەڵی بۆ چییە؟ ئەگەر لەگەڵی نەبێ مانایەكەی ناگۆڕێ، هەروەها ئەگەر ببێتە بڕگەیەك لەماددەی حەوتەم هەمان مانا و ناوەرۆكی هەیە كە لەگەڵ ماددەی حەوتەم دەبێتە یەكێك لە مەمنوعەكان بۆ حیمایەكردنی مونافەسە، بۆ ئەوەی كە پێشگیری لە ئێحتیكار بكاتن، بۆیە من پێم باشە ببێتە بڕگەیەك لەماددەی حەوتەم، ئەو (مع)ش نەمێنێتن (مع عدم الاخلال )، پێموایە زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی پشتگیری پێشنیارەكەی كاك كاوە دەكەم، بەشێوەیەك كە دەقەكەشم نووسییە، لەبەر دوو هۆ، یەك لە دەساتیر و لە زۆر دەق هەیە كە ئیحتیكار مەمنوعە، بۆیە ئەمە تەنها تەئكید لەسەر ئەوە دەكا كە داعی نییە، دووەمیان ئەگەر تەماشا بكەین ماددەی حەوتەمی دوای ئەو دێت تەفسیل و خوردە كردنی ئەم دەقەیە بۆیە من پێشنیاری ئەم دەقە دەكەم، دەدەمە ئێوە، دەبێتە حەوتەم، چونكە ئەوی تر شەشە، بەعەرەبی دەخوێنمەوە (مع عدم الاخلال بالمعاهدات والاتفاقيات الدولية السارية والمصادقة عليها في

الحكومة الاتحادية يحذر الاتفاق او التعاقد بين اطراف متنافسة في اية سوق بالشكل الذي يؤدي الى منع المنافسة أو تقييدها او الاضرار بها او القيام بأي من الممارسات التالية)، ئيتر ماددەی حەوت دێ لەپشتی، تەسەوڕ دەکەم ئەمە سیاغەیەکی مەنتقی ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. صباح.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە کە فیعلەن هەرێمی کوردستان لە زمنی حکومەتی ئیتحادییە، بەڕاستی ئیلتیزاماتی هەیە بە مواعاهەدات و ئیتیفاقی دەولی، یەعنی ئەمەی کە لێرەدایە بەراستی تەحسیلی حاسڵە یەعنی وەکو بڵێی ئێمە دەکەوینە نێوان ئەوەی ئایا ئەوە مەبادیئی قانونییە یان مەبادئێکە کە فیعلەن موسەلەمە، دیسان دەبێ لە قانوندا بهێندرێ، ئەمە تەئکیدی موئەکەدە بەراستی، تەحسیلی حاسڵە، لەحاڵێکدا قانون تەوزیحی وازیحە، لە حاڵێکدا قانون بۆ ئەوەیە ئیلتیزاماتێکی تازە ئینشاء بکات، حالآت تەئسیس بکات بۆ حاڵەتێکی قانونی تازە، بۆیە من پێموایە ئەم ماددەیە لەراستیدا قابیلی ئەوەیە دەمج بکرێ، موحتەواکە و مەزمونەکەی لەگەڵ ماددەی دواتری، یان هەر نەمێنێ بەم شێوەیە، چونکە ئەصڵی قانونەکە بۆ ئەوەیە کە ڕێگا لە قۆرخ کردن بگیرێ، تەشجیعی منافەسە و کێبڕکێیەك بکرێ، لە زمنی ئەو ئیتیفاقیاتە دەولییانەی کە هەیە، چونکە ئیتیفاقاتی دەولیش بەراستی تەئیدی ئەو مەوزوعە دەکا کە لە بازاڕی ئازاد دا بازاڕی کێبڕکێیە، بازاڕی ئەوە هەموو کەسێك حەقێکی هاوتای هەبێ لەگەڵ خەڵکی تر، بۆ ئەوەی بتوانێ چالاکی ئابووری خۆی جێ بەجێ بکات، ئەم ماددەیە بەراستی تەحسیلی حاسڵە، یەعنی مەبادیئی قانونیش پێویست ناکا لە نسووسی قانونیدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پشتگیری پێشنیارەکانی کاك عبدالسلام و کاك کاوە دەکەم، کە ئەم ماددەیە ببێتەوە بەیەکێك لەبەندەکانی ماددەی شەش لەگەڵ چاککردنی سیغەکەی، ئێستا من یەك سەعاتە دەمەوێ تێ بگەم لەمێشکی خۆمدا دەیهێنم ئەم سیغەیە یانی چی، دەبێ خوردی بکەمەوە بێنم مەفتەع، مەفتەع دابنێم، بڵێم لەگەڵ ئەوەی کە حکومەتی ئیتیحادی هەندێ ئیتیفاقی دوەلی و موعاهەداتی ئیلتیزام پێوە کردووە، بەلآم ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە مەنعی موناقەسە بکرێت و ئیحتیکار نەمێنێ، بۆیە ئەگەر بەم شێوەیە بێنی تۆزێك ڕێکی بخەیتەوە پاش و پێش بکرێ و لەدوایدا دەمج بکرێ لەگەڵ ماددەی حەوتدا پێموایە ئەوکات لە سیاقی ئەو ماددانەیە و مەعناکەی خۆشی زیاتر دەردەکەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا ئەمنیش ئەو تێبینییەم هەیە کە سیاغەیە ئەو ئیشکالە دروست دەکات کە سۆزان خان باسی کرد، من سیاغەکەم دارِشتۆتەوە تەقریبەن لەزۆربەیان ڕەنگە موتەفیق بێ لەگەڵ ئەوەی کاك عبدالسلام، بەڵام کەمێك گۆڕانکاری تێدایە، بۆیە دەیخوێنمەوە جارێکی تر بۆ لیژنەی بەڕێز، ئەوە هەر بەمشێوە ناکرێ ئیستئساف جوملە بەمشێوەیە بێ (مع عدم الاخلال)، لە (تکون ممارسة)ەوە دەست پێ بکات (تکون ممارسة النشاط الاقتصادي والتجاري بالشكل الذي لا يؤدي الى منع المنافسة أو تقييدها او الاضرار بها وفقاً لأحكام هذا القانون، شريطة عدم الاخلال بالمعاهدات والاتفاقات الدولية)، ئینجا ئەو (سارية في الحكومة الاتحادية)ی ناوێ، ئیتیفاقات کە دەولی بوو یەعنی چی (السارية في الحكومة الاتحادية)؟ بەهەر حاڵ ئەگەر هەشی بێ مەبەستم سیاغەکە بەمشێوەیە بێ باشترە، ئەوە خۆتان باشتر دەزانن، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بەراستی ئەوە لە ئەحکامی خیتامی بێت ئەو ماددەیە، چونکە باس لەوە دەکا (مع عدم الاخلال بما يقتضي به المعاهدات والاتفاقيات)، یەعنی ئێمە دەبێ یاسایەکە دابرِێژین ئەو کاتە باس لەو شتانە بکەین کە نابێ ئیخلال بەو مەعاهەدات و ئیتیفاقاتانە بکرێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم بە دەستکاریش تەبعەن لەناو ناوەڕۆکەکەی زۆر روون نییە وەکو هاوکارانیشم باسیان کرد، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە بخرێتە ئەحکامی خیتامی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من ئەو ماددەیە هەروەکو هاوکارانم کە پێش من باسیان کرد، چونکە دەکەوێتە کۆتایی تەقریبەن کە ئەننەهو کۆپی خەڵقەکەی دیکەیە، بەس ئەوە ئیتر رەئی ئەندامانە، ناروونییەك هەیە، حەزم دەکرد جەنابی وەزیر کە هەڵستایە وە لە روونکردنەوەکەی ئەگەر ئێستاش مەجال هەبێ سیغەکەی مەبەستی چییە؟ دانانی ئەمە ئەوەندە زەرورییە لەناویدا؟ ئایا ئەمە ناتواندرێ بەخاڵێکی تر بەمشێوەیەی کە من ئێستا سیاغەم کردۆتەوە، زەحمەت نەبێ جەنابی وەزیریش گوێی لێ بێ و جەنابیشتان ئەگەر تێیدا هەبێ

هەر ماددەیەك تێ هەڵكێشی هەبێ وەكو هاوكارانم وتیان، بەس بەمشێوەیە، ئەگەر ئێمە جەخت بكەین كە ئێمە دەمانەوێ هەدەفمان لەو قانونە دەرهێنانن بۆ تەشجیعی مونافەسەیە، چ مونافەسەیەك؟ مونافەسەیەكی شەریف كە مەنعی ئیحتیكار بكا، كە ئەوەش قانونی خۆی هەیە وابزانم هەدەفەكە لەناو قانونەكەیە، لەبەر ئەوە بە یەك خاڵ لەگەڵ ماددەكەی پێش ئەو بوترێت (تشجيع ممارسة النشاط الاقتصادي والتجاري بالشكل الذي لا يمنع ولا يقيد المنافسة وفق أحكام هذا القانون) بەس ئەوەندە بكرێتە خاڵی یەكەم لەماددەی پێشوو، من ئەوە پێشنیارمە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی گفتوگۆی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێك هەیە كەوا ئەو ماددەیە دەمج بكرێ لەگەڵ ماددەی پاشی خۆی، بۆچوونێكیش هەیە كە عامە، ئێمە وەكو لیژنەی هاوبەش پشتگیری دەكەین، كە ماددەكە وەكو خۆی چۆن هاتووە ئاوا بمێنێتەوە، بەڵام سیاغەكەی دەگۆڕین، ئەگەر ئیزنمان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سنان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری بازرگانی وپیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیار دەكەین سیاغەكە بگۆڕێ بەو شێوەیەی كە مامۆستا عمر باسی كرد، یان بەو شێوەیەی كە ئێمە دەڵێین (تؤخذ بنظر الاعتبار المعاهدات والاتفاقيات الدولية السارية في الحكومة عند تنفيذ هذا القانون)، دووش حەقەتەن بكەوێتە ئەحكام خیتامیە زۆر مەنتقی تر دەبێتن، ئەوجا هەردووك وەكو یەكن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەتە ئێمە هەرچەندە باسمان كرد دوو رەئی هەیە لەلایەن بەڕێزانەوە كە دەمج بكرێ، رەئی ئێمەش وەكو لیژنە ئەوەیە كە بمێنێتەوە وەكو خۆی، ئێمە موبەڕیڕاتمان بۆ ئەوەی كەوا ئەم ماددەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە بۆ ئەوەیە كە ئەمە زەمانەیەكە بۆ تەتبیق كردنی ئەو ئیتیفاقیاتە دەولیانەی كە لە هەرێمی كوردستاندا ئێمە وەكو بەشێك لە عێراق و بەتایبەتی كە بەپێی دەستووریش بە سیاسەتی ئیقتیصادی و

**تیجاری ئێمە هاوبەشین لەگەڵیان، بۆیە ئێمە پێمان باشە لەبەر زەمانەت بمێنێ، بەڵام ماددەکەی پاشی تری دیارە بەروونی هاتووە کە ئەمە (حەزرە) یەعنی حەزر فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی کەوا ئەوەی لە پێشووی خۆیدا هاتۆتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك عماد.**

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر رێ بدەن ئێمە سیاغەیەکمان هەیە،.....**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڵام نیسابمان تەواو نییە، فەرموو لانە خان.**

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەنیسبەت لیژنەی دارایش تەئکید لەسەر ئەوە دەکا کە ماددەکە بمێنێتەوە، دەمج نەکرێ لەگەڵ ماددەی پاشی، بۆ؟ چونکە ماددەی پاشی لە زەمنی مەحزووراتە، یەعنی ئەو ماددە بمێنێتەوە و وجوودی هەبێ لەناو یاسایەکەی دەوری گرینگە بمێنێتەوە، پشتگیری لەوە دەکەین، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە پێیان بڵێن بێنە ژوورەوە، حەزدەکەی ماددەیەکی تر بخوێنەوە، دواتر هەردووکیان بەیەکەوە دەخەینە دەنگەوە، فەرموو.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەسەسولی ئەم ماددەیە دەبێتە ماددەی هەشتەم.**

**المادة (8):**

**يحظر الاتفاق أو التعاقد بين اشخاص متنافسة في أي سوق، او من تكون له السيطرة على سوق معينة القيام بأي مما يأتي:**

**1-التلاعب في اسعار المنتجات برفع، أو خفض، أو تثبيت أسعار البيع والشراء للمنتجات محل التعامل.**

**2-اقتسام اسواق المنتجات أو تخصيصها على أساس من المناطق الجغرافية أو مراكز التوزيع أو نوعية العملاء أو السلع أو المواسم أو الفترات الزمنية.**

**3-التنسيق فيما يتعلق بالتقدم أو الأمتناع عن الدخول في المناقصات والمزايدات والممارسات وسائر عروض التوريد.**

**4-فرض قيود على الانتاج أو المبيعات بما في ذلك تحديد حصص.**

5-العطاءات التواطئية بأن يتفق طرف واحد أو أكثر على عدم تقديم العطاء أو المناقصة أو الاتفاق على تحديد الاسعار أو بنود أو شروط العطاء أو المناقصة والاتفاق فيما بينهم على أن يكونوا شركاء في العطاء الاكثر جاذبية.

6-تقييد عمليات التصنيع أو التوزيع أو التسويق أو الحد من توزيع الخدمات أو نوعها أو حجمها أو وضع شروط أو قيود على توفيرها.

7-الاتفاق على التصنيع او الانتاج او التوزيع لمنتج لفترة او لفترات محددة.

8-الاتفاق على ابرام صفقات بيع او شراء منتج مع اي شخص او وقف التعامل معه على نحو يؤدي الى الحد من حريته في دخول السوق او الخروج منه في اي وقت.

9-الاتفاق على الاقتصار على توزيع منتج دون غيره على اساس مناطق جغرافية او مراكز توزيع او عملاء او مواسم او فترات زمنية.

10-التمييز بين بائعين أو مشترين تشابه مراكزهم التجارية في اطار البيع أو الشراء أو في شروط التعامل.

11-الامتناع عن انتاج او اتاحة منتج شحيح متى كان انتاجه ممكناً اقتصادياً.

12-الزام المورد بعدم التعامل مع منافس.

13-الحد من حرية تدفق المنتجات الى الأسواق او خروجها منها بصورة كلية أو جزئية ، وذلك باخفائها أو الامتناع عن التعامل فيها ، رغم وجودها لدى حائزها او بتخزينها دون مبرر.

14-منع أو عرقلة ممارسة اي شخص لنشاطه الاقتصادي أو التجاري في السوق.

15-حجب المنتجات المتوفرة في السوق بصورة كلية او جزئية عن شخص محدد دون عذر مشروع.

16-نشر معلومات غير صحيحة عن المنتجات او اسعارها مع العلم بذلك.

17-الامتناع عن التعامل في المنتجات بالبيع او الشراء او الحد من هذا التعامل او عرقلته بما يؤدي الى فرض سعر غير حقيقي له.

18-انقاص او زيادة الكميات المتاحة (المتوفرة) من المنتج بما يؤدي الى افتعال عجز او وفرة غير حقيقية فيه.

19-فرض التزام بعدم التصنيع او الانتاج او التوزيع لمنتج لفترة او فترات محددة.

20-تعليق ابرام عقد او اتفاق بيع او شراء لمنتج على شرط قبول التزامات او منتجات تكون بطبيعتها او بموجب الاستخدام التجاري غير مرتبطة بمحل التعامل الاصلي او الاتفاق.

21اهدار تكافؤ الفرص بين المتنافسين بتمييز بعضهم عن البعض الآخر في شروط صفقات البيع او الشراء دون مبرر مشروع.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردییەکەی.

**بەڕێز د. احمد وەرتێ:**

ماددەی (7): ڕێککەوتن و گرێبەست لە نێوان کەسەکانی کێبڕکێیان لە نێواندایە قەدەغە دەکرێن لە هەر بازاڕێك یاخود ئەو کەسەش کە دەست بەسەرداگرتنی بازاڕێکی دیاریکراوی هەیە ئەم کارانە بکات:

1-یاری کردن بە نرخی بەرهەمەکان بە بەرزکردنەوە یان نزم کردنەوە یاخود چەسپاندنی نرخی فرۆشتن و کڕینی بەروبووم لە شوێنی مامەڵە کردندا.

2-دابەشکردنی بازاڕەکانی بەرهەمە یاخود تەرخانکردنیان لەسەر بنچینەی ناوچەی جوگرافی یاخود سەنتەری دابەشکردن ، یاخود چۆنیەتی کڕیارەکان یاخود کاڵا و وەرز و ماوەی زەمەنیی.

3-هەماهەنگی کردن لەبارەی ئەوەی هەیە بە پەیوەندی هەیە بە پێشکەوتن یان نەچوونە ناو کەمکردنەوەکان و زیادکردنەکان و کار و هەموو عەرزکردنی هاوردەکردن.

4-دانانی کۆت لەسەر بەرهەم و فرۆشتنەکان بە سنووردانانی بەشەکانەوە.

5-تەندەری فێڵاوی وەك ئەوەی لایەنێك یان زیاتر ڕێککەوون لەسەر تەندەر پێشکەشنەکردن یان کەمکردنەوە یاخود ڕێککەوتن لەسەر دیاریکردنی نرخ یا بڕگە یا مەرجەکانی تەندەر یان کەمکردنەوە و ڕێککەوتن لەنێوان خۆیاندا کە هاوبەشن لەو تەندەرەی کە زیاتر سوودبەخشە.

6-سنووردارکردنی کردارەکانی پیشەسازیی کردن یان دابەشکردن و هەناردەکردنی بۆ بازاڕ یاخود ڕێگرتن لە دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان یان جۆرەکانی ، یان قەبارەی یان باری مەرجەکانی یاخود دانانی بەربەست لەبەردەم فەراهەمکردنی.

7-ڕێککەوتن لەسەر پیشەسازی کردن یان بەرهەمهێنان یان دابەشکردنی بەرهەمێك بۆ ماوەیەك یاخود ماوە دیاریکراوەکان.

8-ڕێککەوتن لەسەر بەستنی گرێبەندی فرۆشتن و کڕین لەگەڵ هەرکەسێك یان ڕاگرتنی مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەشێوەیەك کە ببێتە مایەی ڕێگەگرتن لە ئازادی چوونەناو بازاڕ یاخود چوونەدەر لێی لە هەر کاتێکدا.

9-ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی بەرهەمێك دوور لە بەرهەمێکی تر لەسەر بنچینەی ناوچەی جوگرافی یاخود سەنتەری دابەشکردن یا کڕیار یاخود وەرز و ماوەی زەمەنی.

10-جیاوازیکردن لەنێوان فرۆشیار یان کڕیار کە سەنتەری بازرگانیان پێکدەچێ لە چوارچێوەی فرۆشتن و کڕین یاخود لە مەرجەکانی مامەڵەکردندا.

11-ڕێگەگرتن لە بەرهەمهێنان یان ڕێگەدان بە بەرهەمێکی خراپ کە بەرهەمی باشتری لە ڕووی ئابوورییەوە هەبێ.

12-ناچارکردنی ئەوەی بەرهەمەکە دەهێنێ بە مامەڵە نەکردن لەگەڵ کێبڕکێکاردا.

13-سنووردانان لەبەردەم ئازادی هاتنی بەرهەمەکان بۆ بازاڕەکان یا چوونە دەریان بە شێوەیەکی تەواو یا هەندێکی و ئەمەش بە شاردنەوەی یان ڕێگەگرتن لە مامەڵەکردن پێی، هەرچەندە لەلای خاوەنەکەی هەبێ یان عەمباری کردبێ بەبێ ئەوەی پێویست بێ.

14-ڕێگەگرتن یا گرفت دانان لەپێش هەر کەسێك کە چالاکی ئابووری یان بازرگانی لە بازاڕدا دەنوێنێ.

15-شاردنەوەی ئەو بەرهەمەی کە بە زۆری لە بازاڕدا هەیە لە کەسێك بە شێوەیەکی گشتی یان هەندێکی لە کەسێکی دیاریکراو بەبێ هۆیەکی ڕەوا.

16-بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لەبارەی بەرهەمەکان و نرخەکانیان لەگەڵ زانینی بەم کارەی.

17-مامەڵە نەکردن لە کڕین و فرۆشتنی بەرهەمەکان یان گرفت دانان لەپێش ئەو کارە یان ڕێ لێگرتنی کە ببێتە مایەی فەرزکردنی نرخێکی ناراستەقینە بۆی.

18-کەمکردنەوە یان زیادکردنی چەندایەتی بەرهەم کە بەردەستە لە بەرهەمهێنێك کە ببێتە مایەی دروستکردنی کورتهێنان یان زیادەیەکی ناراستەقینە لە بارەیەوە.

19-فەرزکردنی پابەندبوون بە پیشەسازی نەکردن یاخود بەرهەمهێنان یان دابەشکردنی بەرهەم بۆ ماوەیەك یا چەند ماوەیەکی دیاریکراو.

20-هەڵواسینی گرێ بەست یان ڕێککەوتن لەسەر فرۆشتن و کڕین بە مەرجێك پابەندبوون (التزام) یاخود بەرهەمەکان بە سروشتی خۆیان بێت یاخود بەپێی بەکارهێنانی بازرگانی پەیوەست نەبوون بە شوێنی مامەڵەکردنی ئەسڵی یاخود ڕێککەوتن.

21-لەدەستدانی یەکسانی دەرفەت لەنێوان کێبڕکێکاران بە جیاکردنەوەی هەندێکیان لە هەندێکی تریان لە مەرجەکانی گرێبەندی فرۆشتن و کڕین بەبێ بوونی هۆیەکی ڕەوا.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی بەکاربەر.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەینە، بەڵام پێمان باشە دوو بڕگەی تر زیاد بکرێ، چونکە ئێمە لە تەعریفەکان باسی ئینديماجمان کردووە، (سعر الشراء الحقيقي )مان کردووە، ئەم هەردوو تەعریفە دەبێتن لێرە ئێمە ڕێژەکە دیاری بکەین، ڕێژەی ئینديماجی دوو موئەسەسە، کە ڕێژەکە چەندە، یەعنی هەیمەنەتەکە لە بازاڕدا، دەبێتن ئێمە لێرە زیاتر ئەو مەوزوعە لە زمنی ئەو ماددەیە دیاری بکەین، المادة (8): (يحظر الاتفاق أو التعاقد بين الاشخاص المتنافسة في أية سوق، او من تكون له السيطرة على سوق معينة القيام بأي مما يأتي:
1- اي اندماج بين شركتين او اكثر واية ممارسة تجارية مقيدة اذا كانت شركة او مجموعة من شركات مدمجة او مرتبطة مع بعضها تسيطر على 35٪ او اكثر من مجموع انتاج سلعة او خدمة معينة او اذا كان تسيطر على 35٪ او اكثر من مجموع مبيعات سلعة او خدمة معينة، 2- يحظر على اية جهة اعادة بيع منتج غير على حالته بسعر اقل من سعر شرائه الحقيقي مضافة اليه الضرائب والرسوم المفروضة على المنتج ومصاريف النقل ان وجدت اذا كانت الهدف من ذلك اخلال بالمنافسة المشروعة لايشمل حظر المنصوص عليه في هذا البند المنتجات سريعة التلف وتنزيلات المرخص بها لاية بيع يتم لتصفية اعمال او تجديد

مخزون بأسعار أقل)، پێمان باشە  ئەم دوو بڕگەیە لە زمنی ئـەو ماددەیـە تەسـبیت بکرێـت و ئـەوی تـریش ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیـە ئێمـە پشـتگیری لـێ دەکـەین، پشـتگیریش لـەو پێشـنیارە دەکـەین کـە لیژنـەی مـافی بەکاربـەر ئیزافـەی کـرد کـە ئینـدیماجی شـەریکات کـە ئـەو دوو خاڵـە ئیزافـە بکـرێتن، پێشـنیاری رەئـی وەزارەتیشە کە کردیتی کە ئەو دوو خاڵە ئیزافـە بکـرێتن لـە زمـنی مـەحزوورات، بـەس لێـرە پێشـنیارەکی دیمان هەیە بەنیسبەت کـە ئەگـەر لـە بیدایـەت بخوێنینـەوە دەڵـێ (یحظـر الاتفـاق أو التعاقـد بـین اشـخاص متنافسة)، ئەگەر ئیزافەی شەریکات و موئەسەسات بکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سنان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیادکردنی ئەو دوو ماددەیە پێشنیاری وەزارەتی ئێمە بوو، ئەو ئیزافەکردنی شەریکاتەش بێ چ موشکیلەی تێدا نابێتن، موئەسەسات بنووسـرێ باشـتر دەبـێتن، چونکە ئـەو کـات شمـولی هـەموویان دەکـاتن ، ئـەفراد، موئەسەسات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تکایە ناوەکانتان بڵێن، زۆر سوپاس، ئـەو بەڕێزانـە ناویـان نووسـراوە (سـۆزان خـان، کـاك عبدالسلام، تارا خان، ئاهەنگ خان، شلێر خان، د. صباح، کاك سەرهەنگ)، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پشتگیری لەو ئیزافەیەی وەزارەت دەکەم کە لیژنەی بەکاربەریش پشتگیری لێکرد ئیزافە بکرێت، بەڵام من لە شانزەهەمیندا بەتایبەتی کە دەڵێ (نشر معلومات غیر صحیحة عن المنتجات او اسعارها او عدم تسعرها)، چونکە ئێستا حاڵەتێك دروست بووە خۆم دوێنێ ئەوەم بەسەرداهات، دەچیتە بازاڕەکەوە مارکێتێکە کە سعر دانانێت بۆ ئەوەی بتوانێت تەلاعوبی پێوە بکات، یەکێك لە مافەکانی بەکاربەر ئەوەیە سعر بزانێت کە سعرت زانی، زانیت هاوشێوەی ئەو ماددەیە لە شوێنێکی تر بە سعرێکی کەمترە مونافەسەکەش دروست دەبێت و دەچیتە لای ئەوەی کە سعری کەمترە، بۆیە (او عدم تسعرها) بۆی ئیزافە بکەن، چونکە بەبێ سعر دانان ئەو مونافەسەیە چۆن دەبێ، لە وڵاتان خەڵك

مونافەسە لەسەر سەنت دەکات، دەچێت لەشوێنێك کە سەنتێك کەمترە دەچێت شتەکە هەرزانترە دەکرێت، بۆیە (عدم تسعرها)یەکەش ئەوە جەریمەیە، دەبێت هەموو ماددەیەك سعری لەسەر بێت، بۆ ئەوەی بتواندرێت مونافەسەکە دەربکەوێت، عەدەم تەسعیرەکەی بۆ ئیزافە بکرێ بۆ شانزدە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە پێشەکییەکە دەست پێدەکەم، (او من تكون له السيطرة على سوق معينة)، خۆ ئێمە ماددەیەکی پێشوومان هەبوو مەنعی ئەو شتانەمان کردووە، واتە ئێمە ئینتیلاڤ دەکەین نابێت یەکێك سەیتەرەی هەبێت لەسەر بازاڕ موعەیەن، بۆیە بە تەسەوری من زیادە ئەوە، ئەصڵەن ئەوە هەموو یاسایەکە دەخەیتە پرسیارەوە، یەعنی چی؟ تۆ یاسایەکت هەیە لەهەمان کات یەکێك هەیە موسەیتەرە لەسەر بازاڕێك، تەسەوڕ بکەن ئەمە زیادە، نازانم بۆچی ئەوەی تێدایە، یەعنی (له السيطرة على سوق معينة)، واتا ئەو بە تەنیایە، ئیتیفاق لەگەڵ کەسیش ناکات، ئەو مومارەسەتەش هەمووی ناکات، ئەوە مولاحەزەی یەکەم، دەست پێدەکەم بەهەردوو پێشنیاری لیژنەی بەکاربەر، راستە لە زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانەی کە یاسای (ئەنتی تراستیان) هەیە، یان (شێرمان) لە ئەمەریکا یان هەریاسایەك رێژەکان داندراون، بەڵام بێینە بازاڕی خۆمان ئێمە ئەصڵەن لە زۆربەی زۆری قەتاعات هەردوو شەریکەمان هەیە، یان سێمان هەیە، واتا هەر یەکیان ئێستا زیاتر لە 35٪ی هەیە، یەعنی ئاسیاسێڵ و کۆڕەك و دوو، سێ مۆزەفی بچووك ئەمە بڵێین 40٪ی هەیە، ئەوانی تریش 42٪ی هەیە و یەکێك لەوانەی بچووکی کە 12٪ی هەیە، 12٪کە وەکو سانا و وەکو غەیری ئەو کە بۆ حالەتی عەمەلی، سانا نەیتوانی رەئسەن توانی باج بکات بە شەریکەیەك تۆ رای دەگری، خۆی پێش ئێستا نسبەتەکەی زیاتر بوو لە سی و پێنج، بۆیە بیر لە نیسبەکە بکەین یان شێوەیەك لە شێوەکان مەبدەئەکە من لەگەڵی مە، بەڵام ئەوە دەگونجێت بۆ کۆمەڵگایەك فعلە کە بازاڕی ئازادی فەعلی هەیە، ئەوە یەك، دوو، (منع بين منتج سعر قبل الانتاج)، نازانم ئەوانەی ئیشیان کردووە یان گوێیان گرتووە لە بازاڕ ئەو حاڵەتە بەردەوام روو دەدات، مونتەجێکی تازەتر دەردەچێت، (ڤێرژنێکی)تر لە هەمان کۆمپانیا، ئایفۆن پێنج دەرچوو، ئایفۆن چواریش ئەتۆ ملیۆنەها نوسخەت لەبازارە ئەدی چی دەکەی؟ بێ ئەوەی تەنزیلات بێت، بێ ئەوەی هەرشتێك بێت، بێ ئەوەی (سريع التلف) بێت، تۆ ناچاریت پارەی مەخزەن زیاتر رێك بخەیت، بۆیە ئەمەش عەموومیە، ئەمە دوو، سێیەم تێبینی من گشتییە لەسەر هەموو ماددەکانی تر یەك، یەك دێمە سەری، بەڵام دێنمەوە بیرتان ئەو مولاحەزە جوانەی کە لەجێگای خۆی لیژنەی یاسایی لەسەرەتاوە د. رۆژان باسی کرد، ئەو پرۆژەیە زیاتر مەبادیئو مونتەڵەقات و ئینشاء بووە، لەوەی یاسا بێت، ئەمن ناترسێم ببوورن ها، یەعنی ئیشی من نییە، ئیشی ئێوەیە، ئێوە ئەکید خەبیرترن، نەتانتوانیوە سەدا سەد رزگار بن لەو مەوزوعە، لەو ماددەیە ئێستا دێم

خاڵەکان دەخوێنم زۆر شتی تێدایە بەراستی هێشتا زیاتر ئینشائییە، عامە، رەقەم یەك (التلاعب في اسعار المنتجات برفع ، أو خفض ، أو تثبيت أسعار البيع والشراء للمنتجات محل التعامل) ئەم حاڵەتە حەقی هەر مونتیجێکە بە تەسەوڕی من، یەعنی جارێکی دیکە ئەپڵ، ئەیپات بە چوار سەدو نەوەد و نۆ دۆلارە لە یابان بگرە تاوەکو واشنتۆن و لە هایتی بگرە هەتاوەکو دەگەیە هیند، ئەوە تەسبیتی کردووە، ئەو شەریکەی مونتیجی لە مالیزیایە ئیتیفاقیان کردووە بەو سعرە بفرۆشێ، ئەو مەخزەنە . سەرەکییەکەی لە ئیرلەندا ئیتیفاقی کردووە، ئەو ئەمەزۆن، ئەو ئیبای لەکۆمپوتەر، بۆیە بەو عمومیەتە تەسەوڕ دەکەم خۆڕاستە لە تەعریف ئێوە کە داتان ناوە و ئەوەی منیش باسم کرد (احتكار يؤدي الى تثبيت الاسعار او تثبيت حجم ونوعية المنتج)، بەڵام بەمشێوەی ئێستا زۆربەی زۆری مەعامەلات و نەشاتاتی ئابووری کە زۆر رەوا دەچن دەیاگرێتەوە، من دەمەوێ سیعرەکەی کەم بکەمەوە، دەمەوێ زیاد بکەم، بەڵام ئەوها عموم ناکەم، خاڵی شەشەم (تقييد عمليات التصنيع أو التوزيع أو التسويق أو الحد من توزيع الخدمات أو نوعها أو حجمها أو وضع شروط أو قيود على توفيرها)، نازانم یەعنی یەك ئیتیفاق ئەوها تێپەڕ دەبێت لەکاتب عەدل و لە تەسدیق و لە سجلی عەقارات و لە سجلی شەریکات، چونکە ئەمە تۆ خۆت دەڵێی ئەمە ئەوەی کردووە، بۆیە روحییەتەکە مەبدەئەکە جوانە، بەڵام تەسەوڕ دەکەم بەم شێوەیە وەکو ماددەیەکی ئاسایی چۆن تەتبیقی دەکەی، دەزانی چەند ئیجرائاتی پێویستە؟، بۆیە وەك ماددەیەکی ئیجرائاتی قانونی لای من جێگای ئیشکالە، حەوتەم (الاتفاق على التصنيع او الانتاج او التوزيع لمنتج لفترة او لفترات محددة)، بۆ نا؟ تۆ حەقت چییە؟ دیتیان لەبازاڕی کوردستان ئێستا پێشینەی خانووبەرە دەدرێت، ئەوان هەردووکیان ئیتیفاق دەکەن، مەعمەلێکی بچووکی بلۆك دروست بکەن یان هەر شتێك بۆ ئەو هەشت، نۆ مانگەی کە تەسەوڕ دەکەن بازاڕەکە دەرەخسێ، بۆ نا؟ یەعنی بۆ مەنع دەکەی من تێناگەم؟ نۆیەم (الاتفاق على الاقتصار على توزيع منتج دون غيره على اساس مناطق جغرافية او مراكز توزيع او عملاء او مواسم او فترات زمنية)، من دەزانم تەسویرِی دێڤد بێکهام لەمەخمور زیاتر دەفرۆشرێ قەرار دەدەم بۆخۆم تەسویرەکانی بێکهام دێنم، هی میسی ناهێنم، دەزانم لە دهۆك و سلێمانی میسی باوی هەیە، ئەتوو بۆ خۆت بکرە، بۆ مەنعم بکەی؟ مە نتوجێکی موحەددەد هیە دەمەوێ تەنها تیجارەت بە و مەنتوجە بکەم، بۆ من مەنع دەکەی؟ پاشان دەمەوێ من دەزانم بازاڕی ئەو کاڵایە ئەو جێگایە، جێگایەکی تر نییە، لەنزیکی بەحر رەنگە مایۆ سەرف بێتن، لە شاخ پانتۆڵ سەرف دەبێت، یەعنی تەسەوڕ دەکەم ئەمە بیری لێ بکەنەوە جارێکی تر، یانزدە، (الامتناع عن انتاج او اتاحة منتج شحيح متى كان انتاجه ممكنة اقتصادياً)، وابزانم لە دەوڵەتی شوعیش ئەوە نییە، تۆ فەرز دەکەی لەسەر مونتجێك، رەئسماڵێك بتەوێ، نەتەوێ چونکە ئەو ماددەیە لە بازاڕ نییە دەبێ ئینتاجی بکەی، مەعقوڵە، مەعقول نییە، یەعنی دژی مەبدەئی (اتاحة فرصة منافسة)یە ئەصڵەن، چواردە (منع أو عرقلة ممارسة اي شخص لنشاطه الاقتصادي أو التجاري في السوق)، (اشهد با اللة) ئەوە جەریمەیە، مەساسە بە مافی مرۆڤ، مەساسە بە ئەو، چ پەیوەندی بە مونافەسە و ئیحتیکار نییە، ئەمە جێگای لە یاسایەکی ترە، چونکە ناکرێ، شانزە (نشر معلومات غير

صحيحة عن المنتجات او اسعارها مع العلم بذلك)، ئاخر قانونی مەدەنی هەیە، ئاخر تەعلیماتی حکومەت هەیە دەربارەی پێویستە لەسەر وەکو ئەوەی سۆزان خانی باسی کرد، پێویستە هەر دوکاندارێك سعر دابنێت، چی دەکات لێرە؟ چ پەیوەندییەکی بە منافەسە و شتەوە هەیە، تەسەوڕ دەکەم ئەمە زیادە، ببوورن کە درێژ بووەوە، چونکە من لەسەر هەر یەکێکیان تێبینیم هەیە، حەڤدە: (الامتناع عن التعامل في المنتجات بالبيع او الشراء او الحد من هذا التعامل او عرقلته بما يؤدي الى فرض سعر غير حقيقي له)، ئێمە سێ مەتعەمین بەیەکەوە ئیتیفاقمان کردووە لەمەودوا نانی کوردی لەمەتعەمەکان بدەین، سەموون ناکڕین، (الامتناع بالبيع والشراء)، جەریمەکە لەکوێیە؟ تەسەوڕ دەکەم ئەمەش ئیعادەی نەزەری پێ دەوێ، بۆیە رەجاتان لێدەکەم من ئیشارەتم پێداوە، من تەسەوڕ دەکەم وەکو مومارەسە رەنگە باش بێت، بەڵام لەم یاسایە یان خیلالە بە هەندێك مافی خەڵکی تر یانیش داعی نییە تێدابێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسين ياسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من سێ خاڵم هەیە لە تێبینیم لەسەر ئەو ماددەیە، راستە لەبیدایەت دەڵێ (يحظر الاتفاق أو التعاقد بين اشخاص)، ئیتر ئەو ئەشخاسە خۆی یان لەگەڵ شەریکاتە یان لەناو موئەسەساتە؟ ئیزافە کردنی شەریکە یان موئەسەسە زۆر دەور نابینێت، موهیم بەینی ئەشخاسە، نازانم هیچ دەوڵەتێکی ئیشتراکی و شوعی و هەر لایەك کە ئیمانی بە هەموو مافەکانە نازانم لە هەندێ خاڵ حەقی نییە ئەو حەقە بدات بە کەسێك کە تۆ تەشجیعی موناڤەسە دەکەی هەندێك شت حەزر بکەی لە خەڵك، لە هەندێ خاڵ لەگەڵ کاك عبدالسلامم بەڕاستی، من خۆم چوار خاڵم داناوە ئەوانە بە تەسەوری من نەنووسرێ، چونکە وەکو هەم تەحسیلێ حاسڵن، هەم حەقێکی مەشروعی ئەو کەسانەیە کە خۆیان لێرەدا شت دەخەنە بازاڕەوە، خاڵی (12، 13، 14، 15، 17)، لە تەرجومە کردنی کوردییەکەش بە راستی سێ تەرجومە ئەوەی تێگەیشتم بە هەڵە چووبوون لەناوی، تەرجومەی پێنجەم (العطاءات التواطئية)، تەرجومەکەی پڕ بە پێستی نەبوو، هەژدە تەرجومەکەی لێرەدا تەواو نەبوو بەڕاستی، خاڵی (11) باسی دەکا دەڵێ (منتج شحيح) (شحيح) بەکوردی نووسراوە (خراپ)، خراپ نییە (شحيح) نوودرە لەشت یەعنی (کەم هەبێ ئینتاجەکەی)، ئەوەش تەرجومەی تەواو نییە، ئەخیر خاڵیش بیست و یەك (اهدار تكافؤ)، بە هەدەردان، بەفیڕۆچوون دیسان تەرجومەکەی تەواو نەبوو لەوێ، ئەخیر مولاحەزەم ئەو 35٪ی کە وەزارەت پێشنیاری کردووە ئەمن ئەئیدی تەواوی دەکەم بۆ دوو خاڵەکە، بۆ ئیزافە کردنی لیژنە و جەنابی وەزیریش، بەڵام حەزدەکەم ئەو 35٪ لەوڵاتێکی وەکو ئێرە و لەو بازاڕە ئازادە و لەو وەختەی کە ئێمە تەعامولی پێدەکەین ئایا ئەوە ئیخلال نییە بە خەڵکی تر لە ئینتاجی شتەکان؟ حەزدەکەم ئەگەر تەوزیعێك لەسەر ئەو 35٪ بدەن، لەسەر چ پێوەرێك وەرگیراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێزان زۆر نوقتەيان باسكرد، بەس من لەسەر ئەو پێشنيارەی ليژنەی بەكاربەر و بەڕێز وەزيری تيجارەت لەسەر ئەو نيسبەيە هەروەك موناقەشەكە كرا، بەپێچەوانەوە نيسبەی 35٪ بەمن هەندێك زۆريشە، بەپێوەر زۆرە، مەفرووزە كەمتر بكرێ، بەڵام ئێمە چونكە لە بودجە كە شتێك موناقەشە دەكەين لەبيرمان دەچێ كە دەڵێين قەرزی سناعی داندرايە بۆ حكومەت نەيتوانيووە سەرفی بكات، يەك لەو شتانەی كە بۆ نەيتوانيوە سەرف بكات ئەوەيە، ئەو 35٪ و چلەيە و پەنجايەيە، ئەمن قودرەتم نييە، ئايا موهەنديسم؟ بەڵێ، بەڵام قودرەتی مەشروعەكی سياسی زۆر گەورەم نييە، چونكە بە مليار پارەم نييە، بەڵام ئەگەر نيسبەتەكە كەمتر ببێتەوە، ئێستا بەرەئی من ئەو نيسبەيە وابزانم ئەگەر بەغەڵەت نەچووبم لە دوبەی وەرگيرايە، ئيمارات ئەو نسبەيەی هەيە، توركيا كەمترە، توركيا بۆ كەمترە؟ چونكە لەشەرقی ئەوسەت پێش دەسخەتربوو لە سناعە و لە تەسنيع لە سناعەی گچكە، سناعات هەيە لە توركيای سيراميكە لە كورە دەستی پێ كردييە ئێستا خاوەنەكەی ژنيشە و عەلی كۆپتەری هەيە لە مەسانيعەكانی، ئەوەش كاڵايەكە كە لقەكی لێرە هەيە، يەعنی ئينسان تەعەجوب دەكات كو سناعەت پێرسەنت وای لێ بكەی تەتەوڕ بكا، ئيتاڵيا بە مەصدەر وەری بگرێ، ئەوە بەو پێرسەنتەی ئەو سناعەيە تەقەدوم دەكا، بۆيە ئەو نيسبەتە ئەگەر ئێستاش ئێمە لە 35٪ دابنێين، حەقە كە بودجە موناقەشە دەكرێ بۆ دەورەكی دی ئەو 35٪ پێشتر مەشروعەكی لەسەر بكرێ هەموار بكرێتەوە، بزانين چەند قەرزی سناعی سەرف بووە، چەند پارە سەرف بووە، چەند تەشجيعی بازاڕی كرايە، چەند بەلآنس مابەينی سناعە و تيجارە كرايە، حەقە ئەو نيسبە ساڵێكی تر ئەگەر دەورەيەكی تر هاتەوە جەخت لەسەر ئەوە بكەن ئەو 35٪ ببێتە سی يان ببێتە بيست و سێ و بيست و پێنج، وابزانم حەدی عالەميش لە بيست دەست پێدەكا، بيست و پێنج بۆ چلە، لەوەی زياتر نييە، يەعنی پەنجا نييە لە هيچ دنيايێ يەكێكی دابنێی بيكەيە ئەژديها، ئەوە يەك، بەنيسبەت كۆمێنتەكەی سۆزان خان لەسەر تەسعيری مەواد بۆ ناكرێ؟ فعلەن لە ئەستەمبۆڵ هۆم بۆماوەی مانگێك لێرە كە دەرگا كە زۆر موئەسەساتی موقاوەلات ئێحتياجی بە دەرگايە، چونكە مەعاملی دەرگا نييە، هەر ماڵێك لای كەم پێنج دەرگای دەوێ، بەس مەشاريعی ئيستيسمار بە مەلاين دەرگايان دەوێ، بۆ ماوەی مانگێك لە مەجموعە دەرگايەكی سعريان دانەنا، هەموو رۆژێ بۆ هەر سوتفەيەكی كە لێيانمان دەپرسی بۆ سيعری دانانێن دەيانگۆ ئێمە حەزمان لێيە بفرۆشرێ بەڵام ئينتاجەكەی ئێمە ئەمە مەربوتين بە تەسعيری شەريكەی خۆمان و زەريبەی خۆمان، كەواتە مەخسەدم لەوەی چييە، قانونێك هەيە ئەوان دەگری بۆ ئەوەی تەسعيری خۆيان دانەنێن، خۆيان ئەوان مەسلەحەتی

قانونەکەی خۆیان ڕەچاو دەکەن، بەڵام ئایا ڕەقابەی ئێمە لەکێیە بڵێتن بابە ئەتوو مەنتوجەکت دانایە مانگێکە بۆ تەسعیری دانانێی، بەس ئەو پرسیارەم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیە وەکو هاوکارانم زۆریان ئیشارەتیان بەوەدا بەڕاستی ئەگەر ئێمە قانونی مونافەسە زۆر ئێختیساری بکەین ئەم مەحزوراتانە، هەر جارەکەی تریش کە لە ماددەیەکی تردا خۆی زۆری لەسەر سێ تەوەر ئیش دەکا دەڵێ ئەگەر رازی بوون باشە، یەکەم (منع أساءة أستخدام وضع المهيمن أي ان الاحتكار بأشكاله مسموح ولكن يعاقب بالقانون استغلاله للاضرار بالمنافسة)، ثانياً (منع التكتل أو التحالفات الرسمية والضمنية التي قد تؤدي الى اتفاقات على الاسعار أو توزيع الحصص من حيث الانتاج بحيث تضر بالمنافسة)، ثالثاً (التركز الاقتصادي الذي يؤدي الى تجميع المنتجين في سوق معين من خلال عمليات شراء الشركات أو الاندماج أو الهيمنة في عدد قليل من الشركات عادةً ثلاثة واربعة شركات ما قد يضر بالمنافسة)، ئەما ئەگەر ماددەکە مایەوە بەنیسبەت ئەوەی کە لیژنەی ماڤی بەرکاربەر وتوویەتی ئەو ڕێژەیە کە جەنابی وەزیر وتی دیارە خۆی ئاگاداری تیجارەتە لەناو هەرێمدا، بزانین ئەو کۆمپانیایانە ئەگینا لە عێراقدا لە یاسایەکە یەکسەر بۆ لە 50٪ی داناوە، ئەوەی عیراق بیست و یەك ماددە نییە، مەحزووراتەکەی یانزدەیە، یانزەکەش بەڕەئی من ئەوەی کە ئێمە لێرە بۆ ئەوەی زۆر هین نەبێت، زۆر ماددەکان زیاد نەبێت، لەسێیەمدا، لەسێیەم و پێنجەم کە باسی عەتائات دەکات، (التنسيق فيما يتعلق بالتقدم أو الأمتناع عن الدخول في المناقصات والمزايدات)، ئەمە بەڕاستی ئەو هینە نابیندرێت یەعنی کەس مەنع کرابێ لە شروتی عامەی عقود، هەرکەسێك بەپێی پێوەری خۆی دەتوانێت تەقەدوم بکات، یەعنی بەنیسبەت ئەو کۆمپانیایانەی کە دەرەجەکەی چەندە، بەس (العطاءات التواطئي) (بأن يتفق طرف واحد)، بەڕەئی من هەر ئەوەی بەغدا زۆر باشە لە پێنجەم کە دەڵێ (التواطئ في العطاءات او العروض في المناقصة أو الموزايدة)، یەعنی موزایەدەشە لەگەڵ موناقەساتدا، (ولا يعد من قبيل التواطئ تقديم العروض مشتركة يعلم فيها اطرافها)، یەعنی ئەوەشی بۆ داناوە، جاری وا هەیە تەرەفەکان خۆیان یەعنی شەریکەکان زۆر گەورەن، دەبینی بەس لە بەینی دوو، سێ یەکدا تۆ دەتوانیت کەسی تر نییە، لەبەر ئەوە دەڵێ (ولا يعد من قبل التواطئ تقديم عروض مشتركة يعلم فيها أطرافها عن ذالك منذ البداية على ان لاتكون الغاية منها منافسة غير المشروعة والاحتكار و بأية صلةٍ كانت)، وە ئەگەر وابێ زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. صباح.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ماددەیەكی زۆر گرینگ و جەوهەرییە بۆ ئەم یاسایە، بۆیە هەڵوێستە لەسەر كردنی زۆر گرینگە، من وێڕای تەئیدی بەشێك لە بۆچوونەكانی كاك عبدالسلام كە بەشێك لەو بڕگانەی كە لێرەدا هاتووە، بەڕاستی دەچێتە بابی مافەوە، ماف و مومارەسەی چالاكی ئابووری یەعنی كە هەركەسێك بۆی هەیە ئەو كەسبەی، ئەو تیجارەتەی، ئەو بازرگانی و چالاكییەی كە هەیەتی چۆن پەرەی پێ بدا، ئەوە مافێكە كە پێموایە لابدرێ باشترە، بەس كاتێك كە دەڵێین (أو من تكون له السيطرة على سوق معينة) ئەمە ئیقرارە بە بوونی شتێكی وا، یەعنی لەقانوندا حەق نییە ئێمە ئیقرار بكەین بەوەی كە كەسێك هەبێ بتوانێت سەیتەرە بكات، كۆنترۆڵی بازاڕ بكات، بۆیە ئەو بڕگەیە لابچێت زۆر باشە، (من تكون له السيطرة على سوق معينة)، كاتێكیش كە دەڵێی (بين اشخاص متنافسة)، وشەی ئەشخاص لەرووی قانونیەوە ئەشخاسی تەبیعی و مەعنەویش دەگرێتەوە، كەواتە پێویست ناكات باسی شەریكات یان موئەسەسات بكرێ، ئەوەی كە لەم ماددەیە من زۆر سەرەنجی راكێشام، پەیوەندییەكی زۆری هەیە بە تەدوینی قانونیەوە، بەكارهێنانی ئەو، ئەو لە زمانی عەربیدا بۆ تەغیر و بۆ تەردیدە، یەعنی كاتێك كە دەڵێی بە یەكێك ئەوە بكە یان ئەوە بكە، یەعنی تۆ موخەیەری دەكەی یەكێكیان بكات، كاتێكیش دەڵێی ئەوە یان ئەوە مەكە، یەعنی موخەیەری دەكەی یەكێكیان نەكا، بۆیە من پێموایە هەرچی (أو) لەم ماددەیەدا ببێ بە (و)، ببێ بە حەرفی عەطف، چونكە هەمووی بەیەكەوە تۆ باسی تەحریم و حەزری مەجموعەیەك شت دەكەی، (أو)ەكان لابچێ، بەتایبەتی لە زمانی كوردیدا كە تەرجومە كراوە بە (یان) ئەو (یانانە) هەمووی زیادەیە ببێ بە فاریزە، یەعنی بۆ زیاتر روون كردنەوەكە، كە دەڵێی (فرض قيود على الانتاج أو المبيعات)، یەعنی تۆ یەكێكیان حەرام دەكەی لەسەر خەڵكەكە، كەواتە بڵێی (فرض قيود على الانتاج و المبيعات)، لەیەكەمین جوملەدا كە سەیری عیباراتەكە بكەین لە زمانی عەرەبیدا (يحظر الاتفاق أو التعاقد بين اشخاص متنافسة في أية سوق، و من تكون له السيطرة على سوق معينة) لێرە یەكسەر دەڵێ (القيام) ئەم قیامە رەپتی هەیە، دەبێ بڵێی (على القيام بما يأتي)، نەك (بأى مما يأتى)، مولاحەزەیەكی تر زۆرجار ئەم هەڵەیە دووبارە دەبێتەوە كە دەڵێ (أية سوق)، پێویست ناكا بڵێی (أية سوق)، بڵێ (اي سوق)، چونكە ئەمە تەركیبێكی زمانی عەرەبییە معیارمان بەهۆی قورئانی پیرۆزە كە دەفەرموێ (في أي صورة ماشاء ركبك)، نالێ (في أية الصورة) كەواتە ئەوە ئیزافەیە ئەوە لابدرێت، لەبڕگەی (7 و 8 و 9)دا مادام ئێمە لەوە و پێش لە سەدری نەسەكەدا لە سەدری ماددەكەدا باسی ئەوەمان كردووە (يحظر الاتفاق أو التعاقد)، ئەو ئیتیفاقانە هەمووی ئیزافین، (الاتفاق على التصنيع يان الاتفاق على ابرام)، چونكە تۆ لە بیدایەتەوە باسی ئیتیفاقەكەت كردووە كەواتە ئیتیفاقەكان دەبێت لاچێت، بڕگەی حەوتەمیان كە دەڵێ (الاتفاق على التصنيع او الانتاج او التوزيع لمنتج لفترة او لفترات محددة)، ئەصڵەن ئەمە مافێكە كە تۆ ناتوانی مەنعی بكەی، یەعنی وەكو كاك عبدالسلام وتی زۆر تەبیعییە دوو لا ئیتیفاق بكەن لەسەر ئەوەی

با فلآنه شت بەرهەم نەهێنین، تەبیعییە، تۆ ناتوانی ئیلزامی بکەی، نۆیەمینیشیان بە هەمان شێوە (الاقتصار على توزيع منتج دون غيره على اساس مناطق جغرافية او مراكز توزيع او عملاء او مواسم او فترات زمنية)، یەعنی لە هیچ شوێنێکدا ئێمە ئەو تەقیدە نابینین بەم شێوەیەی کە لەم هینەدا هاتووە، لەم ماددەیەدا هاتووە، یان یازدەهەم یەعنی تۆ بڵێی (الامتناع عن انتاج او اتاحة منتج شحيح متى كان انتاجه ممكنة اقتصادياً)، یەعنی تۆ لێرە کە فەرز دەکەی لەسەری کە حەتمەن دەبێ شتێك دروست بکات، چونکە تۆ مەنعی دەکەی ئیمتناع بکات لە دروست کردنی، کە مەنعی ئیمتناعت کرد واتە فەرز کردن لەسەری، زۆرجار دەمان بیست لە کاتی خوێندنەوەی ئەم نصە قانونییە لەباتی موەرید دەیانگۆت مەورید، تکایە ئەوە راست بکەنەوە با دووبارە نەبێتەوە، دێمە سەر شازدەهەم، منیش تەئیدی ئەو بۆچوونە دەکەم کە رێگا بگیرێ لە (عدم تسعير)یش یەعنی هەمیشە تەسعیر رێکارێکی زۆر باشە بۆ رێگرتن لە ئیحتیکارو شتانە، لەبڕگەی حەڤدە دا باس لەوە دەکرێت (الامتناع عن التعامل في المنتجات بالبيع والشراء والحد من هذا التعامل وعرقلته بما يؤدي الى فرض سعر غير حقيقي له)، داواکارم ببێت بە (اسعار غير حقيقية لها)، چونکە ئێمە باسی مونتەجات دەکەین، باسی تەعامولەکە دەکەین، نۆزدەهەمیش بەهەمان شێوە لەگەڵ حەوتەمدا یەك مەفهومیان هەیە، یەعنی ئەگەر بمێنێتەوە یەکێکیان کافییە، هەرچەند رەئیم وایە کە هیچیان نەمێنێ، خۆی لەئەصڵدا ئەم ماددەی زۆر گرینگە، بەو مولاحەزاتانەوە کە حەرزم کردن، هیوادارم بە نەزەری ئێعتیبار وەری بگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی قسەکانی ئاهەنگ خان دەکەم لەسەر دابەزاندنی ئەم نیسبەتە، رەنگە ئەم نیسبەتە بۆ ئێستای ئێمە زۆر بێت، پشتیوانی ئەو بۆچوونەش دەکەم کە لەسەر تەسعیرە وترا بەڕاستی، بەفعلی دانەنانی تەسعیرە یەکێکە لەو رێگایانەی کە ئیحتیکاری پێ دەکرێت، ئەوەش خاڵێکی گرینگە و پشتیوانی ئەو بۆچوونە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبداللە.

**بەڕێز عبدالله محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەو قانونە دوو هەدەفی هەیە، یەکەمیان حیمایەی مونافەسە، دوو، مەنعی ئیحتیکار، ئەو ماددەیە بەشێوەیەك سیاغە کراوە تەنها هەدەفی دووەم دەپێکێ کە مەنعی ئیحتیکارە، ئەگەر لە تەعریفەکاندا بیخۆێنینەوە لەماددەی پێنجەم باسی قۆرخ کردن دەکا، قۆرخ کردن تەبعەن ئەصڵ ئەوەیە ئیتیفاق یاخود

عەقد مەشروعە، یەعنی وەکو کاك عبدالسلام گۆتی من لەگەڵ شەریکەیەك ئیتیفاق دەکەم، ئێستا سلفەی عەقار دەدرێ مەعمەلی بلۆك دادەنێم، ئەم ئیتیفاقە مەشروعە، بەڵام یەك مەرجی داناوە لە تەعریفەکەدا، باسی قۆرخ کردن دەکا دەڵێ دەبێت ئەم ئیتیفاقە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە موجتەمەع کەواتە لێرەدا ئێمە لەم ماددەیە زۆر زەروورە یەك ئیزافە بکەین، یەعنی لەماددەی حەوت بڵێین (رێککەوتن و گرێبەست لەنێوان کەسەکانی کێبڕکێکاردا لەنێواندا قەدەغە دەکرێت، لە هەر بازاڕێك یاخود ئەو کەسەش کە دەست بەسەرداگرتنی بازاڕێکی دیاری کراوی هەیە، ئەگەر بووە هۆی زیان گەیاندن بە موجتەمەع یاخود موستەهلیك)، ئەگەر ئەمەی لەپێش نەبێ یەعنی تۆ مەنعی ئیش دەکەی، مەنعی نەشاتی ئیقتیسادی دەکەی، بەڵام ئەگەر ئەمەت لەپێش دانا ئیتیفاق ڕێ پێدراوە، مەشروعە، عەقد ڕێ پێدراوە، دوو کەس شتێك دەکرن، شتێك ناکرن ڕێ پێدراوە، نرخێك دادەبەزێنێ، من داشکاندنێك دەکەم ڕێ پێدراوم، بەڵام ئەگەر بووە هۆی زیان گەیاندن بە موجتەمەع یاخود بەکاربەر ئەو کاتە دەبێتە ئیحتیکار، واتە ئیحتیکار لە حەدی زاتی خۆیدا مەشروعە، بەڵام کاتێك کە بووە هۆی زیان گەیاندن بەکۆمەڵگا یاخود موستەهلیك دەبێتە مەشروع و قەدەغە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی نازانم، بەڵام ئەوەی کە ئێمە بەدواداچوونمان کردووە و یاسایەکانی وڵاتانی دونیامان دیتوە، سێ مەبدەئی ئەساسی دەبێتن لەیاسای مونافەسەدا هەبێتن، یەکەمیان (نیتاقی سریانە)، دووەم، (ئیستیسنائاتن)، سێیەم، (مەحزوراتن)، یەعنی ئەمە لە هەموو دونیادا هەیە، نازانم برادەران تەماشای یاسایەکانی وڵاتانی دونیایان کردووە یان نا؟ ئەمە سێ مەبدەئی ئەساسینە، باشە چۆن لەیاسادا مەحزورات نەبێت؟ ئەوە یەکەم، دووەم، ئەم مەحزوراتانە موقەیەد کراوە، ئەگەر ئێوە موقەدیمەکە بخوێنن دەڵێتن (من تکون لە السیطرة علی سوق معینة)، یەك بازاڕی موعەیەنە، ئەگەر سەیتەرەی لەسەر هەبێتن، بۆنموونە ئێستا دوو شەریکە ئیندیماج بکەن لەگەڵ یەکتر، هەیمەنەیەك هەبێتن لەسەر سوقەکی موعەیەن، تەلاعوب بە ئەسعار بکەن، باشە ئەوە مەحزورات نییە؟ ئەو خەڵکانەی تر یەعنی مافیان نەبێتن ئەمە هەموو لەو چوارچێوەیەدا دەبێتن ئێمە بیدایەتەکە باش تێ بگەین بابزانین ئەوەی دواتر کە چۆن داڕێژراوە، لەبەر ئەوە ئێمە پشتگیری لەو نەسە دەکەین کە ئێمە دامان رشتووە، دووەم، مەسەلەی پێوەر بۆ ڕێژە، ئەم ڕێژەیە لەهەر وڵاتێك بەشێوازێك داندراوە، هەیە 25٪، هەیە 50٪یە، هەیە 40٪، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ تەتەوری ئیقتیسادی ئەو وڵاتە، ئێمە لەهەرێمی کوردستاندا لەسەرەتای دروستکردنی ئیقتیسادین، پێموایە دەبێتن ئێمەش وەکو عێراق بین، لە عێراق 50٪یە، بەڵام کە وەزارەتی مەعنی پێشنیاری کردووە ئەوان زیاتر دەزانن، داتا و زانیارییەکان زیاتر لەبەر دەستیانە، دەزانن کە ئەو ڕێژەیە

گونجاوه بـۆ هـەرێمی کوردسـتان، لەبـەر ئـەوە پێـوەر ئەوەیـە، پێـوەری دەستنیشـانکردنی رێـژە تەتـەوڕی ئیقتیسادی وڵاتەکەیە، لەوانەیە هەندێك کەم و کوڕی لوغەوی هەبێتن، ڕاستە، منـیش لەگـەڵ قسـەکانی د. صباحم، هەنـدێك ئەو (و) و ئەو......، بەڵام دەتوانین دواتر ئێمە مەعالەجەی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەمن هەنـدێك تێبینیم هەیە بەنیسبەت رەئی شەخسی خۆم، بەنیسبەت خـاڵی حەوتـەم کـە دەڵـێ (الاتفاق على التصنيع او الانتاج او التوزيع لمنتج لفترة او لفـترات محـددة)، ئێمـە لێـرە دەبـێ یـەك جیـاوازی بکەین مابەینی سلعەی، یەعنی سلعەعمان هەیە، کاڵامـان هەیـە، تـابیعی سـتراتیجی وەردەگـری، یـەعنی لێـرە راستە ئەوە لـە زمنـی مـەحزورات داندرایـە، بـەس نـەك ئـەتوو بـە نیسـبەت سـیلەعی کـەمالیات و شـتی وا، یەعنی بۆ نموونە سیلەعی ئیستهلاکی مەسەلەن شەکر، برنـج مەبەستم ئەوەیە یەعنی لەهەموو کاتێك، لـە هـەموو وەختێـك ئینسـان پێویسـتێتی، ئـەوە لـە زمـنی یـەعنی سـیلعەکی، تابعـەکی ئیسـتراتیجی هەیـە پێویستمانە، ئیسـتیهلاکییە، یـەعنی نـەك ئـەمن بـێم مەسـەلەن فەترەیـەك برنجـی لـەبازاڕ کـەم بکەمـەوە، خەزن بکەم لەمەخزەنی دوایێ بەکەیفی خۆم سعرەکی بەرزی لەسەر دابنێم و یان مەسەلەن برنـج نەمێنێ لە بازاڕی، بۆنموونە یان شەکر نەمێنێتن، یەعنی لێرە ئەو مەحزوراتە کە داندرایە دەبـێ ئـەتۆ موقارەنـەی پێ بکەی حەسەب تەبیعەتی سیلعەکەی، یەعنی کە تەئسیر دەبـێتن، هـەروەها بەنیسـبەت خـاڵی نۆیـەم کـە دەڵێ (الاتفاق على الاقتصار على توزيع منتج دون غيره على اساس المناطق الجغرافية)، مەسەلەن بۆ نموونە ئەمن لە مەنتیقەیەکی یان مەسەلەن لە هەولێرێ فلان ماددەی ئیستهلاکی، سیلعەی ئیستهلاکی کە گرینگە لە سیلەعی زەرووری بە نیسبەت فەردی لێـرە نـەهێڵم مەسـەلەن لـە دهـۆك ئیحتیکـاری پـێ بکـەم، یـەعنی خەڵکەکە هەموو روو لەوێندەر بکاتن، بچێ لەوێ بکرێتن و نرخەکەش ئـەمن بـە کـەیفی خـۆم سـەیتەرەی لەسەر دەکەم، نرخەکی بەرزی لەسەر دادەنێم، لێرە یەعنی بەس ئەو تێبینییەم دەوێ ئیشـارەت پـێ بـدەم، یـەعنی ئێمـە دەبـێ لێـرە ئـەو خاڵانـە رەبـت بکـرێ بـە تەبیعـەتی سـیلعەکەی، ئایـا ئـەو سـیلعە تـابیعی ئیستراتیجی هەیە لە سیلەعی زەروریاتە، لـە سـیلەعی ئیسـتیهلاکییە، یـان لـە سـیلەعی کەمالیاتـە، تـەبیعی بەنیسبەت خاڵی چواردەش ئەمن لەگەڵ ئەو ڕەئییەمە کـە کـاك عبدالسلامیشـی گـۆتی یـەعنی بـەمن ئـەوە نەمینێتن (منع أو عرقلة ممارسة اي شخص لنشاطه الاقتصـادي أو التجاري في السوق) پێویسـت ناکـات ئـەو خاڵە بمێنێتن، نوقتەی شانزە (نشر معلومات غير صحيحة عن المنتجات او اسعارها)، یـەعنی ئـەوە لـە زمـنی مەحزوراتە، یـەعنی دەبێـت ئێمـە کـە سـیلعەك هـەبێ یـان مەنتوجـەك هـەبێ، دەبـێ بەڕاسـتی سـیعرەکەی یەعنی سیعرەکەی خۆی دابنـدرێتن لـە هـەر مـەخازنێك دەبـێ سـیعری لەسـەر دابنـدرێت کـە فلان سـیلعە سیعرەکەی ئەوەندەیە، بەنیسبەت نوقتەی ئەوەی کە ئەو نیسبە و ئەو رێژەی کە وەزارەت داینایە کە 35٪

کە لەیاسای عێراقیش 50٪ داندرایە، تەبیعی ئەو نیسبەیە لەسەر چ ئەساسێك دادەنـدرێ؟ لەسەر چ معیارێك؟ لەسەر تەئسیری لەسەر قەبارەی سوقە، بۆیە یەعنی بەڕەئی من ئەو 35٪ کە وەزارەت داینایە یەعنی نیسبەیەکی باشە، ئەگەر ببێتە 30٪یش باشترە، ئەوە رەئی خۆمە شەخسی، یەعنی ئەو نیسبە دادەندرێتن مەربووتە بە حەجمی بازێڕ بە حەجمی سوق ئەو نیسبە دادەندرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سنان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەل جار حەز دەکەم یەك، دوو شتی شەرح بکەم لەسەر مەوزوعی ئەو سەدا سی و پێنجەی، پارەکە داوەت کراین بۆ سویسڕای بۆ ئەو مەوزوعەی، لەسەر ئەو مەوزوعی ئیحتیکار و ئەوانە، لەوێندەرێ شەرمم لەخۆم کرد، دەوڵەتەکانی ئەفریقیا، دەوڵەتەکانی ئەمەریکا بە فەرسەخ لەپێش ئێمەنە، ئەگەر ئێمە دەمانەوێتن بازاڕی ئازاد، لەگەڵ دونیایێ ئینديماج بکەین، قانون هەیە پێویستمانە، زەرورییە کە ئێمە بیکەین، ئێستاکە عێراق هەوڵدەدات کە داخلی مەنەزەمەی تیجارەی عالەمی بێتن، پێی خۆشە داخیل بێتن، پێی ناخۆشە ئەوە حیسابەکی دیکەیە، بەس فەرز و جەبر کرایە کە دەبێ مادام ئەتوو لە سوقی ئیشتراکی هاتییە دەرێ، داخیلی سوقی بازاڕ بووی دەبێ ئەوە داخیل بی، ئەوجا لەبەر ئەوە عێراق مەجبوربووە ئەو قانونە دەربهێنێتن، نموونەیەکی بەسیت بۆ ئەعزای پەرلەمانی شەرح بکەم، ئەمڕۆ تیجارەتی یەك دەوڵەتتان دەدەمێ لەگەڵ عێراق، لەگەڵ ئێمە، تورکیا 2009 حەجمی تیجارەتی عێراق و تورکیای چوار ملیار بوو، لەوەی کە 90٪ی لەگەڵ هەرێمی کوردستانە، تەقریبەن 10٪ی بۆ وان بوو، ئەمڕۆ حەجمی تیجارەتی تورکیای لەگەڵ ئێمە لە حد ودی (12) ملیارە، 80٪ی بۆ هەرێمی کوردستانە، عەدەدی شەریکاتی بیانی ئەوەی تەسجیل کرایە لەلای ئێمە بۆ دووقات و نیوی ئەوەی تەسجیل کرایە لە بەغدایە، زرووف بەغدایێ هەمووتان چاك دەزانن، لەبەر ئەوەی لە بەغدایێ ئەو قانونەیان کە دەرهێنا بە مەجبوری دەرهاتییە، مەصالحی شەریکاتی خۆیان لەپێش چاو دانایە، چونکە هەموو مەصالحێکی گەورەیان هەیە، لەدونیایێ لەهیچ جێگایەکی نییە ئەو رێژەیە 50٪ بێت، لەدەوڵەتەکانی ئەفەریقیا، لە دەوڵەتەکانی ئەمەریکا لەنێوان بیست هەتا سی و پێنجە، دەوڵەتی تورکیای کە ئەمڕۆ لە شەرقی ئەوسەتدا دەتوانین بڵێین تەصنیع ترین دەوڵەتە پاش ئیسرائیلیش با ئەوەش بڵێین حەقیقەتەکەی 24٪، شەریکاتی تورکی هاتە لای من دەیان ویست کارگەی چیمەنتۆی لێرانە دروست بکەن، لێیانم پرسی گۆتم باشە ئێوە بۆ لە تورکیای دانانێن؟ گۆتیان ئێمە ناتوانین، چونکە قانونی موونافەسە ومەنعی ئیحتیکاری ئێمە مەنعی کردووە لە 24٪ی زیاتر بێت، ئەگەر لە 24٪ی زیاتر بێت مانای سەیتەرە دەکەین لەسەر سوق، بەکەیفی خۆمان سیعری هەڵدەگرین، بەکەیفی خۆمان سیعری دەینینە خوارێ، هی ئیمارات ئەو دەوڵەتانە 35٪ یان دانایە، چونکە ئەوان ئەوەندە ئینتاجەیان نییە، ئێمە هەدەفێکمان هەیە لێرانە، هەدەف ئێمە ئەوەیە ئێمە رەقابەت بکەین لەگەڵ دوەلی عالەم، نەك بەس ئێرانە، چونکە ئێمە

ئیمکانیەتێکی زۆرمان هەیە لە هەموو نەوعەك، مەوادی خاومان هەیە، ئەیدی عامیلەمان هەیە، دەرگا کراوەتەوە بە هەموو شێوەیەك بۆ شەریکاتی ئەجنەبی کە بێ هاوکاری ئێمە بکاتن، ئیش بکەین، لەبەر ئەوە ئەو 35٪ بۆ ئەمڕۆ زۆر باشە، بەس پێنج ساڵی دی، شەش ساڵی دی کە سناعەتی ئێمە پێشکەوت ئێحتیمالی زۆر هەیە ئێمە بە خۆمان داوا بکەین کە وەزارەت یان هەر وەزارەتەکی دی ئەو ڕێژەیە بێتە خوارێ، لەبەر ئەوە 35٪ بۆ ئەمڕۆ شتێکی زۆر باشە، ئەوە یەك، دووەمینیش سیاغەی ماددەکەی ئەگەر بەم شێوەیە بگۆڕین وا زەن دەکەم ئەوا بۆ هەموو برادەرەکان باش دەبێتن، لەجیاتی ئەوەی دەنووسین (یحظر الاتفاق بما یلي: اذا کان بقصد الاحتکار وتحقیق المنافسة الغیر المشروعة) کە ئەوە دادەنێین ئەوە شمولی هەمووان دەکاتن، چ موشکیلە لەگۆڕێ نامێنێت لێرانە، بۆ ئەوانی دی ئێمە وا بەباش دەزانین بمینێت وەکی خۆی سیغەکانیان باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەرووی ئەو ملاحەزاتانەی کە بەڕێز کاك د. صباح باسی کرد کە لوغەوییەن ناتەواوە ئەگەر ئیزنمان بدەن دوایی ئەوە ئەو تەسحیحە لوغەویە لەلیژنەکەدا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا دوا سیاغەتان بخوێننەوە دواتر چاکی بکەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغەکەمان بەمشێوەیە دارِشتۆتەوە:

المادة (8):

یحظر الاتفاق أو التعاقد بین اشخاص متنافسة في أیة سوق، او من تکون له السیطرة علی سوق معینة بقصد الاحتکار وتحقیق المنافسة غیر المشروعة بما یلي:

1- اي اندماج بین شرکتین او اکثر وایة ممارسة تجاریة مقیدة اذا کانت شرکة او مجموعة من الشرکات المندمجة او مرتبطة مع بعضها تسیطر علی 35٪ او اکثر من مجموع انتاج سلعة او خدمة معینة او اذا کان تسیطر علی 35٪ او اکثر من مجموع مبیعات سلعة او خدمة معینة.

2- یحظر علی ایة جهة اعادة بیع منتج غیر علی حالته بسعر اقل من سعر شراءه الحقیقي مضافة الیه الضرائب والرسوم المفروضة علی المنتج ومصاریف النقل ان وجدت اذا کانت الهدف من ذلك اخلال بالمنافسة المشروعة لایشمل حظر المنصوص علیه في هذا البند المنتجات سریعة التلف والتنزیلات المرخص بها لایة بیع یتم لتصفیة اعمال او تجدید مخزون بأسعار اقل.

3- التلاعب في اسعار المنتجات برفع، أو خفض، أو تثبيت أسعار البيع والشراء للمنتجات محل التعامل.

4- اقتسام اسواق المنتجات أو تخصيصها على أساس من المناطق الجغرافية أو مراكز التوزيع أو نوعية العملاء أو السلع أو المواسم أو الفترات الزمنية.

5- التنسيق فيما يتعلق بالتقدم أو الأمتناع عن الدخول في المناقصات والمزايدات والممارسات وسائر عروض التوريد.

6- فرض قيود على الانتاج أو المبيعات بما في ذلك تحديد حصص.

7- التواطئ في العطاءات بأن يتفق طرف واحد أو أكثر على عدم تقديم العطاء أو المناقصة أو الاتفاق على تحديد الاسعار أو بنود أو شروط العطاء أو المناقصة والاتفاق فيما بينهم على أن يكونوا شركاء في العطاء الاكثر جاذبية.

8- تقييد عمليات التصنيع أو التوزيع أو التسويق أو الحد من توزيع الخدمات أو نوعها أو حجمها أو وضع شروط أو قيود على توفيرها.

9- الاتفاق على التصنيع او الانتاج او التوزيع لمنتج لفترة او لفترات محددة.

10-الاتفاق على ابرام صفقات بيع او شراء منتج مع اي شخص او وقف التعامل معه على نحو يؤدي الى الحد من حريته في دخول السوق او الخروج منه في اي وقت.

11- الاتفاق على الاقتصار على توزيع منتج دون غيره على اساس مناطق جغرافية او مراكز توزيع او عملاء او مواسم او فترات زمنية.

12- التمييز بين بائعين أو مشترين تشابه مراكزهم التجارية في اطار البيع أو الشراء أو في شروط التعامل.

13- الامتناع عن انتاج او اتاحة منتج شحيح متى كان انتاجه ممكنة اقتصادياً.

14- الزام مورد بعدم التعامل مع منافس.

15- الحد من حرية تدفق المنتجات الى الأسواق او خروجها منها بصورة كلية أو جزئية، وذلك باخفائها أو الامتناع عن التعامل فيها، رغم وجودها لدى حائزها او بتخزينها دون مبرر.

16- منع أو عرقلة ممارسة اي شخص لنشاطه الاقتصادي أو التجاري في السوق.

17- حجب المنتجات المتوفرة في السوق بصورة كلية او جزئية عن شخص محدد دون عذر مشروع.

18- نشر معلومات غير صحيحة عن المنتجات او اسعارها او عدم تسعيرها مع العلم بذلك.

19- الامتناع عن التعامل في المنتجات بالبيع او الشراء او الحد من هذا التعامل او عرقلته بما يؤدي الى فرض اسعار غير حقيقية له.

20- انقاص او زيادة الكميات المتاحة (المتوفرة) من المنتج بما يؤدي الى افتعال عجز او وفرة غير حقيقية فيه.

21- فرض التزام بعدم التصنيع او الانتاج او التوزيع لمنتج لفترة او فترات محددة.

22- تعليق ابرام عقد او اتفاق بيع او شراء لمنتج على شرط قبول التزامات او منتجات تكون بطبيعتها او بموجب الاستخدام التجاري غير مرتبطة بمحل التعامل الاصلي او الاتفاق.

23- اهدار تكافؤ الفرص بين المتنافسين بتمييز بعضهم عن البعض الآخر في شروط صفقات البيع او الشراء دون مبرر مشروع.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیە بەو سیغەیەی خوێندرایەوە، بەڵام دەستەڵاتی ئەوەیان بدەینێ دوایی لەرووی زمانەوانییەوە دایڕێژنەوە، بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، بەو سیاغەی كە ئێستا خوێندرایەوە كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، تەنها (2)كەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا بڕۆنە سەر ماددەی پێشووتر تەسویتمان لەسەر نەكردووە، ئەویش بخوێننەوە سیاغەكەی تكایە، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دەنگمان لەسەر ماددەی شەش نەداوە كە بووە ماددەی حەوت.

المادة (7): تكون ممارسة النشاط الاقتصادي والتجاري بالشكل الذي لا يؤدي الى منع المنافسة او تقييدها او الاضرار بها وفقاً لاحكام هذا القانون شريطة عدم الاخلال بالمعاهدات والاتفاقيات الدولية المصادقة عليها من قبل الحكومة الاتحادية.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، (1)كەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (9): بناءً على اقتراح المجلس يمنح العاملون في المجلس صفة اعضاء الضبط القضائي من قبل رئيس السلطة القضائية لاثبات الجرائم التي تقع بالمخالفة في احكام هذا القانون ولهم في سبيل ذلك الحق في دخول الاماكن والمحال والمنشأت التي يزاول فيها المخالف نشاطه و تفتيشها والاطلاع على مستنداتها وسجلاتها لدى أية جهة كانت حكومية او غير حكومية.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەكوردییەكەی.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم علي (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (9): بەپێی پێشنیاری ئەنجومەن ڕێ لە کارمەندانی ئەنجومەن دەگیرێ کە سیفەتی ئەندامانی زەبتکردنی دادوەرییان هەبێ، لەلایەن سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری بۆ سەلماندنی ئەو تاوانانەی لەئەنجامی سەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە روو دەدەن و لە پێناوی ئەوەش مافی ئەوەیان هەیە بچنە شوێن و ئەو دروستکراوانەی کە سەرپێچیکار چالاکی خۆی تێدا دەنوێنێ لەگەڵ پشکنینی و سەیرکردنی بەڵگەنامە و تۆمارەکانی هەر لایەنێکی حکومی و ناحکومی.

لەسەرەتای ماددەکە وا نووسراوە کوردییەکەی هەڵەیە (بەپێی پێشنیاری ئەنجومەن ڕێ لە کارمەندانی ئەنجومەن دەگیرێ.....) کە عەرەبییەکەی دەڵێ (یمنح العاملون) واتە ڕێیان پێدەدرێ، یەعنی پێیان دەبەخشرێ، ئیتر ئەوە راست بکرێتەوە، ڕێ لێگیران نییە، بەڵکو ڕێ پێدانە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی بەکاربەر.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ماددەکە دەکەین وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری دەکەین ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سنان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو خۆی بمێنێتەوە، باشە، هیچ عەیبی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تکایە ناوەکانتان بڵێن، زۆر سوپاس، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (تارا خان، کاك عبدالسلام، شلێر خان، سۆزان خان، د. عمر)، فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوە دیسان لەرووی سیاغەوە تەماشای بکەین ماددەکە نووسراوە (بناءً علی اقتراح المجلس یمنح العاملون في المجلس صفة اعضاء الضبط القضائي)، با بەم شێوەیە بێت: (یقترح المجلس لرئیس السلطة

**القضائية لاثبات الجرائم الذي تقع بالمخالفة في احكام هذا القانون ان يمنح العاملون في المجلس صفة اعضاء الضبط القضائي)، يەعنی خۆی داوا دەکا مەجلیسەکە لەرەئیسی سوڵتەی قەزایی، کە ئەو ڕێگایە بدرێ بەو نەفەرانەی ناو مەجلیسەکە بتوانن سیفەتی زەبیتی قەزاییان هەبێ، بەس بەڕای من لەگەڵ ئەوەشدا تۆ بچیت شتێك خەبەری لێ دراوە، بۆ نموونە کە جەودەکەی باش نییە، ئەو ئەعزای مەجلیسە حەقە لەگەڵیشی کوالێتی کۆنترۆڵ یەعنی بەشێوەیەك هەبێت کە جەودەی ئەو شتەش بزانن، تەنها هەر هی مەجلیسەکە نەبن، بەڵکو ئیزافەی ئەوەش بکرێت کە خەڵکێکی خەبیرو شارەزا لەو مەوزوعە کوالێتی کۆنترۆڵ هەبێ لەکاتی سووراندنیان، کردنیان بەسیفەی زەبتی قەزایی کە لە سوڵتەی قەزاییەوە وەری دەگرن، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك عبدالسلام.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشبینی دەکەم لەو ماددەیەش من تەنها کەسێك بم دژی بم، من نازانم لە قانون زۆر تێناگەم، بەڵام ڕەجا دەکەم لەو خوشك و برایانەی لە قانون دەزانن ئەم ماددەیە وا نیشان دەدات هیچ لایەنێکی ئیجرائی نییە لەو وڵاتە غەیری ئەم مەجلیسە، ئێمە خەریکە یاسایەکی مافی بەکاربەر دەردەکەین، ئەوان ئیشیانە، ئیشی عەمەلی و ئیجرائی بکەن، ئێمە قانونی عقوباتمان هەیە، قانونی جەرائیمی ئیقتیسادیمان هەیە، ئێمە وەزارەتمان هەیە، ئێمە مەجموعە موئەسەساتمان هەیە، ئیشیانە لە پارێزگا لە هەموو جێگایەك کۆنترۆڵی بازاڕ بکەن، من تێناگەم ئەم مەجلیسە چییە؟ خۆی لەجیاتی هەموو حکومەتە، کەس نییە غەیری ئەو؟ یان ئەمانە ئەساسی مەقاییس دادەنێن، مەقاییە دادەنێن و تاوەکو جیهاتی ئیجرائی تەنفیزی بکەن، بۆیە لە ڕوحییەتی ئەم ماددە و زەروریەتی تێ ناگەم، ئەوان ئەم قانونە تەنفیز دەکەن، بۆ ئەوەی هەوڵبدەن مومارەساتی ڕێگر لە کێبڕکێ، قۆرخ کردن، ئیحتیکار نەهێڵن هەبێت، تەواو، دەوڵەتێك لەوێیە، کۆمەڵگایەك لەوێیە، مەجموعەی موئەسەسات ئەمە بە تەسەوری من نازانم ئەم سیفەتەی ئەعزای زەبتی قەزائی بدرێتە مەحاسب و بدرێتە بەڕێوەبەر و بدرێتە کاتب و لەسەر چ ئەساسێك و بەرەو کێوە دەچین؟ ڕاستە ئێستا هەنجەتەکە ئەوەیە دەڵێن ئاخیر پێشنیارەکە بۆ رەئیسی سوڵتەی قەزاییە، ئەوە ڕەئی شەخسی منە، من نازانم، من دەڵێم بیری لێ بکەن ئەم دەستەڵاتە بۆ مەجلیسێکە کە لەغەیری ئەو کەسی تر نییە ئەم ئیشە بکاتن، ئێمە پۆلیسمان هەیە، ئێمە پارێزگامان هەیە، ئێمە وەزارەتمان هەیە، من دەڵێم ئەم ماددەیە زیادە، بەتێگەیشتنی من زۆر، زۆر لاواز و بەسیت لەیاسا ئەصڵەن ئەمە غەڵەتەو ئیختلاتە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو شلێر خان.**

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا ئەمن پرسیارێكم هەیە، سوڵتەی قەزایی بتوانێ بە مەجموعەیەك مۆزەفی سوڵتەی تەنفیزی بڵێت (سیفەی ئەعزای زەبتی قەزایی) بن، بەس پرسیارە، یەعنی لایەنەكەی بزانم ئەوە دەبێت؟ دیارە دەبێت، بۆیە لیژنەی یاسایش موافەقەتیان لەسەری كردووە، بەڵام ئەم كەسانە كە لە قانونی مونافەسە ئەگەر بۆیان هەبێ بچنە ئەو شەریكاتانە وابزانم بڕۆن ئەگەر ماددەكە وای لێ بێت بۆیان هەیە بچن فەحسی سجلات بكەن، ئەو مەلەفاتانە خاسەتەن بۆ مەوزوعی ڕێژەی كۆمپانیا، قازانجەكانی مەسەلەن لەهی مونافەسە بزانن تا چ رادەیەك پەیوەندە پێوەی، بەنیسبەت مۆزەفەكەش كە لەخۆیەوە دەڕوا بۆ ئەو شوێنە ئەی نابێ ئیلزام بكرێ نەوەكو خەڵكی تریش هەبێ بەو ناوەوە بڕوات، وەكو لە یاسایەكەی عێراقدا هاتووە كە هەویەی خۆی دەربكات و پێی بڵێ من ئەمرێكی وام پێیە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو، چونكە تۆ دەچیت بەگژی خەڵكێكی دەستەڵاتداردا بڕواناكەم مۆزەفێك كە لەخۆیەوە خۆی بكا بە شوێنێكەوە بیهێڵن ئەگەر ئەو مەجموعە ئیجرائاتانەی نەكردبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئێمە تەجروبەیەكی تریشمان هەیە لەگەڵ یاسای توندو تیژی ژنان، وتمان مەحكەمەی تایبەت دروست بكرێت، هەتا ئێستا دروست نەكراوە، بۆیە دەڵێین باشە ئەم مەجلیسە دیراسەتی وەزعێكیان كرد بینیان شەریكەی (أ) ئیحتیكاری كردووە لەبازاڕدا، ئەی هەنگاوی دووەم؟ مەلەفەكان لای خۆیان كەڵەكە بكەن؟ كە لەموقابەلاتی تەلەفزیۆنیدا بڵێن ئەرێ وەڵڵا ئیحتیكار هەیە و فلان كۆمپانیا كردوویەتی، دەبێت لە موقابیلی ئەوە سوڵتەیان پێ بدرێ، بۆ ئەوەی بتوانن لەدوای ئەوەوە هەنگاوەكانی دێ لەوەی كە چۆن موعالەجەی ئەم ئیحتیكارە دەكرێ، ئیلغای ئیتیفاقەكە دەكرێ، فەرز دەكرێ لەسەری ئەسعارەكانی دیاری بكا، عقوبات هەیە لەناو یاسایەكەدا، بۆیە پێدانی سیفەی زەبتی قەزائیی بێگومان لەلایەن لیژنەی یاساییەوە دیراسە كراوە، خۆ ئەمە نادرێ بە موەزەفێكی ئاسایی، ئەمە دەدرێ بە كۆمەڵێك مودیر عام، دێنمەوە بیرتان (مدير عام يمثل وزارة الداخلية، مدير عام يمثل وزارة النقل والاتصالات، مودیر عام يمثل وزارة الزراعة والمواد المائية، مدير عام يمثل وزارة التخطيط، مجلس حماية المستهلك)، ئەمانە هەموو خەڵكێكن كە خۆیان سیفەتیان لە مودیر عام كەمتر نییە، بۆیە ئەگەر بڵێین ئەم ماددەیە ئیلغا بكرێتەوە،

یەعنی وەکو ئەوە وایە ئەو مەجلیسەمان بەس بۆ ئەوە داناوە داتا لەلای خۆی کۆبکاتەوە، بەبێ هیچ سوڵتەیەك، من لەگەڵ مانەوە دام بەو جۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەم کە لەناو ئەم ماددەیەدا هەیە، بەڵام بەڕاستی هەندێ پرسیار هەیە پێویستیان بەوەڵامە، من داوا لەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەم کە وەڵاممان بدەنەوە، یەکەمیان تەعبیرەکە واهاتووە ناڵێ ئەندامانی مەجلیس، دەڵێ (العاملون في المجلس)، کێن ئەوانەی کە لەناو ئەنجومەندا کاردەکەن؟ دەبێ بزانین کێن ئەوانەی کە لەوێدا کاردەکەن، ئایا ئەندامەکان مەبەست لێی ئەندامەکانی ئەنجومەنە؟ ئەگەر ئەندامانی ئەنجومەن بێ دە، پانزە کەس هەموو ئەو پشکنین و ئیتلاعەیان لە هەموو کوردستان پێ دەکرێ؟ خاڵێکی تر ئەوەیە ئەم سیفەتە مەسەلەن ئیجرائی و تەنفیزییە دەکرێت بدرێ بە مەجلیس؟ خاڵێکی تر ئەوەیە من دەپرسم ئایا گفتوگۆ یان پرس و را لەگەڵ سوڵتەی قەزایی کراوە لەم پرسەدا؟ یان پێویست نەبوو کە گفتوگۆیەکیان لەگەڵدا بکرێ؟ ئایا پێدانی ئەم سیفەیە یەعنی ئەوەی کە مەسەلەن ئەعزای زەبتی قەزایی بە ئەوانەی کە لە ئەنجومەنەکەدا کار دەکەن هیچ تەناقوز و تەعاروزێکی قانونیمان بۆ نایەنێتە پێشەوە؟ من دەمەوێ وەڵامی ئەو پرسیارانە وەربگرمەوە، هەروەها ئەم تەفتیش و ئیتلاع و بینینی بەڵگەنامە و ئەوانە ئەگەر ئەو سیفەتەیان پێ بدرێ دەکرێ ئەوان بەبێ موافەقەتی مەحکەمەش ئەوان بیکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ مانەوەی ماددەکەینە، لەبەر ئەوەی کە بەس یەك نموونە بۆ بەڕێزتان باس بکەم، ئێمە باسی سیعری شیرائی حەقیقیمان کرد، بۆ ئەم مەسەلەیە کێ دەتوانێت بچێتە مەحەلێك یان موئەسەسەیەك، بێ ئەوەی سەلاحیاتی هەبێت، یەعنی سوڵتەی قەزایی سەلاحیات نەداتە ئەو کارمەندە کە بچێتە ئەو موئەسەسەیە تەماشای سجلات و قەوائیمی شیرائی حەقیقی ئەو موئەسەسە بکاتن، بۆیە ئێمە لەگەڵ مانەوەی ماددەکەینە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ قسەکەی هاوکارم کاك عماد، ئەو مەوزوعە خۆ پەیوەندی بەوە نییە یەعنی سوڵتە، ئەوان خەبەر دەدەن یەعنی سوڵتاتی قەزایی ئەو ئیجرائاتانە دەکاتن، موشکیلەی ئەو فەقەرەیە ئەوەیە کاك عبدالسلامیش ڕاست دەکات، سۆزان خانیش ڕاست دەکات، هەردووکیان، یەعنی ئەوە بەڕاستیش وایە، یەعنی ئەوەی سۆزان خان دەڵێ وجهە نەزەری تێدایە، بەڵام ئەوەی کاك عبدالسلامیش من لەگەڵدامە تاڕادەیەکی زۆر، یەعنی ئەوە ڕێگای لەوە دەگرێت کە یەعنی ئێمە چەندین موئەسەساتی قانونیمان هەیە بەڕاستی، ئەوانە بەئیش و کاری خۆیان هەڵبستن، ئینجا زیاد لەوەش بەڕاستی مەسئەلەی ئەوەی کاك عمر تەرحی کرد، ئەگەر بشمینێتەوە دەبێ بڵێی (اعضاء المجلس) نەك ئەوە، بەڕاستی ئەوانەی (العاملون)یەعنی فەراشێکیش دەتوانێت ئیشەکەی بکات، ئەویش هەر عامیلە لە مەجلیس، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام سۆزان خان و کاك عبدالسلام دوو ڕەئی جیاوازیان هەبوو، چۆن هەدرووکیان بەیەکەوە ڕاستن؟ د. ڕۆژان هەندێك ڕوونکردنەوەی هەیە با بفەرموێ.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەپێدانی دەستەڵات بە ئەندامان مەبەست لێرە (عاملون) ئەندامانی ئەنجومەنەکەیە، ئەو ناوانەی کە دیاری کرا لەماددەی پێشوو، ئایا ئەو دەستەڵاتە هەیە دەستەڵاتی سەڵاحیاتی زەبتی قەزایی بدرێتە ئەو ئەنجومەنە؟ بەپێی ماددە (39) بڕگەی پێنجەمی (قانون اصول المحاكمات الجزائیە)، لەهەر قانونەکی تایبەت ئەو دەستەڵاتە درا چەند کەسانێك ئەوە ئاساییە دەتوانن بەمەرجێك دەقەك هەبێت، لەبەر ئەوەی کێ ئەو دەستەڵاتەی هەیە بەپێی قانونی ئسولی مەحاکەماتی جەزائی؟ موختار ئەو دەستەڵاتەی زەبتی قەزائی هەیە، سەرۆکی هەرفەرمانگەیەك کە جەریمەیەك تێدا ڕوودەدات سەلاحیاتی زەبتی قەزائی هەیە، کە ئەگەر ئەو دەستەڵاتە دەنگتان لەبۆ ئەوە دا ئەو دەستەڵاتە بە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە بدرێن ڕازی بوون لەسەر ئەوەی و دەنگی هێنا، ئەوا ئەوان بەشێوەیەکی ڕەها هەموو کارەکان ناکەن، دەستەڵاتەکان لە قانونی ئسولی مەحاکەماتی جەزائی دیاری کرایە، لە ژێر چاودێری قازی تەحقیقی ئیشەکانیان دەکەن، بەڵگەکان کۆدەکەنەوە، دەتوانن سەردانی ئەو شوێنانە بکەن کە گومانیان تێدا هەیە، یاخود بەڵگە و شتیان هەیە، دۆکیۆمێنیتان هەیە، کە تاوانێك یان لەو کارانەی کە قەدەغە کرایە ئەنجامدرایە تێیدا، موستەمسەکات و فایلەکانیان دیراسە بکەن، دواتر فایلی خۆیان ئامادە دەکەن و ئیمزا دەکەن هەر هەموویان، ڕەوانەی حاکمی دەکەن، بڕیاری کۆتایی ئی وان نییە، ئەوان دەستەڵاتەکانیان بەپێی یاسای مەحاکەماتی جەزائی دیاری کرایە، ئەگەر دەقێکی یاسایی نەبێت ئەو دەستەڵاتەیان پێ بدرێ، ئەوا ئەو دەستەڵاتەیان نابێت، دەتوانین ئەو کات بەدیلمان چی بێت؟ ئایا سەڵاحیاتی تەحەڕی

هەبێ؟ مەسەلەن سەنەدات و فایل و موستەمسەکاتەکان بخوێنێتەوە و بتوانێت فایلەکان دیراسەت بکات، ئەو دەستەلاَتەی پێ بدەن ئەگەر سەلاحیاتی زەبتی قەزائی نەدرا، هەتا بتوانن ئەو ئەرکانەی بەو ئەنجومەنە راسپاردراوە بتوانن ئەرکەکان جێ بەجێ بکەن، ئەگەر هیچ دەستەلاَتیان نەبێت، ئەوە ئەرکەکانی ماددەی پێشوو کە پەسەندمان کرد، ناتوانن ئەرکەکان جێ بەجێ بکەن، ئەوجا یان بەپێدانی سەلاحیاتی زەبتی قەزایی دەبێتن بەپێی برگە پێنجەمی مادده (39)ی قانونی ئسول مەحاکەماتی جەزائی یان ئەوەتا چەند دەستەلاَتێکیان بۆ دیاری بکرێ، مەسەلەن تەحەرییان هەبێ، کۆ کردنەوەی بەلگەیان هەبێتن، ئەو مەلەفات و شتانە دیراسە بکەن، هەندێك دەستەلاَتیان پێ بدرێ، بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان جێ بەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من رێك لەگەڵ ئەوەم کە ماددەکە وەك خۆی بمێنێتەوە، نامەوێ هۆکارەکە دووبارە بکەمەوە، ئەوەی سۆزان خان باسی کرد، بەلاَم یەك مولاحەزەم هەیە بۆ لیژنەی یاسایی، ئەگەر سەیری کوردییەکە بکەن رێك پێچەوانەی عەرەبییەکەیە، یەعنی ئەمە زۆر ناشازە ئەوە بەسەر لیژنەی یاسایی تێپەڕ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەی کوێستان خان گۆتی مەوزوعی تەرجەمەی من لێرە پێشنیارێك دەکەمەوە، چەندین جاریشە عەرزی جەنابیشت و سەرۆکایەتیش بکەم، بەلاَم بەڕاستی تاڕادەیەك بۆتە عەیبەیەك بۆ پەرلەمان، مەوزوعی ئەوەی کە کوردی ئەوە نەبێ بەڕاستی، مەسەلەی تەرجەمە، یەعنی ئێمە موتەرجمی باشمان هەیە، ئێمە چەند قانون دەردەکەین ساڵانە، یەعنی ساڵێ با بیست و پێنج قانون، سی قانون بێ، موتەرجیمی باش هەیە، پارەیەکی شایانیان بدرێتێ هەر لەجێگای خۆیان نەشهێنە ئێرە، تەعینیش نەکرێن، خۆ بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان خۆی لە خاوەن قەڵەم و ئەهلی قەڵەمە، نووسەران دەناسێ و ئەوانە دەناسێ، دەشزانێ کێ کوردی باشە، بەڕاستی بە موکافەئەی مەقتوع قانونیان بدەنێ تەرجەمە بکەن، یەعنی بەڕاستی ئەوە وێرانە ئێستا ئەوە عەیبەیە، عەیبە، ئەو تەرجەمەیە بە حەقیقەت، من نازانم کێ کردوویەتی، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش دوا رەئیتان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکولیژنەی هاوبەش پشتگیری لەمانەوەی ئەو ماددەیە دەکەین، تەنها دەمانەوێ ئەو نیگەرانیانەی لای سۆزان خان و کاک عمریش باسی کرد، بڕەوێنین، ئەوەیە کە ئەم یاسایە پاشان جێ بەجێکردنی یاخود مەحاکمەکان دیاری کراوە لە ماددەکانی دوای خۆیەوە، هەروەها بەڕێز کاک عمریش باسی ئەوەی کرد کەوا ئایا مومەسلین لەو مەجلیسە دەتوانن تەنفیزی بکەن یان نا، ئێمە هەندێك نیقابات و ئیتیحادات هەیە کە لێرە وەکو عزو بەشدارن، ئەوان دەتوانن کە هەستن بە رەقابەکردن و جێ بەجێکردنی وەکو مومەسیل یاخود وەکو عزو، بەلاّم وەکو ماددەکە ئێمە پشتگیری دەقاو دەقی ماددەکە دەکەین وەکو خۆی بمینێتەوە، بەلاّم تەنها ئەوەی دەمێنێتەوە وشەی رەئیسەکە لا دەبەین، (من قبل السلطة القضائية) بمینێتەوە، بە حوکمی ئەو یاسایەی کە دەستەلاّتیان پێ دراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی داوای لێبوردن دەکەم، یەکەمین جارە سێ ساڵە دوو جارە لەسەر هەمان بابەت قسە دەکەم، بەلاّم وابزانم ئەو قسانەی من کردم پێویستی بە تەوزیحە لەبەر ئەوە، یەك من موسیڕم لەسەر ئەوە (العاملون في المجلس) هیچ مانای ئەندامان نادات، بنووسن (اعضاء المجلس) ئەوە یەك، دوو، موسیڕم لەسەر ئەوەی جیهەتێك هەیە سەر بە پارێزگا هەموو ئەو ئیشانە دەکات ئەوەی کە د. رۆژان و برادەران گۆتیان، (لیژنەکە هات) هەمووومان دیومانە، لیژنەکە ئەو ئیشە دەکات، لە مەحافەزەیەو نوێنەرانی تێدایە، هەموو تەعلیماتی ئەسعاریشی تێدایە، من نازانم ئەم ئەرکە بۆ مەجلیسێك پێ هەڵبستێت؟ بۆیە ئەو جیهەتە هەیە، فەرراغی نە ئیداری، نە ئیجرائی، نە قانونی نییە تاوەکو تۆ لەلایەنی تریش بێنی، ئەدی ئەوانی دی چی بکەن ئێستا؟ لیژنەی موراقەبەی سوق، بۆیە جارێکی تر رەجاتان لێ دەکەمەوە بیری لێ بکەنەوە نەوەکو من قسەم کردووە، هەیە لایەنەك هەیە ئەو ئیشە دەکات، ماددەی (7) بخوێنەوە ئەو بنەمایەکان دادەنێت، ئەوە دەبنە رێنمایی بۆ لیژنەکە، لیژنەکە ئیشی خۆی دەکات، بۆیە من دەڵێم هیچ داعی نییە ئەوە، سێیەمیان کە ئێستا هاتە بیرم، بیربکەنەوە ئەگەر هاتو ئەندامانی لیژنە بەو ئیشە هەستان، نەك (عاملون)، کێنە؟ مودیر عامن؟ لەوەزارەتەکانی گرینگی ئەو ولاّتە، ئیش و کاری نییە لەوەزارەتەکەی خۆی؟ ئەوە تاقەتی نییە دوو مانگ جارێك دانیشێت، بچێت لەبازاڕ بگەڕێت، با واقعی بین، کە دەقەکی یاسایی دەنووسین قوەتی ئیجرائی هەبێتن، ئەو مودیر عامانە ناچن لەبازاڕ بۆ من و تۆ لە ئەو بگەڕێن،

واتا یاسایەك دەر دەكەی ئالییەتی تەنفیزی ئەم چوونەوەی بازاڕت داناوە، ئەوەش تەنفیز نابێت، ئەعزای غورفەی تیجارە و سناعە تەماشای مەقامیان بکە تاوەکو بزانیت ئەوانە هی ئەوەنە بچنە بازاڕی یان نا؟ ئیتحادی فەلاحین، ئیتیحادی عومال نازانم ئەوانەی بۆ تێدانییە، نەقابەت محاسبین، مەجلیس حیمایەتی موستەهلیك، ڕەجاتان لێ دەکەم ئەمن تێناگەم ئەم ماددەیە بۆ چی هەبێت؟ یەك زەبتی قەزایی بدەینە مۆزەفێ ئاسایی ئەمانە موئەهەل نین، دوو: ئەگەر بدەینە ئەندامەکان من گرەنتی ئەدەم ئەندامەکان هەڵناستن بەو ئیشە، سێ: ئەو ئەرکە لایەنێکی تر دەیکات، سێ یەمیان من دەترسم لە هەلومەرجی ئێمەدا ئەمە دەرگایەك بێت بۆ گەندەڵی، ئەمە دەرگایەك بێت تۆ ئیتارێکی قانونی بدەیە مومارەسەیەکی ئیحتیکاری، مودیر عامی وەزارەت و مەسئولی ئیتیحادات کە ئیتیهام دەکرێن سەر بەحزبەکانن ناچن بۆ تۆ قۆرخ کاری مەنع بکەن، ناچن بۆ تۆ گەندەڵی مەنع بکەن، من ئەترسم بەو ئالییەتە، من شکم نییە لە نیەتی موشەریع، بەڵام لەئاخیرەوە مودیر عام بچن بۆ تۆ سەیتەرە بکەن ئایا ڕێگەکرتن لە قۆرخ کردن دەبێت؟ من تەسەوڕ دەکەم پێچەوانەی دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عماد.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە تەماشای هەندێك لە یاسایەکانی تر بکەین، بۆ نموونە ئەوەی کە جەنابی کاك عبدالسلام باسی کرد، (حماية المستهلك)، لەوێش هیچ باسی یەعنی مۆزەفین نەکراوە، بەڵام لە سەڵاحیاتی مەجلیسە، یەعنی بەس ئەندامەکان ئەو ئیشە ناکەن، ئەندامەکانی ئەنجومەن تەنها یەعنی هەندێك ئیختیساساتی دیاریکراوی هەیە، داڕشتنی سیاسەتە، ئەوانی ترە، بەڵام ئێمە بۆیە دەستەڵاتمان دایتە وەزارەت و جەنابی وەزیر، بۆ ئەوەی نیزام دابنێت، بۆ ئەوەی تەعلیمات دابڕێژێت بۆ تەسهیل کردنی تەنفیزی ئەم قانونە، ئەوان دەتوانن لەو نیزامە هەیکەلێك دابنێن، بۆ ئەوەی مەجموعەیەك کارمەند و ئەوانە بۆ ئەو هەیکەلە دابنێن، بۆ ئەوەی ئەم بڕگەیە جێ بەجێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لەم ماددەیەدا گرینگە بوونی میکانیزمێکە بۆ ئیسپات کردنی ئەو تاوانانەی کە بە پێچەوانەی ئەم قانونەوە دێنە ئاراوە، ئایا میکانیزمەکە چالاك دەبێ کە ئەندامی مەجلیسەکە بۆخۆیان لە هەموو کوردستاندا ببنە ئەم ئالیەتە؟ پێڕادەگەن لە هەموو پارێزگاکاندا بچن پشکنین بکەن و سەیری بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکان بکەن؟ میکانیزمەکە با هەبێت، بەڵام بەمشێوەیە ڕەنگە فەعال نەبێت، ئێمە بڵێین

مەجليس لە هەر پارێزگایەك لیژنەیەكی پێنج كەسی پێك دەهێنێت كە لەسەر داواكاری مەجلیس سیفەی ئەعزای زەبتی قەزاییان پێ دەدرێ بۆ ئەوانە، ئێ بەڕاستی ئەندامانی ئەم مەجلیسە بۆ خۆیان لە پایتەخت دەبن، كوا دەتوانن بچن بۆ هەموو پارێزگاكان و پشكنین بكەن و سەیری موستەنەدات بكەن و ئەوە بكەن؟ لە هەر پارێزگایەك لیژنەیەكی پێنج كەسی لەسەر داواكاری ئەنجومەن سیفەی هینیشیان پێ بدرێ، سیفەی ئەعزای زەبتی قەزاییان پێ بدرێ، میكانزمەكە بەمشێوەیە چالاكتر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەعلیقەكم هەیە، مەهامی ئەو لیژنەیە مەهامەكی گەورەی هەیە، فەرقی هەیە لەگەڵ مەهامی موحافەزەكە، مەهامی مەحافەزەكە كە شتێك دەقەومێ لەبازاڕی موخالەفە كرایە دەچێ دەست بەسەر ئەو موخالەفەیە دادەگرێت، ئەما مەهامی ئەو لیژنەیەی دوو شەریكەی گەورە و عیملاق، هەڵبەتە مودیر عام دەبێ بچێتە موفاوەزات لەگەڵیان، یەعنی ئەمن تەعەجوب دەكەم لیژنەی مەحافەزەی ئەوە ئیشی پۆلیسی نییە، ئەمن موهەندیسم لە مەوقعەكی، موقاویل چوار موكەعب كۆنكریتی فەشەل پێهێنایە، بچم بڵێمە پۆلیسی وەرە قالبی كۆنكریتم لۆ بڕوخێنە، وەڵڵا ئەگەر بەدەستم بێ خۆم بورغییەكان دەكەمەوە، هەر لێناگەڕێم كۆنكریتەكە تەسەلوب بكا، مەهامی ئەو لیژنەیەی زۆر فەرقی هەیە،.....

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان ئەو لیژنەیە مەركەزەكەی لە پایتەختە، بۆ دهۆك چی دەكەی؟ بۆ گەرمیان چی دەكەی؟ بۆ پێنجوین چی دەكەی؟ فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنسیق دەبێ بكات لەگەڵ ئەو لیژنەیەی، مەهامی ئەو لیژنەیە زۆر، زۆر بالاتر و فراوانترە، لەگەڵ ئیشی مەحافەزەی زۆری فەرقە، ئیشی مەحافەزەی ئیشی بازاڕ و مەتعەم و كەشتێك قەومایە، ئەوە لە مونافەسەیە كە لێ ناگەڕێ بقەومێ، نیزامەكەی خۆی تەتبیق دەكا، بۆیە رەجاتان لێدەكەم ئەو ماددەیە زۆر زەرورە بمینێتەوە، نابێ ئەو قانونەی شەلەل بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی وجودی ئەم ماددەیە هەرچەندە قانونی ئسولی مەحاکەماتی جەزائی ئەعزای زەبتی قەزایی دیاری کردووە کە کێ و کێن، لەغەیری حاڵەتی جورمی مەشهودیشدا بۆیان هەیە خەڵك دەستگیر بکەن، لەغەیری ئەو حاڵەتە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ دادوەر، تەفتیشە، بانگێشت کردنە، دەستگیر کردنە، هەرچ شتێکە کە دەیکەین، دەبێ لەژێر فەرمانی دادوەردا بن، لەبەر ئەوە هیچ ترسێکی نییە، ئەگەر هەبن، لەبەر ئەوەی لەژێر فەرمانی دادوەردا دەبن، وجودیشی زەرورییە، ئەمە ناڵێ مەجلیسەکە خۆی دەیکا، دەڵێ (یمنح العاملون)، ئەوانەی کارمەندن لەو دەستەیە، مەجموعەیەك کەس، ئەو کاتەش شروتی بۆ دادەنرێ، عادەتەن ئەوەی ئەعزای زەبتی قەزاییە دەبێ خەریجی کولییەی قانون بێ، پێنج ساڵ خزمەتی هەبێ، کەفائەتی هەبێ، ئەو کاتە چەند کەسێك دیاری دەکرێ وەکو دەستەکانی رەقابەی مالییە، چۆن دەستەکانی رەقابەی مالییە لە هەموو مەحافەزەکاندا هەیە، بەدواداچوون دەکەن، بەڵێ ئەمە وجودی ئەم دەستەیە کە ئەعزای زەبتی قەزایی بن زەرووره، لەبەر ئەوەی لەوڵاتی ئێمە هەندێ تەکنیکی نوێ دروست بووە، بۆ نموونە چەند موهەندیسێك تەندەر لێ دەدەن لەنێوان خۆیاندا ئێحترامەن من حاڵەتی وام لە مەحکەمەی سلێمانی گوێ لێ بووە، مەبەستم عامەی موهەندسین نییە، بەتەئکید وا ناڵێم، رێك دەکەون، چەند کۆمپانیایەك تەندەر لێ دەدەن لەسەر مەوزوعێ، ئەمە بە ئەعزای زەبتی قەزایی کەشف دەکرێ، کە یەکێك پێنج شەش ساڵ خزمەتی تەحقیقاتی کردبێ، خەریجی کولیەی قانون بێت و بەڕەسمی هەویەکی پێ بێ کە بچێتە بەردەمی دادوەر، موناقەشەی دادوەر و موناقەشەی نایبی مودیر عام بکا، فکریان دەوڵەمەند بکات، بۆیە وجودی ئەعزای زەبتی قەزایی هەتا ئەگەر موتەناقزیش بێ لەگەڵ قانونی ئسولی مەحاکەماتی جەزائی، کە نازانم موتەناقیزە یان نا، لەبەر ئەوەی ئەعزای زەبتی قەزائی دیاریکراوە، بەڵام وجودی ئەم ئەعزای زەبتە ئەگەر تۆ شتێکی مەلوست دەوێ، کە فوئت دەوێ، ئیش بکا، نەتیجەی هەبێ، هەموو شتێ بەجوانکارییەکەی ناپێوەندرێ، بە نەتیجەکەی دەپێوەندرێ، چ نەتیجەیەك دەدات بەدەستەوە، ئایا مەبەستت باشە؟، مەبەستت خراپە؟، چی دەکەی؟، چی ناکەی؟ نەتیجەکەی موهیمە، نەتیجەش بەکادیری کەفوء دەکرێ، کادیری کەفوئیش بە ئەعزای زەبتی قەزایی دەکرێ، ئەعزای زەبتی قەزایش دەبێ شروتی خۆی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمە باسی دوکانێکی بچووك و پاك و تەمیزی مەتعەمێك و سیعری کالایەکی بچووك ناکات لەشوێنێکدا، لەسوپەر مارکێتێکدا، پێت بڵێ ئەمە ئێکس پایەر بووە، نەخێر ئەمە باسی لەسەر عمومێکی زۆر بالاتر، بەرزتر کاتێك کە کۆمپانیایەکی موسەجەل لەلایەن بڵێین ئەوەی کە موسەجل شەریکات کاتێك دێ تەنها بڕیار دەدرێ ئەو شەریکەیە پەنیر بێنێ بۆ ئەو ولاتە، بەڵێ، ئیحتیکار

دروست دەبێ، کەسی تر بۆی نەبێ، ئەوسا من دەڵێم باوکە من شەریکەم، منیش هەمان ئیمکانیاتم هەیە، منیش دەمەوێ بچم لەو پەنیرە بێنم بەسیعرێکی کەمتر، ڕێگەم پێ نەدرێ بیهێنم، مەبەستەکە ئەوەیە با ئێمە تێبگەین لەم یاسایە چییە، وەختێك ئەم یاسایە جێ بەجێ دەبێت، بەتایبەتی ئەم ماددەیە بۆچی گرینگییەکەی ئەوەیە کاتێك بێم من وەکو شەریکەیەکی مونافس ئیسپاتی بکەم بڵێم من هەمان سیلعە دەتوانم بە سیعری کەمتر بێنم و ڕێگەم پێ نەدرراوە و حەقم نەدراوەتێ، ئیحتیکار کراوە، تەنها دراوە بەو کۆمپانیایانە (لسبب في نفس يعقوب) بۆیە دراویەتێ پشتی هەیە، ئەمەی هەیە، ئەی ئەمە چۆن تۆ ئەم مەوزوعە کە چەندین ساڵە لەناو هەرێمی کوردستان دا باس دەکرێ و باسی قۆرخ کاری دەکرێ لەسەر ماددەیەك کە تۆ زەبتی قەزایی فەرقی هەیە، ئەم عیلاقەی نییە بەسەر پارێزگاکانەوە، بەڵێ پارێزگاکان لیژنەی خۆیانیان هەیە، بەدواداچوون دەکەن بۆ ئەسعار، بۆ پاك و تەمیزی، بۆ سیعر، بۆ ئەم شتانە، مانەوەی ئەم ماددەیە زۆر موهیمە، ڕوحی ئەم ماددەیە لێرەیە، لەم ماددەیە دایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، من وا دەزانم ئەم ماددەیە ئەوەندە گەرمە و کێشەی ناوێ بەڕاستی، ئەم ماددەیە جارێ ئەوەڵەن دەڵێ (بناءً على اقتراح المجلس) ئێمە ماددەیەکی ئیلزامیمان نە بۆ مەجلیس، نە بۆ سوڵتەی قەزایی دانەناوە، تا ببێتە کێشە هەموو حاڵەتێك، لە هەموو کاتێکدا مەجلیس بچێ لیژنە دابنێ و داوای سیفەی زەبتی قەزایی بکات، باس لەوەیە هەرکاتێك ئەم مەجلیسە بەپێویستی زانی لەوانەیە حاڵەت هەبێ و خودی.....، ئێستا کاك عبدالسلام نەبێ بۆ وەڵامی بەڕێزیان باس لەوە دەکا لیژنەکە لەوانەیە حاڵەت هەبێ ئەصڵەن ئێمە بە زەبتی قەزائیش نەتوانین کۆنترۆڵی بکەین، لەبەر ئەوە دەبێ ئەم مەجلیسە ماڧی ئەوەی هەبێ پێشنیار بکا، خۆی هەر کاتێك زانی پێویستە، داوا دەکا لە سوڵتەی قەزایی، پێشنیار دەکا، هەر کاتێك زانی پێویست نییە شتەکان سادەن بە دەزگا و میکانیزمەکانی تر دەکرێ، خۆی داوای ناکات، لەبەر ئەوە شتێکی زۆر تەبیعییە ئێمە وەختێ قسەی لێوە دەکەین وابیر دەکەینەوە کە ئیلزامی سوڵتەی قەزاییمان کردووە یان ئیلزامی مەجلیسمان کردووە، کە دەبێ ئیلا ئەم لیژنەی زەبتی قەزائییە دابنێین، وانییە، ماددەکە دەڵێ هەرکاتێك پێشنیاری کرد، لەبەر ئەوە زۆر تەبیعییە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبدەئییەن لەگەڵ ئەوەم کە ماددەکە بمێنێتەوە، ئەو ماددەیە گرینگە، ئەگەر ئەم ماددەیە نەمێنێ فەعالیەتی مەجلیسەکە و ڕێگەگرتن لەو مەسەلەی ئیحتیکار و لەو مەسائیلانەی تر، بەڕاستی هیچ

ئیجرائێك ناكات، بەڵام دەتوانین لە تەفاسیلیا ئەوە پێشنیارە جاریێ، یان بیكەین بە (طلب المجلس تشكيل لجنة)، ئەو كاتە لیژنەكە لەخۆی تەشكیل دەكا یان لە ئاستی مەحافەزە یان لە ئاستی وەزارەت تەشكیلی دەكا، ئیتر خۆ ئەوە وەكو د. رۆژان باسی كرد بەپێی ئەو ماددەی (39) بڕگەی پێنجە لە قانونی ئسولی مەحاكەمات ئەو كاتە سیفەی زەبتی قەزایی دەدرێتێ و ئیجرائاتی خۆی دەكات، كەواتە باسەكە كە ئەو موبەریرە دەهێنێتەوە ئایا ئەمانە مودیر عامن و ئەو مودیر عامانە فریای قەزایەك یان ناحییەك دەكەون؟ نا، مەجلیسەكە سەلاحیەتی تەشكیلی لیژنەی هەبێ، ئیتر یا تەكلیفی خۆی دەكا لەخۆی، یان لە وەزارەت یان لە هەر كەسانێك كە موختەسن لەو بوارە دەزانن ئەو ئیشە بكەن، من پێم وایە گرینگە هێشتنەوەی ماددەكە و رۆح و كرۆكی ماددەكە زۆر گرینگە، ئیتر تەفاسیل و ئالییەتەكەی ئەوە چۆن دەبێ، ئەوە برادەران تەرتیبی بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. صباح.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا وەكو كاك نەژاد فەرمووی ئەم مەوزوعە یەعنی هەردوو لا ویجهەت نەزەریان هەیە، یەعنی ئەگەر قیاسی ئەوە بكەین لە زۆر لەوڵاتاندا فیعلەن سیفەتی ئەعزای زەبتی قەزائی دەدرێ بەو كەسانەی كە ئەم ئیشەیان پێ دەسپێردرێ، چونكە لەلایەكەوە نەبوونی ئەم سیفەتە وەكو ئەوە وایە فیعلەن نەمەنعی ئیحتیكار بكرێ، نە حیمایەی موناقەسە بكرێ، هەر كەسێك بەكەیفی خۆی، لەلایەكی تریشەوە یەعنی ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەو كەسانەی كە داوای دەكەن كە ببێ، ئەم ماددەیە بمێنێتەوە، لەلایەكی تریشەوە ئەمە دەرگایەكە دەكرێتەوە لە زروفێكی غێر سەحیحە، بۆ ئەوەی هەركەسێك لەو جیهازە ئیشی كرد، لەو مەجلیسە ئیشی كرد، دەرگایەكی گەندەڵی بۆ بكرێتەوە، چونكە بۆی هەیە رێك بكەوێ لەگەڵ جەماعەتی ئەو كەسانەی كە دەیانەوێ ئیحتیكار بكەن، جا بۆیە بەڕاستی ئێستا لەمیسر بۆ نموومە كە رەنگە ئەم یاسایە بەشێكی بەسوود وەرگرتن لەیاسای ساڵی 2004ی میسر ، وەرگیرابێ، فیعلەن دانانی سیفەتی زەبتی قەزائی، پێدانی سیفەتی زەبتی قەزائی بەشێك لە گەندەڵی دروست كردووە لەو وڵاتەدا، بەشێك لەموشكیلەی دروست كردووە بۆیان، ئێستا موتاڵەباتێك هەیە بۆ ئەوەی ئەوە نەمێنێت، ئەوە نەمێنێ، ئەو دەستەیان بگیرێتەوە، بۆ؟ چونكە كە زروف زروفێكی تەبیعی نەبوو، زروفێكی قانونی نەبوو، یاسا سەروەر نەبوو، بەڕاستی هیچ یاسایەك خۆی جێ بەجێ ناكرێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوە دام كە هەلومەرجێكی وا یان شروت و مەرجێكی وا دابندرێ بۆ ئەو كەسانەی كە دەبن بە ئەعزای سوڵتەی قەزائی، یەعنی بەمشێوەیە بێ كە زۆر مەجالەكەیان كراوە نەبێ، لەزمنی كاریشدا وەكو كاك د. عمر وتی ئەم مەوزوعە، ئەگەر مودیرەكان خۆیان پێی هەڵبستن، ئەعزای مەجلیس پێی هەڵبستن، عەمەلی نییە، ئەگەر عامیلەكانیش

خۆیان بیکەن بەڕاستی ئەمە تەسەیوبە، جۆرێکە لە تەسەیوب، ئەگەر جیهازێك هەبێ بۆ ئەو مەوزوعە لەزمنی وەزارەتە رەنگە بتوانێ ئەو بۆکارە جێ بەجێ بکات، بۆیە وردەکارییەکی زۆری دەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسە کردن لەسەر ئەعزای زەبتی قەزائی کە وەك پەیوەندی بە ئسولی مەحاکەماتی جەزائی هەبێ، هیچ کێشە نییە، ئێمە دەمانەوێ یاسایەکی تایبەت جێ بەجێ بکەین، سزامان بۆ داناوە، ئەرکمان بۆ ئەو مەجلیسە داناوە، ئەگەر سیفەتی زەبتی قەزائی نەدرێتە ئەوانە ناتوانن ئەرکی مەعلوماتیش وەر بگرن، لەبەر ئەوە ئەمە رێسایەکە بۆ مەنع کردنی ئیحتیکار، بۆ رێکخستنی مونافەسە، لەبەر ئەوە ئەمن بەڕەئی خۆم بەهای یاسایەکە لەو دەقە دەبینم کە دەتوانێت بە ئەرکی جێ بەجێکردنی یاسایەکە هەڵبستێ، ئەگەر نا چ زەرورە ئەو شتە نەزەریانەی بە یاسا هەبێت ئەتو نەتوانیت جێ بەجێی بکەی، دەتوانی ئەوە یاسای تر هەیە، یان دەزگای تر هەیە، ئی کوالێتی کۆنترۆڵ بە ئەرکەکانی خۆی هەڵبستێ، ئەوە تایبەتمەندی هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەم دەقە بمێنێتەوە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەمانەوێ شەرحێکی یاسایی بۆ ئەم دەقەیە یاخود ئەو ماددەیە بۆ بەڕێزتان بکەین، ئێمە بەپێی قانونی ئسولی مەحاکەماتی جەزائی ژمارە 23ی ساڵی 1971، کە لەماددەی (39) هەرچەندە د. رۆژان بەڕێزیان شەرحیشی کرد، بەڵام ئێستا بەدەقەکەوە دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بن، کە لەماددەی (39)دا برگە پێنج دەڵێت (الاشخاص المکلفون بخدمة عامة المنحون السلطة التحري عن الجرائم واتخاذ اجراءات بشأنها في حدود ما خوله بە بمقتضی قانون خاص) ، کەواتە ئەوە قانونێکی خاسە، بەپێی ئەم یاسایە دەتوانین ئەم سوڵتەیە بدەین، بەڵام لێرە یەك ئیشکالیەتی بچووك هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەیە کە لێرە بەپێی یاسایەکە تەخویل دەکرێ، یەعنی ئەو تەخویلە بەپێی یاسایەکەیە، نەك سەرۆکی دەستەڵاتی دادوەری ئەو تەخویلە بکات، یاخود ئەو مەنعی ئەو دەستەڵاتە بکات، بەڵکو ئەم یاسایە ئەم دەستەڵاتە تەخویل دەکات، بەو عامیلانەی کە بۆ ئەو دەزگایانە ئیش دەکەن، ئێمە لەگەڵین تەنها ئەو رستەیە لادەبەین،.......

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سیاغەکەی بۆ بەیانی هەڵدەگرین، سبەی سەعات (10)ی پێش نیوەڕۆ دادەنیشینەوە، تا ئەو کاتە بەخواتان دەسپێرین، هەر بژین.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی 3\4\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (4)

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2013/4/3

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2013/4/3 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلـەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سـورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرسـت أحمـد عبـداللە سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (4)ی خـولی سـێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (4)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2013/4/3 دا بەم شـێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای كێبڕكی لە هەرێمی كوردستان.

2-خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای داینگە لە هەرێمی كوردستان.

3- هەڵبژاردنی سەرۆكی دەستەی گشتی دەستپاكی لـە هـەرێمی كوردسـتان-عـیراق لـە نێـوان ئـەم بەڕێزانـە: (سامی عثمان یونس، سیروان عمر امین، د.احمد انور).

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردسـتان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەسـت پێدەكـەین، پەرلـەمانی كوردسـتان، خـولی سـێیەمی هەڵبژاردن،خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (4)، ڕۆژی دانیشتن 2013/4/3 ، بەرنامەی كار:

بـە پێـی حوكمـەكانی بڕگـەی (1)ی مـاددە 20 لـە پـەیڕەوی نـاوەخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار كـراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان-عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشـتنی ژمارە (4)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات 10ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێكـەوتی 2013/4/3 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای كێبڕكی لە هەرێمی كوردستان.

2-خستنه ڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای داینگه له هەرێمی كوردستان.

3- هەڵبژاردنی سەرۆكی دەستەی گشتی دەستپاكی لـه هـەرێمی كوردسـتان-عـیراق لـه نێـوان ئـەم بەڕێزانـە: (سامی عثمان یونس، سیروان عمر امین، د.احمد انور).

داوا له لێژنەی هاوبەش دەكەین فەرموون بۆ شوێنی خۆیان، بەخێرهاتنی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و وەفدی یاوەری دەكەین، بەخێر بێن.

لێژنەی هاوبەش ئێمە دوێنێ موناقەشەی ماددەی (9)مان تەواو كرد، بـەس مـاوە سـەر صـیاغە كردنەكـەی، تكایه صیاغه بكەنەوە و بیخوێننەوە تا بیخەینه دەنگدان، فەرموون.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیـاره دوێـنێ زۆر موناقەشـه لەسـەر ئـەم ماددەیـه كـرا، بـەڵام دوو ڕەئـی هـەبوو، ڕەئیـەك هـەبوو كـه ئـەم ماددەیه ئیلغا بكرێت، ڕەئیەكی تریش هەبوو كـه صیاغەیەكی تـر بـۆ ئـەم ماددەیـه بكرێـت، ئینجا ئەگـەر جەنابتان ئەم ماددەیه بخرێتە دەنگدان كه ئەگەر ئیلغا بوو ئێمه صیاغەیەكی تری بەدیلمان هەیـە، ئەگـەر نا دیسان صیاغەیەكی ترمان هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو ڕەئیەی كه داوای كردیه ماددەكه ئیئلغا بكرێ، كێ لەگەڵدایه با دەستی بەرز بكاتەوە؟، كێ لەگەڵ ئەوەدایه كه بمێنێتەوە؟، تەواو ئەوە مایەوە، جا صیاغەكەی بزانین چۆنه تا دەنگی لەسەر بدەین.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

یعد من اعضاء الضبط القضائي، الموظف المفوض رسمیا مـن قبـل المجلس و بالتنسـیق مـع وزارة العـدل اثنـاء قیامه بواجباته في حدود اختصاصات المجلس التي تقع بالمخالفة في احكام هذا القانون و له في سبیل ذلك:

1-الحـق في دخـول الامـاكن و المحـال و المنشـأت الـتي یـزاول فیهـا المخـالف نشـاطه و تفتیشـها و الاطـلاع علـى مستنداتها و سجلاتها لدى اية جهة كانت حكومیة او غیر حكومیة و الاحتفاظ بأي منها او بنسخة منها علـى ان یتم اعادتها بعد الانتهاء من تدقیقها.

2-غلق الاماكن المراد تفتیشها و في حالة حدوث اية ممانعة او عرقلة عنـد تنفیـذ مهامهم لـمدة ثلاثـة ایـام و للمجلس صلاحیة الغاء الاغلاق او تمدیده لمدة لا تزید على 15 یوماً.

3-اجراء التحقیق مع اي شخص یشتبه بمخالفته لاحكام هذا القانون و تدوین افادته في محضر محرر لهذا الغرض.

4-اعداد التقاریر اللازمة لاية حالة تشكل مخالفة لاحكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر موافیقی لەسەری؟، كێ لەگەڵدایه تكایه دەستی بەرز بكاتـەوە؟، كـێ لەگەڵدا نیـە؟، بـه كـۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (10): يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة و لاتزيد على سنتين او بغرامة لاتقل عن (100) مائة مليون دينار و لاتزيد على (200) مائتي مليون دينار كل من أخل بحكم المادة(السادسة) من هذا القانون او امتنع عن موافاة المجلس بالبيانات او الاوراق او المستندات التي يطلبه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیەكەی.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (10):

هەر كەسێك زیان بە حوكمی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایە بگەیەنێ یاخود ڕێ لە پێشكەشكردنی ئەو بەیاننامە و كاغەزانە و بەڵگەنامانە بگرێ كە ئەنجومەن داوای دەكات بۆ ماوەیەك حوكمدەدرێ كە لە ساڵێك كەمتر نەبێ و لە دوو ساڵیش زیاتر نەبێ ، یا بە غەرامەیەك كە لە (100) سەد ملیۆن دینار كەمتر نەبێ و لە (200) دووسەد ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی بەكاربەر؟

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەكەین، ماددەی (6) بووتە ماددەی (7) لەبەر ئەوەی جێگۆڕی بە ماددەكان كراوە، داوای لێبوردن دەكەین، لە جیاتی ماددەی (6)، (الماده السابعه) دەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی بەكاربەر؟

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە ئەبێتە ماددەی (7)، چونكە ئەگەر بێین و تەماشای تەسەلسولەكەی بكەین، ماددەی (6) بووەتە ماددەی (7)، چونكە ماددەی (8) هاتە پێش ماددەی (6) دواتر ئەوە بووە ماددەی (7).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

واز لە ڕەقمی ماددەکە بێنن دوایی قسەی لەسەر دەکەین، لەسەر عامی ماددەکە لانە خان فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت لیژنەی دارایی ئێمە پشتگیری لە ماددەکە دەکەین وەکو خۆی بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تێبینیت هەیە؟،

**بەڕێز سنان چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە دوو پێشنیارمان هەیە، یەکەم، (یعاقب بالحبس ) هەڵیبگرین لێرە، بەس ببێتە غەرامەی 100 ملیۆن یان 200، ئەمە بەو شێوەیە بێت لەویش باشتر دەبێ( یعاقب بغرامة لا تقل عن 5٪ و لا تزید علی 10٪ من الاجمالي السنوي لمبیعات السلع او ایرادات الخدمات موضوع المخالفة)، ئەوە لە دەوڵەتەکانی تر تا 25٪ی دەڕوات، بەس لێرە تا ببێتە رادیعەك تا ئەو مەشاکیلانە حەل بکەن لە بۆی ئەو صیغەیە باشترە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، کاك کاردۆ نوقتەی نیزامی هەبوو، 3 کەس .

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەو ماددەیەی کە سەرەڕای ئەوەی دەنگمان لەسەر دا، دەمەوێ لە لیژنە تەئکید بکەمەوە، ئەو ماددەی دەنگمان لەسەر دا ماددەی چەند بوو؟، (9) بوو؟، ئێ باشە چ ڕەبتی بە وەزارەتی عەدل هەبوو ئەوە خرابووە ناوی؟، کێ موناقەشەی ئەوەی کردووە دوێنێ؟، وەزارەتی عەدل بۆ خراوەتە ئەو ماددەیە؟، دوێنێ موناقەشە بە هیچ شێوەیەك لەسەر زەبتی قەزایی و ئەو حەقە بدەینە مەجلیسەکە و من بەیانیش لەگەڵ برادەران موناقەشەم کرد، بە هیچ شێوەیەك باسی وەزارەتی عەدل و ئیجازەی ئەوی تێدا نەبووە، دەنگیشمان بۆ دا، لەبەر ئەوە من ئەوە بە ناقانونی دەزانم و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕۆوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئیقتیراحەکەی جەنابی وەزیرم کە بە نیسبە غەرامە بڕێت، چونکە ئێستا لە دونیای غەرامات لە عالەم نیە پارەی مەقتوع دابنرێت، حەتا لە ئیستیسمار و لە مقاوەلاتیش ئێستا بە پێرسەنتە و هەموو دونیا نیزامی پێرسەنتە، موسبەقەن ناتوانی بڵێ حەجمی ئەو زەرەرەی چەندە، دەبێ پێرسەنت بێ، تکایە ئەو مەقتوعانە بەس لە زەمانێکی حوکمی دیکتاتۆری ئەو شتە بووە، پێشان دیانگۆت غەرامە ئەوەندەدەیە بۆ ئەوەی خەڵکەکە بترسێ، ئەمڕۆ تۆ خەڵکی ناترسێنی دەڵێ ئەوەندەت غەڵەت کرد ئەوەندە پێرسەنتە زەرەرت دا و ئەوەندە پارەیەکەی دەدەی، هەموو غەرامات لە دونیایی هەتا غەراماتی عەقارات بە پێرسەنتە، بۆیە ئیقتیراحەکەی جەنابی وەزیر زۆر باشە و حەقە تەبەنی بکرێ و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕام لەگەڵ هاوکاری بەڕێزم کاک کاردۆ، بە پرۆتۆکۆلەکانی دوێنێ بچینەوە یەك بەشەر ناوی وەزارەتی عەدلی نەهێناوە، نازانم وەزارەتی عەدل لە کوێوە هات و خۆی کرد بەناو ئەو مادده یاساییەدا؟، نەصی ئەصڵی ماددەکەش دەڵێت (سوڵتەی قەزائی)، بۆ وەزارەتی عەدل بوو بە مسئولی ئەم مەجلیسە؟، لەبەر ئەوەی من داوای ئیعادەی صیاغەی دەکەمەوە و جارێکی تر دەنگدان لەسەری، ئەو ماددەیە نا قانونیە و ئەوەی کە خراوەتە ناوی ئەوەی وەزارەتی عەدل بە دەستی ئەنقەست خراوەتە ناوی بە داوای لێبوردنەوە، من هەر لەو دەقیقەیەوە مەشغولی ئەو ماددەیە بووم تەئکیدی لەسەر بکەمەوە کە خوێندرایەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا منیش دوێنێ لە یەك کەسم گوێ لێ نەبووە ناوی وەزارەتی عەدلی نەهێنا....

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە تەواو موخالیفی پرۆتۆکۆلە، دەستکاری کردنی یاسایەکە بەدەر لە قسە کردنی ئەندامان و ویستی ئەندامان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون روونکردنەوەتان چییە؟

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە دوێنێ ئەو باسە نەکراوە، بەڵام ئەو موقتەرەحە بۆمان لە لایەن وەزارەتەوە هاتووە، وتیان ئێمە پێمان باشە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە صیاغە بکرێت، ئێمەش پشتگیری رەئیەکانی ئەوانمان کرد و خستمانە دەنگدان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام دوێنێ هیچ پێشنیارێك نەهاتووە كە وەزارەتی عەدل ئیزافە بكرێ، یەك كەس ناوی وەزارەتـی عـەدلی نەهێناوە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سنان چەلەبی/ وەزیری بازرگانی وپیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارە ئی مەیـە، كـە دوێـنی ئیعـادەی صـیاغە ویسـتیان بكرێـت ئێمـە لێـرە ئـەوەمان ئیزافـە كـرد و سەبەبەكەشی ئەوەیە (معهدی قەزاء ) لەناو وەزارەتی عەدل دەوراتی دەكاتەوە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی ئێمە، دەبێ لەگەڵشـی تەنسیق هـەبێ تـا پێرابگـەن بگەنـە ئـەو مسـتەوایەی كـە ئـەو ئیشـەی بكـەن، مەوزوعەكـە ئەوەیە و لەوەی زیاتر هیچی تر نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو پێشنیارەشیان كردبێ، دوێنێ ئەو پێشنیارە لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان باس نەكرابوو، ئـەبێ ئەو پێشنیارە رەئی ئەندامانی پەرلەمانی لەسەر بێ، ئەمان دوای كۆبوونـەوە پێشـنیارێك ئـەدەن بـە لێژنـە ئەمە موناقەشە نەكراوە، بۆیە تەواو ناقانونیە، پشتگیری هاوڕێیانم كاك كاردۆ و سۆزان خان ئەكەم كە ئەو ماددەیە ناقانونی رۆیشتووە و پێویستە هەڵوەشێتەوە و ئێستا جارێكی تر دەنگی لەسەر بدرێتـەوە، چـونكە ئێمە رەئیمان لەسەر نیە و یەك كەسیش باسـی وەزارەتـی دادی نـەكردووە و هـیچ پەیوەندیـەكیش نیـە لـە بەینی ئەو ماددەیە و وەزارەتی داد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داوا دەكەم پرۆتۆكۆڵەكان بێنن و سەیر بكەن، جەنابی وەزیریش دوێنێ ئەمەی نەهێنایە ئـاراوە، باسـی نەكردووە، ئەگەر بابەتێكی تازە بووبێ، ئەو درێـڵەی كـە بـەكارهاتووە باوڕتـان هـەبێ مـن گـوێم لـە نەصـی ماددەكە نەبووە، كەدەنگمان بۆ داوە، هەموو ئەندامان ئـەڵێن كـە بـە تـەواوەتی گوێمـان لـێ نـەبووە، ئـاخر یەعنی ئێستا راستە چۆن ئەكرێت بـە دەنگـی ئەنـدامان بكرێتـە ماددەیـەك، ئـەكرێت بـە دەنگـی ئەنـدامان هەڵبوەشێتەوە ئەو ماددەیە، ئێمە داوا ئەكەین ئەم ماددەیە هەڵبوەشێتەوە جارێكی تر و بـاس لـەوە بكـرێ، راستە مەعهەدی قەزائی هەڵدەستێت بەو كارە، بەڵام دەبێ بە هەماهەنگی و تەنسـیق بـێ، نـەك بـە ئـەمر بێت لە وەزارەتی عەدلەوە، گوێمان لێی نەبووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان ڕوونكردنەوەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە ئەندامان دەنگیان بۆ دا، بە زۆرینەی دەنگ و كەس موعارز نەبوو و دەنگی هێنا، تازە ماددەكە تەسبیت بوو، بڕیاری كۆتایی بۆ ئەنجومەنەكەیە لەبەر ئەوەی ئەنجومەنەكە بڕیار دەدات كێ ئەو دەسەڵاتەی هەبێ، ڕۆڵی وەزارەتی داد لێرە تەنها هەماهەنگیە لەگەڵ ئەو وەزارەتە بۆ ئاسانی ئیش و كارەكان، ئەگەر فەرمانبەرێكن كەسێك لە لایەن ئەو ئەنجومەنە تەخویل نەكرابێ و ئەو دەسەڵاتەی پێ بدرێ، لێرە وەزارەت هیچ ڕۆڵێكی نابێ، ماددەكە دەنگی هێنایە و ناكرێ بڵێین ماددەیەكی ناقانونیە، لەبەر ئەوەی بەڕێزتان دەنگتان بۆ دا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەی دەنگی لەسەر درا بەداخەوە ئەڵێم تەواو، نابێ ئیعادە بكرێتەوە، یەك ڕێگا هەیە، ئێمە تووشی ئەو غەلەتە بووین بۆیە من داوا دەكەم لەو برادەرانە و ئەو خوشك و برایانە كە ئەوەیان كرد داوای لێبوردن بكەن و لە پرۆتۆكۆل بنووسرێ، یەك ڕێگا هەیە، ئەوە كە ڕۆیشتوو و بە دڵمان نیە تەوصیەیەك بۆ سەرۆكی هەرێم بكەن و بڵێن مولاحەزەی هەبێ و ڕەتی بكاتەوە وبێت، ئەگینا ئێوە، با بە عاتیفە قسە نەكەین، ئوصوڵی دەنگدان و ئیقراری ماددەكان لەسەر ئەو ئەساسەیە كە ئیقرار كرا بە دەنگدان و پەسند كرا، تەواو ئەو ماددەیە نابێ ئیعادەی تەصویتی لەسەر بكرێ، من ئەصڵەن دەمگوت ئەو ماددەیە داعی نیە هەبێت، من دژی بوونی مادده بووم، بەڵام تاكو ڕزگار بین لێی چارە نیە بە ڕەئی منی شەخصی دەنگ لەسەری دراوە، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە ئەكەم ئەم ئوسلوبە با تەسبیت ببێ، تكاتان لێ دەكەم سینگتان فراوان بێت، من لە بیرمە جەنابی وەزیر ئەو كاتە داوای كرد وتی سوڵتەی قەزائی نەك ڕەئیسی سوڵتەی قەزائی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەللاهی ئێمە لێرە لە سەرۆكایەتی لەگەڵ د.ڕۆژان، ئێمە ئەو صیاغەیە بەلای ئێمەوە تازە بوو، ئەو صیاغەیە نەبوو كە ئیتیفاقی لەسەر كرابوو، ئێمە خۆشمان دوێنێ لە یەك كەسمان گوێ لێ نەبوو باسی وەزارەتی داد بكرێ، ئەو صیاغەیە چۆن دیقەت نەكرا و چۆن ڕۆیشت؟، ئێمە بزانین چۆن عیلاجی بكەین؟، عیلاجەكەی چ بێت؟، فەرموو د.عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له راستیدا من بۆ خۆم مولاحەزەم هەبوو لەسەر ئەوەی کە مەسەلەن ئەم صیاغەیە بەو شێوەیە هات، بەڵام حەقیقەتێکە لەناو پەیڕەودا چەسپاوە، ماددەیەك دەنگی لەسەردرا، دەنگی لەسەر نادرێتەوە، ئەمە حەقیقەتێکی قانونیە، من بۆخۆم دەزانم دوێنێ باسی وەزارەتی عەدل نەکراوە، بەڵام ئەمە حەقیقەتێکی قانونیە لەناو پەیڕەودا تەسبیت کراوە کە ماددەیەك دەنگی لەسەر درا دەنگی لەسەر نادرێتەوە، بە تایبەتی کە هەموومان دەنگمان لەسەر داوە و بە تایبەتیش کە کەس ئیعتیرازی نەبووە، ئەمە یەك، دوو، ئەمە بەڕێز وەزیر بەراستی تەوزیحی دا، دوای تەوزیحەکەی ئەو یەعنی جۆرێك لە تەنسیق و تەعاون لەگەڵ ئەم مەجلیسە بۆ وەزارەتی عەدل پێویست بێت بە تایبەتی بۆ ئەوەی کادریان بۆ پەروەردە بکات، هیچ عەیبی تێدایە؟، بە تایبەتی باسی تەنسیق و تعاون دەکات، بەڕێزان توخوا بیخوێننەوە دووبارە، ئایا تەنسیق و تعاونە یان شتێکی ترە؟، ئەگەر تەنسیق و تعاون بێت بە رەئی من هیچ ئیشکالی تێدا نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانی چۆن کاك د.عومەر چۆن صیاغە کراوە و چۆن صیاغە نەکراوە؟، عادەتەن هەموو صیاغەیەك دەبێ لە پەرلەمان یان پێشنیار بکرێ یان قسەی لەسەر بکرێ ئینجا صیاغە دەکرێتەوە، یەعنی شتێك صیاغە کراوە کە لە پەرلەماندا ناوی نەهاتووە، ئەصڵەن ناوی نەهاتووە، ئێ چۆن صیاغە دەکرێ؟، ئەصڵەن ناوی نەهاتووە، ناوی وەزارەتی داد نەهاتووە، ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەداخەوە ئەوەی دەڵێم، جارێکی تر لە قانونی غابات پێرسینت تەسبیت کرا کەچی لە پرۆتۆکۆل کە قانونەکە دەرچوو پاشی تەبعی کە مولاحەزەم کرد شتێکی دی لەناو بوو، یەعنی ئەوە بۆ خۆی تەئریخە و پرۆتۆکۆلە، بەس بە خۆی موشکیلەکە چیە؟، موشکیلەکە ئەوەیە کە تۆ جەخت لەسەر شتێك دەکەی ئەوڕۆ نابێ صیاغەکە و تەصویتەکە بمینێت بۆ سبەینێ، بەخۆی ئیشکالەکە ئەوەیە یەعنی خەوتنێك، گاپێکی دەدەیێ، بە خۆی ئەصڵی لە دونیایێ حیەلی قانونی لەوەی دەبێت، بەداخەوە یەعنی ئیعتیزار دەکەم لەو قسەیە بەس ئەوە نابێ وەبێ، بۆیە ئیعادە بکرێتەوە باشترە نەك ئەوەی بچێتە دەرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عیماد.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەجبوور نیمە داوای لێبوردن لە کەسێك بکەم، ئێمە لێژنەینە لێرە لێژنەی هاوبەشین، پێشنیارێك بۆمان هات و ئێمە قەناعەتمان پێی هەبوو و خستوومانە تەصویت بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن، لە کەسێك ئیعتیزار ناکەم.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وا بـزانم لێـرە ئەگـەر بیخوێنینـەوە تـەنها وشـەی تەنسـیق هـاتووە، یـەعنی ئـەوەی كـە كـراوە ئێمـە دوێـنێ روونمان كردووتەوە، یەعنی مەجلیسی قەزاء پێویست ناكات بە پێـی ماددەیـەكی تـر، مـاددەی 39 فەقـەرە (5) لە قانونی ئوصوڵی موحاكەماتی جەزائی پێویست ناكات دەسـەڵات لـە ئەنجومـەنی دادوەری وەرگیرێـت، بەڵكو بە پێی یاسایەكەیە، بەڵام دوای ئەوەی كە وەزارەت و جەنابی وەزیر داوای ئەوەیان كرد كـە تەنسـیق بكرێ، وا بزانم تەنسیق كردن كەس لاری نیە، ماددەكە وەكو خۆیەتی بەڵام تۆزێـك داڕشـتنەوەی بـۆ كـراوە تەنها تەنسیقەكەیە و جەنابیشت ئاگاداری كـە خوێندمانـەوە، یـەعنی كـە خوێندرایـەوە ئـەتانتوانی داوای موناقەشە كردن بكـەن ئـەو كاتـە وەكـو هـەموو جارێـك كـە داڕشـتن ئەكرێتـەوە زۆر جـار داوای موناقەشـە كردنی ئەكرێتەوە، بەڵام ئێوەی بەڕێز هەمووتان دەنگتان دابوو و ئێوە موناقەشەتان نەكرد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵاهی حەقیقەتەن بیدایەتی دانیشتنەكە بوو، تكایە لە جێگەی خۆتان قسە مەكەن، بیدایەتی دانیشتنەكە بوو، ئینجا دەنگی ئەو شتەش دەهات، یەعنی ئەوانە مومكینە نازانم ئەگەر بە تەبریر بێ، بەڵام یەكێك لـە موشكیلە ئەساسیەكان ئـەوەبوو كـە باسـی وەزارەتـی عـەدل نـەكراوە، كـە نـەكراوە چـۆن ئیزافـەی دەكـەن؟، نەكراوە، ئێمە وەمان زانی نەتیجەی صیاغەی دەنگی پەرلـەمانتارەكان صیاغەی كراوەتـەوە، فـەرموو كـاك حەمە سەعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە تەشەنوجی ناوی، ئەمە باسی وەزارەتی عەدل نـەكراوە، باتیلـە و راسـتیەكە نیـە (مـا بـني علـى الباطل فهو باطل)، ئەوە یەك، دوو، بە كوردی نەخوێندراوە و دەنگی لەسـەر نـەدرا، سێ: صیفەی قـەزائی بدرێ بە هەر كەسێك یەك پەیوەندی و صەلاحیەتی وەزارەتـی عـەدل نیـە، برادەرانـی قـانونی ئـەزانن هـی سوڵتەی قەزائیە، لەبەر ئەوە پێدانی صیفەی زەبتی قەزائی بۆ ئەم ئەندامانە هـی سـوڵتەی قەزائیـە و هـی وەزارەتی عەدل نیە، لەبەر ئەوەی هەر ئەصڵی ماددەكە عەیبەیە لە رووی قانونیەوە، تۆ بڵێی ئەعزای ئـەم مەجلیسـە صیفەی زەبـتی قـەزائی بـدەینێ لـە لای كـێ؟، بـە تەنسـیق لەگـەڵ وەزارەتـی عەدلـەوە، نـا هـیچ پەیوەندی نیە، لەبەر ئەوەی باتیلە و بە كوردیش نەخراوەتە دەنگدان دووبارەی بكەینەوە زۆر تەبیعیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئێمە بەیانی لەگەڵ كاك عیمـادیش صیاغەیەكی دیكـە ئامـادە بـوو مـن وەكـو لیژنـەی هاوبـەش ئاگاداری ئەو صیغەیەی تازە نەبووم، یەعنی ئەوە موفاجئ هاتە ناوەوە بەراستی، بۆیە كە خوێندرایەوە من

بەلامەوە سەیر بوو، چونکە صیغەیەکی تر ئامادەکرابوو بەیانی کاك عیماد بۆ منی خوێندەوە، ئەمە ڕەئی لیژنەی هاوبەش نەبووە بۆیە من بەباشی ئەزانم کە ئەو ماددەیە پێشتریش و جارێکی تر ماددەکە هەبووە و دەنگمان لەسەر داوە و جارێکی تر دەنگمان لەسەری داوەتەوە، ئیشکالیەتەکە لێرە دروست بووە و ئەندامانی پەرلەمانیش نەدەبوایە وا بە پەلەپەلی دەنگیان لەسەردابا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماوەی سێ، چوار ساڵی رابوردوودا ئێمە بە بەردەوامی لە بەینی ئەندامانی پەرلەمان و ئەو لیژنانەی کە لەسەر سەکۆ بوون بۆ موناقەشەی یاساکان متمانە هەبووە، متمانە هەبووە بۆ وەرگرتنی هەر ئیقتیراحێك، متمانە هەبووە بۆ دارِشتنەوەی هەر ماددەیەکی قانونی بەراستی، ئینجا ئەوەی کە کاك حەمە سەعید وتی فیعلەن وایە (ما بني على الباطل فهو باطل)، بۆ ئەمە باتیلە؟، چونکە ماددەیەکی تازە هاتووتە ئاراوە و دارِشتنەوەیەکی تازەی بۆ کراوە نە پرس بە کەس کراوە و نە هیچ کەسێکیش موناقەشەی کردووە، ئەمە بە ڕێکاری قانونیدا بۆ دەرچواندن و موناقەشە کردنی ماددەی یاسایی لە پەرلەماندا نەڕۆیشتووە و باتیلە، هەر شتێك لەسەر باتیل بونیات بنێت بە تەئکید باتیلە، ئەم خاڵێك، خاڵێکی تر بۆ مەسەلەی ئیعادەی تەصویت، ئێمە یەك، دوو مانگی رابوردوو موناقەشەی یاسای بودجەمان کرد، ماددەی پێنجی بودجە هەمووومان دەزانین دەنگی لەسەر درا، دوایی ئیعادەی تەصویتیش کراوە، واتا ئەو حاڵەتە لەو پەرلەمانە بووە و زۆریش ئیعتیادیە، بەڵام ئەمە بەسەر پەرلەماندا بڕوات بەراستی عەیبەیەکی گەورەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی پێشنیارەکەی کاك حەمە سەعید و کاك سەرهەنگ دەکەم، ئەم صیاغەیەی کە باس کراوە دوێنێ نە لە بەرنامە هەبووە و نە موناقەشە کراوە و نە ئاگادار بووینە، یەکەم، بەراستی ئەمە پێشینەیەکی باش نیە بێتە ناو پەرلەمانەوە هیوادارم دووبارە نەبێتەوە، دوو، وەکو برادەران وتیان بەراستی (ما بني على الباطل فهو باطل)، یەعنی من پێموایە ئێمە دەنگمان لەسەر شتێك داوە زۆر تەبیعیە ئیعادەی دەنگدانی بۆ بکەینەوە و لەم مەئزەقە بێینە دەرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانن تازە ئێمە فەقەرەیەكی بۆ زیاد بكەین ئەگەر پێتان باش بێت، فەقەرەكە بتوانێ حەلی ئەوە بكاتن، چونكە ئەوە دەنگی بۆ دراوە، فەقەرەیەك زیاد بكەین یان ماددەیەك زیاد بكەین لە جێگایەك كە تەعویزی ئەوە بكاتەوە، ئەوە دەنگی بۆ دراوە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو پرس هاتووتە ئاراوە، یەكێكیان متمانەكە، ئەوە من باسی ناكەم لەبەر ئەوە كاك د.احمد قسەی خۆی كرد.....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هیچ عیلاقەی بە متمانەوە نیە، مەسەلەكە هاتووە و ڕۆیشتووە، یەكجار مەسەلەكە وا گەورە مەكەن، متمانەكە هەر هەیە و بە هیچ قەصدێكیش نەكراوە لە لایەن وەزیرەوە پێشنیار كراوە و وایان بە چاك زانیوە و شتەكان وا گەورە مەكەن، تەعقیدی بكەن تاكو پێمان حەل نەكرێت...

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەركی لێژنەكە بوو بیانوتووبایە صیغەیەكی تازە ئەمە هات و بەم شێوەیە، داوای لێبوردنیان لێ ئەكەم، داوای لێبوردنیان لێ دەكەم مەبەستم ئەزیەت دان و بریندار كردنی هیچ كەسێك نیە، بەڵام من ئێستا پێم باشە مادام ئێستا موصیرن لەسەر ئەوە و هەر چەندە باتیڵیشە و تازە بووە و هاتووە و بەڕێز وەزیر ئیقتیراحی كردووە و دەبوایە بەڕێز وەزیر بیوتبایە پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە ئەم تەرحە تازەیەمان هەیە، حەل ئەمە دەبێت بكرێتە فەقەرەی دوو، فەقەرەی یەكەم دەنگمان بۆ دا، بەڵام حەلەكە چیە تۆ تازە خستتە دەستی وەزارەتی عەدلەوە كە حەقی نیە بەسەر ئەم بابەتەوە و هەماهەنگی و تەنسیقیەكە، دەبێت دەسەڵاتەكە بگەڕێتەوە بۆ سوڵتەی قەزائی، سوڵتەی قەزائی دەبێت بڕیاری زەبتی قەزائی بدات، یەعنی ئێستا خۆی غەڵەتە، ماددەكە غەڵەتە، نازانم چۆن چارەسەری دەكەن؟ ئەگەر بتوانن نیو سەعات جەلسەكە تەعلیق بكەن، بەڕێزت لەگەڵ لێژنەكە كۆببنەوە و لەگەڵ سكرتێردا حەلێكی بۆ بدۆزنەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی بە دوو شێوە موقتەرەح وەردەگیرێت....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خوشکی من گەیشتوونە قەناعەت کە ئەوە نابێ وابێ، بەس حەل چیە؟، حەلم بۆ بدۆزنەوە، قسەی خۆتان کرد و گلەییتان کرد، بەڵام ئەوە هات....

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر ئاساییە خەلەلێکی تەکنیکی هەیە لە هیچ پەرلەمانێکی دنیایی بە دەنگی درێلەوە عەمەلیەی تەصویت ناکرێت، من هۆکارەکەم لەوێدایە، ئەڵێج ئیزافەی وەزارەتی عەدل کراوە، سێ جار بۆ منی دووبارە کردیتەوە من لە تەنیشتیمە و گوێم لێ نیە، یەعنی ئەمە حاڵەتێکە فەنیە بۆ رۆتینات بۆ خۆمان زیاد بکەین؟، ئەگەر قبولیشتان نیە بەو حاڵەتەی کە لێژنەی هاوبەش ڕەتی کردەوە کە ئەمە تەئکید دەکاتەوە کە ئەمە رەئی یەك یان دوو کەس بووە، ئەڵێ چ ئەمە رەئی لێژنەی هاوبەش نیە، دوو موقتەرەحی جەنابی وەزیر منیش دوێنێ موقتەرەحم هەبوو بە تەنیا کە خەڵك پشتی نەگرتووم، بۆیە دەڵێم نەخراوەتە صیاغە لەبەر ئەوەی دوو کەسی تر پشتی نەگرتووم، لەسەر چ بنەمایەك کەس موقتەرەحی هەبووە و تەسبیتی بکەی؟، حەلەکە ئەوەیە لە بڕگەی دووەمدا وەکو ئەوەی سۆزان خان وتی بڕگەیەك ئیزافە بکەین بە عەمدی و خەلەلێکی تەناقوزی تێدا دروست بکەین کە دواتر یاسایەکە چووە لای بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەبەر ئەو تەناقوزە یاسایەکە بگەڕێنێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هیچ شێوەیەك ناکرێ موخالەفەی پەیڕەوی ناوەخۆ بکەین، ئەم ماددەیە پەسند بوو، بەڵام مانای ئەوە نیە کە چارەسەری نیە، ئێمە دەتوانین بڕگەیەك یان ماددەیەك دوای ئەمە زیاد بکەین بەوەی کە ڕۆڵی وەزارەتی داد تەنها ئەوەندەیە لە جێبەجێکردنی فەقەرەی یەکەمی ماددەی 7 و 8 لەسەر ئەوەی ئامادەکردن و کردنەوەی خول بۆ ئەوەی ئەو فەرمانبەرانە وەکو شیاو و لێهاتوو مامەڵە بکەن، چونکە تازە دەنگی هێنایە و سیفەتی زەبتی قەزائی بە حوکمی قانون دایتمانێ، ڕاستە پێویستی بە هیچ وەزارەتێك و هەتا پێوەستی بە سوڵتەی قەزائیشی نەدەکرد، دوێنێ من پێشنیارم بۆ هەردوو لێژنە کرد کە سوڵتەی قەزائی لادەن، لەبەر ئەوەی تۆ بە حوکمی قانون ئەو دەسەڵاتەت دانێ، بەس بە زیادکردنی بڕگەیەك یان زیادکردنی ماددەیەك ڕۆڵی وەزارەتی داد (تقتصر دور وزارە العدل ) بۆ ئامادە کردن و تەدریب و ئەو فەرمانانەی کە ئەو دەسەڵاتەیان پێ دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پێشنیارە باشە و حەلی مەسەلەکەمان بۆ دەکات، ئەم پێشنیارە زۆر باشە، جا ئەوە بە فەقەرەیەك ئیزافەی دەکەین یان بە ماددەیەك ئیزافەی دەکەین، تکایە بۆمان هین بکەن؟، د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان ئەگەر ماددەیەك دابڕێژرێت لە پەرلەمان كە خۆی موتەناقیز بێت لە حەدی زاتی خۆیدا، ئەبێت بە عەیبە لەسەر پەرلەمان، بەس چارەسەرێك هەیە ئەوەیە كە ئەم ماددانەی ماوە تەصویتی لەسەر بكەین و دوایی كۆ قانونەكە دەنگی پێ نەدەین، بۆ ئەوەی دەرنەچێت و دووبارە بخرێتە بەرنامەی كارەوە،...

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە من داواتان لێ دەكەم، ئەوە ئێمە سێ ساڵ و نیوە بە یەكەوە كار دەكەین، چاك و خراپ پێكەوە هێناومانە، بەس هەر ماددەیەك لەسەر هەر قسەیەك نابێ ئینسان ئەوها تەعامول بكات بەراستی، لێژنەیەك دانیشتووە و پێوەی هیلاك بووە و ماندوو بووە و خەریك بووە، خەلەلێك لە ماددەیەك بووە چیە یەعنی؟، بگەڕێن بە دوای عیلاج، وەڵلا متمانە نیە، وەڵلا ئەوە نیە و ئەوە نیە، رەجا دەكەم ئەوانە واز بێنن و بگەڕێن چۆن عیلاجی دەكەین؟، فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یان ئەو ئیقتیراحە چارەسەر ئەكەین یان ئەوەتا ئەو بڕگەیەی بۆ زیاد بكرێ بە شێوەیەك كە حەصری صەلاحیەتی وەزارەتی عەدل بكرێ لە مەسەلەی تەنسیقدا، ئەو كاتە ماددەكە جۆرێك تەناقوزی پێوە دیارە مومكینە سەرۆكایەتی هەرێم رەفزی بكات و بڵێت ئەم ماددەیە چاك بكە، ئەمە یەك، یان ئەوە دەنگی پێ نەدەین و تەواو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەیڕەوی ناوەخۆ كاتێك كە ئەڵێ ئەو ماددەیەی كە ئیقرار كراو دەنگی پێدرا نابێ بگەڕێینەوە سەری، بۆ چیە، بۆ رێكخستنی ئیشی پەرلەمانە، بۆ نموونە ماددەیەك دەنگی زۆرینەی لەسەر هات جارێكی تر كەس نەچێتەوە قسەی لەسەر بكات، بەڵام ئێستا بە هۆی ئەو خەلەلە فەنیانەی كە روویدا هەم لێژنە هاوبەش ئەڵێن ئەو ماددەیە وا بووە و هەم هینەكەی كە دەنگی پێداوە باوەڕی بە دەنگدانەكەی خۆی نەماوە، كەواتە زۆر تەبیعیە بیخەیتەوە دەنگدان كە ئێمە ئەم ماددەیە دەنگی پێ بدەینەوە جارێكی تر، چونكە ئێمە تەشریع ئەكەین و ئێمە یاسا دائەنێین، پێموایە ئەو شتە تەناقوز ناكات لەگەڵ پەیڕەوی ناوەخۆ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستێدا ئێستا جەنابت وتت خەلەلێكە روویداوە، با بە نیەتی خراپ وەرینەگرین، كەواتە ئەصلێ ئەوەیە ئەمە خەلەلە و زۆرینەی ئەنـدامانی پەرلـەمانیش رەئیـان وایـە كـە ئەمـە خەلەلـە و هەڵەیەكە تێپـەڕیوە بەسەر لێژنە و ئەندامانی پەرلەمانیشدا و ئەو حاڵەتە فەنیەی كە لە پەرلەماندا هەیە هۆكار بووە، یـەعنی سەیرە ئێمە لێرە موتەفیق بین كە ئێمە بە حیساب موشەرعین و موتەفیق بین لەسەر ئەوەی ئەو مەسەلە تەتبیق بكەین لە جیاتی چاوی برێژین و كوێری بكەین، بێین حەلێ بدۆزینەوە بۆ ئـەوەی پینـەی قـانونی بۆ ماددەیەك بكەین، بەڵام لێرە ناتوانین ئـەو ماددەیـە ئیعادەی تەصویت بكەینـەوە بـە مـەرجێك هـەموو باسیان كرد كە ئەم ماددەیە خەلەلێكی تێدا بـووە لەبـەر ئـەوە ئـەو ماددەیـە پـەیڕەوی نـاوەخۆی بەسـەردا تەتبیق نابێت، چونكە ئەمە بۆ مەسائیلی تر نیە لەبەر ئەوەی خەلەلێكە بە غەڵەت تەصویتی تێدا كـراوە، دووەم، ئەمە حادیسەیەك نیە كە بە تەنها و با بڵێین حاڵەتی یەكەم بێت لـە پەرلەمانـدا روویـدابێت، هـەر لەم پەرلەمانە چەندین جار بـۆ نموونـە بودجـە هێنـراوە، بـە نموونـە هەڵبـژاردنی سـەرۆكی دەسـتەی مـافی مـرۆڤ، دیسـان ئـەوە ئیعـادەی تەصـویتی تێـدا كـراوە، یـەعنی ئیعـادەی تەصـویت زاهیرەیـەكی تـازە نیـە لـە پەرلەمان هەتا ئێمە ئاوا گەورەی بكەین و چاوەڕێ بین سەرۆكی هەرێم بیگەڕێنێتـەوە و چاوەڕێ بـین بـە ماددەیەكی تر و بڕگەیـەكی تـر چارەسـەری بكـەین، بۆیـە تـەنیا ئیعـادەی تەصویت حـەلی ئـەو مەسـەلەیە دەكات و هیچی تر، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیمان خان تۆش هـاتی كۆمـەڵێك مەسـەلەی تایبـەتی و زاتـی خۆتـت تێكـەڵاو كـرد، مەسـەلەی مـافی مـرۆڤ دەنگەكانمان نەژماردبوو، تكایە ئیستیغلالی فورسەت مەكەن بۆ لێدانی هەندێ مەسەلەی شەخصی خۆتـان، رەجاتان لێ دەكەم مەیكەنە مەسەلەی سیاسی، دوایی رێگەتان نادەم قسە بكەن بەراستی، نابێ، كە رێگـەتان پێ ئەدەین قسە بكەن ئیستیغلالی ئەكەن بۆ مەسائیلی شەخصی، بۆ مەسـائیلی حیزبـی، بـۆ رەبـتی دەكـەن پێكەوە؟، هیچ عیلاقەی بە مەسەلەی مافی مرۆڤ نیە ئەو مەسەلەیە، بۆ وا دەكەی؟، فەرموو كاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو پێشنیارەی د.رۆژان و پێشنیارەكەی ناسك خانیش پڕ بە پیستی مەوزوعەكەنە، ناسك خان كە گوتی دەنگ لەسەر ئەوە بدرێ كە ئیعادەی دەنگدان بكرێتەوە، یەعنی دەنگ بدرێ كە ئیعادەی دەنگدان بكرێتـەوە، ئـەوەی د.رۆژانـیش پـێم باشـە بكرێتـە فەقەرەیـەكی تـر، یـەك لـەو پێشـنیارانە هەڵبـژێرین، قانونیشە و هیچ لەگەڵ پەیڕەو و پرۆگرامیش تەناقوز نابێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەکە هاتووە و بەڵێ غەڵەتێکە کراوە، بەڵام ئایا ئەم غەڵەتە لەسەر بێ ئەساس بووە؟، نەخێر ئەساسێکی هەبووە، لە هەر ماددەیەك کەوا گفتوگۆی لەسەر بکرێ و پێش ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێ ئەندامانی پەرلەمان قسە ئەکەن و دەنگیشی لەسەر بدرێ، بەڕێزتان داوا لە جەنابی وەزیر دەکەن کەوا ڕەئی خۆی بدات، جەنابی وەزیریش مافی خۆیەتی ڕای خۆی بدات یان صیاغەیەك پێشکەش بکات، ئەمە جەنابی وەزیر دەڵێت ئێمە صیاغەکەمان پێشکەش کردووە لەبەر ئەوەی پێویستیمان پێ هەیە وەکو تەنسیق نەك وەکو شتێکی دیکە، کەواتە لێرە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی هیچ کەم و کوڕیەکیان نیە و مافی خۆیانە کەوا شتەکەیان کردووە، لێژنەی هاوبەشیش مافی خۆیتیان کەوا صیاغەکەیان قبوڵ کردووە، بەڵام ئەم صیاغەیە دوو شتە، یان یاساییە یان نا یاساییە، ئەگەر یاساییە، ڕۆیشتووە و با بڕوات، ئەگەر نا یاساییە هێشتا فلتەرێکی تر ماوە بۆ ئەوەی بچێتە فلتەری سەرۆکایەتی هەرێم، لەوێدا بە خۆی دەگەڕێتەوە، پێویست ناکات شتی وا گەورە بکەین، بنەمایەك نیە لە بنەماکانی یاسا، مەسەلەیەکی زۆر زۆر بەسیتە و لە سەرۆکایەتی هەرێم دڵنیا بن دەگەڕێتەوە، بۆیە پێویست بەو هەموو شتە ناکات و دەنگی لەسەر نادرێتەوە و با بڕوات و تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ڕێگە بە کەس نادەین تکایە با کەس قسە نەکات، فەرموو بزانن ئەگەر فەقەرەیەك ئیزافە دەکەین یان ماددەیەك ئیزافە دەکەین بۆ عیلاجی ئەم مەسەلەیە، فەرموون بزانین پێشنیارەکەتان چیە؟.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەبەر ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان ناڕازین، فەقەرەی دووەممان داناوە ئەگەر جەنابت بیخەیتە دەنگدانەوە، (ثانیا: يقتصر دور وزارة العدل على فتح دورات تدريبية للموظفين المفوضين كأعضاء الضبط القضائي من قبل المجلس لتسهيل قيامهم بواجباتهم في حدود اختصاصات المجلس).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کەس قسە ناکات ڕێگەمان بە زۆرتان دا، ئەوە دەیکەینە ماددەیەکی ئیزافی، صیاغەکە دووبارە بیخوێننەوە.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(ثانيا: يقتصر دور وزارة العدل على فتح دورات تدريبية للموظفين المفوضين كأعضاء الضبط القضائي من قبل المجلس لتسهيل قيامهم بواجباتهم في حدود اختصاصات المجلس).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تكايە كێ لەگەڵدايە دەستى بەرز بكاتەوە؟، موناقەشەى بكەين؟، فەرموو ناوتان دەنووسين بۆ موناقەشە كردنى ئەو مادده تازەيەى كە ئەڤين خان خوێندييەوە، كەس دەيەوێ قسە لەسەر ئەو ماددەيە بكات؟، ئەم بەڕێزانە ناويان نووسراوە: كاك عبدالسلام، كاك كاردۆ، ئاهەنگ خان، شلێر خان، مامۆستا عومەر، د.عومەر، كاك نەريمان، كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێزعبدالسلام مصطفى بروارى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من داواى لێبوردن ئەكەم ئەگەر لە جێگاى خۆم قسەم كردبێ، يان يەكێك لە برادەرانى لێژنەى هاوبەش دڵى تەنگ ببێ بە قسەكانم، من مەبەستم مەصڵەحەتى عام بوو، ئەو پێشنيارەى بە تەحريرى ناردوومە بۆ لاى جەنابى سكرتێر، ئەو نەصەى تازە تێپەڕ كرا ئيشكاليەتى ئەوە بوو مەنحى صلاحيەت بە تەنسيق لەگەڵ وەزارەتى عەدل بوو، ئەم نەصەى تازە ئەو ئيشكاليەتە حەل ناكات، بۆيە ئەو نەصە تەحريريەى من ناردوومە جەخت بكرێت لەسەر ئەوەى (يقتصر دور الوزراه ) و هەروەها ئيعادەى مەنحى صەلاحييەى بلێين لەسەر سوڵتەى قەزائى، ئەگەر هەردوو موشكيلە حەل نەكەين، ئێمە ئەحكامى ئەو ماددەى كۆن ئيلغا ناكەين، چونكە (منح الصفه كذا بالتنسيق مع) هەر هەيە، واتا لەم نەصە تازەيە مەنحى صيفەتەكەش جەختى لەسەر بكەين بەو شێوەى ئەگەر بيخوێنن سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم بە هيچ شێوەيەك دەنگ درا لە پەرلەمان لەسەر ئەساسى پەيڕەوى ناوەخۆ دووبارە نەكرێتەوە، بەڵام خۆى لە پەيڕەوى ناوەخۆش شێوازى گفتوگۆ و چۆنيەتى صياغەى لێژنەى هاوبەش و ئەو لايەنانەى عيلاج كردووە كە بە پێچەوانەى پەيڕەوى ناوەخۆ بوو، دەكرێ ئێمە بە دەنگدان عيلاجى بكەينەوە، يەعنى من لەسەر ئەو ئەساسە باس لە ئيعادەى دەنگدان دەكەمەوە، ئەمە خەلەلێكى تەكنيكيە پێويستە چارەسەرى بكەين، دەبێ لە ماددەى دووەم، لەو ماددەيە واى دابڕێژينەوە كە ماددەى يەكەم پوچەڵ بكاتەوە، ئاخير قسە لەسەر سيفەتى ئەعزاى زەبتى قەزائى نيە بۆ مەجليسەكە، لەوێ واى دادەڕێژين دەسەڵاتەكە دەدەينەوە مەجليس و ناوەڕۆكى ماددەى يەكەم پوچەڵ دەكەينەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەوەی کاك عبدالسلام دەیڵێت راستە، کە ئەتو مەنحی صەلاحیەت لە فەقەرەکی دەدەیە یەکێك و لە فەقەرەی دووەم دەڵێ فەتح دورات تدریبیە، ئەوە لەغوی فەقەرەی دووەم ناکاتەوە، ئەتو دەبێ شتێکی بکەی عیلاج بۆ ئەو صەلاحیەتە بکەی، دەبێ بڵێی: (یقصد بالصلاحیة المقصودة في الفقرة الاولی فتح دورات تدریبیة فقط)، بە خۆی حوکمەکە و ئیشکالەکە لەسەر صلاحیەتە، ئەتو کو دەبێ فەقەرەیەکی تر بێنی ناوی صەلاحیەتی نەهێنی، یەعنی ئەوەی کاك عبدالسلام دەیڵێت راستە، شتێکی بینە بە قوەتی قانونی، قوەتی قانونەکەی دی ڕابگری، صەلاحیەتەکە موهیمە و دەبێ صەلاحیەتەکە عیلاج بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوێنێ کە موداخەلەم کرد، هەر ئەو نەصەی کە خوێندیانەوە لێژنەی هاوبەش من لەگەڵیدا بووم دوێنێ، بەڵام کەس رەئیەکەی منی بە هەند وەرنەگرت، پرسیارەکەشم ئەوەبوو وتم تەداخولی سوڵوتات با نەکەین، ئەو زەبتی قەزائیە و ئەو..، ئەوەبوو د.رۆژان جوابی دایەوە و وتی بە پێی ئەو یاسای عقوباتی عیراقیە ئەوە تیدایە لەبەر ئەوە هین نەکرا، ئەگینا من زۆر تەئکید دەکەمەوە ئەو خاڵانەی کە تیایەتی با ئێمە شتێك بکەین ئەو قانونە بتوانین جێبەجێ بکەین، ئەگەر فکر بکەین و زۆر زەحمەتە و ناکرێ، چونکە بەراستی سوڵتەی قەزائی ئەو زەبتی قەزائیە لەوە ئەچێ زۆر بە باشی نەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام ئەوەی کە لێژنەکە خویندیانەوە بە داخەوە کە ئەندامانی پەرلەمان ئیتر کە بنەمای قانونی نیە یان هەر شتێك، ئیتر هەر سێ خاڵەکەی زۆر باشە کە چۆن ئەو موەزەفانە ئەکرێ صەلاحیەتیان بدرێتێ بەو شێوەیە، بەڵام ئەوەی خۆی وەزیر کە ئەڵێ با تەدریبی کادیرەکان بکەن، حەقێتی نەك هەر تەدریبی بکرێت بەڵکو ئەبێت مەجموعەیەك شتی بۆ بکرێت، ئێمە ئەزانین ئەوە ئەچێت بۆ کوێوە، ئەو کۆمپانیانە کە ئەچێت بۆ مونافەسە و شتی وا و خۆتان شتی بۆ دەرئەکەن، خۆتان ئەزانن وەکو ئەوە وایە بچێتە قورگی شێرەوە، دەسەڵاتیان زۆرە، بەعزێکیان وەکو حکومەتێك وان بۆ خۆیان، لەبەر ئەوە ئەو حەقێتی هەر چییەك داوا بکات، چونکە خۆیان دەستیان لەناو ئاگرەکەیە و داوای ئەو شتانە ئەکەن و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پێموایە من ئیقتیراحێكی تازە ئەكەم، چونكە منیش قەناعەتم وایە وەكو كاك عبدالسلام وتی ئەو ئیقتیراحە تازەیە ئیشكالیەتەكە حەل ناكات، چونكە باس باسی صەلاحیەتە، ئەو صەلاحیەتە چیە كە دراوە بە وەزارەتی عەدل و زۆر ناجوانیشە بۆ پەرلەمانی كوردستان لە خیلالی دوو، سێ دێردا دوو شتی موتەناقیز بڵێت، جوان نیە بۆ موقەنین و موشەریع لە كوردستان، بۆیە من دوو پێشنیار دەخەمە بەردەم بەڕێزتان، ئەگەر جەنابی وەزیر گوێی لێمان بێت بەڕێز، پێشنیاری یەكەمم ئەوەیە : ئەو پێشنیارە لە لایەن بەڕێز وەزیری پیشەسازیەوە هاتووە، ئەگەر بەڕێزیان ئامادە بن سەحبی پێشنیارەكەیان بكەنەوە بیانوویەك ئەداتە دەستی لێژنەی قانونی و پەرلەمانتاران كە ئیعادە صیاغەیەكی نوێی ئەو ماددەیە بكرێت، ئەم پێشنیارە لە لایەن یەك ئەندامەوە هاتووە، چەندین جار ئێوە لە مینەصەوە داواتان كردووە كێ سەحبی پێشنیاری خۆی ئەكات، ئێمە وتوومانە بەڵێ سەحب ئەكەین یان ئیصرار ئەكەین، یەعنی شتێكی موتەبەعە، من ئەوە بە چارەسەر ئەبینم كە شتێكی قانونیشە من ئەیڵێم، ئەگەر قانونی نیە با لێژنەی قانونی بڵێت قانونی نیە، بەڕێز وەزیر ئەم پێشنیارەی كردووە و لێژنە ئیقرار دەكات كە صیاغەی خۆشیان پێشتر ئەوە نەبووە كە خراوەتە دەنگدان، صیاغەی بەڕێز لە وەزارەتەوە بووە، ئەگەر جەنابی وەزیر ئامادەیە سەحبی پێشنیارەكەی بكات، لێرە لێژنەی قانونی ئامادەیە لە سەرۆكایەتی داوا بكات بە تەصویت ماددەكە هەڵئەوەشێنن و ماددەیەكی تر صیاغە ئەكات، ئەمە چارەی یەكەم، پێشنیاری دووەمم ئەوەیە ئەگەر هەر قەرارە هەر ئەمە صیاغە بكەن، من صیاغەیەكی ترم داڕێشتووە غەیری ئەوەی بەڕێزان لە لێژنەی، ئەویش تەحدیدەن بەو جۆرە بێت( تنحصر صلاحیە وزارە العدل فی فتح دورات......)، چونكە ئەگەر وا نەبێ، تەحدیدی صەلاحیەتەكە نەكرێ مەعنای وایە ئێمە هیچمان نەكردووە، بۆیە ئەمە هەم ڕزگارمان ئەكاتە و هەم حەصری صەلاحیەتەكەش ئەكات كە لەگەڵ ئەو مەسائیلەی كە پەیوەندی بە سوڵتەی قەزائیەوە هەیە تەناقوزی نەبێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**د.عومەر فەرموو.**

**بەڕێز د.عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئیشكالێك هاتووتە پێشەوە هەوڵ بدەین لە چوارچێوە قانونیەكەیدا و دوور لە هەڵچوون و هەندێ حیساباتی تر گفتوگۆی لەسەر بكەین و چارەسەرێكی یاساییانە و مەنتیقیانەی بۆ بدۆزینەوە، ئەوە زۆر گرنگە، چونكە من پێموایە كێشەی متمانە نیە، وا هاتووتە پێشەوە، چونكە بە تایبەتی دوا ئەوەی بەڕێز وەزیری پیشەسازی و بازرگانی وتی من ساحیبی پێشنیارەكەم، ئێمە وامان پێ باشە و ئیتر وا هاتووتە پێشەوە و لە ڕاستیدا دەنگی لەسەر دراوە، من تەئیدی بۆچوونەكەی برای بەڕێز كاك كاردۆ دەكەم كە ئێمە دەنگمان لەسەر داوە و پەیڕەویش ئیتر ئەوە دووبارە دەنگدانەوە بە باش نازانین، ئێستا باسی حەل دەكەم،**

روون بوویتەوە کە مەبەسەت لەوە تەنها راهێنان و پەروەردەکردنە، ڕۆڵی ئەو تەنسیسق و تەعاونەی نێوان وەزارەتی پیشەسازی لەگەڵ وەزارەتی عەدل کورت دەکرێتەوە بۆ چی؟، بۆ پەروەردە کردن و راهێنـانی ئـەو ئەندامانەی کە ئـەعزای زەبـتی قـەزائی دەبـن، رایانـدەهێنین، راهێنـانیش لـە کـوێ دەکـرێ؟، لـە پـەیمانگای دادوەری دەکرێ، پەیمانگای دادوەریش بە پێی یاسای پەیمانگای دادوەری لە لای وەزارەتی عەدلە، بۆیـە ئـەم تەنسیق و تەعاونە لەو چوارچێوەیەدا با بە ئاسایی وەریبگـرین، بـەڵام مـن لەگـەڵ ئـەوەم وەکو چۆن کـاك عبدالسلام باسی کرد، وەکو چۆن سۆزان خان باسی کرد، وەکـو چـۆن مامۆسـتا عمـر عبـدالعزیز باسـی کـرد، ئەو پێشنیارەی کـە کـرا لـە لایـەن بەڕێزتانـەوە و د.ڕۆژان خسـتیە ڕوو، بڵـێین : دەسـەڵاتی ڕۆڵـی وەزارەتـی عەدل کورت دەکرێتەوە بۆ ئەنجامدانی خولی راهێنان و پەروەردە کردنی ئەوە، بەم شێوەیە ماددەی دەیـەم صیاغە بکەن و دەنگی لەسەر بدەین و ئەم نیگەرانیە نامێنێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێزان، ئێمـە لێـرە یاسـا دادەنـێن و لـە کاتێـك کـە هـەر خۆمـان یاسـا پێشـێل بکـەین بەراسـتی ئەمـە سابیقەیەکی خەراپە، مـن پێموایـە لـە خـوارەوە ڕەنگدانەوەیـەکی خـراپتری دەبـێ، بۆیـە ئێمـە ئـەم یاسـایە تێپەڕیوە، ئەگەر هەڵەیە، هەڵەیەکە من پێموایە لە هەموومان بووە هەر چەندە من لە ژوورەوە نەبووم کە دەنگی لێدرا، هەڵەکە لە لێژنە بووە کە شـتێکیان ئیزافـە کـردووە کـە بـوونی نـەبووە پێشـتر و موناقەشـەی لەسەر نەکراوە، هەڵەکەش لە هەموو ئەندامانە کە دەنگیان داوە و تێنەگەیشتوونە بەراستی، ئەمە هەڵەکـە شامیلە بۆ هەموومان، هەمووش مەبەستەکە ئەوەیە کە  هەموو ناڕازیین لەوەی کە ئـەو دەسـەڵاتە حەصـر کراوە لە دەستی وەزارەتی عەدل کە تێدا نەبووە، مەبەستمانە کە تێیدا نەبێ، بۆ ئەم مەبەسـتە پرەنسـیپی قانونی خۆی بڕیوە ئەو ماددەیە، من لەگەڵ سکرتێری پەرلەمان هاوڕام لـە ڕووە قانونیەکەیـەوە، بـەڵام لـە ڕووەکەی ترەوە لە ناوەڕۆك مەبەسەت لە نیـەتی موشـەریع چیە؟، بەراسـتی ئەمـە نیـەتی موشـەریع لێـرە پێچەوانە کردووەتەوە، کە ئێمە مەبستمانە لە ڕووی قانونیەکەیەوە کە ئێمە کارێك بکەین کە ئەم ماددەیە ناوەڕۆکەکەی بەو شێوەیە نەبێت کە دەسەڵاتەکە لە دەستی وەزارەتی عەدلدا بێت، من پێموایە ئەو صیاغە تازەیەی کە کراوە، خراپترە لەو صیاغەی کە تازە دانراوە، لەبەر ئەوەی تەنها و تەنها هەموو دەسـەڵاتەکەی داوە بـە وەزارەتـی عـەدل، ئـەبێ دەورات بـۆ ئـەعزاکان نـابێ دەسـەڵاتیان پـێ بـدرێت، یـەعنی ئـەوە تـەواو حەصرتر کردنە و خەراپتری کرد مەوزوعەکەی و دەسەڵاتەکەی تۆخ کردەوە، بۆیـە مـن پێشـنیار دەکـەم و ماددەیەکی تر کە ئیزافە بکرێ، بەو شێوەیە ئیزافە بکرێ ئێمە کار بەو ماددەیە رابگرین هـەتا ئـەو کاتـەی کە تەعدیل دەکرێتەوە، ئەمە دوو هینی سەریعمان دەداتێ، یەك: سەرۆکایەتی هەرێم ئەگەینێتە قەناعەتی راسـتەوخۆ بیگەڕێنیتـەوە لەبـەر ئـەو ماددەیـە بـە خیرایـی هینـەکانی قـانونی خـۆی دەبڕێـت و تەعـدیلی

دەکەینەوە پێش ئەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەگەر چووە بواری جێبەجێکردنیشەوە کاری پێ ناکری و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەر کەس لە ئەندامانی پەرلەمان صیاغەی نوێی پێشکەش دەکەین و ئەوەی لێ دەردەکەین و بە شتێکی زۆر بەسیت دەکرێ، ئێمە بڵێین مادده نوێیەکە: یوقف العمل بالمادة تاسعاً حتى یتم تعدیله، بەڕێزان، ئێمە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانمان دەرکردووە بۆ 7 ساڵە، لە کۆتایی ماددەکەدا نووسراوە کار بەم یاسایە ناکرێ هەتاوەکو هەڵبژاردنێکی نوێ، واتا 7 ساڵە کار بە یاساکە ناکرێ، واتا ئێمە کار بەو ماددەیە ناکەین و ئەو ماددەیەش پێموایە یاسایەکە پەك ناخات، بۆ چی؟، بەڕێوەبەری هەموو دائیرەیەك خۆیان ئەعزای زەبتی قەزائیە، بەڕێوەبەری دائیرەکان و دەوائیری رەسمی و شوبهی رەسمی خۆیان ئەعزای زەبتی قەزائین، با ئەوەمان بیر نەچێت، بۆیە ئەم دەسەڵاتەشیان لای خۆیان نەبووە و ئەم ماددەیەش چاك دەکەینەوە بە شێوەیەکی قانونی کە شائیبەیەکی قانونی نەیێتە سەر پەرلەمان و یاساکان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەکت هەبێ؟.

**بەڕێز سنان چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆرم پێ غەریبە یەعنی ئەوەندە موناقەشەیە لەسەر ئەوە دەکرێت، راستە پێشنیاری وەزارەتی ئێمەیە ئەوەمان کە تەقدیم کرد، بەس لەسەر ئەساسێکی قانونی کرا، دوێنی جەنابتان وتتان ئیعادەی صیاغەی بکەین، کە وترا ئیعادەی صیاغە مەعنای لە صیاغەکەی ئەوەی وترا دوێنێ رازی نەبوون لێی، ئێمەش تەبعەن پێویستە ئیعادەی صیاغەکەی بکەین دوێنێ و دیراسەتی بکەین، چونکە کە پەرلەمان قانونێکی دەست نیشان دەکات، وەزارەت و حکومەت تەنفیزی دەکات، کە تەنفیزی دەکات ئێمە بەعزێك مەشاکیلی دەبێت، بۆیە ئەو فەرمانبەرانەی کە سوڵتەی قەزائی وەردەگرن، ئەگەر تەدریب نەکرێن و تەنسیق نەکرێت لەگەڵ وەزارەتی عەدل کە دەچنە جێیەکی نەك بە جەهالەت، بە عیلم بچن، هەدەفەکە لێرە تەنسیقە، چیدی زیاتر و نوقسانتر نیە، لێرە دەڵێت (یعد من اعضاء الضبط القضائي الموظف المفوض رسمیا من قبل المجلس و بالتنسیق مع وزارة العدل)، وەزارەتی عەدل لێرە دەورەکەی بەس تەدریبە، ئەگەر نا چ ئیشکالیەتی تێدا نیە ئەوە دەوڵەمەندی دەکات ئەو ماددەیە، فەقیری ناکات کە ئیشەکە زەرەری هەبێت، دوایی لێرە مەسەلە خوێندنە، راستە درێلەکە ئیشی دەکرد بەداخەوە، من لێرە زۆر بە سانایی گوێم لێبوو، وە نەبێ بڵێین قسمەك ئاگادار نەبووینە، چ فەرق ناکات لێرانە، ئێمە نامانەوێ پوچەڵ بێت، ئێمە دەمانەوێ تەنسیقێك هەبێ کە ئەو فەرمانبەرانەمان و ئەو موەزەفانەمان دەچنە دەوائیرێك، باوەڕم پێ بکەن لەو شەریکە گەورانەی مومەسیلی حقوقیان هەیە هەر یەکیان فەرخە دێوەکە هەندە بە مەعلوماتن، راستیتان پێ دەڵێم وایە، واقیعەکە لێرە دادەنیشین و ئیشەکە لێرە دەکرێ ئێمە فیکری ئەولا دەکەین چ

عەزابێك دەكێشێت، بۆیە ئەمانە دەبێت موهەیەء بن و حازر بن و مەعلوماتی قانونی زۆر چاكیان هەبێت كە دەچنە ئەوێ و ئیشەكەیان پێ بكرێت، بۆیە من ئیصرار دەكەم كە ماددەكە وەكو خۆی بمێنێت و زۆریش مەمنوون دەبم لە ئەعزای پەرلەمان ئەگەر ئەوە چیدی لەسەری موناقەشە نەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون نەصە تازەكە بخوێننەوە، ماددە تازەكە.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

تنحصر صلاحية وزارة العدل الواردة في المادة التاسعة على فتح دورات تدريبية للموظفين المفوضين من قبل المجلس كأعضاء الظبط القضائي، لتسهيل قيامهم بواجباتهم في حدود اختصاصات المجلس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەست لەو ئیعتیراز و ڕەخنانەی كە لە ماددەی (9) گیراوە كە دەنگمان بۆ دا ئەوەیە كە دەسەڵات نەدرێتە لایەنێكی دیكە كە ئەو كەسانە بكرێنە ئەعزای زەبتی قەزائی، ماددەی دووەم ئەو مەبەستەی تێدایە بڵێین (مفوضين من قبل المجلس) واتا تاكە لایەن كە بۆی هەیە صیفەی زەبتی قەزائی بداتە ئەو لایەنانە مەجلیسە، مەجلیسەكە بە پێی قانونی مونافەسە تەشكیل بووە، ئەو تەخویلی لە هەندێك لە ئەندامان دەكات یان تەخویلی وەزیفی دیكە دەكات فەرمانبەری دیكە كە صیفەی زەبتی قەزائیان هەبێ، وەزارەتی داد لێرە ڕۆڵی چیە؟، خولیان بۆ دەكاتەوە بۆ ڕاهێنان و تەدریب كردنیان بۆ ئەوەی بتوانن كار و بارەكانی كە بە ئەنجومەنەكە ڕاسپێردرایە جێبەجێی بكەن، مەجلیس صیفەتی زەبتی قەزائیان دەداتێ، وەزارەتی داد دەوراتی تەدریبیان بۆ دەكاتەوە، هەتاكو تەقییدیشمان كردیە دەوراتەكان بۆ چیە هەتا بتوانن مومارەسەی ئەو دەسەڵاتانە بكەن بۆ جێبەجێكردنی ئەركەكانی ئەنجومەن كە ئەركەكانیش لە ماددەكانی پێشووتری یاساكە دەنگمان بۆ داوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بیخوێننەوە جارێكی تر ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

**تنحصر صلاحية وزارة العدل الواردة في المادة التاسعة على فتح دورات تدريبية للموظفين المفوضين من قبل المجلس كأعضاء الظبط القضائي، لتسهيل قيامهم بواجباتهم في حدود اختصاصات المجلس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 36 کەس دەستی بەرز کردووتەوە، کێ لەگەڵدا نیە؟، 18 کەس لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (11):**

**يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة و لاتزيد على سنتين او بغرامة لاتقل عن (100) مائة مليون دينار و لاتزيد على (200) مائتي مليون دينار كل من أخل بحكم المادة(السادسة) من هذا القانون او امتنع عن موافاة المجلس بالبيانات او الاوراق او المستندات التي يطلبه.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە کوردییەکەی؟**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (11):**

**هەر کەسێك زیان بە حوکمی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایە بگەیەنێ یاخود ڕێ لە پێشکەشکردنی ئەو بەیاننامە و کاغەزانە و بەڵگەنامانە بگرێ کە ئەنجومەن داوای دەکات، بۆ ماوەیەك حوکمدەدرێ کە لە ساڵێك کەمتر نەبێ و لە دوو ساڵیش زیاتر نەبێ ، یا بە غەرامەیەك کە لە (100) سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە (200) دووسەد ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ ،.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر پێشنیاری کرد و وتی ئەوە بە پێی نیسبە بێت، ئێستا کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با ناویان بنووسین، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، کاك نەژاد، کاك حەمە سەعید، سۆزان خان، مامۆستا کاوە، شلێر خان، تارا خان، مامۆستا عومەر، د.بشیر، ئاهەنگ خان، نەسرین خان، فەرموو کاك نەژاد.**

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش لەگەل ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیرم کە بکرێتە نیسبە، بەلاّم نیسبەتەکە کەمە، چونکە ئەو مەوزوعە مەوزوعێکە بەراستی پارەو پوڵێکی زۆری تێدایە، لەبەر ئەوە دەبێ خزمەتی رابیحکەش بەقەدەر ئەو ربحەبێ کە دەکرێت، من لەگەڵ ئەوە دام بە نیسبە بێ، بەلاّم نیسبەتەکە کەمە ئەوەی کە پێشنیار کراوە لەلایەن جەنابی وەزیرەوە بە رەئی من، وە رادعی مەعنەویشی تێدا نیە با بڵێین حەپس و ئەوانەی تێدانیە، بەپێی ئەوەی ئی**

وەزیرە، لەبەر ئەوە ڕەبت بکرێ لەمابەینی ئەوەی لیژنەی خۆمان لیژنەی قانونی، وە لەگەل ئەوەی وەزیر بکرێتە نیسبە، بەڵام رادعی مەعنەویشی تێدا بێ کە ئەویش حەپسە، وە وای لێ بێ کە حەپسەکە (لاتقل عن سنتین و لا تزید علی اربع سنوات) ئەوە یەك، نیسەتی ئەو غرامەش لە (10٪) سەتا دەش کەمتر نەبێ و لە (20٪) سەتا بیستیش زیاتر نەبێ، چونکە ئەو مەوزوعە مەوزوعێکە بەراستی پارەو پوڵێکی زۆری تێدایە، حەقە رادعێکی ئەوەشی تێدا بێ یانی موستەحەقی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام حەپسەکە بمێنێ، چونکە با ئەو رادیعە هەبێت ئەوە خاڵێك، وە ڕێژە بێت، فیعلەن ڕێژەکەش بەڵام کەمە لە (5٪) سەتا پێنج بە لە (10٪) سەتا دە، لەلای کەم پشتگیری ئەوەی کاك نەژاد ئەکەم لە (10٪) سەتا دە بە لە (20٪) سەتا بیست، خاڵێکی کە ئەمە بۆ هەربۆ مادەی (7)ە کە ئەوان بە (6) غەڵەت خوێندیانەوە دیسان مادەی (7)ە، ئەی بۆ هەموو قانونەکە زەحمەت نەبێ مەسەلەن قانونی ژمارە (8)، مادەی ژمارە (8) کە ئەڵێ یحظر ئەم تەقریبەن (22) بیست و دوو خاڵی (22) بیست و دوو مخالەفەی داناوە، کەواتا بۆ یەك مادە یانی عقوبەکە بۆ یەك مادەیە، من پێم وایە ئەبێ عقوبەکە بۆ هەموو قانونەکە بێ هەر کەسێ مخالەفەی ئەم قانونە بکات ئەم عقوبەیە بدرێت، لەبەر ئەوە بۆ یەك مادە نەبێ ئەو کاتە مادەکەش ئەگرێتەوەو هەموو قانونەکەش ئەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وەڵلاهی ئا ئەمە کە لەبەر دەستمایە ئەوەیە کە وەزارەت خۆیان داویانە، هەندی ئەمەی بەڕێز وەزیر تەقدیمی کرد شتێکی تازەیە یەعنی، نیسبەتەکە شتێکی تازەیە لە ناو ئەمەیا نەهاتووە، لە ناو ئەو بابەتەی کە خۆیان هەیانە نەیان نووسیوە ئەسڵەن هیچ ملاحزەیەکیان نیە، لەسەر مادەی (10) هیچ نەوتراوە، لە مادیەکی تازە مادەی (12) باسێکیان کردووە، بە هەر حاڵ چونکە ئەمە باسی نسبەو شتی تیایدایە، سەبارەت بەم مادەیە من حەزەکەم بزانم مادەی (6) نیە مادەی (7)ە باس لە مەحزوراتەکە ئەکا کە ئەوانەی (المحظورات) ئەوەی کە بڕیار دراوە لە ناو یاساکەیە کە (منع منعاً باتاً) ئەو شتانە بکرێت بە هین حیساب ئەکرێ، بەڵام لەم مادەیە هاتووە لەپاش ئەوەوە (من أخل بحکم المادة السادسة) کە ئەوە غەڵەتە (من هذا القانون أو امتنع عن موافات المجلس ببیانات أو الاوراق و المستندات التي یطلبها)، جارێکی تر لە مادەی (11)یە هاتۆتەوە (مع عدم الاخلاء بأیة عقوبة) غەرامەیەکی کەی داناوە ئینجا جارێکی تریش ئەڵێ (في حالة موافات المجلس في بیانات أو أوراق أو مستندات غیر صحیحة)، یەعنی

ئەم مادەیە هەر دوو حاڵەتەکەی تیایە هەم ئەگەر هاتو مخالفەی محزوراتەکەی کرد هەم ئەگەر هاتو موافاتی مجلسی نەکرد بە ئەوراقی مەتلوبە، لە دوای ئەوەشەوە یاسایەکی کە یەعنی مادەیەکی کە هاتووە بە مەبلەغێکی زیاتر (عند عدم موافاته بالأوراق)، ئەمە ئیشکالیەتە بەراست، بەراستی حەزەکەم بەڕێز سکرتێری مجلس بۆ مان روون کاتەوە بزانین چیە مەسەلە، چونکە لێی تێناگەم من، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڕۆژان ڕوونکردنەوەیەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت دوو ماددە، هەر دوو ماددە باس لە سزا دەکا ماددەی (10)یەم و (11)یەم، مادەکان گۆڕا دەگۆڕێت دوایی، ماددەی (10)م لەئەسڵی لە ڕاپۆرتەکەیە لە ریزبەندی ماددە (10)یە، باس لەوە دەکا (أمتنع عن موافات المجلس) واتا داوای چەند دوکۆمێنتی لێ کرا، بەلاّم لایەنەکە کۆمپانیایە دەزگایەکە ئەو زانیاریانەی نەخستە بەر دەست ئەنجوکەنەکە، ئەندامانی ئەنجومەن تاکو سوودی لێ وەربگرن دراسەتی بکەن ئیتلاعی لەسەر بکەن، بەلاّم لە مادەی (11) سزایەکە لۆ ئەو کەسانەیە مستندات و دوکۆمێنتێکەو لەبەر دەست ئەنجومەنەکە دانایە، بەلاّم مستنداتی راستەقینە نیە، دوو حاڵەتی جیاوازە حاڵەتێك کەوا مستنداتی پێشکەش نەکەی لەبەر دەستیان دانەنێی واتا مەبەستت چیە، ئاسان کاریت لۆ ئەنجومەنەکە پێشکەش نەکرد لۆیە سزا دەدرێ، حاڵەتی دووەم مستنداتت لەبەر دەست دانانە، بەلاّم تەزویرت کردیە مستنداتەکان راستەقینە نیە، دوو حاڵەتی جیاوازە لەبەر هندێ حوکمەکان جیاوازە و سزایەکە جیاوازە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەو رایە دەکەم کە بە نسبە بێت، لەبەر ئەوە شەریکات هەیە بە ملیارات ئیحتیکاری کردیە هیچ پەکی بەوە نەکەتیە (100)سەد ملیون یان (200)دوو سەد ملیون سزا دەدەی، لەبەرئەوەی ئەگەر بە نسبەت بێتن سزایەکەی زۆر زیاتر دەبێتن ئەگەر شەریکاتێك بە ملیون دۆلار قازانج بکاتن سزایەکەی خۆی دەدا هەر بەردەوام دەبێ لە ئیحتیکار و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە منافەسەی منافەسە نەبێتن لەبەر ئەوە بەراستی ڕێژە لەجێی خۆیتی نەك بە دیاری کراوی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نسبەت ئەم مادەیە من پشتگیری لە ڕێژەكە ئەكەم، ئەو ڕێژەیەش كە بەڕێز وەزیر قەراری داوە، بەلاَم ئەگەر ئێمە بتوانین یەعنی ڕێژەكە وابێ كە بڵێین ئەو زەرەرەی كە داویەتی یەعنی ئەگەر مەسلەن نسبەتەكەی كە ئەڵێین لە (2٪) یاخود زیاتر بێ، بەلاَم ئەوە بكرێت كە بڵێین (أو ما یعادل ما حققە من كسب نتیجة الاحتكار) ئەو باشترە، یەعنی بێجگەلە ڕێژەكە چونكە لەوانەیە جاری وا هەیە ئەو زەرەری كە داویەتی زۆر لەوە زیاتر بێت، حەپسەكەش دوای ئەوەی كە بڵێی ئەگەر جارێكی تر گەڕایەوە سەر نەفسی مخالفە ئەو وەختە حەپسیشی تێدا بێت باشترە وەكو ڕەدعێك، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی منیش لە مادەی (10)، مادەی (11)ە یەعنی تۆزێ ناروونیەك هەبوو كە سكرتێر شەرحی كرد، تا رادەیەك لە یەك جیا كرایەوە، بەلاَم ئەوەی لام سەیرە یەعنی لەبەر چی تەنها ئەڵێ حەپس یان پارە وەرگرتن ئەگەر هەردووكی لەگەڵ یەكتری بێت یەعنی نەك (أو بغرامة) یەعنی هەم حەپسەكە هەم غەرامەكە هەبێ بۆ حاڵەتی یەكەم كە لە مادده (10) هەیە، پشتگیری تەواوم لە ئیقتراحەكەی جەنابی بەڕێز وەزیر دەكەم لەبەر ئەوەی لە ناو كار دایە خۆی ئەمە راستە شتێكی تازەیە مومكینە وەكو باسكردنێك لێرەدا لە مادەكە، بەلاَم كە لە تەجروبەدایە كە تۆ غەرامەیەكی تایبەتی زۆر دائەنێی، لە هەمان كاتیش سجنی بكەی ئەگەر بێتو بە نسەب وەرگیرێت، نسبەی یەكەمی ئەو (5٪)بێ، بەلاَم لە نسبەكانی تر تۆزێ زیاتر بێ بۆ (10٪) بۆ (15٪) ریزبەندیەك یان بڵێین پۆلینێك بكرێ بۆ ئەو كارە بە شتێكی باشی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله من دوو پێشنیارم هەیە بۆ ئەو مادەیە، یەكەمیان وەكو بەڕێزیشتان دەزانن فەلسەفەی سزادان بە غەرامە مەوزوعەكە تەمبێكردنی ئەو لایەنەیە كە لێرە باسی موحتەكیرە وەكو بەڕێز وەزیریش پێشنیاری كردووەو، وا بزانم یەكەم كەس ئاهەنگ خان بوو، كە تەسنیەی كرد ئەمڕۆ لە دنیا پێوەری ئەساسی بۆ رادەی سزادان بەراستی بە نسبە دادەنرێت بە ڕێژە دادەنرێت، چونكە ڕێژەی ئەو جاری وا هەیە موحتەكیری وا گەورەمان هەیە گوێی لە (100)ملیون و (200) ملیون نیە، یەعنی خۆی حازر كردووە بۆ

تەقدیمی ئەو مەبلەغانە بە شەرتێ ئیشەکانی خۆی لەبەر بڕوا، لەبەر تۆ ئەگەر بە ڕێژەی ئیحتکارەکە سەیر کەی دەبێ ڕێژە دانێی بۆ سزادانیش ئەو عەدەتەصاعودیە دروست ببێ، لەبەر ئەوە من پشتگیری ئەو پێشنیارەی بەڕێز وەزیر، بەڕێزان دەکەم کە پشتگیریان لێکرد کە پێوەرە ستاندەرە تازەکانیش هەر وایە بۆ سزادان ئەو مادە قانونیە تازانەی لە زۆر بەی وڵاتان هەیە ئەوە یەك، دووەم پێشنیارێکم بۆ لیژنەی بەڕێز هەیە ئەگەر لێم وەرگرن مادەی (10) و مادەی (11) و مادەی (18) هەر سێکیان باسی عقوباتیان تێدایە، پێشنیار دەکەم هەرسێ باسی عقوباتەکە لە یەك مادە کۆ بکرێنەوە، ئەگەر هاوڕابن لەگەڵم بچینە مادەیەکی تر ئەمەو مادەی (11)، مادەی (18) کە هەر سێکی باسی عقوباتە پێویست ناکا پرش و بەلاوبێ لە ناو یاساکە، هەر سێکی کۆ بکەینەوە پێکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. بشیر.

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە رایەکەی وەزارەت دەکەم، کە ئەم سزادانە غەرامەکە بە نسبە بێ، هەروەها پشتگیری لەوەش دەکەم کە نسبەی غەرامەکە زیاد بکرێ، چونکە لە (5٪) کەمە، ئەگەر ئەو نسبەیە زیاد کرا تەئکید لایەنی غەرامەکە زیاد کرا بەشی سزادانی سجنەکە وەکو خۆی دەمێنێ دەبێ ئەویش زیاد بکرێ، کە واتا ئەویش ئەگەر غەرامەکەمان زیاد کرد، کردمانە نسبە لە (5٪) بۆ (10٪) پێویستە حوکم دانەکەش لە (2) ساڵ کەمتر نەبێ، لە (5) ساڵیش زیاتر نەبێ ئەمە خاڵێك، خاڵێکی دیکە ئەمە ئەم عقوبەیە بۆ یەك مادە دانراوە، منیش لەگەڵ ئەوەم، رام ئەوەیە کە ئەم عقوبەیە بۆ هەر کەسێك بێ کە زیان بە حوکمێ لە حوکمەکانی مادەکانی ئەم یاسایە بدات بە شێوەکی گشتی، د. رۆژان ئاماژەی بەوە دا کە ئەم سەرپێچیە لەو مادەیە هاتووە جیاوازە لەو سەرپێچیەی کە لە مادەی (11)دا هاتووە بۆیە عقوبەکەشی جیاوازە، دەکرێ لە یەك مادە کۆ بکرێنەوە، بەلام بە دوو خاڵ یان بە سێ خاڵی جیاواز، مادە عقوباتەکان هەموو لە یەك مادە بێ، بەلام بە خاڵی جیاواز یەکەم، دووەم، سێیەم ئەمە بەو شێوەیە بۆی کورت بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من لەگەڵ نسبەکەی کە ئیقتراحی جەنابی بەڕێز وەزیرم بۆ؟ سەبەبم هەیە بۆی؟ چونکە ئەمڕۆ لە عالەمی ئیقتصاد کە دەڵێن حەپس بزنسمانەك پارەی لێ قەتع کەی زۆر زۆر عقوبەکەی لەسەری ئەشەد ترە لەوەی کە تۆ حەپسی دەکەی ئەوە شتەکە ئەمڕۆ لە دونیا حازرە، دوو ئەمە کە دەڵێن (پێرسەنت) لە مەبلەغەك ببڕێ یان زیادە یان کەمە بە کەیفی خۆمان ناتوانین ئەو

نسبەتەی تەحدید کەین، بۆ ناتوانین تەحدید کەین؟ چونکە ئەمڕۆ مواسەفاتەك هەیە لە دونیایە پێ دەڵێین (فیدیك صناعی)، (فیدیك) لۆ مشاریع صناعی هەر وەکو بەڕێز جەنابی وەزیر موتەئەکیدم ئیتلاعی لەسەری هەیە، رەنگی پرتەقالی ئەگەر بە غەڵەت نەچووبم یان فضي یەك لە دووانە، (فیدیك صناعی) کە ئەوە بەخۆی دەڵێ عقوبەی فلان شتی ئەوەیە ئەو فەقەرە ئەوەیە ئەو فەقەرە ئەوە دەبێ، بۆیە ئێمە لێرە بە کەیفی خۆمان ناتوانین بڵێین ئەو (پێرسەنتە) لە فلان وەخت، چونکە ئاهەنگ یان احمەد یان مەحمودە دانیشین لەسەری ئەوەی دانێی ئەوە نابێ لە دونیا، دوایێ فەقەرەی دووەم کە ئەمن دەڵێم بیانات تەقدیم ناکەم ئەمڕۆ لە دونیایی هیچ شەریکەك نیە ئەتۆ بتوانی ئیجباری بکەی بەیاناتی خۆی بداتە تۆ، لە عالەمی دەرێ دەرێ ئەمن بەیاناتی نادەم برۆ ئەتۆ ئازا بە وەرە کەشفی کە، کەواتا کە عقوبەکەی ئەمە دەدەین بەو جۆرەی (فیدیك) دەبێ بدەین بەو جۆرەی مواصەفاتی عالەمی دەدەین لۆ وەی تیجارەو، صیناعەمان بە پێشکەوی، بە رەئیی من ئەو (پێرسەنت)ی دانێین کە بەڕێز جەنابی وەزیر گۆتیتی، بەلاّم ئەوە لە کولفەی غەرامەو لە شتی وا نابێ لەو وەختی کە ئەو حادیسە کە ئەو مەشروعە چبووە لجنەکی دەبێ لۆ دابنرێ؟ دراسە بکرێ بەو جۆرەی (فیدیك) تەحکیمی لۆ دەکرێت، لۆیە هاوار دەکەم دەڵێم حکومەتی هەرێم تکایە تەعامڵ بە (فیدیك) بکەین، چونکە (فیدیك) هەیە لۆ مواصەفاتی هەندەسی، (فیدیك) هەیە لۆ صیناعی، (فیدیك) هەیە لۆ مەشاریعی ....، (فیدیك) هەیە لۆ غەرامە، ئەمڕۆ دوبەی بەو هەموو تەتەورەی خۆی لە غەرامە لە (فیدیك) دەپرسی دەڵێ ئەمن ئەگەر ئیستسمارەك تەئخیر بوو ناڵێ موقاولی بێنە ئەتۆ ئەوەندە غەرامەی بدە حکومەتی، وەرە موقاول ئەتۆ ئەوەندە غەرامەی بدە صاحب کرێچیەکانی ئەوی ئەتۆ بینایەکەت لۆ تەئخیر کردیە، کەواتا چەندت تەئخیر کردیە حاڵەتەکە ئەو کاتی تەحدید دەکرێ با بەغەڵەت نەچین قانونەکانی ئەوی دەردێش با وابێ کە سبەی دوسبەی لە پرۆتۆکۆل لە دونیا بزانن ئەمە ئاگامان لە مواصەفاتی دەرێ هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو نەسرین خان.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من هاوکارانم پێشتر ئاماژەیان بە خاڵەکانی من دا، بە تایبەتی م. عمر و، بەڕێز د. بشیر، سەبارەت بە دەمج کردنی ماددەی (10) من ئەوەی کە پێشنیارم هەیە مادەی (10)، ماددەی (11)، لە هەمان کاتدا ماددەی(18)ش، کە ئەمە هەرسێکی عقوباتە دەکرێت ئەم سێ مادەی لە یەك ماددە کۆ بکرێتەوە، چۆن لە مادەی (18) بڕگەی یەك و دوو هەیە، ئەم سێ ماددە بکرێت بە چوار بڕگە بە جیا جیا، خاڵێکی ترم لە مەسەلەی غەرامەکەیە، لە راستیدا غەرامە دەبێ بە رێژە بێ نابێ بەو تەحدیدیەی کە (500)ملیون و (200)ملیون، چونکە هەموومان دەزانین ئێستا دەوڵەمەنی وا پەیا بووە باکی نیە لە غەرامەکە، ناشکرێ غەرامە بە یەك چاو سەیری ئەو کەسانە بکەی کە زیانی گەورە ئەگەیەنن، ئەو کەسانەی زیانی کەمتر ئەگەیەنن یەعنی بۆیە ئەگەر بە رێژە بێت، لە هەمان کاتیشدا دەکرێت لیژنەیەك لەو کاتە لیژنەیەك دابنرێت بۆ تەخمین کردنی

زیانی زۆر و زیانی گەورە بۆ ئەوەی کە بەپێی ڕێژەکە ئەو لیژنەیە تەخمینی ئەو زەرر و زیانە بکات و بتوانن ئەو قانونەی بەسەرا جێ بەجێ بکەن، یەعنی ڕێژەکە گرنگە کە تەحدید بکرێت، بەپێی ڕێژە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش سێ کەس زیاتر، لایەنی کەم سێ کەس داوایان کرد چەند مادەیەك بکرێت بە یەك، وەلأمتان، تەوزیحتان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ئێمە باشە وەکو لیژنەی هاوبەش ئەگەر وەکو خۆی ئەوها بمێنت و بەبێ دەمج کردنەکە لەبەر ئەوەی حاڵەتەکان بەم شێوەیە جوانتر دیاری کراوە و، عقوباتەکان باشتر دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لانا خان.

**بەڕێز لانا احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت لجنەی دارایی، یەعنی من ئیشارەت بەوەی دەدەم ئەلێرە فەرقی هەیە بە نسبەت ئەو غەراماتانە کە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانیش تەوزیحی کرد، بە نسبەت مادەی (10)یەم ئەو بە نسبەت یەعنی کە ئەو بەیانات و، ئەو ئەوراقە و ئەو مستەنەداتانە ئیمتناع دەکات کە بدا، بەس بەنسبەت عقوبەکەی دی بەیاناتەکان ڕاست نیە ئەوەی لەبەر دەستێتی فە ئەمن لێرە تەئکید لەسەر ئەوەی دەکەم دەمج نەکرێتن، بەس بە نسبەت مادەی (18) هەیە دەڵێ (على المجلس عند ثبوت مخالفة الاحكام الواردة في هذا القانون تكليف المخالف بتعديل أوضاعه)، ئەوە لێرە یەعنی حەز دەکەم روون بکرێتەوە بە نسبەت مادەی (18)، ئەمە بە نسبەت مادەکانی دی هەر یەکی موستەقل بێ، چونکە جیاوازیان هەیە دەمج نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، بەراستی ئێمە لە سەرۆکایەتی موشکیلەیەکمان هەیە بۆمان چارەسەرکەن، هانامان هێناوەتە بەر ئێوە ئێستا نیساب تەواو نیە؟ ئێستا پێویستی بە دەنگ هەیە؟ چی بکەین یەعنی؟ رجا دەکەین، تکا دەکەین دەڕۆنە دەرەوە وەرنەوە ئێ چی بکەین ئێستا تەئجیلی بکەین؟ ئەبێ یەکێك بڕواتن پەرلەمانتاری وا هەیە لەبەر چاوی خۆمان (10)دەقە دێتە ژورەوە دوایی هەر نایەتەوە، ئێ چۆن دەبێ ئاخر ئەوە؟ دوایی دەچنە سەر تەلەفزیونەکان، حەز دەکەم هەموو خەڵکی کوردستان گۆیی لێ بێ، ببینن هەندەك لەو پەرلەمانتارانە دەچنە سەر تەلەفزیونەکان تەبعەن مەخسەد هیچ لایەنەك نیە هەموو لایەنەکانە حەز دەکەم بزانن، لەسەر تەلەفزیونەکان قسە دەکەن بە ئارەزووی خۆیان قسە دەکەن، بەلأم لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان ئامادە نابن تاقەتی ئەوەیان نیە (2) سەعات دابنیشن، هەندێکیان (5)دەقە دێنە

هۆڵی پەرلەمان دوایی دەچنە دەرەوە نایەنەوە ئێ چۆن دەبێ ئاخر ئـەوە؟ ئێستا پـەکمان کـەوتووە لەسـەر دەنگ، تەئجیلی کەین ئەوەش ئاخر نابێ خۆ، واللە حەز دەکەم هەموو خەڵکی کوردستان گوێیان لەو قسەی ئێمە بێت بەراستی، فەرموو حەل چیە؟،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حەمە سعید:

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ حەلی ئەوە من دوو، سێ پێشنیار دەکەم، پێشنیاری یەکەم: جەنابت پێنج کەس تا دە کەس شەش کـەس ئیزن بدە، تا ئەو شەشە نەیەنەوە ئیزن مەدە کـەس بچێتە دەرەوە، دوو: ئـەوەی کـە هـەر نایەتـەوە غـایبی بدە، سێ: خەڵك بنێـرە بـا بێنـەوە، ئـەوە کـە تـۆ ئێستا عەیبەیەکە بـۆ پەرلـەمان و بـۆ هـەمووومان، ئینجا جەنابیشت بەو تەعمیمە وتت کە هەموو لایەنەکان من لەگەڵ ڕێزمدا لایەنێك لێرە نـەبووبێ و تەسـریحی دابـێ بۆخـۆی مەسـئولە لێـی، هـەمووی نـا یـەعنی، کەسـێك، ئـەوەش دیـاری بکـرێ باشـە، حەمـە سـعید لەکۆبوونەوەی پەرلەمان نەبووە، بەبێ مەعلومات قسەی کـردووە، ئـەوا، یـەعنی مـن ئێستا تەئکیـد لەسـەر حەلەکەی دەکەمەوە، (10 ) کەس ئیزن بدە بابچن بۆ ئیسـراحەت، بـۆ چا خـواردن، بـۆ هەرچـی، بابێنـەوە ئینجـا (10) کەسـی تـر، ئـەوە یـەك، دووەمـیش ئـەوەی کـە هـەر نایەتـەوە بـە فـەرمی دێتـەوە و دە دەقـە دادەنیشێ و دەڕوا، غایبی بدە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ، باشە ئەوە غایبم دا چی لێ بکەم؟ خۆ غائیـب هـیچ عقوبەیـەکی لەسـەر نییـە، پەرلـەمانتار هەیـە ئێستا لـەناو پەرلەمانە یەك دەقە نەهاتۆتە ژوورەوە، لێرەشە، پێنج دەقە دێتە ژوورەوە و دەڕواتە دەرەوە بەڕاستی، ئاخر ناکرێ بەڕاستی، فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئەو گرفتە لەم سەعاتە چارەسەر نابێ بەو پەلە، پەلە، من پێشـنیار دەکـەم جـەنابت ڕەفعـی جەلسـە بکەی نیو سەعات، چونکە سێ پەرلەمانتار زیاتر پێشنیارمان کرد، ئەوە دوو پێشـنیار کـراوە بـۆ بەردەسـتی لیژنەی بەڕێز، من دەزانم ئەوانیش ماندووم، هەموومان ماندووین، بۆیـە تاقـەتی سـیاغە، تاقـەتێکی دەوێ، دوو پێشنیار کراوە یەکێك هەموو یاسایەکە ئەگەر سەرپێچی لێکرا عقوبەکەی چی بێ؟ ئەمە روون نییـە، دووەم، سێ پێشنیار کراوە، سـێ کـەس پێشـنیارمان کـرد کـە مـاددەی (10، 11، 18) بکـرێ بەیـەك، لەبـەر ئەوە من داوا لە بەڕێزت دەکەم نیو سەعاتێك یان بیست دەقە پشوویەك رابگەیەنە، ئەو ماددەیەش سـیاغە بکەنەوە، بەڕێزانیش دێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

والله دەبێ لە هەموو جەلسەیەك سێ جار، چوار جار ( pause) بدەین نیو سەعات نیو سەعات، وای لێ هاتووە بەراستی، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان حەل لۆ ئەو شتەی هەیە، زۆریش ئیعتیادیە لە دونیاش پەیڕەو دەکرێت، عادەتەن لە کورسی پەرلەمان یان لە دەرکەکانی پەرلەمان لە هەر شەریکاتی گەورە، ئەمن ئەوەم دیتیە لە ساڵی حەفتاکان لە مەکتەبی هیشام مونیری، جیهاز هەبوو کە موهەندیس دەهات تکتەکی رادەکێشا بە (ID) بە کارت، ئەو تکتە تەحدیدی دەکرد بە جیهاز ئەتۆ چ سەعاتەك هاتیە ژۆرێ، کە دەچوویێ دەرێش تکتەکەت بزەبت دەبا وەرگری ئەخیرەکەی ڕاتبت لەسەر ئەو سەعاتانە بوو ئەوەی هات و چوویی و چەند نەهاتی و چەند هاتیە ژۆرێ، هیچ داعی نیە جەنابت کە دەستیان هەڵدەگرن دەڵێی برۆ دەرێ، دەبێ سیستەمی پەرلەمانی وا نیزامەکی متەتەور بێ ئەتۆ بە تکت بچیە دەرێ، دوایی ئیعتیادی موحاسیب معاشەکان دەبڕێ کە چەند سەعات ئەتۆ نەهاتی ئەتۆش مرتاح، باوڕ بکە محتەمەلە ئەو کێشەشت زۆر بە سەهلی حەڵ دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر توخوا ئێوە خۆتان پەرلەمانتارێك پێویستی بەو هەموو حیسابات و کیتاباتە هەبێ، دەبێت؟ ئێستا خۆ من دەتوانم ئەوە بکەم، ئێستا دەتوانێ سەرۆکایەتی پەرلەمان سەعات ئەوە لەبەر چاومانە یەکێك داوای چوونە دەرەوە بکات دەڵێم وەرەقەیەك بنووسە، سەعاتەکە دەنووسم دوایی کە هاتەوە بۆم بنووسێتەوە ئینجا بێتەوە، خۆ دەتوانم ئەو بکەم، یان دەتوانم عقوبەی بدەم، باشە ئەگەر یەکێك، پەرلەمانتارێك دوو ملیۆنی لەمەعاشی ببڕین چمان لێ دەکات؟ دەیکاتە هات و هاوار بەڕاستی، یەعنی ناکرێ خۆ مەفرووزە یەکێك کە دەبێتە پەرلەمانتار کە نوێنەری خەڵکە موراعاتی ئەوە بکا کە دەڕواتە دەرەوە بێتەوە ژوورەوە، پێنج دەقە، دە دەقە، چارەگێك بەسەر چاوان، ئەی بۆ ئێمە هەردووکمان دانیشتووین ئەوە جەنابی وەزیر دانیشتووە، ئەوە وەفدەکەی دانیشتوون، بۆ ناچنە دەرەوە؟ هەشە ناچێتەوە دەرەوە، نازانم چی بکەین؟ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من پێشنیاز دەکەم بۆ حەلی غیابات، کە جەنابتان دەڵێن غیابات مەسەلەن هیچ عقوبەیەکی لەسەر نیە، بۆ غیابات عقوبەی مالی دابنرێت بەپێی جەلەسات دیاری بکرێت بەراستی، هەر یەکێك لە ئێمە ئەگەر لەسەر غیابات مەسەلەن برە پارەیەکی لێ ببڕێ دەیکات بە هەرا، ئەڵێ چی بە خەڵك دەڵێ ئەمن پارەم لێ براوە ئەڵێن لەسەر چی لێی براوە، دەڵێ لەسەر ئەوەی کە غایب بووم، یەعنی دەتوانێ چی بکات

**بەراستی، یەعنی من داوا دەکەم بۆ ئیجازەکان تەحدید کرێ ئەوە یەك، دووهەم بۆ غیابات عقوبەی مالی دابنرێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**عەلا کولین تا دووشەمە سەعات (11)، دانیشتنەکە هەڵدەگرین، بە خواتان دەسپێرین.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)

## دوو شەممە رێکەوتی 8\4\2013

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)

## دوو شەممە ڕێکەوتی 2013/4/8

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2013/4/8 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (5)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2013/4/8 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای کێبرکێ لە هەرێمی کوردستان.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیار یاسای دایەنگا لە هەرێمی کوردستان،

3- هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەی دەست پاکی لە هەرێمی کوردستانی عیراق لەنێوان ئەم بەڕێزانە، (سامح عثمان یونس- سیروان عمر- امین- احمد انور)،

4- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای، ئیمتیازاتی زیندانی کراوو ڕاگیراوی سیاسی ژمارە 11 ساڵی 2011، برگەی چوارەم دیارە بە هەڵە هات بوو دیسان بەڕاستیەکەی خوێندمانەوە، خستنەڕوو و گفتوگۆکردن

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (5) رۆژی دانیشتن 2013/4/8، بەرنامەی کار بەپێی حوکمەکانی برگەی یەکی ماددە 20 لە پەیرەوی ناوخۆ، ماددەی یەکی هەموار کراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (5)ی ئاسایی، خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 11 پێش نیوەڕۆ رۆژی دوو شەممە، رێکەوتی 2013/4/8 بەم شێوەیە بێت:-

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای کێبرکێ لە هەرێمی کوردستان.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیار یاسای دایەنگا لە هەرێمی کوردستان،

3- هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەی دەست پاکی لە هەرێمی کوردستانی عیراق لەنێوان ئەم بەڕێزانە، (سامح عثمان یونس- سیروان عمر- امین- احمد انور)،

4- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای، ئیمتیازاتی زیندانی کراوو ڕاگیراوی سیاسی ژمارە 11 ساڵی 2011، برگەی چوارەم دیارە بە هەڵە هات بوو دیسان بەڕاستیەکەی خوێندمانەوە، خستنەڕوو و گفتوگۆکردن، داوا لە لیژنەکانی یاسایی و، لیژنەی مافی بەکاربەر، لیژنەی دارایی دەکەم بێتە بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، لیژنە کان بفەرمون بۆ سەکۆ، بەخێرهاتنی وەزیری پیشەسازی و بازرگانی هەرێمی کوردستان، وەفدە یاوەرەکەی دەکەین، بەخێرهاتنی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، بەڵێ سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهۆی ئەو تەعمیراتانەی کە دەکرێت لەناو هۆڵ و مەمەڕەکاندا، ئەو جەرەسەی کە ئەندامان ئاگادار دەکاتەوە بۆ جەلسە لەکار کەوتووە یاخود کارناکات، من داوا دەکەم شتێکی ئەگەر بە موەقەتیش بێت دابنرێت، بۆئەوەی ئەندامان لێی ئاگادار بن، چونکە بەڕاستی کۆبوونەوەی لیژنەکان دەبێت یان ئەندامان مەشغولن، بۆ ئاگادار کردنەوە ئەگەر شتێکیش بێت بە موەقەتیش بێت دایبنێن، پێم وایە باشترە لەوەی هەتا ئێمە چاوەڕێ بکەین جیهازەکە چاك ببێتەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دیارە موناقەشەی ماددەی 10 کە دەکاتە ماددەی 11 ی تازە، لەلایەن ئێوەی بەڕێز کراوە، بۆیە ئێستا داوا لە لیژنەکان دەکەین، کە پێشنیاری ئێوە تەسنیف بکەن، بەپێی ئەولەویەت بخرێتە دەنگدانەوە، بفەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا له مادده (10)ـین که تەسەلسولەکەی بووەتە 11، ئەمە نەسەکەیە وەکو ئەوەی لە راپۆرتی لیژنـەی دارایی هاتووە دەیخوێنمەوە (يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة و لاتزيد على سنتين او بغرامة لاتقل عن (100) مائة مليون دينار و لاتزيد على (200) مائتي مليون دينار كل مـن أخـل بحكـم المادة(السادسـة) مـن هذا القانون او امتنع عن موافاة المجلس بالبيانات او الاوراق او المستندات التي يطلبه.

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە تەقریبەن وەکو ئەسڵی پرۆژەکە وایە، بەڵام پێشنیار هەبوو، ئێستا پێشنیارە دوورەکەمان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگـەر لـە وەزارەتـەوە دەسـت پـێ بکـەین، وەزارەت خۆیـان پێشـنیاریان هـەبووە، ئەنـدامانی پەرلـەمانیش هەندێ پێشنیار هەبووە، جا ئەگەر ئیزن بـدەن ئـەوانیش دەخوێنینـەوە، وەزارەتـی بازرگـانی و پیشەسـازی پێشنیار دەکەن کەوا ماددەکە وای لێ بێت، (يعاقب بغرامة لاتقـل عـن (100) مائـة مليـون دينـار و لاتزيـد علـى (10) مائـة مـن الاجمـالي السـنوي لمبيعـات السلع او ايـرادات خـدمات موضـوع المخالفـة)، پەرلـەمانتارە بەڕێزەکانیش هەنـدێکیان بـە نیسـبەکان ئیختلافەیـە، هەنـدێ داوا دەکـات زیـاتر بێـت، هەنـدێ داوا دەکات کەمتر بێت ئەو نیسبەیە.

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە پێشنیاری وەزارەت کە دیارە پرۆژەکە ئەسڵەن لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلـەمان پێشکەش کراوە، بۆیە ئێستا وەزارەت خۆی پێشنیاری هەیە بەوەی کەوا غەرامەکـە ببێـت بـە نیسـبەت، لـە نیسـبەتی موبیعات یان لە ئیرادات، هەروەکو کە خوێندرایەوە، با بزانین ئەوە دەنگ دەهێنێـت یـان نـا، ئەگـەر دەنگـی هێنا ئەو وەختە نیسبەتەکە دەخەینە دەنگەوە، فەرموو ئێمەش هەروامان وت، بەڵێ بەس ئەوە دوورتـرین پێشنیار ئەم پێشنیارە بوو، بۆیە ئێسـتا ئـەم پێشـنیارە دەخەینـە دەنگدانـەوە، بـەڕێز سـکرتێری پەرلـەمان ڕوونکردنەوەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕەئی مـن ئەگـەر لیژنـەی قـانونی ڕەئـی خـۆی بـەیان بکـاتن، ئەگـەر غەرامـە بـە نیسبە بێـت یـان لازمـە مەقتوع بێتن، چونکە غەرامە عقوبەیـە؟، لازمـە پـێش وەقـت موحـەدەد بێـت لای حـاکم، بـەس ئەگـەر بـۆ تەحقیقی عەدالەت بێت وەکی لە هەندێ برادەرانم بیست، چۆن دەبێت مەسەلەن یەکێك زۆر قـازانج بکـات و یەکێك کەم قازانج بکاتن، غرامەکە ئیعتیادیە حەد ئەعلای هەیە و حەد ئەدنای هەیە، حاکم بە گوێرەی حەد ئەعلا و حەد ئەدنا و میقداری قازانجەکە لە کڕین و فرۆشتن، دەتوانێت تەحدیـدی نیسـبەی غەرامـە بکات، من موتەئکید نیم لە ڕەئی خۆم بەس ئەوەی من ئەزانم غەرامە لازمە موحەدەد بێت بە نیسبە بـێ،

ڕەسم و زەریبە بە نیسبەیە، بەس غەرامە عقوبەیە لازمە پێش وەخت موحەدەد بێت لەبەردەم حاکم، من حەز دەکەم لیژنەی قانونی ڕەئی خۆی بداتی لەسەر ئەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ لیژنەی قانونی، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەڕاستی پشتگیری ڕەئیەکەی کاك فرست دەکەین، چونکە غەرامە دەبێت لە قانوندا دیاری بکرێت، نیسبە بە موحەدەدی کە چەندە، بەلآم بەنیسبەت ئەوە دەمێنێتەوە بۆ ئیسشیهادی هەندێکجار قازی و بۆ ئەو بەیاناتەی کە ئەو جیهەتە تەقدیمی دەکات، جا ئایا ئەو بەیاناتە بە دروستی تەقدیم دەکرێت، ئایا خەلەلی تێدایە، ئایا مەجالی تەفسیراتی تێدایە، ئەو کەسەی کە بەیاناتەکە تەقدیم دەکات بتوانێتی تەحاویلیشی بکات لەسەر ئەو مەسەلەیە، بۆیە باشترین ڕەئی لەلای ئێمە ئەوەیە کە نیسبەکە وەکو ئێستا ئێمە کە چۆن خوێندمانەوە لە راپۆرتەکە بە موحەدەدی بێت ئەو غەرامەیە نەك بە نیسبە بێت، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی لەڕاستیدا پێشنیارەکە هی بەڕێز وەزیرە، ئەگەر جەنابیان تەوزیحێك لەسەر ئەوە بدەن، فەرموو.

**بەڕێز سنان چەلەبی / وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری وەزارەت، کە وەزارەت ئێمە وای موناسیب دەبینین کە تەقیدی حوریەت نەبێتن، چونکە لێرانە قەزیەکە قەزیەی مالیە، بەڵێ زەرەری هەیە، لە بۆئەوەی نیسبە بێت باشترە، دوایی لێرانە مەوزوعی کە دەڵێین 100 ملیۆن یان 200 ملیۆن دیناری عیراقی، ئەمرۆ قیمەتەکەیان دەوێت سبەی نازانی چی لێ بەسەر دێتن، ئیقتصادی دونیا زۆر دەسووڕێت، لەبەرئەوە ئەگەر هاتو نیسبە بێتن، بەپێی ئەو نسبەتەی ئەو غەرامەیە، ئەو حوکمەی لەسەر دابنێین باشتر دەبێتن، دوایی 100 ملیۆن یان 200 ملیۆن بۆ شەریکات، شەریکەکانی زەبەلاح هەر پارە نیە، دەتوانێ نەفسی شت بکاتەوە، نەفسی ئەغلات بکاتەوە، 100 ملیۆن یان 200 ملیۆن دەداتن، بە سانایی کێشە نامێنێتن، بە قەناعەتی من ئەگەر مەجلیس موافەقەت بکاتن لەسەر نسبەیەك، دەتوانین نسبەتەکەی زیاد بکەین لە 5 بۆ 10 بێتن، یان لە 10 بۆ 20 بێتن ئەوە تەئسیرێکی زیاتر دەکاتن، چونکە حەقەتەن مالیەن کە زەرەریان پێ بکەوێتن، دووجار فکر دەکەن کە ئیش نەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە کاك کاوە لە مێژە دەستی بڵند کردووە، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارێك ئاراستەی لیژنەی قانونی و جەنابی سكرتێر دەكەم، كۆمپانیای هاوردەكردنی جگەرەم هەیە، لە 1 ڕۆژ 100 ملیۆن دینار قازانج دەكەم، تۆ لە ساڵێ جارێك 200 ملیۆن من غەرامە بكە، ئەوكاتە هیچ تەئسیر لە داهاتەكەی من ناكات، لەبەرئەوە بەڕاستی دیاریكردنی غەرامەی مەحدود پێم وانیە موعالەجەی ئەو كۆمپانیا گەورانە بكاتن، كە ئیحتكاری بازاڕ دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی لە ڕووی عەدالەتەوە ڕێژەكە ڕاسترەو باشترە و، دەبێتە ڕێگریەك لە بۆئەوەی كە موخالەفە نەكرێت، بەڵام ئەگەر ئەوە كێشە بۆ دادوەر دروست بكات، بەڕەئی من وا باشترە لایەنە بەرزەكە ئەوەندە زۆر دابنێین، كە قەرەبووی ڕێژەكە بكاتەوە لای حاكم، یەعنی لایەنی بەرز ئەوەندە دادەنێین لەگەڵ لایەنی كەم، كە دەتوانێت بەپێی ڕێژەش بێت، هەر دەتوانێت ئەو سزایە بدات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ڕوونكردنەوەیكی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو مەوزوعەی ئەوەی ئیسارەم كرد، مەوزوع ئەوەنیە كامە باشترە، كامە عادیلترە، من باسی ئەوەم كرد كامەیان زیاتر مونسەجیمە لەگەڵ مەبادئ و قەواعیدی قانون، من ئەگەر غەڵەت نەبم دەڵێم غەرامە نابێتنە نیسبە لازمە مەفتوع بێتن، وەكو چۆن مەسەلەن دەڵێین لە فلان مودە هەتا ئەوەندە، غەرامەش لازمە بڵێین لە فلان مەبلەغ هەتا ئەوەندە مەبلەغ، من بە ڕەئی خۆم ئەوە دەكەم لیژنەی قانونی ئەو نوقتەیە دیراسەت بكاتن، كە ئێستا وەڵامیان نەبێتن، دەتوانین ئەو ماددەیە تەئجیل بكەین بۆ جەلسەیەكی تر، دیراسەت بكاتن ناحیەی قانونی دەبێت غەرامە موحەدەد نەبێت پێش وەقت لەبەر چاوی حاكم بە نیسبە بێتن یان نابێتن، مەوزوع ئەوەیە، دوور نیە وەڵامیان نەبێتن حالیەن.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوانەی دەستیان بەرز كردووە زۆرن، با لیژنەی بەكاربەر قسە بكات، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەوەی كە تە ماشامان كردووە، كە فیعلەن لە هەندێك یاسا بە نیسبە تەحدید كراوە، لە هەندێ: یاسای تریش مەسەلەن ئەو وڵاتانەی دەوروبەرمان وەكو ئوردن و ئەوانە بە پارە تەحدید كراوە، بەڵام لێرە

ئەگەر ئێمە تەماشای 17 بکەین، ئەگەر تەماشای مادده 17 بکەین، دەڵێتن (على مجلس القضاء في الاقليم تشكيل محاكم تنظيم التجارة للنظر في النزاعات الناشئة عن حماية المستهلك والمنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية وغيرها من الممارسات التجارية) ئەگەر ئێمە تەماشای قانونی تەنزیم تیجارە بکەین لەوێ عقوبات بە پارە تەحدید کراوە، لە قانونی (حماية المستهلك) بەهەمان شێوە بە پارە تەحدید کراوە، بۆیە ئێمە ئەگەر لێرە مەسەلەن بە ڕێژە تەحدید بکەین، کە دێیە ئەو مادده مەحکەمە نیزاعێکی ناشئ لەسەر حمایەی موستەهلیك بێت، دەبێت قانونی (حمایە المستهلك) تەتبیق بکرێت، لەوێ مەفروزە عقوبەکە بە غەرامە بێتن، بۆیە بۆئەوەی یاساکانی ئێمە وەحدەیەکی تەشریعی هەبێتن، پێم باشە ئەو یاسایە بە هەمان شێوە، بەشێوەی یاساکانی تر پارە تەحدید بکرێت باشترە، چونکە لە یاساکانی تر ئەوانەی کە کار پێکراون لە هەرێمی کوردستان و منافیزن بە غەرامە تەحدید کراوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوەکان دەنووسم بۆئەوەی مەفتوح نەبێت، (مامۆستا عمر- کاك خورشید- د. صباح- ڕۆژان خان- عمر عبدالرحمن- د. عمر- کاك نەریمان- ئاهەنگ خان)، فەرموو مامۆستا عمر، تکایە بە کورتی، لەبەرئەوەی موناقەشەی لەسەر کراوە تەنها لەسەر ئەم بابەتە بێت.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هی من نوقتە نیزامە، موداخەلە نیە، ئەم ماددەیەمان تەواو کرد لە هەفتەی پێشوو، موناقەشەش کرا پێویست ناکات موناقەشەی بکرێتەوە، هەموو وجهە نەزەریەکانی وتران، بەڕێزان جەنابی سکرتێر تەشریفیان هەبوو، ئەگەر ئەمە فیعلەن ناقانونیە ئەوە قسەی تێدا نیە، بەڵام وابزانم هەردوو حاڵەتەکە بە غەرامە یان بە نیسبە، مادام ناقانونی نیە ئیتر لە 10، 15 پەرلەمانتار پشتگیریان کرد لەو پێشنیارەی بەڕێز وەزیر، لەبەرە ئەوە پێویست ناکات بچینەوە سەر بیدایەتی موناقەشە کردن، پێم وایە بخرێتە دەنگدانەوە ئایا بە غەرامە بێت یان بە نیسبە، بە تەحدیدی پارە بێت یان بەنیسبە بێت؟ ئەوە یەك، دووەم ئێمە وەکو عەرزم کردن ئەگەر مەسەلەیەکی ناقانونی بوو، ئێمە ئەو کاتە لە موداخەلەی بەڕێز سکرتێر قسەیەکمان نیە، ئەگەر فیعلەن خۆی موتەڕدیدە لە پێشنیارەکە، لەبەرئەوە من هەندێ یاساشم بینیوە فیعلەن تەحدیدی مەبلەغ کراوە، بەنیسبەش تەحدید کراوە، شەرت نیە ئیلا مەبلەغ دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕەئی من ئەو بابەتە، ئەم خاڵە زۆر موهیمە، یەعنی تەحدیدی مەساری عقوبات زۆر موهیمە، یەك من لەگەڵ ئەوەنیم بە ڕێژە بێت، چونکە تەحدیدی ڕێژە بەنیسبەت قازی کێشەیەکی گەورەیە و، دەچێتە ناو هەندێك بابەت زۆر زەحمەتە کۆنتڕۆڵی بکات، شەریکات ئەگەر بیانەوێت حەز دەکەن زۆر شت بە پێچەوانەوە پیشانی مەحکەمە دەدەن، یانیش حاکم بەخۆی پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە بەتایبەتی شەریکەی گەورە بێ، لەبەرئەوە مەسەلەی ڕێژە مەسەلەیەکی زۆر گەورەیە و موعەقەدە ئەوە یەك، دوو نیسبە، بەلآم نیسبە لە 100 ملیۆن دەست پێ بکات بە ڕەئی من شتێکی زۆر قورسە، من پێشنیار دەکەم ئیحتیمالە لە 30 ملیۆن دەست پێ بکات بۆ 300 ملیۆن، هەمیشە با گەورە بێت بەنیسبەت حاکم بتوانێت بەپێی کێشە، بەپێی قەزیە بتوانێت هەر لە 30 ملیۆن دەست پێ بکات بۆ 300 ملیۆن بەپێی حەجمی قەزیەکە، مەسەلەی حەبس مەسەلەیەکی بەڕەئی من دروست نیە لێرە، چونکە کێشەکە کێشەی داراییە، پێویست ناکات حەبس لەم بابەتەدا هەبێت و، ڕێژە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم دەبێت بە پارەیەکی موحەدەد بێت لە 30 ملیۆن بۆ 300 ملیۆن بێت، جۆری قەزیەکە و کێشەکە گەورەیە چەند مەسئولیەتی تێدایە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د. صباح فەرموو، تکایە موناقەشەی قانونەکە مەکەنەوە، تەنها لەسەرئەو بابەتەی کە ئێستا موناقەشەی کرا، لەسەر ئەوە قسە بکەن.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم کە عقوبە لەڕاستیدا بۆ ڕەدعە، ئەگەر عقوبە ڕەدعی تێدا نەبێت حیکمەتی خۆی لە کیس دەدات، لێرەدا ئەگەر بە نیسبە بێت ڕەدعەکە زۆر بەهێزترە، چونکە ئێمە مەنعێکی قانونیمان نیە لەوەی کە بە نسبە دیاری بکرێت، یەعنی کە مەنعی قانونی نەبوو و، مەسەلەکە ڕەوا بوو وەکو لە هەندێ یاسا هاتووە، ئاگاداری ئەوەش بین ئەگەر نیسبەکە دیاری بکرێت، دیسان هیچ جەهالەتێك لە عقوبەکە نیە، چونکە کە حەدی ئەدنات دیاری کردو، حەدی سەرەوەشت دیاری کرد ئەوکاتە مەسەلەکە دەبێت بە مەسەلەیەکی حیسابی زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت، ئاگاداری ئەوەش بین ئەو یاسایانەی کە وەکو قانونی تەنزیمی تیجارە بۆ نموونە لەسەردەمێك و بۆ سیستەمێك نووسراوە، کە ئابووری عیراق لەوکاتە ئابووریەکی داخراو بووە، موەجەە و موخەتەت بووە بە شێوەیەکی مەرکەزی، ئێستا کوردستان بەرەو ئەوە دەچێت ئابووریەکی ئازادی هەبێت، بازاڕێکی کراوەی هەبێت، بۆیە لەڕاستیدا هیچ مەنعێکی قانونیمان نیە لەسەر ئەوە، ئەگەر یاسایەکی تریشی هەبێت بە مەقتوعی مەبلەغەکەی دیاری کردبێت، ئێمە لەم بوارەدا بەم یاسایە کار دەکەین، چونکە قاعیدەی (الخاص یقید العام) پەیڕەو دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گرینگ لەو ماددەیە ئەوەیە کە سزا هەبێت، لەسەر ئەو کەسانەی کە سەرپێچی حوکمەکانی ئەو یاسایە دەکەن، ئینجا جۆری سزایەکە باس لە سزای غەرامە دەکەین، کە کێشە و خیلافی لەسەرە، غەرامە بە 2 شێواز دیاری دەکرێت، یان ئەوەتا بڕی پارە دیاری دەکرێت وەکو ئەو شێوازەی کە تا ئێستا لە یاسا عیراقیەکان جێبەجێ کرایە، کە باس لە ڕێژە نەکرایە بڕی پارە دیاری کرایە، شێوازی دووەم ئەوەیە کە ڕێژەی لە سەدی دیاری بکرێت، واتە لەو قازانجەی بەدەستی هێنایە یان وەکو وەزارەت پێشنیاری کردیە لە موبیعات، چەند قازانجی بەدەست هێنایە لە ئەنجامی سەرپێچی کردنی حوکمەکانی یاسا؟ ڕێژەیەك غەرامە دیاری دەکرێت، زۆر ئاساییە بە کامە شێواز و گرینگ ئەوەیە پرەنسیبە دەستووریەکە ڕەچاو بکەین، کە دەقێك هەبێت باس لە سزاکە دەکات ئینجا سزای غەرامە بە ڕێژەی سەدی یان بەبڕی پارە هیچ جیاوازی نیە، گرینگ ئەوەیە سزا هەبێت، سزایەکەش (غەرامەکە) بەشێوازێ بڕەکەی ئەوندە کەم نەبێت، مەبەستی ئەوەی تێدابێت کە خەڵك هان بدات، تەشجیعیان بکات بۆ سەرپێچی حوکمەکانی قانون، مەبەستی سزایەکەی تێدابێت و، بە چ شێوازێك دیاری دەکرێت زۆر ئاساییە، گرینگ ئەوەیە ئەوەی سەرپێچی حوکمەکانی یاسا دەکات لە ئەنجامی ئەو سەرپێچیە قازانج دەکات، سزا بدرێت و بڕێکی باش پارەی لێ وەربگیرێت، تاکو ئەو مەبەستانەی کە لە سزا هەیە و فەلسەفەی سزا تەحقیق بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی عیقابەکە لێرە خۆی عیقاب ڕەدعە، بۆ ئەو کەسەی کە تاوانێك دەکات و، چاو ترسانی خەڵکیشە کە تیکراری نەکاتەوە، سیستەمی عیقابی لە قانونی جێبەجێ کراوی ئێستای، کە ئێمە جێبەجێی دەکەین سیستەمی عیقابی بە تەحدید هاتووە، ئەگەر حەبس بێت، سجن بێت، غەرامە بێت، حەدی ئەدنا تەحدید کراوە ئەوە سیستەمی عیقابیەکە کە ئێستا لێرە پیادەی دەکەین، لە هەموو یاساکاندا بەتایبەت ئەو یاسا گشتیەی کە سیستەمی عیقابی تەحدید دەکات لە قانونی عقوباتی عیراقیدا، قانونی ئسوڵی مەحاکەماتی جەزائیە، دواتر ئەم یاسایە ئیعتماد دەکاتە سەر جێبەجێ کردنی یاسایەك کە پێی دەوترێت یاسای تەنزیمی تیجارە، یاسای تەنزیمی تیجارە عقوبەکانی بە موحەدەدی هاتووە، ڕاستە عقوبەکە ئەگەر بەنیسبە بێت هەر عقوبەیە، ئەگەر بە موحەدەدیش بێت هەر عقوبەیە، عیبرەت لێرە کە وتوویەتی یاخود کە جەنابی وەزیر باس لەوە دەکات کە بە نیسبە بێت، ڕاستە هەردووکی عقوبەیە، بەلاّم چۆنیەتی تەنفیز کردنی، ئالیەتی تەنفیز کردنی ئەم نیسبەیە شتێکی گرینگە، فورسە بۆ ئەو قەزایە، بۆ ئەو مەحکەمەیە، بۆ ئەو حاکیمەی کە ئێستا جێبەجێی دەکات، دەبێتە موخالەفەی ئەو یاسایەی کە ئیعتمادی لەسەر دەکات،

لەبەرئـەوە یاساکە بـەم شـێوەی کـە ئێسـتا هـاتووە، بـە تەحدیـدی مەبلـەغی کـەم و مەبلـەغی زۆری، چ لـە حەبسـی و چ لـە غەرامەکـەی لـە شـوێنی خۆیـەتی، ئـەمما ئەگـەر ئـەوەبێت بڵـێین قەسـد لەوەیـە کـە شـەریکەیەکی گـەورە بەلایـەوە 100 ملیـۆن پـارەی پـێ هـیچ نیـە، بـەلاّم تەحدیـد کردنـی عقوبـە لەسـەر شەریکە سومعە شکاندنی شەریکەکەیە لەناو بازاڕی کاردا، دواتر ئەگەر ئەم شەریکەیە بەردەوام بوو لەسەر موخالەفەکەی خۆی، خۆ قانونی عقوبات بابی تری بۆ داناوە، چونکە لێرە دەگەڕێتەوە بۆ یاساکان، کە پێی دەوترێت (متهمی عود) (مجرم عود) عقوبەکەی چەند جارێکی تریش زیـاد دەکات، لەبەرئـەوە ئەمـە لێـرە بەم شێوەیەی ئێستا موافەقە بۆ سیستەمی عیقابی کە ئێستا جێبەجێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د. عمر فەرمووو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا هەردوولا ئیجابیاتی هەیە و سلبیاتی هەیە، یەکـەم شت بەڕاسـتی مەسـەلەی حەبسـەکە لابـەرین زیـاتر تـەرکیز لەسـەر غەرامەکـە بکـەین باشـترە، ئەگـەر بـڕە پـارە تەحدیـد بکرێـت ڕەنگـە لـە داهـاتوودا مەسەلەن بەشێوەیەك گۆڕان بەسەر قیمەتی پارە دابێت، کە لەگـەڵ نـاوەڕۆکی قانونەکـە یـەك نەگرێتـەوە، مەسەلەن ئێستا لە هەندێ دەقـدا هـاتووە کـە کـاتی خـۆی 10 دینـار دانـدراوە، بـەلاّم ئێسـتا گـۆڕان بەسـەر پارەکەو هێزی کڕینی پارەکە هاتووە، پێویستە تۆ ئەم قانونە تەعدیل بکەیتەوە، بۆیـە ئەگـەر نیسـبە بێـت ڕەنگە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی ئەم ئیشکالە نەبیەوە، هەروەها لە ڕووی بەرقەرار کردنی عەدالەتـدا ئەگـەر نیسبە بێت لە داهاتی زۆر نیسبەی زۆر دەبەی و، لە قازانجی کەم کەمتر دەبەی، لێرە نیسبە عەدالەت باشتر تەسبیت دەکات، بەلاّم ئیشکالێکی تـر هەیـە ئـەویش ئەوەیـە ئەگـەر کۆمپانیایـەك موخالەفەشـی کـرد بـوو، قازانجیشـی نـەکرد بـوو، مەسـەلەن لـەم حاڵەتـەدا ئـەوەش جـۆرە موشـکیلەیەکە ڕەنگـە لـە داهـاتوودا بێتـە پێشەوە، ڕاستە کۆمپانیایەك قازانجی نەکردووە، بەلاّم موخالەفەشی کـردووە، تـۆ نیسـبە لەسـەر قازانجەکـە دادەنێی ئەم کۆمپانیایە چۆن عقوبە دەدەی؟ من تێدەگەم کە بەڕاستی نیسـبە ڕەنگـە لـە داهـاتوودا وابکـات قانونەکە پێویستی بە تەعدیل نەبێت، هەروەها لە زۆر زۆرو، لە کەم کەم، تۆ نیسبەتەکە تەحدید دەکـەی، بەلاّم ئەگەر بێین ئێمە هامشەکە زیاد بکەین وەکو باس کرا بەڕاسـتی ئـەو 100 ملیۆنـە بێنینـە خـوارەوە، 200 ملیۆنەکەش پتر ببەینە سەرەوە ڕەنگە زیاد کردنی هامشـەکە مـەجالی ئـەوە هـەبێت کـە مەحکەمـەو، حاکم بتوانێـت بەشـێوەیەك جووڵـەی تێـدا بکـات، کـە ئـەو ئیشکالیەتەی کـە لـەناو ئـەو نیسـبەیە دا هەیـە چارەسەری بکات و، ئەوەی لە دیاری کردنی نیسبەتەکەدا هەیە لەناوی بتوانێ جێبەجێی بکات، واتە فراوان کردنی مەبلەغەکە لە 100 دەست پـێ نەکـەین لـە کـەمترەوە دەسـت پـێ بکـەین، لـە 200 کۆتـایی پێنێـت زیاتری بکەین، ڕەنگە ئەو حەلە باشتر بێت و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەی ئێمە، گفتوگۆی ئێمە ئەمڕۆ لەسەر ئەوەیە ئایا نیسبە لەگەڵ مەبادئی قانون دەبێ یان نا؟ قسەی ئێمە تەنهالەسەر ئەوەندەیە، ئەگینا کەس موشکیلەی لەگەڵ ئەوەدانیە کامە باشترە، ئەوە دەگەڕێنینەوە بۆ دەنگدانی ئێوە، کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەڕاستیدا ئەوەم لا ڕوون نەبووەوە کە حەبسەکەمان سابت کردووە یان لامان بردووە، ئەوەش بەڕاستی جێگای خۆیەتی نازانم لیژنەی پەیوەندیدار ئەگەر وەڵام بدەنەوە، سابت ماوە ئێ، بەنیسبەت حەبسەکەوە سەرەتا قسە دەکەم، من بۆ خۆم لەگەڵ ئەوە نیم کە حەبس هەبێت و لە ختوەی یەکەم و لە عقوبەی یەکەم، بەڵام لەحاڵەتی عەود، لە حاڵەتی دووبارە کردنەوەی ئەو کەسەی یان ئەو شەریکە بۆ ئەو موخالەفە قانونەی کە دەیکات، لەگەڵ ئەوەم بۆ حاڵەتی دووەم حەبس و غەرامەکە هەردووکیان هەبێت، لەبەرئەوە مەبەست لە عقوبە بەڕاستی ئیسلاحە، کە ئیسلاح نەبوو دەبێت عقوبەکە زیاتر بکەی، بۆئەوەی ئیسلاح زیاتر بچێتە پێشەوە، سەبارەت بەوەی کە مەبادیئ قانونی لەسەر ئەم مەوزوعە دەگونجێت، نیسبەتەکە مەقتوع بێت یان نیسبە بێت، پێم وایە من خۆم وەکو یاساییەك، لە هیچ مەبادیئی یاسا نەمبینیوە کە قەدەغەی ئەوە بکات، بەڕاستی نیسبەتەکە مەقتوع بێت یان نیسبی بێت، بۆ نیسبیش هەر مەقتوعە، بەپێی ژمارەیەك دایدەنێی، تۆ لە خۆتەوە داینانێی، بەڵام پێم وایە نیسبەتەکە عەدالەتێکی زیاتری تێدایە، بۆ عەمەلیەی بازرگانەکە یان بۆ بازرگانەکە، یان بۆئەوەی کە کارەکە دەکات، لەبەرئەوە ئەگەر وەکو بازرگانەکەی لە ئاستێکی گەورە دا بوو، ژمارە و ڕێژەکە بەرز دەبێتەوە، زیاتری لێ وەردەگیرێت، ئەگەر لە ئاستێکی کەمتر دابوو بەپێی خۆی، بەڵام ئەگەر وەکو موحەدەدەکە بوو تەحدید کرا بە مەقتوعی، بەڕاستی بەڕێزان ئێمە لێرە لە قانوندا زوڵمێك دەکەین (مەزاڵم) دروست دەکەین، لەکاتێکدا کاری قانون وەکو عەدل ئەوەیە کە عەدالەت دروست بکات، بۆیە من بۆخۆم لەگەڵ ئەوە دام کە نیسبەتەکە مەقتوع نەبێت، لەبەرئەوە هەندێ جار هەیە لەوانەیە ئەو نیسبەتەی کە تۆ بۆی دادەنێی ڕووبعێکی ئەوەشی دەست نەکەوتبێت، بەڵام هەندێ جاریش هەیە لەوانەیە سەدان جار ئەوەندەی دەستکەوت بێت و دەبێ ئەوەندە بدا، بۆیە من بەڕاستی پێم وایە ئامانجی خۆی ناپێکێ، بۆیە ڕێژەکە بە سەلامەتتر دەزانم و، ڕێژەکە یەك کێشەی تێدا هەیە، پێم وایە هیچ یاسایەك بەشێوەیەکی قاتع ئەوە نیە بەس ئیجابی بێت و سلبی نەبێت، تەنها تۆزێ ئەشکال بۆ مەحاکم دروست دەکات، کە ناتوانرێت ڕێژەکە لە قازانجەکە دەست نیشان بکات، بەڵام ئەمەش مەحاکم لیژنەی خوبەرای خاسی هەیە، بەشێوەیەکی تەخمینی تەقدیری دەکات و بڕیاری لێ دەدات، تۆزێ بۆ مەحاکم ئەشکالە، بەڵام بۆ عەدالەت ڕێژەکە عەدالەتترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیشكال لەسەر ئەوەیە نیسبە بێت، ئایا جێگای لە قانون دەبێتەوە یان نا؟ هەتا ئەگەر جێگای نەبێتەوە، دەبێت جێگای بكەینەوە، چونكە لە هەموو دونیا قانونی تیجاری، موحاسیبی تیجاری، هەرشتێك عیلاقەی بە تیجارەتەوە هەبێت بە حەجمی 8 ملیار و 11 ملیار 9 ملیار، حەتمەن دەبێت نزیك بین لەو سنوورو لەو قەراغانە، ئەمڕۆ لە دونیادا نیسبە تەحدید دەكرێت، چونكە 2 نەوعە شت هەیە، خواردنە ئیحتمالی هەیە مەجموعە كەسێك تەسەموم دەكات، خەڵكەكە دەمرێ، تەعویزی لێت دەوێ، تەیارە كەوت، لە لیبیا مەجبور بوو قەزافی پارەی مردووەكان بدات، ئەوە فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوە من شەریكەكی سەیاراتم هەیە، گێڕەكەی ئەو شەریكەیە وا دەكات مەجموعە كەسێك ئیستدام بكات، بمرن، ئەو شەریكە گەورەیە سەیارەكانی خۆی سەحب دەكاتەوە ئەوە لە ساڵی 64 لە ئەمەریكا شەریكەی فۆرد، سەیارەكانی خۆی سەحب كردەوە، چونكە گێڕەكانی خەڵكەكەی دەكوشت، لە قانونی (كەلسیوم رایت دیفێنسیش) هەیە، كە 64 لە ئەمەریكای بووە، بۆیە بەڕێزان ئەگەر جێگاشی نەبێتەوە، تكایە ئەمجارەش تكایە، چونكە حەجمی تیجارەتی ئێمە 8 ملیارە لەگەڵ دەوروبەر، تكایە جێگای (پێرسەنت) بكەنەوە، چونكە (پێرسەنتەكە) ئەمڕۆ زۆر زۆر زەروریە، ئەو مەلەفە خاص دیراسە دەكرێت، حیساب دەكرێت، ئەزرارەكانی چیە؟ ماددیە، مەعنەویە؟، ئێمە قانونی وا بەربەست نەكەین و سنوورداری بكەین و بیكوژین، كە لەگەڵ هیچ قانونی دونیایێ جێگای نەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان و كاك برهان داوایان كردووە ئەوانیش قسە بكەن، باشە مەجال بە هەمووتان دەدەین، كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی وجودی نیسبەت  دەربارەی وجودی مەبلەغ، مەبادیئی عامەی قانونی عقوباتی عیراقی، كە لە قانونی (111)ی 1969 دیاریكراوە بە دەرەجەی یەك و بەدەرەجەی ئەساسی، ئەوا قانونەكانیش دانیشتوون، ئیستنادی كردووەتە سەر مەبلەغ نەك نیسبەت، دوای ئەوە هەندێك برادەر لەگەڵ ڕێز و حورمەتێكی زۆرم (بدون تشهیر)، باس لەوە دەكەن كە كێ دەڵێت كەمی قازانج كردووە، تۆ 100 ملیۆن دانێی بە 200 ملیۆن، كاكە خۆ من زەریبە ناستێنم، موخالەفەیەكت كردووە، خوا دەیكرد موخالەفەكە زۆر بچووك دەبوو، من غەرامەیەكی زۆر زۆرت دەكەم، عقوبەیەكی باشیشت دەدەمێ، تۆشی پێ دەكەم بە دەرسێك بۆ خۆت و بۆ خەڵكی تر، كە ئەو كەلتوری ئیحتیكار و تیجارەت كردن بەسەر خەڵكەوە، بەوشێوە ناشەرعیە كۆتایی پێ بێت، لەبەرئەوە ناكرێت، ئێمە دەكرێت بڵێین مەبلەغەكەی با لە 50 ملیۆنەوە دەست پێ بكات تا 500 ملیۆن، ئەو وەقتە لەبەرئەوەی قانونی عقوباتی عیراقی قانونیەكان دەزانن، مەجالی داوە بە حاكم مرونەتێكی پێ بەخشیوە، كە پێی دەوترێت سوڵتەی تەقدیری، بەپێی حەجمی ئەو

تاوانەی کە کردوویەتی، ئەم بڕیار لە غەرامەکەی دەدات، ئەگەر 50 ملیۆن بۆ 500 ملیۆن بێت، یان 100 ملیۆن بۆ 200 ملیۆن بێت، ئەوەیە کە پێی دەوترێت لە قانونی عقوباتی عیراقی شتێکی هەیە پێی دەوترێت (مەبدەئی تەناسوب)، تەناسوب لەنێوان جەریمە و عقوبەدا، بۆیە تەحدیدی مەبلەغەکە زۆر لەجێگای خۆیەتی، قانونی عقوباتی 111 کە لە هەر قانونێکە عقوبەکە دیاری نەکرابێت، بۆ مەبادیئی عامە بگەڕێنەوە سەر ئەو قانونە بە حیسابی مەبلەغ ڕۆیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە قانونی عقوبات لەساڵی 1961 دا بە مەبالغ تەحدید کراوە، زەمەن گۆڕاوە ئێستا (2013)ـیە، بەڵام ئێمە ئێستا باسی زاهیرەیەکی نوێ دەکەین، ئیستیسماری گەورە گەورە دەکەین، لەوانەیە لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا ئیستیسمارەکان بەحەیاتی نەگەیشت بێتە ئەو بڕە پارەیەی کە ئێستا هەیە، بۆیە ئەگەر ئێمە وڵاتەکەی خۆمان خۆش دەوێت، هاووڵاتیانی خۆمانمان خۆش دەوێت، دەبێت بە هەموو شێوەیەك بیان پارێزین لەو چاوچنۆکییەی کە هەیە، ئەی تۆ ئەگەر چاوچنۆکییەکەت ڕانەگری، بەردەوام بی، چۆن هاووڵاتیانی خۆت دەپارێزی؟ بۆیە من لەگەڵ ئەوەشم نیسبەتەکە زیاد بکرێت، وەکو وڵاتانی خەلیجی لێ بکرێت لە نیسبەتەکە لە 25٪ کەمتر نەبێت، تۆ بەوشێوەیە دەبێت ئیسپاتی بکەی، کە هاووڵاتیانی خۆت دەپارێزی، بەڵام هیوادارم دانانی بەنیسبە نەبێتە بەهانەیەك بۆ جێبەجێ نەکردنی ئەم یاسایە، لەلایەن مەحاکمی ئێرەوە، بۆئەوەی بڵێن نەکراوە، ئێمە نەمان کردووە هەتا ئێستا وەکو چۆن یاسای توند و تیژی دژ بە ژنان هەتا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، بیانووی نەبوونی لیژنەی ئاشتەوایی، ئەمەش وا لێنەکرێت، دەبێت بزانین ئەو تەقدیر کردنی لەسەدی نیسبەتەکەی کە دادەنرێت، لەلای بەڕێوەبەرایەتی مونافەسەوە دەکرێت، ئەوان مەلەفەکە حازر دەکەن و دەیدەنە بەردەستی حاکم، یەعنی حاکم ناچێت تەقدیری بکات، ئەوان حازری دەکەن و دەیدەنە بەردەستی قازی، حاکم بەس لەسەریەتی جێبەجێی بکات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سنان چەلەبی / وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی 2300 شەریکەی بیانی تۆمارکرایە، لە حدودی 12 بۆ 15 هەزارە ڕەقەمەکەی بزەبت نازانم شەریکاتی خۆماڵیمان هەیە، ئەوانە هەموو شەریکاتی گەورە نین، 90٪ شەریکاتی بچووکن، ئێستا بۆ شەریکەیەکی بچووك کە غەڵەتێکی دەکات بەپێی ئەو قانونە، مومکینە 100 ملیۆن زۆر زۆربێت، بۆ شەریکەیەکی مامناوەندی یەعنی، بەڵام بۆ شەریکەیەکی گەورە هیچ نیە، بۆیە

ئێمە دەمانەوێت عەدالەت بێت، دەبێت ئەو عەدالەتە بۆ فەقیرو بۆ مامناوەندی و بۆ زەنگین وەکو یەك بێت، بۆیە کە لە 5٪ یان لە 10٪ بە نیسبە داندرێتن لە مەبیعاتی ئیجمالی، هەر کەس بەگوێرەی خۆی برینی لێ پەیدا دەبێتن، بۆیە بە وەجهەت نەزەری شەخسی ئێمە هی وەزارەت، ئەگەر ببێتە نیسبە ئەوە عادیلتر دەبێتن، بەڵێ حەبسیش عەدالەتی تێدایە، غەرامەش عەدالەتی تێدایە بە پارە، بەس ئێمە کە ئەوەی دادەنێین دەبێ نەك 4 شەریکەی گەورەو زەبەلاح ئەوان لەپێش چاو دابنێین، ئەوانی تر هەمووی لەبیر بکەین، تیجارەتی دەوڵەتێکی بەس بە 4 شەریکەی ناسوورێتن، بە هەزاران شەریکاتی بچووك ئەوانەش هەمو رزقیان هەیە، ئێوارێ کە دەچنەوە بۆ ماڵێ بزانن چ غەڵەتیان کردووە، هەرکەس بەنیسبەت ئیشی خۆی، مەبیعاتی ئیجمالی خۆی 1٪ بۆ دابنێتن، بە نەزەری من ئەوە زۆر عادیلترە، بۆیە ئێمە ئیسرار لەسەر پێشنیاری خۆمان دەکەین، نیسبەتەکەی 5٪ نەبێت ببێتە 6، ببێتە 7، ئەوە لەسەری قسە دەکرێتن، بەس نیسبە بێت بە من باشترە، کە دێتە قەزیەی حوکم، حەبس کردن ئەوە تەقیدی حوریەیە، شەریکەك هەیە ساڵێ مەبلەغەکی موعەیەن ئیشی کردیە، نیوەی ئەوە دەبێت بداتن بە غەرامە، ئەی باشە سبەی حەبس بکرێتن، هەرچەند دەکەم عەدالەت نابێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ لیژنەی بەکاربەر فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا ئێمە پرسیارێکمان هەیە ئاراستەی جەنابی وەزیری دەکەین، ئایا وەزارەت دەتوانێت کۆنترۆڵی مەبیعاتی ئیجمالی سنەوی هەموو کۆمپانیایەکان بکات؟، بەوەی کە ئێمە بڕیار لەسەر ڕێژەکە بدەین، ئەوان دەتوانن کۆنترۆڵی ئەو مەوزوعە بکەن یان نا؟ با ئەوە لەلای بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش ڕوون بێتن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سنان چەلەبی / وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخۆی بەپێی یاسا، هەر کۆمپانیایەك، دەبێت بچێتە دائیرەی زەریبە، مەبیعاتەکەی چەندە لەوێ تەسبیت دەکرێتن، ئەی ئەگەر ئێمە بچینە سەر فێڵی ئەوە حیسابەکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە لەڕووی یاساییەوە جیاوازیەکی زۆر هەبوو لەنێوان ئەو ڕوونکردنەوانەی، کە بەڕێزتان باستان کرد، قسەی ئێمە لەسەر ئەوەیە ئایا دەکرێت عقوبە بەنیسبە بێت یان نا؟ هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان، لە لیژنەی یاسایی یاخود لە یاساییەکان وتیان دەبێت، هەندێك دەڵێن نابێت، لەبەر ئەو ئیختیلافە ئێمە لە سەرۆکایەتی ڕەئیمان وایە، کە ئەو ماددەیە بۆ جەلسەی ڕۆژی

چوار شەممە دەهێڵینەوە و، دیراسەیەکی باشتری بکەن، بۆئەوەی تووشی هەڵەیەکی قانونی نەبین، پێتان باشە؟ باش، فەرمووو ڕۆژان خان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من پێویست بە دواخستن ناکات، لەبەرئەوە ماددەکانی دواتریش باس لە سزا دەکات، بۆیە بە دەنگدان یەك لابکرێتەوە، بە ڕێژە بێت، یان بەبڕێك پارە بێت؟ گرینگ ئەوەیە هەمووومان موتەفقین لەسەرئەوەی سزا هەبێت، سزایەکە بە چ شێوازێك لە یاساکە ڕێك دەخرێت، بەدەنگدان یەك لابکرێتەوە، چونکە ناکرێت ئەو ماددەیەی باسی سزا دەکرێت، ئێمە لای ببەین و، بە دەنگدان با یەك لابکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو کاك برهانیش ڕوونی کردەوە، ئەوەە عقوبەیە، ئەوە زەریبە نیە تا ئێمە بەنیسبە دیاری بکەین، هەتاوەکو ئێستاش لە قانونی عقوباتدا، لە عقوباتی عیراقی بەنیسبە نەبووە عقوبە دان، بەڵکو هەتا ئێستا بەو نیسبە موحەددەدە بووە کە دیاری کرا، یەعنی ئێمە سابقەیەکی قانونیمان نیە تاوەکو ئەو مەبدەئەی ئێستا لێرە تەحدیدی بکەین، بەلاّم ئەوەی دەڵێت مەجالی ئەوە هەیە نیسبەکە زیاد و کەمی لێ بکەین، یەعنی ئەوە دەبێتە حاڵەتێکی تەندروست تر بۆ ئێمە، مەحاکمیش زیاتر دەتوانن جێبەجێی بکەن.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەگەر ئەوە موخالفی مەبادیئی قانونی بێت، ئەوا ناخرێتە دەنگدان، بۆ دەبێت لەسەرەتاوە ئەوەڕوون بکرێتەوە، ئایا نیسبە بۆ عقوبە بەکاردێت یان هەر بۆ زەریبە؟، فەرمووو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئێمە کە باسی ئەو دەکەین هەر شتێك موخالفی قانونی بێت، دەبێت نەسی قانونی بخەینە بەردەست، کە بۆچی نەسی قانونیە؟ ئەو بەڕێزانەی کە دەڵێن نیسبەتەکە دەبێت دیاریکراو بێت یان ئەگەر مەفتوع بێت، بەڕاستی هیچ کامیان نەسی قانونی نیە، کە موخالەفی بێت، بۆیە هەر کامیان دابنێی لە قانوندا فەرقی هەیە، عقوبە بۆ جەریمەیەکی جینائی جیاوازە لەوەی جەریمەیەکی تیجاری، بۆیە دەکرێت بەپێی ئەو تاوانە ئێمە نیسبە دابنێین، نەك مەفتوعە بێت، مەفتوعەکە باسمان کرد کە چەند مەزاڵمی تێدایە، لەوانەیە بۆ مەحاکم تۆزێك ئەشکال بێت تەحدید کردنی، بەلاّم وەکو ئەمە عەدالەتێکی تێدایە بۆ عەمەلیەی تیجاری و بۆ خەڵك، بۆیە من داوادەکەم ئەوانەی کە دەڵێن موخالەفەی مەبدەئی قانونی، با یەك ، دوو نەسی قانونی بێنێتە بەردەستمان کە موخالەفەیە، بۆیە هیچ موخالەفەیەك نیە، تەنها ڕەئی شەخسیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ئیقتراحی پێشنیارەکەی دکتۆرە رۆژان دەکەم، هیچ داعی نیە تەئجیلی بکەین، بەڕێز کاك فرست زۆر بەڕوونی و بە ئاشکرایی باسی کرد، باسی دەق و شت نیە، ئەگەرچوار شەممەش بێن لەسەر نەفسی حاڵەت دەست پێ دەکەین، 20 کەسی تر قسە دەکەین، بە تەسەوری من ئەگەر حاڵەتێك هەبێت بتوانین ئیسپات بکەین، ئەگەر نا چوار شەممەش هەر بەردەوام دەبین، ئێستا بیخە دەنگدان، ڕەنگە ئەو ڕەئیە دەربچێتەوە، بەدڵی ئێمە نەبێت، بەس ناکرێت ئێمە ئەوا سەعاتێکی دروستە لە یەکەمین خاڵین و، بچین رۆژێکی تریش بێین، بۆیە تکادەکەم هەرچەندە من پێم ناخۆشە ئەگەر ئەو ڕەئیە دەرچوو، ئەوەی بەدڵی من نیە، بەڵام چارە نیە ناکرێت بۆ یەك ماددە رۆژێکی تریش بێین ئەوها بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام ئەوەی ئێمە گوێمان لێبوو کاك برهان نەسێکی قانونی خوێندەوە لە یاسای عقوباتی عێراقی، کاك عمر قسەی نەکردووە، فەرموو.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو هۆکار دەخەمە ڕوو بۆئەوەی کە ئایا تەئیدی ئەوە بکەین، بە ڕێژە بێت یان نا؟، یەکەمیان/ ئەوەی بەڕێز وەزیر باسی کرد، ئەوەی کە جۆرێك لە دادپەروەری لەچۆنیەتی مامەڵەکردنی مەحاکم لەگەڵ شەریکەکان و کۆمپانیایەکان بهێنێتە کایەوە، ئەوە هۆکارێکە، دافعێکە بۆئەوەی ئێمە تەئیدی ئەوە بکەین کە نیسبە هەبێت، دافعێکی تریش هەیە، بەڕێزان ئێمە دەبێت ئاگاداری ئەوە بین بازاڕی کوردستان دابڕاو نیە لە بازاڕەکانی تر، ئەو شەریکانەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، تەنها شەریکاتی خۆماڵی نین، بۆیە ئەو جۆرە مامەڵە کردنە لەوەی کە رۆژێك ئەگەر کۆمپانیایەك، یان شەریکەیەك سەرپێچی یاسایی بکات، بۆ نموونە لە هەر یەکێك لە وڵاتانی دراوسێمان، یان لەو وڵاتانی پێشکەوتوو، کە موتەبەعە بەنیسبە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، پێویست دەکات هەرێمی کوردستانیش ئەلێرەوە، لەم رۆژەوە نوقتەی ئینتیلاقی بێت، بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ شەریکات بکات، تا بازاڕەکەی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ بازاڕەکانی تر، بۆیە من پشتگیری ئەوە دەکەم کە بەنیسبە بێت، ئەمە ئەسڵەن هۆکارێکیشە یان معیارێکی باشە، بۆئەوەی حاکم بە دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ کەیسە جیاوازەکان بکات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە کاك دکتۆر صباح نەسێکی قانونی، ماددەیەکی قانونی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**قسە لەسەر ئەوەیە ئایا غەرامەی نیسبی هەیە یان نیە؟، لە ماددەی 92 لە قانونی عقوباتی عیراقی باسی غەرامەی نیسبی دەكات، كاتێك مەجموعە كەسێك شەریك بن لە جەریمەیەكدا ئەوە نەسەكەیەتی، (اذا حكم بالغرامة على عدة متهمين بحكم واحد لجريمة واحدة سواء كان فاعلين ام شركاء فالغرامة يحكم بها على كل منهم على انفراد فيما عدا عقوبة غرامة نسبية)، ئەوە غەرامەی نیسبی هەیە، ئینجا باسی دەكات (الغرامة نسبية يحكم بها بالاضافة الى العقوبة الاصلية بنسبة تتفق مع الضرر الناتج عن الجريمة او المصلحة التي حقق وارادة الجاني) هیچ نەسێك نیە كە مەنعی ئەوە بكات، كە غەرامەی نیسبی هەبێت، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئاخیر كەس كاك برهان، دوایی دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو.**

**بەڕێز برهان رشيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**جارێ مەبدەئی غەرامەی نیسبی لە جەرائیمی فاعیلی موشتەرەك و موساهیمین و ئەوانە باسكراوە، ئەگەر سەیری ماددەكانی 47 و 48 و 49ی قانونی عقوباتی عیراقی 111، (69) ئەوە یەكەم، دووەم من ڕوونكردنەوەیەكم هەیە حەزدەكەم لیژنەی هاوبەش بە نەزەر ئیعتبار سەیری بكات، ئەویش لە 2 خاڵدا یەكەم: ئەگەر سەیری ماددەكە بكەین بەشێوەیەكی گشتگیر بیخوێنینەوە، مەزموونی ماددەكە ئەوەیە سوڵتەیەكی تەقدیری داوە بە حاكم، لە شوێنێك بۆی هەیە حەقی حەبس بێت، كە لە ساڵێك كەمتر نەبێت و لە 2 ساڵ زیاتر نەبێت، كە لەوێش بۆی هەیە ئیستناد بكاتە سەر ماددەی 131 و 132ی عقوبات، بۆئەوەی ساڵێك حوكم بكات ساڵەكەشی بۆ وەقفی تەنفیز بكات، لەشوێنێكی تر دەڵێت بۆی هەیە بچێت بۆ غەرامە، غەرامەكەش لە نیسبەتێكەوە دەچێت بۆ نیسبەتێكی تر، قانونیەكان باش دەزانن ئەوە باس لە سوڵتەی تەقدیری حاكمە، پێم باشە لیژنەی هاوبەشیش ئەو موقتەرەحە بنووسێت لای خۆی، بۆ عیلاجی ئەو كێشەیە، من پێم باشە نەسەكە وای لێ بكرێت (يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة ولا تزيد على سنتين او بغرامة لاتقل عن 50 مليون دينار ولاتزيد على 600 مليون دينار ويكون للمحكمة السلطة التقديرية حسب جسامة الجريمة او حسب مبدأ التناسوب بين الجريمة والعقوبة) باقی نەسەكە هەتا دوایی، ئەوە حەلێكی وەسەتە ئەو تەناسوبەی ئەوانیش حەل دەكات، كە ئەوان باسی نیسبە دەكەن، مەبدەئی تەحدیدەكەش سوڵتەیەكی تەقدیری داوە بە حاكمەكە، هەر دوو كێشەكە چارەسەر دەكات، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان دوای ئەو هەموو ڕوونكردنەوەی كە باسكرا، ئێستا ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدان، پێشنیارێك هەیە كە بەنیسبە بێت، پێشنیارێكی تریش كە دەڵێت عقوبە بەنیسبە نابێت، بۆیە هیواداریین ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەساسی ڕوونكردنەوەیەكی دروست دەنگی خۆیان بدەن، كێ لەگەڵ ئەوەیە بەنیسبە بێت؟**

43 ئەندام پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە بەنیسبە بێت، کێ لەگەڵ نیە؟ 39 کەس رەتی دەکاتەوە، کەواتە 43 کەس دەڵێت بەنیسبە بێت، ئێستا تەحدیدی نیسبەکە دەکەین، نیسبەکان دیاری بکەن، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزارەت نیسبەکەیان تەحدید کردووە بە 5٪ تاوەکو 10٪ ئەوە یەکەم، یەکەم پێشنیار (یعاقب بغرامة لاتقل عن 5٪ و لاتزید علی 10٪ من الاجمالی السنوي لمبیعات السلع او ایرادات خدمات موضوع المخالفة).

بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

با جارێك ئەوە بخەینە دەنگدان، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەوانی تر دەخوێنینەوە، بەوشێوەیەی کە خوێندرایەوە ئەوە ڕەئی حکومەتە کێ لەگەڵە؟ تکایە دەستی بەرزبکاتەوە، 5٪ بۆ 10٪ لە نیسبەتی مەبیعاتی سەنەوی و یان ئیرادات، وازحە یان نا؟ کاك دلێر فەرموو، لیژنە بڕیار دەدات.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە دەڵێت (یعاقب بغرامة لاتقل عن 5٪ و لاتزید علی 10٪ من الاجمالی السنوي لمبیعات السلع او ایرادات خدمات)، یەعنی خۆ تۆ خزمەت پێشکەش دەکەی ئیراد وەردەگری.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سنان چەلەبی / وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرانە ئیشەکە زۆر وازحە، دەڵێت (یعاقب بغرامة لاتقل عن 5٪ و لاتزید علی 10٪ من الاجمالی السنوي لمبیعات السلع او ارادات خدمات)، هەروەکو باسیان کرد لێرانە، (سلع) کە باس دەکرێتن یەك سیلع نیە، مەجموعە شەریکەك 50 سیلعەی دەبێت دەفرۆشیتن، فەردو جەمعەکەی سیلعە، سیلعات نابێتن خۆ جەمع تەکسیر نیە، شەریکاتی تر هەیە بەس خەدەماتی هەیە، لەبۆئەوەی دەبێت هەردووکی فەرق بکەین، ئەو دەڵێ ئەمن مەبیعاتم نیە لەبۆئەوەی خەدەماتم هەیە، بۆیە دەبێت هەردووکی شمول بکات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسە لەسەر ڕێژەبێت یان نەبێت، ئەوە تەواو بوو، هەموو ئەوانەی باسیان کرد ڕێژە بێت، بۆئەوەی بەپێی تاوانەکە بێت، نازانم 5٪ چ تەئسیر دەکات؟ ئەوە یەك، دوو: بەڕاستی من لە یاسا هیچ تێناگەم، بەلاّم تۆ

سزا دادەنێی لەسەر رەفتارێكی موحەدەد، یەكێك لە بەندەكانی ئەو یاسایەی پێشێڵ كـردووە دەیگـری، دێـی هەموو نەشاتە ئیقتصادیەكەی دەخەیە ناو تاوانەكە، بەس لە ساڵێك چ خدمەی كردیە، چ كالای فرۆشتووە، ئەریٚ لە فەلسەفەی سزا ئەوە هەیە؟، ئەمن دزیەكی بچووك دەكەم دێی بزانی مـن لـە 20 سـاڵی تـر چـەند مەبیعاتم كردووە، نیە شتی وا لـە قـانون، رەجاتـان لـیٚ دەكـەم ئـەو نیسـبە كـە دادەنـێن، دانـێن لەسـەر ئـەو حاڵەتەی كە تومەتبار بووە تێی، ئەوكاتـە دەبیـنن هیچتان نـەكرد، ٪ مـن دەیـدەم و بـەردەوام دەبم، بۆیـە یەك: ئـەو 5٪ ئـەو غـەرەزە تـەحقیق ناكات، ئـەو خوشـك و برایانـە بـە پەرۆشـەوە دیفاعیـان لێكـرد، دوو: لەگەڵ تێنەگەیشتنی من لە یاسا تەسەوردەكەم سزا نادات لەسەر چالاكیەكی یەك ساڵە، سزا دادەنێـی تـەنها لەسەر ئەوەی كە بە تاوانی دادەنێی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

د. احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پێشنیارەكەی وەزارەت وازحە، وەكو ئـەوەی كەخوێندرایـەوە، بـەلاٌم هـەم لـە دانیشـتنی پێشـوو، هـەم ئەمڕۆش ئەندامان ڕەئی تریان هەیە، كە ڕێژەكە زیاتر بێت، لەلانی كەمی لە 5٪ و لـەلانی زۆری لـە 10٪، لێرە تا 25٪ پێشنیار هەیە، بۆیە پێویستە لەكاتی دەنگدانە رەچاوی ئەوە بكرێت، كە تەنها ئەو پێشنیارەی وەزارەت نیە،كە دەڵێـت لانـی كـەمی لـە 5٪ و لانـە زۆرەكەشـی لـە 10٪، كـە مـەجموعی ئیجمـالی سـەنەوی مەبیعاتی سیلع و ئیراداتی خەدەماتە، كە موخالەفەكەی تێدا كراوەو حیسابی كردووە، بـەلاٌم لێـرە نیسـبەی تر داواكراوە كەوا بۆ 25٪ دەڕوات، بۆیە لەكاتی دەنگدانەكە تەنها ئەو نەسە نیە، بۆ ئاگاداری.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو دكتۆر احمد باسی كرد، لە دانیشتنی پێشووش باس لـە عقوبـە كـرا نسـبیەن یـان بـە مـەقتوعی بێـت، ئەوەبوو ئێستاكە مەوزوعەكە بڕایەوە، باسی عقوبەی حەبسمان نەكردووە، كە لـە ئەسـڵی ماددەكـە هـاتووە دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین، وەكو دكتۆر احمدیش ئیشارەتی پێدا، من خۆم یـەكێك بـووم لەوانـەی كـە ئەو نیسبەیە دەبێت زیـاد بكرێـت، پشتگیری ئـەوەم كـرد كـە نیسـبەكە لـە 10٪ كـەمتر نـەبێت وەكو كـاك عبدالسلامیش باسی كرد، لە 25٪ تێنەپەڕێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بـەڕێزان ئـەوە سیاغەی هـەموو ماددەكـە نیـە، ئێمـە چـەند پێشـنیارێك هەیـە، ئـەم پێشـنیارانە دەخەینـە دەنگدان، دوای چی دەنگی هێنا، دواتر سیاغەیەكی بۆ بكرێتەوە، فەرموو كاك خورشید.

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێ باس لەسەر فرۆشتنە، فرۆشتنی هەمی مەوزوع نە لەسەر ئەرباح، دەبێت ئێمە باسی ئەوە بكەین، مەبیعات چەند فرۆشتیەتی ئەوە یەك، مەسەلە ئەرباح نینە بڵێین چەند قازانجی كردووە، جوملەی مە بیعات یەعنی چەندی فرۆشتیە ئەوە یەك، دوو: دەبێت ئاگادار بین تەنها عقوبەكە، مەسەلەن شەریكەیەك هەیە تەعامول لەگەڵ 5 بابەت دەكات، یەكێك لەو بابەتانە موخالەفەی تێدا كردووە، عقوبەكە تەنها موبیعاتی ئەو بابەتە دەگرێت، نەك مەبیعاتی هەموو شەریكەكە، ئەوە دەبێت لێرە تەحدیدی بكەین، یەعنی (السلعە مخالفە) تەنها ئەوە سیلعەی موخالەفە دەگرێتەوە، هەموو مەبیعاتی شەریكەكە ناگرێت، ئەوە زوڵمە ئەگەر بەو شكلە بێت، زوڵم دەكەین لە شەریكات، دەبێت لە مەبیعات بێت، بەڵام لە مەبیعاتی سیلعە موخالەفە، نەك هەموو نەشاتی شەریكە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەهەرحاڵ نیسبە ڕۆیی، بەڵام لە داهاتوودا بۆمان دەردەكەوێت كە بەوشێوەیە جێبەجێ كردنەكەی زەحمەت دەبێت، ئامانجی قانونەكەش ناپێكرێت، بەڵام دیسان ئەوەی كە نیسبەكە بەمشێوەیە تەحدید بكرێت، دەبێت زۆر بە وردی لەسەری بوەستین، تكام وایە بە وردی موناقەشەی بكرێت بەم شێوەیە لە ماوەی ساڵێكدا، من كۆمپانیایەكم ئەمڕۆ ئیجازە وەردەگرم 11 مانگ ئیش دەكەم، موخالەفە دەكەم، چۆن سیعری مەسەلەن هی ساڵەكەم بۆ دەردەكەی؟ لە 11 مانگیدا من موخالەفە دەكەم، دەبێت ڕابوەستی هەتا كۆی ساڵەكە كۆدەكەیتەوە ئەوە یەك، دوو: من لە فرۆشتنی كاڵایەكدا وەكو كاك خورشید باسی كرد موخالەفە دەكەم، بەس لە كاڵایەكی تر موخالەفە ناكەم، ئایا لە هەموو ئەو كاڵا و سیلعانەی كە من بازرگانیم پێكردووە، لە هەموو عقوبە دەدرێم، لە بەشێكی كردوومەو لە بەشێكی نەمكردووە، بۆیە دەبێت وردتر بكرێتەوەو باشتر سیاغە بكرێت، بەشێوەیەك بێت كە دیسان تووشی ئیشكالیەتمان نەكاتەوە لەكاتی جێبەجێ كردنەكان.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عماد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی ئێمەش وەك لیژنە لەگەڵ ئەوە نەبووین، کە بە ڕێژە تەحدید بکرێت، چونکە دەزانین تەبەعاتی ئەمە چیە، بەس موهیم ڕۆیشت، مەسەلەی ئەوە سیلعە بێت یان سیلەع بێت، تەبعەن دەبێت سیلەع بێت، چونکە مەسەلەن تۆ موخالەفە نەفسەن سیلعەیە، موخالەفە لەسەر ئەدای موئەسەسەیە، موئەسەسەیەك ئیحتیکاری کردووە، حەجمی مەبیعاتی ئەوەندەیە، دەبێت ڕێژە لە کۆی سلعەکە دەربکەی، نەك لە یەك سیلعە، دوو: بەڕاستی ئەو دەقەی کەحکومەت پێشکەش کردووە، یەعنی دەقێکی شمولیە، واتە ئێمە ناتوانین عقوبەیەکیش دابنێین، دەبێت تەنها ئەو عقوبە بە ئەحکامی ئەو قانونە، چونکە دەڵێتن ( من الاجمالي السنوي لمبيعات سلع او ايرادات خدمات موضوع المخالفة)، واتە تۆ ناتوانی هیچ عقوبەیەکی تر بدەی، فیعلەن منیش لەگەڵ ڕەئی کاك عبدالسلامم، دەبێت تۆ تەحدید بکەی، یەعنی کە عقوبە ناکرێتن، تۆ یەك عقوبە بۆ هەموو ئەحکامەکانی ئەم قانونە دابنێی، لەبەرئەوە فیعلەن ئێمە دەبێت تۆزێك موناقەشە لەسەر ئەو ماددەیە بکەین، وریا بین دەنگی لەسەر نەدەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان مومکینە ئەوە زۆر وازح بێت، بۆیە با جەنابی وەزیر زیاتر ڕوونکردنەوە بدات، فەرموو.

**بەڕێز سنان چەلەبی / وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرانە کە لە ماددەکە هاتووە دەڵێت (لمبيعات السلع)، تەبعەن سلع شمولیە، بەس لێرانە ئەوە عامە لە فەقەرەی پاش ئەو تەقید دەکاتن (او ايرادات خدمات موضوع المخالفة)، کە مەوزوع موخالەفە دەڵێت، ناڵێت مەوازعی موخالەفە، مەوزوع موخالەفە یەك مەوزوعە کە موخالەفەی تێدا دەکاتن لەوی وەردەگرێتن، تەبعەن شەریکات هەیە 8، 9 سیلعەی تەعامول پێدەکاتن، لێرانە کامە سیلعەی غەڵەتی پێکردیە، کە موخالەفەی پێکردووە لەسەر ئەو دەیداتن ئەوە یەك، دووەمینیش کە لێرانە 5٪ یان 10٪مان دانایە، ئێمە پێشنیارێکی ترمان هەیە بۆ ئاگاداری دەڵێم، ماددەی 12 دەڵێت (يراعى في تحديد الغرامات المفروضة بموجب الاحكام هذا القانون حجم من فعل التي حصلت عليها جهة  المخالفة ومقدار ضرر الواقعة على الغير)، ماددەی دووەم هی ئەوە (تضاعف الغرامات المنصوص عليها في المادة 10 او 12 بالحدي الادنى والاقصى في حالة العود)، لێرانە لە بۆئەوەی ئەگەر شەریکەیەك هاتو جارێك غەڵەتێکی کرد 5٪ یان 10٪ قازی بۆی دانا، جاری دووەم غەڵەتی کرد ئەوە ئۆتۆماتیکیەن دەبێتە 10٪ بۆ 20٪ی دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەس قسە لەسەر نیسبەکە بکەن، چونکە جەنابی وەزیر تەوزیحیدا کە قسە لەسەر ئەو مەوزوعی موخالەفەیە، واتە مەبیعاتی سیلع او ایرادات مخالفات أو موضوع المخالفة)، یەعنی ئەوەی کەوا خیلافی تێدا کراوە،

ماددەکە خیلافی تێدا کراوە یان خەدەماتەکەیە خیلافی تێدا کراوە، بۆیە ئەوە وازحە، قسە لەسەر نیسبەتەکەیە، چەند پێشنیارێك هەیە پێشنیاری یەکەم 5 بۆ 10یە، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدان، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی پێشووتر کە نازانم ژمارەکەی وابزانم بوو بە 8، کۆمەڵێك مەحزوراتمان دانا، ئایا ئەوعقوبەیە بۆ ئەو مەحزوراتەیە، ئەگەر هاتو کردی یاخود ئەوە باسی شتێکی تر دەکات؟ ئێمە لەو ماددەیەی پێشوودا هەتا 21 مەحزورمان دانا، 21 مەحزور باشە 21 مەحزور هەیە بۆ ئەو 21 مەحزورەیە نابێت جێبەجێی بکات؟ ئەگەر بۆ ئەوەیە کەواتە نەسەکەی بەوشێوەیە بێت (لکل من خالف احکام المادة الثامنة من هذا القانون)، کە لە ئەسڵدا سابعە بوو گۆڕا، ئەگەر هەندێك لێرە نەبوون ئەو ماددەیە گۆڕا، رەقەمەکەی، ژمارەکەی ، تەسەلسولەکەی گۆڕا، دەبێت باسی ئەو ماددەیە بکرێت، ئەگەر باسی ئەو ماددەیە نەکرێت تۆ لەسەر چ ئەساسێك حوکمی دەدەی؟ بەڵێ بە نەوعە بێت کە برادەران باسی دەکەن، چونکە لێرەدا تەلاعوبی تێدایە، ئیقتصادی سوقی تێدایە، فەرزی قیودی تێدایە، عەتائاتی تێدایە، هەمو بابەتەکانی تێدایە، جا تکام وایە زیکری ئەو ماددەیە بکەین، هەموو ئیشکالێك حەل دەبێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەرچەند لەگەڵ ئەوە نەبووین کەوا نیسبە بێت، بەلاَم نیسبە تەسبیت بوو بە دەنگدان، بەلاَم نیسبەش نابێت لەوەندە بۆ ئەوەندە بێ، وابزانم دەبێت نیسبەکە دیاری بکرێت، یەك نیسبە دادەنرێت مەسەلەن لە20٪، 30٪، چەندە حەسەب ئەوە، ئیتر شەریکاتەکان هەموویان لەسەر ئەو نیسبەیە دەبن، نەك بڵێین لە (5)ەوە بۆ (10)، لە (15) بۆ نازانم چەند، جا ئێمە لەگەڵ ئەوەین کەوا یەك نیسبە دیاری بکرێت، یەك رەقەم بێت مەسەلەن بڵێی چەند لەسەدا هەر ئەوەندە دیاری بکرێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عماد.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر لە ئەسڵی پرۆژەکە ئێمە 3 سزامان هەبوو، یەکەمیان ئەوە بوو کە ئێستا ئێمە قسە لەسەری دەکەین، ئەوە پەیوەندی بە ماددەی 6 هەبوو، کە ئێستا بوویتە ماددەی 7، کە دەنگمان لەسەر داوە، دەڵێت (تکون ممارسة النشاط الاقتصادي والتجاري بالشكل الذي لا يؤدي الى منع المنافسة)، ئەم عقوبەیە بۆ ئەو دەقە بوو،

ئەوەی تر عقوبەی دواتر بەوەیە کە ئەگەر مەعلوماتی غەیر صەحیحە پێشکەش کرد، عقوبەی سێیەم ئەوەیە ئەگەر موخالەفە لەسەری ئیسپات بوو، ئەگەر تەماشای ماددەی 16 بکەین.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان تەحسیل حاسڵە، مادده 6 ئەوەیە (اي النشاط التجاري أو الاقتصادي بالشكل الذي لا يؤدي الى منع المنافسة)، لەوێشەوە لە ماددەی 7، ئەوە مەحزوراتەکەی داناوە نەفسی شتە، لەوێ بە ئەرقام هاتووە، تۆ ناتوانیت بڵێی ئیحتمالە لەوە زیاتر بێت، یەعنی نەشاتی ئیقتصادی تیجاری لەوەش زیاتر بێت، بۆیە لێرە تەنها مەحزورات هاتووە، بەڵام ئەوەی کەوا موخالەفەکە دانراوە بۆ هەر شتێك، بۆ هەر نەشاتێك کە ببێتە هۆی مەنعی مونافەسە، ئاخیر کەس کاك عمر و ئاهەنگ خان، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موداخەلەکەی من تایبەتە بە نیسەب، من لەگەڵ ڕەئیەکەی وەزارەتم، کە هەردوو نیسبەکە هەبێت لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی ئیمکانە نەوعێك لە زەرەر کە سلعەیەك دەیدات، زەرەرەکەی زۆرتر بێت، ئیمکانە نەوعێکی تر زەرەرەکە کەمتر بێت، بۆیە دەبێت ئەم حوریەتە بهێڵینەوە بۆ مەحاکم لە5٪ هەتا لە 10٪ ئەوە بابەتێکیان، بابەتێکی تر ئێمە دەبێت ئاگاداری ئەوە بین ئەو بابەتە زۆر ئیختصاصیە، یەعنی بەڕێزیان لە وەزارەت دیراسەی ئەوەیان کردووە، مستەوای مونافەسەیە، حەجمی شەریکاتە، عەدەدی شەریکاتە، هەموو ئەو بابەتانە بێت لەیەك بدرێتەوە، لە ئاخیردا ڕوئیاو ئاراستەی ئێمە بۆ مەسەلەی تیجارەت کردن، بازرگانی کردن لە هەرێمی کوردستاندا دەمانەوێت بە کوێی بگەیەنین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عماد بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن سەبارەت بەو ماددەیەی کە سۆزان خان باسی کرد، ئێمە ناتوانین لێرە عقوبە بۆ مەحزورات دابنێین، دەبێ مەحکەمە ئەوە بکات، مەسەلەن لە ماددەی 18، کە ماددەی 17 بوو، دەڵێتن (على مجلس القضاء في الاقليم تشكيل محاكم تنظيم التجارة للنظر في النزاعات الناشئة عن حماية المستهلك والمنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية) مومارسەی ئیحیتکاری ئەو مەحزوراتە دەبێت مەحکەمە بڕیاری لەسەر بداتن، ئێمە ناتوانین لێرە دەقێکی عیقابی بۆ ئەو ماددەیە دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕۆوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ قسەکەی کاك عمرم لـە 100٪، نیسـبە ئیختصاصـە، وەزارەتـی تیجارە حەتمـەن دەزانـێ ئـەو نیسبەیەی بۆ داناوە؟، دائیمەن پێشڕەوی ئەوەش دەکرێت لە تیجارەت، تیجارەت عـەتفی تێدانیـە، عاتیفـە جێگای لە تیجارەت نابێتەوە، بڵێم ئەوە عقوبەیەو پارەیـەو سـزا دەدرێت، نیسـبەتە و مەلەفـە ئـەوە، یـەك شـتی تـریش هەیـە ئێمـە ئەگـەر فکـر لـەوەی بکەینـەوە تیجـارەتی خۆمـان، قـەرزی سـناعی ( جـۆین ڤێنچەر)پەیدا بکەین، ئایا نابێت نزیك بین لە قەوانینی دەرەوە؟ نابێت نزیك بین لـەو (پێرسـەنتانە)؟ بـە منیش بێ ئـەوە ئیختصاصیە، تەئکیـد لەسـەر قسـەکەی کـاك عمـری دەکەمـەوە، لەگـەڵ نیسـبەکەی بـەڕێز وەزیرم، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دیاریکردنی رێژەکە شتێکی باشە، حەدی ئەدناو ئەعلا دیـاری بکرێـت، بـۆ نموونـە ئەگـەر ئـەو رێژەیە تەسبیت بـوو لـە 10٪ کـەمتر نـەبێت یـان لـە50٪، ژمارەکانم بـۆ نموونـە هێنایتـەوە زۆر ئاسـاییە، چونکە عادەتـەن سـزای غەرامـە لـە یاسـای عقوبـات حـەدی ئـەدناو ئـەعلای دیاریکرایـە، لیژنـەی بەکاربـەر نموونەی یاسای ئوردنیان هێناوە، یاسای ئوردنی هەم غەرامـەی بەرێـژە وەرگرتـووە، هـەم بـە بـڕی پارەشـی وەرگرتووە، لە مادده 20 بە هەردوو شێواز غەرامەکەی رێکخستیە، زۆر ئاساییە مەرج نیە بڵێت ئیلا 10٪ بڕی غەرامەکە بێ، بـەلاَم ئـەو غەرامەیـە لـە چ وەردەگیرێـت، کێشـەکە ئێسـتا دوو بابـەت لـەو مـاددە یـەك لانەکرایتەوە، یەکیان ئەوەیە ریژەی غەرامەکە چەند بێت، چونکە دەنگی هێنـا بـە رێـژەیی بێـت لـە سـەدا بێ، چەند بێ لە 10٪ کەمتر نەبێت یان 20٪ ئەوە مایـە دەنـگ بـدرێت، بابـەتی دووەم: کـە پێویسـتە لـەو ماددەیە یەك لابکرێتەوە، ئەوەیە ئەو ماددەیە، ئەو رێژەیە لە چـی وەردەگیرێـن، لەبەرئـەوەی هەنـدێك لـە خاڵـەکانی مـاددەی 8 کـە بـاس لـە مـەحزورات دەکـات، بـاس لـە کـڕین و فرۆشـتن و قـازانج و شـتی وانیـە، هەندێك تەنها موخالەفەی ئەحکامی قانونە ، ئەوەش دەبێت یـەك لابکرێتـەوە، ئایـا تـەنها لـەو زیانـەی لـە ئەنجامی سەرپێچی کردنی حوکمەکانی یاسا وەردەگیرێـت ئـەو رێژەیـە، یـان وەکـو ئـەو پێشـنیارەی وەزارەت کردوویەتی، یان ئەوەی لیژنەی هاوبەش کردوویەتی؟ ئەو بابەتەش پێویسـتە یـەك لابکرێتـەوە، هەڵەیـەکی چاپ لەو ماددەیە هەیە ئەو مەحزوراتانەی کە سۆزان خان ئامـاژەی پێکـرد، کـە ڕیزبەنـدی ماددەکـان گـۆڕا بووە ماددەی 8، 21 خاڵ مەحزورات هەیە، واتە ناکرێت ئـەو کارانـە بکـات، سـزای ئـەو شـتانە دانەندرایـە، هەڵەی چاپ ئەوەیە ژمارەی ماددەکە ماددەی هەشتە، ڕیزبەنـدی ماددەکە چـاك بکرێتـەوە واتـە ئـەو سـزایە بـۆ ئـەو مەحزوراتانەیـە، چـونکە ئەگـەر سـەیری ئـەو پـڕۆژە پێشـنیارکراوە بکـەین، دەبیـنین سـزای ئـەو مەحزوراتانەی تێدانیە، واتە مەبەست لە ئامادەکردنی، لە سیاغە کردنـی ئـەو ماددەیـە ئەوەیـە سـزای ئـەو

مەحزوراتانە بدرێت، بۆیە کە رێژە دادەنرێت پێویستە ڕەچاوی ئەو 21 خاڵە بکرێت، کە باس لە ئەرباح دەکرێت، باس لە مەبیعات دەکرێت ئایا هەر 21 خاڵ ئەو شتانە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پـێم وایـە نیسـبە دەبێـت ئـەدناو ئـەعلای دیـاری بکرێـت، بـەپێی قـەوارەی زیانەکـە، بـەپێی قـەوارەی موخالەفەکە، یەعنی ناکرێت شتێکی موحەدەد بێت ئەوە یەك، دووەم: وابزانم ئێستا بەرچاو ڕوونییەك هەیە، تەنها خیلاف لەسەر نیسبەکەیە، پێشتر موناقەشەی ئەوەمان کردووە، دوو بڕ وتراون وابزانم ئەوەی وەزارەت پێنج بە دە، پێشنیارێکی تریش هەیە کە هەر ئەو رۆژە کردمان، کە دە بە 25 بێت ئەوەی من گوێم لێبوو لە پەرلەمانتاران، چونکە لای خۆم نووسیومە، وابزانم کاتی ئەوە هاتووە بخرێتە دەنگدانەوە ئایا 5 بە 10 بێ وەکو وەزارەت وتی، یان 10٪ بە 25٪ بێت ئەو دوو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوەو حەسم بێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئیختیاری یەکەم 5٪ بۆ 10٪، موفتەرحی حکومەتە دەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە 5٪ بۆ 10٪ بێت؟ تکایە دەست بەرزبکاتەوە، 13 ئەندام پەرلەمان لەگەڵ ئەوەن، کێ لەگەڵ نیە؟ کەواتە ئەوە ئیختیاری یەکەم، ئیختیاری دووەم دەخەینە دەنگدان، فەرموون.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیختیاری دووەم ئەوەیە کە نیسبەکە لە 10٪ تاوەکو 25٪ بێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر نوقتەی نیزامی هەیە، فەرمووو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە پێشووتر ئاماژەم بەوەدا دانانی ئەو نیسبانە زۆر تایبەتمەندی و تەخەسوسی دەوێت، باشە ئێمە کە باس لەوە دەکەین، دەڵێین لە 10٪ تا 25٪ بەرەو سەرووتر بێت، حیسابی ئەوە دەکەین ئەرباحی شەریکەیەك چەندە تا 10٪ یان 20٪ی لێوەرگرین، هیچ سیلعەیەك هەیە لە 20٪ ربحی لەسەر بێت؟، بۆیە ئەو بابەتە تکایە زۆر ئیختصاصیە، ئاگاداری ڕەئی بەڕێزان بن، حەتمەن داواشیان لێ دەکەم ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو بابەتە بدەن بەڕێزان لە وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە موفتەرحی جەنابی وەزیرتان ئیلغا کردەوە، کەواتە ئەو تەوزیحی چی بدات؟ کاك خورشید فەرمووو.

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارێك دەكەم، بە چ ئالیەتێك 10٪ بۆ 20٪ بێ، یەعنی ئالیەتەكە چیە؟، حیسابی ربحە، یەعنی لەسەر چ ئەساسێك؟ خۆ ئێمە باس لە رێژەیەك دەكەین دەبێت هەندێك شت لەبەر دەستمان بێت، یان داتا، یان ئیحسایەك یان ئەساسێكی تیجاری، یەعنی بە چ مەنتقێكی ئێمە 5٪ بۆ 10٪ یان ژی 10٪ بۆ 25٪ بێ؟ بەڕاستی هیچ مەنتیقەیەكی تێدانیە، پاشان ئەوە زەرەرێكی زۆر گەورەیە، ڕاستە ئێمە باس لە عقوبات دەكەین، بەلأم دەبێت بیر لە بزاوی بازرگانیش بكەین، زۆر قەیدو قیود نەخەینە سەری، كە بەیانی خەڵك نەتوانێت لێرە ئیش بكەن.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕێم پێ بدەن تەوزیحێكی نەزەریم هەیە، دوای ئەو تەوزیحە بەڕێزتان ئەوكاتە بەرچاو ڕوونیەك دەبێت، لەبەرئەوە دەتوانن بڕیارەكانتان نزیكتربێت لە واقع، حەقیقەتێك هەیە بازاڕی مونافەسە ئەساسە وجودی نیە، بازاڕەكی نەزەریە، وەكو ستاندەرێك بەكاردێت، چونكە بازاڕی مونافەسە كە دایان ناوە، مەعنای ئەوە ئەو شەریكانەی هەمووی یەك كالاّ ئینتاج دەكەن، مواسەفاتیان وەكو یەكە، موستەهلیك ناتوانێت جیای بكاتەوە، مواسەفاتی سیلعەی (أ) لەشەریكەی (أ)، سیلعەی(ب) لە شەریكەی (ب)، كەواتە یەك سیعری هەیە، كە یەك سیعری هەیە ئەو شەریكەیە دەمێنێتەوە لە بازاڕدا، كە خۆی موعەدەلی كولفەی لە هەموویان نزمترە، ئەوە بازاڕی مونافەسەیە، ئەم بازاڕە كراوە بە ستاندارێك بۆ 3 بازاڕەكەی تر، ئینجا ئەو بازاڕانەی كە ئێستا هەیە هیچ بازاڕێكمان نیە مونافەسە بێت، ئەو بازاڕەی كە هەیە یان مونافەسەی ئیحتیكاریە، یان ئیحتیكاری قلەیە، یان ئیحتیكاری تامە، كەواتە ئێمە سێ نەوع بازاڕمان هەیە لەڕووی قانونیەوە یان مونافەسە یان مونافەسەی ئیحتیكاری، یان ئیحتكاری قلە، یان ئیحتكاری تام، دەبێت ئێمە ئەو بۆچوونانەی كە هەمانە لە زەوئی ئەوە بێت دائیمەن مونتج یان شەریكە، دەبێت تۆ جانبێكی بۆ بەجێ بێڵێت، كە سەیتەرەی بەسەر ئاستێك لە بازاڕ بكات بەو سیفەی ئیحتكار كە هەیەتی، ئێمە نابێت لەو مونتەلەقەوە تەعامول لەگەڵ ئەو شەریكاتانە بكەین، سیفەی ئیحتكاریەكەی لێ بستێنینەوە، بۆ نموونە چەندین شەریكەی سەیارات هەیە لای ئێمە، هیچ ئۆتۆمبێلێك لە ئۆتۆمبێلەكەی تر ناچێت، هەر ئۆتۆمبێلێك لەگەڵ ئۆتۆمبێلەكەی تر مواسەفاتی جیایە، نرخیشی جیایە، لەبەرئەوە هەر ئۆتۆمبێلێك گرووپێك لە موستەهلیكی هەیە بەرەو ئەو نرخە دەڕوات، هەروەها كاڵەكانی دیكە، هیوادارم لەو موتەلەقەی كە ئێمە بیری لێ دەكەینەوە نابێت جانبی ئیحتكارەكە ئیهمال بكەیت، چونكە ئەو بازاڕەی كە ئێستا بڵێم لە هەرێمی كوردستان تەوسیفی بكەین، بازاڕێكی مونافەسەی ئیحتكار، یەعنی كالاّكان لەیەك دەچن، بەلأم

له 100٪ له یەك ناچن، یان له مواسەفات جیان، یان له نرخدا جیان، یان له ڕەنگدا جیان، یان له كالاّ جیان، مەسەلەن بۆ نموونه ئەنواع جیهازی سەتەلایتمان هەیە، نرخەكانی جیایە، هەر گرووپێ موستەهلیك بەلای یەكێكیان دەڕوات، هیوادارم كه بیر دەكەنەوە ئەوە له مێشكیان دابێت، كه بازاڕێك نیە ناوی بازاڕی مونافەسە بێت، چونكه ئەگەر بازاڕی مونافەسە تەحقیق بێت، تەنها یەك شەریكه دەمێنێتەوە، ئەو شەریكەیەی كه كەمترین نرخی هەیە، لەبەرئەوەی كەمترین موعەدەلی كولفەی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیاری دووەم 10٪ بۆ 20٪ دەخەینه دەنگ، دیاره زۆر ڕوونكردنەوە لەسەر ئەو بابەتە درا، كێ لەگەڵ ئەوەیە كه 10٪ بۆ 20٪ بێت؟ تەسەوڕ دەكەم زۆر ڕوونكردنەوەی لەسەر درا بەڕێزان، ئێستا ڕێژەی دووەم 10٪ بۆ 20٪ كێ لەگەڵە؟ تكایە دەستی بەرزبكاتەوە، 16 ئەندام لەگەڵە، كێ لەگەڵ نیە؟ دیسان 16یە، نیساب تەواوە، منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ 20٪ بۆیە دەبێتە 17 بە 16، ئیتر 10٪ بۆ 20٪ تەسبیت دەبێت، با چیتر بەرزتر نەبێتەوە لەوە زیاتر، ئێستا بەڕێزان لیژنەی یاسایی سیاغەی ماددەكە بخوێنێتەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە بە گشتی، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە داوای لێبووردن دەكەین، ئێمە كه خوێندمانەوە وتمان 10٪ بۆ 25٪ بێ، بەلاّم ئەوە ئیتر هەڵەیەك بوو، (یعاقب بغرامة لاتقل عن (10٪) مليون دينار ولاتزيد على (20٪) من الاجمالي السنوي لمبيعات السلع او ايرادات خدمات موضوع المخالفة).

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوە دەنگی هێنا، بچۆ سەر هەموو ماددەكە، هەموو ماددەكە بخوێنەوە سیاغەی هەموو ماددەكە بەیەكەوە بخوێنەوە، بەڵێ لیژنەی یاسایی تەوزیحێكیان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة و لاتزيد على سنتين وبغرامة لاتقل عن (10٪) ولاتزيد على (20٪) من الاجمالي السنوي لمبيعات سلع او ايرادات خدمات موضوع المخالفة).

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیار هەیە، بۆئەوەی حەبسەكە نەمێنێت؟ بەڕێز جەنابی وەزیر تەوزیحێكی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سنان چەلەبی / وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەمن پێشـی ئـەو مەوزوعـەی حەزدەکـەم بگەڕێمـەوە سـەر تـەعلیقی دکتـۆرە رۆژان، لێرانـە لـە مـاددە 8، ماددەی پێنجەم و حەفتەم و هەشتەم و نۆیەم لێرانە مەبیعات نیە، لەبۆئـەوەی کـەس رێـژەی بـۆ دادەنێـت 5٪ ، سـەدا هـەر چـەندێك بـێتن سـەرناگرێتن، بۆیـە دەبێـت ماددەیـەکی ئیزافـی بـۆی دانـێین، کـە شمـولی ئەوانەش بکاتن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی یاسایی وەکو پێشنیارەکەی کە ئەندامان کردوویانە، دەفەرموو بیخوێنەوە بۆئـەوەی بیخەینـە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لە عقوبەکەحەبس نەمێنێت؟ 18 ئەندام پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە لە عقوبەکـە حـەبس نـەمێنێت، کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە بمێنێتـەوە؟ 29 لەگـەڵ ئەوەیـە حـەبس بمێنێـت، بۆیـە دەمێنێتەوە، تکایە ئێستا هەموو ماددەکە بەیەکەوە بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دەنگدان لەسەر ئەوەی کە حەبسەکە بمێنێت، بـەلاّم ئایـا سـیغەی مانەوەکـەی چـۆن بێـت؟ هـەر بـەو شێوەیە یان پێشنیاری تر هەیە، ئایا لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەی ئـەو موخالەفەیـە حەبسـەکە ببێـت یـان وەکو ئەوەی کە لێرەوە هاتووە؟.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە بۆ ئەو حاڵەتە بوو کە حەبس لە شوێنی خۆی نەمێنێت، ئێستا لە شوێنی خۆی ماوە، کەواتە ئەم پێشنیارە ناخرێتە دەنگدانەوە یەك ئەندا پەرلەمانیش داوای کرد بـوو، بۆیـە تکایـە ماددەکـە هـەمووی بخرێتە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة و لاتزید علی سنتین او بغرامة لاتقل عن 10٪ و لاتزید علی 20٪ من الضرر الناجم عن مخالفة احکام المادة الثامنة من هذا القانون).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە بەڕێزتان دەکەین مونتەبیهـ بن لەکاتی خوێندنەوە، بۆئەوەی دوایـی نـەڵێن وەکـو پێویسـت نـەبووە، تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابیخوێنمەوە (یعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة و لاتزید علی سنتین او بغرامة لاتقل عن 10٪ ولاتزید علی 20٪ من الاجمالی السنوي لمبیعات السلع او ایرادات خدمات موضوع المخالفة).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو نەسە بوو بۆ ئەو ماددەیە؟ تکایە دەستی بەرزبکاتەوە، 36 ئەندامی بەڕێز لەگەڵ ئەوەن، کێ لەگەڵ نیە؟ 4 ئەندامی بەڕێز لەگەڵ نیە، بۆیە ماددەکە بەوشێوەیەی کە خوێندرایەوە، دەنگی وەرگرت، ماددەی 11 کە دەبێتە ماددەی 12، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانیة عشر: مع عدم الاخلال بأیة عقوبة اشد في أي قانون آخر نافذ في الاقلیم یعاقب بغرامة لاتقل عن (250) مائتي وخمسین ملیون دینار و لاتزید علی (500) خمسمائة ملیون دینار في حالة موافاة المجلس ببیانات او اوراق او مستندات غیر صحیحة مع العلم بذلك. وفي حالة العود تضاعف العقوبة.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 12 لەگەڵ سەرپێچی نەکردنی بە هەر سزایەکی توندتر لە هەر یاسایەکی تری کارپێکراو لە هەرێم هەرکەسێك بەیاننامە یان کاغەز یان بەڵگەنامەی ناڕاست بدات بەئەنجومەن و ئەمەش بزانێت بە غەرامەیەك سزا دەدرێت کە لە 250 ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە 500 ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، لەباری دووبارەکردنەوەشی سزاکەی دوو ئەوەندە دەبێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای لیژنەکانتان، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەینە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەینە وەکو خۆی بمێنێتەوە، پشتگیری لە ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سنان چەلەبی / وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری وەزارەتی ئێمە عەینەن وەکی ئەوەیە، بەس (في حالة تضاعف العقوبة) ئێمە کردیتمانە ماددەکی تر، چونکە هەتا ماددەی هەشتەمین بگرێتەوە، (مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد في أي قانون آخر نافذ في الاقليم يعاقب بغرامة لاتقل عن (250) مائتي وخمسين مليون دينار و لاتزيد على (500) خمسمائة مليون دينار في حالة موافاة المجلس ببيانات او اوراق او مستندات غير صحيحة مع العلم بذلك) ، ئەوە ماددەیە دەبێتە 15 و 17، بەس( في حالة العودة تضاعف العقوبة) ئەوە کردیتمانە ماددەیەکی تر، ماددەی 12 کە شمولی ئەوان بکاتن لێرانە، حەزدەکەی بۆتان بخوێنمەوە (مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد في أي قانون آخر نافذ في الاقليم يعاقب بغرامة لاتقل عن (250) مائتي وخمسين مليون دينار و لاتزيد على (500) خمسمائة مليون دينار في حالة موافاة المجلس ببيانات او اوراق او مستندات غير صحيحة مع العلم بذلك او كل مخالف اللاحكام الواردة في المواد 15 و 17 من هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وازحە کێ دەیەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکات؟ ئەم بەڕێزانە (مامۆستا عمر- سۆزان خان- کاک نەژاد- کاک جمال) ، فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە پێویستی بە سیاغەیەکی تازە هەیە، هەروەکو ماددەی شەشیش بەعزێك ئیشکالاتی تێدا بوو لەڕووی دارشتنەوە من سیاغە تازەکە دەخوێنمەوە، بەڕێزان ئەگەر پێیان باش بێت (يعاقب بغرامة لاتقل عن 250 مليون دينار و لاتزيد عن 500 مليون دينار في حالة موافاة المجلس ببيانات او اوراق او مستندات غير صحيحة شرط عدم الاخلال بأي عقوبة اشد في اي قانون اخر نافذ في الاقليم)، ئەوە موختەسەرەو هەموو ئەوانەشی تێدایە تێبینیەکانی بەڕێز وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیەی پێشوو کە ئێمە پەسەندمان کرد، عقوبەمان دانا بۆ ئەو مەحزوراتانەی کە دەکرێت لەناو یاساکە، یاخود ئەگەر هاتو موخالەفەیەکی کرد، بەلأم لە نەسی ماددە ئەسڵیەکە باس لەوە دەکات کە ئەو

ڕۆژە دکتۆرە ڕۆژانیش ڕوونکردنەوەیەکی کرد، کە لە ئەنجام مـن پرسـیارێکم کـرد، ئـەی ئەگـەر ئیمتنـاعی کرد، بۆیە مادام ئەوە لەو ماددەیە نەما، من پێشنیار دەکەم لە ماددەی 11 پاش ئەوەی کـە دەڵێـت (یعاقـب بغرامة لاتقل عن 250 مليون دينار و لاتزيد عن 500 مليون دينار في حالة موافاة المجلس ببيانات او اوراق او مستندات غير صحيحة مع العلم بذلك او امتنع عن تقديمها)، دەبێت ئەوە ئیزافـە بکرێـت (او امتنـع عـن تقديمها) چونکە لە ماددەی پێشووتر، لە نەسی ماددە ئەسڵیەکەی عقوبەکە بۆ ئەو کەسانە دانـدرا بـوو، کـە موخالەفە دەکەن یاخود ئیمتیناع دەکەن لە پێشکەش کردنی ئەوراق بۆ مەجلیس، کـە ئـەوەمان لـەناو ئـەو ماددەیە لابرد خۆ دەبێت لەو ماددەیە جێگای بکەینەوە، دەبێت ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ مامۆستا عمرم کە ئیستیغلالی ماددە بەشێوەیەك بکرێت، کە ئەو ئیقتراحی کرد، نەك ئـەوەی وەکو ئەوە (مع عدم الاخلال) دەبێت بڵێی (یعاقب) هەر یەکسەر، بەڵام مـن تەماشـا دەکـەم ئـەو ماددەیـەش وەکو فەقەرەیەك بێت لە ماددەی پێشوو، تەقریبەن یەك فەقەرەیە، پێشنیار دەکەم ئـەوە فەقـەرەی یەکـەم بێت، فەقەرەی دووەم بێت لە ماددەکەی پێشوو، کە موناقەشەمان کرد، بەڵام بە شەرتێك ئـەو فەقەرەیـەش ئەوەی تێدابێت، کە (يعاقب بالسجن لمدة لاتقل عـن سـنة ولا تزيـد علـى سـنتين وبغرامـة لاتقـل ئەوەنـدە و ئەوەی کە تێیدا هـاتووە هـەتا 500 او بكلتـا العقـوبتين)، چـونکە ئـەوە پارەیـەکی گـەلێك زۆرە، مـەوزوعی ملیاراتی دێتە ناوێ، یەعنی کابرا دەتوانێ پارە بدات، بەسە بە سجن زۆر تێك دەچێتن، بەس بە پارەی تێك ناچێت، بڕوا بکە وایە، قەناعەتتان هەبێ بەپارەزۆر تێك ناچێ، چونکە مەقاوەلات هەیە بە ملیاراتە، بـەس بە سجن هەتا لە ناحیەی نەفسیشەوە ئەزیەتی پێ دەخواتن، پێویستە ئەوە هەبێت، لەگەڵ ئەوەش دامە کە ئەوەی وابزانم سۆزان خان بوو ئیقتراحی کرد، (او امتنع عن تقديمها) ئەوەشیان ڕاستە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاتـر موداخەلەم ئەوەیە زمانەوانیە، سەبارەت بەو ماددەیـە مـن نـابینم زەرەر هـەبێت، ئەگـەر ببێـت (مـع عدم الاخلال) چونکە لێرە تەئکیـد دەکاتن، بۆئـەوەی لـە قـانونێکی تـر هـەبێتن، (مـع عـدم الاخـلال) لێـرە بمێنێتن زۆر عادیە، بەڵام لێرانە ناڕوونیەك هەیە دەڵێتن (یعاقب)، چـی (یعاقـب)؟ یـەعنی شـتەکە هـاتووە وازح نیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم دەڵێم (مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد في أي قانون آخر نافذ في الاقليم يعاقب بغرامة لاتقل عن (250) مائتي وخمسين مليون  دينار و لاتزيد على (500) خمسمائة مليون دينار

في حالة موافاة المجلس ببيانات او اوراق او مستندات غير صحيحة مع العلم بذلك. وفي حالة العود تضاعف العقوبة) بەمشێوەیە بێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر صباح فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو مولاحەزەم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، یەکەمیان لەڕووی زمانەوانی بەڕاستی کێشە نیە، یەعنی تۆ کە بڕگەیەك یان کەلیمەیەك، عیبارەتێك پێش دەخەی، مەبەستم پێی تەئکیدە کە بڵێی (مع عدم الاخلال) بیخەیتە پێش، غەرەز ئەوەیە تۆ تەئکید دەکەیتەوە لەسەر عقوباتی تر و، هێشتنەوەی کاریگەری یاسایەکی تر لەسەر ئەم مەوزوعە، بەڵام مولاحەزەم لەسەر ئەو قەیدە هەیە کە داندراوە (مع العلم بذلك)، ئەگەر کەسێك بێنین ئیتهامی بکەین بەوەی کە تۆ بەیانات و مەعلوماتی ناڕەوا یان نادروستت داوە بەمەجلیس، کەواتە دەبێت عقوبە بدرێی، بەڵام مەرجێکمان بۆ داناوە ئەگەر علمی پێی بێت، بۆی هەیە بڵێت نەخێر علمم پێ نەبوو، لێرە ئیقتراحەکەم ئەوەبوو (مع العلم بذلك) لابرێت، لەبەرئەوە رەدعی زیاتر تێدایە، بۆئەوی کەسێك نەیەت بڵێت من علمم نەبووە بە مەوزوعەکە و ئەو مەعلوماتانە نادروستە، هیچ زەرورەتێکی نیە مع العلم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو ئەگەر پێشنیارەکە بخەینە دەنگدان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا تەنها پێشنیاری ئەوە هەیە، کە دەڵێت (او امتنع عن تقديمها)، کە 2 بەڕێز پێشکەشیان کردووە، ئەگەر ئەوە ئیزافە بکرێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە خاڵێکیان بوو، ئەوی تریش قسە لەسەر سیاغە کردنەوە بوو، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا سیاغەکمان کردووە، عەرز بکەین لەسەر ئەندامان، المادة الثانية عشر مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد في أي قانون آخر نافذ في الاقليم يعاقب بغرامة لاتقل عن (250) مائتي وخمسين مليون دينار و لاتزيد على (500) خمسمائة مليون دينار في حالة موافاة المجلس ببيانات او اوراق او مستندات غير صحيحة مع العلم بذلك. وفي حالة العود تضاعف العقوبة.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو پێشنیار هەبوو، پێشنیارێکیان بە لابردنی (مع العلم بذلك) ئەوە على اساس لابرێت، کێ لەگەڵە کە لابرێت؟ دەستی بەرزبکاتەوە، 16 ئەندام پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە لابرێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە لانەبرێت؟ 23 ئەندام پەرلەمان لەگەڵ ئەوەن لانەبرێت، کەواتە دەمێنێتەوە، پێشنیاری دووەم ئەوە بوو کە ئەوە ئیزافە بکرێت، کە لە ماددەی پێشوودا هات بوو، ئەگەر مانع بوو ئەو بەیاناتە بدات، ئەگەر ئیمتناعی کرد لەوەی کە بەیاناتەکە بدات، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەوە ئیزافە بکرێت؟ 42 لەگەڵ ئەوەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئیزافە نەکرێت؟ 1 ئەندام پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ئیزافە نەکرێت، لیژنەی یاسایی ماددەکە بخوێننەوە وەکو ئەوەی ئەندامان دەنگیان پێدا.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية عشر: مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد في أي قانون آخر نافذ في الاقليم يعاقب بغرامة لاتقل عن (250) مائتي وخمسين مليون دينار و لاتزيد على (500) خمسمائة مليون دينار في حالة موافاة المجلس ببيانات او اوراق او مستندات غير صحيحة مع العلم بذلك. وفي حالة العود تضاعف العقوبة.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تەوزیحی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سنان چەلەبی / وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە خەلەلێك هەیە دەبێت بڵێین (کل مخالفة للاحكام الواردة في المادة 15 و17)، چونکە خیلالی ئیفشای تێدایە، ئەو دووانە دەبێت داخیل بکرێتن، ئەو دوو شەریکەی دەمج دەکرێتن خەبەر نەدرێتن ئەوە نابێت، قانونەن نابێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ئیزافەی کە بەڕێز وەزیری پیشەسازی و بازرگانی وەك پێشنیار بۆ ئەو ماددەیە کردی، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەستی بەرزبکاتەوە، 28 ئەندام پەرلەمان لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 2 ئەندام پەرلەمان، ئێستا ماددەکە بە هەموو ئەوەی کە ئیزافەی لەسەر دراوە و وەزیریش ئیزافەی دا، دەنگ لەسەر موقتەرحەکان درا، ئێستا پێش ئەوەی ماددەکە بخەینە دەنگ، بۆ هەموو ماددەکان ئاخیر سیاغە بخوێننەوە، بۆئەوە بیخەینە دەنگەوە، بەڵی سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیر کە هەستا ئیقتراحی ئیزافەی شەرتی ئەو دوو ماددەیە کرد، بۆ عودەکە ئەگەر هاتو تیکرار کرایەوە، جەنابی باسی ماددەیەکی تری کرد، یەعنی ماددەکەی عەودەکە بە نەسێکی تر داندراوە لەلایەن وەزارەتەوە، من پێم باشە ئەوە یەك لابکرێتەوە، عەودەکە دابندرێت، یان وەکو ئەوەی کە جەنابیان لە وەزارەت ئیقتراحیان کردووە بەو شێوەیە بێت، ئەوە دەبێت یەك لابکرێتەوە ئەگەر هاتو دووبارەی کردەوە، ئەوان داوا دەکەن ماددەیەکی تایبەت بێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ پێشنیاری جەنابی وەزیرە؟ دەستی بەرز بکاتەوە، 20 کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ببێتە ماددەیەکی خاص، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە نەبێتە ماددەیەکی تایبەت، دەستی بەرزبکاتەوە، تەنها 2 ئەندام پەرلەمان لەگەڵ نیە، کەواتە ئەوبەشەی باسی گەڕانەوە دەکات دەکرێت بە ماددەیەکی تایبەت، تەنها 16 و 17 ئیزافە کرا، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، تەبعەن ئێمە پێش ئێستا دەنگمان لەسەر 2 پێشنیاردا، یەکەمیان ئەوە بوو کە (اذا امتنع تقدیمها) ئیزافە بکەین (مع العلم بذلك) بمێنێت، بەڵام ئێستا وەزارەت پێشنیارێکی تری هەیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە حەسم کرا، تەنها تەئکید لە ژمارەی ماددەکە بکەنەوە، ئەو موقتەرحانەی کە دەنگ لەسەر دران دەمێنن، بەڵام حکومەتیش ئیزافەیەکی تری هەیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی سیاغە تازەکە بۆ ماددە تازەکە دەخوێنێتەوە، تکایە گوێ بگرن بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخیر سیاغە عەرزی جەنابتان دەکەین، المادة الثانية عشر مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد في أي قانون آخر نافذ في الاقليم يعاقب بغرامة لاتقل عن (250) مائتي وخمسين مليون دينار و لاتزيد على (500) خمسمائة مليون دينار في حالة موافاة المجلس ببيانات او اوراق او مستندات غير صحيحة مع العلم بذلك. وفي حالة العود تضاعف العقوبة.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەك ئەوەی کە خوێندرایەوە ماددەکە وازیحە، پێشتر موقتەرحەکان هەمووی دراوە بە دەنگدان، نەسی ماددەکان بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (13) کە پێشتر لە ئەصڵ (12) بوو، ئێستا بووە بە (13) دەڵێت (على الاشخاص الذين يرغبون في تملك اصول او حقوق ملكية او انتفاع أو شراء اسهم او اقامة إتحادات او اندماجات او الجمع بين ادارة شخصين معنويين او اكثر على نحو يؤدي الى السيطرة او الهيمنة في السوق اخطار المجلس الذي يتولى فحص الاخطار واصدار قرار بشأنه خلال مدة لاتتجاوز ستين يوماً من تأريخ وصول الاخطار اليها فأذا مضت تلك المدة دون البت فيه عُدّ ذلك موافقة.)، ماددەی (14) کە ئێستا دەبێتە (15) (يحظر افشاء المعلومات والبيانات المتعلقة بالحالات الخاصة يطبق أحكام هذا القانون أو استخدامها لغير الاغراض التي قدمت من أجلها.)، ئەمە ماددەکان بوو.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڵێ کاک عبدالسلام فەرموو.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**جارێکی تر داوای لێبوردن دەکەم، کە لە جێگای خۆم قسە بکەم، بەلاّم وابزانم سوودی هەبوو، چونکە تەسەلسولی ماددەکان ئەوەندە تێکچوو بوو نازانین باسی کام ماددە دەکرێت، ئێستا ڕەئی خۆم لەسەر ئەو پێشنیارە تازەیەی ئیزافە کردنی ئاماژە بۆ هەردوو ماددە، ئەگەر بە وردی ماددەی (12)ـی کۆن بخوێنین بەڕاستی باسی پرۆسەیەکی دوور و درێژ دەکات، مەوزوعێکە دوورو نزیك ڕەنگە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ عیلاقەتی بەو ماددەیە نەبێت، یەعنی ئیشارەت نەکردن بەو ماددەیە هیچ ناگۆڕێت لە ئەحکامی، ئیشارەت کردنیش هیچ زیاد ناکات، خۆی ماددەکە موتەکاملە لەوێ باسی پرۆسەیەك دەکات، کە ئیختارەو ئیختار نەکردنە 500 هەزارەکەتەکان باسی شتێکی تر بوو (مەعلومات دان) ئەوە یەك، بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە نە ئیزافە دەکەن ئەگەر ئیشارە بە ماددەکە بدەین، نە ئەگەر ئیشارە نەکەین تەقلیلی ئەهمیەتی ماددە دەبێت، ماددەکە ئەگەر بوارەکەی بخوێنین ماددەیەکی کاملە بۆ خۆی، سەبارەت بە ماددەی (14)ـی کۆن ئاشکرا کردنی زانیاری و نازانم چی، بەڕاستی ئەمەش یەعنی نازانم بۆ بخەینە حوکمێك کە بۆ شتێکی تر داندراوە، لێرە باسی ئاشکرا کردنی زانیاری ئەوەش کاملە و حوکمی خۆی هەیە، من ڕێزم هەیە بۆ ئەو ئیلحاحەو ئیلا باسی هەردوو ماددە بکرێت، بەس وەکو من دەیبینم هیچ ئەگەر ئیزافە نەکرێت ناوەکان لەو ماددە خۆ خۆی ماددەیەکە، ئەو ماددەیە دەبێت موتەکامل بێت، دەبێت فیعلەکەی دیاری بکات، دەبێت سزاکەی دیاری بکات، دەبێت شێوەی جێبەجێ کردنەکە دیاری بکات، ئەگینا ماددەی قانونی نینە، بۆیە ماددەکە هەیە، ئەگەر لێرە باس نەکەین خۆ ماددەکە حوکمەکانی دەڕوات، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو ئیزافە کردنی ئاماژە بۆ هەردوو ماددە داخلی نەسەکە نەکرێت، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیاره ئەوە دەنگی لەسەر دراوە، دەنگی وەرگرت ماددەی 12 وجوبی تێدایە، ماددەی 14 حەزەری تێدایە و، وەزیر ئیقتراحی کرد کە ئەم وجوب و حەزەرە عقوبەی هەبێت، بە هەمان ماددەی پێشوو شەرت نیە ماددەکە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، کە ئێستا قسەمان لەسەر کرد ئیحتیماله دوایی گۆڕانکاری بەسەر دابێت، بەڵام گرینگ ئەو وجوب و حەزەرە عقوبەکەی دێتەوە ئێرە، ئەو ماددەی (11)ی کە ئێستا بووەتە (12)، مامۆستا عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە غەیری ئەو تێبینیەی کە کاك عبدالسلام وتی، من پێم سەیرە ئێستا ئێمە خۆمان ئیلزام دەکەین بە 2 ماددە لەم یاسایە کە موناقەشەمان نەکردووە، چۆن پێش ئەوەی ئێمە موناقەشەی ماددەیەکی ئاسایی بکەین ئیلزامی پەرلەمانی خۆمان دەکەین بەوە ئەوە یەك، لەبەرئەوە دەبێت بیرێتەوە دوای ئەوە لە موناقەشەکردنی بێت ئەگەر قەرار بێت ئیزافەی بکەین، ئێستا لێرەدا ئیقراری 2 ماددە دەکەین بەبێ موناقەشە ئەوە مولاحەزەی یەکەم، مولاحەزەی دووەم لەو سیاغەی دامە خزمەتتان، فەقەرەیەکی تێدایە دەڵێ (کل من أخل بأحکام هذا القانون)، ئیتر دەبڕێتەوە، چ پێویست دەکات ئیشارە بە ماددەی فلاَن و بە ماددەی فیسار بکەین، نازانم بۆ ئەوە نەخرایە دەنگدانەوە، ئیخلال بە ئەحکامی هەر ماددەیەك لە ماددەکانی ئەم قانونە ئەو قەیدەی تێدابێت، کە ئیتر نەحاجەتمان دەبێت، دەبێتە ماددەی چەند، تەسەلسولەکە چەند دەبێت، موناقەشەی دەکەین، یان نا ڕزگارمان دەکات لەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بە ئیلحاحی ئێوە پێشنیاری وەزیر خرایە دەنگدانەوە، ئێوەش زۆرینەتان دەنگتان پێداوە، لەبەرئەوە ئەوە ئیزافە دەکرێت، باسمان کرد و دەنگەکانیشمان خوێندەوە، بە هەردوو ئایا قبوڵتانە، ئایا قبوڵتان نیە؟، یەعنی ئێمە ئیزافەمان نەکردووە ئێوە ئیلحاحتان کرد، پێشنیاری جەنابی وەزیر بە ئیزافە کردنی ئەو 2 ماددە بخرێتە دەنگ، ئێمەش خستمانە دەنگ، دەنگی وەرگرت بۆیە ئێستا قسە کردن لەدوای ئەوە ناکرێت، ئیزافە دەکرێت، بەڵێ دەنگ لەسەر 2 مەبدەئەکە دراوە، لە ماددەی (12)ی ئێستای تەقریرەکە وجوبێکی تێدایە، لە ماددەی 14 حەزەرێکی تێدایە، لەوێ باس دەکات ئەگەر کەسێك ئیلتزامی نەکرد بە مواجیبە، کەسێك ئیلتزامی نەکرد بەم حەزەرە، عقوبەیەك دەدرێت بەپێی ماددەی 12، ئەوەی ئێستا ئێمە دەیخوێنینەوە، بەڵام دوایی ماددەکە، روحی ماددەکە چۆن دەستکاری دەکەن ئەوە سەلاحیەتی خۆتانە، ئێمە جارێ قسەمان لەسەر ماددەی 12 و 14 نەکردووە، یەعنی دوایی گۆڕانکاری بەسەر دادێت یان نایێ بەپێی دەنگی ئێوە، تکایە ئاخیر سیاغە بخوێننەوە، بخرێتە دەنگەوە،

ئێوە باستان کرد ماددەکەمان خوێندەوە، 12 و 14 ئەصڵی پرۆژەکەمان خوێند، ئێستا تەنها سیاغەکە بخوێنە، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە خەلەلە دواتر تووشی کێشە دەبین، دوای ئەوەی کە ئەوان موفقتەرحیان کرد، ئەوان ئیقتراحی ماددەیەك دەکەن کە سیاغەکەیان لێرەیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیاغەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیشکالیە لەسەر رەقەمی ماددەکەیە، ئێمە نەسی ماددەکەمان خوێندووەتەوە، نەسی ماددەکە خراوەتە دەنگدانەوە، ژمارەکان دوای تەسەلسولەکانی لەوەیە بگۆڕێت زیاد بێت، کەم بێت، بەلاّم موهیم نەسی ماددەکە چۆنە ئەوە تەسبیت بکرێت لێرە، ئەوە خۆی ئەساسە، بۆیە خوێندیشمانەوە، بۆئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بزانن دەنگیان لەسەر چ نەسێك دا لە ماددەکە، بەلاّم ژمارەی ماددەکە دوایی لەوەیە گۆڕانکاری بەسەر دابێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك عماد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی نازانم لە ئێمەش تێکچوو، ئێستا وەزارەت دەڵێتن ماددەی 13 و 14 لێرە وجوبین، باشە ئەوان ئیقتراحی ماددەیەکی تریان کردووە، من بەس دەمەوێت ئەو ماددەیە بخوێنمەوە، دەڵێتن ئەوەلەن هیچ، بەس دووەم (تضاعف الغرامات المنصوص علیها في المادتین)، علی اساس هەردوو مادده عیقابیه (بالحد الادنی في الحالة العود)، باشە ئەگەر ئێمە باسی هەردوو ماددەی پێشووتر بکەین، لێرەش ئەو دوو ماددەی کە ئێستا ئاماژەمان پێکرد، نازانم (تحظر عدم افشاء) جارێکی تر عقوبە دووبارە بکەیتەوە، نازانم دەبێت تۆزێك ئێمە وریا بین لەو مەوزوعە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عیماد لیژنەی هاوبەش تۆ جارێ باسی رەقەمە ئەسڵەکە دەکەی، دوایی هەموو ئەو رەقامانە سەلاحیەتمان داوە بە لیژنەی یاسایی لە زۆر لە یاساکانی تریش ئێوە دەستکاری دەکەنەوە، بەڕێزان دیارە زۆربەی دەنگتان لەسەر ئەوەدا کە ئەم عقوبەیە بۆ ماددەی (12 و 14)ش هەبێت، بەلاّم بۆ صیاغە دەیخەینە زیمنی ماددەکە خۆی، یەعنی عقوبەکە دەخەینە زیمنی ماددەکە خۆی، بۆ ئەوەی لە کاتی موناقەشەداو بەبیری ئەندامانی لیژنە دەهێنینەوە لە کاتی صیاغە کردنی ماددەی (12 و 14) ئەم صیاغە بخوێننەوە کە عقوبەکەیان بە بەپێی ماددەی ئێستا دەبێت، ئێستا فەرموو ماددەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية عشرة:

(مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد في أي قانون آخر نافذ في الاقليم يعاقب بغرامة لاتقل عن (250) مائتي وخمسين مليون دينار ولاتزيد على (500) خمسمائة مليون دينار كل من وافى المجلس ببيانات او اوراق او مستندات غير صحيحة مع العلم بذلك. او اذا امتنع عن تقديم بيانات ومستندات صحيحة).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (40) ئەندام لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (3) لەگەڵدا نییە زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەی دواتر وابزانم وەزارەت پێشنیارێکی هەیە، ماددەیەکی ئیزافی هەیە، ئینجا پێمان خۆشە ئەو پێشنیارە عەرز بکەن، بۆئەوەی موناقەشەی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر ئیقتراحی کرد، کە (عودە) ماددەی پێشوو لابرێت بە ماددەیەکی تایبەت، هەم ئێوەش دەنگتان پێدا، ئێستا بەڕێزیان پێشنیارەکەی خۆی دەخوێنێتەو، تکایە ئاگادار بن، بۆئەوەی دەنگی پێ بدەن، فەرموو.

**بەڕێز سنان چەلەبی / وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرانە ماددەی 9 دوو فەقەرە دەبێت، فەقەرەی یەکەم (تضاعف الغرامات المنصوص عليها في المادتين 11 و 12 بالحد الادنى وفي حالة العود)، دووەمین (لمتضرر بسبب الانشطة المحضورة في هذا القانون المطالبة بتعويض لدى المحكمة المختصة).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەكان ئێوە ڕەئیتان چیە لەسەر ئیزافەی ئەو ماددەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەكە دەكەین.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەكە دەكەین.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئندامانی پەرلەمان كێ قسەی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ ئەوەی پێشنیاری وەزیر بوو، 2 ئەندامی بەڕێز، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری بوونی ئەو ماددەیە دەكەین، لەبەر یەك سەبەب، ئەو ڕێگاگرتنە لە دووبارە كردنەوەی ئەو موخالەفەیە، ئەگەر دووبارە كرایەوە مەبلەغەكان موزاعەف دەكرێن، بەلاّم ئەوەی كە زۆر گرینگە بەلای منەوە، لە بابەتێكی تردا، لە بڕگەیەكی تردا ئەو كەسەی كە زەرەرمەند بووە بەپێی ئەو ماددەیە دەتوانێت داوای تەعویز بكات لە مەحاكمی موختەس، یەعنی ئێستا لێرە تەوازونێك هەیە لەنێوان ئەو كەسەی كە موخالەفەكە دووبارە دەكاتەوە، ئەو كەسەش كە زەرەری بەردەكەوێت داوای تەعویز دەكاتەوە لە مەحاكمی موختەس، لەوە پشتگیری دەكەین ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر مەنتقیە ئەوەی بەڕێز جەنابی وەزیر گوتی بۆ تەعویزی، چونكە هەموو مەشاكیلی دونیایێ ئێستا، حروب لەدونیا بە تەعویز حەل دەبێ، تەعویز عاملێكی موهیمە لە تیجارەت، چونكە زەرەرەكە تۆ ناتوانی موحتەمەلە هەندێ موجتەمەع هەندێك عەوەقی دەبێ بۆ هەندەك زەرەری تیجاری، بۆیە بە منیش ئەو ئیقتراحە زۆر زۆر موهیمە، دەبێت رەچاو بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئاخیر سیاغە بۆ پێشنیاری ئەو ماددەیە بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەسەلسولی ئەو ماددەیە دەبێتە 13، بەم شێوەیە کە وەزارەت پێشکەشی کردووە، المادة الثالثة عشر:

اولاً: يعفى في تحديد الغرامات المفروضة بموجب احكام هذا القانون حجم المنفعة التي حصلت عليها جهة المخالفة ومقدار الضرر الواقعة على الغير.

ثانياً: تضاعف الغرامات المنصوص عليها في المادتين 11 و 12 بالحدي الادنى والاقصى وفي حالة العود.

ثالثاً: لمتضرر بسبب الانشطة المحضورة في هذا القانون المطالبة بتعويض لدى المحكمة المختصة.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو شێوەیەی کە خوێندرایەو کێ لەگەڵە؟ دەستی بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ نیە؟ بەکۆی دەنگ ئەو ماددەیەش قبوڵ کرا، بەڕێز جەنابی وەزیر پێشنیارێکی تری هەیە، ڕێگای پێ دەدەین بیخوێنێتەوە پێشنیاری ماددەیەکی تر، فەرموو.

**بەڕێز سنان چەلەبی / وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە ڕەقەمەکە دەبێتە (14) بە تەخمینم دەڵێ (يعفى المخالف لاحكام هذا القانون كلياً او جزئياً من العقوبات المنصوص عليها في هذا القانون اذا قدم الى المجلس معلومات غير متوافر لديه يؤدي الى الكشف عن المخالفات) لێرە ئیعفا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سنان چەلەبی / وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەڵێ (يعفى المخالف) عەفو دەکرێت ئەگەر مەعلوماتێکی جوزئی یان کولی لەلای هەبێت لە ئەسنای ئیشەکەی کەشف بکاتن کە بزانێت هەیەو موخالیفی قانونە، لەبەر ئەوە دەکاتن دەڵێ ئەو شتە ڕوویداوە بەو شێوەیە ئەوەش غەڵەتە، لەبەر ئەوە ئیعفا دەکرێت، یەعنی غەڵەتی خۆی پیشان دەداتن.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی موختەس فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی نازانم كە پێشنیارەكە بیدایەتەكە دەڵێتن (يعفى المخالف باحكام هذا القانون)، باشە كێ موخالفەكە عەفو بكاتن؟ كێ ئەوحەقەی هەیە كە موخالەفەكە عەفو بكاتن؟ چونكە دەڵێتن (يعفى المخالف باحكام هذا القانون كليا او جزئيا من العقوبات المنصوص عليها في هذا القانون)، باشە ئەگەر ئەو كابرایە سزادرا نازانم من تۆزێك تێنەگەیشتم لەو ماددەیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر جارێكی تر ڕوونكردنەوە بدات، بۆئەوە ئەگەر ئەندامان پێشنیاریان هەیە، بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز سنان چەلەبی / وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمن عەقدێكی دەكەم، نەتیجەی ئەو عەقدەی ئیحتكاری ئیشەكی دەكەم، كە دەگەڕێمەوە ئیشەكە كرایە، پێش دەست پێكردن یان دوای دەستپێكردنی، كە دیارسەی دەكەم دەبینم ئەمن غەڵەتێكی قانونیم كردیە، موخالفی ئەو قانونەیە و، چوویمە ناو زمنی ئیحتیكار، پەشیمان دەبمەوە، فەورەن خەبەر دەدەم دەڵێم بابە ئێمە عەقدێكی ئاوامان كرد، لە فلانە شەریكە، لە فلانە ئیش لێرانە ئەو غەلەتە گەورەیە كرایە، ئێمەش دەمانەوێت تەسهیلی غەلەتی خۆمان بكەین، ئەگەر نەیكەین تووشی زەرەرێكی زۆر گەورە دەبین، بۆیە داوای ئیعفا كردنی دەكەین.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان كێ قسەی لەسەر ئەو نەسە هەبوو؟ ئەو بەڕێزانە (كاك نەژاد- مامۆستا عمر- كاك عمر- كاك عبدالسلام- ئاهەنگ خان- د. عمر- د. احمد وەرتی)، كاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێ ئەوەلەن بەڕاستی ئەو ماددەیە وازح نیە تەواو، یەعنی تەعبیر لەوە ناكات، كە جەنابی وەزیر تازە وتی، ئەوە یەك، دوو: وای لێ دێت ئیتر هەركەسێك بۆ خۆی موخالەفەكی دەكات، دوایی دەڵێت وەڵلا پەشیمانم، ئینجا باشە ئەوە چەندی بە چەند، لەو حاڵەتەدا بەتایبەتی ئەوە باسی مەوزوعێك دەكات، كە مەوزوعەكە دیسان دەڵێمەوە، مەوزوعەكە پارەیەو، پارەكەش مومكینە زۆریش بێ، كابرا ئیشێك دەكات دەزانی زەرەریتی، كۆمەڵێك شتی تر، یەعنی ئەوە بەو پێیە ناتوانێ عەفو بكرێتن، لەبەرئەوە ئەوە وای لێ دێتن ئیتر دووبارە و سێ بارە دەكرێتەوە، خەڵك لەسەری دەڕوات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە قسەی جەنابی

وەزیر بێ، ئەوە ئەمن بەپێی قسەکەی جەنابی وەزیر قسەکەم کرد، بەڵام ئەو فەقەرەیە ئەومانایەی نادات بەڕاستی.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموّستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی ئەو ماددەیە من بە زیادی دەزانم، دەرگایەکی گەورە دەکاتەوە بۆ ناعەدالەتی، بۆ گەندەڵی، چونکە من کۆمپانیایەکم هەیە هەر لەسەرەتای ئەوە کە هەست دەکەم پێم زانراوە موخالەفە دەکەم یەکسەر خۆم زانیاریەکان دەدەم، وەکو بڵێی دەرگا لەبەردەم جێبەجێ کردنی یاسا دادەخرێت، بۆ بەمن ماددەیەکی زیادە ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم هەر بەڕێزێك لەوانەی موتەهەم دەکرێن بە موخالەفە، دەکرێت لەکاتی دادگایی بانگ دەکرێن، قسەیان لەگەڵ دەکرێت بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی یاساکان بتوانێت بیسەلمێنێ کە نەیزانیوە ئەوە موخالەفەیە، دەکرێت لەوێ دیفاعێك، قسەیەك دەربارەی خۆی بکات، بەڵام ئێستا پێش وەخت ئێمە بیخەینە زمنی ئەو خاوەن ئەو کۆمپانیا بزنسمانانەوە، کە دەرگایەکی وا هەیە زۆر خەتەرە ئەوە، لەبەرئەوە پێم زیادە و، هیچ موشکیلەیەك نیە، ئەوە خاڵی دوو، خاڵی سێیەم: وەکو کاك نەژاد باسی کرد، لە جێبەجێ کردنی یاسا، لە سزادانی تۆمەتبارێك یان موخالیفێك، باس لە زانین و نەزانین نیە، کەسێك لە قەوانینی مرور، لە قەوانینی زەریبە، هەرچیەك کە موخالەفە دەکات، کە جەهل بەو قانونە دەبێتە سەبەبی ئەوە کە ئیعفا بکرێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو موقتەرحەی جەنابی وەزیر پێشکەشی دەکات، (کل من خالف احکام هذا القانون)، ئەو شەترەی موقەدیمەی، ئەو ماددانەی تر کە ئێمە موناقەشەمان کردووە و، ئەم هەموو نیسبەت و عقوبە و موخالەفەی بۆ دانا دەیسڕێتەوە، دوو شەتری دووەمی موقتەرحەکەی جەنابی وەزیر دەڵێت ئەگەر هاتو ئیشەکە کرا، دوایی زانی موخالەفەی کردووە با بێت ئیخبار بدات ئیعفا بکرێت، نەخێر، مەبادیئی ئەساسی لە قانونی عقوباتی عیراقی، کە ئەساسی عقوباتە، ماددەی 218 (الاخبار) پێش ئەوەی دەست بکرێت بە ئیشەکە، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ماددەکانی تری یاسا، لە ماددەی 243 باس لەسەر چی دەکات، باس لەسەر ئیخباری کازیب دەکات، ئەگەر بێت بە ئیخباری کازیب، بەپێچەوانەوە دەبێت عقوبەکەی زیاتر بێت، لەبەرئەوە پێویست ناکات ئەم موقتەرحەی جەنابی وەزیر بکرێتە ناو یاساکەوە، چونکە عقوبەکان دەسڕێتەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازە هەبێت، چونکە موناقەشەی پێشنیاری بەڕێزتان دەکەین، من دڵنیام لە نیەتە پاکەکە، ئەگەر لەبیرتان بێت لە یاسای نەزاهەش ئێمە زروفی موخەففەمان دابوو بەو کەسانەی کە مەعلومات دەدەن، یان بەشدار دەبن لە گەیشتن بە مەعلوماتی دروست، نیەتەکە سەدا سەد وایە، بەڵام لە من قبوڵ بکەن یاسایە، ئەوە فێربووینە ئەو 2 ، 3 ساڵە، کە وتت (المخالف) وەکو ئەوەی بڵێی (المتهم)، (المخالف) واتە بۆچوونەکەی کاك عمر وازح بوو، واتە ئەو کردارەکەی کردووە بەپێی ئەم یاسایە ئێمە ئیسپاتمان کردووە، کە موخالیفە واتە هەموو مەعلومات پێشان نەدرابوو، واتە فیعلەکە ئاساری هەبوو، ماددەکانی تر حوکمەکانی تر لەسەر تەسبیت بکات، کەوتە قالبی موخالیف، ئینجا بێت مەعلوماتم بداتێ، ئەوکاتە هیچ نابێت، دەتوانرێت ئەگەر مەبەست ئەوە بوو بڵێین ئەگەر یەکێك هەستی کرد، وەکو جەنابی وەزیر لە شەرحەکەی باسی کرد، لە پڕێکەوە، لە مەرحەلەیەك خۆی هەستی کرد کە ئەو موخالەفەی یاسای کردووە، بێ ئەوەی هەست پێ بکرێت و سزا بدرێت بە موخالیف لە قەلەم بدرێت، ئەوکات دەڵێ پێش ئەوەی پشکنین بکەن، من هەستم کردووە ئەوە ڕای دەگرم، مەبەست ئەوەبێ تەسەور دەکەم دەتوانین بە سیاغەیەکی تر بیکەین، یەعنی ئەوە ئاسانە، ئەوکاتە دەتەوێ چی لێبکەی؟ جارێکی تر دەتەوێ عەفوی بکەی، یان قانونی لەسەر تەتبیق بکەی لەو بەشەی کراوە، بەس تەسەور دەکەم مەبەستی حەقیقی شێوێندراوە بەوەی (المخالف)، چونکە موخالیف مەعنا ئیسبات بووە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی کاك عبدالسلامی ڕاستە، نیەتەکە زۆر موهیمە، ئایا موخالەفەکە کرایە؟ ئەگەر موخالەفە کرابێ و خۆی هات خەبەری دا، ئەوە بابێکی دیکە دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر موخالەفەکە درکی پێ نەکرابێت، خۆی هات تەسریحی بەوە دا کە موخالەفەکە دەکرێ، یان خەتەرەکەی پێشی جیهەی موراقیب، خۆی پێشنیاری دیت، ئەوە مەفروزە عقوبەکەی لەسەرتەخفیف بکرێت، چونکە خۆی نیەتەکەی پێشاندا کە نیەتی ئیحتکار و غەش نیە لە تیجارەت، دائیمەن ناڵێت عەقدو شەریعەت موتەعاقدین، (العقد شريعه المتعاقدين) ڕاستە،(قانون لا يحمى المغفلين) ئەوەش ڕاستە، بەڵام بەڕێزان ئەوەشمان لەبیر نەچێت، قانونی عالەم لەسەر قانونی فەرەنسی داندرایە، زۆربەی ئەوەی کە نەجاحەتی هێنایە لە وڵاتان، زۆربەشی لەسەر عورف داندرایە لە قانونی ئینگلیزی، ئەوەشمان لەبیر نەچێت یەکەمجار تەعویز لە دونیایێ بە زەرەر لەسەر

قـانونی (بـۆردۆ) دانـدرا، ئـەویش کابرایـەك لـە حـەربی عالـەمینی یەکـەم، فـەحمی لـە بـۆ شـاری بـۆردۆی فەرەنسی دەبرد، کە زانی حەرب دەستی پێکرد نەوت زۆر گرانە، وتی کاکە ئـەوە بـە مـن ناکرێـت، ئـەوکات دەتوانرا بڵێین (قانون يحمی المغفلين)، بۆئـەوەی میللەتەکـە زەرەر نـەکات، هەسـتان تەعویزەکەیان دایـێ و، قـانونی تـەعویز ئیسـپات بـوو، نیەتەکـە هـەروەکو کـاك عبدالسـلام دەڵـێ زۆر موهیمـە، ئەگـەر بەشـەرەکە بەخۆی پێشی واقیعەکە درکی پێکرد، ئەوە زۆر موهیمە ئیعفا بکرێـت، تەشـجیعی مونافەسـەی شـەریفیش دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د. عمر فەرمود.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە کە مەبەست و قەسدەکە وازحە، شتەکی شـەرعی و ڕەوایـە، ئـەویش تەشـجیع کردنـی ئـەو کەسانەی کە هاوکار دەبن بۆ کەشف کردنی تاوانێك یان بۆ موخالەفەیەك، پێویستە تەشجیع بکـرێن، بـەڵام بەو سیاغەو دارشتنەی کە خرایە ڕوو، لەڕاستیدا دەبێتە بەربەست لەبەردەمی جێبەجێ کردنی مەزمون و ماددەکانی قانونەکە چۆن؟ ئەسڵ ئەوەیە من کۆمپانیام هەیە مەسەلەن موخالەفە نەکـەم، یـان ئـەو قانونـە من دەگرێتەوە ئەسڵ ئەوەیە کە موخالەفە نەکەم، جـا مـن موخالەفـە بکـەم و دوای ئـەوە لـەڕێگای پێـدانی مەعلوماتێك و خۆ کەشف کردنێکەوە، لە موتەهەمێکەوە بـبم بەبـەریئ، ئـەوە مـەزمونی قانونەکـە لـەکوێ دەمێنێتـەوە؟ جگـە لـەوەش ئەگـەر دیقـەتی لێبگـرین بـەو سـیاغەیە، زەمینەیـەك دەڕەخسـێت، دەرفـەتێك دەڕەخسێنێت بۆ جۆرێك لە لەف و دەوران، بۆ خۆدزینەوە لە مەسـەلەی عقوبـە و لـە سـزایەکە، بۆیـە بـەو مەزموون و بەو سیاغەیە، من بەش بە حاڵی خۆم بە باشی نازانم، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د. احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منـیش هـاوڕام لەگـەڵ ئـەو بەڕێزانـە، کـە ئـەو ماددەیـە بـە زیـاد دەزانم بەڕاسـتی، چـونکە ئێمـە عقوبـەی توندمان داناوە بۆ ئەو کەسانەی، کە موخالەفـەی ئـەحکامی ئـەو قانونـە دەکـەن، حوکمـەکانی ئـەو یاسـایە، بـەڵام لێـرە هـاتووین بـەو ماددەیـە ئـەو عقوبـەمان سـووك کـردووە، ناشـزانرێت بەڕسـاتی لێـرە کـێ ئـەو دەسەڵاتەی پێ دەدات؟ یان خودی مەجلیسەکەیە، یان دەسەڵاتەکە بۆ مەحکەمە بەجێ دەهێڵدرێت، کە ئەو عقوبەیە لادەبات لەسەری و عەفووی دەکات، لەبەرئەوە من پێم وایە، لێرە دەبێتە ڕێگـر لەبـەردەم ئـیش و کارەکانیش، باشتر وایە ئـەم ماددەیـە هـەر لابـەرین، چـونکە لـە ماددەکـانی پێشـوو وازحـە، هـەم عقوبـەکان دیاریکراوە، هەم موخالەفەکانیش دیاریکراوە، لێرە ماددەکە بە زیاد دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو مەوزوعەی كە كاك دكتۆریش باسی كرد، هەندێك برادەرانی تریش باسیان كرد، كە كاك عبدالسلامیش باسی كرد، كە نیەتە، قانون بە نیەت دانادرێت، یەعنی من ئیحترامم بۆ جەنابی وەزیر هەیە، بەڵام قانون بە نیەت دانادرێت بەڕاستی ئەوە نوقتەیەك، نەقتەی دووەم فەرەزەن ئەوە ئێستا كابرایەك، تاجرێك هات هەندێك مەوادی هێنا، ئەو مەوادانە مەوادی بەسەرچوو بوون، خەڵكێك بە خواردنی ئەو مەوادانە زەرەرمەند بوو، تەبعەن زەرەرمەند بوو، ڕەنگە تەسەموم بكات، ڕەنگە نەگاتە خەستەخانەی بشمرێت، باشە كابرا بڵێت وەڵلاهی نەمزانی، ئەوە چۆن حەل دەكرێت؟ لەبەرئەوە منیش لەگەڵ دكتۆر احمدم، كە ئەو ماددەیە لەغو بكرێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵلا ئەوە نوقتەی نیزامیش نەبوو، فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر، من لەگەڵی نیمە بە تەواوەتی، چونكە ئەوكەسەی ئەو كارەی كردووە، پێش هەموو شتێك كارێكی نایاسایی كردیە، ئێمەش دەمانەوێت یاسا جێبەجێ بكەین، پێویستە سزا بدرێتن، دووەم: لەبەرچی ئەو كەسەی كە كارێك دەكات، دەبێت خۆی ئامادە بكات بۆ كارەكەی، پێشتر هەموو یاساكە بزانێت، چەند راوێژكاری هەبێت، مەعلوماتی تەواو بێت ئینجا دەست بە ئیش بكات، خۆ منداڵێك نیە بڵێت من نەمزانی، ئێستا هەڵەكەم كردووە، دەبێت مەعلوماتی تەواوی هەبێت ئینجا ئیشەكەی خۆی بكات، سێیەم: ئەوەی كە هەستایە بە ئەركی خۆی، واجبی هەموومانە كە ئیش دەكەین ڕاستگۆ بین لە كارەكەمان، ڕاستگۆ بین لەگەڵ حكومەتیش، كە ئەو كارە دەكەین، یەعنی ئەوە منەتی تێدا نیە ، كە هاتووە دەڵێت غەڵەتم كردووە، دەبێت بڵێتن ئەگەر نەڵێت نایاساییە، دوایش دەتوانی دەست خۆشی لێبكەی و سوپاسی بكەی، بەڵام لە هەمان كاتدا سزای بدەی، چونكە ئەوە دوو شتی جیاوازە، هەروەها پێش ئەوەش دەستی بەكاربێت، باسم كرد كە دەبێت مەعلوماتی پێشكەش بكات ، چەند كەسی تایبەت بەو بابەتە بزانی و، ئینجا دەست بەكاربێت، بۆیە داوادەكەم ئەو ماددەیە زیادەو، عەفو نەكرێت بە هیچ شێوەیەك، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

هەرچەندە وشەكە هیچ زەمبی تێدانیە، بەڵام لە پرۆتۆكۆڵ دەسڕینەوە، فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە قسەی کوردی وایە، وەکو مەسەلەی خەتەنەکەی لێهات، نازانم زۆر سەیرە لێرەدا قسەیەکی کوردی دەکەی، مەمنوعە قانونمان بە عەرەبیە، ئەوەمان بە عەرەبیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کاک نەژاد لەجێگای خۆت قسە مەکە، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا نازانم تازە ڕۆیشت، بەڵام ڕەئیم وابوو مەبدەئی ئیزافەکردنەکە پێشتر بخرایە دەنگدانەوە، ئینجا موناقەشە بکرابا، بۆئەوەی ئەم شتەش دروست نەبووایە، خاڵێکی تر بەڕاستی من پرسیارێك لە جەنابی وەزیرو کاك فرسەتیش دەکەم، ئێمە ڕاستە تۆ کە پەشیمان دەبیتەوە، دەتەوێ عەفووی بکەی، بەڵام ئەوە قانونی (مەنعی ئیحتیکارە) لە نەتیجەی هەر ئیحتیکارێکیش غەیر زەرەر دەکات، کە غەیر زەرەری کرد، تۆ ئەوت عەفوو کرد، تەعویزی غیر کێ دەیداتەوە؟ چونکە لە نەتیجەی هەر ئیحتیکارێکیش یەکێکی تر زەرەر دەکات، ئەوە ئەوت عەفوو کرد، ئەی تەعویزی زەرەری ئەوەی تر چۆن دەدەیتەوە؟، بۆیە من لەگەڵ ماددەکە نیم، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من پێم باش بوو ڕەئی خۆم بڵێم، هەم بۆ بەڕێزتان و هەم لیژنەی هاوبەش، من ئەو قسەیەی بەڕێز وەزیر باسی کرد، (من الحيث المبدء) لەڕووی مەبدەئیەوە شتێکی زۆر جوانە، لەبەرئەوەی لە قانونی ئسوڵی مەحاکمات و عوقوباتدا، (اخبار عن الجرائم) هەیە، (كشف عن الجرائم) هەیە، لە هەندێك جێگاشدا ( كل من بادر الى اخبار السلطات)، بەم شێوەیە باسکراوە کە عەفوو دەکرێت لە عقوبە، من پێم باشە ئەو ماددەیە هەبێ، بەڵام بەشەرتێك بسپێردرێتەوە بە لیژنەی یاسا سیاغەیەکی بۆ بکات، سیاغەکە موناقەشە بکرێتەوە و، دەنگدان بکرێت لەسەری، بەڵام ئەویش بە مەرجێك، مەرجەکەی ئەوە بێت کە لەو سیاغەیە دەنووسرێت، بە شەرتێك ئەوە کەشفی جەریمە بکات و چەند تاوانبارێکی تر بگیرێت، بە شەرتێك لە شەقی جەزائیەکەی عەفوو بێت، بەڵام لە شەقی تەعویزات، ئەوەی کە پەیدای کردووە بەهۆی ئەو مونافەسە نامەشروعەوە، جیهازی ئیدعای عام و وەزارەتی تیجارە و جیهازی موختەسە، موکەلەف بن بەوەی تەعویزی ئەوەی لێ بستێننەوە، تەنها لەلایەنە جەزائیەکەی عەفوو بێت، ئەمە وادەکات کە هەموو خاوەن کۆمپانیا یان ئەوەی ئەو کارە دەکات، بترسێت بەیانی لە مودیری حیساباتەکەی، لەو کەسەی کە شەراکەتی لەگەڵ دەکات، ئیحتیکار بکات تەندەر لەحیاتی ئەو بکات، بۆیە پێم باشە بسپێردرێتەوە بە لیژنەی یاسا،

سیاغەیەکی بۆ بنووسێتەوە، بۆ موناقشەو بۆ دەنگدان لەسەری، وەکو وتم مەرجی بۆ دابنێت ئەو ماددەیە (من حیث المبدأ) باشە، بەلاّم لە تەفسیلەکەدا وابزانم وەزارەت زۆر ورد نەبوو، بە شەرتێك کەشفی جەریمەی کامل بکات، چەند تاوانبارێکی تر بگیرێت، بەشەرتێ: لە شەقی جزائی عەفوو بێت نە لە شەقی تەعویزات، ئیدعای عام و جیهازی موختەس و لایەنی زەرەرمەند و وەزارەتی تیجارە و ذوی العلاقە)ش موکەلەف بن بەم دەعوای تەعویزەکە لەسەریەتی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەرئەوەی موقتەرەحەکە هی جەنابی وەزیرە، داوای لێ دەکەین بەپێی ئەو ڕوونکردنەوەی ئەندامانی پەرلەمان، ئایا سوورە لەسەر پێشنیارەکەی؟، جەنابیان با بفەرموون.

**بەڕێز سنان چەلەبی / وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە وەکو خۆی بمێنێت، لێرانە شتێك دیارە دەڵێت (یعفی المخالف لاحکام هذا القانون کلیاً او جزئیاً)، لێرانە کە جەریمەتێك دەکرێت، ئەگەر تۆ ئەو جەریمەیەی بە قەسد بکەی، ئەوە عەفوو ناکرێیت، بغەیر قەسد بکەی ئەسبابی موبەرەری لێ دەبێ (تخفیف)، لێرانە کولیەن کە جوزئیەن دەبێتن، کە کولیەن جوزئیەن دەبێت بەگوێرەی چەند چوویتە پێش لەو زەرەرەی، بەگوێرەی ئەو ئیحتکاری دەکەی، یان موخالەفەی قانونی بەگوێرەی ئەو جەزاکەی دەدرێتن، ماددەی پێش ئەو دەڵێت (للمتضرر بسبب الانشطة المحضورة بهذا القانون المطالب بتعویض لدی محکمة المختصة)، یەعنی لێرانە دەتوانی بگەڕێتەوە سەر مەحکەمەی، بۆئەوەی ئیشەکە حەل بکرێتن، بۆیە بەو شێوەیە بمێنێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکە بخوێننەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگدان، بەڵێ مامۆستا عمر نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تا ئێستا 6 کەس دژ بوو لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، بەلاّم ئێمە ماددەکە دەخوێنینەوە وەکو ئەوەی کە هی حکومەتە، دەیخوێنینەوە بۆئەوەی بەڕێزتان بیخەنە دەنگدانەوە، (المادة الرابعة عشرة: یعفی المخالف لاحکام هذا القانون کلیاً او جزئیاً من العقوبات المنصوص علیها في هذا القانون اذا قدم الی المجلس معلومات غیر متوافر لدیه تؤدي الی الکشف عن المخالفات).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە وەکو ماددەیەکی ئیزافی بخرێتە سەر قانونەکە؟ با دەستی بڵند بکات، 2 کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ئیزافە بکرێت، کێ لەگەڵ نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ رەفز کرا، پێشنیارێك هەیە بەوەی کە

**بەیانی عوتلەیە و جەلسە هەبێت، بۆیە ئێمە لە سەرۆکایەتی حەزدەکەین هەر پرسیار لە ئێوە بکەین، کە ئایا جەلسە هەبێت یان نەبێت؟، بەشێوەیەکی ئیعتیادی لە رۆژانی عوتلە جەلسە نیە، بەلاَم پێشنیارێك چەند ئەندام پەرلەمانێك پێشکەشی کردووە دەڵێت جەلسە هەبێت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرۆکایەتی بڕیاریدا کە جەلسەی ئەمڕۆ کۆتایی پێ بهێنین و بۆ رۆژی چوار شەممە سەعات (11).**

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**د.حسن محمد سوره**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی 10\4\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6)

**چوار شەممە رێكەوتی 2013/4/10**

**کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکـەوتی 2013/4/10 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سـورە جێگـری سـەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (6)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (6)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێکـەوتی 2013/4/10 دا بـەم شێوەیە بێت:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای کێبڕکێ لە هەرێمی کوردستان.**

**2-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای دایەنگە لە هەرێمی کوردستان.**

**3-هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەی گشتی دەست پاکی لە هەرێمی کوردستانی عیراق لـە نێـوان ئـەم بەڕێزانـە، سامی عثمان یونس، سیروان عمر امین، د.احمد انور.**

**4-خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـڕۆژە یاسـای هـەموار کردنـی یەکـەمی یاسـای ئیمتیـازاتی زینـدانی کـراو وڕاگیراوی سیاسی ژمارە (11) ساڵی 2011.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردسـتان، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، خـولی گرێـدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (6) ڕۆژی دانیشتن 2013/4/10.**

**بەرنامەی کار:**

**بـەپێی حوکمـەکانی بڕگـە (1) ی مـادده(20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە(1) ی هـەموار کـراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشـتنی ژمارە (6) ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات(11) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە، ڕێکەوتی 2013/4/10 بەم شێوەیە بێ.**

**1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای کێبڕکێ لە هەرێمی کوردستان.**

**2-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای دایەنگە لە هەرێمی کوردستان.**

**3-هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەی گشتی دەست پاکی لە هەرێمی کوردستانی عیراق لـە نێـوان ئـەم بەڕێزانـە، سامی عثمان یونس، سیروان عمر امین، د.احمد انور.**

**4-خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـڕۆژە یاسـای هـەموار کردنـی یەکـەمی یاسـای ئیمتیـازاتی زینـدانی کـراو وڕاگیراوی سیاسی ژمارە (11) ساڵی 2011.**

بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و وەزیری مونەسیق لە نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەفدە یاوەرەکەیان دەکەین، داوا دەکەین لە لیژنەی هاوبەش بفەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، لیژنە فەرموون ماددەی 13 لە پرۆژەکە، دەمانەوێ شتێك لە لای ئێوە باس بکەین، بەڕاستی بۆ ئەوەی ئیشکالمان بۆ دروست نەبێ، چونکە ئێمە چوار شەممەی ڕابردوو بوو، کەی بوو لەبەر ئەوەی نیسابی قانونی تەواو نەدەبوو لە دەنگدان، جارێك، دووجار دانیشتنەکەمان دواخست، ئێستا ئێمە بە تەماین سیستەمێك دابنێین بەڕاستی وەرەقەیەکمان ئامادەکردووە بۆ هەفتەی داهاتوو تەنفیزی دەکەین، سەعاتیشمان لەبەرچاوە، هەر پەرلەمانتارێك هەقی هەیە 10 دەقیقە بچێتە دەرەوەو بێتەوە دوای ئەوە 10 دەقە تاوەکو چارەگێك، ئەگەر نەهاتەوە بەڕاستی دوایی دەینووسین ئەوەندە دەقە تاخیر بووە، بۆ ڕۆژی پاشتر دەیخوێنینەوە دەڵێین خەڵکی کوردستان ئەم غیاباتانە هەن، یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، چونکە دوایی رەجامان لێ کردن و تکامان لێ کردن، رەجای خوامان لێ کردن بە قسەتان نەکردین بەڕاستی، مەجبورین وابکەین، چونکە ئیشەکانمان ناڕوات، فەرموون لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ژمارە 12 لە ئەسڵی پرۆژەکە کە ئەبێتە ماددەی چواردە ئێستا:

المادة الرابعة عشرة:

على الاشخاص الذين يرغبون في تملك اصول او حقوق ملكية او الانتفاع أو شراء اسهم او اقامة إتحادات او اندماجات او الجمع بين ادارة شخصين معنويين او اكثر على نحو يؤدي الى السيطرة او الهيمنة في السوق اخطار المجلس الذي يتولى فحص الاخطار واصدار قرار بشأنه خلال مدة لاتتجاوز ستين يوماً من تأريخ وصول الاخطار اليها فأذا مضت تلك المدة دون البت فيه عُدّ ذلك موافقة.

وفي جميع الاحوال لايجوز اتمام التصرفات التي تم الاخطار عنها الأ بعد صدور قرار المجلس او مضي المدة المشار اليها دون البت في الطلب.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە کوردیەکەشی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە لەسەر کە ئارەزووی بە موڵك کردنی ئسول یاخود مافی بە موڵك کردن یان سوود وەرگرتن یان کڕینی پشك یاخود پێکەوە نانی یەکێتی و لێکدان و کۆکردنەوەی نێوانی کارگێڕی، دوو کەسی مەعنەوی یان زیاتریان هەیە، بەجۆرێك کە ببنە مایەی دەست بەسەرداگرتنی بازاڕ، ئەنجومەن ئاگادار بکاتەوە کە ئاگاداریەکە دەپشکنێ و بڕیاری لە بارەیەوە دەدات لە ماوەیەك لە 60 ڕۆژ تێپەڕنەکات لە مێژووی گەیشتنی ئاگاداریەکە بۆی، ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەرچوو بەبێ یەکلایی کردنەوە بە ڕەزامەندی لەسەر

دراو دادەندرێ، لە هەموو بارەکاندا نابێ کارەکانی کە لەبارەیەوە ئاگادارکراونەتەوە تەواو بکرێن، مەگەر دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەن پێیان تێپەڕبوونی ماوەی ئاماژە پێکراو، بەبێ ئەوەی داواکە یەکلا ببێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ئێمە تەئیدی دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی بەکاربەر.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین، بەڵام ئەو مودەیەی کە تحدید کراوە 60 ڕۆژ، پێمان باشە 30ڕۆژ، بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین، وەکو خۆی بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە خەلەلێك دەبینین لە سیاغە عەرەبیەکەی، کاك فرست فەرموو تێبینیەکی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وا شعور دەکەم ئەو ماددەیە یان حەرفەك لە ئێمە، یان سیاغەکە غەڵەتە، چونکە ئەگەر بێتو ئەو دەمجە ببێتە سەبەبی سەیتەرەو هەیمەنە لەسەر بازاڕ، ئێ خۆ هەدەفی قانون ئەوەیە سەیتەرە نەمێنێت، چۆن وەزارەت ئەگەر خیلالی مانگێك موافەقەی نەکرد، یەعنی ئەوە موافق بوو لەسەر ئەو دەمجە، دەمجەکەش ئەبێتە سەبەبی هەیمەنەو سەیتەرە لەسەر بازاڕ، من وا تەسەوڕ دەکەم لە دێری دووەم( علی نحو لايؤدی الی السيطرة) نە (یؤدی)( علی نحو لايؤدی الی السيطرة او الهيمنة في السوق) ئەگەر جەنابی وەزیر تەدقیقی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سنان عبدالخالق چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە ئێمە پێشنیارێکمان هەیە، حەز دەکەم بیخوێنمەوە لەسەر ئەو مەوزوعە، دەڵێت (على الاشخاص الذين يرغبون في تملك اصول او حقوق ملكية او الانتفاع او شراء السوق او اقامة اتحاد او اندماج او الجمع بين ادارة شخصين معنويين او اكثر) لێرە ئیزافە دەکەین (او الاتفاقات الخاصة بالاسعار وشروط البيع والكميات الانتاج والتجهيز) لێرانە دوو شەریکە شەرت نیە دابنیشێ و دەمج ببێ، بەس دەتوانێ ئیتیفاق بکەن سعریان سابت بکەن، بەیع بێ یان شیرائ، ئەوە دەبێ ئیزافە بکرێ لێرانە، (على نحو يؤدي الى السيطرة او الهيمنة في السوق اخطار المجلس) کە مولاحەزەیان بەخۆیان کرد، لێرە غەڵەتێك هەیە کە سەیتەرە لەسەر سوق دەکات، دوای 60 ڕۆژەکە مودەکی یەکجار زۆرە بۆ ئەعمالی تیجاری، بکرێتە 30 ڕۆژ، زۆر سوپاس، دوایی دەبێ لێرە عقوباتیش دابندرێت، چونکە ئەگەر عقوبەی بۆ نەبێ نابێ، ماددەی ئیزافەی عقوبەی بکەی لەگەڵی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، کاك عبدالسلام، شلێرخان، سۆزان خان، لانە خان، د.احمد، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیەی سکرتێری پەرلەمان باسی کرد، خۆم ئامادەکردبوو بیڵێم، تیکراری ناکەمەوە، مەبەست لێرە ئەیەوێ بەشێوەیەك لە شێوەکان بڵێت، ئەو ئیتیفاقە بە پێچەوانەی ئەحکامی ئەم یاسایە نەبێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوەی عەرەبیەکە، (على نحو يؤدى الى السيطرة) بڵێین( او اكثر على ان لايتناقض مع احكام هذا القانون) بە کوردیەکەی بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە نەبێ، ئەوە یەك، دوو چونکە ئەگەر بەو شێوەیە پێی بڵێین ( ان لايؤدى الى السيطرة) واتە عەکسەکەی دروستە(يؤدى الى السيطرة) موحتاجی تەقدیمی ئەوە نابن، من تەسەوڕ ئەکەم باشترین شت ئێمە ئەڵێین، ئەوانەی کە نیازی ئەم مەسەلەیان هەیە، بەلاَم ئەو نیازەیان بە مەرجێك بێت لەگەڵ ئەحکامی ئەم یاسایە موتەناقز و ناڕێك نەبێت، ئەو کاتە زمنیەتی هەریەك ئەیەوێ بۆ ئیتیفاقەکە تەڵەب تەقدیم بکات، باقی ئەوەکان لای من زۆر گرنگ نینە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتە نیزامیە؟، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆ ئەوەی ئەم ماددەیە زیاتر ڕوون بكەینەوە، تەبیعی ئێمە ئەم حقوقە واردە بۆ شەخسی مەعنەوی و تەبیعی بكات، مەسەلەی ئیندیماج جارێ تەسبیتمان كردووە، هەقێكی مەشروعە ئیتیحادات، ئیندیماج، لە بەینی دوو شەخس بكرێ، بەڵام لێرە مەشروتە، مەشروت كراوە دەڵێت مەسەلەن (على الاشخاص الذى يرغبون في تملك) ئەم حقوقانە تەواوە ئەتوانێ بیكات، بەمەرجێك بۆ هەیمەنە لەسەر بازاڕ، ئەبێ پێش ئەوە ئیختیاری مەجلسەكە بكات، چونكە هەقی مەجلس هەیە بۆ هەندێ حالات، ئێمە ئیستیسنائاتمان كردووە، بۆ هەندێ مەجال ئەتوانن ئیندیماجات بكەن، ئیتیحادات و ئیتیفاقیات و ئەو شتانە بكەن، بۆیە لێرە ماددەكە تەواوە، هیچ ئیشكالی لەسەر نیە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**شلێر خان فەرموو.**

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەنیسبەتی ئەم ماددەیە، من پشتگیری ڕەئیەكەی كاك فرست و كاك عبدالسلام ئەكەم، چونكە بەڕاستی لێرە ئێمە با دەرگایەك نەكەینەوە، چونكە كەس خۆی نایەت بڵێ من ئیحتیكار ئەكەم، كەس ناڵێ وەرن مەنعم بكەن لە ئیحتیكار، دوای ئەوە لە ماددەكەی دوای ئەوە كە ئەڵێت (وفي جميع الاحوال لا يجوز اتمام التصروفات) لە پێشەوە پێی ئەڵێی بۆ 60 ڕۆژەكە، دوای ئەوە ئەڵێی (في جميع الاحوال لا يجوز اتمام التصروفات التى تم الاخطار عنها) تۆ ئەبێ خۆت هەست بكەی، دوایی ئەو لە 35٪ی كەدامان نابوو، یەعنی لە 35٪ زیاتر نەبێ، ئیحتیكاریش هەر لە ماددەكانی تر، كە ئەڵێت (وفي جميع الاحوال لايجوز اتمام التصرفات التي تم الاخطار عنها الأ بعد صدور قرار المجلس او مضي المدة) جارێكی تر بۆ باسی مودەكە ئەكەی، مەعنای ئەوەیە لێرە با هەر بڵێین مەجلسەكە هەر ئەبێ لێرە دیراسەی مەوزوعەكە بكات، بەڵام ئەوە ئەگەر شەرح بكرێ، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بێگومان كۆمپانیاكان ئێستا ئەسهومی خۆیان ئەخەنە بازاڕەوە، زۆر جار هەیە ئەسهومەكان شەخسی ئیعتیادی ئەیكڕێتەوە، ئەچێتە بۆرسەوە، لەبەر ئەوە من پێموانیە، ئێوە بتوانن كۆنترۆڵی ئەو بابەتە بكەن، بەڵام لێرە ئەم ماددەیە مەبەستی زیاتر ئەوەیە دوو كۆمپانیای زۆر زەبەلاحی گەورە، بە قەسدی ئەوەی ئیحتیكاری بازاڕ بكەن، دێن پێكەوە ئەم ئیندیماجە ئەكەن، لەو حاڵەتە كەواتە ئەوان قەسدەكەیان ئەوەیە ئیحتیكار ئەكەن، لەسەر مەجلسەكە ئەوەیە بەپێی ئەم یاسایە لەگەڵیان بجووڵێتەوە، بۆیە من**

سەبارەت بەو مولاحەزەیەی کە بەڕێز کاك عبدالسلام کردی، ئەم یەکگرتنە ئەم ئیندیماجە (لایخالف احکام هذا القانون) ئەگەر ئەمە دانەنێین، بەڵێ، ئیختاری جەنابت دەکات، بەلاًم لەناو ماددە ئەسڵیەکەی یاسایەکە هاتووە، ئەڵێ، (وفي جميع الاحوال لايجوز اتمام التصرفات التي يتم الاخطار عنها الأ بعد صدور قرار المجلس) تۆ ناتوانی ئەو ئیتیحادەیان پێ هەڵبوەشێنیتەوە، ناتوانی ڕێگەیان لێ بگری لەوەی کە سەهەمەکانیان بفرۆشنەوە لەناو سوقی بۆرسە، تەنها کاری تۆ ئەوەیە موتابەعەی نیسبەتی ئیحتیکاری بازاڕەکەیان بکەی، لەبەر ئەوە ناتوانی هیچ تەسەڕوفێکی تریان لەگەڵدا بکەی، غەیری ئەوەی موتابەعەی نیسبەتێکمان داونەتێ بۆ ئیحتیکار، بۆیە ئەم ماددەیە ئەبێ لەسەری ڕابوەستین، چونکە نابێ هەر بەو شێوەی جەنابیشتان داواتان کردووە، ئەوەی کە لە ئەسڵیەکەش هاتووە، بەو شێوەیە تەسدیق بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لانە خان فەرمووو.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینەی کە سکرتێری پەرلەمان کردی، کە دەڵێت علی اساس دەبێ لێرە لە سیاغە عەرەبیەکەی دەبێ بنووسرێ (لایؤدی الی السیطرة او الهیمنة في السوق) تەبیعی بەڕەئی من ئەو ماددەیەی کە دەخوێنمەوە من لێی تێدەگەم، بەس لێرە من لەگەڵ ئەو ڕەئیەمە پشتگیری لە ڕەئی سکرتێری سەرۆکی پەرلەمان دەکەم، لەبەر ئەوەی زیاتر وازحتر دەبێ، یەعنی زیاتر مەفهوم تر دەبێ، لە لای خەڵك کە ئەو یاسایەی دەخوێنێتەوە، یەعنی لێرە مەبەست چیە، حاڵەتی ئیندیماج ئێمە پێشتر باسمان کرد لە ماددەکانی پێشوو تر، ئەم ئیندیماجە نیسبەشمان بۆی دانا کە گوتمان 35٪ بێ، ئەم ئیندیماجەش نیسبەکە لەسەر چ ئەساسێك و چ مەعیارێك وەردەگیرێ، وتمان حەجمی سوقەکە، بۆ نموونە یاسای عیراقی وتمان 50٪ی داناوە، لێرە کردمانە 35٪، ئەو ئیندیماجە ئەگەر وای لێ بکات، ئیحتیکار نەکات بازاڕەکە، زۆر ئیعتیادیە ئەو ئیندیماجە بکرێ، لێرە مەبەستیشی لەوەیە کە ئەو سیاغە قانونیە نووسراوە کە دەڵێت، ئەو ئیندیماجە کرا یان ئەو ئیتیفاقیاتە کرا، چ بەنیسبەتی شروت بوو، چ ئەوەی کە خاسە بە ئەسعار، یەعنی وەنەکات سەیتەرە بکات، یان ئیحتیکاری بازاڕەکەی بکات، یەعنی ئەوە کە دەخوێنیەوە مەفهومە، بەس بە ڕەئی من ئەگەر سیاغەکە بەشێوەیەکی باشتر بنووسرێ زیاتر مەفهوم تر دەبێ بۆ ئەوەی ئەگەر شارەزاییان نەبێ لەو بوارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو هاوكارانم باسیان كرد دیارە ماددەكە بەڕاستی هاتووە، بەلاَم لێرەدا ڕەنگە هەندێ ڕەكاكەتی تێدایە، كە ئەڵێت پێویستە لەسەر ئەو كەسانەی ئارەزووی بە موڵك كردنی ئسولی و یاخود مافی بە موڵك كردن یان سوود وەرگرتن یاخود پشك، یاخود پێكەوە نانی یەكێتی و لێكدان و كۆكردنەوەی یەك دوو كەسی مەعنەوی و زیاتریان هەیە، بە جۆرێك ببنە مایەی دەست بەسەرداگرتنی بازاڕ، ئایا كێ تەقدیری ئەوە دەكات كە ئەمە ئەبێتە هۆی دەست بەسەر داگرتنی بازاڕ، جگە لەوە ئەوان چۆن خۆیان ئەنجومەن ئاگادار بكەنەوە، یەعنی ئەو ئەشخاسانە ئەنجومەن ئاگادار بكەنەوە، ئایا كە خۆیان ببنە هۆی دەست بەسەرداگرتنی بازاڕ، چۆن خۆیان ئەنجومەن ئاگادار دەكەنەوە، لەبەر ئەوە ئەنجومەن ئەبێ خۆی میكانیزمێكی هەبێ بۆ ئەوەی كە بەوە بزانێت، ئیجرائات بكات، ئەگەرنا خۆی ئەمە بە تەواوی هاتووە، ئەو كەسانەی كە ئەو ئارەزووەیان هەیە پێویستە فاریزەیەك دابندرێ، دەبنە مایەی دەست بەسەرداگرتنی بازاڕ، ئەنجومەن ئاگادار بكەنەوە، لە عەرەبیەكە ئەوە نیە، بەلاَم بەڕاستی لێرە بە ڕەئی من پێویستی بە داڕشتنەوەیەك هەیە، چونكە ئەو ئەشخاسانە خۆیان پێموانیە ئەنجومەن ئاگادار بكەنەوە، كە خۆیان ئەبنە هۆی دەست بەسەرداگرتنی بازاڕ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین كەوا بەو شێوەیەی كە هاتووە بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەڕێزتان تەماشای ماددەكەی دوای خۆشی بكەن، كە ماددەی 13یە، لەو حاڵەتە باسی ئەوە ئەكات ئەڵێ ئەگەر هاتو چۆن موبەریرێكی ئەداتێ، كە ئەم ئیندیماجە (تساهم في تقدم الاقتصاد بشكل يخل بالمنافسة) یەعنی تۆ لێرە عقوبەت داناوە بۆ هەموو ئیحتیكارێ بۆ هەموو داگیر كردنێكی بازاڕ، یەعنی تەقەدومێكی ئیقتیسادیت بۆ دروست دەكات، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین وەكو خۆی بمێنێتەوە، تەنها ئەگەر بكرێ ئەم رستەیەی لێ لابەین، (فأذا مضت تلك المدة دون البت فيه عُدّ ذلك موافقة) لەبەر ئەوەی ئەو دێرەی كە پاشی خۆی هاتووە شەرحی كردووە، بۆیە پێویست بەو دێرەی پێشتر ناكات، ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەو دێرە حەزف بكرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ئاراس نوقتەی نیزامیت هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەندامانی بەڕێز، دانیشتنی پێشوو ئاماژەمان بەوەداكە چوار جۆر بازاڕمان هەیە، ناچمە سەر جۆرەكان، بەپێی ئەم مادده یاساییە ئێمە كە لە یەك مونتج زیاتر یان لە یەك شەریكە زیاتر بوون بە دووان، ئەو كاتە ئەچینە ئەو بازاڕەی كە پێی ئەڵێن ئیحتیكاری قیلە، یەكێك لە خەسڵەتەكانی ئیحتیكاری قیلە ئەو سەیتەرەیە كە لە بازاڕ ئەیكات، ئەو ئیحتیكارەیە كە بەسەر بازاڕ ئەیكات، لەبەر ئەوە لە ڕووی نەزەریەوەو لە ڕووی یاساییشەوە وارده ئەو سەیتەرەیە، بەس گرنگ ئەوەیە مەجلس ئاگای لێی بێ، ئەو سەیتەرەیە تاچەند لە بەرژەوەندی خەڵكە؟، لەبەر ئەوە دەمجی دوو شەریكەكەو بۆ سەیتەرە ئەچینە ناو یەكێك لەچوار بازاڕەكە كە پێیی ئەڵێن بازاڕی ئیحتیكاری قیلە، ئەو سەیتەرەیە وارده، بەلاّم مەجلس ئاگای لێی بێ، ئەو سەیتەرەیە تا چەند لە بەرژەوەندی خەڵكە؟، سوپاس، لەبەر ئەوە من ماددەكە بە باشی ئەزانم وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی وپیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، بەس ئەو دوو پێشنیارەمان هەبوو، حەزدەكەم ئیزافە بكرێت، كە دەڵێن پاش (اندماج او الجمع بین ادارة شخصین معنوین او اكثر او الاتفاقات الخاصة بالاسعار وشروط البیع وكمیات الانتاج والتجهیز) ئەوە ئیزافە بكرێ، چونكە ئەوە ئیتیفاقاتی جوزئی دەكرێت، دەبێ ئاگاداربین لێرانە، مودەش 60 ڕۆژ بۆ عەمەلیاتی تیجاری زۆرە، 30 ڕۆژ كیفایەتێتی، چونكە عەمەلیات بۆ یەك ساڵ دەبێ، دوایی ماددەی عقوبەشی بۆ دابندرێ لە ئیزافی، زۆر باش دەبێ، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر دوو تێبینی هەبوو، یەكیان لەسەر موودەكەی، یەكێكیشیان دوو دێڕ زیاد بكرێ، فەرموو.**

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێستا ئەو سیاغەیەی دوای تەعدیلەكە ئەخوێنینەوە،**

**المادة الرابعة عشرة:**

**على الاشخاص الذين يرغبون في تملك اصول او حقوق ملكية او الانتفاع أو شراء اسهم او اقامة إتحاد او اندماج او الجمع بين ادارة شخصين معنويين او اكثر او الاتفاقات الخاصة بالاسعار وشروط البيع وكميات الانتاج والتجهيز على نحو يؤدي الى السيطرة او الهيمنة في السوق، اخطار المجلس الذي يتولى فحص الاخطار واصدار قرار بشأنه خلال مدة لاتتجاوز ثلاثون يوماً من تأريخ وصول الاخطار اليها فأذا مضت تلك المدة**

دون البت فيه عُدّ ذلك موافقة. وفي جميع الاحوال لايجوز اتمام التصرفات التي تم الاخطار عنها الأ بعد صدور قرار المجلس او مضي المدة المشار اليها دون البت في الطلب.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵام جەنابی وەزیر وتی ئەو 60 ڕۆژ بكرێتە 30 ڕۆژ، نوقتەی نیزامی كاك عبدالسلام؟.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستی ئیلحاح ناخۆشە، بەس ئێمە لە ماددەی هەشت وتوومانە (اي اندماج بين شريكتين او اكثر او اي ممارسة تجارية مقيد اذا كان....) هەموومان وتووە، ئەم یاسایە هەمووی ئەڵێت نابێ شتێك بكرێ كە بازاڕ قۆرخ بكات، ئەم ماددەیە من تێناگەم یان وازح نیە، یان ماندوو بووینە، ئەم ماددەیە ئەڵێت لە ئەساسەوە ئەوانەی ڕەت كراون، ئەم جەماعەتە ئیمتیازیان هەیە، نەشاتێكی تیجاری بكەن، كە پێچەوانەی ئەم یاسایە بێ لە ئەساسەوە باس ئەكات، وائەڵێت ئەگەر ئەیانەوێ وابكەن و وا بكەن بە مەرجێك ببێتە قۆرخ كردنی بازاڕ، ئەڵێت ئەگەر ئەوەیان هەبێ ئەو نیازە، كە ئەو نیازە ئەم قانونە هاتووە بۆ ئەوەی ئەو نیازە نەبێ، دەبێ وا بكەن و وابكەن، من تێناگەم، تێمبگەیەنن، ئەڵێت، نا بامن شەرحی بكەم من چۆن تێگەیشتوومە، ئەزیزی من ئێوە لێرە وتووتانە ئەگەر ئەو ئیندیماجە بوو بە مەرجێك بۆ بەدەست ڕاگرتنی یاسا، یەعنی ئیندیماجەكەت تەعریف كردووە، وتووتە ئەم ئیندیماجە بەپێی ئەم یاسایە مەرفوزە، وتووتە (بشكل يؤدى الى) ئینجا ڕێگای ئەدەمێ، بەڵام من وەكو جیهەتێكی گەندەڵ خۆم ئەخەوێنم وەڵامی نادەمەوە بۆ ئەم فەترەیە، تاكو ئەم ئیندیماجەی كە بە عەكسی یاسایە، بە یاسا من تەعتیلی یاسای خۆم ئەكەم، من واتێدەگەم هیچ تەفسیری تر نازانم، تەفسیری تریش هەیە كوردی تۆزێك ئەزانم، عەرەبیش باش ئەزانم، رەجاتان لێ دەكەم ئەوانەی موئەیەدن بۆمان شەرحی بكەن، ئەو مەسەلەی (بشكل يؤدى الى) ئیتیفاقێكە پێچەوانەی ئەو یاسایەیە، ڕێگای بۆ دائەنێین تاوەكو بە پێچەوانەی ئەم یاسایە ئیجازە وەربگرێت، ئەم ماددەیە وائەڵێت، وەڵلا هیچ مانای تری نیە، بۆیە تەسەوڕ دەكەم زیاتر دەبێ بۆمان شەرحی بكەن نیازەكە، ئەگینا من ئەڵێم ئەمە موتەناقزە لەگەڵ ڕۆحی یاسا و نابێ، ئیقتیراحەكەش دەبێ جارێكی تر جەخت لەسەر ئەوە بكەین ئەو هەموو ئیندیماجەو نیازە دەبێ بە پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە نەبێ، ئەگینا ئێمە بە ئەنقەست ئەڵێین ئەمە ڕێگایەكە بۆ ئەو كرپارەی بە پێچەوانەی ئەم یاسایەش ڕێگای بۆ دائەنێین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیار لێرە ئەوەیە ئەم دوو کەسە یان سێ کەسە بۆ دێن تەڵەبێك تەقدیمی لیژنە دەکەن، ئەو لیژنەیەی یان ئەو ئەنجومەنەی کە هەیە ئەو تەڵەبە تەقدیم دەکەن، تەڵەب تەقدیم دەکەن چونکە عیلەتەکە لەوەدایە، ئەڵێت (علی نحو یؤدی الی السیطرة او الهیمنة) عیلەتەکە لەوێ دایە چونکە ئەوان دەزانن ئەم ئیندیماجە هەیمەنە دروست دەکات، لەبەر ئەوە دێن بە لیژنە دەڵێن ئێمە بەنیازین ئیندماجێك دروست دەکەین، ئەو ئیندیماجە بە ڕەئی ئێمە هەیمەنەیەك دروست دەکەین، باشە یان نا؟، بکەین یان نا؟، بە چ مەرجێك؟، چۆن بکەین؟، ئەگەر هەیمەنە نەبێ هەر ئەسڵەن پێویست ناکات تەڵەب تەقدیم بکەن، لەبەر ئەوە دەقەکە زۆر قانونیە، زۆر یاساییەو زۆر مەنتقیە، قەت تەعاروز لەگەڵ هی پێشی خۆی ناکات، ئەو دەقە پێویستە هەبێ، ئەگەر نەبێ.. بۆ؟، چونکە پێش ئێستاش خوشکە ئەڤین ئاماژەی پێیدا، لە ماددەی 13 ئەڵێت (حالات الاندماج والتملك الذی یری المجلس انها تساهم في التقدم الاقتصادي) هەموو ئیندیماجێك سلبی نیە، ئیندیماج هەیە ئیجابیە، لەبەر ئەوە ئەم تەقدیرە بۆ ئەو ئەنجومەنە دەمێنێت، ئەنجومەنەکە زۆر بە مەسلەحەتی یەعنی بازاڕ و مەسلەحەتی موستەهیك بەرچاو دەگرێت، پاشان بڕیار دەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری ناوەڕۆك و نەسی ئەم ماددەیە دەکەی، دوای ئەم ڕوونکردنەوەی برای بەڕێز د.ئاراس، دەرکەوت کە کاك حاجی خورشیدیش ئاماژەی پێیدا، دوو جۆر سەیتەرەو هەیمەنە هەیە، یەکێکیان ئەگەر مەشروت بێ و ئەنجومەن ئاگای لێ بێ، پێی دەگوترێ سەیتەرەو هەیمەنەی ئیجابی و نەشاتی ئیقتیسادی پەرەی پێ دەدات، ئەم نەسە بۆ ئەم حاڵەتە هاتووە، واتە ئیستیسنایەك هەیە لە مەسەلەی سەیتەرەو هەیمەنە، بەتایبەتی ئەگەر ئەم سەیتەرەو هەیمەنەیە دەرئەنجامی یەکگرتن و ئیندیماجی هەندێ لایەن بێ، یان جەمع بێ، واتە بە کورتی و بە پوختی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە نەشاتی ئیقتیسادیدا لە مەسەلەی یەکگرتنی کۆمەڵێك کۆمپانیادا، جگە لە سەیتەرەی سلبی و هەیمەنەی سلبی کە قانونەکە مەنعی دەکات و قەدەغەی دەکات، جۆرێك لە سەیتەرەو هەیمەنەی ئیجابی هەیە، کە مەشروتە، بەلاّم پێویستە ئەنجومەن ئاگای لێی بێ، ڕەزامەندی لەسەر نیشان بدات، جا کاتیە، بۆ مەجالێکە، بەلاّم بە ئاگاداری ئەوان دەبێ، فیعلەن ئەگەر سەیتەرەو هەیمەنە دروست نەکات، بۆچی بە مەجلیس نەوترێ، لە ئەساسدا جۆرێك لە یەکگرتن و ئیندیماج کە سەیتەرە دروست نەکات قانونەکە ئیجازەی پێی داوە، بۆیە باش هاتووەو ناوەڕۆکەکەی وازحە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک برهان فەرمووو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك كاك عبدالسلام قسەیەكی زۆر جوانی كرد، كە ماددەكە ئەگەر بەوازحی ئیشارەتی پێ بدرێ موخالفی ئەحكامی ئەو قانونە نەبێ، تۆ ناكرێ لە هەندێ شوێن ڕێ بدەی و لە هەندێ شوێن ڕێ نەدەی، دووەم شت ئەم ماددەیە لە ڕووی میسالیەوە شتێكی زۆر جوانە، بەلاَم لە ڕووی واقعیەوە زۆر موعەقەدەو پێویستی بە تەدقیقی زیاتر هەیە، ئەگەر مەبەستی ئەم ماددەیە ئیقامەی ئیتیحادات و ئیندیماجات خەبیری ئیقتیسادیمان هەیە، كاك ئاراس لێرەیە، ئەگەر مەبەستی لە (كارتیەڵ و تروستە) كە لە عیلمی ئیقتیساد هەیە، ئیندیماجات (كارتیەڵ و تروست) ی مەبەستە، بەسەراحەت بینووسێ (كارتیەڵ و تروست) ی مەبەستە، بەڕاستی من هەست دەكەم ئیقامەی ئیتیحادات و ئیندیماجات ئەوەی مەبەستە، ئەمە لە ئەوروپاش بە شێوەیەكی كوڵی سەیتەرەی نەكراوە بەسەردا، خۆ شەرت نیە هەموو (كارتیەڵ و تروست) و ئیندیماجاتێك و ئیقامەی ئیتیحادات بۆ سەیتەرە بەسەر بازاڕ بەشێوەیەكی قانونی بكرێ، زۆرجار بەشێوەیەكی نهێنی ئەكرێ، بۆ سەیتەرە لەسەر ئینتاج، بۆ سەیتەرە لەسەر سیعر، ئەمە هەیە لە هەموو دونیا، ئەمە شتێكیشە لە بیستەكانی قرنی ڕابردوو ئێمە خوێندوومانە لە ئەوروپا هەیە، زۆر بە بەربلاَوی، لەبەر ئەوە ئەگەر باسی تەمەلوك ئەكەی تۆ ئەتەوێ ڕێگری لە تەمەلوكی هەندێ شەریكات بكەی، باسی ئەشخاسیشی كردووە، یەعنی هەندێ شت، بەیانی ئەگەر عەمەلیەكی كەم تابعی ئێمەی هەبێ، ڕێگری هەیە لەسەر ئەوەی من بەیانی تەمەلوكی شت بكەم، شت بكەم بە ناوی خۆمەوە، بەلاَم ئایا ئەمە پێچەوانەی قانونەكانی تەسجیلی عەقاری و قانونی مروری و ئەمانە ناگرێتەوە؟، ئایا ئەمە پرس بە مودیر عامی تاپۆ و مودیر عامی شەریكات كراوە؟، وەختێ ئەم ماددەیە ئەوها دانراوە، ئایا ئەم ماددەیە پێویستی بە تەدقیقی زیاتر نیە، بۆیە من پێم باشە ئەم ماددەیە تەدقیقێكی زیاتری تیا بكرێ، لەگەڵ مودیر عامی تاپۆ و مودیر عامی شەریكات قسە بكرێ، بۆ نموونە تۆ ڕێگری ئەكەی لە من، من ئەسهوم بكڕم بەپێی ئەم ماددەیە هی شەریكەیە، هی شەریكاتێكی تر، ئەی قانونی شەریكاتی قەدیم ڕێگەی بەمن دابێ، تۆ چی قانونێكی ڕێگری لە من ئەكەی؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری پیشەسازی و بازرگانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان باشە هەروەکو پێشنیارمان کرد بەو شکلە بکرێ، لە ئەخیریش لەبەر مەوزوعی عقوبات دەتوانین ئیزافەی بکەن بەو شێوەیە (يعاقب المخالف في هذة المادة بالعقوبات المقررة في المادة 12 من هذا القانون) کە شمولیان بکات لەوێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە قەناعەتی من هاتنی ئەم ماددەیە دوو لایەنی هەیە، ئەگەر مەبەستی ئەوەبی ڕێگرتن بێ لە ئیحتیکار، ئیحتیمالی هەیە، ئیحتیمالیشی هەیە تەمریری ئەوە بکات کە شەرعیەتێك بداتە ئیحتیکار بە ماوەیەکی کورت، ئەو ئیحتیمالەش هەیە، بەس بە قەناعەتی من مەبەست لە یاساکە ئەوەیە ڕێگرتنە لە ئیحتیکار، بە ئیزافە کردنی عیبارەیەکی گچکە، ئەوەلی دەڵێین هەتا وەکو (ادارة شخصين معنوين او اكثر على ان لايتعارض هذا الاندماج واحكام هذا القانون ...... ويؤدي الى السيطرة او الهيمنة على السوق) سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاسیتدا ئەو جۆرە بازاڕەی کە باسمان کرد ئیحتیکاری قیلە، پێشی ئەڵێن قۆرخ کردنی کەمینە، لەسەر ئاستی جیهانیش پێی ئەڵێن (ئۆلۆگۆپەلی) ئەو کارتێل نیە، بەڵکو ئەگەر هاتو سنووری بڕی، نەشاتی فراوان بوو زیاتر نزیك ئەبێتەوە لە ترێسات، بەس ئێمە با نەچینە ناو ئەو مەوزوعانەوە، باشترین نموونە بۆ ئەوە هەردوو کۆمپانیای ئاسیا و کۆڕەکە، کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەو دوو کۆمپانیایە، تاڕادەیەك بازاڕی کوردستانی داپۆشیوە، شەریکەیەکی تر بە زەحمەت ئەتوانێ بێتە ناوەوە، ئەگەر بەژێریش ئیتیفاقێکی (جێنتل مان) هەیە لەگەڵ یەکتری، بۆ چۆنیەتی دابەش کردنی بازاڕ، بۆ چۆنیەتی دەستنیشان کردنی نرخ بەپێی کات، ئەو بۆچوونانەی ئەو دوانە ئەو ئیتیفاقە (جێنتل مان)ی ژێرە ژێرەش بە ئاگاداری حکومەتە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کێشەکەمان لەعینوانی پرۆژەیە، (قانون المنافسە ومنع الاحتکار) ئەو مەنعی ئیحتیکارە ئێمە وا تێگەیشتینە کە نابێ بە هیچ شێوەیەك ئیحتیکار بکرێ، ئەمە شتێکی نەزەریە شتی تەتبیقی شتێکی ترە، من ناڕۆمە تەفاسیل، د.ئاراس زۆر قسەی لەسەر کرد، مەبەستمان لێرە نیە(المنافسە التامە) مەرج و شروتی خۆی هەیە، یەك: کە سیلعە موتەجانس بێ، حوریە دخول وخروج، توفر البیانات والمعلومات البائع والمنتج، ئەمانە شتێکە لەسەر ئەرزی واقع جێبەجێ تەقریبەن نابێ، ئیحتیکاریش با ئێمە تێنەگەین کە بەهیچ شێوەیەك نابێ، ئیحتیکار هەیە ئیحتیکاری قانونیە، قانون ڕێگە ئەدات ئیحتیکار بکرێ لە مەجالێك، بۆ نموونە مەجالێك هەیە رەئس مالی زۆر دەوێت، یان موخاتەرەی پێیە، هەموو کەسێك ناتوانێ خۆی فرێداتە ناو ئەو بازاڕە، بۆیە کابرایەك دێت یان مەجموعەیەك دێت خۆیان فڕێ ئەدەن، دووەم: ئیحتیکاری قانونی هەیە(لیسانس) یەعنی (براءة اختراع) ئەدات، کابرایەك ئیختیراع دەکات، کابرایەکی تر دێت یان شەریکەیەکی تر، ئەو بەرائەتە دەکرێت هەتاوەکو ماوەیەك خۆی جێبەجێی دەکات، لێرە ئاسان، مەوزوعەکە زۆر جوان هاتووە، لەگەڵ ئەوە.....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دوا سیاغەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کردوومانە بە دوو بڕگە. ئەم ماددەیەمان کردووە بە دوو بڕگە.

المادة الرابعة عشرة:

اولاً: على الاشخاص الذين يرغبون في تملك اصول او حقوق الملكية او الانتفاع أو شراء اسهم او اقامة إتحاد او اندماج او الجمع بين ادارة شخصين معنويين او اكثر او الاتفاقات الخاصة بالاسعار وشروط البيع وكميات الانتاج والتجهيز على نحو يؤدي الى السيطرة او الهيمنة في السوق، اخطار المجلس الذي يتولى فحص الاخطار واصدار قرار بشأنه خلال مدة لاتتجاوز ثلاثين يوماً من تأريخ وصول الاخطار اليها فأذا مضت تلك المدة دون البت فيه عَدّ ذلك موافقة. وفي جميع الاحوال لايجوز اتمام التصرفات التي تم الاخطار عنها الاّ بعد صدور قرار المجلس او مضي المدة المشار اليها دون البت في الطلب.

ثانياً: في حالة عدم الالتزام بالفقرة اولاً من هذه المادة تسري عليه احكام المادة (12) من هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 6 کەس لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی ژمارە 12 لە ئەسڵی پڕۆژەکە کە ئێستا ئەبێتە 15.**

**لا تسرى أحكام المادة (الحادية عشرة) على حالات الاندماج والتملك التي يرى المجلس انها تساهم في التقدم الاقتصادي بشكل يعرض الاخلال بالمنافسة.**

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**حوکمەکانی ماددەی 12 دەبێتە ماددەی 15.**

**بارەکانی لێکدان و بە موڵك کردن ناگرنەوە، کە ئەنجومەن ببینێ ئەمە بەشداری لە پێشکەوتنی ئابووری دەکات، بەشێوەیەك زیان بە کێبرکێکە بگەیەنێ.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی فەرموون.**

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە پشتیگری دەقەکە ئەکەین وەکو خۆی هاتووە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی بەکاربەر فەرموون.**

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام ماددەی (حادی عشرة) نیە، ئێستا بوویتە(ثانی عشرة).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی فەرموون.**

**بەڕێز لانە احمد چلبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پشتگیری لە ماددەکە دەکەین کە وەکو خۆی هاتووە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئید دەکەین کە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، کاک سەرهەنگ، د.ڕۆژان، کاک برهان، کاک جمال، کاک عمر عبدالرحمن، کاک جلال، کاک نەژاد، فەرموو کاک سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەسەور ئەکەم ئێمە چەند ڕۆژە موناقەشەی ئەم قانونە ئەکەین، بەس ئەم ماددەیە ئەگەر تەسبیت ببێ وەکو خۆی هەرچی موناقەشە هەیە هەمووی ئەکوژێنێتەوە، ئیلغای ئەکاتەوە، ئێمە چەند ڕۆژە موناقەشەی قانونی مەنعی ئیحتیکار ئەکەین، ئەمە ئیستیسنایە لەناو قانونەکە، جا کە ئیستیسنائات هەبێ لەناو قانونەکە، ئەو قانونە بۆ دەربچێ هەر ئەسڵەن، من پێشنیاز دەکەم ئەم ماددەیە هەر لاببرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێشوو دەنگمان بۆی دا کە بووە دوو بڕگە، بڕگەی دوو، باس لەوە دەکات کە حوکمەکانی ماددەی 12 لەسەر ئەو حاڵەتانە جێبەجێ دەکرێت، باس لە ئیندیماج بوو، ئێستاش هەمان مادده باس لە ئیندیماج دەکات، بەڵام دەڵێین (لاتسری احکام المادە) لەولاوە (تسری)یەکە بەشێوەیەکی موتلەق بوو، کە ماددەی 12 باس لە عقوبات دەکات، عقوقەکە سزایە بۆ چەند حاڵەتێکی تاوانمان داناوە، دوو حاڵەتە، حوکمی ماددەی پێشووش بڕگەی 2، دیسان وامان دەنگ بۆ داوە کەوا ماددەی 12 لەسەری جێبەجێ دەکرێ بەبێ هیچ ئیستیسنائات، ئێستا ئەو ماددەیە ئیستیسنائە لەسەر بڕگەی 2ی ماددەی پێشوو کە دەنگمان بۆی داوە، لەوێ دەڵێت (تسری احکام المادە 12 علی حالات الاندماج) کە دەنگمان بۆیدا، ئێستاش دەڵێین (لاتسری احکام المادة 12) لەسەر جۆرە ئیندیماجێك، یەعنی ئیستیسنا لەسەر ئەو عقوبەی کە دامان ناوە، بۆیە پێویستە لیژنەی هاوبەش چارەسەری ئەو کێشەیە بکات،(تسری)یەکە بەشێوەیەکی موتلەق هاتووە، (لاتسری)یەکە تەقیدی بۆ دادەنێین، ئەوەش خەلەلێك دروست دەکات لە هەردوو ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی قسەکانی د.ڕۆژان دەکەم، سوپاسی دەکەم بۆ ڕوونکردنەوەکەی، دووەم خاڵ، دەربارەی ئەمە، ئەمە ئیستیسنایە لە ئەسڵی قانونەکە، واتە قانونەکە کە هەڵتوەشاندەوەو باتڵت کرد، تەعتیلی زۆر حوکمی ماددەکانی ترت کرد، لەبەر ئەوەی ئەمە ئیستیسنایە، ئیستیسنائیش بەبێ قانونی (الاستثناء لایجوز التوسع فیها) نابێت بەرفراوان بکەی، لەبەر ئەوە هەر ماددەکە پێویستە ئیلغا بکرێتەوە، ئەگەر ئیلغاش ناکرێتەوە، پێویستە حەسری بکەی ئەو حاڵەتانە چی ئەبێتە هۆی تەقەدومی ئیقتیسادی، ئەی نابێ بۆم دیاری بکەی مەعیاری هەبێ، بەیانی من موەزەفێکی ئەم دائیرەیەم، بەرپرسێکی ئەو دائیرەیەم، هاتە بەردەستم، ئەوەم خۆش ئەوێ، ئەو لە حیزبەکەی منە، لەگەڵ حورمەتم تەعلیق لەکەس نادەم، دەموچاوی ئەوم ئەوێ، ئەو هاوڕێمە، ئەو پیاوەتی هەیە بەسەرما، بۆ ئەمی ئیمزا ئەکەم و بۆ ئەوی ئیمزا ناکەم، لێرە ئەبێ معیار دابندرێ بۆ ئەوەی بزانین ئەمە چیە ئەم حاڵەتانەی ئەبێتە هۆی تەقەدومی ئیقتیسادی، ئەگەر هاتو ختوتی ڤیتارم بۆ لێبداو خەتێکی ڤیتارم بۆ دەمج ئەکات، میترۆی ئەرزم بۆ لێ ئەدات و لە بەینی شارەکان بۆم دەمج ئەکات، ڕاستە ئەوە حەقی خۆیەتی، مەشاریعی ستراتیژی گەورەیە، ئەگەر ئەوە نیە، بەڕاستی ئەم ماددەیە بە موتلەقی بەم شێوەیە هاتبێت و ئیستیسنابێ، ئیستیسناکە ناکرێ خۆی بەرفراوان بکرێ، نابێ تەوەسوعی تیابێ لە ڕووی قانونیەوە، تۆ تەوەسوعی پێ بکەیت و هیچ مەعیارێکی بۆ دانەنێیت و عەناسیرەکانی تەقەدوم دیاری نەکەیت لە ماددەکە، بەڕاستی ئەمە تەعتیلی زۆر حوکمی ماددەکانی تری یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرمو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە ئەم ماددەیە کە باسی لەسەر کراوە، ئەڵێت (لاتسری) وەکو برام کاك سەرهەنگ باسی لەسەر کرد، ئەم ماددەیە بە موتلەق ئەبێ (لاتسری احکام المادة 11) ماددەی 11 ماددەیەکی عیقابیە، موشەریع ماددەکە کە بۆتە 12 عیقابیە، لەسەر چی ئەم عیقابەی داناوە لە دوو حاڵەت، کە ئەڵێت لەکاتێك موافاتی مەجلیس بکات، بە ئەوراق و بەیانات و موستەنەداتی غەیری سەحیح، وە روغمە عیلمیشی هەبێ، یەعنی موستەنەداتی غەیرە سەحیحە با عیلمیشی هەبێ کە ئەو موستەنەداتانەی ئەو داویەتی غەیرە سەحیحە، ئەگەر هاتو عەودیشی کرد، ئەمە خۆی لە خۆیدا بە گوێرەی یاساو بە گوێرەی قانونی عقوبات ئەبێتە زەرفی موشەدەد، چونکە عیلمیشی هەیەو عەودیشی کردووە، لەبەر ئەوە لێرە (لاتسری) بەس بە هەدەفی ئەوەی کەوا ببێتە سەبەبی تەقەدوم، ئەمە روح و جەوهەری ئەم یاسایە ئەسڕێتەوە، لەسەر ئەو کۆمپانیایانەی کە ئەیانەوێ ئینڤیماج بکەن و موخالەفەیان هەیە، ئەمە موخالەفەی ئەم کۆمپانیایە ئەشارێتەوە بە (لاتسری) کە، لەبەر ئەوەی کە ئەڵێت، چونکە بۆتە هۆی موساهەمە کردن لە پێشکەوتن،

لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە و ئەم ماددەیە، ئەگەر لێرە بمێنێ، جەوهەرو ڕوحی ماددە عیقابیەکان ئەکوژێ، نرخی نامێنێ، بۆیە ئەم ماددەیە ئیزافیەو پێویستە لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە سێ کەس داوا دەکات ئەم ماددەیە لەغو بکرێ، بۆ ئەوەی زیاتر موناقەشەی لەسەربکەین، ئەگەر لەغو کرا نایکەین، ئەگەر لەغو نەکرا ئەوە باقیەکەی با قسە بکەن، کێ لەگەڵدایە ئەم ماددەیە لەغو بکرێ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدایە بمێنێتەوە ئەم ماددەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بە زۆرینەی دەنگ لەغو کرایەوە، تکایە بڕۆنە سەر ماددەیەکی تر.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة عشرة من اصل المشروع سيصبح المادة الخامسة عشرة:

يحظر افشاء المعلومات والبيانات المتعلقة بالحالات الخاصة بتطبيق أحكام هذا القانون أو استخدامها لغير الاغراض التي قدمت من أجلها.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پازدەهەم:

کە تەسەلسولەکەی ئەبێتە 15.

ئاشکرا کردنی زانیاری و بەیاننامەکانی کە پەیوەندیدارن بە باری تایبەت بە پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە یان بەکارهێنانی بۆ غەیری ئەو مەبەستانەی کە لە پێناویدا پێشکەش کراوە قەدەغەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری دەقەکە ئەکەین وەکو خۆی هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی بەکاربەر.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری ماددەکە دەکەین وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەكە دەكەین وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟، چوار كەس تێبینیان هەیە، ئەم بەڕێزانە، كاك خورشید، شلێرخان، سۆزان خان، كاك برهان، فەرموو كاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیار كردنی نهێنیەكانی كۆمپانیا، ئیحتیماله زەرەرێكی زۆر بە كۆمپانیا بكەوێت، لێرە هەر هاتووە بە (یحضر) باشە ئەگەر كرا عقوبەكەی چیە؟، ئیحتیماله سرێك یان نهێنیەكی شەریكەیەك لەوانەیە زەرەری مەلاین دۆلاری پێ بكەوێت، ئەگەر هاتو فەرمانبەرێك ئەو سڕە و ئەو نهێنیەی ئاشكرا كرد، لێرە دەبێ ئێمە ئاماژە بە عقوبەكە بدەین، عقوبەكە چیە؟، چ عقوبەكی بۆ هەیە؟، ڕاستە (یمنع) بەس عقوبەكە چیە؟، من پرسیاری ئەوەدەكەم لە لیژنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەكانی كاك خورشید دەكەم، بەنیسبەت فەرمانبەرانی ئەو مەجلیسەیە كە ئیفشای مەعلومات ئەكەن، تەبعەن قانونی ئینزیباتی موەزەفی دەولە عقوبەی تیایە بۆ ئەو كەسانە، چونكە ئەمە هەمووی ئەبێ بە تەشهیر، تكا ئەكەم ئەمە وەكو ئەڵێن ڕوون كردنەوەی باشیشمان بدەنێ، عقوبەكەش دیاری بكەن، با نەبێ بە تەقریرەكانی چاودێری دارایی، كە بەڕاستی تەشهیرێكی زۆر و بەدەست هەموو كەسێكە لەناو بازاڕ، كە لە ئەخیریش دەرئەكەوت زۆری وانیە، خەڵكێكی زۆریش ئازاریان پێ ئەگەیەندرا، ئێستا ئەمە كۆمپانیای گەورەن، بۆ ئەوەی مەعلوماتەكە بەڕاستی دەست هەموو كەسێ نەكەوێ، ئەوە لە هەموو قانونێكیش ئێمە ئەینووسین، بەڵام وانیە، سەیرەكەی ڕۆژی دووەم تەحقیق تەواو نەبووە لەبەردەستی سەحافەو هەموو كەسێكدایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی ئیفشای مەعلومات ئەمە زەرەر ئەدات بێجگە لەوەی زەرەر ئەدات لەو كۆمپانیایانە، زەرەر ئەدات لە ئیقتیسادیش، بۆیە وەكو (یحضر) نووسراوە، ئێمە نابێ ئیعتیماد بكەینە سەر قانونی ئینزباتی موەزەفی دەولە، چونكە ئەمە حاڵەتێكی زۆر جیاوازە، وەكو چۆن لێرە (یحضر)ی نووسیوە، دەبێ ئەوەلەن (یحضر) بێ، ثانیاً عقوبەكەی بۆ دیاری بكرێ، چونكە ئەگەر عقوبەكە دیاری نەكرێ، ئەوە ئەچێتە بابی مەحكەمەی ئیداریەوە، هەتاوەكو ئیسبات دەكرێ زەرەرێكی بە مەلاین و ملیارەها دۆلار بەر ئەو كۆمپانیایانە ئەكەوێ، لەدوای حكومەت مەجبورە تەعویزیان بداتەوە، لەسەر هەڵەی فەرمانبەرێك، بۆیە دەبێ ئێمە زۆر بە وردی وەكو ئینزارەكەمان داناوە لەخاڵی دووەم عقوبەكە دیاری بكرێ، ئەتواندرێ عقوبەكە ئیستیفادە بكرێ لەو نسوسانەی كە هاتووە لەناو ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی پاراستنی ئەسراری شەخسی خەڵك، یان عەمەلەكەی یان كاروباری، یان شەریكەكەی لە قانونی زۆربەی وڵاتانی دونیا، لەكۆتایی سەدەی بیست بە شێوەیەكی تەفسیلی حەل كراوە، هەندێجار خوتەی شەریكەیە یان تەسمیمی تازەیە، یان هەندێ مەعلومات هەیە، ئەگەر بەهۆی ئەوەی كە ناردوویەتی بۆ ئەو دائیرەیە، لەوێوە كەشف بێ، زیانێكی زۆر بەو شەریكەیە یان بەو ئەشخاسانە ئەگات، لەبەر ئەوە مەنع كردنی ئەم ئیفشایە شتێكی پێویستە لە یاسایەكە هەبێ، بەڵام دوو خاڵ هەیە لێرە، یەكەمیان كە باسی حاڵاتی خاسە ئەكات، پێویستە ئەو حاڵەتە خاسانە ڕوون بكرێتەوە، مەبەستی لە چی و چیە؟، دووەم شتیش، كەباسی عقوبە ئەكرێ لێرە عقوبە، عقوبەی ئیفشای ئەسرار لە قانونی عقوباتی عیراقی 111 یساڵی 1969 پێویستە بوترێ(حسب قانون العقوبات العراقی 111 لسنە 1969) سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون، نوقتەی نیزامیە كاك عبدالسلام؟، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەسەند کردنی ئەم ماددەیە بە پێچەوانەی مافی گەیشتن بە مەعلوماتە ئەم بەڕێزانەی قسەیان کرد، ڕاست دەکەن لە 100٪، بەلأم باسی ئەم ماددەیەیان نەئەکرد، ئەم ماددەیە باسی ئەوە ناکات کاك خورشید، زانیاری و بەیانات دەربارەی شەریکات، ئەڵێت لە کاتی پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، نابێت نە بەیاننامە دەربچێت، نابێ زانیاری بلأو بکرێتەوە، باش تەماشای ماددەکە بکەن، ئەم ماددەیە وائەڵێت خوشکم، بیخوێننەوە، ئەڵێت نابێت لەکاتی پیادەکردنی ئەم یاسایە هیچ زانیاری و بەیاننامە دەربکرێ....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لە شوێنی خۆتان قسە مەکەن، خۆی قسە دەکات.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڵێت ئاشکرا کردنی زانیاری بەیاننامەکانی کە پەیوەندیدارن بە باری تایبەت بە پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ناڵێت کە پەیوەندیدارن بە شەریکەکان و زانیاری دەربارەی شەریکە، کەیفی خۆتانە بۆ من شەرحی بکەن، ئەڵێت لەکاتی پیادەکردنی ئەم یاسایە بەهیچ شێوەیەك نابێ زانیاری بدرێتە کەس، نابێ بەیاننامەش دەربچێت، تاوەکو خەڵکەکە تەسەور بکات ئەم یاسایە جێبەجێ ئەکرێ، ڕەجاتان لێ ئەکەم نە عبدالسلام وتوویەتی، بیخوێننەوە جارێکی تر، بزانن پێچەوانەی مافی گەیشتن بە مەعلوماتە یان نا؟، سوپاستان دەکەم، ئەگەر بتانەوێ بەو مەبەستەی ئەو خوشك وبرایانە دیفاعیان لێی کرد، بڵێین لەکاتی پیادەکردنی ئەم یاسایە نابێ ببێتە هۆی دەرکردنی یان ئاشکرا کردنی زانیاری تایبەت بەو لایەنانە یان ئەو شەریکاتانە، چونکە حەقیانە و مافیانە بە مەلاین خەسارەت دەدەن، بەلأم ئەم ماددەیە نادەستووریە، بۆیە من ویستم ئەوە بڵێم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وابزانم لە دانیشتنی پێشوو تر جەنابی وەزیر پێشنیاری کرد ئەم ماددەیە لەگەڵ ماددەی پێشووتر دەمج بکرێ، خرایە دەنگدانەوەو دەنگیشی لەسەر درا، ئەگەر هەڵە نەبم، حەز دەکەم لیژنەی موختەس ئەوە ڕوون بکەنەوە، چونکە پێشنیاری کرد ئەو ماددەیەو ماددەیەکی تر، وەکو زۆر موناقەشەش کرا، وەکو کاك عبدالسلام باسی کرد ئەوە چۆن دەکرێ پەیوەندی بە ماددەی پێشوو تر نیە، کاك د.حسن باسی کرد کە ئەوە خرایە دەنگدانەوە، لەگەڵ ماددەیەکی تر دەمج کرا، بۆیە پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە تەئکید لەسەر ئەوە بکەینەوە، نەوەك جارێکی تر بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان بفەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە هیچ پێچەوانەی بەدەست هێنانی زانیاری نیە، ئەگەر چی هێشتا ئێمە ئەو یاسایەمان تەواو نەکردووە، لە پەرلەمانیش بەشێکی قسەی لەسەر کراوە، بۆچی پێچەوانەی ئەو نیە؟، چونکە ئەمە ئەو زانیاریانە دەڵێت کە پەیوەست بەو کۆمپانیایانەوە دەدرێت، بەو لیژنەیە یان بەو فەرمانبەرانەی کەئەم کارە ئەکەن، ئەمە وا ئەکرێت بلاّو بکرێتەوەو بخرێتە بەردەستی خەڵك، یان ئەوە نیە کە خەڵك داوای کردبێ لە کۆمپانیایەك داواکرابێ، ئیشەکەی چۆنەو چی کردووەو چی نەکردووە؟، زۆر جیاوازە ئەم دوو شتە، بەڕاستی وەکو بەڕێزان وتیان زۆر زۆر پێویستە بمێنێتەوە لەناو یاسایەکە، چونکە بەڕاستی ئەوە مافی هەموو کۆمپانیایەکە، من داوای لێ ئەکەم دەیان زانیاریم ئەداتێ، نابێ ئەو زانیاریانە بدرێتە دەستی هەموو کەسێك، تەنیا ئەو لیژنەیە نەبێ، بۆ ئەو لیژنەیە داوای ئەکات؟، چونکە کاری پێیەتی ئایا بزانێت پێچەوانەی ئەم یاسایە کاری کردووە، یان بەپێی یاسایەکە کاری کردووە، بوەتە هۆی زەرەر دان لە هاوولاّتیان و قۆرخ کردن و ئەوەی کە لەناو یاسایەکە هاتووە، لەبەر ئەوە بەڕای من داواکارم ئەم ماددەیە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی ئەو تەفسیرە هەڵەیەی بۆ نەکرێت، من ئیقتیراح دەکەم بەو شێوەیە بێ، (یحظر افشاء المعلومات والبیانات المتعلقة بالشرکات واندماجاتها ونشاطاتها او استخدامها لغیر الاغراض التي قدمت لاجلها) ئەمە بەیاناتی شەریکاتەکانە، نەشاتاتەکانیانە، نەوەك بۆ ئەم قانونە، ئێمە باس لەوە ئەکەین ئەو شەریکاتانە بەیاناتی خۆیان تەقدیمی ئەو مەجلیسە ئەکەن، بۆیە ئەم شتە عیلاقەی هەیە بەسەر شەریکاتەکانەوە، عیلاقەی هەیە بەسەر حاڵەتە ئیقتیسادیەکەیانەوە، بۆیە (یحظر افشاء المعلومات والبیانات المتعلقة بالشرکات واندماجاتها ونشاطاتها او استخدامها لغیر الاغراض التي قدمت لاجلها) لە دوای ئەویشەوە باسی عقوبەکە ئەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی کاك عبدالسلام ئەکەم، لەبەر ئەوەی سەرپێچیەکان پەیوەندی بەو یاسایەیە، پێویستەخەڵك بیزانێ، مەبەستم ئەوەنیە کە خەڵك هەموو کەس بیزانێ، بەس خەڵك مافی هەیە بیزانێ، ئەوەی کە پەیوەندی بەو یاسایەوە هەیە، جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە، هەرکەسێك و هەر شەریکەیەك بەپێچەوانەی ئەو یاسایە هەڵسوکەوت ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەماشا بکەین و بڵێین لە ماددەیەك لە ماددەکان پێش ئێستاپەسەند کراوە، دەڵێت (صفة اعضاء الضبط القضائي من قبل رئيس السلطة القضائية لاثبات الجرائم ولهم في سبيل ذلك الحق في دخول الاماكن والمحال والمنشأت التي يزاول فيها مخالف نشاطه وتفتيشها والاطلاع على مستنداتها وسجلاتها لدى اي جهة كان حكومية او غير حكومية) ئەگەر یەکێك لەم دەزگایە بچێت، ئەم هەموو سجلات و وەسائیق و حیسابات و ئەوەی ببینێت، یەعنی مەعقول نیە ئێمە رادعەك دانێین نابێت ئەو ئەسرارانە بێنێتە دەرەوە، چونکە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە هەموو سجلەك و هەموو دۆکیۆمێنتەك، هەموو حیساباتێکی ئەم شەریکەیە ببینێت، بەپێی یاسا ئەتواندرێت ببینێت، دەبێ رادعێکیش هەبێ ئەو ئەسرارە نەهێنێتە دەرەوە، باس لەو ئەسرارانە دەکەین بەڕێزان، لەبەر ئەوە دەبێ رادعێك هەبێ بۆ پاراستنی ئەم نهێنیانە، ئەمە لە بەرژەوەندی یاساو بزافی بازرگانی دایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا خۆی لێرە لە دووبەش پێکهاتووە ماددەکە، بەڕای من بەشی یەکەمی ئاشکرا کردنی زانیاری و بەیاننامەکان، کە ئەڵێ پەیوەندیدارن بە پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەمە هەڵبگیرێ، تەنیا بەو شێوەیەبێ، بەکارهێنانی زانیاری و بەیاننامەکانی پەیوەندیدار تایبەت بە پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، غەیری ئەو مەبەستانەی کە لە پێناویدا پێشکەش کراوە قەدەغەیە، چونکە بەڕاستی پشتیوانی لە هاوکارانم ئەکەم، چونکە ئەمە پێچەوانەی شەفافیەت و ئاشکرا کردنی...، ئێمە ئەگەر پڕۆژە یاسای بەدەست هێنانی زانیاری پەسەند بکەین، بەپێی ئەو یاسایە ئەوانەی کە حوکمەکانی یاسایەکە دەیانگرێتەوە، بۆیان هەیە داوا بکەن لە کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی کە زانیاریان پێ بدات، ئەم

زانیاریانە چ کێشەیەکی تێدایە ئەگەر دەربارەی کۆمپانیایەك یان شەریکەیەك بوو، کە زانیاری پێ بدات، یەعنی بەپێی ئەم ماددەیە قەدەغەی ئەکات، ناتوانێ هیچ زانیاریەك بەرۆژنامەنووسان و کەسانی پەیوەندیدیار بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر هەورامی:

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ مانەوەی ئەو دەقەم وەکو خۆی، بۆ؟، لەبەر ئەوەی ئەمە پەیوەندیدارە بە تەتبیق کردنی ئەحکامەکانی ئەم قانونە، بۆ نموونە ئەوەی پەیوەندیدارە لە بەیانات، مەعلومات، یان هەتابۆ نموونە، رەئس مالی شەریکەیەك، یان نەوعی خدمەیەك کە پێشکەشی ئەکات، یان تەسمیمی سیلعەیەك، ئەم بابەتانە کە هەر شەریکەیەك یان کۆمپانیایەك کە هەیەتی، پێویستە کە ئیحتیفازی لەسەر بکرێ، ئەو کێشەیەی کە هەبوو لەنێوان (ئەپڵ و سامسونگ) بە هەڵە نەچوبم، دواتر مەحکەمەش لەسەری کرا، شەریکەی ئەوەی کە تەسمیمەکەی گۆڕی بوو، فەرز کرا کە تەعویزی شەریکەکەی تر بکاتەوە، بۆیە من داوا ئەکەم غەیری ئەو نەسەی کە لەو بابەتە هەیە، دوو بابەت ئیزافە بکرێ، یەکەمیان ئەوەی کەپەیوەندیدارە بەسزادانی ئەو فەرمانبەرە یان ئەو کەسەی کە مەعلوماتەکە ئەگەیەنێ، ئەمە بابەتێکیان ئیزافە بکرێ، بابەتی دووەم، مەسەلەی تەعویز کردنە، هەرکەسێك کە داوای ئەو مەعلوماتەی کردبوو لەموەزەفەکە، ئەو هەڵسێ بە تەعویز کردنەوەی شەریکەکەی کە مەعلوماتەکەی یان بەیاناتەکەی لێ براوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ لە دونیای تەکنەلۆجیا، تەکەشوف مەعلومات، ئەوەی (ویکلیکس) بەرامبەر (سی، ئای، ئەی) ئەمریکی دەکات چیە؟، تەکەشوفی مەعلومات ئەمڕۆ شتەکە بمەوێ و نەمەوێ دەکرێ ودادەندرێت، بەڵام ئێمە لەو قانونە دەمانەوێ تیجارەت بە پێش بێخین، دەمانەوێ میزانەکی عادلمان هەبێ هەم خەڵکەکەی فەقیر ئەوەی ئیحتیکار دەکرێ موحافەزەی بکەین، هەم تاجیرە گەورەکانیش ئیحتیاجیان بە موحافەزە هەیە، من دێم تاجیرەکی گەورەمە یان شەریکەیەکی گەورەم هەیە یەکێك دێ، زەرەرێکم لێ دەدات، تەعویزی من کێ دەدات؟، مەفروزە رادعێکی وا هەبێ ئەوەی کە تەکەشوفی ئەسراری منی کردیە، تەعویزەکەشم بداتێ بۆ؟، بۆ ئەوەی میزانێکی عادل هەبێ بۆ موحافەزە لەسەر بەندی ئەو قانونە، منیش لەگەڵ ڕەئی بەڕێز کاك عمرم، لەگەڵ ئەوەی ئەو ماددەیە دەقەکەی ئیزافەی تەعویزی بۆ بکرێت، چونکە هەندێ جار هەیە زەرەرێکی دەدەنە هەر شەریکەیەکی بۆ هەر غەریزەیەك دوایی دەردێت، وانیە، باشە

تەحسیل حاسل من چیم کردووە؟، موەزەفێك عقوبە بدرێ یان نەدرێ بۆ شەریکەیەکی کە من زەرەرم کردووە چیە؟، ئەوەتا لە ئەڵمانیا دوو شەریکەی سەیارات ئینندیماج دەکەن بۆئەوەی سادراتی ڕابگرن، بۆئەوەی ئیقتیسادی ئەڵمانیای پێش بکەوێ، بۆ ئەوەی زەرەر نەکەن، زۆرجار شەریکاتی گەورە لە ئیندیماج فازانج ناکات، لەبەر موحافەزەو لەبەر تەوازن ئەو ئیشەی دەکات، تەوازنەکە موهیمە بەڕێزان، ئێمە دانەنیشتینە یەکەکی باوێینە سجن و یەکێکی ببەینە ئاسمان، تیجارەت تەوازنی پێ دەوێ، تیجارەت تەوازنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وادەبینم پێویست ناکات ئەو ماددەیە دابەش بکرێ بۆ سێ فەقەرە، بەیەك فەقەرە، فەقەرەکە خۆی لەناو خۆی تەعبیر دەکات کە حەزر مەمنوعە، مودەکەو غەرامەکە من دەهێڵم بۆ جەنابتان و بۆ ئەندامانی پەرلەمان(یعاقب کل من یفشی) ڕاستە عیقابەکە مانای ئەوەیە کە حەزرەو نابێت ئیفشا بکرێ، (یعاقب کل من یفشی المعلومات او البیانات المتعلقة بالحالات الخاصة بتطبیق احکام هذا القانون او استخدامها لغیر الاغراض التی قدمت من اجلها بالسجن لمدة لاتقل) من ئیقتیراحم کردووە(ستة اشهر ولا تزید عن سنة او بغرامة مالیة لاتقل عن خمسین ملیون دینار، ولا یزید عن مائة و خمسین ملیون دینار) ئیتر ئەوەی تر بۆ ئێوە دەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئێستا ئێمە هەموومان ئەو حەزرە لێرە باس کرا بۆ ئەوەی تەئکید بکاتەوە، بەڵام خۆی لە قانونی عقوباتی عیراقی هاتووە، لە ماددەی 437 کە ئیفشائی سرە ئەڵێت (یعاقب بالحبس مدة لاتزید عن سنتین وبغرامة لا تزید علی 200 دینار) کە ئێستا تەعدیل کراوە ئەو شتانە لەمەحاکم، (او باحدی هاتین العقوبتین کل من علم بحکم وظیفته او مهنته او صناعته او فنه او طبیعة عملیه بسر فأفشاء بغیر الاحوال المصرح بها قانونا او استعماله او لمنفعته او منفعة شخص اخر وما الی ذلك فلا عقاب اذا کان افشاء السر صاحب شأن فیه او کان افشاء السر مقصودة به اخبار عن جنایة او جنحة او منع ارتکابها) کەواتە لێرە تۆ بە قانونێك کە قانونی عقوباتی عیراقی عقوبەکەی داناوە، بەڵام ئەڵێت قانونەکە خۆی قانونە خاسەکە، ئەو سەلاحیەت بداتێ کە ئیفشائی سرەکە مەمنوعە، تۆ لێرە ئیفشائی سرەکەت حەزر کرد، کەواتە تۆ ئەو

عقوبەی لە قانونی عقوبات دانـراوە کە لێرە ئیفشائەکەت بۆ حەزر داناوە تـەتبیق ئـەبێ لەسـەری، لـە مەحاکم ئەو قانونی عقوباتە تەتبیق دەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی کە ئەڤین خان خوێندیەوە، بە بڕگەیەك زیاد کردن ئەوە حەل ئەبێ، ماددەکە وەکو خـۆی کـە ئەڵێت قەدەغەیە، لـەو حاڵەتـەدا بـەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا ئـەکرێت، کـە یاسـاکە ئەوەیـە ئـەڤین خـان خوێندیەوە، بەو ئیزافەیە هەموو کێشەکانمان حەل ئەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەنجامی ئیفشائی سری شەریکەیەك، مەحکەمە حوکمی دا کـە (سامسـونگ) پێـنج ملیـۆن دۆلاری دا بـە (ئەپڵ) هەتاوەکو بە سەنتیش ناردبوویان، بە کیسە، هەتاوەکو پێیـان وتـن بۆچـی بـەوە نێـردراوە، زۆر زۆر زەحمەت بوو، وتیان خۆ مەحکەمە نەیوتووە بە وەرەقەی مالی بنێردرێ، هـەموویان بـە سـەنت نـارد، بۆیـە بەڕێزان ئەو عقوباتەی لە قانونی عقوباتی عیراقیـدا هـاتووە، نەشـاتاتی تیجاریـان نـاگونجێ، چـونکە ئیفشا کردنی سرێك لەوانەیە موەزەفێك بە قەسد بێ زەرەری مەلاین دۆلار بـدات لـەو شـەریکەیە، کـێ تـەعویزی ئەداتەوە، دەبێ لێرە ئەمە ڕێك بخرێت، چونکە بەڕێزان دوایش جارێکی تـر دێـن داوا ئەکـەن لـە حکومـەت تـەعویز بکاتـەوە، حکومـەت ئـیتر وای لێـدێت قـەرەبووی کۆمپانیاکـان بکاتـەوە، لەبـەر ئـەوەی ئیفشـای ئەسراریان کراوە، بۆیە لە تەعدیل کردنەکە تکایـە بـۆ ئـەوەی غەڵەت تەفسیر نـەکرێت(المتعلقة بنشاطات الشركات) ئەگەر ئەوەی بۆ ئیزافە نەکەین، بڵێین (المتعلقة بتطبيقات القانون) ئـەوە تەفسیری غەڵەتی بـۆ ئـەکرێت، (المتعلقـة بنشـاطات هـذه الشـركات وبياناتهـا ونشـاطاتها) چـونکە بـەیانات و نەشـاتاتەکە ئەخاتـە بەردەستی ئەو مەجلیسە، هەرچی موەزەفێك ئەو بـەیان و نەشـاتە ئیفشا بکات، مەعلوماتەکەی لەوانەیـە زەرەرێکی زۆر گـەورە بکـات، حاڵـەتێکی ئینـدیماج بـەینی دوو شـەریکە، شـەریکەیەکی سـێهەم پێـی بزانێـت زەرەری مەلاین دۆلار ئەدات، دوو ساڵ و دوو سەد دینار چیە؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تكا ئەكەم لە لیژنەی هاوبەش تۆزێك تەحەمولی مـن بكەن، موناقەشەی ئێمە لەوەهاتووە ئێمە دەبێ جیاوازی بكەین بەینی (المتعلقة بتنفيذ هذا القانون) او (خلال هذا القانون) ئەم خوشك و برایانەی دیفاع دەكەن لە قەدەغە كردنی ئیفشای ئەم ئەسراره 100٪ لەگەڵیانم، لە خیلالی تەنفیزكردنی ئەم یاسایانە نابێ زانیاری تایبەت بە شەریكەكان بڵاو بكرێن، ئەو ماددەیەی قانونی عقوباتیش وائەڵێت، ڕەخنەی مـن لەسەر ئەم ماددەیە واناڵێت، ئەڵێت ئەو زانیاریانەی پەیوەندن بە جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە، نابێت بڵاوببنەوە، لە یەكتری تێبگەین، منیش هەمان مەبەستی ئێوەم هەیە، بۆیە مـن بۆ دەرچوون لەو موناقەشەی كە ئێمە لە جێگای خۆمان..، نازانم لە فیكرەكەی من گەیشتن مـن بۆچی ئەوەندە ئیلحاح ئەكەم، ئەم نەسە ئەڵێت زانیاری دەربارەی جێبەجێ كردنی یاسا نابێ بڵاو بكرێتەوە، ئەمە بە پێچەوانەی دەستووره، بەلاّم هیچ باسی زانیارییەكانی پەیوەند بە شەریكەكان ناكات، ئیقتیراحەكەی سۆزان خان زۆر ڕێك و پێكە، بەلاّم لەناوی بنووسین لە كاتی جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە ئەو زانیاریانەی كە پەیوەندن بە شەریكات و مەعلومات قەدەغەیە، ئەوە حەلی نیهائیە، بەلاّم ئێمە بزانین ئەو شێت بوونەی مـن ئەمڕۆ لەسەر چیە؟، ئەم ماددەیە باسی لەكاتی دەربارەی جێبەجێ كردنی یاسایە، یەعنی موحاجەجەی مـن ناكەن، برادەرێك هەڵسا گوتی بە پێچەوانەی قسەی عبدالسلام حەرام مـن ئەوانەم نەكردبوو، ئەوەی ئەو دژی بوو، نازانم فیكرەكە گەیشت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن من پشتگیری لەقسەكانی كاك عبدالسلام دەكەم، بەلاّم لەسەر ئەو قسەیەی سۆزان خان، كێشەی نێوان ئەو دوو شەریكەیە، ئیفشای مەعلومات نەبوو، دزینی پڕۆگرام و بەرنامەی كاركردنی كۆمپانیا بوو، ئەوە دوو شتی جیاوازن، بەلاّم مـن یەك نموونە دەهێنمەوە، یەعنی پێدانی ئەو مەعلوماتە دوو شتی جیاوازە، یەعنی پێدانە لە ڕووی بڕیارەكانی ئەو لیژنەیە، یان پێدانە لە ڕووی مەعلوماتی كۆمپانیاكەوە، ئەویستریٚ هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی كۆمپانیاكان بەدەر بكرێن لەوەی كە مەعلومات ئاشكرا بكەن بۆ هاوولاّتی، بەلاّم كۆمپانیاكان ڕاستە لە كەرتی تایبەت ئیش ئەكەن، بەلاّم ئەوانیش بازاڕی هەرێمی كوردستان بەكارئەهێنن، ئەوانیش بازاڕێك بەكاردەهێنن كە بازاڕێ هاوولاّتیانی كوردستانە، باشە كۆمپاینایەك عەقدێكی هەیە لەگەڵ حكومەت، ئەگەر منی هاوولاّتی نەزانم داهاتی ئەم كۆمپانیایە چەندە، بە چەند كالاّكانی ئەفرۆشێ، چۆن بزانم كە حكومەت چەند لەم كۆمپانیایە وەرئەگرێت وەكو باج؟، نابێ

ئەو کاتە ئـەم کۆمپانیایـە بەرپرسـیار بـێ لـە پێدانی مـەعلومات، بـەلاَم ڕاسـتە لـە ڕووی جێبـەجێ کردنـی یاساکەو بڕیارەکانی ئەم لیژنە، ڕەنگە ئەمە هەڵبگرێ کە ناکرێ ئەو مەعلوماتە بلاَو بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان بزانین، لیژنەی هاوبەش باسێکی ئەوە کرا کە ئەم ماددەیە خوێندرابێتەوەو دەنگیشی لەسەر درابێ، ئاخر دەڵێن دەمج کراوە ئەم ماددەیە، فەرموو کاك عیماد.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەوزوعەکـە ئـەوە نـەبوو، کـاتی ئێمـە گوتمـان عقوبـە دادەنـێین، ئێمـە گوتمـان نـابێ ئێمـە ماددەیـەك موناقەشەمان نەکردبێ، ئێستا ئەو عقوبەیە دابنـێین، کـە هاتینـە سـەر مـاددەی 14 ئێمـە عقوبـەمان دانـا، مـاددەی 12 کردوومانـە عقوبـە، ئێمـە باسـی دەمجمـان نـەکردووە، لەوکاتـە بـرادەران ویسـتیان عقوبەیـەك دابنێنن بۆ ماددەیەك کە هێشتا نەهاتبوو، ئەوەبوو مەسەلەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی د.حسن تێبینی هەیە بابفەرمووێ.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی وتەکانی کاك پێشەوا دەکەم، لە ڕاستیدا جەنابی وەزیر پێشنیاری کرد بە ژمارە کـە دوو مـاددە لە قانونەکەدا هەیە عقوبەیان بۆ دابندرێت بەپێی ماددەی 11، کە لە پرۆژەکە ئێستا بووەتە مـاددەی 12، چەند جارێك ژمارەی ماددەکان بە هەڵە خوێندرایەوە، بۆیە تەئکیدێك لە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان کرا یەکێکیان لەوانە کاك عبدالسلام بوو، فیعلەن ئەبێ ئێمـە نەسـی ماددەکـە بخوێنینـەوە مەبەسـتمان کـام ماددانەیە؟، کە ماددەکـان خوێندرایـەوە، مـاددەی 12 ی پڕۆژەکـە بـوو، لەگـەڵ مـاددەی 14ی پڕۆژەکـە بـە نەس خوێندرایەوە، یەکێك لەوانە ئەوەبوو، پێشتر خستبوومانە دەنگدان، ئەوە دەنگی وەرگرت، کە ئەم دوو ماددەیە موخالفی ئەم دوو ماددەیە عقوبە دەدرێن بە نەسی ئەو عقوبەی کە هاتووە لە مـاددەی 11، بۆیـە تەئیدی قسەکەی کاك پێشەوا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی قسەکانی کاك د.حسن و کاك پێشەوا ئەکەم، وابزانم یەکێکیان من بووم باسم لەو ماددانە کـرد، چۆن موناقەشـەی دوو ماددەمـان نـەکردووە، ئێمـە ئێسـتا ئیقـراری دەکـەین، لەبـەر ئـەوە ڕامـان گـرت ئـەو مەوزوعە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەبێ عقوبە تەبعەن نابێ ئەو ماددانە، دەبێ بەو شێوەیە بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرمووون.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە عقوبەکە لەو ماددەی پێشووە، بەڵام ئەو تەعدیلە کە موناقەشەی ماددەکە نەکرابوو، ئەو تەعدیلاتەی کە ئێستا چەند ئەندامێك داوای کردووە، دەبێ بخرێتە نەسەکەوە، عقوبەکەی ڕاستە ئێستا تەسبیتی ماددەکە ئەکرێت لەماددەی پێشوو کەئێمە دەنگمان بۆی داوە، بەڵام یەعنی ئەو عقوبەیە بۆ ئەو کەسانە ئەبێ کە ئیفشای ئەسرار ئەکەن، ڕاستە ئەو زۆر زۆر تەواوە، بەڵام ئەبێ نەسی ماددەکە بەو تەعدیلاتە بێ کە چەند ئەندام پەرلەمانێك داوای کردووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە کە باسی حەزری ئیفشای مەعلومات ئەکات، من پێموایە زۆر وازحە، هیچ دەستکاریەکی ناوێ لێرە، خاسە بە تەتبیقی ئەحکامی ئەم قانونە، ئەگەر بێینەوە سەر ماددەی 18، لە دوو فەقەرە باسی لە عقوبەو مەسئوولیەتی ئەو شەخسە ئەکات کە ئیدارەی شەخسی مەعنەوی ئەبات بەڕێوە، لە کاتێك هەر موخالەفەیەکی ئەحکامی ئەم قانونەی کرد، کە ئەڵێین ئەحکامی ئەم قانونە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەحکامی ئەم قانونە لە تەعریفەکانەوە یەك حوکمە، هەتاوەکو ئەخیر شتی (ینفذ هذا القانون وینشر) یەك یاسایە جیا ناکرێتەوە، هەر کەسێ موخالەفەی لە ئەوەڵی بۆ ئەخیری بکات، هەمان عقوباتی بەسەردا تەتبیق دەبێ، لەبەر ئەوە دەرکردنی مەعلومات وەکو ئەوەی سۆزان خان باسی لەسەر کرد، ئەگەر بێتە سەر ئەوەی بڵێین (مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد ينص عليها قانون اخر) ئەمەش شتێکی خراپە، چونکە لێرە عقوبەکەی لە دوو ساڵ زیاتر نیە، لە 200 دینار کەوا هەر مەبلەغ نیە بەنیسبەتی شەریکات وەکو عقوبەیەك، بەڵام لێرە لە ماددەی 18 ئەڵێ (يعاقب المسؤول عن ادارة فعلية لشخص معنوى) ئەو مەسئوولە لە ئیدارەی شەخسی مەعنەوی، مودیر موفەوەز ئەگرێت، ساحێبی شەریکەکە ئەگرێت، کێ مەسئوولی ئەم شەخسە مەعنەویەیە، مەسئولیەت هەڵئەگرێ، ئەگەر موخالەفەی هەر بەندێ لە بەندەکانی

ئەم یاسایە بکات، ئەڵێ عقوبە ئەدرێ، بەگوێرەی ئەو عقوبانەی بابگەڕێینەوە ماددەکانی 11 و 12، کە لە چەند ملیۆنێك و حەبسە و چیە، دواتر لە فەقەرەی دواتر باس لە تەزامونی ئەکات، تەعویزی تەزامونی، موتەزامینەن شەخسە مەعنەویەکە، شەریکەکە لەگەڵ ئەو کەسەی کە موخالەفەی کردووە، بە تەزامون تەعویزات ئەدەن، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا سیاغەتان تکایە.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی منیش پشتگیری قسەکانی کاك عبدالسلام دەکەم، ئەم مەوزوعە تەنها باسی ئەو حالآتانە دەکات کە موخالەفەی تێدا ڕوویداوە، یەعنی باسی هەموویان ناکات، ئەوە یەك، دوو، باشە کێ موکەلەفە بچن زانیاری وەربگرن، ئەوانەی کە عـزوی زەبتـی قـەزائین، ئێمـە بـەس سـەلاحیاتمان بـەوان داوە، لێـرە لـە مـاددەی 18 عقوبە بۆ ئەوان هەیە، مەجلس ئەتوانێت ئەوانەی کە موەزەفن، بچن مەعلومات وەربگرن، ئەتوانن عقوبـە بکەن، لێرەش عقوبە دانراوە وەکو کاك عمر ئاماژەی پێی کرد، بەلآم نازانم یەعنی، باشە ئێستا سیاغەیەك هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دوا سیاغەت بخوێنەوە.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با ئەم سیاغە عەرز بکەین، دواتر نالێین دەنگمان داوەو ئاگامان لێی نەبووە.

المادة الخامسة عشرة:

يحظر افشاء المعلومات والبيانات المتعلقة بالشركات واندماجاتها ونشاطاتها اثناء تطبيق احكام هـذا القـانون او استخدامها لغير الاغراض التي قدمت من اجلها ويعاقب المخالف بنفس العقوبة الواردة في المـادة الثانيـة عشـرة من هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، ناسك خان یەك سەعات موناقەشەکرا، تازە خوێندرایەوە ناسك خان، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتـەوە؟، 4 کـەس لەگەڵدانیـە، بـە زۆرینـەی دەنـگ پەسـەند کـرا، ناسك خان یەك سەعات موناقەشەمان کردووە، موناقەشە کۆتایی هاتووە، بڕۆ سەر ماددەیەکی تر.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة عشرة:

يجوز لأي شخص ابلاغ المجلس بأية مخالفة تقع لأحكام هذا القانون.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم وەرتى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەی 16:

هەركەسێك بۆی هەیە ئاگاداری ئەنجومەن بكات لەهەر سەرپێچی كردنێك كە ڕوودەدات بەرامبەر بە حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەم ماددەیەین.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو كاك عیماد.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پێمان باشە یەعنی ئەم ماددەیە ببێتە دوو بڕگە، چونكە لێرە ئەگەر بۆ هەر كەسێك هەبێ یەعنی مەعلومات بگەیەنێت، ئەبێ تۆ مەسەلەن موكافەئەیەكی بدەیێ، باشترە، یەعنی ئەگەر ئێمە موكافەئەیەك بۆ ئەو كەسە دابنێین باشترە، پێشنیارەكەی ئێمە ئەوەیە (المادة السادسة عشرة:

اولاً: يجوز لأي شخص ابلاغ المجلس بأية مخالفة تقع لأحكام هذا القانون.

ثانياً: يمنح المخبرون والاشخاص الذين يقومون بالكشف عن الافعال المخالفة لاحكام هذا القانون مكافئة مالية يحددها رئيس المجلس بقرار وحسب جسامة الفعل المرتكب تصرف من المجلس عن كل حالة وفقاً للقانون).

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز لانه احمد چەلەبى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەكە دەكەین  وەكو لە سیاغەكە هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبى/ وەزيرى بازرگانى وپيشەسازى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەوە پێشنیاری ئێمەشە، ببێتە دوو فەقەرە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، کاك خورشید، کاك عمر، کاك شوان، سۆزان خان، ئاهەنگ خان، کاك جمال، کاك امیر، کاك عبدالرحمن، شلێرخان، فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەگەر مەعلوماتێك بێت، ئەو مەعلوماتە ببێتە ئەگەری ئەوەی کەشفی موخالەفە بکەن، هەق ئەوەیە تەکریم بکرێن، پارەی بدرێتێ تەشجیع بکرێ، بەڵام ئەگەر ئیفشائی سیڕەکە ئەسڵی بۆ نەبوو، عقوبەکەی چیە؟، کابرا هاتووە سیڕەك، ئیدیعایەکی کردووە، ئەم ئیدیعایە ئیحتیمالە زەرەری بۆ ئەو لایەنە هەبێ کە باسی لێ دەکات، ئیفشائی سیڕەکە درۆ دەرچووە، ئەسڵەن هیچ نەبوو، ئەمە عقوبەکەی چیە؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەسڵ ئەوەیە کە هەرکەسێ موخالەفەیەکی بینی ئاگاداری دام و دەزگاکانی دەوڵەت ئەقرەب شوێن ئەکات، ئەمە ئەگەر بوو بە کازب، کازب جیاوازە، تەحەکومی حوکمی تایبەتی تری خۆی هەیە، لێرە ئەو ماددەیە زیادە، پێویستە هەڵبگیرێ، موخالەفەکە ئەگەر کراوە، هەموو شوێنێك و هەموو کەسێکمان بڵێین ونەڵێین لە یاساکە هەموو کەس واجبی سەرشانی خۆیەتی، هەر موخالەفەیەك لە دژی مەسلەحەی عام کرا، دەبێ ئاگاداری نزیکترین شوێنی خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی وەکو هاوکارانم وتیان ئەم ماددەیە زیادە، ئەگەر مایەوەش بەڕاستی بڕگەی دووەم عەیبە ئێمە ئیزافەی بکەین و دەنگی لەسەر بدەین، ئەوە ئەرکێکی نیشتیمانیە هەموو هاووڵاتیەك ئەگەر خەلەلێك و هەڵەیەکی بینی بە دەزگای پەیوەندیدار بڵێت، ناکرێ بۆ هەموو شتێکی لەو بابەتە بە پارە بێ، ئەگەر پارەم نەدەنێ ئەو کاتە وای لێدێت کەس بەبێ بەرامبەر هیچ شتێك نەکات، کە ئەرکێکی نیشتیمانیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ هەڵگرتنی ئەو ماددەیەم هاوڕا لەگەڵ هاوکارانی پێشوو، واجبی نیشتیمانی بە پارە ناکڕێ، ئەگەر من موخالەفەیەکم بینی، واجبە لەسەرم بچم ئیبلاغی لایەنی پەیوەندیدار بکەم، ڕاستە ئەمە هەندێ بابەتی تیایە ئیبلاغی هەیە بەسەر بازاڕ و بەسەر لیجانەوە، بەڵام ئەمە داعی نیە، ئەم ماددەیە هەر پێویستە لێرە نەبێ و هەڵبگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ هەڵگرتنی ئەو ماددەیەم، لەگەڵ هیچ موکافەئەیەکی نیمە، چونکە ئەوە ئەگەر یەکێك بێت ئیخباریە یەعنی من نازانم لەتیجارەت ئیخباریە کو بە تیجارەت شەریکەیەکی قەپات دەکەی، بە خیلالی دیراسە قەپات دەکرێ، بە خیلالی نەتائیج قەپات دەکرێ، منیش لەگەڵ برادەرانم ئەو ماددەیە زیادە و دەبێ هەڵبگیرێ، هیچ موکافەئەی ناوێ، لەگەڵ هەڵگرتنی ماددەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو، ئەوەی کە قسەی کرد زۆرەکەی وتیان ئەو ماددەیە هەڵبگیرێ، ئەبێ هەڵبگیرێ بۆ موناقەشەی لەسەر بکەین، جارێ با بیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم ماددەیە هەڵبگیرێ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، دوو کەس لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ ئەو ماددەیە لەغو کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة عشرة:

على المجلس عند ثبوت مخالفة للاحكام الواردة في هذا القانون تكليف المخالف بتعديل أوضاعه وإزالة المخالفة فوراً خلال مدة محددة وذلك دون الاخلال بأحكام المسؤولية الناشئة عن هذه المخالفات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان فەرموون.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی بەکاربەر فەرموون.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها یەك تێبینیمان هەیە، ئەگەر نە تەنها (بالمادة السادسة) چونکە زۆر موخالەفات هەیە لە هەندێ ماددەکانی تر، مەحزورات یان ئیستیسنائات و شتی تر هەیە بڵێین (علی المجلس عند ثبوت مخالفة الاحكام هذا القانون تكليف المخالف بتعديل أوضاعه و إزالة المخالفة فوراً خلال مدة محددة وذلك دون الاخلال بأحكام المسؤولية الناشئة عن هذه المخالفات).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی لیژنەی دارایی پشتگیری دەکەین لەو پێشنیارەی لیژنەی مافی بەکاربەر.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە پێمان باشە بەو شێوەیە بێ (علی المجلس عند ثبوت مخالفة للاحكام الواردة في هذا القانون بأتخاذ القرار المناسب بشأنها:

اولاً: تكليف المخالف بتعديل أوضاعه و إزالة المخالفة فوراً خلال مدة محددة وذلك دون الاخلال بأحكام المسؤولية الناشئة عن هذه المخالفات

ثانياً: الاغلاق المؤقت للمؤسسة المخالفة لمدة لاتزيد على ثلاثة اشهر على ان لا يمكن اعادة فتح هذه المؤسسة الا بعد ازالة المخالفة).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، کاك صباح، کاك عمر، کاك قادر، تارا خان، هاژە خان، کاك سالم، کاك نەژاد، فەرموو کاك صباح.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ماددەی 16 کە دەڵێت (وازالة المخالفة فوراً خلال مدة محددة) بە ڕەئی من مودە موحەددەدە، بۆ مالانهایە، دەبێ تەحدید بکرێ مودەکە چەندە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە دوو شتی موتەناقزی تیایە، یەکیان ئیزالەی موخالەفەکە، دوایی نووسراوە (خلال مدة محددة) ئەمە پێویستە ئەگەر خیلالی مودەی موحەددەدەبێ، مودەی موحەددەدە ڕۆژێکی مودەی موحەددەدەیەو 360 ڕۆژی ساڵێکی ترەو دواتریش هەر مودەی موحەددەدەیە، پێویستە تەحدیدی مودەکە بکرێ، من پێشموایە فەقەرەی دووەمی وەکو ئەوەی کە جەنابی وەزیر باسی لەسەر کرد، دابخرێت و ئیزالەی ئەو موخالەفەیە بکرێ، خیلالی فەترەیەك من پێموایە شتێکی باشە بۆ ناو ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ هەڤاڵانی پێشی خۆم، کە ئیزالەی موخالەفەکە سەقفێکی زەمەنی بۆ دابندرێت، ئینجا بەپێی حەجمی موخالەفەکەش بێ، یان ئەو مەراحەلانەش پێشتر ئینزار و ئیختاری بدرێتێ، ئینجا بگاتە هەڵگرتنی موخالەفەکە، بەلأم بە هەبوونی سەقفێکی زەمەنی، موراعات کردنی حەجمی موخالەفەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بوونی ئەو موخالەفانە بە قۆناغ، قۆناغ ئەبێت، من لەگەڵ ئەوەم کە چاککردنەوەیەك ببێ لەوەی کە ئەڵێت (تکلیف المخالف بتعدیل اوضاعە و ازالة المخالفة فوراً) بەڵکو یەکسەر بکرێ بە (ایقاف المخالفة فوراً) ئەمە تەعدیل بکرێ، دووەم شت، لەگەڵ جەنابی وەزیرم کە ئەو قۆناغانەی داناوە، لە هی دووەم، کە ئەڵێت سێ مانگێکی پێ بچێت، ئیغلاقی موەقەت بکرێت، واتە ئەوەل جار ئیقاف کردنە، داخستنی کارکردنە، ئینجا لە دوای ئەو تەحدیدی نەوعی موخالەفەکە پیشانی بدات، یەعنی ئیزالەی موخالەفە مودە مەحدودەکە بکرێ (تحددها نوع المخالفە) سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرمووو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر کەلیمەی تەکلیف مولاحەزەم هەیە، بەڕاستی ئەو مەجلیسە کە مەجلیسێکە سەر بە حکومەتە ناتوانێت تەکلیف بکات، دەبێ ئیشعار بدات یاخود تبلیغ بکات، بۆیە وا باشترە ئەو کەلیمەیە بگۆڕدرێت (تەکلیف کردن)، بە تەبلیغ یان ئیشعاری شەریکەکە، لەسەر مودەکەش بەڕاستی پێویستە کە مودەکە سەقفێکی زەمەنی بۆ دیار بکرێ و بەو شێوەیە نەهێڵدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک سالم فەرمووو.

**بەڕێز سالم تۆما:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئیشعارەکەم بەس هەر بەو شێوەیە بێ، (اشعاره بأيقاف ممارسة نشاطه وازالة المخالفة خلال مدة ايقافه من ممارسة النشاطات) سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک نەژاد فەرمووو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە قسەکانی من برادەران کردیان، بەڵام منیش لەگەڵ مەسەلەی تەکلیف، ئیشعار نەبێ هەر بکرێتە (على المخالف تعديل اوضاعه وازالة المخالفة فوراً) فەورەنیشم پێ ناوێ (خلال مدة لا تتجاوز خمسة عشرة يوماً) سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرمووو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ کەلیمەی ئیشعارم، بەڵام لەگەڵ هەرسێ تێبینیەکەی جەنابی وەزیرم، چونکە لە هەموو دونیا کە دەڵێی من شتێکی مەنع دەکەم، رادیعەکە دەبێ بە سێ مەرحەلە بێ، یەکەمجار ئیشعاری پێ دەکەی بۆ ئەوەی درك بە غەڵەتەکەی و موحتەمەلە نەیکردبێ یان لەسەری ڕۆیشتبێ، دووەم، ڕێی پێ پیشان دەدەی تەنبیهەکی دەکەی وەکو بڵێی حەجمی خەتەرەکەت ئەوەیە، حەجمی زەرەرەکە ئەوەیە، سێیەم، ئەگەر

نەیکرد ئەوجا دەیدەیتە مەحکەمە، ئەوەش هەتاوەکو لە حەیاتی مەوەزەفی (یو ئێن) عقوبە دەستی پێ دەکرد، لەگەڵ ئیقتیراحەکەی جەنابی وەزیرم، بەس کەلیمەی تەکلیف ببێتە ئیشعار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێستا دوو ڕەئی هەیە، ڕەئیەکی ئەوەی کەوا لە پڕۆژە یاساکە پێشکەش کراوە، ئەوەی تریشیان ئەوەیە کە جەنابی وەزیر پێشکەشی کرد، بەڵام دیارە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەبوون کە ئەو تەعدیلەی سیاغەی کە جەنابی وەزیر تەقدیمی کرد، ئینجا ئێمە ئەوەی جەنابی وەزیر ئەخوێنینەوە بۆتان، (على المجلس عند ثبوت مخالفة الاحكام الواردة في هذا القانون بأتخاذ الاجراءات الاتية:

اولاً: على المخالف تعديل أوضاعه وإزالة المخالفة فوراً خلال مدة محددة وذلك دون الاخلال بأحكام المسؤولية الناشئة عن هذه المخالفات.

ثانياً: الاغلاق المؤقت للمؤسسة المخالفة لمدة لاتزيد على ثلاثة اشهر على ان لا يمكن اعادة فتح هذه المؤسسة الا بعد ازالة المخالفة).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کاك عمر چیە نوقتەی نیزامی؟، فەرموو کاك عماد.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ڕاستە ئەگەر فەورەن بێ، نابێ تۆ مودەکە تەحدید بکەی، خەلەلەکی تریش هەیە لە فەقەرەی دووەم دەڵێت (لمدة لاتزيد على ثلاثة اشهر) ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ماددەی 9 فەقەرەی 2 سەلاحیاتی ئیلغا کە دەڵێت (لاتزيد على خمسة عشرة يوماً) باشە ئەمە تەناقز نابێ لەگەڵ ئەم سەلاحیاتە، ئەگەر بەس ئەو فەقەرەیە بۆ جەنابتان بخوێنمەوە بۆ ئەوەی نەبێتە ئیشکال بۆ ئێمە، (المادة التاسعة: ثانياً: غلق الاماكن المراد تفتيشها وفي حالة حدوث اية ممانعة او عرقلة عند تنفيذ مهامهم لمدة ثلاثة ايام وللمجلس صلاحية الغاء الاغلاق او تمديده لمدة لا تزيد على 15 يوماً) لێرە دیسان سەلاحیاتمان کردە سێ مانگ، باشە ئەمە موتەناقز نابێ، ماددەی 9 و (ثانياً)، ئەوەی پەیوەندی بە عزوی زەبتی قەزائی هەیە، ماددەی 9 دەڵێت (المادة التاسعة: يعد من اعضاء الضبط القضائي، الموظف المفوض رسميا من قبل المجلس و بالتنسيق مع وزارة العدل اثناء قيامه بواجباته في حدود اختصاصات المجلس التي تقع بالمخالفة في احكام هذا القانون و له في سبيل ذلك)، ئینجا فەقەرەی دووەم دەڵێت (غلق الاماكن) ڕاستە ئەو سەلاحیاتەی دایتە عزوی زەبتی

قەزائی، بەلاّم بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، پازدە ڕۆژەکە دایتە مەجلیس، لێرەش هەر باسی غلق دەکات، (الاغلاق المؤقت للمؤسسة المخالفة).

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة عشرة:

على المجلس عند ثبوت مخالفة الاحكام الواردة في هذا القانون أتخاذ الاجراءات التالية:

اولاً: على المخالف تعديل أوضاعه وإزالة المخالفة خلال مدة محددة وذلك دون الاخلال بأحكام المسؤولية الناشئة عن هذه المخالفات.

ثانياً: الاغلاق المؤقت للمؤسسة المخالفة لمدة لاتزيد على خمسة عشرة يوماً على ان لا يمكن اعادة فتح هذه المؤسسة الا بعد ازالة المخالفة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی بژمێرین، بۆ ئەوەی کەس گلەیی نەکات، 36 کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانیە تکایەدەستی بەرز بکاتەوە؟، 13 کەس لەگەڵدانیە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة عشرة:

على مجلس القضاء في الاقليم تشكيل محاكم تنظيم التجارة للنظر في النزاعات الناشئة عن حماية المستهلك والمنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية وغيرها من الممارسات التجارية، ويكون القضاة في هذه المحاكم من قضاة الصنف الثاني على الأقل. ويطبق احكام قانون تنظيم التجارة العراقي النافذ في الإقليم او اي قانون آخر يحل محله بما لايتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 17:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمدا دادگای ڕێکخستنی بازرگانی دابمەزرێنێ بۆ سەیر کردنی ئەو ناکۆکیانەی کە لە پاراستنی بەکاربەر و کێبڕکێ ڕوو دەدەن و قەدەغە کردنی کاری قۆرخ کردن لەکاری

بازرگانی دادوەرەکانی ئەو دادگایە بەلایەنی کەم لە دادوەرانی صنفی دووەم بن، حوکمەکانی یاسای ڕێکخستنی بازرگانی عیراقی کارپێکراو لەهەرێمدا پیادە دەکرێ، یان هەر یاسایەکی تر کە شوێنی دەگرێتەوە، بەمەرجێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی قانونی فەرموون.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین کەوا ماددەکە وەکو ئێستا چۆن هاتووە، ئێمە لەگەڵ نەسی ماددەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی بەکاربەر فەرموون.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەم ماددەیە زۆر موهیمە ئەبێ هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەین، مەسەلەی قانونی تەنزیمی تیجارە ژمارە 20 ساڵی 70 ی هەموار کراو لە عیراقدا، بەڕاستی ئەوە لەسەردەمێك داڕێژراوە کە سیستەمی ئابووری لە عیراق سیستەمێکی ئابووری شمولی مەرکەزی بوو، ئێستا تەوەجوهەکە گۆڕاوە، یەعنی هەندێك عقوبات لەو یاسایەدا هەیە دەگاتە حەدی ئیعدام، ئەمە لەگەڵ تەوەجوهاتی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ناگونجێت، بۆیە ئێمە پێمان باشە ئەگەر مەبەستی ئەم ماددەیە ئەوەبێ کە یاساوێك یان موبەریرێکی قانونی بۆ دروست کردنی مەحکەمە، ئەتوانین ئێمە پەنا ببەینەبەر قانونی سوڵتەی قەزائی بۆ دروست کردنی مەحاکم، بۆیە ئێمە پێشنیارێکی ترمان هەیە، ئێستا عەرزی دەکەین لەسەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکرێ، (المادة السابعة عشرة) پێشنیارەکەی ئێمە ئەوەیە، (على مجلس القضاء في الاقليم تشكيل محاكم للنظر في النزاعات الناشئة عن حماية المستهلك والمنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية وغيرها من الممارسات التجارية وفق احكام قانون السلطة القضائية رقم (23) لسنة 2007) تەبیعی ئەگەر ئێمە ئەو یاسایە پابەند نەکەین بە تەتبیق کردنی ئەحکامی قانونی تەنزیمی تیجارەی عیراقی، چونکە ئێستا قانونی حیمایەی موستەهلیکمان هەیە، ئەتوانین ئەوە تەتبیق بکەین، ئەگەر نیزاع لەسەر موستەهلیك بێ، ئەوە قانونی مونافەسەشمان دەرکرد، دیسان قانونی تیجارەشمان هەیە، قانونی تەنزیمی تیجارە نافزە لە هەرێمی کوردستان، واتە پێویست ناکات، ئێمە یەعنی حوکمەکانی ئەم یاسایە تەنها پابەند بکەین بە یاسای تەنزیمی تیجارەی عیراقی، کە من ئاماژەم پێی کرد، بەڕاستی هەندێ عقوباتی زۆر توندی تێدایە، لەگەڵ تەوەجوهە ئیقتیسادیەکەی ئێستا، عیراق بە گشتی و هەرێمی

کوردستانیش ناگونجێ، له عیراقیش تەبیعی ئەمە بە موعەلەقی ماوەتەوە، یەعنی هەتاوەکو یاسای حیمایەی موستەهلیك و مونافەسەش تەبعەن ئیلزام نەکردووە کە ئەو یاسایە تەتبیق بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی مافی بەکاربەر دەکەین، بەس لێرە یەك نوقتەم هەیە تێبینی دەکەین بەنیسبەتی لیژنەی دارایی لە ماددەی 17 لە ئەسڵی پڕۆژەکە نووسراوە (ومنع الممارسات الاحتكاريه وغيرها من الممارسات التجاريه (او غيرها من الممارسات التجاريه) یەعنی نەمینێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی لیژنەی بەکاربەر دەکەین، چونکە لە قانونی تەنزیمی تیجارەی عێراقی، قانونێکی ئیشتیراکیە، زۆریش قورسە، لەبەر ئەوەی بە موتلەق بێت باشترە لێرە، کە تەقریبەن پێشنیارەکەی ئێمە دێتە سەر عەینەن شت، (على مجلس القضاء في الاقليم تشكيل محاكم للنظر في النزاعات الناشئة عن حماية المستهلك والمنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية وغيرها من الممارسات التجارية ويكون القضاة في هذه المحاكم من قضاة الصنف الثاني على الأقل) بە موتلەق بێت باشترە، چونکە ئێمە بۆ بازاڕی ئازاد دەچین، دەبێ قانونەکان بگونجێت لەگەڵ ئەوان، بە نەزەری من بەو شێوەیە بێ باشتر دەبێ، تەقریبەن عەینەن شتە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، سۆزان خان، هاژە خان، کاك نەریمان، کاك عمر، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە تەرحەکەی لیژنەی مافی بەکاربەر دەکەم، لەگەڵ ئیزافەیەکی بچکۆلە، لەبەر ئەوەی جارێکی تر مەوزوعی دروست کردنی ئەم مەحکەمانە نەکەوێتە گفتوگۆیەکی یاسایی و تەعلیق بکرێ و هەر دروست نەکرێ، بە دەردی مەحاکمی خێزانی لێ بێت، یاسای توندو تیژی خێزانی هێشتا جێبەجێ نەکراوە، من داواکارم کە باس بکرێ لەوەی (تشكيل محاكم تنظيم التجارات في المحافظات وادارة گرميان) بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە کێشەیەکی هەیە نەگاتە ئەوەی کە ئەبێ ئیلا لە هەولێر مەحاکەمە هەبێ، بێتە هەولێر،

بەڵكو كە ئەو حاكمانە دائەنـدرێن لەهەموو شوێن، لە هەموو یەكێك لەو پارێزگایانە و بەئیدارەی گەرمیانیشەوە، ئەو قوزاتانە بتوانن سەیری ئەو قەزایانە بكەن، ئەگەر ئاوا نەكەین، هەمووی هەر لە هەولێر دەبێ بە حەیاتی قەزیەیەك نابینـدرێت، ئەوسائەڵێن قەزایە زۆرە لەبەردەستیان و بۆیە سەیر ناكرێ، شتەكان زۆر زۆر بووە، ئەگەر بمانەوێ جێبەجێ بكرێ، ئەبێ لە هەموو موحافەزەیەك مەحكەمەیەك هەبێ، بۆ ئەم قەزیانە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەسەر تەشكیل كردنی مەحكەمەكە، من پێموایە لە ڕووی لوغەویەوە تەشكیل مەحاكم، مەحاكم ئەبێ چەند مەحكەمەیەك بێ، بۆیە وا باشترە ئەگەر ئێمە تەشكیلی مەحكەمەكە دابنێین وا تەعدیلی بكەین( على مجلس القضاء في الاقليم تشكيل محكمة خاصة بتنظيم التجارة) من وام پێ باشترە ئەگەر بەو شێوەیە بێ، ئەگەر مەحكەمەیەكی خاس بێ دەبێ بەو شێوەیە بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا من لەگەڵ ئەوەم كە بەشێوەی جەمعەكەی بێ، مەحاكم بێ، لەبەر ئەوە ئەوكاتە بەپێی زەروریات لە قەزاو ناحیەكانیش بۆئەوەی كاری عەمەلیەی تیجاری بە سەریعی بڕوات، پێویست ئەكات زیاتر بن نەوەك یەك مەحكەمە، یەعنی تەنها لە پایتەخت دادەنـدرێت، پشتگیری ئەوەی سۆزان خانیش دەكەم، ئەگەر مەحاكمەكە لابـەین موحافەزەكان و ئیدارە بەكاربێنین ئەوەش دەگونجێ، بەڵام مەحاكم خۆی تەختیەی ئەوە دەكات لەهەر كوێ پێویست بێ دادەنـدرێت، سەبارەت بەوەی كە لیژنەی مافی بەكاربەر دەڵێن تەنزیمی تیجارە عیراقی یاساكەی لە كوردستان، ئەگەر بێتو لێرە ئاماژەی پێ بدەین، شەدیدەو هەندێجار عقوبەكان زۆر قورسە، بەڕێزان ئێمە ئەو یاسایە ئێستا لە كوردستان كاری پێ دەكرێ، یەعنی ئەوەنیە مەرفوزبێ كاری پێ دەكرێ، بۆیە لێرەش شەرتێكی داناوە كە ئەو یاسایە بۆ ئەعمالی جینائی عقوبەكانی قورس دەبێ و دەگاتە ئەوە، نەوەك بۆ ئیحتیكاری، بۆیە بەڕاستی من لەگەڵ تەئیدی نەسی ماددەكە دەكەم، لە كۆتاییەكەشدا ئەگەر سەیری بكەین، كە ئەڵێت (ويطبق احكام قانون تنظيم التجارة العراقي النافذ في الاقليم او اي قانون اخر يحل محله بما لا يتعارض مع احكام هذا القانون) كەواتە تۆ ئەوەی كە تەعاروزی كرد لەگەڵ عقوبەكانی ئەم یاسایە جێبەجێی ناكەی، بۆیە من پێموایە زۆر تەبیعیە، ئەو ماددەیە وەكو خۆی بمێنێتەوەو بە باشی ئەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر مەسەلە ئەوەبێ قانونی تەنزیمی تیجارە، وەكو لیژنەی بەكاربەر باسیان لەسەری كرد، یاسایەك ئەگەر لە سەردەمی ئیشتیراكیەت و لەسەر دەمی ڕژێمێكی ڕابردوو، بە عقوبەیەكی زۆر قورس بە حیجزی ئەحوالی مەنقولەو غەیری مەنقولە و موسادر هەموو ئەموال كراوە، حەپسیشی تیایە لەگەڵ ئەوە غەرامەش تیایە، ڕاستە یاسایەكی زۆر قورس و یاسایەكی زۆر نالەبار بووە لەكاتی خۆیدا، دروست نەكردنی مەحكەمەكەش بە گوێرەی ئەم موقتەرەحەی بەكاربەر باسی لەسەر دەكات، مەحكەمەی تەنزیمی تیجارە، ڕاستە ئەو مەحكەمەیە بە قازیەكی سنفی دوو لەم یاسایە باسی لەسەر كراوە، ئەگەر ئەم یاسایە جێبەجێ نەكرێ هەرچەند ئەم یاسایە ئێستا ئیلغا نەكراوە لە عیراق، بەلاّم وەكو خۆی ماوەو مردووە و ئیشی پێ ناكرێ، لە ئەسلاً بگەڕێینەوە سەر ئەسڵ، لە ئەسڵ ویلایەتی مەحاكم هەیە، مەحكەمە ویلایەی عامەی هەیە، بەسەر هەموو قەزایەكان كە پێشكەش دەكرێ، زۆرترین بابی ئەم یاسایەش عیقابیەو تەعویزیە، عقوبەتەو تەعویزە، هەموو مەحكەمەكانی جوناح ئەتوانێ ئەم دەعوایە ببینێ، هەموو مەحكەمەكانی بەدائە ببینێ، ئەو تەعویزاتانە ببینێ بەگوێرەی ئەم یاسایە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە بێتو لە ئێستاوە ئیلزامی مەجلسی قەزا بكەین، وەكو ئەوەی سۆزان خان باسی لەسەر كرد، یاسایەكمان دەركرد، مەحكەمەیە تەنها یەك حاكمی تەحقیق زۆر بە كەمی ئەیبینێ نەوەك سەد دەر سەد بۆ ئەو كێشانە، نیە، لەبەر ئەوە ئەمەش ئەچێتە بابی ئەم یاسایانەی ترەوە، بەهۆی نەبوونی تەشكیل كردنی مەحكەمەیەكی تایبەت بۆی، یاسایەكە مردار ئەبێتەوە، لەبەر ئەوە واباشترە بۆ ئەوەی ئەم یاسایە تەفعیل بكرێ، ویلایەتی عامی هەموو مەحاكم هەیە لەهەرێمی كوردستان بە گوێرەی قانونی سوڵتەی قەزائی، جونەحمان هەیە، تەحقیقمان هەیە، بەدائەمان هەیە، ئیستیئناف هەیە، ئەوانە تەحدیدی سەلاحیەتەكان نەكراوە، بابڵێین تۆ چی و چی ئەبینی بە گوێرەی ئەوەی كە لە قانونی سوڵتەی قەزائی باسی لەسەر كراوە، موخالەفە بێ ئەیبینێ، تەعویز بێ ئەیبینێ، جونەح بێ ئەیبینێ، لە ئەسلاً ئەم ماددەیە زیادەو پێویست ناكات لێرەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو ماددەیـە مـن حـەز دەكـەم هەنـدێ بەرچـاو ڕوونـی بـدەم بـە پەرلـەمانی بـەڕێز كـە بـاس لـە تەشكیلی مەحاكمی تەنزیمی تیجارە ئەكات، ئەمڕۆ لە دونیایە لەم بیست ساڵەی ڕابـردوو، شـتێكی تـازە لـە دونیا دا هاتووە، موستەسمر یاخود شەریكات، یاخود بنـوك، خـۆی ناداتـە دەسـت ڕەحمـەتی قـانونی داخلـی، لەبـەر ئـەوە ئـەبینین لـە دەوڵـەتانی كەنـداو، لـە عـەمانی پایتـەختی ئـوردن، لـە وڵاتـانی ئـەوروپی شـتێك داهاتووە، پێی ئەوترێ مەحكەمەی تەحكیمی تیجاری، یاخود لیجانی تەحكیمی تیجاری، لەبەر ئـەوە هەقـە ئەوە وەزیری تیجارەش لێرەیە، بەڕێزیشتان گوێتان لێی بێ، ئەمڕۆ لە قانونی ئێرە، لـە مـەناهیجی قـانونی ئێرە، بە حروبەوە لە عیراق و بەهۆی حیسارەوە قەوانینی عیراقی زۆر دواكەوتووە، نە شتێكمان هەیە ناوی عقودی نموزەجی بێ، نەشتێكمان هەیە ناوی مەحاكمی تەحكیمی تیجارە بێ، نە ناوی لیجانی تەحكیم بـێ، نــە دەربــارەی ئیستیسـمار ئەوانــەی كـە پێشـكەوتووە لـە دونیـا، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە ڕوون بكرێتــەوە مەحكەمەی تەنزیمی تیجارە داخلی خۆتـان بـاش ئـەزانن، تـەحكیم لـەقانونی مرافعاتیشا لـەماددەی 60 بزەبت نازانم لـە چـەند بـاس كـراوە، بـەڵام موسـتەسمر خـۆی ناداتـە دەسـت قـەزاو قـەدەرو بـەر ڕەحمـەتی قانونی داخلی، بۆیە پێویستە وەزارەت بیر لەوە بكاتەوە، دووەم شت، من لەیەك شت ئەترسـم لـەم ماددەیـا، دروست نەكردنی ئەم مەحكەمەیەی كە ئەڵێ مەحكەمەی تەنزیمی تیجارە دروسـت بـێ، دروسـت نـەكردنی ببێتە هۆی جێبەجێ نەكردنی یاساكە، لەبەر ئەوەی لە ساڵی 2008 ئەمرێك هەیـە لـە 2007 ش قـانونی 23ی 2007 ی سوڵتەی قەزائی هەیە كە ئەبێ مەحكەمەی ئیداری بۆ نموونە لە سلێمانی و لـە دهـۆكیش دروسـت بكـرێ، بــەڵام بــەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمان، تـاوەكو ئـەم دەقەیـە دوای پێـنج سـاڵ، تـاوەكو ئێسـتا مەحكەمەی ئیداری لە سلێمانی دروست نـەبووە، لـەدهۆكیش بـە هەڵـە نەچوبێتم دروسـت نـەبووە، لەبـەر كەمی حاكم، تۆ بەیانی فەرزی ئەكەی بەسەر حاكم ریئاسەتی ئستیئنافی سلێمانی و ریئاسەتی ئیستیئنافی كەركووك و ریئاسەتی ئیستیئنافی دهۆك، كە حاكم دائـەنێی بـۆ مـەحاكمی تـەنزیمی تیجـارە، ئـەو جوابـت ئەداتەوە ئەڵێ نیمە، بەڵام ئەگەر بێینە سەر ئەسڵی قانونەكـە بـەپێی قـانونی مورافـەعاتی مـەدەنی، ئـەڵێ (للمحاكم ولاية عامة على جميع الاشخاص الطبيعية والمعنويـة) ئـەكرێت بـۆ ئـەوەی دروسـت نـەكردنی ئـەم ماددەیە، دروست نەكردنی ئەم مەحكەمەیە نەبێتە هۆی تەعتیلی قانونەكە، بـەیانی مەحكەمـە بڵێـت مـن ناتوانم جێبـەجێی بكـەم، لەبـەر ئـەوەی حـاكمم نیـەو مەحكەمەكـەم تەشـكیل نـەكردووە، لـەپاڵ ئـەوە كـە ئەنووسـرێ مەحكەمــەی تــەنزیمی تیجـارە دروسـت بكـرێ، یـان تــەكلیف كردنــی یـەكێ لـە حاكمـەكانی مەحكەمــەی بەدائــە، مەحكەمــەی بەدائــە ڕەئیســی هەیــەو چــەند عزوێكـی مەحكەمـەی بەدائـە ئـەكرێ یەكێكیان تەكلیف بكرێ، ئەگەر تۆ فەرزی بكـەی ئـەو مەحكەمەیـە هـەر هـەبێ، مـن دڵنیـام بـۆ نموونـە لـە مەحاكمی سلێمانی تاوەكو دوو ساڵی تریش قانونەكە دەربكەن، ناتوانێ حاكمێـك بـۆی تـەكلیف بكـات ئـەوە دروست بكات، بەپێی قانونی مورافەعاتیش ئەوەی مەحكەمە خـۆی، مەحكەمـەی بەدائـە ئـەوەی ویلایـەتی عامـەی هەیـە لەسـەر هـەموو ئەشخاسـی تـەبیعی و مەعنـەوی، ئـەكرێ مەحكەمـە ئـەو دەورە ببینێـت، بـا نەسێكی بۆ زیاد بكرێ یاخود تەكلیف كردنی مەحكەمەی بەدائە، من ئەمە قسەكانم بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە پێشنیارەكان كە دیاری كراوە، هەندێ ئەندام پەرلەمانی بەڕێز داوای ئیلغا كردنی ئەم ماددەیان كردووە، ئەگەر جەنابتان بیخەنە دەنگەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

داوایان كرد ئیلغا بكرێ، كێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم ماددەیە ئیلغا بكرێتەوە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 24 كەس لەگەڵدایە ئیلغا بكرێ، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 28 كەس لەگەڵ ئەوەدایە بمێنێتەوە، كەواتە دەمێنێتەوە، فەرموون ئاخیر سیاغەتان.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة عشرة:

على مجلس القضاء في الاقليم تشكيل محاكم للنظر في النزاعات الناشئة عن حماية المستهلك والمنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية وغيرها من الممارسات التجارية وفق احكام قانون السلطة القضائية رقم (23) لسنة 2007.

دیارە پێشنیارێك هەیە لای سكرتێری پەرلەمان، كە ئەو عیبارەی كۆتایی لاببەین، ئەو پێشنیارەش عەرز دەكەین:

(المادة السابعة عشرة:

على مجلس القضاء في الاقليم تشكيل محاكم للنظر في النزاعات الناشئة عن حماية المستهلك والمنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية وغيرها من الممارسات التجارية).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 48 كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 6كەس لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثامنة عشرة:

أولاً: يعاقب المسؤول عن الادارة الفعلية للشخص المعنوي المخالف بذات العقوبات المقررة للافعال المخالفة لأحكام هذا القانون اذا اثبت علمه بها وكان اخلاله بالواجبات التي تفرضها عليه تلك الادارة قد اسهم في وقوع الجريمة.

**ثانياً: يكون الشخص المعنوي مسؤولاً بالتضامن عن الوفاء بما يحكم به من عقوبات مالية او تعويضات اذا كانت المخالفات قد ارتكبت من احد العاملين به او باسمه او لصالحه.**

**بەڕێز د.احمد ابراهيم ورتى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس فەقەرەی یەکەم هەیە، فەقەرەی دووەم نیە، بۆیە ئەگەر نەسە عەرەبیەکە بکرێتە ئەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی بەکاربەر فەرموون.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە دەقی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی دەکەین وەکو خۆی بمێنێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، ئاهەنگ خان، کاک نەریمان، کاک قادر، کاک عبدالسلام، کاک برهان، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەو دوو فەقەرەیەی ئەو قانونەی (يعاقب المسؤول عن الادارة الفعلية للشخص المعنوي) ئەوە حکومەتیش دەگرێتەوە، لەو فەرەزنا موەزەفەك لە وەزارەتی تیجارە ئەو دوو فەقەرەیەی پێشێل کرد، ئەوە واردە رەئیس دائیرەکە لەباتی ئەو زەرەرەکەی بدات، یان تەعویزەکەی بدات، بەلأم ئەوە لە نیزامی شەریکات نیە شتی ئەوها، من غەلەتەکەی دەکەم بە گوێرەی ئیشی خۆم عقوبەکەش دەبێ تەحەمول بکەم و بە سینگ فرەوانی زۆرجار وای لێدێت دەلێت ئیشەکەت بەجێبهێلە، چونکە تۆ ئەوەت کردووە، ناتوانین ئێمە ئەوە لەسەر شەریکەیەك فەرز بکەین، (تضامن عن الوفاء) وەفا لە تیجارەت نیە، یەك زائید یەك یوساوی دوو، چەندت غەلەت کردووە ئەوەندە پارە دەژمێری، چەند پارەکەشم ژمارد ئەوەجە دەبمە موهەندسەکی چاك، من جارەك خۆشم عقوبەداوە لە مەشروع، خۆم عقوبەدا ڕۆژێك چونکە بۆ؟، وەلەو ئەو لە جەلسەی پەرلەمان جێگەی ئەوەنیە، بەلأم تۆ مەسئولی لەسەر دانانی موحەجەرەیەك کە من دەبینم خوار دانراوە، من مودیر مەشروعم، موحاسیب مودیر مەشروعە، موراقیب لەوێیە، گوتم ئەمڕۆ شەریکە دەبێ ئێمە راتبمان هەمووی ببڕێ، مەفروزە ئێمە لێنەگەڕاباین ئەوە خوار بڕوات، نیە شتی ئەوها، بۆیە من لەگەڵ ئەو فەقەرەیە نیم، بەنیسبەتی حکومەت قەینا، موەزەفێکت لە لایە ئیشەکی خراپی کردووە لەباتی ئەو پارەکەی دەدەم لەبەر ئەوەی نیەتی، بەلأم لە شەریکات شتی وا تەتبیق نابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکی بچووکم هەیە لە ڕاستی بڕگە (1) کە دەڵێت (اذا ثبت علمه بها) ئێمە باسی ئەوە ئەکەین کە (مسؤول عن الادارة الفعلية) کەسێك کە مەسئوول بوو لە شەریکەیەك، حەتمەن ئەبێ مەسئوول بێ لە هەموو کارو کردارەکانی ئەو شەریکەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم(اذا ثبت علمه بها) لابرێت، لەبەر ئەوە بەڕاستی هینێکی مەتاتیە، بۆ حاکمیش زۆر زەحمەتە ئەوە ئیسپات بکات، ئەوە کە مەسئولە شەریکەکەی داناوە، دەبێ عیلمی هەبێ لە هەموو هەڵسوکەتێکی شەریکەکەی، لەهەموو عەمەلیەکی تیجاری کەدەیکات و کاری پێ دەکات، بۆیە من داوا دەکەم (اذا ثبت علمه بها)لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر بڕگەی یەکەمی ماددەکەیە، کە لە هەردوو شوێنەکە موخالەفە هاتووە، لە ئەخیری دەڵێت(قد اسهم في وقوع جريمة) یەعنی جەریمەو موخالەفە نازانم جیاوازیەکیان نیە، لەئەخیریش هەر بنووسرێ(في وقوع مخالفة) موخالف کارەکە سەرپێچی کارەکە عقوبە بدرێ، نەوەك لەهەردوو شوێن موخالەفەکان هاتبن و لێرە ببێ بە جەریمە، تەسەور دەکەم جیاوازیان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەو مونتەلەقە قسە ئەکەم بەهیوای ئەوەین ڕۆژێك بێت ئێمە دەقە کوردیەکان کاریان پێ بکرێ لە مەحاکم و شت، (اذا ثبت علمه بها) ئەگەر زانیاری خۆی لە بارەیەوە سەلماند، یەعنی هاتو سەلماندی یەکێك گوتی شکایەتی کردووە، گووتویەتی ئەو ئاگادار نەبووە و سەلماندی کە زانیاری هەیە، ئەگەر سەلمێنرا کە ئەو ئاگادار نەبووە، یان کوردیە ڕاستەکەی حەز دەکەم بینووسن، ئەگەر ئاگادار بوونی لەو سەرپێچیە سەلمێنرا، مەبەست ئەوەیە، مەعقولە ئەو لەوێ بێت ئیسپات بکات ئەمزانی سەرپێچی هەیە، وازحە (اذا ثبت) دووەمیشیان (وكان اخلاله بالواجبات التي تفرضها عليه تلك الادارة قد اسهم في وقوع الجريمة) توخوا گوێ لەوکوردیە جوانە بگرن، ئەگەر زیان گەیاندنەکەی کە ئەو کاریگەریەی بەسەریدا دەسەپێنێ بەشداربووی لە ڕووداوی تاوانەکە کردبێ، ئەگەر سەرپێچیەکەی لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی کە ئەو بەڕێوەبردنە لەسەری ئەمێنێ، بەشدار بوون یان کاریگەر بوون لە تاوانەکە، تەنها بۆ ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەربارەی بڕگەی دووەمی ماددەکە قسە ئەکەم، هەست ئەکەم هەڵەیەکی تیایە، کاتێ باسی ئەوە ئەکات مەعنەوی مەسئولە لە عقوباتێکی مالی زائیدەن تەعویزات، ئەگەر ئەو موخالەفانە کران لە لایەن یەکێك لە موەزەفەکانیەوە، یان بەناوی ئەوەوە یان لە سالحی ئەو، ئەساسی عقوبە وجودی رکنی مەعنەویە یەکێك لە روکنەکانی عقوبە روکنی مەعنەویە، روکنی مەعنەویش قەسدی جینائیە، کە من قەسدی جینائیم نەبێ، موەزەفێکم شتێکی کردبێ خۆم نەم کردبێ، تۆ بە چ هەقێك عقوبەی من ئەدەی؟، من خەڵك ئەناسم ناو ناهێنم برادەری خۆم، ئیشی تیجارەتی کردووە، خەڵك هەبووە لەبەردەمیا کاری کردووە، بەبێ ئەوەی ئەو ئاگای لێ بێ ئەو چووە ئیشی تەهەروبی گومرگی بۆ کردووە، کە هاتۆتەوە گوتوویەتی من خۆم وەستاوم جا ئەوەت بۆ کرد، گوتی وەڵلا بۆتۆم کرد بۆ ئەوەی خێر زۆر بکەی، کاکە من پێت ئەڵێم ئەو

شتانه مەکه حەقی خۆی بده، ئێ باشه ئەگەر بەیانی کەشف بێ خاوەن ئیشەکە، خاوەن شەریکەکە تۆ عقوبەی ئەدەی ئەم عیلمی نەبێ، ئەم قەسدی جینائی نەبێ، ئەم پێی نەوتبێ، موەزەفێ خۆی ئەو ئیشە بکات بۆ ئەمە ئەبێ ئەمیش باجەکەی بدات، لە تەعویزات ئەو پارەی کە ئیستیفادەی کردووە هەقی خۆیانە لێی بسەنن، بەلأم لە عقوبات ئێ خۆ عونسوریەکی عقوبە روکنی مەعنەویە، قەسدی جینائیە، کە ئەم قەسدی جینائی نەبێ، تۆ عقوبەی چی ئەدەی، تەعویزەکەی لێ بستێنە ئەوەی کە ئیستیفادەی کردووە، بەس عقوبەی مەدە، دوای ئەوە رەنگە ئەساسی ئەمە فیکرەی موساهمی شەریك بێ لە فیعلی جورمی لە قانون، موساهم و شەریك ئەچێتەوە بۆ ئەعمالی ئەوەی تەزامن و کافالەت و یان زیان گەیاندنی ماددی بە تەزامون و کەفالەت پارە بدات؟، لە غەیری ئەوە ئەگەر ئەم شتێ ئاگای لێی نەبووبێ، موەزەفێك کردبێتی بۆ ئەبێ باجەکەی بدات، عقوبەکەی بدات، ئەو ئیستیفادەی کردوویەتی هەقە بە تەعویز لێی بسەندرێ، بەلأم عقوبەدانی ئەوەی کە قەسدی جینائی تیا نەبووبێ کە عیلمی نەبووبێ، بەراستی ناحەقی و ناقانونیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە مادام مەسئولیەکە تەزامونیە، کاك برهان ڕاست ئەکات یەعنی ئەبوایە عیلمەکەمان لەگەڵی دانابوایە، بەلأم مادام مەسئولیەکە تەزامونیە خۆی ئەبێ عیلم هەبێ، لەگەڵ ئیخلالەکەش بێ و واجبەکەش هەبێ، بەلأم ئێمە لەگەڵ ئەوەش لەگەڵ ئەو دەقەین کە هاتووە وەکو خۆی ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە، سەبارەت بەدەقە کوردیەکەش ئێمە هەر لە سەرەتاوە ئاماژەمان بەوە کرد کە ئێمە دەقە عەرەبیەکە بکەینە ئەساس، دەقە کوردیەکە بە ئەساس وەرنەگیرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، ئاخر ناوی خۆت نەنووسی بوو، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە خۆ باس لە دەزگایەکی حکومی ناکەین واکەوتووینەتە ناوی، ڕەئیسەکەی وای لێ ئەکرێ و موەزەفەکەی وای لێ ئەکرێ، ئەمە شەریکەیە شەخسێکی مەعنەوی هەیە، زۆرجار هەیە موحامیێك ئەکاتە وەکیلی خۆی بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشەکانی خۆی، بەلأم ئەگەر هاتو ئەم شەریکەیە موخالەفەی ئەحکامی ئەم قانونەی کرد، ئەبێ عقوبەکانی بەو شێوەیە بێ، ئەگینا بەڕێزان(سی، ئی، ئۆ) یاخود مودیری تەنفیزی شەیکات ئەوەندە مەنسەبێکی موهیمە، ئەگەر ئێمە بەو نەوعەی لێ بکەین لەناو ئەم قانونە کەس نابێتە (سی، ئی، ئۆ) ی هیچ شەیکەیەکی گەورە لەم وڵاتە، مەجبوورە هەمووی ئەچن خەڵکی بیانی ئەهێنن

دایئەنێن، چونکە تۆ ئاگات لێ بێ هەر عقوبەی ئەدەی، موساهەمەی کردبێ هەر غەرامەی لێ ئەسەنی، ئاخر ئەمە چۆن ئەبێ؟، تەعویزی لێ ئەسەنی، مع العلم ئەو شوێنە ئیداریە، بەڕێزان نیزامی شەریکات وبەڕێوەبردنی شەریکاتی تایبەت وەکو نیزامی حکومی نیە، ئەبێ ئەم جیا کردنەوەیە بزانین، بەچ حەقێك تۆ دێیت تەداخول لە ئیشی کۆمپانیایەك ئەکەی ئەڵێی عقوبەی سی، ئی، ئۆکەو بدەم، مودیری تەنفیزیەکەت بدەم، شتی وا نەبووە لەدونیا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لێرە دوو شەرت دانراوە، یەکەمیان ئیسپات بوونی عیلمی ئەو شەخسە بەو ئەفعالانەی کە موخالفی ئەحکامی ئەو قانونەیە، دووەم، ئیخلالی ئەو واجباتانە بکات کەوا ئەو ئیدارەیە لە سەرووی پێویست دەیکات، کەوابێ مەشروتە لێرە، یەعنی بە رەهایی نیە، دووەم، کاك عبدالسلام ئاماژەی بەوە دا کە (اذا ثبت علمه بها)پێموایە لێرە غەڵەتە، ئەبێ بڵێین (اذا ثبت لدى المحكمة علمه بها) چونکە ئەو شەخسە چۆن عیلمەکەی خۆی ئیسپات ئەکات، زانیاری دەربارەی هەبێ، چونکە عقوبە دەدرێ لێرە، سزا دەدرێ، لەبەر ئەوە باشترە لێرە بڵێین (اذا ثبت لدى المحكمة علمه بها وكان اخلاله بالواجبات التى تفرضها عليه تلك الادارة قد اسهم في وقوع الجريمة ) لێرەدا مەشروتە زۆر ئاسایە بەو شێوەی کە لەماددەکە هاتووە بمێنێت، ماددەکە وەکو خۆی (أولاً: يعاقب المسؤول عن الادارة الفعلية للشخص المعنوي المخالف بذات العقوبات المقررة للافعال المخالفة لأحكام هذا القانون اذا ثبت علمه بها وكان اخلاله بالواجبات التي تفرضها عليه تلك الادارة قد اسهم في وقوع الجريمة.

ثانياً: يكون الشخص المعنوي مسؤولاً بالتضامن عن الوفاء بما يحكم به من عقوبات مالية او تعويضات اذا كانت المخالفات قد ارتكبت من احد العاملين به او باسمه او لصالحه).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 37 کەس لەگەڵدایە، تکایە کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 9کەس لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆماددەیەی تر، جەنابی وەزیر تێبینی هەیە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری پیشەسازی و بازرگانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکی ئیزافیمان هەیە لێرە دەڵێین (اولاً: تخصص وزارة المالية موازنة للمجلس ضمن ميزانية الوزارة سنوياً لتغطية نفقاتها.

ثانياً: يعتبر مورداً للمجلس الرسوم التي تحصل عليها المجلس وفقا للانظمة التي تصدر بموجب هذا القانون).

هەروەكو ئاشكرابوو لەو چەند ڕۆژەی ئەو قانونەمان لێرە موناقەشە كرد، چەند ئەركێكی گەورە دەكەوێتە سەر وەزارەت، چەند موئەسەساتی پێویستە، ئەوەش بەبێ پارە ناكرێ، ئەو میزانیەی وەزارەتمان هەیە زۆر كەمە، لەبەر ئەوەی كە تەخسیس نەكرێت، حەز دەكەم ئەو پێشنیارەی ئێمە قبوڵ بكرێ، چونكە لە مەسڵەحەتی ئەو قانونەكەیە ئیشەكە بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیارە پێشتریش ڕەفزمان كردووە، ئێستاش لەگەڵی نین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د.احمد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم ورتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو كاك عیمادیش ئاماژەی پێدا، پێشتر لەو مادده ئیزافیە هەبوو، بەڵام ڕەفز كرایەوە لە لایەن لیژنەی هاوبەشەوە، چونكە میزانیەی ئەو مەجلسە لە زمنی میزانیەی وەزارەتەكە ئەبێ ساڵانە، لە پەرلەمان پەسەند بكرێت، پێویست ناكات هەر مەجلسێك هەر ئەنجومەنێك زیاد كرابۆ وەزارەتێك میزانیەی خاسی بۆ دابندرێت، لەبەر ئەوەی بەلای ئێمەوە ئەوەیە كە پێویست ناكات لە زمنی میزانیەی وەزارەتەكە بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵام یەك تەوزیح هەیە، كاتێك كە میزانیەی وەزارەت دانراوە ئەم مەجلیسە نەبووە، ئەم مەجلیسە تازەیە، ئەم مەجلیسە مەسروفاتی خۆی هەیە، یەعنی هیچ تەخسیسێك نیە لەوەزارەت بۆ ئەم مەجلیسە، خۆتان قرار ئەدەن و خۆتان قانونین، فەرموو كاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو یاسایە پەسەند بوو ئێستا، چوە سەرۆكایەتی هەرێم، سەرۆكایەتی هەرێم پەسەندی كرد، ئەوە وەزارەتی مەعنی بۆی هەیە كیتاب بنووسێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بڵێت یاسایەك هاتووە، یاسایەكە پێویستی بە تەقدیمێك هەیە، میزانیە تەقدیم دەكات بۆ ئەو دەزگایە، ئێمە پێویستیمان بەو موازەنە هەیە بۆ جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە، پێویست ناكات ئێمە لێرە ئاماژەی پێ بدەین، چونكە ئەمە تەحسیل حاسلە، پێویستە پارەی بۆ تەرخان بكرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیقتیراحەکەی وەزیر زۆر بەجێیە، چونکە ئێمە هەر موئەسەسەکی دابنێین ببێتە ریقابەو مونافەسە، بە عەکسەوە دەبێ نەیخەینە ناو بابی وەزارەت و ئەعبائەکانی دیکە، بیخەینە سەر بابەکی تایبەت بۆ ئەوەی روحی قانونەکەی پێ تەتبیق بکرێ، من لەگەڵ ئەوەمە میزانیەکەی بۆ تەتبیق بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان بۆ حەل کردنی ئەو ئیشکالە بەتایبەتی خۆ هەموو ساڵێك وەزارەت ناچێ عەریزە بنووسێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران بڵێ توخوا ئەمساڵیش بیرتان نەچێ، پارە بۆ ئەو مەجلسە دابندرێ، ئەبێ نەسێکی قانونی دابندرێت و بوترێ (على الوزارة تحديد ميزانية خاصة للمجلس ضمن ميزانية الوزارة) ئەگەر ئەمە دانەندرێت هیچ ساڵێك حیساب بۆ ئەو مەجلسە ناکرێ، میزانیەی بۆ دانانـدرێت، چونکە ئەمە شتێکی تازەیە، هەیکەلیەتێکی تازەیە، ڕاستە وەزیر ئێستا ئەمساڵ ئەتوانێ بە عەریزەو بە کیتابونا کیتابوکم شتێکی بۆ تەرتیب بکات، ئەی ساڵانی داهاتو، ئەی ئەم مەجلسە چۆن ئەڕوات؟، ئەی چۆن ئەو خەڵکانە ئەپارێزی لەوەی خۆیان نەفرۆشن بە شەریکەیەك؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر هەورامی فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەماشای ماددەکانی پێشوو بکەین، ئەوانەی کە لەناو مەجلسەکەن، هەموویان وەزیفەیان هەیە، ئەمە یەك، دوو، ئەو مجلسەی کەتەشکیل دەبێ بیشوبهێنین بە نموونە، ئەگەر وەزارەتی تەربیە وەربگرین هەزار قوتابخانە هەیە، ساڵی داهاتوو ئەبن بە هەزارو پەنجا قوتابخانە، وەزارەتی تەربیە بۆخۆی هەڵدەستێ بەوەی کە موازەنە یان پارە تەخسیس بکات بۆ ئەو قوتابخانە تازانەی کە هەن، بۆیە کە لە ئەخیر هاتووە

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و ئەو وەزارەتانەشی کەپەیوەندیدارن بە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، تەعلیماتی پێویست دەربکەن، یان کاری پێویست بکەن بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی یاسایەکە، بۆیە وەزارەت زۆر ئاسان ڕێگەی یاسایی لەبەر دەستە، بۆ ئەوەی موازەنەی تایبەت بۆ مەجلسەکە دابنێت، پێویست ناکات لێرە بوترێت ئەوە ئیش وکاری سالآنەی وەزارەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەم یاسایە دەرناکەین لەبیابانێك، ئەم یاسایە دەرئەکەین لە کیانێکی سیاسی و قانونی، کە قەوانین و ممارەساتی پێشووی هەیە، هەرچەند هەفتەیەك ئێمە بودجەمان بۆ جاری سێیەم یان چوارەم پەسەند کرد، بودجەکان وازحە، یەکەمین جار لەکاتی ئامادەکردنی بودجە وەزیرەکان دێن بەپێی ئەو وەزعە تازەی وەزارەتەکە خۆی، بودجەی خۆی پێشنیار دەکات، واتە تەحسیل حاسلە، دووەم، لە ئێستا تاوەکو بودجەی تازە دابندرێت هەم لە یاسای بودجەکە ئێمە ڕێگامان داوە بە درێژایی ئەم یاسایە، سێ، چوار ڕێگامان داناوە کە جێبەجێ کردن و پێویستیەکانی ئەم یاسایە فەراهەم بکرێن، وەزیر هەقی موناقەلەی هەیە لە زمنی تەشکیلات، وەزیری دارایی هەقی هەیە، ئەنجومەنی وەزیران ئەتوانێت ڕێنمایی دەربکات کە بە پێچەوانەی چەند مادده نەبێ، بۆیە غەرەز لەو مادده تازەیە جێبەجێ کراوە، یاساکانی کاریان پێ ئەکەن ڕێگا ناگرن، بۆیە تەسەوڕ دەکەم ماددەکە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەقەناعەتی من ئەو یاسایە یاسایەکی زۆر زۆر موهیمە، ئەساسی بووژانەوەی ئابووریە، بنچینەی بازاڕی ئازادە، لەدواجاریش یەکێکە لە پێگەکانی سیستەمی دیموکراسی، بۆ ئەوەی ئێمە کێبڕکێی بازاڕی ئازاد بکەین و دژی ئیحتیکار، پێویستە ئەو مەجلیسە پشتگیری بکرێ، پێموایە پشتگیری کردنی ئەو مەجلیسەو بەردەوام بوونی ئەو مەجلیسە، ئەو مەجلیسە بتوانێ بە ئەرکی خۆی هەڵبستێ، پشتگیری ماددی ئەوێ، بۆیە من پشتگیری ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر دەکەم کە لەو یاسایە بودجەی بۆ دیاری بکرێ، بۆ ئەوەی ئەو مەجلیسە لە دوا ڕۆژدا بتوانێ ئیشەکانی خۆیان بە ڕێك و پێکی جێبەجێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسە لەسەر گرنگی ئەم یاسایە زۆر کراوە، یاسایەکی گرنگە، بەلاَم دابین کردنی بودجە تەنها لە یاسای بودجە ئەکرێ، ئێمە کە بودجە هەموار کراو چەند مانگێك خەریکی بووین، زەحمەتە ئێستا تۆ بلێی لەفلاَن بودجە لەکوێ بۆی ئەهێنی؟، دوو، لە ماددەی 19 ئەلێت لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە پەیڕەوی ناوخۆی بۆ دەربکات، وەزیرەکانیش ڕێنمایی پێویستی بۆ دەربکەن، قەناعەت وایە لەماددەی 19 بەو پەیڕەوی ناوخۆ و ڕێنمایی پێویست ئەو مەسەلەیە حەل کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ یەك تەوزیح بدەم، ئێمە دائیمەن کە موناقەشەی بودجەمان کرد، من ئەو دوو ساڵەی کە لە پەرلەمان بووم موناقەشەی بودجە کرا، دەڵێ بودجە بە هەدەر دەچێ و بودجە وا دەچێ و بودجە وادێ، سەد عەیب وعیوبی لێ دەبینینەوە، کەچی حکومەت خۆی دەیەوێ گۆڕانکاریەکی لەناو سیستەم و نیزامی بودجە بکات، بەشێوەیەکی موئەسەساتی بیبات، ئێمە لێرە دەستی دەگرین، من هەر تەعەجوبم لەوە دێت، بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە، ئەو بەخۆی دەیەوێ شتێك بکات، بودجەکەی بەرەو نیزامێکی موئەسەسات ببات، ئەو گۆڕانکاریەی کە تەخسیس دەکرێ، حکومەت بەخۆی دەڵێ گۆڕانکاری دەکەم لە نیزامی بودجە بۆ ئەوەی ئەو پارەیە بەهەدەر نەچێ، ئێ دەڵێ بگەڕێن تەتبیقی بکات، یەعنی تەعەجوب دەکەم لەو شتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەنگە بەڕێز وەزیر هەست بە غوبنێك بکات لە کاتی دانانی بودجە بۆ وەزارەتەکەی، ئەویش کاریگەری کردووە لەسەر ئەو یاسایە، وابڵێ هەقە بودجەیەکی تایبەتی بۆ دابنێین، بەلاَم ئەرکی پەرلەمانتارانە لەکاتێ کە وەزارەت داواکاری خۆی پێشکەش دەکات، پشتیوانی بکەن بۆ هەموو ئەو یاسایانەی کە ئەهمیەتیان هەیە لە کوردستان جێبەجێ بکرێ، لەبەر ئەوە پێموایە..، چونکە ئەو دەزگایەکی تایبەت نیە ئەو یاسایە تۆ بڵێی میزانیەکی تایبەتی بۆ دابنێی، مەجلیسێکە بەشێکە لەوەزارەت، لەبەر ئەوە، بەلاَم هەرچەند دەچینە خولێکی تر، خەڵکی تر دێتە شوێنی ئێمە، بەلاَم ئەوانە پشتیوانی ئەو وەزارەتە بکەن

بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە ئەهمیەتێکی گەورەیان هەیە لە کوردستان، پێویست بە بودجەی تایبەت ناکات، سوپاس، چونکە ناشتوانی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر حەقیەتی ئەو پێشنیارە بکات، میزانیەی وەزارەت ئەسڵەن موستەعید نیە بۆ کارێکی ئیزافی، بەلاَم تەرخان کردنی پارە تەنها لە یاسای بودجە دەکرێ، بەس موشکیلەی وەزارەت موشکیلەی ئەم ساڵە بەس، قانون بۆ ئەمساڵ نیە، قانون بۆ چەند ساڵێکە، ئێمە موشکیلەمان ئەو شەش مانگەیە، یان دەبێ وەزارەتی مالیەو ئەنجومەنی وەزیران ئیلزام بکەین بە تەرخان کردنی بڕە پارەیەك بۆ جێبەجێ کردنی یاسایەکە، یان دەبێ زومنیەن لە ماددەی 9 ئەنجومەنی وەزیران ئەو ئیشە جێبەجێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنجومەنەکە دەستەیەکی سەربەخۆ، یان مەسەلەن موئەسەسەیەکی سەربەخۆ نیە، بەشێکە لە وەزارەت و لەناو وەزارەت دەبێ، هەتاوەکو بڵێین ئەمە بودجەی تایبەت و سەربەخۆی پێویستە، بەلاَم ڕەنگە ئیش و کارەکانی ئەنجومەنەکە پێویستی بەوە هەبێ بەڕاستی پشتیوانی دارایی بکرێ، بۆیە ئەو سیغەیەی سۆزان خان باسی کرد، بڵێین لەسەر وەزارەت پێویستە لەچوار چێوەی بودجەی ساڵانەی خۆیدا پشتیوانی دارایی بۆ کار ئاسانی ئەنجومەنە کە تەرخان بکات، بەم شێوەیە هەوڵ بدەن لەناوی دارشتنی بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا لەمیانەی گفتوگۆکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دوو ڕەئی گەلاڵە بووە لە لای ئێمە، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، پێشنیاری ئەوە کراوە پێشنیارێکیش هەیە کەوا پشتگیری ئەکەن، بەلاَم پشتگیری کردنەکە پاشان پێویستی بە سیاغە کردن هەیە، ئیلغایەکە دەبێ بخرێتە دەنگەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەكو باسیان كرد دوو رەئی هەیە، ئێستا ئەو پێشنیارەی وەزیر كە پشتیوانی بكرێ بۆ ئەوەی میزانیەكی بۆ دابندرێت، ڕەئیەك هەیە دەڵێ لەغو بكرێ، كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە ئەو پێشنیارە نەبێ تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، كێ لەگەڵدایە بمێنێتەوە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، زۆرینەی دەنگ لەغوی كرد، بەداخەوە جەنابی وەزیر سەركەوتوو نەبوو، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة عشرة:

على مجلس الوزراء والوزير كل حسب اختصاصه إصدار الانظمة والتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزیر هەریەكەیان بەپێی تایبەتمەندی خۆی پەیڕەو ورێنمایی پێویست دەربچوێنێ بۆ ئاسانكاری جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی دەنگ لەسەر ئەم ماددەیە بدەین، ئێمە ماددەیەكی موقتەرەحمان هەیە، ئێستا ئەگەر جەنابتان ڕێگە بە ئێمە بدەن عەرز بكەین، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، پێشنیارەكە ئەوەیە، (على الشركات التي الآت اليها النشاطات الاقتصادية من خلال العمليات حصصة تكييف وضعها القانوني وفق احكام هذا القانون خلال مضي ستة اشهر من تاريخ صدور هذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەو پێشنیارە.

**بەڕێز سنان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی وپیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە تەحسیل حاسڵە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو پێشنیارە؟، لەبەر ئەوی پێشنیارەکە ئەبێ بچێتە پێشی ئەم ماددەیە، بۆیە ئێمە موناقەشەکەیمان دوا خست تاوەکو ئەو پێشنیارە حەسم ئەکەین، ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە، کاك برهان، سۆزان خان، شلێر خان، کاك عبدالسلام، فەرموو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕەئی من ئەو ماددەیە زیادە، لەبەر ئەوەی خۆت ئەزانی شەریکات هەمووی بەپێی قانونی شەریکات کە دروست بووە، وەختی خۆی تەکیفی وەزعی قانونی خۆی کردووە، شتێکی تازەی ئەوتۆی تیا نیە کە جارێکی تر ئەو نەسە بنووسینەوە، پێشتر بەپێی قانونی شەریکاتی نافز لەلایەن ئیدیعامی شەریکاتەوە کە ئیجازەی دراوەتێ، تەکیفی وەزعی قانونی خۆیان کردووە، خەلەلیان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ هاوکارم کاك برهان، من کاتی خۆی ئەم خەسخەسەیە کە کراوە، بەپێی نیزامی شەریکات کراوە، ئێستاش ئەم قانونە هەموو شەریکەیەك ئەگرێتەوە، کە لە لای شەریکات تەسجیل کراوە، یەعنی ئەوەی تیا نیە کەسی دەرباز بێ، ئیتر خەسخەسەی کردبێ و کۆمپانیای تایبەتی خۆی بێ، گەورەبێ و بچووك بێ، هەمووی لە سجلی شەریکات هەیە، بۆیە من پێموایە ئەوە زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە دوو کەس داوای دەکات لەغو بێ، بۆچی موناقەشەی بکەین، با ئەوە بخەینە دەنگەوە، بزانین لەغوە یان دەمێنێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ڕەفز بکرێتەوە با دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدایە ئەو پێشنیارە بمێنێتەوە با دەستی بەرز بکاتەوە؟، 12 کەس لەگەڵدایە بمێنێتەوە، زۆرینەی دەنگ ڕەتی کردەوە، فەرموو بۆ سەر ماددەکەی پێشوو تر، ماددەکەش خوێنرایەوە، ماددەیەکی پرۆتۆکۆلیشە، کێ دەیەوێ قسەی لەسەر بکات، بابفەرموێ، فەرموو کا صباح بیت الله فەقەت.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 19 لە عورفی یاساکاندا واهاتووە، ئەم ماددەی 19 ئەبێتە 2 ماددە( علی مجلس الوزراء) بەجیا(علی رئیس الوزراء) بەجیا، بە رەئی من بکرێتە دوو ماددە، لە عورفی یاساکاندا وا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تێبینیت.

**بەڕێز سینان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی وپیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بیكەینە دوو فەقەرە مادام وایە، (على رئيس الوزراء)و(على مجلس الوزراء).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو ئەڤین خان.**

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دیارە ئێمە لەبەر ئەوەی كەماددەكان زیاتر نەبێ، حەسرمان كرد لەیەك ماددە، ئەنزیمە هەموومان ئەزانین مەجلسی وزرا دەری ئەكات، تەعلیماتیش وەزارەتی موختەس دەری ئەكات، بۆیە لێرە زۆر بە ڕوونی هاتووە، وابزانم پێویست ناكات بكرێتە دوو ماددە، لەیەك ماددە حەسر بكرێت بڕوا،**

**اولاً: على مجلس وزراء اصدار الانظمة اللازمة .**

**ثانياً: على الوزير كل حسب اختصاصه اصدار التعلمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، بە تێكڕای دەنگ بەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.**

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**اولاً: على مجلس الوزراء اصدار الانظمة اللازمة لتنفيذ هذا القانون.**

**ثانياً: على الوزير اصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆماددەیەكی تر.**

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الماده العشرون:**

**لايعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی 20 کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية والعشرون:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 21:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية والعشرون:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ئاخیر فەقەرە.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

لأجل تنظيم المنافسة ومنع الممارسات الأحتكارية التي تؤدي الى الحاق الضرر بالمجتمع التي يقوم بها الأشخاص الطبيعية والمعنوية من المستثمرين والمنتجين والمسوقين أو غيرهم في جميع النشاطات الانتاجية والتجارية والخدمات والانشطة الاقتصادية التي يتم خارج الاقليم وترتب عليها آثار داخليه. فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی هەتانە بیخوێننەوە؟.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆیە پێویستیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە**

لە پێناو ڕێکخستنی کیانی کێبڕکێ و نەهێشتنی کاری قۆرخ کردن کە دەبێتە مایەی زیان گەیاندن بەو کۆمەڵگایەی کە کەسی سروشتی و مەعنەوی گەشەپێدەران و بەرهەم هێنەران و ئەوانەی کاری بە بازاڕ کردنی بەرهەم ئەنجام دەدەن، غەیری ئەوان لە هەمو چالاکیەکانی بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاری و چالاکی ئابووری کەلە دەرەوەی هەرێم ئەنجام دەدرێن، کار دەکەنە سەر هەرێم ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ئەو ئەسباب موجیبەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی لەسەر هەیە؟، چوار کەس، کاک عبدالسلام، کاک جمال، کاک خورشید، زکیە خان، فەرموو زکیە خان.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەم بهێین سەح کەینێ ناڤەڕۆکا یا ڤێ قانونا یا ئەڤڕۆکە دێتە خینەدن، موقارەنە کەین گەل ڤێ ئەسباب موجیبێ، ئەو ئەسباب موجیبە ب نیسبەت ڤێ قانونێ زۆریا زەعیفە، ژ لایێ زاراوەیێ ڤە، ژ لایێ ئەو تشتێت هاتینە ب کارئینان ناڤەڕۆکێدا، ژبەر هندێ ئەز پێشنیار کەم، ئێك، ژوان موستەلەحاتێت کو ئەم زێدە بکەین ڤێرێدا، ئێك، مە بۆ چ ئەڤ قانونە دانایە، کو بشێین هەدەفێ ڤێرە دیار بکەین، ئێك، ئازادیا موناڤەسا هەبیتن، دوو، ئیحتیکار ل بازاڕێ نەمینیت، سێ، ببیتە حافزەك بۆ کێم کرنا یا کولفەو سعر و باشتر کرنا جەودە ب نیسبەت سیلع و خەدەمات، یا چارێ، تەشجیع کرنا یا ڤیتاعێ خاس و موختەلەت و عام، کو د ئەنجامدا هاوکاریا ئابووریا نیشتیمانێ، ژ ڕێکخستنا ب چ شێوازەکێ بیتن، داڕشتنا وێ حەڤە ئی دی بنووسن کو لیژنا پەیوەندیدار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ دەقەکەم، بەس دوو تێبینیم هەیە، یەك(جميع النشاطات الانتاجية والتجارية والخدمات والانشطة الاقتصادية التى (تتم) نە (يتم)خارج الاقليم (وترتب عليها اثار داخل الاقليم) ئەو دوو مولاحەزەیەم هەیە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی دەقە کوردیەکە من تێنەگەیشتم، بۆیە تێبینیم لەسەر دەقە عەرەبیەکەیە، کە ئەڵێت (لأجل تنظيم المنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية التى يؤدى الى الحاق الضرر بالمجتمع التى يقوم بها) تۆزێك رەکیکە لە عەرەبیەکە، دوو، سێ جوملەی سانەوی و تەفسیری تێدایە، من پێشنیار ئەکەم پاش (الممارسة الاحتكارية) (التى تؤدى الحاق ضرر المجتمع) هەڵبگرین، بێنینە خوارێ بۆیە (منع الممارسات الاحتكارية التى يقوم بها الشخص الطبيعى او المعنوى) وابزانم دروست تر بێت( او غيرهم في جميع النشاطات الانتاجية والتجارية والخدمات و الانشطة الاقتصادية التى تتم خارج الاقليم وتؤدى الى الحاق ضرر بالمجتمع) بیننە ئێرە، (خارج الاقليم التى تؤدى الى الحاق ضرر بالمجتمع) بیننە پاش ( خارج الاقليم) .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لانە خان فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەسباب موجیبە یەعنی لەگەڵ دەقی سیاغەکەی لیژنەی قانونیم، بەس لێرە یەك ئیزافەم هەیە، کە ئەویش نووسراوە(او غيرهم في جميع النشاطات الانتاجية والتجارية والخدمات والانشطة الاقتصادية التى يتم داخل وخارح الاقليم) چونکە داخیل نەنووسرایە، خارج الاقليم، داخیلەکەی بۆ ئیزافە بکرێ، داخیل ئیقلیمیش بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم پێویست ناكات ئەسباب موجیبە ئەوەندە درێژ بێ، پێش ئێستا ئەهدافی قانونمان باس كردووە، ئەگەر سەیری ئەوانە بكەین وادیارە دووبارە دەبێتەوە، بۆچی بەیەك دێر یان دوو دێر، هەر ئەسباب موجیبە بۆیان دەخوێنمەوە( تشجیع المنافسة ومنع الاحتكار في المجالات كافة بمافیها اقتصاد السوق والمرحلة التنمویة التی یشهدها الاقلیم فقد شرع هذا القانون) بەس ئەوە زیاتر نەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەست ئەكەم قسەكانی من زۆربەی لانە خان كردی، بەڵام هەست ئەكەم هەڵەیەك هەیە، كە نووسراوە تەواوی ئەو ئەنشیتە و چالاكیە بەرهەم هێنان و ئەنشیتەی ئیقتیسادی ئەوەی لە دەرەوەی هەرێم ڕوو ئەدات، وا هەست دەكەم كە لیمەی داخلەكەیان بیر چووە، لە ئەسباب موجیبە داخلەكەی بۆ ئیزافە بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سینان احمد چەلەبی/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرانە لە فەقەرەی ئەخیر لەجیاتی داخیل، دەبێ بنووسرێ داخل الاقلیم، ئەوە دەبێ ئیزافە بكرێ، یەعنی دەبی داخیل بكرێ مەعنایەكەی هەبێ لەوێ، بەس كە بنووسرێ داخل الاقلیم تەواوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

الاسباب الموجبة

لأجل تنظیم المنافسة ومنع الممارسات الاحتكاریة التی یقوم بهاالشخص الطبیعی والمعنوی من المستثمرین والمنتجین والمسوقین او غیریهم في جمیع النشاطات الانتاجیة والتجاریة والخدمات والانشطة الاقتصادیة، التی تتم داخل وخارج الاقلیم والترتب علیها أثار داخل الاقیلم والتی تؤدی الحاق ضرر بالمجتمع.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەسبابی موجیبەو قانونەكە بە تێكڕایی، تكایە كێ لەگەڵدایە دەستی بەرزبكاتەوە؟، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، یەك كەس لەگەڵدانیە، باقی ئیتر هەموو پشتیوانیان لێی كردووە، دەستیان خۆش بێ، ماندوو بوون كارێكی زۆرباشتان كرد، ئومێد ئەكەین ئەوە ببێتە عاملی خێر بۆ میللەتەكەمان و پێشكەوتن بۆ میللەتەكەمان، ئێستا بزانین جەنابی وەزیر ئەگەر قسەیەكی هەیە بابفەرموێ.

**بەڕێز سينان احمد چەلەبی/ وەزیری پیشەسازی و بازرگانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، چەند ڕۆژێکە ئێمە لێرانە موناقەشەی ئەو قانونە موهیمە دەکەین، حەزدەکەم بزانن لە زۆر دەوڵەتان، لە تورکیا کە من مەعلوماتەکی باشم هەیە لەوێ، لەبەر خاتری ئەو قانونە موئەسەسەیان داناوە، کە ڕەبتی ڕیئاسەتی وزەرایە، پێی دەڵێن موئەسەسە ڕەقابە، تەبعەن موئەسەسەکە دادەنێنن بە جودا، وا حیساب بکەین کە وەزارەتێکی بچووکە، ئەرکەکی زۆری لەسەر هەیە، ئێمە کە لێرانە ئیسرارم کرد، کە دیزاینێکی بۆ دابندرێت من دەمزانی سەبەبەکەی چیە، ئێمە ئەگەر بمانەوێ تەفعیلی ئەو قانونە بکەین، پێویستی پارەمان هەیە، برادەران قسمەکی زۆریان دەنگیان بۆ ئەوەی نەدا، قسمەکیشیان بەموناسبیان دیت وەبێ، ئینشائەڵلا ئەو قانونە دەبێتە قانونێکی زۆر خێرو بەرەکەت بۆ تەنزیمی ئیقتیسادی هەرێمی کوردستان، بە ئینگلیزی دوو سیستەم هەیە، یەك سیستەمی ئیعتیادی، یەکیش پێی دەڵێن (کاوس) یەعنی فەوزا، لە قانون دەڵێ فەوزاش نیزامەکە، من لەگەڵ ئەوەنیم، من لەگەڵ ئەوەم ئینسان کە ئیشەکی دەکات، حیسابی سبەی بکات، حیسابی دوو سبەی بکات، مونافسەکی زۆر شەریف بێ، کە ئیشەکەی دەکات زەرەر نەداتە ئەترافی خۆی لەسەر قازانجەکی غەیری شەرعی خۆی، بۆ ئەوەی ئەو قانونە ئینشائەڵلا تەنزیمی ئەوە دەکات، من سوپاسی هەموو برادەران دەکەم لێرە، ئەوەی دەنگیان دا، ئەوەی کە دەنگیان نەدا، بەتایبەت سەرۆکایەتی پەرلەمان، جارێکی تر سوپاسی هەمووتان دەکەم، ئینشائەڵلا خێردار دەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ هەمووتان، تاوەکو سەعات 11 ڕۆژی دوو شەممەی داهاتوو بەخواتن دەسپێرین، هەربژین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 15\4\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2013/4/15

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی دوو شـەممە ڕێكـەوتی 2013/4/15 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسن محمد سوره جێگـری سـەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (7)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (7)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2013/4/15 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای داینگە لە هەرێمی كوردستان.

2- هەڵبژاردنی سەرۆكی دەستەی گشتی دەستپاكی لە هەرێمی كوردسـتان – عێـراق لـەنێوان ئـەم بەڕێزانـە (سامح عثمان یونس) و (سیروان عمر امین) و (د.احمد انور).

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای هـەموار كردنـی یەكـەمی یاسـای ئیمتیـازاتی زینـدانی كـراو و ڕاگیراوی سیاسی ژمارە (11)ی ساڵی 2011.

4- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای دیاری كردن و وەرگرتنی شایستە داراییەكانی هەرێمی كوردسـتان – عێراق لە داهاتەكانی فیدراڵ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (7)، رۆژی دانیشتن 2013/4/15، بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (7)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێری 11ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2013/4/15 بەم شێوەیە بێت:**

**1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای داینگە لە هەرێمی کوردستان.**

**2- هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان – عێراق لەنێوان ئەم بەڕێزانە (سامح عثمان یونس) و (سیروان عمر امین) و (د.احمد انور).**

**3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و راگیراوی سیاسی ژمارە (11)ی ساڵی 2011.**

**4- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دیاری کردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق لە داهاتەکانی فیدراڵ.**

**5- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ژمارە (2)ی ساڵی 2010.**

**داوا لە لیژنە تایبەتەکان دەکەین، لیژنەی یاسایی و لیژنەی کۆمەڵایەتی و لیژنەی پەروەردە بفەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین بەخێر بێن، فەرموون راپۆرتی خۆتان بخوێننەوە.**

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان دەربارەی پرۆژە یاسای (داینگەکان لە هەرێمی کوردستان)**

**لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ وخێزان لە بەرواری 2011/2/28دا کۆبووەو بۆ لێکۆڵینەوەی پرۆژە یاسای داینگەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە لە بەرواری 2011/12/5 بە نووسراوی ژمارە (918)ی سەرۆکایەتی پەرلەمان دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە (17)ی رۆژی 2010/12/1 هەواڵەی لیژنەکەمان کراوە، لیژنەکەمان دوای لێکۆڵینەوەو گفتوگۆ گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

**یەکەم/ لیژنە پێشنیاز دەکات کە ماددەیەکی تایبەت بە ناساندنی کردنی زاراوە یاساییەکان، پێش ماددەی یەکەم زیاد بکرێت بەو زیاد کردنەش زنجیرەی ماددەکان وەك ئەمەی خوارەوە دەگۆرێت.**

**1. وەزارەت: وەزارەتی کاروباری کۆمەلأیەتی لە هەرێمی کوردستان - عێراق.**

**2.وەزیری: وەزیری کاروباری کۆمەلأیەتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**3. بەرێوەبەرایەتی گشتی: بەرێوەبەرایەتی گشتی چاودێری کۆمەلأیەتی وپەرەپێدان .**

**4. بەرێوەبەر: بەرێوەبەری بارەگای داینگە.**

**دووەم/ ماددەی دووەم:**

**یەکەم/ لە (ماددەی یەکەمی ئەسلی پرۆژەکە) لیژنە کەمان پێشنیاز دەکات ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:**

**لانەکانی داینگە ئەو مندالأنە وەردەگرێت، کە دەقی مەرجی وەرگرتنیان لەم یاسایەدا هەیەو، کاریش دەکات بۆ رەخساندنی هەل ومەرج و کەشی گونجاو بۆ پێگەیاندنیان بە جۆرێکی ئەوتۆ کە لەرێگەی بەکارهێنانی بەرنامەگەلی پەروەردەیی و کۆمەلأیەتی مۆدێرنەوە، بەشێوەیەکی سروشتی و سەلامەتی فەراژوو بکرێت (تنمیة) بکرێت.**

**سێیەم/ مادەی سێیەم: ئەم ماددەیە وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەلأم ئەم گۆرینانەی خوارەوەی تێدا دەکرێت:**

**1- دەستەواژەی (نیمچە فەرمی) لە برگەی سێیەمی ماددەکە لادەبرێت.**

**2- وشەی (هەموو) لە برگەی چوار لا دەدرێت و بە وشەی (گشت) دەگۆرێت.**

**3- وشەی (دیاری کردن) لە برگەی پێنجەم لادەبرێت لە جیاتی ئەو دەستەواژەیە دەبێت: (وەرگرتنی مۆلەت بە رێنمایی کە لەلایەنی وەزیرەوە دەردەچێت).**

**چوارەم/ لیژنە پێشنیار دەکات برگەی شەش لەم ماددەیە لابدرێت.**

**پێنجەم/ ماددەی چوارەم: ئەم ماددەیە وەك خۆی دەمێنێتەوە بەلأم گۆرینی وشەی (ذات) بە (ذو) دەگۆرێت.**

**1- هەرچی برگەی (أ)ی لە ماددەی چوارەم، دەستەواژەی (دیاری کردنی سەعاتەکانی دەوامکردن وکار کردنی) بۆ زیاد دەکرێت.**

**2- لیژنە پێشنیار دەکات برگەی (د) لەم ماددەیە لابدرێت.**

**شەشەم/ ماددەی پێنجەم: لیژنە ئەمانەی خوارەوە پێشیار دەکات:**

**1- سەبارەت بە برگەی (یەکەم)، لیژنە پێشنیار دەکات وشەی (جمیع منه)ی لابدرێت.**

**2- وشەی (اللعب) بگۆردرێت بۆ وشەی (لعب)، هەروەها وشەی (نفس) لە برگەکە لابدرێت.**

**3- لە برگەی (ج)دا وشەی (طفل) بکرێت بە (الطفل).**

**4- لیژنە پێشنیار دەکات برگەی (د) بەم شێوەی خوارەوە دابرژرێتەوە:**

(چێشتخانەیەکی لەبار کە ئامێری داکردنی گۆڕینی تێدا بێت و جگە لەوەش ئامێرگەلی تایبەت بە پاککردنەوەی شووشەکانی شیری تێدا بێت).

5- لیژنە پێشنیار دەکات بڕگەی (ھ) بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(ئاودەست و دەست شۆری لەبار بۆ ژمارەو تەمەنی منداڵانی لانەکە) دەستەبەر بکرێت.

6- لیژنە پێشنیار دەکات بڕگەی (و) بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(ژوورێکی لەبار بۆ نەخۆشەوانی کە هەلومەرجی تەندورستی تێدا بێت و ماددەکانی چارەسەری سەرەتایی لە خۆبگرێت).

7- سەبارەت بە بڕگەی (سێیەم) لیژنە پێشنیار دەکات بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە: (مۆڵەتی کردنەوەی لانەی داینگە بە هاوکاری لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی وچاودێری کۆمەڵایەتی فراژووکاری (التنمية) و لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی دەدرێت).

حەوتەم/ ماددەی شەشەم: لیژنە پێشنیار دەکات دەستەواژەی (گشت لانەکانی ئەو داینگایە کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە) زیاد بکرێت و دەستەواژەی (کە پەیوەستە بە بە سەندیکاو ڕێکخراوو تاکەکانەوە) لابدرێت و دەستەواژەی (مۆڵەت) بۆ دوای (کێشانەوە) زیاد بکرێت، وەك ئەم جۆرەی دادێ: (کێشانەوەی مۆڵەت لەلایەن وەزیرەوە بێت).

هەشتەم/ ماددەی حەوتەم: لیژنە ئەمانەی خوارەوە پێشنیاردەکات:

1- بڕگەی (سێیەم) وەك ئەمەی خوارەوە هەموار بکرێت:

(فێرکار: مەرجی ئەوەیە کە لە پەیمانگای فێرکارانی ئافرەت، یان لە یانەکانی فێرکارانی ئافرەت لقی باخچەی منداڵان دەرچووبێت، سەرپەرشتی کۆمەڵێك منداڵ دەکات کە تەمەنیان لە نێوان (3-4) ساڵی دەبێت، بە مەرجێك ژمارەیان لە (15) منداڵ زیاتر نەبێت، هەرخۆشی بەرنامەکانی ڕۆژانە پەیڕەو دەکات و ڕووی تەندروستی و پەروەردەییەوە خەمخۆری منداڵەکان بێت و، نەریتی ڕەوشی باشیان تێدا دەگۆڕێنێت.

2- لیژنە پێشنیاردەکات دەستەواژەی (في الاقل) بگۆڕێت و بکرێت بە دەستەواژەی (على الاقل) لە بڕگەی چوارەمی ئەم ماددەیەدا.

3- لیژنە پێشنیار دەکات لە بڕگەی چوارەم بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

مەرجە دەرچووی قۆناغی بنەڕەتی بێت، بە مەرجێك یەکێك لە خولەکانی شیاندنی لەم پیشەیەدا، دوای دامەزراندنی تەواو کردبێت، بە مەرجێك ئەم پەروەردکارە خزمەتی منداڵانێك بکات ژمارەیان لە (6) منداڵ زیاتر نەبێت، تەمەنیان لە (3) ساڵی تێنەپەڕاند بێت.

4- بڕگەی شەشەم وەك خۆی دەمێنێتەوە.

5- لێژنە پیشنیاز دەکات لە بڕگەی (حەوتەم)ی ئەم ماددەیەدا دەستەواژەی (یان پەیمانگای پزیشکی یەکان) بکرێت بە فێرگەکانی نەخۆشەوانی).

6- لیژنە پێشنیاز دەكات لە بڕگەی (هەشتەم و نۆیەم)دا دەستەواژەی (وەرزێر) بكرێت بە (باخەوان).

نۆیەم/ ماددەی هەشتەم: وشەی (بڕەكەی) و ئەو بڕەیانەی كە لە دوایەوەدێن لە هەرجێگایەكی ئەم ماددەیەدا هاتبن لابدرێن.

دەیەم/ ماددەی نۆیەم:كە (لە ئەسلەكەدا ماددەی هەشتەمە) وەك خۆی دەمێنێتەوە، تەنها بڕگەی (ج) لیژنەش پێشنیاز دەكات بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرییێتەوە:

(دەشێ لەسەر  نووسراوی خاوەن منداڵ پەیوەندیی منداڵەكە لەم لانەی داینگایانە  بپچڕێت، بە مەرجێ لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار بكرێتەوە).

یازدەم/ ماددەی دەیەم: وشەی (يحتوي) بە وشەی (تحتوي) لە دەقە عەرەبیەكەدا بگۆڕدرێت.

دوازدەم/ ماددەی یانزدەم: لیژنە پێشنیاز دەكات وشەی (تەنسیب) بە (تحدید) بگۆڕدرێت، پاشماوەی دەستەواژەكەش وەك خۆی بمێنێتەوە.

سێزدەم/ ماددەی دوانزدەیەم: لیژنە پێشنیازی ئەمەی خوارەوە دەكات:

1- لە پایانی بڕگەی یەكەم دەستەواژەی (ئەوەی لیژنەكە دایدەنێت) زیاد بكرێت.

2- بڕگەی (چوارەم)ی ئەم ماددەیە لابدرێت.

چواردەم/ ماددەی سێزدەیەم: لیژنە پێشنیار دەكات ئەم ماددەیە لابدرێت.

پازدەم/ ماددەی چواردەیەم:

1- لیژنە پێشنیاز دەكات بڕگەی (یەكەم)ی ئەماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(نابێ ناوی داینگە بگۆڕدرێت، یان بیناكەی بگوازرێتەوە، تەنها بە رەزامەندی لیژنەی تایبەت نەبێت).

2- بڕگەی (یەكەم) وەك خۆی بمێنێتەوە

شازدەم/ ماددەی پانزدە: وەك خۆی بمێنێتەوە.

حەڤدەم/ ماددەی شانزدە: لیژنە پێشنیار دەكات بەم شێوەیەی خوارەوە دابرێژرێتەوە: تێكڕای كەل و پەل و  پێداویستی هاوردەی داینگە لە تێكڕایی رەسمی حكومەت دەبەخشرێن، بە مەرجێك سوودەكەی بۆ منداڵان بێت و بازرگانی پێوە نەكرێت، ناشبێ بگوازرێتەوە، یان بفرۆشرێت تەنها بە رەزامەندیی پەیوەندار نەبێت.

هەژدەم/ ماددەی حەڤدەم: وەك خۆی بمێنێتەوە.

نۆدەم/ ماددەی هەژدەم: وەك خۆی بمێنێتەوە.

بیستەم/ ماددەی نۆزدەم: وەك خۆی بمێنێتەوە.

بیست و یەكەم/ ماددەی بیستەم: وەك خۆی بمێنێتەوە.

بیست و دووەم/ ماددەی بیست و یەك: وەك خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئـەوەی راپـۆرتی لیژنـەی یاسایی بخوێنمـەوە، داوا دەکـەم لـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان داوا لـە لیژنـەی پەروەردەو خوێندنی بالاّ بکات بۆ سەکۆی لیژنەکان بێن، لەبەر ئەوەی راپۆرتیان هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، کاك کاردۆ نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورن، لەبەر ئەوەی دواکەوتین بەهۆی هەندێك دەردەشە کردن، من لەسەر بەرنامەی کار تێبینـیم هەیـە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، دوێـنێ لـە لیژنـەی یاسایی قسـەمان کـرد لەسـەر ئـەوەی لێکۆڵـەرەوانی داد (محقـق العدل)یەکان بەپێی یاسا پێویستە موخەصەصاتێکیان هـەبێت، یـان مووچـەکانیان هاوتـا بکرێـت، چـەندین مانگـە پرۆژەکـەیان تەقـدیم کـردووەو خۆشـیان ئێسـتا مانیـان گرتـووەو دەسـەلاّتی دادوەری ئیشـەکانیان وەستاوەو دراوەتە دەست پۆلیس، ئەمە خاڵێکیان.

خاڵی دووەمیش/ داواکاری گشتی پرۆژەکەی دوو ساڵە تەقدیم کراوە،هیچ کۆسپێك نییـە، هـەموو دەزگاکـان پشتیوانی دەکەن،بەبێ هۆ ئـەم دەزگایـە دوێـنێ چـوو بوونـە نووسـینگەی سـلێمانی داوایـان کـرد بـوو وەکـو داواکاری گشتی کە ئامادەن دەست لەکار بکێشـنەوە ئەگـەر پرۆژەکـە نەکـەن، ئێمـە دەمانـەوێت ئـەو کۆسـپە روون بکرێتەوە، ئەو کۆسپانە چین رێگا نادەن پرۆژە یاسایەك کە تەئسیری هەیە لەسەر دەسەلاّتی قـەزائی، لەسەر ژیانی خەڵك، لەسەر بەڕێوەبردن نایهێننە بەرنامەی کار، یەك پرۆژە دێتن لە حکومەت بـۆ دوو رۆژ بە پەلە دەیهێنن وەکو ئەو پرۆژەی ئێسـتا تەقـدیم کـراوە لـە بەرنامـەی کـار، لەبـەر ئـەوە ئێمـە پێمانوایـە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەوە پێشیلکارییەکی گەورەیەو، حەقە بەهیچ شێوەیەك پەرلەمانتاران رێگە نەدەن بەو شێوەیە بەرنامەی کار وا بێت، ئێمە لە خولی کۆتـایی پەرلـەمان نزیـك دەبینـەوە بـەبێ ئـەوەی پـرۆژە یاسایەکمان پەسند کرد بێت کە کاریگەری هەبێت لەسەر کۆمەڵگای ئێمەو سەروەری یاسا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو پرۆژەیەکی یاسا پەیوەندی بە کۆمەڵێك خەڵکی کوردستانەوە هەیە، ناکرێت هەر ژمارەیەك خەڵکی بەڕێز خۆپیشاندانیان کرد، یان مانیان گرت ئیجبارت بکەن تۆ بچیت بیخەیتە بەرنامـەی کـارەوە بەڕاسـتی، لە پەرلەمان کاری وا ناکرێت، ئێمە حورمـەتمان هەیـە بـۆ هـەموو ئـەو خوشـك و برایانـەی کـە داواکارییـان هەیە، یان مانیان گرتووە ئێمە تەقـدیریان دەکـەین، داوا دەکـەین بـەپێی قـانون چارەسـەری مەسـەلەکانیان بکرێت، بـەلاّم سـەرۆکایەتی پەرلـەمان خـۆی باشـتر دەزانێـت کـە چ بەرنامەیـەك دەخرێتـە بەرنامـەی کـار، ئێستا ئەو بەرنامەی کارە بەشێکی ئێستای نییە، هی دە رۆژو پازدە رۆژ، بیست رۆژ پـێش ئێسـتایە، لەبـەر ئەوە حەق نییە کاك کاردۆ بەو شێوەیە قسە بکات، سوپاس، فەرموون بەردەوام بن.

بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەربارەی پرۆژەی داینگە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان _ العراق**

**م/ تقرير حول مشروع قانون دور الحضانة**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية بتاريخ 28/ رەشەمێ/2711 كوردي المصادف ليوم 2012/3/18 ميلادي لدراسة مشروع قانون (دور الحضانة) المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (17) في 2010/12/1، وبعد المناقشة والمداولة، ترى اللجنة:

المادة الاولى: تقترح اللجنة الغاء المادة وجعل مضمون المادة ضمن الاسباب الموجبة للقانون.

المادة الثانية: وتصبح بتسلسل (المادة الاولى): تقترح اللجنة مايلي:

1- تعديل المقدمة.

2- دمج الفقرة (رابعا) مع (اولا) من المادة.

3- دمج الفقرة (ا) و (ب) من الفقرة (سادسا) من المادة، واعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:

{المادة الاولى: تتولى وزارة العمل والشؤون الاجتماعية المهام الآتية:

اولا: فتح دورات وادارة واشراف دور الحضانة في الاقليم.

ثانيا: فتح وادارة واشراف الحضانة الخاصة بالاطفال اللقطاء والايتام واطفال السجناء.

ثالثا: منح اجازة فتح دور الحضانة وفق احكام هذا القانون.

رابعا: يتم تحديد اجور القبول في دورة الحضانة وفق تعليمات تصدر من الوزارة.

خامسا: يستوفى رسم مقابل منح الاجازة لفتح دور الحضانة} .

المادة الثالثة: تقترح اللجنة الغاء المادة لان مضمون المادة تدخل ضمن صلاحيات الوزارة.

المادة الرابعة: وتصبح بتسلسل (المادة الثانية):

اضافة شرط بتسلسل (رابعا) الى المادة وبالشكل الآتي:

{المادة الثانية/ رابعا: على منتسبي الدار استحصال شهادة الصحة وتأمين سلامتهم من الامراض} .

المادة الخامسة: وتصبح بتسلسل المادة ( الثالثة): تقترح اللجنة اعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:

{المادة الثالثة: في حالة مخالفة الدار الشروط واحكام هذا القانون، يتم:

1- انذار برفع المخالفة خلال مدة (15) يوما من تاريخ تبليغه بالانذار.

2- سحب الاجازة في حالة عدم ازالة المخالفة} .

المادة السادسة: تصبح بتسلسل المادة (الرابعة) وبالشكل الآتي:

{المادة الرابعة: يتألف ملاك دار الحضانة من:

اولا: مدير الدار: يشترط ان تكون حاصلة على شهادة جامعية اولية، ذات اختصاص او خريج احد المعاهد ويكون لها خبرة كافية في هذا المجال.

ثانيا: الباحثة الاجتماعية.

ثالثا: المعلمة.

رابعا: المرشدة: يشترط ان تكون من خريجات الدراسة الاعدادية على الاقل على ان تجتاز احدى الدورات التأهيلية.

خامسا: المربية: يشترط ان تكون من خريجات الدراسة المتوسطة على الاقل على ان تجتاز احدى الدورات التأهيلية.

سادسا: مشرفة تغذية: يشترط ان تكون حاصلة على الدبلوم في التغذية او الصحة او اعدادية التمريض.

سابعا: الممرضة: يشترط ان تكون من خريجات احدى مدارس التمريض التابعة لوزارة الصحة.

ثامنا: تضم دار الحضانة عدداً من العمال والمستخدمين حسب احتياجات الدار.

تاسعا: الغاء (الفقرة)}.

المادة السابعة: تقترح اللجنة الغاء المادة.

المادة الثامنة: تصبح بتسلسل المادة (الخامسة): تقترح اللجنة صياغتها بالشكل الآتي:

{المادة الخامسة: شروط قبول الاطفال:

اولا: تقبل دور حضانة الاطفال الذين تتراوح اعمارهم (بين سن الرضاعة وحتى نهاية السنة الرابعة).

ثانيا: ان يكون الطفل سالماً من الامراض السارية المعدية ومطعماً باللقاحات المقررة من قبل وزارة الصحة.

ثالثا: ينقل الاطفال عند اكمالهم الرابعة من العمر الى رياض الاطفال والمراكز الاجتماعية المدنية}.

المادة التاسعة: تصبح بتسلسل المادة (السادسة): تؤيد اللجنة ما ورد في مشروع القانون.

المادة العاشرة: تقترح اللجنة الغاء المادة.

المادة الحادية عشرة: تصبح بتسلسل المادة (السابعة): تقترح اللجنة صياغتها بالشكل الآتي:

{المادة السابعة: تلتزم دور الحضانة بتقديم وجبات غذاء صحية مناسبة للاطفال وفق الجدوال التي تخصص لذلك}.

المادة الثانية عشرة: تصبح بتسلسل المادة (الثامنة): تقترح اللجنة صياغتها بالشكل الآتي:

{المادة الثامنة: يتم تحديد ساعات عمل دور الحضانة الاهلية والحكومية بتعليمات تصدر من الوزير المختص}.

المادة الثالثة عشرة: تصبح بتسلسل المادة (التاسعة): تقترح اللجنة صياغة الفقرة (اولا) من المادة بالشكل الآتي:

{المادة التاسعة/ اولا: لا يجوز تغيير اسم دار الحضانة او نقل ملكيته للغير الا بموافقة مدير عام الرعاية والتنمية الاجتماعية}.

المادة الرابعة عشرة: تصبح بتسلسل المادة (العاشرة): تقترح اللجنة صياغتها بالشكل الآتي:

{المادة العاشرة: تسجل رسوم منح الاجازة المنصوص عليها في المادة (الثانية/سادسا) ايراداً نهائياً للخزينة}.

المادة الخامسة عشرة: تصبح بتسلسل المادة (الحادية عشرة): تقترح اللجنة صياغتها بالشكل الآتي:

{المادة الحادية عشرة: تعفى جميع التجهيزات ومستلزمات دور الحضانة المستوردة من جميع الرسوم والضرائب على ان تعود منفعتها للاطفال وان لا تستغل للمتاجرة بها}.

المادة السادسة عشرة: تصبح بتسلسل المادة (الثانية عشرة): تقترح اللجنة صياغتها بالشكل الآتي:

{المادة الثانية عشرة: على دور الحضانة القائمة حالياً تكييف اوضاعها وفقاً لاحكام هذا القانون خلال مدة اربعة اشهر من تاريخ نفاذه}.

المادة السابعة عشرة: تصبح بتسلسل المادة (الثالثة عشرة): تقترح صياغة المادة بالشكل الآتي:

{المادة الثالثة عشرة: لوزير العمل والشؤون الاجتماعية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون}.

المادة الثامنة عشرة: تصبح بتسلسل المادة (الرابعة عشرة): تؤيد اللجنة ما ورد في مشروع القانون.

المادة التاسعة عشرة: تصبح بتسلسل المادة (الخامسة عشرة): تؤيد اللجنة ما ورد في مشروع القانون.

المادة العشرون: تصبح بتسلسل المادة (السادسة عشرة): تقترح اللجنة صياغة المادة بالشكل الآتي:

{المادة السادسة عشرة: ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في جريدة (وقائع كوردستان)}.

الاسباب الموجبة

من اجل تهيئة الظروف والاجواء المناسبة لتنشأة الاطفال وبما يكفل نموهم نموا طبيعياً وسالما من خلال البرامج التربوية الحديثة، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منيش پشتگيری داواكاری برادەرانی ليژنەی ياسايی دەكەم، ئەگەر ليژنەی پەروەردە راپۆرتی هەبێت، داوا دەكەم ئيزافە بكرێت بۆ لای ئێمە، ئەمە يەك.

ئەويتر، بەڕاستی ويستم مەعلوماتێك بدەم پێش ئەوەی بچينە گفتوگۆ كردن، ئێمە لە سەرەتای مانگی (11) راپۆرتەكەمان نووسی بوو و پاشان زانيمان لە 2012/4/19 وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵايەتی هەڵساوە بە ئامادە كردنی رەشنووسی سيستەمێك بۆ داينگەكان، من تەسەور دەكەم ئەوە نووسراوە، نێردراوە بۆ سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزيران، هەر بۆ مەعلوماتتان بڵێم لەناوەڕۆكەوە زۆر دوور نييە لەو پرۆژە ياسايەی كە هەمانە، بۆيە لەسەرەتاوە ئەو گفتوگۆيە نازانم حەقە، يان نا بڵێين ئايا گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆژەيە ئەسڵەن بكەين و گوێ بگرين لەوەی ياسايەك دەربكەين، واتا بەردەوام بين لەگەڵ ئەو، يانيش

ڕێگا بدەین سیستەمێك دەربچێت، ویستم ئەم مولاحەزەیە بڵێم، بەڵام بزانین لیژنەی پـەروەردە چ دەڵێـت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێمە وەك لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا کە لیژنەی ڕەئین، نەك لیژنەی پەیوەندیدار لە 2011/6/19 کۆبوونەوەی لیژنەمان ئەنجامداوە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای داینگە لە هەرێمی کوردستان بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەڕێز ئاسۆس خان، هەروەها ئەوەدەمی بەڕێز کاك سەعدیش لەو کۆبوونەوەیە ئامادە بوو، دوای گفتوگۆ ئێمە بەم ڕەئیانەی خوارەوە گەیشتین، یەکەمیان ڕەئی ئاسۆس خان وەك وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەوە بوو کە ئەوان ئێستا، واتە ئەو کات مانگی شەشی ساڵی 2012 لە حاڵەتی ئامادە کردنی نیزام و سیستەمێکن بۆ ڕێکخستنی هەموو ئەو پرسانەو، ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە داینگەکانەوە هەیە، بۆیە ڕەئی ئەوان وا بوو وەکو وەزارەت کە پێویست ناکات قانونێك دەربچێت، مادام ئێمە سیستەمێك دەردەکەین، سەرئەنجام دوای گفتوگۆ کردن ئێمە بە دوو خاڵ گەیشتین:

یەکێکیان/ ئەوە بوو کە لە ئایندەدا هەوڵی ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بدەین لەنێوان لیژنەی یاسایی و لیژنەی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا.

خاڵی دووەمیش/ کە ئەمە پوختەی بیرو بۆچوونی ئێمە بوو، لە حاڵەتێکدا ئەگەر وەزارەت بتوانێ سیستەمەکە ئامادە بکات و سیستەمەکە هەموو ئەو دەق و ماددەو بابەتانەی کە لەناو پرۆژە یاساکەدا هەن بیخاتە ناو سیستەمەکەوە بە هەمان ناوەڕۆك و بە هەمان مەفهوم بێت، پێویست ناکات بە قانون دەربچێت، مەرجی دووەمیشمان ئەوە بوو کە هەوڵ بدەین بەڕاستی سیستەمەکە زوو دەربچێت، بەڵام دەبینین خاڵی یەکەم ئەگەر موقارەنەی بکەین لەناو سیستەمەکەدا لەگەڵ پرۆژە قانونەکە ناوەڕۆکەکەیان لە یەك نزیکن، بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێت سیستەمەکە زوو دەربچێت، بەڕاستی تاکو ئێستا دەرنەچووە، بۆیە دەمانەوێت بزانین نوێنەری حکومەت لێرەیە، ئایا حکومەت لە ئایندەدا دەتوانێت بە زوویی ئەم سیستەمە دەربکات، یان نا؟ ئێستاش ئێمە پێمانوایە ئەگەر ئەم سیستەمە دەربچێت بەزووترین کات حکومەت دەریبکات، پێویست بە پرۆژە قانونەکەو بە قانون ناکات، بەڵام گرنگیشە بەڕاستی ئێمە هەوڵ بدەین پرسی پەیوەست بە داینگەکانەوە ڕێك بخەین، کە فەراغێکی قانونی هەیە، یان بە سیستەم ڕێکی بخەین حکومەت ئامادەی بکات و دەریبکات، پێویست بە قانون ناکات، بەڵام ئەگەر لەوە زیاتر دوا بکەوێت پێویستە قانونەکە موناقەشەی لەسەر بکرێت، بۆیە دەمانەوێت گوێمان لە ڕەئی بەڕێز وەزیری کارو کاروباری

کۆمەڵایـەتی بێـت، دوای ئـەوە رەنگـە ئێمـە بۆچـوونی خۆمـان زیـاتر بەرچـاومان رۆشـن بێـت، بـۆ ئـەوەی هەڵوێستی خۆمـان بڵـێین، لەڕاسـتیدا بۆچـوونی جیـاواز هەیـە، ئـەم بۆچـوونە جیاوازانـە پێمانوایـە هێشـتا پێویستی بەوە هەیە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و هەوڵ بدرێت بەشێوەیەك راپـۆرتی هاوبـەش لەسـەر ئامـادە بکرێـت، یـان ئـەم گۆشـە نیگـا جیـاوازە لـەنێوان لیژنـەکان، پاشـان لـەنێوان وەزارەت و لـەنێوان لیژنـەکانی پەرلەمان نەهێڵرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

من سوپاستان دەکەم بۆ ئەو پرۆژە یاسایە، دەستخۆشیتان لێ دەکەم، بـەڵام ئـەوەی دەیبیـنم بەڕاسـتی نـەك هـەر پـرۆژە یاسـای داینگەکانـە، بـەڵکو پـرۆژە یاسـایەك هـاتووە سـەبارەت بـە ساڵاچـووان، دەبیـنم یاسـای چاودێری کۆمەڵایەتی خەریکە هەر هـەمووی بەڕاسـتی بـە تـەواوی یاسـاکە جـێ بـەجێ ناکرێـت، ماوەیـەك پرۆژەیـەکمان بـۆ دێـت و یاسـا ئەسـڵیەکە خەریکـە ئـەو ئەهمیەتـەی نامێنێـت، هـەر یاسـایەك دەردەچـێت موعاریزی یاسا ئەسڵیەکە دەبێـت، مـن سوپاسـتان دەکـەم بـۆ ئـەم پـرۆژە یاسـایە، بـەڵام بەڕاسـتی پێویسـتم بەوەیە یاخود ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە ژمارە (126)ی ساڵی 1980، یاخود پرۆژە یاسایەکی دیکە دەر بکەین لە هەرێمی کوردستان، لە پەرلەمانەوە دەربچێت کـە هـەموو سیسـتەمەکان دەگرێتـەخۆ، سیسـتەمی سۆشالیسـتیش دەگرێتـەخۆ، چـونکە ئـەوە دەیبیـنم ئێسـتا ئەگـەر ئەمـە ئـەمڕۆ بکرێتـە یاسـا، سـبەی سەنتەرەکانی ئۆتیزم دێن، خانەی بەساڵاچووان دێن، خانەی منداڵان دێن، مەعهەدەکان دێـن هـەمووی داوای یاسایەکی تایبەت بە خۆیان دەکەن، بۆیە من بە پێویستی نازانم بە یاسا رێك بخرێت، بـەڵکو بـەنیزام رێـك بخرێت. سەبارەت بە سیستەمی داینگەکـە، مـن لەسـەر بـەڵێنی خـۆمم و نووسراوەکانیشـم پێیـە، یەکـەمجار سیستەمەکەمان ئامادە کـرد لـە 2010/10/12 ئاڕاسـتەی ئەنجومـەنی وەزیرانمـان کـرد، بـەڵام دوایـی کـە گەیشتنیە ئەنجومەنی وەزیران کۆمەڵێك ژمارەی داینگەی ئەهلی هاتن، کۆمەڵێك پێشنیاریان هـەبوو، داوای هەندێك پێشنیاریان کـرد داخیلـی سیسـتەمەکە ببێـت، ئێمـە رامانکێشایەوەو لـە 2012/4/19 تەقـدیمی ئەنجومەنی وەزیرانمان کردۆتەوە، سیستەمەکە لە (18) مادده پێکهاتووە، دڵنیام ئەگەر تەماشای بکەن هەر چەندە وێنەیەکی لەلای دکتۆر سەروەر هەیە، ئەگەر ببینن هەموو ئەو پێشـنیارانە، یـاخود ئـەو خاڵانـەی کە ئێستا لە پـرۆژە یاسـاکەدا هەیـە هـەمووی داخیلـی سیسـتەمەکە کـراوە، بـۆ ئـەوەی دڵنیاشـتان بکەمـەوە داخیلی ئەجندەی ئەنجومەنی وەزیرانیش کراوە لە کۆبوونەوەی 2013/3/4ی ئەمساڵ، کە بڕگەی هەشت و نۆیـە، دوو سیسـتەمە، سیسـتەمی داینگەشـەو سیسـتەمی خێزانـی جێگرەوەیـە، کـە بـە هـەمان شـت هـەر خزمـەتی منـداڵانی کوردسـتان دەکـات، بـۆ ئـەوەی بتـوانین لـەناو خێـزانیش مـەجالی ئـەوەمان هـەبێت

بەخێویان بکەین، نەك تەنها لە خانەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی پرسی گرنگتر هەبوو، پرسی میزانیە هەبوو، پرسی پارێزگار بوونی هەڵەبجە هەبوو، پێش ئەو بڕگانەی ئێمە کەوتووەو، دڵنیاشتان دەکەمەوە لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیران ئەو دوو سیستەمە کە هەردووکی خزمەتی منداڵان دەکات لە هەرێمی کوردستان هەردووکی پەسند دەکرێت و من ڕەئیم وایە هەر بە سیستەم بڕوات، نەك بە یاسا، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا دیارە لە قسەکانی جەنابی وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان پێیان باشە یاساکە پەسند نەکرێت، تەنها بە نیزام کاری لەسەر بکرێت، واتا ڕەفز بکرێتەوە، پێش ئەوەی موناقەشەی قانونەکە بکەین مادده بە مادده، کاتێکی زۆرمان لە دەست دەڕوات، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پێمان باشە ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە، ئایا بە نیزام دەربچێت، یان بە یاساکە موناقەشەی لەسەر بکرێت و بەردەوام بین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێستا ڕەئی وەزارەتمان بۆ ڕوون بۆوە، ئەوان هەر پێیان باشە کە بە سیستەم دەربچێت، بۆیە ڕەنگە باش بێت، ئێمە هەوڵ بدەین گفتوگۆ لەسەر یاساکە دوا بخەین، نەك لێرە یەکلایی بکەینەوە، ئایا قانون بێت، یان نیزام؟ لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بە ڕەسمی هەوڵ بدات ڕەئی حکومەتمان بۆ بێنێتەوە، ئایا بە نیزام دەریدەکەن یان نا؟ ئەگەر گوتیان بە نیزام دەریدەکەین و گرێنتی هەبوو زووتر دەریان کرد، ئەوە پێویست ناکات قانونەکە دەربکرێت، ئەگەرنا هەوڵ دەدەین ڕاپۆرتی هاوبەش لەسەری ئامادە دەکەین، بۆیە ئێمە پێمان باشە هەوڵ بدرێت دوا بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا رووبەڕووی دوو خاڵین: یەکێکیان/ وەکو ئەوەی لە راپۆرتی لیژنەی پەروەردە هاتووە، ئێمە لەبەر هەر هۆیەك بێت وەکو دەبینین راپۆرتەکانمان جیاوازن، یەعنی هەر یەك لەم سێ لیژنەیە پێشنیاری لادانی ئەم بڕگەیەو ئەم ماددەیەو جێگیر کردنی و ئەوەی کردووە، بۆیە ئەو پێشنیارە لەلای ئێمە وەکو لیژنەی کۆمەڵایەتی پەسندە، وەکو هەنگاوی یەکەم دەرفەتمان بدەنێ، من پێشنیار دەکەم ئێمە ئەم سێ لیژنەیە لەگەڵ وەزارەت دانیشین بزانین دەتوانین بگەینە راپۆرتێکی نیهائی، یان رەئیەکی نیهائی، ئەو کاتە رەنگە لەوێش لەو کۆبوونەوەیە زیاتر فیکرەی یاسا دەربکەین، یان چاوەڕوانی سیستەم بین، زیاتر گەڵاڵە دەبێت، فیعلەن ئەگەر موناقەشەی یاسای پەرلەمان بکەین هیچ نەبێت بە رەئیەکی موشتەرەك بێت، چونکە هەرسێ لیژنە بیرۆکەی باشیان تێدایە، بەلاّم دەبێتە موناقەشەیەکی درێژ، تاکو هەموویان گەڵاڵە بکەین، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم پێش ئەوەی بیر بکەین نیزام بێت یان یاسا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەمجار بۆ ئەوەی بڕیار بدرێت کە رەئی حکومەت وەربگیرێت، دەبێت لێرە یەکلا بکرێتەوە ئایا گونجاوە یاساکە وەلا بنێین و سیستەمەکە شوێنی بگرێتەوە؟ دواتر بچینە مەرحەلەی پرسیار کردن.

خاڵێکی تر، ئێمە هەمووومان دەزانین کە کێشەیەکی زۆری داینگەکان هەیە بەردەوام پەیوەندی دەکەن بە نووسینگەی سلێمانی، چەند جارێکیش بە ئەندامانی پەرلەمان پەیوەندی کراوە، کەواتە تاکو ئێستا بە تەعلیمات بووە نەیتوانیوە بە دیل بێت، بۆ ئەوەی جۆرێك لە سیستەمێکی یەکگرتوو بۆ وەرگرتنی منداڵ رێك بخرێت.

خاڵێکی تر، کە هەندێك ئەحکامی سزایی لەناو ئەم یاسایەدا هەیە، ئایا لەو تەعلیماتەدا لە کوێ ئەحکامە سزاییەکان جێگای دەبێتەوە، کە یەکێك پابەند نەبێت بەرامبەر بە جێ بەجێ کردنەکەی، بۆیە یاساکە زەروورەتێکە، پێویستە گفتوگۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئەگەر وەکو هەرسێ لیژنەش نەبێت، بەڵام وەکو ئەم چوار ئەندام پەرلەمانە، ئێستا ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین، دوای ئەوەی گوێمان لە رەئی ئاسۆس خان بوو، کە گفتوگۆ لەسەر قانونەکە دوا بخرێت، پێویستە ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا دیارە لە راپۆرتەکانی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەو لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی جیاوازی هەیە لەنێوان راپۆرتەکان، پێمان باشە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەسەلاتی خۆی بەکار بێنێت بەپێی ماددەی (26)ی پەیڕەوی ناوخۆ داوا بکات راپۆرتێکی هاوبەش لەلایەن هەرسێ لیژنە ئامادە بکرێت، بە ئامادە بوونی سەرۆکی پەرلەمان، یان جێگرەکەی، بۆ ئەوەی بتوانین قانونەکە ئەگەر بووە قانون، یان هەر کارێکی تر کە لەسەری ئیش بکەین بە ئامادە بوونی وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی مەوزوعەکە یەکلا بکەینەوە بەو جۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ژمارەیەك ناو نووسراوە لەسەر ئەو مەوزوعە قسە بکەن، بەڵام بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەگەر چوار کەس، سێ کەس داوای کرد دوا بخرێت، تەئجیل بکرێت، دەبێت بێتە دەنگدانەوە، باشە ناوم نووسیوون، (بێریڤان خان، کوێستان خان، کاك برهان، عەزیمە خان، کاك خورشید، سمیرە خان، کاك سالار، کاك سەروەر، کاك ئارام............، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات جەنابت دەبێت داوا بکرێت دوو کەس لەوانەی کە داوا دەکەن کە یاسا بێت، لەگەڵ دوو کەس لەوانەی کە دژین ئەوانن و داوا دەکەن نیزام بێت، ئەوە قسە لەسەر ئەوەی کە هاتو.............

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

موشکیلەکە پێشی ئەوەیە، دەیانەوێت دوا بخرێت، جەنابی وەزیر دەڵێت ئەسڵەن قانونەکە رەفز بکرێتەوە، خوشك و برایانی سەر مەنصەکەش دەڵێن تەئجیل بکرێت، دوا بخرێت هەتا راپۆرتەکان یەك دەخەن و لەگەڵ وەزیر تەنسیق دەکەن، جەنابی سکرتێری پەرلەمان کاك فرسەت تێبینی هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو بابەت لەبەردەممانە، یەك ئیختیصاصی پەرلەمانە، یەکێکیش ئیختیصاصی جەنابتە، ئی ئیلغاو رەفزی پرۆژەکە داوا کردنەکەی وەزارەتە، دەتوانیت ئەوە پێشتر بخەیتە دەنگدانەوە، ئەوەی دووەم تەئجیلە

دەسەڵاتی جەنابتە تۆ دەتوانیت تەئجیلی بکەیت، چونکە مادام موناقەشە بەردەوام نابێت و ناتوانن بەردەوامی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داوا دەکەین دوا بخرێت، ئێمە دواخستنەکە بە باشتری دەزانین، بۆچی؟ بۆ ئەوەی ئێمە لەگەڵ حکومەت لە گفتوگۆ دابین ئەگەر ئەوان بە نیزام دەریان کرد، ئەمە بەرچاومان ڕۆشنتر دەبێت، دواتریش گفتوگۆ دەکەین، هەموو لیژنە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆمان یەك بخەین، ئایا بە نیزام دەری بکەین، یان ئەگەر بە قانونیش بوو ڕاپۆرتی هاوبەشمان هەبێت؟ بۆیە دواخستنەکە بە ڕەئی ئێمە باشترە، نەك لەسەر ئەوەی ئێستا ئێمە دەنگ لەسەر ئەوە بدەین بە قانون بێت، یان بە نیزام، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر دوورەکە ڕەفزە، خۆی عادەتەن بەپێی قانونیش دەبێت ڕەفزەکە بخرێتە دەنگدانەوە، هی حکومەتە، حکومەت تەرەفی ڕەئیسیە لە تەنفیز کردنی، کە حکومەت داوا دەکات ڕەفز بکرێت، ئەو لە پێشترە، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ بۆ مەسەلەی دواخستن هیچ تەبریرێك نییە، ئەگەر تەبریر ئەوەیە تا ئێستا حکومەت بۆ وەڵامی نەبووە، ئەم پڕۆژەیە دوو ساڵە لەلای حکومەتە بۆ وەڵامی نەبووە؟ ئەگەر چاوەڕێی ئەوەیە بە نیزام دەربخات، چەند ساڵەو، چەند کابینە لە دوای یەکەکان ئەم نیزامەیان دەرنەکردووە، ئێستا بۆ چاوەڕێ بکەین لە ماوەی هەفتەیەکدا نیزام دەربکات، ئەمە یەك.

دواخستنیشی بۆ مەسەلەی ئەوەی کە ڕاپۆرتەکان یەك بخرێت، هیچ زەروور نییە، بە دەیان پڕۆژەشمان موناقەشە کردووەو ڕاپۆرتی جیاوازیش هەبووەو هیچ موشکیلە نەبووە، لێرە ڕەئیەکان یەکخراوە، بۆیە ئەمە هیچ تەبریر نییە بۆ دواخستنی، من داوا دەکەم بەردەوام بین کە ئایا ئەو ڕەئیەی وەزارەت کە دەڵێت ئیلغا بکرێت خۆمان بە نیزام دەری دەکەین، یەکەم بۆ تاکو ئێستا نیزامیان دەرنەکردووە؟

دووەم/ هەموو داینگەکان کێشەیان هەیە لەگەڵ وەزارەت و، داوا دەکەن کە یاسایەك دەربکرێت، چونکە بەبەردەوامی ڕێنمایی دەردەکرێت، ڕێنمایی دژ بە یەك کە وای کردووە موشکیلە هەبێت لە داینگەکان، بۆیە من داوا دەکەم نە تەئجیل بکرێت، نە دوابخرێت، یاساکە ئەمڕۆ موناقەشە بکرێت و پەسند بکرێت، بۆ هەردوو حاڵەتەکەش پێویستە بگێڕینەوە بۆ دەنگی ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دكتۆر ئەحمەد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم على(وەرتى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

دیاره دوو لیژنه پشتگیری پرۆژەكەیان كردووه كه موناقەشه بكرێت، به رەئى من رەئى رەفز كردنەكه يەكسەر نەخرێته دەنگدانەوە، ئەگەر بكرێت دواى ئەوەى كه رەئى ئەو لیژنانەش هاتۆته سەر ئەوەى كه دوابخرێت، من خۆم لەگەڵ ئەوەمە كه موناقەشه بكرێت، بەڵام ئەگەر هاته سەر رەفز كردن و دواخستن، به رەئى من ئەگەر بكرێت رەئى جەنابى وەزيريش بێته سەر ئەوەى كه دواخستنەكه بێت، بۆ ئەوەى يەك رەئى هەبێت بخرێته دەنگدانەوە، چونكه ئەگەر رەئى رەفز كردنەكه خرايه دەنگدانەوە، ئەو كاته مەجال بۆ ئەوە نامێنێتەوە دوايى موناقەشه لەنێوان لیژنەكان بكرێت، ياخود ئايا به نيزام، نيزامەكه سەركەوتوو دەبێت يان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

عەزیمه خان فەرمووو.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

دیاره پرۆژە ياساى داينگەكان من زۆر به پێويستى دەزانم كه به ياسا رێك بخرێت و به ياسا دەربكرێت، لەبەر ئەوەى ماوەى سێ ساڵه له پەرلەمانى كوردستان لیژنەى كاروبارى كۆمەڵايەتى له ساڵى 2010ـەوە راپۆرتەكەى تەواو بووە، بەڵام لیژنەى كاروبارى كۆمەڵايەتى ئەوە بوو چاوەڕێى نيزامەكه بوو، يەك ساڵه وەزارەتى كارو كاروبارى كۆمەڵايەتى ئەم نيزامەى ناردووە له 2012/6/19 بۆ حكومەت، تاكو ئێستا ئەو نيزامه ونە، ديار نييەو نەهاتۆته پەرلەمان، يان نەگەيشتۆته وەزارەت، ئەگەر بمانەوێت بەو نيزامەش رێكى بخەين كه هاتۆته بەردەستى ئێمه، من نوسخەم دەستكەوتووە، بەڕاستى ئەو نيزامه ناتوانێت وەكو ياسا هەموو ئەو گرفت و كێشانەى كه له داينگەكانى هەرێمى كوردستاندا هەيه بتوانێت چارەسەرى كێشەكان بكات، لەبەر ئەوەى داينگه ئەهليەكان و داينگه حكوميەكان بەپێى ئەو سيستەمه كۆنەى 77 كار لەسەر ئەوە كراوە ئەگەر بەو شێوەيه ئيشى لەسەر بكرێت، ناتوانرێت نه نيزامەكه، نه ئەم ياسايەى كه لەبەر دەستماندا بوو، بۆيه من به پێويستى دەزانم ئەو كێشەو گرفته زۆرانەى كه ئێمه له لیژنەى كاروبارى كۆمەڵايەتى و لیژنەى پەروەردە ئاگامان لێيه له داينگەكاندا هەيه، من بۆيه به پێويستى دەزانم ئەو پرۆژە ياسايەى ئەمڕۆ بكرێت به پرۆژە ياساو موناقەشەى لەسەر بكرێت و دەوڵەمەند بكرێت لەلايەن ئەندامانى پەرلەمان و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر لە تەوزیحاتی خۆی گوتی ئێمە نیزامەکەمان تەقدیمی ئەنجومەنی وەزیران کردووەو لەبەرنامەی کاردایە، لە مانگی سێیەوە لە بەرنامەی کاردایە، بەڵام هێشتا ریزی بەر نەکەوتووە، بۆ ئەوەی موناقەشە بکرێت، بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باس لەوە کرا ئەو پرۆژە یاسایە بەنیزام بێت، یان بە یاسا بێت، بەڵام لە کەست نەپرسی ئایا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە یاسا بێت؟ بەڵام ئۆتۆماتیك وای لێهات، ئێستا چوار ئەندام هەڵستان باسیان کرد کە یاسا باشترە وەك لە نیزام، بۆیە منیش یەکێکم لەوانەی کە دەڵێم دەبێت بە یاسا بێت، نەك بزەبت ئەو پرۆژە یاسایە، هۆیەکانم نووسیوە، ئەو پرۆژە یاسایە رەد دەکەمەوەو پێم باش نییە، چونکە بە لاوازی دەیبینم، دەڵێم زۆر گرنگە ئێمە یاسایەکمان هەبێت تایبەت بە پەیمانگا، چونکە لە رێگای..............

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان مەچووە تەفاسیل، ئێستا موناقەشەکە ئەوەیە بە یاسا بێت، یان بە نیزام بێت، موناقەشە بکرێت، دوا بخرێت، ئێمە باس لەوە دەکەین نەچینە ناو مەزموونی یاساکە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بە یاسا بێت پرۆژەکە باش نییە، لەبەر ئەوەی تۆ لە داینگەوە مرۆڤێکی دروست دەکەیت و پەروەردەیەکی باشی دەکەیت و فێری دەکەیت کە ئەوە راستە، ئەوە غەڵەتە، ئەوە بۆت هەیە، ئەوە بۆت نییە، بۆیە بەو شێوەیە بوونی یاسا گرنگە، بەڵام نەك ئەو پرۆژە یاسایە، بۆیە ئێستا باسی دەکەم چونکە ئەگەر هەڵستین بەشداریش بین و رەئی خۆشمان بڵێین زۆر جار وەرنەگیراوە، بۆیە من حەز دەکەم بە تێرو پڕو چەند کەسی شارەزا، ئەوانەی پەروەردەی منداڵیان خوێندووە بەشدار بن لە رێکخستنی ئەو پرۆژە یاسایە، زۆر کەموکوڕی تێدایە، من رەدی ئەو یاسایە دەکەم، لەبەر ئەوەی یاساکەم بە دڵ نییە، بەڵام لەگەڵ بوونی یاسامە بۆ داینگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەیری ئەو سکتەرەی دەکەیت بەڕێز وەزیری کارو کاروبای کۆمەڵایەتی لەلایەك حەقیەتی، لەلایەکیش ئەندامان حەقیانە، بۆچی؟ ئەگەر سەیری دنیا بکەین، لە قەوانینی دنیا ئەوەی کە نیزامی داینگەی لەسەر

حیساب دەبێت، سێ سکتەر هەیە گرنگە بۆ ئەو نیزامە، یەکێکیان/ یەکەمجار فەندی ئەو داینگانە، مەسەلەی بانك تەمویلی بکات، بۆ ئەوەی بە پێش بکەوێت. دووەمیان/ مەسەلەی ئەوەیە چۆن مەکتەب بکرێتەوە، یەعنی عیلاقەی بە تەعلیم هەیە، عیلاقەی بە مالیە هەیە. سێیەمیان/ عیلاقەی بە تەندروستی هەیە چۆن سوپەر فایدەری بکات لە ناحیەی صحی چۆن بە پێشی بخات. ئەو سێ سکتەرە عیلاقەی بە قانونی ئیستیسمار هەیە، چ بە تەعلیمات بێت، چ بە یاسا بێت، ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئەو نیزامە پێش بخەین و، ئەو داینگانەی کە ئێستا شەکوایان لە هەندێك شت هەیە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت بەشێکی بەسیت لەو کێشانەیان بۆ حەل بکەین، دەبێت رەچاوی ئەو سێ خاڵەی بکەین، ئینجا چ بە نیزام بێت، چ بە یاسا؟ دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت هەدەفەکە منداڵەکانەو فەندەکەیەو مەسئوولیەتی مەکتەبەکان و تەربیەتیتیان و مەسئوولیەتی صحییانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە ئەم بابەتە کە ئێمە ئەمرۆ دەمانەوێت باس و گفتوگۆی لەسەر بکەین، یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکان، چونکە دەزانین داینگە چەند گرنگە بەنیسبەت ئێمەوە، بەلاّم گرنگ ئەوەیە ئێمە ئێستا لەنێوان دوو خەیارین، ئایا بە نیزام بێت؟ یان بە یاسا، ئەگەر بە یاساش بێت راپۆرتێکی هاوبەش هەبێت بۆ دواخستنی، بۆیە بە دیدی من ئەگەر بێتو ئێمە ئەوە یەکلا بکەینەوە بە نیزام بێت، یان بە یاسا، دوای ئەوە ئەگەر هاتو بە نیزام بڕیار درا، پێویست ناکات تەئجیلی بکەین، بۆیە بە دیدی من ئێستا یەکەم شت با ئێمە ئەوە یەکلا بکەینەوە، کە ئەمە بە نیزام بێت، یان بە یاسا؟ پاشان بڕۆینە سەر ئەو خاڵەی کە ئایا تەئجیل بکرێت؟ بە راپۆرتی هاوبەش بێت؟ یان وەکو ئێستا بەڕێزان چۆن حازریان کردووە بەو شێوەیە بڕوات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر ئاماژەم بەو بەروارانە کردووە کە نووسراومان ناردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، پێش ئەم کۆبوونەوەیەش لە مانگی (2) دوو سیستەمی ترمان ئامادە کرد بوو، سیستەمی شەڵتەرەکان بوو، لەبەر هەستیاری بابەتەکە بە تێبینی یەك، دوو وەزیری بەڕێز لە ئەنجومەنی وەزیران کردمانە لیژنەو هەفتەی داهاتوو تەواو ئێمەسیستەمی شەڵتەرەکە تەنفیز دەکەین، پێش ئەوە سیستەمی بە سالاّچووان هەبوو، ئێمە دەڵێین فەراغی قانونی نییە لەم یاسایە بۆ مەسەلەی داینگەکان وەك یاسایەکی تایبەت بە خۆی بێت بە

سیستەم باشترە، دەتوانن سیستەمەکە تەماشا بکەن، پێش ئەوەی لە ئەنجومەنی وەزیران پەسند بکرێت، هەر خاڵێك بە پێویستمان نەزانی دەتوانین لایببەین، یان سیستەمەکە دەوڵەمەند بکەین، چونکە سیستەمەکە باشترە، دیارە ئێمە کۆمەڵێك ڕێنماییمان هەیەو گشتگیرە بۆ هەموو داینگەکان لە دهۆکەوە تا کفری، نزیکەی زیاد لە 150 داینگەمان هەیە حکومی و ئەهلی، هەندێك لەو داینگانە بەتایبەتی لە سلێمانی پابەند نین بە ڕێنماییەکانی ئێمە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك ڕێنماییمان داناوە بۆ پاراستی ژیانی ئەو منداڵانە، لەوانە یەکەم نابێت خێزانی خاوەن داینگەکە لەگەڵ داینگەکە بێت، هەندێك لەو داینگانە، ئەوانەی کە سکاڵایان هەبووە زۆربەیان، سێ داینگەن، خواردنی داینگەکە بووە بۆ خێزانەکانیان، ئێمە وتوومانە بە هیچ شێوەیەك ناکرێت و قەدەغەیە، لیستی خواردنەکانیش هەر هەمووی وەزارەتی تەندروستی دەیانداتێ بە ئیشرافی کارمەندی تەندروستیش ئەو خواردنانە دەکرێت، خۆیان لیژنەشیان هەیە، لیژنەی پێداچوونەوەشمان هەیە بۆ داینگەکان، بەڵام بەپێویستی دەزانم ئەمە سیستەم بێت، تکایە وەکو قەرزی بچووکی لێ نەیەت، کە من لێرە زۆر هاوارم کرد قەرزی بچووك ڕێنمایی بێت، یاخود سیستەم بێت، بۆ ئەوەی بتوانم بەپێی پێویستی پرۆژەکەو کاتی جێ بەجێ کردنەکە تووشی کێشە نەبین، ئێستا ئەوەتا هەموارمان کردۆتەوە، بەڕاستی تاکو ئێستاش قەرزی بچووك کە بە خاوی دەڕوات، ئەو کاتەی یاساکە لێرە پەسند کرا باسی ئەوە نەکرا میزانیەی تەشغیلی هەبێت بۆ قەرزەکە، باسی ئەوە نەکرا چ فەرمانبەرێك ئەم قەرزی بچووکە جێ بەجێ دەکەن، چونکە ئێستا ئەرکێکی زۆرم خستۆتە سەر فەرمانبەرانی وەزارەت، ئەوەی مووچەی کەمئەندامان دەدات، چاودێری خێزان دەدات، هەمان ئەو فەرمانبەرەیە کە قەرزی بچووکیش دەدات لەسەریەتی سەردانی پرۆژەکان بکات، بۆیە ئەمە بە سیستەم بێت، بە یاسا نەبێت، ئەگەر داوای ئەوەش دەکەن لە کۆبوونەوەیەکدا زۆر ئاساییە بە یەکەوە تاوتوێ دەکەین و ئەوەی کە پێویستیتان پێیەتی، چونکە لە سیستەمەکە باسی حەوافیز کراوە، بەڵام لە یاساکە باس نەکراوە، ئەو حەوافیزەی کە تەشجیعی کارمەندەکە دەکات لە داینگەکە کار دەکات، هەروەها دەبێتە هۆی پەرەپێدانی داینگەکەش، کۆمەڵێك شتە، لێرە بیرمان لە هەر هەمووی کردۆتەوە، هەروەها دەرماڵەیەکی تایبەتیش بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لە داینگەکان کار دەکەن و ئەرکی ئەوەیان لەسەرە کە بتوانن منداڵەکان بە جوانترین شێوە پەروەردە بکەن، بۆیە بە پێویستی دەزانم بە سیستەم بێت، دەتوانین دانیشتنێك بکەین زۆر ئاساییە، ئێمە ئامادەین پێش ئەوەی پەسند بکرێت لە ئەنجومەنی وەزیران، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەئی جەنابی وەزیریش وازیحە، تەئکید دەکاتەوە کە بە سیستەم بێت، ڕەئی لیژنەش ئەوەیە بە قانون بێت، لەبەر ئەوە ڕەئیەکان موختەلیفن، ئەگەر ڕەئی ئەوە سەرکەوت بە نیزام بێت، ئەوە لێرە موناقەشە ناکرێت، چونکە حکومەت بۆ خۆی نیزامەکە دەردەکات، ئەگەر ڕەئی ئەوە بوو بە یاسا بێت، ئەوسا یان موناقەشە دەکەین، یان لیژنەکان تەوحیدی ڕاپۆرتەکانی خۆیان بکەن، ئەو کاتەش دەخەینە بەردەستی خۆتان، لەبەر ئەوە یەکەمین شت دەبێت بیخەینە دەنگدانەوە، بەپێی ئەو پێشنیارەی کە ئیسرار دەکات جەنابی وەزیر دەڵێت بە نیزام بێت، فەرموو کاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر پێشنیاری جەنابی وەزیر بخەینە دەنگدانەوە بەو شێوەیە نابێت بەڕاستی، چونکە ئەگەر گوتمان بە سیستەم بێت، لازمە بە سراحەت بڵێین رەفزی پرۆژەکە دەکەین، چونکە ئەگەر وا نەبێتن پرۆژەکە لەبەردەستمان دەمێنێت، ئەگەر رەفز نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم پرۆژەیە رەفز بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (43) ئەندام لەگەڵیدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (26) ئەندام لەگەڵیدا نییە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پرۆژەکە رەفز کرایەوە، حکومەت بە نیزام تەنزیمی دەکات، ئەو نیزامەش وەکو خۆی باسی کرد ئامادەیە بێتە پەرلەمان لەگەڵ لیژنەکانی مەعنی دیراسە بکات، بۆ ئەوەی نیزامەکەی خۆی دەوڵەمەند بکات.ئێمە دێینە سەر فەقەرەی دووەم، جەنابی وەزیر ئازادی ئەگەر بڕۆی سوپاست دەکەین، فەرموون ئێوەش بڕۆنە جێگای خۆتان، دێینە سەر فەقەرەی دووەم/ هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان – عێراق لەنێوان ئەم بەڕێزانە (سامح عثمان یونس) و (سیروان عمر امین) و (د.احمد انور). بۆ ئەو مەسەلەیە نیو سەعات ئیسراحەتتان دەدەینێ، دوای نیو سەعات دێینەوە قاعەی پەرلەمان بۆ ئەنجامدانی خاڵی دووەم، سوپاستان دەکەین تا نیو سەعاتی تر هەر بژین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، هاتینە سەر بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، ئەویش هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان – عێراق لەنێوان ئەم بەڕێزانە (سامح عثمان یونس) و (سیروان عمر امین) و (د.احمد انور)، ئەو سێیە پاڵێوراون بۆ پۆستی ئەو دەستەیە، فەرموو کاک عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، پێمان باشە ئیشارەت بە نووسراوی ئەنجومەنی دادوەری بکرێت بۆ تەرشیح کردنی ئەو سێ کەسە، نووسراوەکان لەلای منە، ئەگەر پێتان باشە بیخوێنمەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک عەونی نووسراوەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پەرلەمانتارانی کوردستان.**

ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان. بە نووسراویان ژمارە (12) لە 2012/3/29 نووسراوێکیان بە نهێنی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کردووە بە دامەزراندنی سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی، ئێستا دەقی نووسراوەکە دەخوێنمەوە:

بە هاوپێچ بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (25) لە 2012/2/27تان بۆ دەنێرین دەربارەی هەڵبژاردنی سێ لە داواکارییەکانی دامەزراندن بۆ پۆستی سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان، بەڕێزان، دادوەر سامح عثمان یونس، پارێزەر سیروان عمر امین، دادوەر مسعود خضر محمود، بۆ ئاگاداریتان و ئەنجامدانی کاری پێویست تکایە، بە هاوپێچ مامەڵەکانی ناوبراوتان بۆ دەنێرین، لەگەڵ ڕێزدا، سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری.

دوایی نووسراوێکی تریان ئاراستەی پەرلەمان کردووە بە ژمارە (4) لە بەرواری 2013/3/12.

**بۆ/ پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ دامەرزاندنی سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی**

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (517/3/4) لە 2013/2/6، دوا بە دوای نووسراومان نهێنی ژمارە (12) لە 2012/2/29 بە هاوپێچ بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (15) لە 2013/3/12تان بۆ دەنێرین، کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی بەڕێز (د. احمد انور محمد) بۆ پۆستی سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان لە جیاتی بەڕێز (دادوەر مسعود خضر محمود) بە هاوپێچ مامەڵەی ناوبراوتان بۆ دەنێرین، لەگەڵ ڕێزدا، سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، خۆتان دەزانن یەکێك لەو گلەییانە، یان یەکێك لەو قسەو باسانەی لە ماوەی ئەو دوو، سێ ساڵەی رابردوو لە پەرلەمان دەکرا ئەوە بوو دەستەی چاودێری دارایی و نەزاهەو مافی مرۆڤ سەر بە پەرلەمانی کوردستانن پڕ ناکرێنەوە، لە سەرەتاکەی رەئیەکی وا هەبوو کە هەردوو حزبی حوکمڕانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو دوو پۆستە بە حوکمی ئەوەی حوکمڕانن کەسی خۆیان دابنێن، بەڵام ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان وامان پێ باش بوو کەوا دانانی سەرۆکی ئەو دەستانە لەو دوو حزبە نەبێت، بەڵکو لە غەیری حزبەکانی تر بێت، بۆ ئەوەی جۆرێك لە بێ لایەنی و جۆرێك لە متمانە لەنێوان سەرجەم پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان دروست بکات، تەنانەت پەیوەندیمان کرد لە زۆر لەو کەسانەی کە ئێمە پێمان وا بوو بۆ ئەو جێگایە شایستەین، هەندێك لەوانە نەیانکردو، هەندێکیش دوای ماوەیەك ئینجا قەبولیان کرد خۆیان بپاڵێون بۆ ئەو شوێنە، ئەم دەستەیە بە بەتاڵی بمێنێتەوە باشە، یان خەڵکی بۆ دابنرێت؟ بێگومان هیچ کەسێك 100٪ بە دڵی هەموو لایەك نابێت، بەڵام ئێمە پێمانوایە ئەو دەستانە پڕ بکرێنەوە هەم لە قازانجی پرۆسەی دیموکراتی و حوکمڕانی و ئاشتیە لە کوردستاندا، هەم صیغەیەکی وا دروست دەکات کە زیاتر بەرەو قانونی و بەرەو نیزاممان دەبات، هەمیش ئەوەی کە دانراوە لە غەیری ئەو دوو حزبە جۆرێك لە سیستەمەکە دەگۆڕێت بەرەو ئەوەی موشارەکە کردنی خەڵکانی

تریش لە کوردستاندا هەن، تەنانەت مەسئوولی چاودێری دارایی کە جاران زۆر گلەیی لەسەر بوو، کە لابرا بەشێکی زۆرمان پەشیمانیمان دەربڕی کە لابراوە، دەڵێین خۆزگە بمابوایە باش بوو، ئەگەر هەبێت گلەییشمان لەسەری بێت، دەتوانین گلەییەکان ئاراستە بکەین، یان لە داهاتوودا بیگۆڕین، بەڵام بە مەرجێك بە شاغری بمێنێتەوە، بە فەراغی بمێنێتەوە بەڕاستی کارێکی خراپە، بۆیە ئێمە داوا دەکەین بەڕاستی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ئەم فرسەتە لە دەست نەدەن، بۆ ئەوەی یەکێك لەوانە هەڵبژێرین بۆ سەرۆکی دەستەی نەزاهە، ناوەکانیشیان پێم باشە بنووسرێت، جەنابی کاك فرسەت، ناوەکان نووسراون، بەڵێ، باشە، نوقتەی نیزامیتان هەیە؟ ئەگەر نیزامە شتێکە، ئەگەر شەرحە شتێکی ترە، فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی ئێمە ئەو ناوانە ببینین، من یەك پرسیارم هەیە مافم هەیە وەکو ئەندام پەرلەمان، میکانزمتان بۆ صیاغە کردنەوەی ئەو سێ ناوە چ پرۆسەیەك بووە لە پەرلەمانی کوردستان، حەتمەن ئەو سێ کەسە هەڵبژێردراوە، ئەمە خاڵێك.

خاڵێکی تر، من روون کردنەوەیەکم دەوێت لە بەڕێزت، جەنابت دەفەرموویت دەڵێی ئێمە پێمان باش بوو کە تەنها ئەو دوو حزبە نەبێت، بەڵکو خەڵکی بێ لایەن بێت، بۆ حزبی بچکۆلانە بە بڕوای جەنابت بێ لایەن حیسابە؟

سێ/ ئایا لە کوردستاندا خەڵکێکی بێ لایەن نییە بچێتە ناو ئەو عەمەلیە، بۆ ئەوەی هەڵبژێردرێ بۆ دەستەی نەزاهە.

چوارەم/ پرسیار لە جەنابت باس لە ئەهمیەتی دروست کردنی دەستەی نەزاهە دەکەیت، دەستەی نەزاهە بۆ ئەوە موهیمە کە ئیلا پڕی بکەینەوە بە خەڵکێك پابەند بێت بە حزبێکی دیاری کراو، یان گرنگ لە موئەسەسەکەدا، کە موئەسەسەیەکی رەقابی بێت و بتوانێت جورئەتی هەبێت قسە بکات لەسەر ئەو هەموو فایلە گەندەڵیەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

پێنجەم/ بۆ خۆمان نەمانتوانیوە لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان ئەکتیڤ بکەین، کە ئەوەندە خەمخۆڕین بۆ موئەسەسەی نەزاهە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشکی عەزیزم دەبوایە تۆ پێش ئەوەی ئەو قسانە بکەیت دیراسەت بکردابوایە، کە ئێمە ئەوانەمان دانەناوە، قانونەکەت بخوێندبایەوە، قانونەکە دەست نیشانی کردووە کە کێ ئەوانە دەپاڵێوێ، مەجلیسی قەزا ئەوانە دەپاڵێوێ، لەلایەن مەجلیس قەزاوە بۆمان هاتووە، مەجلیسی قەزا ئیعلانی کردووە کێ بۆ ئەو شوێنە خۆی دەپاڵێوێ؟ لەبەر ئەوە بە داخەوە مەعلوماتەکان کەمێکیان......، فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاسیتدا من قسەم لەسەر دوو خاڵ هەیە:

یەکەمیان/ ئەوەی بەڕێز کاك عەونی نووسراوەکانی ئەنجومەنی دادوەری خوێندەوە، یەکەمجار سێ ناوی تر هاتووە، بەڕێز د.احمد انوری تیا نەبووە، دواتر بە نووسراوێکی تری ئەنجومەنی دادوەری د.احمد انور لە جێی دادوەر مسعود خضر محمود دانراوە، بەبێ ئەوەی هیچ روون کردنەوەیەك بدرێت بە ئێمە حاکم مەسعود یەکەمجار خەلەل بووە دانراوە، مەرجەکانی تیا نەبووە، یاخود چی بووە؟

جگە لەوە خاڵی دووەم/ لەسەر قسەی جەنابت کە باسی ئەوەت کرد بۆ ئەوەی نیەتێکی زۆر باشە بەتایبەتی دەزگا سەربەخۆیەکان، ئەوانەی پەیوەندیان بە پەرلەمانەوە هەیە گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی، کە سەرۆکەکانیان یەکێتی و پارتی نەبن، بەڵام لە بەینی دوو شتدا هەیە رێککەوتووین، یان کۆکین لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسە بێ لایەن بێت، یان لە حزبێکی تر بێت، چونکە جەنابت گوتت وتوومانە با حزبێکی تر بێتە ناوەوە، لەم کاتەدا دەبێت دەرگا بۆ هەموو حزبەکان کراوە بێت و ببێت بە موحاصەصەو هەموو حزبێك بۆی هەبێت ئەندامی تیا بێت، ئەگەر مەسەلە لەسەر ئەوە بێت کە حزبی تر بێتە پێشەوە، ئەگەر قسەش لەسەر ئەوە بێت بێ لایەنە، دیدی بێ لایەنە، دەبێت ئێمە تەواو دڵنیا بین کە لەسەر ئەو سێ کاندیدە هەرسێکیان بێ لایەنن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ بێ لایەن لە کوردستاندا زۆر بە دەگمەن خەڵك بێ لایەنە، یان لە حزبێکی سیاسیە، یان مەیلی بە حزبێکی سیاسیدا هەیە.

دووەم/ ئێستا هەر پەرلەمانتارێك بۆی هەیەو ئازادە ئیستیقالە بکات، ئەو برادەرەش کە دوای ئەوەی پاڵێوراوە لە مەجلیسی قەزا بە رەغبەتی خۆی، بە ئارەزووی خۆی ئیستیقالەی کردووە، کە ئیستیقالەی کردووە مەجلیسی قەزا موکەلەفە ئیعلانی یەکێکی تر بکاتەوە، جارێکی تر ئیعلانی کردۆتەوە، بۆ ئەوەی یەکێکی تر لە شوێنەکەی دابنێت، فەرموو دکتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامیەکەی من لەوەدا بوو کاك عەونی دەستی خۆش بێت دوو نووسراوی ئەنجومەنی دادوەری خوێندەوە، بەڵام بڕیاری ژمارە (15)ی ئەنجومەنی دادوەری کە لە 2013/3/12 هاتووە ئەو نەخوێندرایەوە، ئەگەر ئەو خوێندرا بوایەوە، وێنەکە روونتر دەبوو، کە چۆن کاك دکتۆر احمد انور لە شوێنی کاك مسعود دانراوە، وەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا، ئەمە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەرییە، کە دوای ئەوەی کاك مسعود بەویستی خۆی، بە ئیرادەی خۆی سەحبی کردووە، دوای ئەوە ئەوان جارێکی تر سەر لەنوێ پرۆسەی ئیعلان کردنەوەیان جاڕداوە، داواکاری پێشکەش کراوە، دوای ئەوە ئەنجومەن لە کۆبوونەوەی خۆیدا بڕیاریاندا کە دکتۆر احمد انور لە شوێنی کاك مسعود بپاڵێورێ، بە نووسراوی رەسمی و بە بڕیاریش لەگەڵ ناوی ئەوانەی کە داواکاریان پێشکەش کردووە بۆ پەرلەمانیان ناردووە، بۆیە لەکاندید

کردنی دکتۆر احمد انور له رووی قانونی و رەبت کردن لەگەڵ ماددەی حەوتەم لە یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی هیچ ئیشکالیەتێك نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من دەیڵێم لە پێشەوە موجەڕەد قسەیە، نوقتەی نیزامی نییە، ئەگەر ڕێگام بدەیت؟ ئەمە یەکەم.

دووەم/ من قەناعەتێکم هەیە، دوای ئەوەی سەیری ئەم ماددە یاساییەم کردووە، ئەوە ماددەیەکە لە رووی قانونیەوە زۆر قورس و صعبە، لەبەر ئەوەی باسی حزور ناکات، باسی ئەندامانی پەرلەمان دەکات، باسی نیسبەی دوو لەسەر سێ دەکات لە دەنگی (111) ئەندام پەرلەمان، یەعنی (74) دەنگ، ئەگەر لە وەجبەی یەکەمیشدا هەڵبژاردن بکرێت بۆ وەجبەی دووەم لەنێوان دووان مونافەسە دەمێنێتەوە، دیسان دەبێت جارێکی تر دوو لەسەر سێی دەنگی (111) دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بێنێت، کە دەکاتە (74) دەنگ، لەبەر ئەوە ئەمڕۆ ناگەینە نەتیجە، من داواکارم ئەگەر قەبوڵتانە تەئجیل بکرێت تا دەگەنە ئیتیفاق، ئەمە یەکەم.

دووەم/ بە یەکەوە لەگەڵ رەقابەی مالیە تەقدیم بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین هەموو لایەك لەبەر ئەوەی نیسبەی دوو لەسەر سێیە لە (111) ئەندام پەرلەمان مەجموعێکی غیابە، ئەمڕۆ ئاسان نایەتە دی، هەم تەئجیل بکرێت، هەم لەگەڵ رەقابەی مالی بە یەك رۆژ دابنرێت، من قەناعەتم وایە هەموو لایەنەکان دەکەونە ئیتیفاق، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕیارەی کە باس کراوە لەبەر دەستی من دایە دوو خاڵە/ خاڵی یەکەمیان باس لەوە دەکات دوورخستنەوەی ناوی داواکاران، بەڕێزان مەجموعەیەك ناویان داوە کە (15) کەسن، لەبەر ئەوەی هەندێکیان مەرجیان تێدا نییە، هەندێکیشیان خۆیان سەحبی ئەوراقیان کردووە.

خاڵی دووەم/ باقی ئەوانی تر کە ژمارەیان (27) داواکار بوو، گشت مەرجەکانی یاساییان لێ بەدی کراوە، پاشان تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە لە دوو دانیشتنی ئەنجومەنی دادوەری بەڕێزان (سامح عثمان و سیروان عمر و مسعود خضر) دەست نیشان کران بۆ ئەو پۆستەو ناردنی مامەڵەکانیان بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی یەکێکیان بە سەرۆکی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگای دەنگدانەوە، واتا ئەم بڕیارە باس لەوە ناکات کە کاك (مسعود خضر) سەحبی کردووەو کاك (د.احمد انور) هاتۆتە ناوی.

خاڵێکی تریش هەیە، مادام ئێمە لەم پەرلەمانە یاسا دەردەکەین، مەفروزە پێش هەموو لایەك پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمان رێز لە رەئیەکانی خۆیان و بڕیارەکانی خۆیان بگرن، بەپێی مەرجەکانی پاڵاوتن بۆ سەرۆکی دەستەی نەزاهە چوار مەرجە، یەکێك لەو مەرجانە کەسێك کە شیاو و دەستپاك و بێ لایەن بێت، یەکێك لەم بەڕێزانە دوو پۆستی هەیە، هەم پۆستی ئەندامی مەکتەبی سیاسی تا دوێنێ و پێرێش ئەم پۆستەی هەبووە، وتە بێژی حزبێکیشە، واتا یەکێك لەو مەرجانەی تێدا نییە بەو پێیەش بێت عەمەلیەکە عەمەلیەکی ناقانونی دەبێت، تۆ ناکرێت دەنگدان لەنێوان دوو کەس بکەیت، چونکە ئەمە مەرجێکی تێدا نییە، کەواتە پێویستە رێز لە یاسا بگرین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم ئێمە لە کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکانیش باسی هەندێك ئەو لایەنانەمان کرد کە چۆن ئەو سێ بەڕێزە هەڵبژێردراون، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان بۆمان نییە لە نرخ و لە پایەو لە کەسایەتی هیچ کەسێك کەم بکەینەوە، من پێم خۆشە باش بزانن کە ئەو سێ کەسایەتیە کە ئێستا لێرە ناویان نووسراوە کەسایەتی زۆر بەڕێزن و، زۆریش پێمان خۆش بێت، یان ناخۆش بێت لەوە چاکترە کە هەردوو حزبی دەسەڵات خەڵك لێرە دابنێن، گلەییمان لەوەش نەبێت کە بڵێین وەللاهی گلەییمان لە هیچ کەس نییە، ئەو سێ کەسەی کە هەڵبژێردراون کێیان دەرچوو، گرنگ ئەوەی بێ لایەنانە کاری خۆی بکات، ناکرێت ئێمە ئەوە بۆ نزیکەی سێ ساڵ و نیو دەچێت لەبەر ئەو ململانێیە زۆربەی ئەو دەستەو ئەو دامودەزگایانە بێ بەرپرس بەجێ بگەیەنرێت، هەموو جارێکیش بەهانە زۆرە کە بیهێننەوە، جارێك ئەملا، جارێك ئەولا، بۆیە من پێموایە ئەنجومەنی دادوەری ئەو سێ کەسایەتیەی رەوانی ئێرەی کردووە، ئێمە تەنها لەسەرمانە بزانین دەنگ بە کێ دەدەین، نەك لە نرخ و لە کەسایەتی هیچ کەسێك کەم بکەینەوە، ئەو کەسانەی کە مورەشەحیش کراون هەرسێ کەسایەتی دیارن و هەرسێکیشیان تێکۆشەرو کەسایەتی و پسپۆری و شارەزایی خۆیان هەیە، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین بەڕاستی هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی زۆر دیموکراسیانە بەڕێوە بچێت، هەر کەسێکیش ئازادە دەنگ دەداتە کێ، یان نادات، ئەگەر بێین قسە لەسەر یەکتری بکەین، بەڕاستی ئێمەش بەشێکین لەوەی کە دیفاع لە هەندێك لەو کاندیدانە دەکەین، کە دەیانناسین و تێکۆشانیان هەیە، مێژووی جوانیان هەیە، هەڵوێستی باشیان هەیە لە ئەنجومەنی نوێنەران، لێرە، لە هەولێر، لە دامودەزگاکان، لە محکمەی ئیستئناف، لە هەموو ئەو شوێنانە شوێن پەنجەیان دیارە، بۆیە پێم خۆش نییە

بەڕاستی کەسمان بکەوینە ناو ئەوەی کە هەندێك لە پایەی ئەو کەسانە بێنینە خوارەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی پێویست قسە کرا، تکایە دەست بە عەمەلیەی هەڵبـژاردن بکەین، ئەوە سیڤیەکەتان لەبەردەستە، رەغبەتتان هەیە دەنگ بدەن، رەغبەتتان نییە دەنگ مەدەن، بە ئارەزووی خۆتان ئیختیار لەنێوان خۆتان بکەن، کاك فرسەت فەرمووو.

هەر یەکێك کە ناوی دەخوێنمەوە بێ لێرە وەرەقەی خۆی وەردەگرێت یەك دەقیقە دوای ئەوەی دەنگی خۆی دەدات، کاغەزەکە دەخاتە سندووقەکەوە، د. ئاراس حسین محمود، ئارام شاهین داود، د.احمد ابراهیم علی، احمد سلیمان عبدالله، اسماعیل محمود عبدالله، ئاشتی عزیز صالح، ئاهەنگ عارف رؤوف، ئەڤین عمر احمد، امیر گوگە یوسف، ئامینە ذکری سعید، ئاواز عبدالواحد خضر، ایوب نعمت قادر، برهان رشید حسن، د.بشیر خلیل توفیق، بکر کریم محمد، بەفرین حسین خەلیفە، بەیان احمد کۆچەری، بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ، پەروین عبدالرحمن عبدالله، پەیام احمد محمد، پەیمان عزالدین عبدالرحمن، پەیمان عبدالکریم عبدالقادر، پێشەوا توفیق مغدید، تارا تحسین ئەسعەدی، تارا عبدالرزاق محمد، د.ثائر عبدالاحد، جلال علی عبدالله، جمال طاهر ابراهیم، جیهان اسماعیل بنیامین، حازم تحسین، حمدیە معروف، حەمە سعید حەمە علیس، خلیل عثمان حمدامین، خورشید احمد سلیم، د.دانا سعید سۆفی، دلشاد حسین، رازاو محمود فرج، د.رۆژان عبدالقادر دزەیی، ریباز فتاح محمود، زکیە سید صالح، ژیان عمر شریف، سالار محمود مراد، سالم توما کاکو، سمیر سلیم امین، سمیرە عبدالله اسماعیل، سۆزان شهاب نوری، سۆزان یوسف خوشابە، سەردار رشید محمد، سەرگوڵ رضا حسن، د.سەروەر عبدالرحمن عمر، سەرهەنگ فرج محمد، سیویل عثمان احمد، شلێر محمد نجیب، شلێر محی الدین صالح، شڤان احمد عبدالقادر، شێرزاد عبدالحافظ شریف، شوان عبدالکریم جلال، شۆڕش مجید حسین، شەونم محمد غریب، شێردڵ تحسین محمد، شیلان عبدالجبار عبدالغنی، صباح بیت الله شکری، د.صباح محمد نجیب، صبیحە احمد مصطفى، عبدالرحمن حسین ابابکر، عبدالسلام مصطفى صدیق، عبدالقادر اکرام جمیل، عبدالله محمد امین، عبدالله محمد نوری، عبدالله محمود محمد، عدنان عثمان محمد، علی حسین محمد، عماد محمد حسین، عمر عبدالرحمن علی، د.عمر حمدامین، عمر صدیق محمد، عمر عبدالعزیز بهاءالدین، عظیمة نجم الدین حسن، عونی کمال سعید، فرمان عزالدین محمود، فاضل حسن اسماعیل، فاضل محمد قادر، ڤیان عبدالرحیم عبدالله، قادر حسن قادر، قادر احمد سمایل، کاوە محمد امین، کاردۆ محمد پیرداود، کاروان صالح احمد، کوێستان محمد عبدالله، کەیلی اکرم احمد، گوڵیزار قادر اسماعیل، گۆران ئازاد محمد، گەشە دارا جلال، لانا احمد محمود، لقمان سلیمان حسن، لیلی امیر عاض، محمد موسی مصطفى، محمد احمد علی، محمد دلێر محمود، نەریمان عبدالله قادر، نەژاد عزیز سورمێ، ناسك توفیق عبدالکریم، نەسرین جمال مصطفى، نیشتمان مرشد صالح،

هاژه سلیمان مصطفى، هاوڕاز شێخ احمد، یاووز خورشید عثمان، یشار نجم الدین نورالدین، حسن محمد سوره، فرست احمد عبدالله.

ئێستا سێ کەس نیشان دەکەین بۆ خوێندنەوەی فەرزی دەنگەکان، کێ دابنێین باشە؟ کاك کاردۆ یەکێك لە لای ئێوە بێت، فەرموو دکتۆر رێباز، شوان کەریم کابان، مامۆستا عومەر فەرموون، با ژنێکیش بێت، با ببێتە چوار کەس بەسەر چاوان، هاژە خان فەرموو، ئێستا ناوەکان دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی تەئکید بین هەموو لایەك بزانین کێ هاتووە، کێ نەهاتووە، حسن محمد سوره، فرست احمد عبدالله، د. ئاراس حسین محمود، ئارام شاهین داود، د.احمد ابراهیم علی، احمد سلیمان عبدالله، اسماعیل محمود عبدالله، ئاشتی عزیز صالح، ئاهەنگ عارف رؤوف، ئەڤین عمر احمد، امیر گوگە یوسف، ئامینە ذکری سعید، ئاواز عبدالواحد خضر، ایوب نعمت قادر، برهان رشید حسن، د.بشیر خلیل توفیق، بکر کریم محمد، بەفرین حسین خەلیفە، بەیان احمد کۆچەری، بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ، پەروین عبدالرحمن عبدالله، پەیام احمد محمد (غائیبە)، پەیمان عزالدین عبدالرحمن، پەیمان عبدالکریم عبدالقادر (غائیبە)، پێشەوا توفیق مغدید، تارا تحسین ئەسعەدی، تارا عبدالرزاق محمد(غائیبە)، د.ثائر عبدالاحد، جلال علی عبدالله، جمال طاهر ابراهیم، جیهان اسماعیل بنیامین، حازم تحسین، حمدیە معروف، حەمە سعید حەمە علی(غائیبە)، خلیل عثمان حمدامین، خورشید احمد سلیم، د.دانا سعید سۆفی(غائیبە)، دلشاد حسین قادر، رازاو محمود فرج، د.رۆژان عبدالقادر دزەیی، رێباز فتاح محمود، زکیە سید صالح، ژیان عمر شریف، سالار محمود مراد، سالم توما کاکو، سمیر سلیم امین، سمیرە عبدالله اسماعیل، سۆزان شهاب نوری، سۆزان یوسف خوشابە، سەردار رشید محمد، سەرگوڵ رضا حسن، د.سەروەر عبدالرحمن عمر، سەرهەنگ فرج محمد، سیویل عثمان احمد(غائیبە)، شلێر محمد نجیب، شلێر محی الدین صالح، شڤان احمد عبدالقادر، شێرزاد عبدالحافظ شریف، شوان عبدالکریم جلال، شۆڕش مجید حسین، شەونم محمد غریب، شێردڵ تحسین محمد، شیلان عبدالجبار عبدالغنی، صباح بیت الله شکری، د.صباح محمد نجیب، صبیحە احمد مصطفى، عبدالرحمن حسین ابابکر، عبدالسلام مصطفى صدیق، عبدالقادر اکرام جمیل، عبدالله محمد امین، عبدالله محمد نوری، عبدالله محمود محمد، عدنان عثمان محمد، علی حسین محمد، عماد محمد حسین، عمر عبدالرحمن علی، د.عمر حمدامین، عمر صدیق محمد، عمر عبدالعزیز بهاءالدین، عظیمة نجم الدین حسن، عونی کمال سعید، فرمان عزالدین محمود، فاضل حسن اسماعیل، فاضل محمد قادر، ڤیان عبدالرحیم عبدالله، قادر حسن قادر، قادر احمد سمایل، کاوە محمد امین، کاردۆ محمد پیرداود، کاروان صالح احمد، کوێستان محمد عبدالله، کەیلی اکرم احمد، گوڵێزار قادر اسماعیل، گۆران ئازاد محمد، گەشە دارا جلال، لانا احمد محمود، لقمان سلیمان حسن، لیلى امیر عاض، محمد موسى مصطفى، محمد احمد علی، محمد دلێر محمود، نەریمان عبدالله قادر، نەژاد عزیز سورمێ، ناسك توفیق عبدالکریم(غائیبە)، نەسرین جمال مصطفى، نیشتمان مرشد صالح، هاژە سلیمان مصطفى، هاوڕاز شێخ احمد، یاووز خورشید عثمان، یشار نجم الدین نورالدین، (7) کەس غائیبە، ناوەکان دەخوێنینەوە جارێکی تر ئەوە کە غائیبن (پەیام احمد محمد، پەیمان

عبدالكريم عبدالقادر، تارا عبدالرزاق محمد، حەمە سعيد حەمە علی، د.دانا سعيد سۆفی، سيويل عثمان احمد، ناسك توفيق عبدالكريم)، حەوت كەسن، كەواتە دەبێت (104) كاغەز لەناو سندووقەكە بێت، زەحمەت نەبێت مامۆستا بيانژمێرە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحيم.

ناوەكان دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوەكانی خوێندەوە.

**بەڕێز هاژە سليمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوەكانی خوێندەوە.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەوە (74)ەكە تەواوە، بەس دوانيان (انور احمد) نووسراوە، بۆ ئاگاداری بەڕێزان، (75)ـە دكتۆر احمد انور.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاگەياندنی ئەنجامەكان:

(104) ئەندام ئامادە بووە، (7) ئەندام ئامادە نەبووە، دكتۆر احمد انور (75) دەنگی بە دەست هێناوە، (23) دەنگ سپی بووە، سيروان عمر (6) دەنگ بووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە سوپاسی هەموو لايەكتان دەكەين، ئەوەی كە دەنگی داوەو ئەوەی دەنگی نەداوە، ئەمە پرۆسەی ديموكراتيە، زۆر بە حاڵەتێكی تەبيعی دەبێت وەربگيرێت، پيرۆزبايی لە دكتۆر احمد انور دەكەين بە ئومێدی ئەوەی هەم نوێنەری ئەوانە بێت كە دەنگيان پێداوە، هەم نوێنەری ئەوانە بێت كە دەنگيشيان پێ نەداوە، بێ لايەنانە كار بكات، بەپێی ياسا سەروەری بۆ هەموو ميللەتەكەمان و بۆ خۆشی تۆمار بكات، سوپاسی ئێوەش دەكەين، تا بەيانی سەعات (11)ی پێش نيوەڕۆ بە خواتان دەسپێرين هەربژين.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

د.حسن محمد سوره
جێگری سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

د. ارسلان بايز اسماعيل
سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان - عێراق

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 16\4\2013

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8)

## سێ شەممە رێكەوتی 2013/4/16

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی سـێ شـەممە رێكـەوتی 2013/4/16 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سـورە جێگـری سـەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (8)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (8)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2013/4/16 دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسایی هەموار كردنی یەكەمی یاسایی ئیمتیازاتی زیندانی كراو و ڕاگیراوی سیاسی ژمارە 11 ی ساڵی 2011

2-خوێندنـەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای دیاری كردن و وەرگرتنی شایستە داراییەكانی هەرێمی كوردستانی عیرٓاق لە داهاتەكانی فیدراڵ

3-خوێنـدنـەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای دەستەی گشتی هەرێمی كوردستان بۆ ناوچە ناكۆكی لەسەرەكان ژمارە 2 ی ساڵی 2010

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (8)، ڕۆژی دانیشتن 2013/4/16، بەرنامەی کار، بە پێی حوکمەکانی بڕگە یەکی مادده 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەکی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 8 ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 11 ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 2013/4/16 بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسایی هەموار کردنی یەکەمی یاسایی ئیمتیازاتی زیندانی کراو و ڕاگیراوی سیاسی ژمارە 11 ی ساڵی 2011

2-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دیاری کردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانی عێڕاق لە داهاتەکانی فیدڕاڵ

3-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ژمارە 2 ی ساڵی 2010

داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەین بفەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری شەهیدان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەکەین لەگەڵ وەفدە یاوەرەکانیان، لەبەر ئەوەی خاڵی2،3 یەم خوێندنەوەی یەکەمە بۆ پرۆژە یاساکان، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پێمان باشە پێشیان بخەین، خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو دووخاڵە بکرێ ئینجا بێینەوە سەر خاڵی یەکەم، کێ پێی باشە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ ڕازی نیە؟ یەك کەس ڕازی نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو لیژنەی یاسایی خاڵی...

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دوای دەنگ دان لەسەری (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دیاری کردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانی عێڕاق لە داهاتەکانی فیدڕاڵ)، ئەم پرۆژەیە لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە بە نووسراویان ژمارە 3234 لە 2013/4/8، دەقی نووسراوەکە

**بۆ/سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**م/پرۆژە یاسا**

به هاوپێچ، پرۆژه یاسای (تحدید واستحصال المستحقات الماليه لاقليم كوردستان - العراق من الواردات الاتحاديه) بۆتان ئەنێرین کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە 5 ی ڕۆژی 2013/3/27 پەسند کراوه، تکایە بخرێتە کۆبوونەوەی پەرلەمان و ئاگادارمان بکەنەوە، لەگەڵ ڕێزماندا

**نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، پرۆژەکە لە 11 مادده پێکهاتووە، داواکارم ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکان بکرێت

## قانون رقم ( ) لسنه 2013

### قانون تحديد واستحصال المستحقات الماليه لاقليم كوردستان-العراق من الواردات الاتحاديه

استنادا الى احكام المواد (1، 110،13،5، 111، 112، 115، 121، 123) من دستور جمهوريه العراق الاتحاديه سنه 2005، وحكم الفقره (1) من الماده 56 من قانون برلمان كوردستان-العراق رقم 1 لسنه 1992 المعدل، وبناءا على ما عرضه مجلس وزراء اقليم كوردستان-العراق، وتنفيذا لاحكام المادة 40 من القانون رقم 1 لسنة 2013 (قانون الموازنة العامة لاقليم كوردستان - العراق للسنة المالية 2013)، قرر برلمان كوردستان - العراق بجلسته المرقمة ( ) والمنعقده بتاريخ /2013/4 تشريع القانون الاتي:

## قانون رقم ( ) لسنة 2013

### قانون تحديد واستحصال المستحقات الماليه لاقليم كوردستان-العراق من الواردات الاتحاديه

### الفصل الثالث

### الحقوق المالية للاقليم

المادة الأولى:

يقصد بالمصطلحات الأتية المعانى المبينة أزاءها لأغراض هذا القانون:

اولاً: الحكومة الأتحادية: حكومة جمهورية العراق الأتحادية.

ثانياً: الدستور: دستور جمهورية العراق الإتحادية سنة 2005.

ثالثاً:الإقليم: إقليم كوردستان ـ العراق.

رابعاً: البرلمان: برلمان كوردستان ـ العراق.

خامساً: مجلس الوزراء: مجلس وزراء الإقليم.

سادساً: واردات النفط والغاز: واردات الحكومة الأتحادية المستحصلة من العمليات النفطية و من ضمنها مبيعات النفط والغاز والريع والعائدات الأخرى للعقود النفطية المبرمة مع الشركات الأجنبية والمحلية من قبل الحكومة الإتحادية أو حكومة الإقليم.

سابعاً: الهيئات الأتحادية: هي الهيئات التي يوجد ما يماثلها في الإقليم.

ثامناً: جداول النفقات: جداول مبالغ النفقات الحاكمة والسيادية المرفقة بقوانين الموازنة العامة السنوية الإتحادية منذ سنة 2004.

تاسعاً: يقصد بكل من المصطلحات( النفط، النفط الخام، الغاز، الغاز الطبيعي، حقل النفط، الحقل الحالي، الحقل المستقبلي، العمليات النفطية) المعاني الواردة أزاءها في المادة الأولى من قانون النفط والغاز لإقليم كوردستان العراق رقم 22 لسنة 2007.

## الفصل الثاني

## اهداف القانون

المادة الثانية:

يهدف هذا القانون الى:

اولا: رسم اليات قانونية لتحديد واستحصال الحقوق المالية المستحقة للاقليم ضمن الواردات الاتحادية.

ثانيا: تمكين الاقليم من استحصال مستحقاته المالية من واردات النفط المستحقة للاقليم ضمن الواردات الاتحادية

ثالثا: استحصال مستحقات الاقليم من المنح والمساعدات والقروض الدولية المقدمة الى الحكومة الاتحادية وذالك استنادا الى البند اولا من المادة 106 من الدستور.

رابعا: استحصال حصة الاقليم من اية موارد اخرى او تعويضات المستحصلة من قبل الحكومة الاتحادية.

خامسا: توفير الاليات اللازمة لاستحصال مستحقات الاقليم من الموازنة الاتحادية اخذا بنظر الاعتبار المبالغ المتراكمة غير المدفوعة كالنفقات السيادية والحاكمة والمدرجة ضمن الموازنة الاتحادية منذ سنة 2004.

سادسا: استحصال التعويضات المستحقة للاقليم عن الاضرار الناتجة عن الممارسات المجحفة من قبل النظام السابق من خلال القمع الجماعي والابادة الجماعية وسياسية الارض المحروقة حسب الفقرة اولا من المادة 112 من الدستور.

سابعا: تحقيق العدالة في توزيع الموارد الاتحادية ضمانا لحماية وحدة شعب العراق ودولته الاتحادية منسجما مع المادة الاولى من الدستور.

المادة الثالثة

اولا: يكون للاقليم الحق في حصة عادلة من واردات النفط والغاز المستخرج في عموم العراق على ان تتناسب مع التوزيع السكاني فيه استنادا الى كل من المادة 111 والبند اولا من المادة 112 من الدستور.

**ثانيا: يكون للاقليم الحق من الحصة العادلة من جميع الايرادات الاخرى المستحصلة اتحاديا والمنح والمساعدات والقروض الدولية لتتمكن حكومة الاقليم من القيام باعبائها ومسؤولياتها استنادا الى البند ثالثا من المادة 121 من الدستور.**

**ثالاثا:للاقليم الحق في حصة اضافية من واردات النفط والغاز لتعويضه عن الاضرار الناتجة عن ممارسات النظام السابق استنادا الى البند اولا من المادة 112 من الدستور.**

**رابعا: للاقليم حق المشاركة الفعلية في تشكيل وعضوية هيئة عامة للرقابة وتخصيص الواردات الاتحادية من خلال تمثيلة فيها بخبراء وممثلين عنه بموجب احكام المادة 106 من الدستور.**

**خامسا: يحق للاقليم مطالبة الحكومة الاتحادية بانجاز التشريعات التي تجسد شراكته الفعلية في ادارة الدولة ومؤسساتها استنادا لحكم المادة 105 من الدستور ودرء الضرر عن حقوق الاقليم المالية والاقتصادية وتشريع قانون توزيع واردات النفط والغاز استنادا الى الفقرة اولا من المادة 112 من الدستور لتعجيل التنمية في الاقليم والمحافظات.**

**سادسا: يحق للاقليم المشاركة الفعلية مع الحكومة الاتحادية لتسويق النفط والغاز المنتجة من الحقول الحالية، و ان يلعب دوره الحصري في ادارة الحقول المستقبلية في الاقليم من ضمنها تسويق النفط والغاز المنتج منهم، والتي حرم منها الاقليم بسبب رفض الحكومة الاتحادية وتقاعسها عن اداء دورها الايجابي في رسم السياسات الاستراتيجية اللازمة لتطوير ثروة النفط والغاز والمشار اليها في البند ثانيا من المادة 112 من الدستور**

**سابعا:يحق للاقليم ان تخصص له حصة عادلة من النفط والغاز الخام والمنتجات النفطية المعدة للاستهلاك في عموم العراق على ان تتناسب مع التوزيع السكاني فيه والاخذ بنظر الاعتبار الظروف الخاصة للاقليم وازالة مظاهر التمييز المتبعة ضده**

## الفصل الرابع

## اسس تحديد واستحصال الحقوق المالية للاقليم

**المادة الرابعة:**

**اولا: تكون نسبة 17٪ سبعة عشرة من المائة المعتمدة في قوانين الموازنة الاتحادية اساسا لتحديد حصة الاقليم من مجموع النفقات التشغيلية ونفقات المشاريع الاسستثمارية للموازنة العامة السنوية الاتحادية لحين اجراء تعداد سكاني عام في العراق، ويكون للاقليم نفس النسبة من مايأتي:**

**أ- اجمالي واردات الموازنة العامة الاتحادية من ضمنها الواردات الناجمة عن تصدير النفط الخام**

**ب- اجمالي النفط الخام المكرر والمعد للاستهلاك في عموم العراق من ضمنها النفط الخام اللازم لتشغيل محطات توليد الكهرباء**

ج- اجمالي النفقات الحاكمة وتخصيصات اعمار تنمية مشاريع محافظات الاقليم والزيادات المتحققة في الايرادات عن صادرات النفط الخام المصدر وتخصيصات النفقات السيادية للهيئات الاقليمية وحسب جداول النفقات

د- على وزارتي المالية والاقتصاد والتخطيط في الاقليم احتساب المشار اليها في الفقرة (ج) من هذه المادة بالتنسيق مع الجهات المعنية الاخرى في الاقليم

ه- على وزارة الثورات الطبيعية في الاقليم احتساب المستحقات المشار اليها في الفقرتين الفرعيتين (ا، ب)

ثانيا:

أ- اضافة الى حصة محافظات الاقليم من بترودولار عن النفط الخام المصدر من الاقليم منذ 2009، يستحق الاقليم بترودولار عن كل برميل نفط خام منتج ومكرر او معد للاستهلاك في محافظات الاقليم، على ان تحتسب هذه المستحقات

ب- من قبل وزارة الثروات الطبيعية حسب المعايير المعتمدة من قبل الحكومة الاتحادية.

ت- تعاد الايرادات المتحققة فعلا في المنافذ الحدودية لمحافظات الاقليم وتخصص حصرا لتأهيل واعادة اعمار المنافذ الحدودية التابعة لكل محافظة

ث- يختص مجلس الوزراء بمصادقة البرلمان بتحديد كيفية التعامل مع الواردات المستحصلة من قبل الاقليم وذلك حسب احكام هذا القانون

ثالثا: على مجلس الوزراء تشكيل لجنة وزارية لغرض تقدير التعويضات المستحقة طبقا للفقرةالثالثة من المادة الثالثة من هذا القانون بمبالغ نقدية او مايقابلها عينا من النفط الخام من الاقليم على ان تسدد التعويضات المقدرة باقساط سنوية لمدة لاتتجاوز5 سنوات من تاريخ نفاذ هذا القانون.

المادة الخامسة:

على الوزارات والجهات المشار اليها في المادة الرابعة من هذا القانون اكمال مهامها خلال مدة لاتزيد على 60 ستون يوما من تاريخ نفاذ هذا القانون، وتقديم تقريرها النهائي الى مجلس الوزراء للمصادقة عليها خلال مدة لاتتجاوز 30 ثلاثون يوما من تاريخ وصولها الى المجلس.

## الفصل الخامس

## اجراءات استحصال الحقوق المالية للاقليم

المادة السادسة:

اولا: على مجلس الوزراء بعد تحديد وتخمين الحقوق المالية للاقليم بموجب احكام هذا القانون مطالبة الحكومة الاتحادية بتسديد المستحقات المالية المقدرة وفق هذا القانون خلال مدة 90 تسعون يوما من تاريخ تبلغها بالمطالبة وقيامها بتشريع قانون توزيع واردات النفط والغاز استنادا الى البند اولامن المادة 112 من الدستور

ثانيا: في حالة عدم اشعار حكومة الاقليم من قبل الحكومة الاتحادية، خلال مدة 30 ثلاثون يوما من تاريخ تبلغها، استعدادها للتباحث حول مستحقات الاقليم المالية، او مضي 90 تسعون يوما من تاريخ بدء التباحث دون التوصل الى اتفاق حول هذه المستحقات، او مضي 90 تسعون يوما من تاريخ استلام الحكومة الاتحادية طلب الاقليم دون استجابة له وذلك بسكوتها عنه او رفضها له صراحة او ضمنا، يحق للاقليم، بعدئذ، حينئذ اتخاذ مايراه مناسبا من الاجراءات لاستحصال حقوقه المالية بموجب احكام هذا القانون بما فيها انتاج وتصدير وبيع النفط الخام والغاز لتغطية اي مستحق مالي تمتنع الحكومة الاتحادية عن دفعه سواء كان قبل نفاذ هذا القانون او بعده

المادة السابعة:

يلتزم الاقليم في القرارات والاجراءات التي يتخذها وفق هذا القانون باحكام قانون النفط والغاز رقم 22 لسنة 2007 ومن ضمنها تعامله مع الواردات المستحصلة ويمارس مسؤولياته وفق المبادئ والمعايير الخاصة بمبادرة الشفافية في الصناعات الاستخراجية (ei) (ti).

المادة الثامنة: لايعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون

المادة التاسعة: لوزير الثورات الطبيعية وبالتنسيق مع وزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون

المادة العاشرة: على المجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون

المادة الحادي عشر: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەكانی یاسایی و دارایی و پیشەسازی و وزە و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەكان ئەكرێ، فەرموو بۆ خاڵی دواتر،

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی دووەمی بەرنامەی كار بریتیە لە خوێندنەوەی پرۆژە یاسای (قانون التعديل الاول للهيئة العامة في اقليم كوردستان في المناطق المتنازع عليها رقم 2 سنة 2010)، ئەم پرۆژەیە لە لایەن سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە نووسراوی ژمارە 321 لە 27 ڕەشەمێ 2712 بەروار 2013/3/18 هاتۆتە پەرلەمان، پرۆژەكە بریتیە لە 6 مادده لەگەڵ ئەسبابی موجەبە، تكایە بفەرموون بە تەوزیع كردنی بەسەر لیژنە تایبەتەكان، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە بەسەر لیژنەكانی یاسایی ناوخۆ و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەكان دابەش ئەكرێ، فەرموو بۆ خاڵی یەكەم كە بوو بە خاڵی سێیەم، لیژنەی پێشمەرگە فەرموو بۆ سەر سەكۆی لیژنەكان

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەربارەی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ئیمتیازاتی سوجەنائی سیاسی و موعتەقەلینی ڕەقەم 11 ی ساڵی 2011 بە زمانی عەرەبی ئەیخوێنمەوە، تەبیعی پاش راست کردنەوەی هەندێ هەڵەی چاپی**

**الى/رئاسه برلمان كوردستان-العراق**

**م/تقرير حول مشرع القانون**

**اجتمعت لجنة الشؤون القانونية بتاريخ 27 رەشەمێ 2712 كوردي المصادف ليوم 2013/3/17 ميلادي لدراسة مشروع قانون التعديل الاول لقانون امتيازات السجناء والمعتقلين السياسيين الكوردستانيين رقم 11 لسنة 2011 المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة 25 في 2012/12/3 وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنة الى مايلى:**

**بالنسبة للمادة الاولى من المشروع، تقترح اللجنة الغاء الفقرة اثنين منها نظرا لان الامر يتعلق بتعديل قانون وزارة الشهداء والمؤنفلين رقم 8 لسنة 2006 وصياغتها كالاتي:**

**المادة الاولى: تعدل الفقرة الثالثة من المادة الاولى وتقرأ كالأتي:**

**ثالثاً: اللجنة، اللجنة المختصة بالنظر واقرار طلبات المشمولين باحكام هذا القانون**

**المادة الثانية: تقترح اللجنة صياغتها كالاتي:**

**تعدل مقدمة الفقرة اولا من المادة الرابعة من القانون وتقرا كالاتي:**

**اولاً: تشكل لجان خاصة برئاسة القاضي في مراكز المحافظات يرشحهم مجلس القضاء في الاقليم وعضوية ممثلين بدرجة مدير للنظر واقرار طلبات المشمولين باحكام هذا القانون ويمثلون الجهات الاتية:**

**1-مجلس الوزراء**

**2-وزارة الداخلية**

**3-وزارة المالية والاقتصاد**

**4-جمعية السجناء السياسيين في الاقليم**

**ثانيا: يثبت السجين او المعتقل السياسي بالطرق القانونية وفقا لاحكام القانون الاثبات النافذ المرقم 107 لسنة 1979 المعدل امام اللجنة المشكلة بموجب هذا القانون.**

**الماده الثالثة:**

**تقترح اللجنة الغاء المادة من المشروع والابقاء على الاصل نظرا لالقائها اعباء مالية على الحكومة ومخالفتها لضوابط صرف سلفة العقار**

**المادة الرابعة:**

**تقترح اللجنة الغائها ايضاً لان الامر يتعلق بتعديل قانون وزارة الشهداء والمؤنفلين لاقليم كوردستان.**

**المادة الخامسة:**

**لمجلس وزراء اصدار الانظمة والتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون**

**المادة السادسة:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة السابعة لايعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون**

**المادة الثامنة:**

**ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة رسمية (وقائع كوردستان) وتسري احكامه على المعاملات المقدمة قبل نفاذه**

**الاسباب الموجبة**

**لقد ظهرت من خلال تطبيق قانون امتيازات السجناء والمعتقليين السياسيين مشاكل ومتاعب متعددة واجهه المشمولين باحكامه، وجعل عبأ على كاهلهم خصوصا البعيدين عن العاصمة اربيل بسبب تواجد لجنة مختصة واحدة فيها، وصعوبة احضار شهود الاثبات امام تلك اللجنة حصرا بسبب بعد المسافات ومخاطر الطرق وغلاء كلفة التنقل والمبيت والخدمة لهؤلاء المناضلين ولتفادي تلك الصعوبات وتسهيلا لتطبقها فقد شرع هذا القانون.**

**راجين التفضل بالاطلاع وعرض اصل المشروع وتقرير اللجنة على البرلمان للمناقشة وابداء الرأي المناسب والتصويت**

**مع التقدير**

**بەڕێز محمد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان**

**بۆ/بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

**بابەت/وەڵام**

**سلاّوێکی گەرم....**

**ئاماژە بە پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی ماف و ئیمتیازاتی زیندانی کراو ڕاگیراوانی سیاسی لە لایەن (10) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانەوە واژووی لە سەر کراوە و لە ڕۆژی 2012/11/27 پێشکەشی پەرلەمانی**

**کوردستان کراوە لە ڕۆژی 2012/12/3 لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو ڕووبەڕووی لێژنەکەمان کرایەوە، بفەرموو لە گەڵ ڕای لێژنەکەمان لەو بارەیەوە .**

**لەگەڵ ڕێزماندا....**

**وێنەیەك بۆ:**

**لێژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان لە گەڵ ڕێزماندا.**

**ماددەی یەکەم:**

1- **هەموارکردنی بڕگەی (سێ یەم) لە ماددەی یەکەم، و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە :**

**سێ یەم: لێژنە : لێژنەی تایبەت بە تەماشاکردن و بڕیاردان لە سەرداواکاری ئەو کەسانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.**

2- **زیاد کردنی بڕگەیەك بۆ مادەی یەکەم، و دەبێتە زنجیرەی (شەشەم)، و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە :**

**شەشەم: وەزارەت: وەزارەتی کاروباری شەهیدان ئەنفالکراوان لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی دووەم:**

**پێشەکی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی چوارەم لە یاساکە هەموار دەکرێ، و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:-**

**یەکەم:-چەند لێژنەیەکی تایبەت بە سەرۆکایەتی دادوەرێك دادەمەزرێت کە ئەنجومەنی داد وەری لە هەرێمی کوردستان دەی پاڵێوێ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان ئەرکیان تەماشاکردن و بڕیاردانە لە سەر داواکاری ئەوکەسانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، پەیوەست دەبن بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی زیندانیان و گیراوانی سیاسی کوردستان و نوێنەرایەتی ئەم لایانانە دەکەن:**

1- **ئەنجومەنی وەزیران.**

2- **وەزارەتی ناوخۆ**

3- **وەزارتی دارایی و ئابوری**

4- **نوێنەرێك لە کۆمەڵەی بەندکراوە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**دووەم: زیندانی کراوی سیاسی یان گیراوی سیاسی بە ڕێگەی یاسایی، بەپێ ی حوکمەکانی یاسای (اپبات) ی کارپێکراو ژمارە(107)ی ساڵی (1979)ی هەموارکراو ، لە بەردەم لێژنەی پێکهاتوو بەپێ ی حوکمەکانی ئەم یاسایە ساغ دەبێتەوە.**

**ماددەی سێ یەم:**

**لێژنەکەمان ڕای وابووکەماددەکە وەك خۆی بمێنێتەوەو پێویست بە هەموارناکات**

**ماددەی چوارەم:**

**زیاد کردنی ماددەیەك بۆ یاسا کە، و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:**

پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی زیندانی کراو و ڕاگیراوانی سیاسی ، و بەستنەوەی بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان،بەڕێوەبەرەکەی هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بێت و خاوەنی شارەزایی و پسپۆڕی بێت و لەم بەڕێوەبەرایەتیانە پێك دێت:

1- بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردن و خۆیەتی.
2- بەڕێوەبەرایەتی و ژمێریاری و وردبینی.
3- بەڕێوەبەرایەتی ئامارو پلان دانان.
4- بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگۆزاری و کاروباری زیندانیان و گیراوانی سیاسی لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان.

ماددەی پێنجەم:

ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پێڕەو ورێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێ بە جێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

ماددەی شەشەم:

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بە جێ بکەن.

ماددەی حەوتەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت لە گەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت

ماددەی هەشتەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێ بە جێ دەکرێت.

**((هۆیەکانی دەرچوونی))**

لەمیانەی جێ بەجێ کردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و راگیراوی سیاسی کوردستان چەندین کێشە روبەرووی ئەو کەسانە بۆیەوە کە حوکمەکانی یاساکە دەیانگرێتەوە، لە وانە بوونی تەنها لێژنەیەك لە هەولێری پایتەخت و دووری رێگاو ئامادەکردنی شایەت و تێچونی کرێی رێگاو مانەوە لە پێناو خزمەتکردنی ئەم تێکوشەرانە و دوورکەوتنەوە لەو گرفتانەو ئاسانکاری لە جێ بە جێ کردنیدا ئەم یاسایە دەرچویندرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەڵامی حکومەت لەسەر ئەم یاسایە هاتۆتەوە، لەسەر داواکاری حکومەت بووە کە کێشەیەك بۆ زیندانیانی سیاسی دروست بووە، ئەم زیندانیە سیاسیانە خۆیان سەربە وەزارەتی شەهێدانن، بەلاّم ئێمە لە

یاساکە لە ئەنجومەنی وەزیران دامان نابوون، ئەنجومەنی وەزیران خۆی داوای کردووە، ئەڵێ بچێتە سەر وەزارەتی شەهیدان

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە مادده، مادده بیخوێننەوە، ڕەئی جەنابی وەزیریش وەرئەگرین و پەرلەمانتارە بەڕێزەکانیش موناقەشەی ئەکەن، فەرموو مادده، مادده

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

المادة :1

1-تعدل الفقرة الثالثة من المادة اولا، وتقرأ كالأتي:

ثالثا اللجنة، اللجنة المختصة بالنظر واقرار طلبات المشمولين باحكام هذا القانون

2-تضاف فقرة الى المادة اولا وتصبح بتسلسل سادسا وتقرأ كالأتي:

سادسا:الوزارة:وزارة الشهداء والمؤنفلين لاقليم كوردستان

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنها داوامان کردیە بڕگەی شەشەکە نەبێتەوە، لەبەر ئەوەی بابەتەکە پەیوەستە بە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوان، و ئەو ناوەی لە ناوەڕۆکی پرۆژەکە زۆر تیکرار نەکرایەتەوە، بۆیە پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی ئێمە وتیتمان تەنها (تعدل الفقره الثالثة من المادة اولا وتقرا كالاتي:

ثالثا اللجنة، اللجنة المختصة بالنظر واقرار طلبات المشمولين باحكام هذا القانون)

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پێشمەرگە

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە لە میانی جێ بەجێ کردنیی ئەو یاسایە کە ئەم لیژنانە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانن و، بەڕێوەبەرایەتیەکە سەر بەوەزارەتی شەهیدانەو، حکومەتیش خۆی داوای کردووە، ئەڵێ ئەم لیژنەیە لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکە سەربە وەزارەتی شەهیدانە و لیژنەکەش سەربە ئەنجومەنی وەزیرانە، بۆ

ئەوەی کێشە و مەشاکیل دروست نەبێ و مەعامەلاتیان دوانەکەوێ حکومەت خۆی ڕازیە و لیژنەی ئێمەش پێشنیاری کردووە بێتە سەر وەزارەتی شەهیدان

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز صباح احمد محمد(ئارام)وەزیری شەهیدان و ئەنفال کراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا زۆر زۆر سوپاسی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی بەڕێزدەکەم، بۆ ئەو هاوکاریەی تا ئێستا کردووتانە بۆ شەهیدان، درێغیتان نەکردووە لە یاساکان، بە تایبەتی زیندانیانی سیاسی، سەبارەت بە هەموار کردنەوەی ئەم یاسایە، یەکەم، ئێمە لاریمان نیە، سەبارەت بەم هەموار کردنە کە پێشکەش کراوە بۆ ماددەی یەکەم لاریمان نیە، ماددەی دووەم بڕگەی یەکەم.....

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر لەگەڵ کام لایەنی؟چونکە دوو ڕەئی موختەلیف هەیە

**بەڕێز صباح احمد محمد( ئارام):وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

.....ئەوەی کە لەبەر دەستی منە، ئەوەی لیژنەی شەهیدانە ئەوەی کە لەگەڵ بەڕێز کاك محمد شارەزوری باسم کرد، ئەوەی تر بە عەرەبیە، ئەوەی لە ئەنجومەنی وەزیران هاتووە، بەڵام تێکڕا ئەوەی لە ماددەی یەکەم باس کراوە کە پێناسەی لیژنە کراوە، لیژنەی تایبەت بە سەیر کردن و بڕیار دان لەسەر داواکاری ئەو کەسانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەیانگرێتەوە، ئەوە پێمان باشە، و ئەوەی تر زیاد کردنی بڕگەیەك بۆ ماددەی دووەم، ناوهێنانی وەزارەت، وەك وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان لە هەرێمی کوردستان، ئەوەش هەر پێمان باشە، ماددەی دووەم لیژنەکە باسی ئەکات

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ (عمر عبدالرحمن، سالار محمود، سەردار رشید، د.ڕۆژان عبدالقادر، جمال طاهر، هاژە سلیمان، سەرهەنگ عبدالرحمن، پەیمان عزالدین، ڤیان عبدالرحیم، عبدالله مەلا نوری، کوێستان محمد، عبدالله محمد امین، نەریمان عەبدالله، پەروین عبدالرحمن)، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە ئەم ڕاپۆرتەی لە لیژنەی یاسایی خوێندرایەوە، ڕاپۆرتی ئێمەیە و خۆشم موشارەکەم تیا کردووە، بەڵام تەحەفوزم لەسەری نووسیوە، لە ئەسلی پرۆژەکە کە باس لە تەعدیلەکە کراوە، باسمان لەوە کردووە

**کە وەزارەتی شەهیدان و موئەنفیلین لەم یاسایە ئیزافە بکرێ، بۆچی؟ حیکمەتی ئەم تەعدیلە کە ئێستا پێشکەش کراوە لەسەر ئەم یاسایە ئەوەیە کە ئەو لیژنەی کە کاروباری زیندانی سیاسی ئەبات بەڕێوە لە کۆمەڵێك کەس پێکهاتووە، وەکو لە یاساکە باس کراوە ، لە ماددەی 4 باسی لەسەر کراوە، ئەم لیژنەیە مورتەبیتە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، بۆتە تەنیا لیژنەیەك کە لە هەرێمی کوردستان کارەکانی زیندانیانی سیاسی ئەبات بەڕێوە، ئەم لیژنەیە لەبەر ئەوەی تاکە لیژنەیە لە هەرێمی کوردستان ئەرکێکی زۆری خستۆتە سەر ئەو زیندانیانەی کە لە هەموو لاکانی کوردستانەوە دێنە هەولێر، تەبیعی کە دێنە هەولێر موستەلزەماتی ئیسپات کردنی چۆنیەتی کارەکەیان پێویستی بە شاهیدە، پێویستی بە هەندێ موستەمسەکاتە، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە عەرقەلەیەکی زۆر، مەسرەفێکی زۆر، جگە لە مەخاتری ڕێگە و هاتوچۆ، بۆیە ئێمە ویستمان لەم یاسایە کە پێشکەشمان کردووە، و بە تەئکید حکومەتیش خۆی هاوڕا بووە لەگەڵمان، و هەروەها جەنابی وەزیر بە نووسرای ژمارە 28 لە 2012/11/20 باسی لەسەر ئەوە کردووە کە پێویستە ئەم لیژنەیە ببسترێتەوە بە گوێرەی یاسای ژمارە 11 ی 2011 ەوە بە وەزارەتی شەهیدانەوە، دیارە حیکمەت لەوە ئەوەیە کە لیژنەکە تەفعیل تر بێ، کارئاسانی زیاتر بۆ زیندانیانی سیاسی بکرێ، و لە ئەنجومەنی وەزیران ببێتەوە و بێتە سەر ئەم وەزارەتە، کە ئیش و کاری خۆی بە ئاسانی تر ئەبات بەڕێوە، لەبەر ئەوە من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی لیژنەی یاسایی ئیلغا بکرێ، ئیزافە بکرێ لەگەڵ ئەوەی کە لیژنەی شەهید و ئەنفال باسی کردووە، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك سالار**

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەرەتا جێی خۆیەتی دەست خۆشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەین کە ئەم بابەتەی خستە بەرنامەی کارەوە، چونکە ئەوە داوایەکی سەرەکی ئەو کەسانە بوو کە حوکمەکانی ئەم یاسایە وەکو سوودمەند ئەیانگرێتەوە، من پشتگیری دەقاودەقی ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری شەهیدان ئەکەم، چونکە لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید لەم مەسەلە زۆر ماندوبوون، و لیژنەیەکی موختەصن، بۆیە تەصەورم وایە لە هەموار کردنەکە لیژنەی یاسایی توانیویانە خەلەلەکان دەستنیشان بکەن، تەنها لە ماددەی یەکەم، بڕگەی یەك، ئەگەر بکرێ وشەیەك بۆ لیژنەکە ئیزافە بکرێ، کە ئەڵێ لیژنەی تایبەت بە سەیر کردن و بڕیاردان لەسەر داواکاری ئەوانە، تەنها لە پێش وشەی سەیر کردن وەرگرتنیش ئاماژە پێ بکرێ، چونکە ئەوەی لە لیژنەی یاسایی هاتووە کە وشەی پێداچوونەوە ئیزافە کراوە، ئەو فایلانەی کە وەرگیراوە لەوانەی بە حوکمی ئەو وشەیە پیاچوونەوە بکرێ و خەڵکێکی تر تووشی ڕۆتین ببێ، و ئەمە لە سولبی ئیختیصاصی وەزارەتی کاروباری شەهیدانە، بڕگەی دووەم بچەسپێنرێ و هاوکاری لیژنەی شەهیدانیشە، و پێم وایە لەماوەی ڕابردوودا ئەم یاسایە دەرچوێندرا، دەرکەوت خەلەلەکان لە کوێن، و خەڵکێکی زۆر**

**پێوەی ماندووبوون، و لەهەمان کاتیش ئێمە ئاگادارین کە کەس و کاری سەربەرزی ئەنففال کراوان لە ساڵیادی ئەنفال لە چەمچەماڵ لە ساڵیادی ئەنفال بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، و لە کەلار لە ڕۆژی 4/14 لە یاداشتی خۆیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان حکومەتی هەرێمی کوردستان، داوایان کردبوو ئەم مەسەلەیە بە زوویی هەموار بکرێتەوە، جێی خۆیەتی لەو ڕوانگەوە دەست خۆشی لە حکومەت و پەرلەمان دەکەم بە تایبەتیش لیژنەی شەهیدان بۆ ئەم موناقەشەی ئەمڕۆ، سوپاس**

**بەڕێز د. ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك سەردار**

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**بەخێرهاتنی ئەم میوانە بەڕێزانە ئەكەم، دیارە ئەم یاسایە هەر وەكو ئەزانن لە ساڵی 2011 دەرچووە لەم پەرلەمانە، وەكو پێویست تا ئێستا كارەكانی نەچۆتە پێشەوە، بە هەوڵی هەمەلایەنەی پێشمەرگە و شەهیدان و جینۆساید و زائیدەن ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی كە كاك ئەحمەد سەرپەرشتی ئەكات، من لە نزیكەوە ئاگام لێیانە، كاری زۆر باشیان كردووە بۆ ئەوەی كارئاسانی بكەن بۆ جێ بەجێ كردنی هەرچی ماف و ئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسیە كە ئەو یاسایە لە عێراق لە ساڵی 2006 دەرچووە، و چۆتە بواری جێ بەجێ كردنەوە، و زۆرێك لەو داخوازیانەی ئەوێ جێ بەجێ كراوە، و دەست خۆشی لە پەرلەمانی كوردستان ئەكەم، وەك هاوكارم كاك سالار وتی ئەم یاسایە خرایە بواری دەرچوون و ئێستاش ئەم هەموارەی هاتووە، من سەرنجێكی وام نیە جگە لەوەی كە پشتگیری تەواوی ئەو لیژنەیە بكەم كە لیژنەی پیشمەرگە و شەهیدانە، لەبەر ئەوەی ئەوان زیاتر لە واقیعی مەسەلەكە دا ئەژین، و تەعامولیان لەگەڵ زیندانیانی سیاسیە، بۆیە من پشتگیریان ئەكەم لەوەی داوایان كردووە، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو دكتۆرە ڕۆژان**

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەربارەت بە ماددەی یەكەم، ئەو ماددەیە تایبەت بە پێناسە كردنی هەندێ دەستەواژەیە كە زیاتر لە یەكجار لە ناو یاساكە دووبارە ئەبێتەوە، بەڵام ناوی وەزارەتی شەهیدان لە یاساكە، هەموو ماددەكانی یاسای ژمارە 11 ی ساڵی 2011 تەنها یەكجار لە ماددەی 4 باس لەو وەزارەتە كرایە، ئەویش بە شێوەیەك كەوا وەزارەتی شەهیدان نوێنەرێكی ئەبێ لەو لیژنەی كە بە پێی ماددەی 4 پێكهاتووە، جگە لە وەزارەتی شەهیدان، وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی و ئابووری نوێنەریان هەیە لە لیژنەكە، و پێویستی بەوە نەكردیە ناوی ئەو وەزارەتانە بێت، یان پێناسە بكرێن، ئەگەر مەبەست ئەوەیە ئەركی ئەو جێ بە جی كردنە بە وەزارەتی شەهیدان ڕاسپێردێ ئەوە ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ یاسای وەزارەتی شەهیدان ژمارە 8ی**

ساڵی 2006، کە بە هیچ شێوەیەك لە ناو یاسای وەزارەتی شەهیدان باسی زیندانی سیاسی نەکرایە، تەنها باسی شەهیدو مەفقودو موئەنفەل کرایە، ئێستا ئێمە وەکو ئەوەی بێین یاسای وەزارەتی شەهیدان هەموار بکەین ئەرکێکی نوێ بەو وەزارەتە ڕاسپێرین، لە مادده 4 کە باس لە لیژنەکە کرایە باس لەوە کرایە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، ئێستا ئەو مادده تەعدیل ئەکرێت، ئەو ئەرکەی بە ئەنجومەنی وەزیران ڕاسپێردرایە ئەدرێتە وەزارەتی شەهیدان، کە وەزارەتەکە لە ئەرك و ئامانجەکانی بە هیچ شێوەیەك باسی زیندانی سیاسی نەکرایە، بابەتێك و پرسێکی نوێیە بەو وەزارەتە ڕادەسپێردێ، بۆیە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیم وەزارەتی شەهیدان لە پێناسەکان زیاد بکرێ، لەبەر ئەو دوو هۆکارە کە لەگەڵ ئەرکی وەزارەت ناگونجێ، هەروەها تەنها یەکجار ناوی وەزارەتی شەهیدان هاتیە لە ناو بڕگە و بەندەکانی هەموو ماددەکانی یاساکە، سەبارەت بە زیاد کردنی پێناسە یان هەموار کردنی پێناسەی لیژنەکە پێویستە لیژنەکە پێناسەکەی هەموار بکرێ، بەڵام لیژنەی موختەصە لە عەرەبیەکە لابرێ، (اللجنه الخاصه) یان (اللجنه المشكله وفق احكام الماده الرابعه من هذا القانون) نەك (منصوص) ئەوە لە ڕووی قانونیەوە دەقیق ترە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە ئەو مولاحەزەیەم هەیە کە پشتیوانی دکتۆرە ڕۆژان ئەکەم، ئەگەر بێتو سەیری یاسایەکە بکەین، یاسای ژمارە 11 ی ساڵی 2011 فیعلەن یەکجار ناوی وەزارەتی شەهیدان و موئەنفیلین هاتووە، وەکو گوتی خاڵی دووەم لە ماددەی چوارەم، وابزانم لێرە پێویست ناکات، چونکە وەزارەت دووبارە نابێ، و ئەگەر هاتو ئەوەشمان ئیقرار کرد تەعدیلی لیژنەی قانونی، ئەگەر بێین زمانەوانی سەیر بکەین تەواو نیە، نووسراوە (اللجنه المختصه بالنظر واقرار طلبات مشمولين) تەواو نیە، ئەگەر بنووسن (اللجنه المختصه بالنظر في طلبات المشمولين باحكام هذا القانون واقرارها) باشترە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من بەراستی لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتەم کە لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان پشتگیریان لێ کردووە، و لەگەڵ تەعدیل کردنەکەم وەکو خۆی کە لە بڕگەی یەکەم دا هاتووە، و دەربارەی بڕگەی دووەم یەکێك بووم لەو ئەندامانەی کە لەسەر هەموار کردنەکە واژووم کردووە، دەربارەی بڕگەی دووەم لە راستیدا هەرچەند

دکتۆرە ڕۆژان تەوزیحی دا دەربارەی ئەوەی کە وشەی وەزارەت زیاد بکرێ یان نا وەکو تەعریف؟ بەلاَم دیارە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە سەر بە وەزارەتە، یەعنی پێم وایە ئەبێ ئەو وشەیە لەوێ تەعریف بکرێ، چونکە ئەوان ئیش و کاریان سەربەوەزارەتە، ناکرێ، بۆیە پێویست بە تەوزیحێك هەیە لێرە، ئەگەر ئەو بەڕێوەبەرایەتیە کە ئیش و کارەکان بەڕێوە ئەبات سەر بە وەزارەتە ئەبێ لێرە وەزارەتەکە تەعریف بکرێ و بزانرێ ئەوانە ئیش و کاریان سەر بە وەزارەتە، و پێشنیارێکی تریشم هەیە، ئەگەر هاتو وشەی وەزارەت لێرە تەعریف کرا ئەبێ وشەی وەزیریش تەعریف بکرێ، چونکە وەزیر شەخصی یەکەمە لە بەڕێوە بردنی سیاسیەتی وەزارەت، و ئێمە لە زۆربەی زۆری ئەو یاسایانەی کە پێشتریش دەرمان کردووە کاتێ کە وەزارەت تەعریف ئەکەین وەزیریش تۆماتیکی دوای وەزارەت تەعریف ئەکەین، بۆیە من ئەو پێشنیارە ئەکەم، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرهەنگ

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم برگەیە ئەوەی کە تایبەت باسی لیژنەکان ئەکات، فرسەتێکی باشە ئێمە لێرە لە وەزارەتی بەڕێز بپرسین ئایا ئەو وەزارەتانە تا ئێستا هیچ مامەڵەیەکی زیندانیانی شەری ناوخۆیان وەرگرتووە کە وەکو لە یاساکە دەرمانکردووە و نیەتی موشەریعیش زۆر وازیحە؟ ئێمە ئەگەر بە بیری جەنابتانی بێنمەوە لە پرۆتۆکۆلی ژمارە 70 لە ماددەی 5 لە بڕگەی چوار ئەڵێ (هەرکەسێك بە هۆکاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەند کرابێ زیندانی کرابێ یان گیرابێ یان ڕاگێرابێ یان دەست بەسەر کرابێ مەشمولە بەو یاسایە)، بەلاَم ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە لە وەقائیعی کوردستان کە دەرچووە لەسەر ئەم یاسایە باسی ئەوە ئەکات ئەڵێ ( هەرکەسێك لە هاوولاَتیانی هەرێم) بەراستی ئەمە پێچەوانەی ناوەڕۆکی پرتۆکۆلەکەیە، ئەبێ پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەم مەوزوعە قەسەی هەبێ، و لەکاتی خۆشی کە ئەم یاسایە دەرچوو ئێمە باسی ئەوەمان کرد ئەوە قۆناغێکی ناخۆش بووە کە بەسەر میللەتی ئێمە هاتووە ئەبێ ئیعتیراف پێ بکەین، و ئێستا ئەبێ ئیش بکەین بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەو حاڵەتە ناخۆشانەی کە بەسەرمان هاتووە، و دەیان کەس، سەدان کەس، هەزاران کەس لەو شەڕە تیا چووە، ئێستا هەمووی شەهیدانەی هەیە و مووچەی هەیە، بۆ زیندانیان کە لەو شەڕە زیندانی بوون ئەو حەق و حیسابەیان بۆ نەکردووە بەراستی؟ بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەو کارەساتە نابێ شەرم بکەین لە ماوەی ڕابردوو بەسەر میللەتی ئێمە هاتووە، و بەراستی حەقە ئەو مەسەلەیە ئەمڕۆ یەکلایی بکەینەوە، و فرسەتێکی زۆر باشە، چونکە ئەوە حەقی شەرعی خۆیانە، و پێویستە ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی کە لەم یاسایە هەیە بە زیندانیانیشەوە و بە شەڕی ناوخۆش بدرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا من هۆکارەکانی درەچوواندنی ئەم یاسایە بەوە دەست پێ ئەکەم کە دەستیان خۆش بێ، یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە ئەڵێ لەبەر ئەوەی لە کاتی جێ بەجێ کردنی یاساکە دەرکەوت کە موشکیلە و مەتابیعی زۆر لە ڕووی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە هەیە، واتە هۆکاری هەموار کردنی ئەم یاسایە لە ئەوەیە کە لە ئەرزی واقیعدا جێ بەجێ کردنەکەی هەندێك کێشەی لێ کەوتۆتەوە، یەکێ لە کێشەکان لە ڕاستیدا کە ئەبوایە ئەمە وەکو گلەییەك ئاراستەی هەم وەزارەتی شەهیدانی ئەکەم، هەم ئاراستەی لیژنەی پێشمەرگەی پەرلەمانی ئەکەم کە ئەبوایە جەنابیان بیانزانیبایە لەبەر ئەوەی ئەو دوو لایەنە لە هەموو لایەنێك زیاتر ئەو کێشەیەی کە کاك سەرهەنگ باسی کرد زیندانیانی شەڕی ناوخۆ ڕووبەڕوویان بۆتەوە، ئەمە یەکێکە لەو کیشانەی، و ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ئەو پرۆتۆکۆلانەی کە کاك سەرهەنگ ئیشارەتی پێدا، و خۆشمان بیرمان بێ، چونکە ئەوەندە ساڵانێکی دوور و درێژ نیە بیرمان چووبێتەوە، چەند سەعاتێ دانیشتنەکانی پەرلەمان دواکەوت، لەبەر ئەوەی زۆرینەی دەنگ ڕەئی وابوو کە ئەمە جێگەی بکرێتەوە، بەڵام بە تەنیا گرفتەکەمان لەسەر ئەوە بوو کە موستەلەحی شەڕی ناوخۆی تیا نەبێ، و هەموومان موتەفیق بووین لەسەر ئەوەی کە ئەو ناوە لەبەر ئەوەی ناوێکی بەدناوە و ناخۆشە لە زاکیرەی کوردی، لە یاساکە نەبێ، بەڵام گرنگ ئێمە چارەسەری حاڵەتی ئەو کەسانە بکەین کە فیعلەن ساڵانێکی زۆر زیندانی سیاسی بوون، و بەڵگەیان هەیە لەوەی کە زیندانی بوون، تەنانەت بەڵگەی سەلبی ئەحەمەریشیان هەیە، یەعنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش، بۆیە مەفروزە لێرە لەسەری بوەستین، ئەو هەڵەیەی کە لە وەقائیع کراوە بۆ ئەوەی کە ئەو ماددەیە بگۆڕدرێ، و نیەتی موشەریع بشاردرێتەوە، چونکە ئەسل ئەوەیە، ئێمە سەردانی بەڕێز وەزیری شەهیدانیشمان کرد، پێمان وت کە نیەتی موشەرع ئەمە بووە، و جەنابی وتی من پشتیوانی ئەوە ئەکەم، بەڵام ئەبێ ئەنجومەنی وەزیران ئەم ڕێنمایە بگۆڕێ بۆ ئەوە بە ئاراستەی نیەتی موشەریع، و فیعلەن واشە، ئێمە نەمانتوانی و سەرکەوتوو نەبووین لەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران قەناعەت پێ بکەین کە ئەو ڕێنماییە بگۆڕێ، بۆیە ئەوە فرسەتێکە کە ئێمە ئەسل ئەوەیە بەرژەوەندی ئەو هاووڵاتیانەمان لەبەر چاوبێ، نەك ئەوەی بترسێت لە ئیعتیراف کردن لە حەقیقەتێك کە لە دواجار لەبەرژەوەندی ئاشتەواییە نەك لە بەرژەوەندی پێچەوانەکەی، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکا ئەکەم لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان لە دەقی ماددەکە نەچنە دەرەوە، فەرموو ڤیان خان

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره من پشتگیری تەواوی قسەکانی کاك سەرهەنگ و پەیمان خان ئەکەم، بە حوکمی ئەوە ئێستا پرۆتۆکۆلەکان و وەقائیع ئەوانەی کە دەنگمان لەسەر داوە هەموویم کۆپی کردووە بۆ بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە کاتی خۆی چیمان وتووە؟ چیش لە وەقائیعی کوردستان و لەو پەیڕەوەی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە چی نووسراوە؟ ئێمە ئەتوانین هەر لەو ماددەیە ڕاستە لە پێناسەکە چارەسەر بۆ زیندانیانی سیاسی شەڕی ناوخۆ بدۆزینەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە پێشتر بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان لە ماددەی 5 بڕگەی چوار کە ئەمە پرۆتۆکۆلی ژمارە 70 یە، لاپەڕەی 398 زۆر بە ڕوونی نووسراوە لە خاڵی چوار، هەر کەسێك بە هۆکاری سیاسی لە هەرێم بەند کرابێن واتە لە ناو هەرێمی کوردستان بەند کرابێ، ئەمە زۆر ڕوونە بەڕێزان، هەرکەسێك بە هۆکاری سیاسی لە هەرێم بەند کرابێ، یان زیندانی کرابێ یان گیرابێ یان بەند کرابێ یان دەست بەسەر کرابێ، هەر لە دواتر دا ئەمە بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران پەسند کراوە، دواتر لە وەقائیعی کوردستان کە ئەمە هەڵەیەکە بەسەر پەرلەمانی کوردستان دا تێپەڕیوە، لە وەقائیعی ژمارە 133 کە دەرچووە گۆڕانکاری بەسەر ماددەی 5 خاڵی چواردا هاتووە، کە لێرە گۆڕانکاریەکە چیە؟ ئەڵێ هەر کەسێ لە هاووڵاتیانی هەرێم بە هۆکاری سیاسی گیرابێ، ئەمە گۆڕانکاریە و بەرپرسیاریەتێکی یاسایی ئەکەوێتە سەر ئەوانەی کە پرۆتۆکۆلەکان ئەنووسن، ئەوەی لە وەقائیعیش کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەیڕەوی بۆ کراوە، ماددەی پێنج باس لە شتێك ئەکات کە مەدالیە ئەبەخشرێ بە زیندانیانی سیاسی، کەواتە لێرەدا ئەرکی پەرلەمانی کوردستان ئەمڕۆ ئەم هەڵە یاساییە کە خۆی کردوویەتی لە ناو هۆڵی پەرلەمان ڕاستی کاتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبداللە

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ قسەم نیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی هاوڕێیانم کاك سەرهەنگ و پەیمان خان و ڤیان خان ئەکەم، ئەو هەڵەیەی کە پێشتر کراوە پێویستە ڕاست بکرێتەوە، ئەم یاسایە پێویستە زیندانیانی شەڕی ناوخۆ بگرێتەوە، چونکە لە کاتی موناقەشەکان زۆربەمان داکۆکیمان لەوە کرد کە زیندانیانی شەڕی ناوخۆ بگرێتەوە، بەلاّم ئێستا گۆڕانکاری بەسەردا هێنراوە، پێویستە ئەو هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە، چونکە ڕۆژانە زیندانیانی شەڕی ناوخۆ پەیوەندیمان پێوە ئەکەن، چ بە تاك، چ لە فراکسیۆنەکان، چ لە نووسینگەکان، و ئەو کێشەیان هەیە کە

موعامەلاتیان وەرناگیرێ و ئیشیان بۆ ناكرێ، بۆیە كاتی خۆیەتی ئەمڕۆ كارێك بكەین ئەم ئیمتیازاتانە زیندانیانی شەڕی ناوخۆش بگرێتەوە، خاڵێكی تر لەگەڵ ئەوەی كە ئەو كەسانەی دكتۆرە ڕۆژان باسی كرد لە ڕووی یاساییەوە هەمووی تەواوە، بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێ كە كێشەیەكی زۆر هەیە، و زیندانیانی سیاسی ناگەنە ئەنجومەنی وەزیران، و مامەڵەكانیان ڕایی ناكرێ، بۆیە ئەبێ بە لەبەر چاو گرتنی ئەو خاڵە یاساییانەی كە دكتۆرە ڕۆژان باسی كرد ئەمە چارەسەر بكەین ئەمڕۆ، بۆ ئەوەی ئێمە چۆن بتوانین چارەسەرێك بدۆزینەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بكرێتەوە و قانونیش بێ، بۆ ئەوەی زیندانیانی سیاسی چیتر هاتوچۆیان پێ نەكرێ لە نێوان كۆمەڵەی زیندانی سیاسی و ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی كارەكانیان بچێتە ڕێوە و لە و ئیمتیازاتانە سوودمەند بن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەریمان

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕای لیژنەی پێشمەرگە و ئەنفال و جینۆساید ئەكەم سەبارەت بەو دوو بڕگەیەی كە باسیان كردووە، و بۆ ئیزافە كردنیش بەراستی ماددەی چوار زیندانیانی سیاسی و گیراوی سیاسی پشتگیری لە ڕای هاوڕێیانم ڤیان خان و كاك سەرهەنگ پەیمان خان ئەكەم، لە ڕاستیدا خۆ دزینەوە لە واقیعێك كە لە مێژووی میللەتەكەمان ڕووی داوە، ئەمە بەراستی ئەو واقیعە ناشارێتەوە، واقێعیكی تاڵە بۆ هەموومان، و پرۆتۆكۆلەكانیش پشتگیری ئەكەم كە ڤیان خان ڕوونی كردووە، بەراستی لە كاتی خۆیدا ئێمە هەموومان موتەفیق بووین لەسەر ئەوەی ئەو زاراوەیە مەبەست زیندانی كراوانی سیاسی ناوخۆش ئەگرێتەوە، بەڵام بەداخەوە بۆ ئەو مەوزوعانەی كە باس كرا بەراستی هەڵەیەكی قانونی هەیە لە لایەن پەرلەمانەوە پێویستە چاك بكرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو پەروین خان

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەقاو دەق پشتگیری پێشنیارەكانی لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان ئەكەم، دیارە پێكهێنانی ئەم لیژنەیە لە مەسلەحەتی بەڕێوەبەرایەتی زیندانیانی سیاسیە بۆ كارایی كردنی كارەكانیان، لەبەر ئەوەی دیارە بە هۆی ئەو لیژنەیە كارئاسانی ئەكرێ ، لەبەر ئەوەی ئەو خەڵكە ناتوانێ ئەوەی خۆیان بكەن، لەو شوێنانە بە سایەی ئەو لیژنە ئەتوانێ داواكاری خۆیان پێشكەش بكەن، ئێمە كە ئەڵێین سەر بە وەزارەتی شەهیدان بێ ئەمەش بۆ كارئاسانی كارەكانی بەڕێوەبەرایەتی زیندانیانی سیاسیە، ڕاستە لە پرۆژەی ماف و ئیمتیازاتی كەس و كاری شەهیدان دیارە، ئاماژە بە زیندانیانی سیاسی نەكراوە، بەڵام ئێستا لە سەروبەندی

هەموار کردنی ئەو پرۆژە یاسایەین، دیارە ڕاگیراوانی سیاسی کە خستوومانەتە ناو پرۆژە یاساکە، بۆیە داوا ئەکەم ئەگەر ئەوە بکرێتە عەرقەلە ئەخرێتە سەر وەزارەتی شەهیدان ئەکرێ ئەو ماددەیە ڕابگیرێ تا ئەکاتی هەموار کردنی پرۆژە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان دێتە ئاراوە، ئەو کات ئەتوانێ جێگەی بگرێتەوە و سەر بە وەزارەتی شەهیدان بێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك لوقمان

**بەڕێز لقمان سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری هاوڕێیانم ئەکەم، و داوا ئەکەم کە بەڕێوەبەرایەتیەکە سەر بە وەزارەت بێ، چونکە ئەوە باشترە، هەروەها ئەو لیژنەی ئێستا بەراستی ئەوە زەحمەتیە و ئەرکێکی زۆرە لەسەر زیندانیانی سیاسی لە دوورەوە، لە گەرمیانەوە، لە بادینانەوە، لە شوێنەکانی ترەوە ڕێگەی دوور ئەگرنە بەر، ڕێگەی پڕ مەترسی ئەگرنە بەر، بۆیە داوا ئەکەم لە سەرنتەر و دەزگاکان و ئیدارەکانیش ئەو لیژنەیە دروست بکرێ، هەروەها لەم یاسایە پشتگیری هاوڕێیانم و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ئەکەم، لەم یاسایە مافی زیندانیانی شەڕی ناوخۆش ڕەچاو بکرێ و مافیان لەم یاسایە بچەسپێنرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەکە ڕەئی دەرنەبڕا بە داخەوە، من سوپاسی برادەران ئەکەم، ئەوەی کە دکتۆرە ڕۆژان باسی کرد، ئەمە کێشەیەکە لە بەڕێوەبەرایەتی زیندانیانی سیاسی سەر بە وەزارەتە، ئێستا حالیەن سەر بەوێیە، ئەم لیژنەیە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەنجومەنی وەزیران خۆی داوای کردووە بە نووسراوی رەسمی، ئەڵێ بیخەنە سەر وەزارەتی شەهیدان، ئەمە وەڵامی ئەنجومەنی وەزیرانە، خۆی داوای کردووە، ئەڵێ لەبەر ئەوەی ئێمە سەرقاڵین، بۆ ئەوەی ئیش و کاری زیندانیە سیاسیەکان دوانەکەوێ بە نووسراویان 364 لە 2013/4/3 پشتگیری ئەکات، ئەڵێ بیخەنە سەر وەزارەتی شەهیدان، بۆ ئەوەی وەزیری شەهیدان هەڵسێ بەو کاروبارانە، ئیتر من نازانم تا چەند برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە زیندانیانی شەڕی ناوخۆ ئێمە یاسایەکمان هەیە لە یاساکە ئەڵێ زیندان کراوی سیاسی ئەو کەسەیە کە زیندانی کراو بێ، یان زیندانی کرابێ بە هۆی نارەزایی دەربڕینی بۆ ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان لە عێراق تا 2003/4/9 و ڕۆژی ڕووخانی ڕژێم لە عێراق، لەسەر ڕا دەربڕین و بیرو باوەڕ، یان ئینتیمای نیشتیمانی، یان سیاسی یان لایەنگیری کردنی ئۆپۆزۆسیۆن، یان یارمەتی دانی، یان بەشداری کردنی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و بڕیاری حوکمەکانی لە لایەن یەکێك لە دادگاکان یان دەستەڵاتەکانی سەر بە ڕژێم درابێ.

5-گیراوی سیاسی، هەر كەسێ گیرابێ یان گلّ درابێتەوە یان ڕاگیرابێ بێ ئەوەی بڕیاری حوكمی لە بارەیەوە لە لایەن دادگای تایبەتەوە دەرچووبێ بەو پێیەی هەمان هۆیەكانی لە ماددەی چوارەمی ئەم ماددەیە، ئەمە مەوقیفەكانە، ئەوانەی كە مەوقوف بوون و كە گیراون، بۆیە من لەگەڵ موعاناتی زیندانی شەڕی ناوخۆم، ئەو گلەیەش كە پەیمان خان كردی ئەوە سەر بە لیژنەی ناوخۆیە، سەر بە لیژنەكەی ئێمە نیە زیندانیانی شەڕی ناوخۆ، دیارە مەعلوم لیژنەی ناوخۆش خەریكی كارن بۆ ئەوەی ئیشەكانیان ڕاپەڕینن، پێموایە جوهدێكیش هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ چارەسەر كردنی، شەڕی ناوخۆ كە ئێمە وتمان ڕژێمە یەك لە دوای یەكەكانی عێراق شمولی ئەوە ئەكات، خۆ كوردستان ڕژێم نەبووە خەڵكی چەوساندبێتەوە، بۆیە بە پێی ئەو یاسایە شمولی ناكات، ئەگەرنا من لەگەڵ ئەوەم زیندانیانی شەڕی ناوخۆ لە شوێنێكی تر، لە جێگایەكی تر چارەسەری كێشەكانیان بۆ بكرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كاك محمد خوێندیەوە ڕاستە بەشێكە لە یاساكە، بەس ئەو یاسایە ئێمە چەند ڕۆژ موشتومڕمان بوو لەسەری، ماددەیەكمان ئیزافە كرد كە زیندانیانی سیاسی هەرێمی كوردستانیش بگرێتەوە، هەموو لە بیرمانە، چەندین سەعات كۆبوونەوەكان دواخران، گفتوگۆ كرا لەسەری لەم پەرلەمانە، ماددەكانی دوایی بخوێنێتەوە كە ئەڵێ هەر زیندانیەك یان هەر هاووڵاتیەكی كوردستان، هەرچەند ئەو دەقەش بەراستی لە پرۆتۆكۆل شێوەی ترە، من پشتیوانی ئەو بەڕێزانە ئەكەم، ئەو مەوزوعەمان ئیستیدراك كرد بە ماددەیەكی تر كە هەموو زیندانیانی سیاسی هەرێمی كوردستان بگرێتەوە، چ شەڕی ناوخۆ، چ دەرەوەی شەڕی ناوخۆ، ئەو یاسایە نابێ یەك ماددەی لێ ئینتیقا بكرێ و وا ئیعاز بكرێ كە تەنها ئەوانەی ڕژێمە پێشووەكان ئەگرێتەوە، ئێمە لەم قانونە باسمان لەوە كردووە كە شەڕی ناوخۆ و غەیری شەڕی ناوخۆ، جاری وا هەیە زیندانیانی سیاسی لێرە دەیان نموونەمان هێنا، من حازر بووم هەر لەم مەنەسەدا عەرزی بەڕێزتانم كرد لەم قاعەیەی خۆمان كە ئەتوانم قەوائیمتان بۆ بێنم كە لەسەر كاری سیاسی، لەسەر خەباتی سیاسی چەندین گیراو و زیندانی هەیە لە ئیسلامیەكان و غەیری ئیسلامیەكانیش، مەعقول نیە ئێستا نیەتی موشەریع بەو ئاسانیە بشاردرێتەوە، من داوا ئەكەم بە ڕەسمی وەڵامی ئەو بەڕێزانە بدرێتەوە ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە كە پرسیارێكیان ئاراستەی بەڕێزتان كرد لیژنەی یاساییە، جەماعەتی ئینساتن، لێرە ئەو جیاوازیە لە كوێ دروست بوو لە نێوان دەقە یاساییەكەن لەگەڵ ئەو دەقەی كە لەناو پرۆتۆكۆل

**تۆمار كراوە لە پەرلەمان، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەی كە كاك محمد خوێندیەوە بەشێكە لە یاساكە، بەشی دووەمی ئەوەیە كە لە ماددەكەی كۆتایی ئێستا لەبەرم نیە، بەس زۆر بە وازحی باس لە زیندانیانی سیاسی هەرێمی كوردستان ئەكات، ئێمە ئەبێ ئەم مەوزوعە ئەمڕۆ یەكلایی بكەینەوە، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك عەونی**

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**یاسای ژمارە 11 ی ساڵی 2011 ئەوە لەبەردەممانە، با برادەران جوان سەیری بكەن، ئەو قسانەی كە ئێستا كرا لە یاساكە تەسبیت نەكرایە، ئەگەر قسەش كرابێ لە كاتی موناقەشەی قانونەكان، بەڵام كە نەبۆتە قانون تەسبیت نەكرایە، مەعنای دەنگی نەهێنایە ئەوە بۆتە قانون، ئەوە یەك، دووەم، ئێستا هەموار كردنەك هاتیە ئاراوە و پێشكەش كرا لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، تەنها مەفروزە قسە لەسەر ئەو ماددانە بكرێ كە داواكرایە هەموار بكرێ، بابەتی تر ئیسارە بكرێ مەعنای ئەوەیە ئەبێ بە پرۆژە تەقدیم بكرێ، ئەوەش ناكرێ لە ناحیەی قانونی، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو دكتۆر عمر**

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە گیراوانی ململانێ و شەڕی ناوخۆ كەس خۆی لێ نەدزیوەتەوە، بەشێكە لە مێژووی ئەم وڵاتە و حەقیقەتێكە، سەبارەت بە یاساكەش ئەوەی كە كاك حەمە خوێندیەوە ئەوە نەصی قانونە، تەعریفێكی ڕوون و بێگەردو دوور لە هەر چەشنە غموزەتێكە كە زیندانی سیاسی یان گیراوی سیاسی ئەوانەن كە لەلایەن ڕژێمە یەك لە دوای یەكەكانی عێراقەوە گیراون، وازحە، قانونە، پرۆتۆكۆل هەیە لەبەر دەستمانە، بۆیە هیچ شكی تێدا نیە، ئەوەی تریان بۆ چارەسەر كردنی گیراوانی ململانێ و شەڕی ناوخۆ ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەكی پێكهێناوە، داتایان كۆكردۆتەوە، لە لای مەحاكیم و لە دامودەزگاكان ئێستا موعامەلات ئەكەن، ئەوراقیان بۆ تەسدیق ئەكەن، بۆیە ئیهمال نەكراون، بایەخیان پێدراوە، حكومەت لیژنەی بۆ تەشكیل كردوون، داواكاری ئەوانیش لە ئایندەدا چارەسەر ئەكرێ، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك گۆران**

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر پرسی زیندانیانی شەڕی ناوخۆ ئەوەی کە لە پرۆتۆکۆل باس ئەکرێ و ئەوەی لە قانونەکەیە و ئەوەی تەتبیق ئەکرێ پێم وایە کۆمەڵێك شتی جیاوازن، بە فیعلی کاتی خۆی ئەو رەئیە هەبوو لە ناو هۆڵی پەرلەمان، بەڵام نەصەکە بە شێوەیەکی وا داڕێژراو دەنگیشی هێنا، من نایەمە سەر ئەوەی ئایا زەروورن یان نا؟، بەڵام دوای ئەوە بۆ بەدوا داچوونی ئەم یاسایە ئێمە سەردانی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد، کاکە حەمەش وەکو سەرۆکی لیژنە ئاگادارە، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە بڕیاری حکومەت قەرەبووی زیندانیانی شەڕی ناوخۆ بکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیشەکە تا ئێستا نەگەیشتۆتە تەواوی، حکومەت ئیعلانی نەکردووە، بەڵام ئەم حاڵەتە ئەڵێم، یەعنی هەموو ئەو ئامارانەی هی عێراق ئێستا لەبەر دەست دایە بە پێی ئاماری دەستەی زیندانیانی سیاسی 70 هەزار کەسە، بە پێی ئەو ئامارەی کەوا نزیکەی ساڵێکە کۆمکاری زیندانیانی شەڕی ناوخۆ ئیشی لەسەر ئەکەن و نوێنەری هەموو حیزبە سیاسیەکانی تێدایە بە پارتی و بە یەکێتی و بە بزووتنەوە و بەکۆمەڵ و بە گۆڕان و بە هەموو هێزە سیاسیەکان ئیشەکەیان بە دەستە جەمعی کردووە و ڕێکخراوێکی تایبەتیان هەیە، پێم ناخۆشە ئەم قسە ئەکەم، بەڵام ئەمەی تا ئێستا لە لایەن کاتبی عەدلەوە پشتراست کراوەتەوە خەڵك خۆی بە زیندانی سیاسی نووسیەوە 17500 کەس وەکو زیندانی سیاسی شەڕی ناوخۆ خۆی ناونووس کردووە، جا کاتی خۆشی کە قسە لەسەر جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە کرا دیسان ئەبێ ئەوە بووترێتەوە خودی زیندانیە سیاسیەکانی عێراق خۆیان تێبینیان لەسەر هەبوو، وتیان ئەگەر ئەوە بێ لەوانەیە قورسایی بۆ ئیشەکەی ئێمە دروست بێ، حکومەت ئەوەی ئێستا ساڵێکە 500 کەس یان 900 کەس ئەمری بێتەوە، ئەوکات لەوانەیە گرفتەکەیان بۆ پشتراست کردنەوە زیاتر بێ، جا بە هەرحاڵ من ئەوە وەکو ڕوون کردنەوەیەك باسی ئەکەم، کە ئێستا 17 هەزار و نزیکەی 500 کەس وەکو زیندانی شەڕی ناوخۆ ناوی نووسراوە، و حکومەت بەڵێنی ئەوەی داوە بیکات، جا بەڵێنەکە لای حکومەتە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ئەحمەد

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوکاتی کە موناقەشەی ئەو یاسایە کراوە لە پەرلەمان موشتومڕێکی زۆر هەبوو لەسەر ئەوەی کە جگە لەو تاریخەی کە لە ماددەی یەکەم دا بووە زیندانی کراوی سیاسی و بۆ ڕاگیراوی سیاسی کراوە، ئێمە ماددەیەك یان بڕگەیەك زیاد بکەین بۆ ئەوەی زیندانی کراو و ڕاگیراوی سیاسی هەرێمی کوردستانیش کە بە هۆکاری سیاسی گیراون ئەوانەش بیان گرێتەوە، و بەرێزت ئەوکاتی کە جێگری سەرۆکی پەرلەمان بووی خۆت جەختت لەوە کردەوە کە من لەگەڵ ئەوەم کە زیندانیانی هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە، پاشان بە دەنگدان لە ماددەی پێنجەم لە بڕگەی چوارەم لە یاساکە هاتووە ئەڵێ هەرکەسێك لە هاووڵاتیانی هەرێم بە

هۆكاری سیاسی بەند كرابێ یان زیندانی كرابێ یان گیرابێ یان ڕاگیرابێ یان گلدرابێتەوە، سەرەتای ماددەكە ئەڵێ حوكمەكانی ئەم یاسایە ئەمانە ئەگرێتەوە:

1-ئەوانەی بە پێی ماددەی یەكەمی ئەم یاسایە لە هاووڵاتیانی هەرێم دیاری كراون، كەوابوو ئەگەر مەبەست ئەوە نەبێ كە ئەم بڕگەیە خەڵێكی ترە، غەیری ئەوانەی كە لە ماددەی یەكەمدا هاتوون، هیچ حیكمەتێك نیە بۆ زیاد كردنی ئەو بڕگەیە لەو ماددەیەدا، لەبەر ئەوە زۆر وازحە، ڕاستە نەصەكەی ئەوێ جیاوازە لەگەڵ نەصەكەی ئێرە، من ئەوكاتە لەسەر مەنەصە بووم، نەصەكە بەو شێوەیە خوێندرایەوە، هەركەسێك لەبەر هۆكاری سیاسی لە هەرێمدا بەند كرابێ یان زیندانی كرابێ یان گیرابێ یان ڕاگیرابێ حوكمەكانی ئەم یاسایە ئەیگرێتەوە، بەلاّم دواتر بۆتە هاووڵاتیانی هەرێم، بەلاّم جگە لەوەش هەم نیەتی موشەریع وایە كە زیندانیانی سیاسی هەرێمیش بگرێتەوە، و هەم بە پێی ئەو بڕگەیەش كە لێرە لە ماددەی پێنجەم بڕگەی چوارەم هاتووە دیسان هیچ تەفسیرێكی تر هەڵناگرێ كە زیندانیانی سیاسی هەرێمی كوردستانیش ئەگرێتەوە، پێویستە لەسەر حكومەت جێ بەجێیان بكات، ئەگەرنا هیچ حیكمەتێك نیە كە ئەو بڕگەیەمان لێرە زیاد كردووە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پێشمەرگە

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لێرە دانیشتووم ئەندامی پەرلەمانم، من پێشم وتوون پشتگیری ئەوانەی شەڕی ناوخۆ ئەكەم، چونكە من موقەدیمەی پێناسەی زیندانی سیاسی كراوە لێرە خوێندوومەتەوە لێرە كە ئەڵێ ئەمە نایگرێتەوە، بەلاّم بەداخەوە هەندێ شت ڕووبەڕووم ئەبێتەوە، ئەڵێن مەیشارنەوە و وەكو خۆی بیڵێن، من ئەمە یاسایە لەسەر سایتی پەرلەمان و وەقائیعی كوردستان لەبەردەمی یەك بەیەكە، من ناتوانم بیشارمەوە، من تەعریفی زیندانی سیاسیم كردووە كە ئەم پەرلەمانە بەڕێزە ئیقراری كردووە، زیندانی سیاسی یان گیراوی سیاسی كێیە؟ یەك وشە نە زیاد نە كەمم لێ نەوتووە، بۆیە من ئەم ڕوون كردنەوەم داو، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووكاك كاردۆ

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە پەرلەمان ئەو یاسایەمان دەركردووە، و ئەوكاتیش موناقەشەیەكی زۆر دروست بوو لەسەر ئەوەی ئایا زیندانیانی سیاسی شەڕی ناوخۆ بگرێتەوە یان نا؟ تاكو جەلەسەكەش لەسەری تەئجیل كرا، بەلاّم یەك ئەهمیەت هەیە بۆ ئەوەی كاتێك تەمومژ كەوتەناو دەقێك، ئەویش نیەتی موشەریع و یاسا دانەرە، ئێمە هەموومان زۆرینەمان كۆك بووین، ئەوە پرۆتۆكۆلەكە كە بەڵێ ئەیانگرێتەوە، بەلاّم صیغەیەكی وایان

خستە ناو دەقەكە كە تەمومژی تێ بكەوێ، دوو، بەراستی لیژنەی یاسایی یان ئەوانەی لەسەر مەنەسە بوونە، كێ لەسەر مەنەسە بووە، پێویستە ئەم پرسیارە بكات، بۆ ئەبێ دەستكاری دەقێك بكرێ كە كاتێك پەرلەمان پێشنیاری ئەو دەقە ئەكات، چونكە لیژنەبوو دانیشتین، فراكسیۆنەكان دانیشتین، ڕێككەوتین، بە سیغەیەك بێ كە گیراوی سیاسی هەرێمی كوردستان و شەڕی ناوخۆش بگرێتەوە، هەتا ئەوكاتی، ئەوە بەرێز دكتۆر ئەحمەد ماوە، موناقەشەم لەگەڵ كرد، وتم ئەو سیغەیە بگۆڕن ئەو مانایە نادات، وتی نەخێر ئەوە نیەتی موشەریع ئەوەیە، لەبەر ئەوە ئەوە ئەیگرێتەوە، ناكرێ شتێك خۆمان بڕیارمان لێ داوە ئێستا پێچەوانەی بكەین، جێ بەجێی ناكەن یاساكە شتێكی ترە، بەڵام ئەوە گیراوانی سیاسی شەڕی ناوخۆش ئەگرێتەوە، و ئەبێ پەرلەمان بە دواداچوون بۆ ئەوەش بكەن كە زۆرجاران پرۆتۆكۆل وەكو ئەوە نیە كە یاساكە دەرئەچێ، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك قادر

**بەرێز قادر احمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گومان لەوە نیە لە كوردستان بە هۆی ئالۆزی باری سیاسی، و بە هۆی ناكۆكی سیاسیەكانی ناو هێزە سیاسیەكان لە 50 ساڵەی ڕابردوودا كێشە و ململانێی زۆر هەبووە، و بە هۆی ئەو كێشە و ململانێیەوە بەشێك لە تێكۆشەرەكان لە لایەن هێزە سیاسیەكانی بەرامبەرەوە هەم گیراون و سزا دراون، و دڵنیام لەوەی بەشێكیشی شەهید كراوە، بەڵام كە باس لە زیندانی سیاسی ئەكەین لە كوردستان و ئەسلی یاساكەش دیارە، و لە هۆیەكانی دەرچوونیشیەوە دیارە، لە هۆیەكانی دەرچوونی ئەم یاسایە ئەڵێ لە میانی ڕەوتی خەبات و تێكۆشانی گەلی كوردستان و تووشبوونی زۆرێك لە ڕۆڵەكانی بە بەند كردن و زیندانی كردن و گیران و پێشێل كردنی مافەكانی مرۆڤ لە سەردەستی ڕژێمە یەك لە دوای یەكەكانی عێراق، چونكە بە هۆی بیرو باوەڕ، یان ئینتیمای سیاسی ئەم خەڵكە گیراوە، من بەش بە حاڵی خۆم لایانگری ئەوەم لە كوردستان ڕێز و حورمەتێكی زۆر بۆ كەس و كاری شەهیدان دانراوە، و پێشمەرگەی سەنگەر و كەمئەندامانی پێشمەرگەی سەنگەر دانراوە، بە هەمان شێوەش ڕێزێكی زۆر بۆ زیندانی كراوەكان دابنرێ، كە لەسەر دەستی ڕژێمە یەك لە دوای یەكەكان گیراون، و سزا دراون، و بەشێكیان شەهید كراون، بەشێكیش چەند ساڵێك ماوەتەوە، تا 10 ساڵ، 12 ساڵ، 15 ساڵ لە زیندان ماوەتەوە، ئەگەر یەكێك یان خۆی زیندانی بووبێ، یان كەس و كاری یەكێك لە زیندانیەكان بووبێ، باش ئەزانێ موعاناتی زیندانیانی سیاسی لە ماوەی 5 ساڵ تا 10 ساڵ تا 4 ساڵ تا 2 ساڵ لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا چەند قورس و گران بووە، بۆیە ئێمە یاسایەكمان دەركردووە بۆ زیندانیانی سیاسی سەردەمی ڕژێمی بەعس و ڕژێمەكانی پێش بەعسیش، حەق نیە ئێمە بێین حەق و حقوق لە زیندانیەكان وەرگرینەوە، بۆیە لەسەر ئەم مەنەسەیە پێشنیار ئەكەم وەكو چۆن حكومەتی هەرێم تەعویزی زۆرێك لە ناخۆشیەكانی داوەتەوە، بێێن یاسایەكی تر دەربكەین كە هەموو ئەو

مەعاناتانەی کە لە شەڕی ناوخۆدا تووشی هاوولاّتیانی کوردستان و لایانگرانی هێزە سیاسیەکان بوون، بە پێی مەستەحەقی و لێوەشاییان حقوقێکیان بدرێتێ، بەلاّم هەرگیز ناکرێ دیسان یاسای زیندانیە سیاسیەکان بۆ مەرامی سیاسی بەکار بێت، ئومێد ئەکەم هەموومان لە هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم یاسایەوە یاساکە ببینین

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

سکرتێری پەرلەمان هەندێ تێبینی هەیە با بفەرمووێ

**بەرێز .فرست احمد عبدالله( سکرتێری پەرلەمان):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕوون کردنەوەیەکم هەیە لەسەر قسەی برام کاك کاردۆ، ئێمە وەکی تەسبیتی نسووسی قانونی ئەکەین و بەشێوەی نیهائی دەرئەکەین لە کاروباری ئەنجومەن، تەماشای گفتوگۆی ئەندامان ناکەین بەراستی، تەماشای نیەتی موشەریعیش ناکەین، نەسەکە چۆن دەنگی لەسەر دراوە ئەو نەسە حەرفیەن دێنینە خوار، ئەو مافە بە خۆمان نادەین کە یەك حەرفیش بیگۆڕین یان ئیلغائی بکەین، زۆر سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عومەر.

**بەرێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ لە وەلاّمدانەوە و موناقەشە و پێشنیاری بەرێزان، ئەمانە هەموو ئەندام پەرلەمانان بوون شەش، حەوت کەس بوون قسەیان کرد، ئەو تەعریفەی کاك محمد شارەزووری خوێندیەوە لە 100٪ لەگەلێن، چونکە ئەوە مەشمولی یەکەمن، مەشمولی دووەم و سێیەممان ئیزافە کرد، بۆچی ڕائەکەین لە واقیعەکە؟ ئێمە بە ماددەی پێنج ئیستیدراکی ئەو نوقسانیەمان کرد لە عاقاری کۆبوونەوەکان کرا کە ئەخوازرا تەنها گیراوانی ڕژێمەکان بگرێتەوە، وتمان لە کوردستانیش حالّەتێك هەیە، وەکو بەرێزان باسیان کرد، ناوخۆیە، لەگەلّیانین، خوا بکات دووبارە نەبێتەوە، بەس واقیعێك هەیە هاوولاّتیانێك هەن لەسەر دەستی دەستەلاّتی کوردستانی خۆمان ئەزیەت دراون، ئەمە ئایا واقیع نیە؟ ئایا نەمان دیوە؟ ئایا بە سەدان قائیمەی گیراوی سیاسی و ئەشکەنجە دراو و سزا درا و نیە؟ ئەم قسانە موختەسەری بوو بۆ ماددەیەك ئیزافە کرا کە ئەوەش بگرێتەوە، من نەموتووە کاك محمد شتی قرتاندووە، وتم ئەوەی خوێندیەوە کافی نیە، ئەبێ ماددەی پێنج لەگەلّ ماددیە یەك بخوێندرێتەوە.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی لە راستیدا، ئێمە لە کوردستان بە قۆناغێکی خراپ تێپەڕیوین، ئەویش شەڕی ناوخۆیە، هەموو قیادەی ئەحزابەکانی تێدا بوو، بە گۆڕانیشەوە کە ئێستا قیادەی گۆڕانن، قیادەی ئەساسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوون لە شەری ناوخۆ، هەروەها قیادەی پارتی دیموکراتی کوردستان، قیادەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی، هەموویان تێدابوون، لەبەر ئەوە فیعلەن حەقە زیندانیەکانی ناوخۆش قانونێکیان هەبێ، من ناڵێم لەمەی ئێستاکە هەیە، چونکە ئەمە قانونێکە کراوە و حەق نیە تێکەڵاو بکرێ، چونکە ئەگەر بتەوێ شتێك ئیزافە بکرێ، ئەبێ بە پرۆژەیەکی تازە ئیزافەی بکەی، ئەوە قانونێکە و کراوە، ئەکرێ ئێوە لە داهاتوو پرۆژەیەك تەقدیم بکەن بۆ موراعات کردنی شەڕی ناوخۆ، بۆ زیندانیەکانی شەڕی ناوخۆ، فەرموو ڤیان خان

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من کۆپی پرۆتۆکۆلەکەم هێناوە، من حەز ئەکەم بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمانی بخوێنمەوە، ئەو کاتە سەرۆکی پەرلەمان ئەڵێ فەرموو بە کوردی و عەرەبی بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدان، بەرێز کاك احمد وەرتی کە ئەیخوێنێتەوە ماددەی پێنجەم حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە ئەبێ بەسەر :یەکەم، نازانم هەمووی بخوێنمەوە ؟

یەکەم: ئەوانەی بە گوێرەی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە لە هاووڵاتیانی هەرێم دیاری کراون.

دوو: ئەو حوکم درا و گیراوە سیاسیانەی لە شاڵاوەکانی ئەنفال رزگاریان بووە لە حوکمەکانی یاسای ماف و ئیمتیازی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە 11 ی ساڵی 2011 سوودمەند نەبوون،

سێیەم، ئەوانەی لەناو زیندان گرتووخانەکان دا لە دایك بوون لە کاتی گیرانی کەس و کاریان دا.

چوارەم: هەرکەسێك بە هۆکاری سیاسی لە هەرێم دا بەند کرابێ یان زیندانی کرابێ یان گیرابێ یان دەست بەسەر کرابێ.

دوای ئەمە بەعەرەبیش کاك احمد هەمان شتی خوێندەوە و ئینجا بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەڵێ کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ چوار کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، تەواو

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

بابە ئەوە تەسبیت کراوە، کاك فرست زەحمەت نەبێ بیخوێنەوە

**بەڕێز فرست احمد-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

4-کل من حبس او سجن او اعتقل اوقف او احتجز لاسباب سیاسیە من مواطني الاقلیم

**بەڕز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تكا ئەكەم سنگت فراوان بێ، ئەم هەموو دەرچوونە لە ئەجيندا، باس كردنی ئەم بابەتانەی كە لە دەرەوەی ئەم مەوزوعە، تكا ئەكەم وەكو برايەك وەكو سەرۆك پەرلەمانيش نا، قبولی بكەن لە من، بۆيە من داوا ئەكەم كەس لێم تووڕە نەبێ، ئێمە هاتووينە موناقەشەی 3 پێناسە لە ياسايەك دەكەين، ئەو هەموو مەوزوعە چ عيلاقەی بەوە هەيە، من گلەيم لە ئەندام پەرلەمان نيە كە ئەو چۆن قسە ئەكات، ئازادە، بەلأم ئەركی سەرۆكايەتی پەرلەمانە كە يەك لە بابەتەكە دەرچوو بە جوانی پێی بڵێ تۆ لە مەوزوع دەرچووی، يەك، دوو...

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێوە قسەتان كرد كەس موقاتەعەی كردن؟

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق :**

ئەركی سەرۆكايەتی پەرلەمانە كە ئەندام پەرلەمانێك لە بابەتی مەحزەرەكە دەرچوو پێی بڵێ تۆ دەرچووی، نە تووڕەيی پێ ئەوێ، نە هەڵوێستێكی موتەشەنجی پێ ئەوێ، دوو، چ سوودمان وەرگرتيە ئەوە سەعاتێكە موناقەشە لەسەر مەوزوعێك، موتەشەنجات پەيدا بوو، كەچی ئێمە موناقەشەی سێ پێناسە ئەكەين، ئەگەر ئەو پێناسەيە هەبن يان نەبن؟ سێ، ئەم هەموو قسەيە غير ئينسان هەڵئەستێ قسە ئەكات ئەڵێ بۆيە لە ئەخيرەوە من پێشنيار ئەكەم فلان شت، فلان شت، يانيش ئەڵێ بۆيە من تەئيدی فلان ئەكەم، خوشك و برايان عەلئەقل عومری من قبول بكەن، من كە هەڵسام (پارلێ) يەعنی قسە كردن بە فەرەنسی، بەلأم نەيكەنە مەسەلەی تەشەنوج و سياسی و شت، باشە ئێمە ئەوها بەڕێوە بچين بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان؟ تكا ئەكەم يەكەمجار لە من دەست پێبكە، ئەركی سەرۆكايەتی پەرلەمانە نەهێڵێ ئەندام پەرلەمان ئيستيغلالی ئەم مينبەرە بكات بۆ ئەوەی لە مەوزوع دەرچێ و نەهێڵێ بەردەوام بين لە مەحزەر، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز_سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ئارام

**بەڕێز ايوب نعمت(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەو بڕگەی كە ورووژێندرا هەر پەيوەندی بە ماددەی يەكەوە هەيە، كە ئەويش لەبەر ئەو گفتگۆيەی كە لە كاتی خۆی لە پرۆژە ياساكە ئەنجام درا، ناكۆكيەك دروست بوو لەسەر ئەوەی ئايا زيندانيانی شەڕی ناوخۆ و دەرەوەی شەڕی ناوخۆ بگرێتەوە يان نا؟ لە ليژنەی ياسايی خۆم حزوورم هەبوو، ڕێككەوتين، لەبەر ئەوەی ئێمە باس لە ئەمڕۆی دەستەلأتی هەرێم نەكەين بەو شێوەيە، بە خاڵێك

**له ماددەی پێنجدا باس بکرێ کە ئەم یاسایە کێ ئەگرێتەوە؟ بەو شێوەش ڕێککەوتین کە هەموو ئەو زیندانیە سیاسیانەی لە هەرێمدا بە هۆکاری، من لە لیژنەی یاسایی بووم وایە، و وەرەقەکەشم ماوە کە ئیتیفاقمان لەسەری کرد، و بەو شێوەش ئێمە ئیتیفاقمان لەسەر کرد کە بێین دەنگدانی لەسەر بکەین، وەکو ئەوەی کە ڤیان خان خوێندیەوە، و وەکو ئەوەی کە بەڕێز دکتۆر ئەحمەد باسی کرد، چونکە خۆی هاتە سەر مەنەسەکە و بەو شێوەش باس کرا، بۆیە لەبەر ئەوە داواکارم کە ئێستا شوێنی ئەوەیە کە ڕاست بکرێتەوە، چونکە پەیوەندی بە پێناسەی زیندانی سیاسیەوە هەیە، و وەکو ئەوەی کاك گۆرانیش کە باسی کرد، کە ئێمە ئەڵێین دەیگرێتەوە، بۆیە ئێستا، بەڵام ئێمە وتمان با چوارچێوەی دەستەڵاتی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستن نەڕواتە ئەو پێناسەیەوە، بەڵام بەو خاڵە چارەسەرمان کردووە، لەبەر ئەوە داواکارم ئەوەی کە لە وەقائیع هەیە چاکبکرێتەوە، بۆ ئەوەی کە لە پرۆتۆکۆلدا دەنگی لەسەر دراوە و کێشەش نامێنێ، و ئەو زیندانیانەش ئەگرێتەوە کە ئەمڕۆ ئێستا بە تەعلیمات چارەسەر ئەکرێ، ئەوەی کاك گۆران باسی کرد 17 هەزارە ئەگەر یاساکە جێ بەجێ بکرێ ناگاتە ئەو ژمارەیە، و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك هەموو زیندانیەکان ئەتوانن مامەڵەی خۆیان لەسەر جێ بەجێ بکەن و مافەکانیشان وەرگرن، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا هەموو لایەکتان قسەتان کرد، هەموو فراکسیۆنەکان قسەیان کرد، خۆ ئەرك نیە هەر تۆ هەڵبستێنم، لە شوێنێ خۆت دانیشە تکایە، هەڵتناستێنم، کۆمەڵێك خەڵك قسەیان کردووە لە فراکسیۆنەکەی تۆ، تەواو ئیتر، فەرموو لیژنەی هاوبەش ئاخیر سیغە بخوێنەوە**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو سیاغەی کە ئێستا نووسیتمان دوای وەرگرتنی ئەو تێبینی و مولاحەزاتانەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوەیە ئەبێ:**

**الماده الاولى:**

**اولاً: تعدل الفقرة الثالثة من المادة اولا من القانون، وتقرا كالاتي:**

**ثالثا: اللجنة: اللجنة المختصة بالنظر في طلبات المشمولين باحكام هذا القانون**

**2-تضاف فقرة بتسلسل سادساً الى المادة اولا كالاتي:**

**سادسا: الوزارة: وزارة الشهداء المؤنفلين للاقليم كوردستان**

**بەڕێز د.ارسلان بایز_ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو سیغەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵ دایە؟ 47 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ 19 کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تعدل مقدمة الفقرة اولا من المادة الرابعة من القانون وتقرا كالاتي:

1- تشكل لجان خاصة برئاسة قاضي في مراكز المحافظات يرشحهم مجلس القضاء في الاقليم وعضوية ممثلين بدرجة مدير للنظر والقرار في طلبات المشمولين باحكام هذا القانون وترتبط بالمديرية العامة لشؤون السجناء السياسيون الكوردستانين، و يمثلون الجهات الاتية:

1- مجلس الوزراء

2- وزارة الداخلية

3- وزارة المالية والاقتصاد

4- جمعية السجناء السياسيين في الاقليم

ثانيا:

يثبت السجين والمعتقل سياسي بطرق القانونية وفقا لاحكام لقانون الاثبات النافذ مرقم 107 لسنة 1979 المعدل امام اللجنة المشكلة بموجب هذا القانون.

فەقەرەکەی تریش وەکو خۆی ئەمێنێتەوە

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پیشمەرگە

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بڕگەی یەکەم لە ماددەی چوارەم لە یاساکە هەموار ئەکرێ و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە،

یەکەم:- لێژنەیەکی تایبەت بە سەرۆکایەتی دادوەرێك دادەمەزرێت کە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان دەی پالێوێ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان ئەرکیان تەماشاکردن و بڕیاردانە لە سەر داواکاری ئەوکەسانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، پەیوەست دەبن بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی زیندانیان و گیراوانی سیاسی کوردستان و نوێنەرایەتی ئەم لایانانە دەکەن:

1-ئەنجومەنی وەزیران.

2-وەزارەتی ناوخۆ

3-وەزارتی دارایی و ئابووری

4-نوێنەرێك لە کۆمکاری بەندکراوە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: زیندانی کراوی سیاسی یان گیراوی سیاسی بە ڕێگەی یاسایی، بەپێ ی حوکمەکانی یاسای (اپبات) ی کارپێکراو ژمارە(107)ی ساڵی (1979)ی هەموارکراو ، لە بەردەم لێژنەی پێکهاتوو بەپێ ی حوکمەکانی ئەم یاسایە ساغ دەبێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز ئارام احمد- وەزیری شەهیدان و ئەنفال کراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، تەبعەن کێشەی سەرەکی کە ئێستا هەیە دووانە، یەکیان دەستەڵاتە، کە ئێستا لای وەزارەتی ئێمە نیە و هاوشێوەی هەموو ئەرك و قانونەکانی تر لای وەزارەتی پەیوەندیدارە، دوو، ئالیەتی جێ بەجێ کردنەکەیەتی کە پێکهاتەی ئەو لیژنەیە قورسە و بە شێوەیەك کە تەرخان نەکراوە ئەندامەکانی و پێکهاتەی ئەندامەکانی گونجاو نیە بۆ کۆبوونەوەی خێرا و کاری پێویست، سەبارەت بەم ماددەیە دوای دیراسە کردن ئێمە لیژنەی ترمان هەیە بۆ کاروباری شەهیدان، و هەمان ئالیەتمان هەیە بۆ ئەوەی کارەکە بە باشی بڕوات بەڕێوە، ئەم دەقەمان ئامادە کردووە:

1-لیژنەیەکی تایبەت کە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان پێکی ئەهێنێ هەمان شێوەی لیژنەکانی تر دەور ئەبینێ، لە هەریەك لە پارێزگاکانی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان، کە ئەرکی سەیر کردن و پێشنیار کردن و بەرز کردنەوەی ئەو داواکاریانەیە کە حوکمی ئەم یاسایە ئەیانگرێتەوە، بۆ وەزیر بۆ پەسند کردنی، وەکو ئەوەی وەزارەتی شەهیدان، ئێستا لایەنە سیاسیەکەی ئەوەیە ناکرێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە لیژنەیەك هەموو بڕیارەکان بدرێ، ئەو قورساییەی دێتەوە ئەبێ وەزارەت بڕیاری لەسەر بدات، لیژنەکان پەیوەست ئەبن بە وزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوانەوە، چونکە لیژنەکان ئێستاکە وەزیر بە پێی یاسای وەزارەت دەستەڵاتی ئەوەی هەیە لیژنەی کاتی و هەمیشەیی دیاری بکات بۆ کاری پێویست، بۆ ئەوەی مرونەتێك هەبێ لەگەڵ هەر گۆڕانکاری و بە تایبەتی قورس بوونی ئەرکەرکان بتوانێ لەگەڵی بڕوات بەڕێوە و و ئەو ئالیەتە دیاری بکات کە ئاسانە و بۆ خزمەتی زیندانیانی سیاسی باشە، و هەروەها ئەوەی کە دیاری کراوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی زیندانیانی سیاسی، ئێستاکە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نیە، ئەبێ لێرە بڕیاری لەسەر بدرێ لەسەر بنچینەی یاساکە، پێمان وایە پێویستە، لە هەریەکە لە لیژنەکانی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان ئەم نوێنەرانە هەبێ، دادوەرێکی تەرخان کراو، بە ئەنقەست نووسیومانە تەرخان کراو، ئێستا لە تەجروبەکە دەرکەوتووە ئەو دادوەرە بەرێزەی ئێستا هەیە تەرخان کراو نەبوو یەکەمجار، ئارەزومەندانەی تێدابوو حازر ئەبێ یان نا؟، ئەوەی ئێستاش هەیە بەش ناکات، ئەبێ تەرخان کراوبێ بۆ ئەم کارە، و وەکو سەرۆکی لیژنەکە، ئەوە بۆ ساغ کردنەوەی کارەکە یاسایەکە کە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان نەك دەیپاڵێوێت، دایدەنێت، نوێنەری تەرخان کراو لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفال کراوان وەکو سەرپەرشتیی کار، لێرەوە وەکو لە دەقەکە

دیاری کراوه ئەڵێ مودیر، شەرت نیە مودیر بێ، سەرۆکی لیژنە، یان نوێنەری وەزارەتی کاروباری شەهیدان، بە تەجروبە دەرکەوتووە ئێمە جاری وا هەیە ڕاوێژکار دائەنێین، بەڕێوەبەری گشتی دائەنێین، گونجاوترە لەگەڵ یاسای وەزارەتیش، نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ تەرخان بکرێ بۆ ئەم کارە، یەعنی ناکرێ ئەو بڵێ من ناتوانم بێم بۆ لیژنەکە و کارم هەیە، ئەبێ تەنسیب بکرێ، بە شێوەیەك ئامادە بێ لەو کاتەی کە پێویستتە نوێنەری وەزارەتی دارایی بە هەمان شێوە تەرخان بکرێ بۆ ئەم کارە، ئەوە کە لە پێشنیارەکە هاتووە ئەوەی بەڕێزان باسیان کرد، ئەڵێ نوێنەرێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە هیچ پێویست ناکات، لە شارەکان نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران نیە، تۆ ناتوانی لێرەوە قورسایی زۆر دروست ئەکات، پێشنیارێکی تر کراوە ئەوەی جەمعیەتی سوجەنای سیاسی لە ئەقلیم، نوێنەری ئەوانیش پێویست ناکات، چونکە ڕێکخراوان لە لیژنەی یاسایی یان وەزارەت هیچ پێویست ناکات، و ئەوە ئاڵۆزیش دروست ئەکات ڕێکخراوی تریش بێنی ئەتوانێ بڵێ منیش مافی ئەوەم هەیە، بۆیە ئێمە پێمان باشە بەو دەقەی کە پێشنیارمان کردووە بۆ ئەوەی کارەکان ئاسان بێ، بۆ ئەوەی بەیانی دیسان نەیەن بە تەجروبەی دووساڵی تر قورسایی دروست بکەین، ئەبێ مرونەتێکی وای هەبێ ئەم لیژنەیە کە لەگەڵ پێداویستیەکانی کارەکە بگونجێ و بەخێرایی ئەو کارە کەڵەکەبووەی کە ئێستا هەیە، لە زیندانی سیاسی هەیە، بە ماوەیەکی کورت ئەوەندەی بۆمان بکرێ ئالیەتێکی وا هەبێ ئاسان بێ، لە دەستەلاتی وەزارەتی کاروباری شەهیدان بێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ (کوێستان محمد، برهان رشید، سۆزان شهاب، هاژە سلیمان، گوڵیزار قادر، احمد سلیمان، پەیمان عزالدین، پێشەوا توفیق، ڤیان عبدالرحیم، بێریڤان اسماعیل، سالار محمود، اسماعیل محمود، د.ڕۆژان، قادر احمد، گۆران ئازاد، عمر صدیق، سەردار رشید، ناسك توفیق، لقمان سلیمان، عبداللە نوری، نەسرین جمال)، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی چیتر زیندانیانی سیاسی بەو شێوەیە کارەکانیان دوانەکەوێ، بۆ ئەوەی لەو مەعاناتانە ڕزگاریان بێ، پشتگیری تەواوی قسەکانی بەڕێز وەزیری شەهیدان ئەکەم کە ئەو...بۆ ئەوەی ئەو کارئاسانیە بەڕێوە بچێ، لەگەڵ ئەو تەعدیلانەم کە بەڕێز وەزیری شەهیدان باسی کرد، هەروەها لە یەکەم پێشنیار ئەکەم کە لە سەنتەری پارێزگاکان هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەرینیشی بۆ زیاد بکرێ، چونکە ئێستا ئەو دوو ئیدارەیە هەیە، و سەربەخۆیە ئیشەکانیان، و لە زۆر یاساکانی تریش ئێمە جێگامان بۆ کردوونەتەوە، بۆیە پێویستە بۆ ئەوەی زیندانیانی سیاسی گەرمیان و ڕاپەڕینیش سەربەخۆیەکیان هەبێ، ئیشەکانیان بە ئاسانی بەڕێوەبچێ، ئیزافەی ئەو دوو ئیدارەش بکەین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری تەرحەكەی بەڕێز وەزیر ئەكەم، كە ئەو لیژنەیە بەم شێوەیە بێ كە ئەو پەڕی ئاسانكاری بكات بۆ تۆمار كردن و وەرگرتنی دۆسیەی زیندانیانی سیاسی لە شارەكان و هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەرین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە حیكمەت لە هەموار كردنی ئەم یاسایە ئەوە بووە كە ئیشی لیژنەكە بە باشی بەڕێوە نەچووە، و خەڵك زۆر گلەیی هەیە، چونكە یەك لیژنە بووە، نەتوانراوە بە گوێرەی پێویست ئیشەكانیان بەڕێوە بچێ. بۆیە ئەو پرۆژە یاسایە پێشكەش كرا، و دوای ئەوەی كە بەڕێز وەزیری شەهیدان ئەو تەوزیحەی دا منیش لەگەڵ ڕایەكەی ئەوم بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر ئەو لیژنانە زیاد بكەین، بۆ یەكلایی كردنەوەی ئەو كەیسانە، و من لەسەر مەسەلەی برگەی دووەم لەسەر ساغكردنەوە تێبینیەكم هەیە، لێرەدا ئێمە لە هەموار كردنەكە باس لەوە ئەكەین كە ئەو زیندانی كراوە یان گیراوە سیاسیە بە ڕێگەی سیاسی بە پێی حوكمەكانی یاسای سەلماندنی بەركار ژمارە 107 لە سالی 1979 ی هەموار كراو لەبەردەم لیژنەی پێكهێنراو بە پێی ئەم یاسایە بسەلێنرێ، لە راستیدا مەسەلەی ئیسپات كردن ئێستا زۆر زۆر قورسە بۆ یەكلایی كردنەوەی ئەو كەیسانە، و هەندێ شروتی تەعجیزی هەیە ئێستا لە لیژنەكە بۆ ئیسپات كردن، ئەویش ئەوەیە كە چوار شاهید هەبێ، دووان لەو شاهیدانە ئەبێ راتب وەرگرن لە زیندانی سیاسی، دووانی تر ئاگایان لە بابەتەكە بێ، لەوەی كە ئەو كەسە ڕاگیراوە یان زیندانی كراوە، بۆیە بەراستی من لێرەوە پێشنیار ئەكەم كە ئەو شروتە تەعجیزیانە لابدرێ، چونكە خەڵكێكی زۆر هەیە بە تایبەتی من قسە لەسەر ئەو كەسانە ئەكەم كە لە ساڵانی شەستەكان بەراستی ئەوان زۆربەیان خەڵكێكی زۆر لە شەستەكان لە رۆڵەكانی گەلەكەمان ئەو كاتە زیندانی كراون بە هۆكاری سیاسیەوە، و تاكو ئێستا زووۆربەیان كەیسەكانیان یەكلایی نەكراوەتەوە، ئەوەش كەوا یەكلایی نەكراوەتەوە بەراستی زۆربەیان هەر لە ژیاندا نەماون، ئەوانەی لە ژیانیش دا ماون زۆر بە تەمەنن، بۆیە پێویست ئەكات كە لیژنەكە لەمەوداوا كار لەسەر ئەو كەیسانە بكات كە لە شەستەكان خەڵكێكی زۆر ئەوكاتە گیراوە بۆ ئەوەی كەیسەكانیان یەكلایی بكرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو گوڵیزار خان.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە پێشنیارەکانی جەنابی وەزیر ئەکەم، بەڵام لێرە یەك پێشنیارم هەیە کە لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان ئیدارەی ڕاپەڕینیشی بۆ زیاد بکرێ، چونکە ئێستا ڕاپەڕین ئیدارەیەکی سەربەخۆیە و پێویستە ئەویش لەگەڵ گەرمیان ئیشەکانی خۆی ڕاپەڕێنی، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حاجی بلال

**بەڕێز احمد سلیمان(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە قسەکانی جەنابی وەزیر ئەکەم، چونکە ئەم یاسایە ئەسل بۆ ئیمتیازاتە، بۆ ئەوە نیە کە کاریان لەسەر قورس بکرێ، بۆیە تا ئاسانکاریان بۆ بکرێ باشترە، و لە هەمان کاتیش لەگەڵ ڕەئی لیژنەکانم کە پێشنیاریان کردووە زیاد بکرێ بۆ ئەوەی کە ئەو لیژنەیە لە مەرکەزی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕینیشی بۆ زیاد بکرێ، لەبەر ئەوەی گەرمیان دوورە لە مەرکەزی قەزاوە، هەم ڕانیەش کە ئێستا بۆتە ئیدارە، دیسان ئەویش دوورە لە مەرکەزی مەحافەزەوە، بۆیە پێشنیار ئەکەم ئەو دوو شوێنەش زیاد بکرێ لەگەڵ ڕەئی ئەو بەرێزانەش کە ئەو پێشنیارەیان کردووە، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان

**بەڕێز پەیمان عزالدین :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای پشتگیری کردنم بۆ قسەکانی بەرێز کاك ئارام، بەڵام من لێرە پرسیارێك ئەکەم، ئایا ژمارەی ئەو کەسانەی کەلە لیژنەکانن زۆر نیە؟ هەمووشیان ئامادە نابن وەکو ئەوەی بیستوومانە، یەعنی بەخۆی ڕۆژێك لیژنەکە کۆ ئەبێتەوە، بەڵام وەکو دەرکەوتووە لەبەر زۆری ئەندامانی هەمووی ئامادە نابێ، بۆیە کارەکان لەبەر ئەوە دوا ئەکەوێ، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە بخوێنینەوە، ڕێك بۆمان دەرئەکەوێ کە گرنگی ئەم ماددەیە ڕۆحی یاساکە ئەمەیە کە هەمواری یاساکەی لە پێناودا کراوە، بۆیە من پێشنیار ئەکەم هەر وەکو ئەوەی جەنابی وەزیر باسی کرد، مادام ئامانج لەوەیە کە چەند لیژنەیەك دروست بکرێ لە پارێزگاکان و دوو ئیدارەکە، ئەگەر بکرێ پێشیناری ئەوە بکەین لە جیاتی چەند لیژنەیەك پێنج لیژنەی تایبەت پێکبهێنرێ،

نەك ئەوەی چەند لیژنەیەك، و بە سەرۆكایەتی دادوەرێك لە سەنتەری پارێزگاكان و ئیدارەكان وەكو باس كرا لە لایەن ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەوە، ئەو هەڵدەبژێردرێنە لابرێ و ببێ بە دادەنرێن، چونكە ئەو سەلاحیەتە ئەنجومەنی دادوەری هەیەتی، شتێكی تر كە جێگەی تێبینیە ئەوەندەی من لام تێبینیە، پێم وابێ ئەم لیژنەیە كە بە سەرۆكایەتی دادوەرێك پێكئەهێنرێ، سەلاحیەتی پێداچوونەوە و چەسپاندن و بەرز كردنەوەی داواكاریەكانی هەیە، بۆیە پێم باشە وشەی بەرزكردنەوەش زیاد بكرێ لە دوا دێری ( بەمەستی پێداچوونەوە و چەسپاندن و بەرز كردنەوەی داواكاری ئەو كەسانەی كە ئەیانگرێتەوە)، چونكە دواجار دەستلاَتێكی تر هەیە لە سەرووی لیژنەكانەوە بڕیاری ئەوە ئەدات كە ئەمانە زیندانی سیاسین یان نا؟ سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ڤیان خان

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من پشتگیری تەواوی پیشنیارەكانی وەزیری شەهیدان ئەكەم، هیوادارم پێشنیارەكانی ببێ بە ماددەیەكی یاسایی، چونكە ئێمە بە تەجروبەی ساڵانی رابردوو ئەوەمان لا ڕوون بۆوە كە گلەییێكی زۆر لە لایەن زیندانیانی سیاسی هەبوو بە هۆی ڕایی نەبوونی كارەكانیان، بە تایبەتی ئەو دادوەرەی كە ئەركەكان كەوتبووە سەری، دیاربوو ئەو بە تەواوی پابەند نەئەبوو بە ئەركەكانی خۆی، من جارێك بە دواداچوونم كرد تەنها بۆ نموونە بەدوا داچوونم كرد كە وتیان ئەم هەفتەیە هەر دانانیشێ، هەفتەی پێشووش هەر دانەنیشتووە، بۆیە هیوادارم ئەركەكە بە شێوەی تایبەتمەندی دابەش بكرێ، ئەوە ئیجباری بێ، تەنها ئیختیصاصی بۆ ئەوە بێ كە فلاَن كەس تەنها تایبەتمەند بێ بەو لیژنەیە، بۆ ئەوەی هەمووكاتێك ئەو بەرپرسیاریەتیەی كە لە ئەستۆی دایە بە شێوازێكی یاسایی بڕواتە پێش، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین ئەگەر كەمتەرخەم بوو بتوانین لێ پرسینەوە لە وەزیری شەهیدان یان لە هەر لایەنێكی تایبەتمەند بكەین كە بۆ بەو كەمتەرخەمیانە هەڵنەستێ، و بە ئیزافەی زیاد كردنی ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بێریڤان خان

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری تەواوی ئەو بڕگەی جەنابی وەزیر ئەکەم کە ئەڵێ ئەنجومەنی وەزیران نوێنەری نەبێ لەو لیژنەیە، بەڵام لەو لیژنەیە من گرنگی ئەدەم بە وەزارەتێك کە زۆر پێویستە نوێنەری هەبێ، و داواش ئەکەم سەرۆکی لیژنەکەش وەزارەتی تەندروستی بێ، وەزارەتی تەندروستی ئیشەکەش ئیشێکی مرۆڤایەتیە، و هەروەها ئەو کەسانەی کە تووشی زیندانی سیاسی ئەبن توندترین سزا کە بەرامبەر مرۆڤ ئەکرێ ئەوەیە سزادانی بە زیندانی سیاسی بۆ ئازادی دەربڕین، ئەوانە تووشی نەخۆشی جەستەیی و دەروونی ئەبن، زۆر پێویستە ئەوانە چارەسەر بکرێن، ڕاستە ئەگەر بەسەریش چووە، بەڵام ئەوە لە ناویان ماوە، من نموونەم هەیە، ئەو کوردانەی کە زیندانی سیاسی کراون، کە چووینە هەندەران یەکەمین دانیشتن کە لەگەڵمان کرایە لێمان ئەپرسن زیندانی کرای لەسەر ئازادی دەربڕین؟ لەسەر سیاسەت، پێش هەموو شتێك جگە لەوەی باری ئابووری بۆ چاك ئەکەن و نیشتەجێ بوون، یەکەمین چارەسەر هی دەروونی و جەستەیی بۆ ئەکرێ، بۆیە زۆر پێویستە نوێنەری وەزارەتی تەندروستی تێدا بێ، و داواش ئەکەم پشتگیریم لێ بکرێ لەو بابەتە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالار

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەم ماددەیە ئەتوانم بڵێم ڕۆحی مەسەلەکەیە کە گرفتی دروست کردبوو، و ئەو پێشنیارەی کە لیژنەی شەهیدان کردوویانە ئەتوانێ بەشێکی باش لەو چارەسەریانە بکات، بەتایبەتی لە ناوهێنانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوان لە ماددەی یەکەم دا پەیوەستی ئەکەم بە ماددەی دووەمەوە کە لە نوێنەرایەتی کردنی لیژنەکە ئەبێ لە جیاتی نوێنەری کۆمەڵەی بەند کراوە سیاسیەکانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوان بێ، و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوان خۆیان کەسێك یان ڕاوێژکار یان مودیر عام یان هەرکەسێك کە کارئاسانی بۆ جێ بەجێ بوونی حوکمەکانی یاساکە دابنێ هیوادارم لیژنەی مەعنی ئینتیباعیان هەبێ کاکە حەمەی شارەزووری، ناوهێنانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوان لە ماددەی دووەم لە نوێنەرایەتی لیژنەکە ناوی وەزارەتی شەهیدان بێ باشترە، و ئەمە ئەو بۆچوونەی ئێوەش ئەسەلمێنێ کە زەروور بوو لە ماددەی یەکەمدا ناوی شەهیدان و ئەنفال کراوان بێ لە تەعریفەکەدا، ئەوەی پەیوەندی بە چەند لیژنەیەکەوە هەیە لە جیاتی ئەو لیژنەی کە کاتی خۆی تەنها لە هەولێری پایتەخت بوو لە ڕاستیدا ئێمە گلەیی زۆرمان لە سەرۆکی لیژنەکە و ئەندامانی هەیە، جگە لەوەی کەمتەرخەمیەکی زۆر، تەعتیلێکی زۆر، ڕۆتینێکی زۆر، هەندێ جار بە قەسدیش خەڵکی ئەنفال کراویان بە تایبەتی ئەوانەی کە لە نوگرە سەلمان و شوێنەکانی تر هاتوونەتەوە هەموو ئەوانە بەساڵا چوون، پیرە ژن و پیرە پیاوەکانیان، بە کەنەفتی ئەهێنرانە ئێرە، چەندین جارێك ئینجا مامەڵەکانیشیان ڕایی نەئەکرا، بۆیە ئەم پێشنیارە بۆ کردنەوەی چەند لیژنەیەك بە تایبەتیش لە ئیدارەی گەرمیان هیوادارم ئەوە بۆ ناوچەکانی تر نەبێتە

جێگەی جەدەل، چونکە مەسەلەکە پەیوەندی بە کەس و کاری ئەنفالەوە هەیە، ئەو مەنتیقە زۆربەی کەس و کاری ئەنفالەکان لەوێن، و ئیدارەی گەرمیان بە پێی یاسای ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان و عورفی یاساکان ناوی ئیدارەی گەرمیان بە تەنیشت پارێزگاکانەوەیە، ئەمە لە بەرژەوەندی جێ بەجێ بوونی حوکمەکانی ئەم یاسایەیەو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك اسماعیل

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە پێشنیارەکەی بەڕێز وەزیری شەهیدان ئەکەم، تەنها تێبینیەکم هەیە لەسەر گەرمیان و ڕاپەرین، لێرە هەر گەرمیان هاتووە، پێویستە لە جیاتی ئەوەی هەر گەرمیان و ڕاپەرین بێن، بڵێین یەکە ئیداریەکانی هەرێمی کوردستان، ناو نیە، چۆن ناوی پارێزگای دهۆك و هەولێر و سلێمانی نایەن ئەڵێین پارێزگاکان، بە هەمان شێوە بڵێین یەکە ئیداریەکان، لەبەر ئەوەی بۆی هەیە لە داهاتوو ئیدارەی تریش بکرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە ڕۆژان

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کرایە، مەبەست لە ئامادە کردنی ئەو پرۆژە لابردن و لادانی هەموو ئەو ئاستەنگانەیە لەبەردەم زیندانیانی سیاسی تاکو ئەو ئیمتیازاتانەی لە ناو یاساکە پەسند کرایە وەریبگرن، بەلاًم ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی پێشمەرگە تێبینیم کرد باس لەوە ئەکات کە ئەو لیژنەیە پەیوەست ئەبێ بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی، وەکو ئەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە بوونی هەبێ، کە سەیری هەیکەلیەتی وەزارەت ئەکەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەو ناوەی تێدا نیە، نازانم ئەو شتە کو لەسەر لیژنەی پێشمەرگە تێپەڕی؟ ئەگەر مەبەستیان ئەوە بێ ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە پێکبهێنن یان دروستی بکەن ئەوە ناکرێ لە یاسایەك کە لە ناو و ناوەڕۆك باس لە ئیمتیازاتی زیندانی سیاسی ئەکات ئێمە بێین یاسای هەیکەلیەتی وەزارەتی پێ هەموار بکەین لەبەر ئەوەی ئێمە یاسایەکی تایبەتمان هەیە، باس لە پێکهاتەی وەزارەت و هەیکەلیەی وەزارەت ئەکات، نابێ یاسایەك باس لە ئیمتیازات ئەکات بێین هەیکەلیەتی وەزارەت و یاسای تایبەت بە وەزارەت هەموار بکەین، ئەوە پێویستی ئەکرد لە لایەن حکومەت پرۆژە یاسایەك ئامادە کرابایەو پێشکەش کرابایە و داوای هەموار کردنی هەیکەلیەتی وەزارەتیان بکردابوایە، ناکرێ لە ناو ئەو یاسایە یاسای وەزارەت هەموار بکرێ، ئەوە تەعاروز

لەگەڵ ئەو یاسایە ئەكات، و ئەگەر مەبەست لەوەبێ كە دروست بوونی بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی بۆ ئەوەی ئاسانكاری پێشكەش بكات بە زیندانی سیاسی من نازانم بۆ تەنها بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێ؟ بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەبێ؟ دواتر لە ڕووی قانونیەوە ئەو لیژنە ڕۆڵی چی ئەبێ؟ لیژنەكە نوێنەری وەزارەتی تێدایە، نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر دەنگی هێنا تەبعەن، ئەو لیژنەیە ڕۆڵی لە ڕووی یاساییەوە چی ئەبێ كاتێ ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی ئەگەر دەنگی هێنا سەر بە وەزارەت بێ؟ لیژنە دەوری نامێنێ كاتێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێ، لیژنەی پێشمەرگە داوای دروست بوونی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كردیە، و داوای مانەوەی لیژنەی كردووە بە شێوەیەك كە ئەندام و نوێنەرانی وەزارەتەكانی تێدابێ، لەو كاتە بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی تایبەت بەو پرسە زائیدن لیژنەیەك تایبەت بە زیندانیانی سیاسی ئەوە زیاد كردنی ڕۆتینە لەبەردەم زیندانیانی سیاسی تاكو بتوانن ماف و ئیمتیازاتەكانیان وەربگرن، و پێەوانەی نیەتی ئەو كەسانەی كە پێشنیار كردنی هەموار كردنی یەكەمی ئەم یاسایەیان پێشكەش كردووە، بۆیە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی نیم لەو یاسایە زیاد بكرێ، كاتێك پرۆژە یاسای هەموار كردنی یاسای وەزارەت پێشكەش كرا با لەوێ داوای پێكهێنان و هەیكەلیەتی بكەن، نەك لە ناو یاسایەك كە تەنها باس لە ئیمتیازاتی زیندانی سیاسی ئەكات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك قادر

**بەڕێز قادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر دەقێكی گونجاو باشە، پشتیوانی لێ ئەكەم، بەلاَم بە چەند ئیزافەیەك، یەكەمیان داوا ئەكەم پێنج لیژنە بێ، و هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك و ئیدارەی ڕاپەرین و گەرمیان، و ئیزافەیەكی تریشم ئەم لیژنانە بۆ زیندانیانی سیاسیە، ئەگەر لە ڕووی یاساییەوە ئەوانەی (N.G.O) نەیگرێتەوە، تەنها نوێنەری كۆمكاری زیندانیە سیاسیەكان بە فەخری ئەندامی ئەو لیژنەیە بێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو كاك گۆران

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەكانم كران، بەلاَم تەئكید لەسەر قسەكانی وەزارەتی شەهیدان ئەكەمەوە لەوەی كەوا لیژنەكە بچووك بكرێتەوە، چونكە لە بەدوا داچوونی كێشەی زیندانیان دەركەوتووە هەم نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران ئامادەییەكی زۆریان هەبووە لە لیژنەكە، و زۆرجار گرفتیان دروست كردووە، و هەمیش نوێنەری زیندانی سیاسی ئەوان خۆیان مونەزەمەن، ئەتوانن خۆیان موتابەعەی ئیش و كارەكانی بكەن، و من لەگەڵ ئەوەم بەراستی ناوی گەرمیان وەكو خۆی بێ وەك ئیدارە، چونكە فكرەی هەموارەكە زیاتر لەسەر ئیدارەی

گەرمیان بوو، راستە ئێستا ئیدارەی ترمان هەیە، بەلاّم ئیدارەی گەرمیان لە هەموو قانونێك تایبەتمەندی خۆی پێدراوە، و ئەساسیاتەکەش ئەوەبوو جگە لەو خالّەی کە برای بەرێز کاك سالار باسی کرد، کە خەڵك بە نەۆخشی ئەهێنرێتە هەولێر، خالێکی تر کە گرفتە بۆ گەرمیان ئەوەیە ئەوانەی کە لە گەرمیان شاهێدی ئەدەن بەشی زۆری ئەوانەن کە لە نوگرە سەلمان هاتوون، تەمەنیان زۆر بووە، بەشی زۆریان ئەمرن، یان نەخۆشن، زۆرجار گرفت بۆ شاهێدی دروست ئەبێ کە مەعامەلەکان زۆر تاخیر ئەبێ، ئەمە وا ئەکات ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە شاهێدیە ئەو گرفتەیان نەمێنێ و قسەکانی تریش دووبارە ناکەمەوە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر

**بەرێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە نیەتی ئەو بەرێزانەی کە هەموارەکەیان پێشکەش کردبوو، و ئەو ڕاپۆرتانەشی کە نووسراون، هەست ئەکەم تێکەڵیەك هەیە، بۆیە داواکارم هەم لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە و بەرێزان لە وەزارەت هاوکار بن بۆ ئەوەی سیغەیەك لە کۆتاییدا دابرێژرێ کە کارئاسانی بکرێ بۆ ئەوەی کاروباری ئەو بەرێزانەی کە گیراون بە زوویی جێ بەجێ بکرێ، ئەمەش چۆن ئەکرێ؟ ئەگەر ئێمە مەبەستمان بێ لە خوارەوە ئەو لیژنانە یان ئەو مودیریاتانەی کە دروست ئەکرێن لە پارێزگاکان و ئەو ئیدارە سەربەخۆیانەی کە هەن بە خێرایی ئیشەکان بەڕێوە بچێ، بە باوەڕی من ئەوە ناکرێ بە لیژنە بێ، ئەکرێ مودیریەتێك بێ، بەلاّم دواتر لە ناو وەزارەت بۆ پشتراست کردنەوەی کۆتایی لەوێ لیژنەیەك هەبێ کە لایەنەکانی تری تێدابێ یان نوێنەری وەزارەتەکانی تری تێدابێ، چونکە مەبەستەکە وەکو ئەوەی هاتووە لە ناو ئەم تەعدیلە درەنگی لە ڕایی کردنی مامەڵەکانە، یەك، دووش، تەنها لیژنەیەك هەبووە بۆ پشتراست کردنەوەی مامەڵەکان، بۆیە ئەکرێ ئەم لایەنە لەبەرچاو بگرین، خالێکی تر ئەوەی کە پەیوەندارە بە ڕاپۆرتی لیژنەی پێشمەرگە ، و بەهەمان شێوە لە قسەکانی بەرێز وەزیریش گوێبیستی بووم لەوەی کە مودیری عامەیەك هەبێ، من پشتیوانی قسەکانی دکتۆرە ڕۆژان ئەکەم، ئێمە مودیریە عامە یان بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان نیە لە وەزارەتی پیشمەرگە، بۆیە پێویستە ئەمە وەکو حاڵەتە یاساییەکە بە جێی بێڵین بۆ سەلاحیەتەکانی وەزارەت، وەزارەت بۆی هەیە مودیریەت یان شوعبە بکاتەوە، یان لیژنە پێکبهێنێ، بەلاّم مەسەلەی مودیریەی عامە پێویست ئەکات تەعدیلی یاسای وەزارەت بکرێ، بۆ ئەوەی هەیکەلەکەی بگۆڕین، و لەم یاسایەش تەسەور ئەکەم جێگەی نابێتەوە، چونکە ئێمە هاوشێوەی ئەم یاسایە

یاسای ڕێکخراوە ناحکومەیەکان و یاسای سندوقی پاڵپشتی پرۆژەکانی گەنجانمان هەبوو کە نەمان ئەتوانی دەستکاری هەیکەلی وەزارەتەکانی پێ بکەین، بۆیە لێرەش تەسەور وایە ناتوانین دەستکاری هەیکەلی وەزارەتی پێ بکەین، خاڵی سێیەمیش ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە ئیدارەی گەرمیان یان ئەو ئیدارانەی کە هەن من پشتیوانی ڕاکەی کاک حمەسعید ئەکەم بەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی ئیدارات بێ، چونکە ئیمکانە ئیدارەیەکی تریش دەست بەکار بێ لە داهاتوودا بۆ ئەوەی جارێکی تر تووشی تەعدیل نەبینەوە بە شێوەیەکی گشتی ناوی ئیدارات بێ، باشترە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک سەردار.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسە زۆر کرا لەسەر زیندانیانی سیاسی، و هەرچی بوترێ و بکرێ بۆیان کەمە، چونکە ئەوەی کە موعاناتی زیندانی سیاسیە زۆرێك لەو بەڕێزانەی لێرە دانیشتوون ئەزانن لە نزیکەوە زیندانی سیاسی بوون کە بەهەرحاڵ ئێستا لێرەن، ئەو دوو پێشنیارەی کە ئەو دوو لیژنە بەڕێزە کردیان، زائیدەن ئەوەی بەڕێز وەزیری شەهیدان من پێم وایە لە ڕووی ناوەرۆکەوە هەر یەکە، مادام هەدەف دروست بوونی ئەو لیژنەیە لە هەر سێ پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان، و ئەگەر بکرێ ئەوەشی بۆ ئیزافە بکرێ ئەو ئیداراتانەی کە مەسەلەکە، بەراستی هەڵەبجە بکرێتە ئیدارە، هەڵەبجە بکرێتە پارێزگا، و ئێستا کاری بۆ ئەکەن، ئێستا لیژنەیان بۆ گرتووە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، و لیژنەیەکی تایبەت هەیە، و بەڵێن دراوە کە بۆ ئەوەی وەکو کاک عومەر وتی لە ئایندەدا تووشی ئیشکالەتێك نەبین، حەقە ئەگەر بە جۆرێك لە جۆرەکان بەراستی ئەوەشی بۆ ئیزافە بکەین، بۆیە من پشتگیری ڕای هەردوو لیژنە ئەکەم کە ئاگایان لێ نیە؟، و جەنابی وەزیریش کە بەراستی بە ئیزافەوە ناوەرۆکەکان هەرسێ لایەن یەك شتە، پشتگیریان ئەکەم، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ناسك خان

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەسەرەوە دەست پێ ئەکەم، ماددەی دووەم کە ئەڵێ پێشەکی بڕگەی یەکەم لە ماددەی چوارەم تەعدیل ئەکات، بەلاَم خۆی لە ئەسلدا ماددەی دووەمیشیان تەعدیل کردووە، لەبەر ئەوە ئەگەر بکرێ،

چونكە ماددام تەعدیلی بڕگەی دووەمیشتان كردووە، ئەبێ بڵێی بڕگەی یەكەم و دووەم لە ماددەی چوارەم، چونكە بڕگەی دووەمیشتان تەعدیل كردووە، ئەوە یەك، دوو، پشتگیری هەموو ئەو قسانە ئەكەم، چونكە بەراستی ئێمە ئەم یاسایە لە 2011 دەرچووە ئێستا لە 2013 تەعدیلی ئەكەین، پێویست ناكات ناوی ئیدارە بێنین، ئەگەر بكرێ بڵێین ئیدارە سەربەخۆكان، چونكە پێم وایە هەموو ئیدارەیەك گرنگی خۆی هەبووە، بۆیە كراوەتەوە، لەبەر ئەوە بڵێین ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین، ئەی دوایی هەڵەبجەش ئەبێ، دوای ئەوەش تەعدیلی ئەكەین، لەبەر ئەوە هەر بڵێین ئیدارە سەربەخۆكان باشترە، پشتگیری قسەكانی دكتۆرە ڕۆژان ئەكەم بەراستی پرسیارێك بوو لام، بۆچی نوێنەرایەتی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال لەناو لیژنەكە نەماوە؟ لەبەر ئەوەی پەیوەستە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیەوە، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە تەئكید نەبووم لێی، چونكە یاساكەم لەبەر دەست نەبوو، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو بەڕێوبەرایەتیە لە هەیكەلیەتی وەزارەت دا نەبێ نابێ لێرە هەبێ، ئەبێ قانونەكەی بۆ تەعدیل بكەین، خاڵی دووەم كە تەعدیل كراوە ئایا تەنها لەبەر ئەوەی ناوی یاساكە هاتووە یان پێشتر چۆن چۆنی ساغ كراوەتەوە؟، چونكە بەراستی خەڵكێك هەیە مناڵی لە سجن لەدایك بووە، یەعنی مناڵی لە سجن بووە، لەبەر ئەوەی عەدەدی سەنەواتی سجنەكەی مودەی پێنج مانگ، ئەگەر شەش مانگ نەبێ نابێ، مەعەل عیلم ئێمە ئەم یاسایە باس لە سەعاتێكیش ئەكات، هەتا ئێستاشی لەگەڵ دابێ بە ڕۆتینی كراوە، هیچ مافێكی وەرنەگرتووە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك لوقمان

**بەڕێز لقمان سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

پشتگیری قسەكانی وەزیر و پەرلەمانتارە بەڕێزەكان ئەكەم، و دەربارەی ئەو لیژنەیەی بۆ پێداچوونەوەی داواكاری گیراوانی سیاسی و زیندانیانی سیاسی من داوا ئەكەم ئەو لیژنەیە هەروەكو هاوڕێیانم پەرلەمانتاران ئەم لیژنەیە لە ئیدارەكانیش دابنرێن چونكە وەكو باس كرا بۆ نموونە ئیدارەی گەرمیان خەڵكێكی زۆر ئەنفال كراوی تیایە، ئەو ڕێیە دوورە بگرنە بەر، ئەوە شتێكی زۆر خراپە بەراستی، و هەروەها پێشنیار ئەكەم لە هەندێ قەزا كە ئەنفال كراوی زۆری تێدایە لەوێ ئەو لیژنانە دابنرێ، وەكو قەزاكانی بۆ نموونە چەمچەماڵ، كفری، كۆیە، دوكان، هەندێ قەزای تریش ئەگەر بیرم نەكەوێتەوە، و هەروەها پشتگیری قسەكانی بێریڤان خان ئەكەم، بەراستی هەروەكو لای هەمووومان ئاشكرایە زۆرێك لە زیندانیانی سیاسی و ئەنفال كراوان تووشی بەراستی زەرەرمەندی و تووشی كێشەی جەستەیی و دەروونی بوونەتەوە، بۆیە ئەو پێشنیارەی بێریڤان خان بەراستی جوان بوو، پشتگیری ئەكەم، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالله

**بەرێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە قسەکانی جەنابی وەزیر دەرکەوت کە زۆر بە دیقەتەوە، زۆر بە وردی لەسەر کێشەکە قسەی کرد، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە لە هەمووومان زیاتر پێم وایە لە گرنگی کێشەکە، و بەتایبەت هەموار کردنەوەی ئەو ماددەیە تێگەیشتووە، بۆیە من لێرەوە داوای لێ ئەکەم دەقی ماددەکە بە باشی داڕێژینەوە و پێشکەشی برادەرانی هەردوو لیژنەی بکات، و بە ئیزافەتەن لەگەڵ ئەوەی کە هەردوو ئیدارەی گەرمیان وڕاپەڕینی بۆ زیاد بکرێ**

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو نەسرین خان**

**بەرێز نسرین جمال مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە من پشتیوانی بەرێز وەزیر ئەکەم، و هاوکارانیشم زۆر باسیان کرد، تەنها ئەوەندەی کە من ئاماژەی پێ بدەم پێشنیارێکی هاژە خان بوو لەسەر مەسەلەی شاهیدەکان، بەراستی ئەوە تەنگژەیەکی بۆ زیندانیانی سیاسی دروست کردووە، بە تایبەتی ئەو مەسەلەی دوو شاهیدەی کە مووچە وەرئەگرێ، دیارە ئێمە زۆرجار سەردانمان ئەکەن بۆ نووسینگەی پەرلەمان لەسەر مەسەلەی شاهیدەکان کە هەبووە لە ژووری ئینفرادی بووە، بۆ یەك سەعات زیندانێکیان لەو ژوورە داناوە، زیندانەکە ڕۆیشتووە، ئەوە بە شاهید وەرناگیرێ، لەبەر ئەوە ئەگەر تەسهیلاتێك بکرێ، من ناڵێم چاوپۆشی بکرێ، بەلاّم تەسهیلاتێك بکرێ بۆ مەسەلەی شاهیدەکان، چونکە ئێمە ئەمانەوێ هەرکەسە و حەقی خۆی وەرگرێ، ناکرێ ئەوەی ساڵێك زیندان بووبێ، دووساڵ زیندان بووبێ لەگەڵ ئەوەی سەعاتێك زیندان بووبێ وەکو یەك شاهیدیان هەبێ، بەلاّم ئەکرێ تەسهیلاتێکیان بۆ بکرێ، سوپاس**

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك عبدالسلام**

**بەرێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یەکەمین تێبینیم شەکلیە، ئەوە کە ئەڵێ پێشەکی ماددەی (ا) یەکەم هەموار ئەکرێ، لە حەقیقەتدا خۆی ماددەی یەکەم و دووەم و سێیەم ئیعادەی سیاغەی کردووە، ئەوە بۆ ئێوە جێ دێڵم، دوو، پێشنیارەکان وەکو**

یەك نین، من حەسوودیم بەوە دێتن پێشنیاری هەردوو لیژنە، چونکە تەناقوزاتی تێدایە، یەك لە لیژنەکان داوا ئەکات سەر بە مودیریەیەك بێت ئەو مودیریە وجودی نیە جارێ، چونکە راستە پێشنیارەك هەیە لە پاش ئەو باسی مودیرەیەك ئەکات، بەلاّم تەسەور ئەکەم نابێ تۆ باسی شتێك بکەی لە یاساکە تەعریف نەکراوە، بۆیە ئەگەر هاتو ماددەی چوارەم ئەوەی داوا ئەکات ماددەیەك سەرکەوێ پێشنیار ئەکەم لە سیاغە ئەو ماددەیە بکەوێتە پاش ئەو، سێیەم، ئێمە گلەیی ئەوەمان ئەکرد کە زەحمەتە لیژنەکە دانیشێت، تا نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران بگەهێتە ئیدارەکان، موحافەزاتەکان، سلاّو لە دانیشتنەکان بکا، تەسەور ئەکەم تەناقوزێك هەیە لە بەینی نیەتی ئێمە و لە بەینی ئەو چارەسەریەی کە پێشنیاری ئەکەین، ئێمە ئەمانەوێ لیژنەکان لە پارێزگاکان و ئیدارت بێت تاکو خەلّك ناچار نەبێ بێتە هەولێر، کەچی شتەکەمان زەحمەت تر لێ کرد، ئەو خەلّکە هەمووی دائەنیشێ لە بارەگای لیژنە چاوەڕوانی نوێنەری وەزارەت ئەکەن، بۆیە من تەسەور ئەکەم جارێکی تر ئیعادەی بکەن چیمان ئەوێ؟ ئەمانەوێ ئیشەکان زوو بچن بەم چارەسەریە ناکرێ، پاشان تەناقوزێکی تریش هەیە، لە لیژنەی یاسایی باس نەکراوە سەر بە کێیە؟ لە پێشنیارەکەی تر پێشنیار کراوە سەر بە مودیریەتێکی گشتی بێ، دادوەرێك لە لایەن ئەنجومەنی قەزا دائەنێیت، ئەو سەر بە مودیریەتێك نابێت کە سەر بە وەزارەتی شەهیدانە، هەروەها نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران و نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و نەوێنەری وەزارەتی دارایی سەربە مودیریەتێکی عامی وەزارەتێك نابن، ئەمەش هەمووی تەناقوزە، بۆیە تکا ئەکەم بیر لەو چارەسەریە بکە ئەو پێشینارەی جەنابی وەزیر باسی کرد، تۆ مودیریەتێکت هەیە، لیژنە مەعنای عەرقەلەی ئیش، لیژنە مەعنای ئیش بەڕێوەنەچوون، لیژنە مەعنای هەدەری پارە و ئیفاد، بەلاّم مودیریەیەکت هەیە، یەکێك لە ئەرکەکانیەتی و لە دەستەلاّتی وەزیرە لە بەڕێوەبەرایەتی خوارەوە، ئەو بۆخۆی چۆن تەنزیمی ئەکات، پێشنیار ئەکەم سیاغەیەکی وابکرێ، ئاخیر تێبینیم ئەوە تیکراریش ئەبێ لە زۆر یاساکانمان، من خەلّکی کوردستانم، ناوەکەم راستە ناوی ناوچەی ترە، بەلاّم ئیعتیراف بە هەموو شت ناکەم، جەخت کردن لەسەر ئەوەی ئەو ناوە یان ئەو ناوە بێنین تەسەور ئەکەم زەرەر ئەکەین بەو ناوچە زیاتر، بۆیە ئەگەر ناچار بوون ئێوە حەلێك بدۆزن تاکو لە ڕووی یاساییەوە لیژنەکان لە غەیری هەرسێ موحافەزەکە بن، پێشنیارەکەی کاك اسماعیل زۆر دروست بوو، لە جێگای خۆی بوو، لە هەر یەکەیەکی ئیداری کە بە پێویست زانرا تاکو ئەو حەساسیەتە نەبێ، بۆچی ناوی من و ناوی تر و ئەبێ فیرائەیەکی قاونیشمان هەبێ بۆ ئەوە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە کرا، بابەتی ئیدارات، ئێمە لە لیژنەی یاسایی لەگەلّ ئەوەدا نینە، لەبەر ئەوەی بە پێی قانونەکانی کار پێکرا و لە هەرێمی کوردستان ئیدارات تەوزیع کرایە، موحافەزاتە، قەزایە،

ناحیەیە، واتە ئەگەر بڵێین ئیدارات، مەعنای ناحیەکانیش ئیلزام ئەکەین بە دروست کردنی ئەم لیژنەیە، دوو، ئەگەر مولاحەزەی بکەین، بڵێین (تشكل لجان خاصه برئاسه قاضي في مراكز المحافظات)، واتە ئێستا تەنها لیژنەیەك هەبوو لە پایتەختی هەولێر، گلەیی خەڵك زۆر بوو کە کارەکانیان ناڕوا و زەحمەت بوو ئیشەکان، ئێستا ئەگەر بڵێین (لجان خاصه في مراكز المحافظات)، واتە ئەکرێ لە جیاتی لیژنەیەك لە سلێمانی یان لە هەولێر یان لە دهۆك چوار، پێنج لیژنە دابمەزرێ، هەتا ئەگەر لە قەزاکانیش بێ، مەحاکم ئەتوانێ لەوێ لیژنە دابنێ، و پێشنیاری ئەوە کرا ئایا قەراراتی ئەو لیژنەیە چۆنە؟ لە فەقەرەی سێیەم ئێمە باسمان نەکرد، هەیە لە قانونەکە، ئەڵێ (تصدر اللجنه قرارها بالاغلبية ويكون قرارها قابلا للطعن امام المحكمة الادارية وفقا لاحكام قانون مجلس شورى الاقليم رقم 14 لسنة 2008)، واتە لیژنەکە کە قەراری دەرهێنا بە نوێنەرایەتی ئەو ئەندامانەی کە لە پرۆژەکەدا هاتوون، قەرارەکەیان قابیلی تەعنە لەبەردەم دادگای کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان، ئەمە یەك، سەبارەت بە پێشنیارەکەی جەنابی وەزیر کە قەرارەکان لە لایەن وەزیر تەسدیق بکرێ، ئەمە قەراری مەحکەمە و حاکیمە، ئیحتیاجی بە تەسدیق کردن لەلایەن وەزیر نیە، لەبەر ئەوەی کە حاکیم قەراری دا مەرجەعی تەعن بە پێی قانونی ئەنجومەنی شورا دیاری کراوە، هەرکەسێك نارەزایی هەبوو ئەگەر تەڵەبێکی تەقدیم کرد و قبول کرا یان نەکرا ئەتوانێ تەعن بدات لە قەرارەکانی لیژنەکان لە بەردەم دادگای کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پێشمەرگە

**بەڕێز محمد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزە بۆ چەند ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان، ئێمە تەحدیدی لیژنەمان نەکردووە و بڵێین پێنج لیژنە، یان چوار لیژنە بێ، ئەڵێین چەند لیژنەیەکی تایبەت، وەکو کاك عەونی باسی کرد ئەوە بۆ ئاسانکاریە ئەتوانێ لە موحافەزەی سلێمانی چەند لیژنەیەك بکاتەوە، دوو، زیاتر بۆ ئاسانکاری، ئەگەر سەیری یاسا کۆنەکە بکەن ئەندامانی ئەم لیژنەی کە جاران پێکهاتبوو هەموویان بەڕێوەبەری گشتی بوون، مودیر عام بوون، ئێستا ئێمە داوامان کردووە لەبەر ئەوەی ئەو مودیرعامانە لە موحافەزەکان کێشە دروست ئەبێ، داوامان کردووە پلەکەی ببێ بە بەڕێوەبەر، سێ، سەبارەت بەو پێشنیارەی دکتۆرە ڕۆژان و کاك عبدالسلامیش پشتگیری کرد، ئێمە پێشنیاری ماددەیەکی زیادمان کردووە بۆ ئاسانکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکرێتەوە، داماناناوە بۆ بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە وتوومانە ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەی زیندانیە سیاسیەکان کە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەگەر قانونی بوو و دەنگیان لەسەر دا ئەوە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، ئەگەر نەبوو ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە لائەبەین، سەبارەت بە ئیدارەی گەرمیانیش ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کردووە ئیدارەی گەرمیان لە هەموو یاسا موتەبەعەکان کە لەم پەرلەمانە دەرچووە لە ئیقراری بودجەشدا ناوی ئیدارەی گەرمیان هاتووە، بۆیە

ئێمەوەکو لیژنە پێشنیاری ئەوەمان کردووە، ئەگەرنا تەفزیلی هیچ ئیدارەیەك ناکەین بەسەر ئیدارەیەکی ترەوە، دوو، وەکو لیژنەکە بەدواداچوونمان سەیری ئەکەین راستە ئەنفال لە هەمموو شوێنێکی کوردستان بە هەشت عەمەلیە بووە، بەلاّم قورسترین عەمەلیە کە زەرەری پێگەیشتبی خەلّکی مەنتیقەی گەرمیان و ناوچەی گەرمیان بووە، بۆیە ئێمە وەکو لیژنە بیرمان لەوە کردووە ئەگەر ئیدارەی گەرمیان بچێتە سەر ئەو سێ موحافەزەیەوە ئەگەڕێینەوە بۆ بەرێزانی ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەرنا ئێمە تەفزیلی هیچ ئیدارەیەك ناکەین بەسەر یەکێکی تر، ئەوانە هەمووی ئیدارەی سەربەخۆن، بڕیاریان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ دەرچووە، و ئێمە ڕێز لەو بڕیارە ئەگرین، تەنها و تەنها لیژنەکەمان بیرمان لەوە کردۆتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیزافەتەن بۆ ئەو تەوزیحاتانەی کە ئەندامە بەڕێزەکان دایان، دەستیان خۆش بێ، لەسەر ئیدارە باس کرا، لەسەر دروست بوونی مودیریەتی عام کە لە پڕۆژەکە هاتووە و دواتر حکومەت لە موقتەرەحی خۆی داوای کردووە کە ڕەبت بکرێ بە مودیریەتێك لەو مودیریەتانەی کە سەربە وەزارەتی شەهید و ئەنفالە، ڕاستە ئەو موقتەرەحەی دکتۆر ڕۆژان باسی کرد مودیریەتی گشتی بۆ ئێمە لێرە دروست ناکرێ، ئەگەر وابێ پێویستە یاسای ژمارە 8 تەعدیل بکەین، یاسای شەهید و ئەنفال، بەلاّم ئەبێ ڕەبت بکرێ بە وەزارەتی شەهید و ئەنفال، و لە ماددەی 11 لە یاسای ژمارە 8 ی وەزارەتی شەهید و ئەنفال سەلاّحیەتی جەنابی وەزیرە خۆی ئیستیحداسی مودیریەتێکی بۆ بکات، شوعبەی بۆ دائەنێ، ئەقسامی بۆ دائەنێ، ئیزافەی ئەکات، بە کێی ئەسپێرێ؟ بەلاّم بە نیسبەتی موقتەرەحی جەنابی وەزیر لەگەلّ ڕێزم بۆ موقتەرەحەکەی کەوا پەسند کردنی بڕیاری ئەم لیژنانە بگەڕێتەوە بۆ لای جەنابی، ئەوە هەمان ئالیەت ئەگرێتەوە کە ئەمە جاران ئەچووە مەجلیسی وەزیران، دیارە جەنابی وەزیر پێم وایە ئەرکی زیاتریشی هەیە، هی شەهیدی هەیە، ئەنفالی هەیە، ئیلتیزاماتی زیاتری هەیە، پێویست ناکات بۆ پەسند کردن تا ئەو لیژنەیە دروست ئەبێ بە ریئاسەی حاکیمێك و عزوویەتی چەند بەرێزێك،دواتر بڕیاری ئەوانیش خازیعە بۆ تروقی تەعن لەبەردەم مەحکەمەی ئیداری، بەواتە پێویست بەوە ناکات ئەو لیژنەیە بۆ پەسند کردن بگەڕێتەوە بۆ جەنابی وەزیر، ئیکتیفا بە لیژنەکە بکرێ کە لە یاساکە هاتووە، و بە وشەی لیجان هاتووە،

واتە نە لیژنەیەك و نە دووان و نە لە هەرسێ موحافەزە، ئەكرێ چەندان لیژنە بە گوێرەی ئیمكانیات دروست بكرێ بۆ تەسهیل كردنی ئیشەكان، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دوا سیاغەتان فەرموو

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە نووسراوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە 3064 لە 2013/4/3 ئەڵێ (-تشكل لجان خاصة برئاسة قاضي في مراكز المحافظات يرشحهم مجلس القضاء)، تاكو ئێستا تەنها لە شاری هەولێر لیژنە هەبوو، ئەمانوت ئیشەكان وەكو پێویست بەڕێوەناچن، لە موحافەزەی هەولێر و سلێمانیش لیجان دانراون، كە ئەو لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێز و حورمەتم بۆ ڕەئی برادەران باسی ئیدارەكان كرا، بە حەقیقەت راستە ئیدارەی گەرمیان ئێمە لە لیژنەی پێشمەرگە داوامان كردووە، بەڵام ئەگەر ناوی هەموو ئیدارەكان بێت شاری ئاكرێش ئیدارەیە و زاخۆش ئیدارەیە و سۆرانیش ئیدارەیە و بە حەقیقەت منیش تەئیدی قسەكانی كاك عبدالسلام و دكتۆرە ڕۆژان ئەكەم لەسەر ئەم بابەتە، راستە ئێمە لە لیژنەی كاروباری پێشمەرگە و شەهیدان باسی ئەوەمان كردووە كە ئەگەر مودیریەتێكی عام بكرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەبێ تەعدیلی یاسای وەزارەتی كاروباری شەهیدان بكرێ، ئێمەش تەئیدی لیژنەی یاسایی ئەكەین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دوا سیاغە

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوا سیاغەمان بەو شێوەیە

المادە 2:

تعدل الفقرتان اولا وثانيا من المادة الرابعة من القانون وتقرأ كالآتي:

1-تشكل لجان خاصة برئاسة قاضي في مراكز المحافظات يرشحهم مجلس القضاء في الاقليم وعضوية ممثلين بدرجة مدير للنظر واقرار طلبات المشمولين باحكام هذا القانون وترتبط بالوزارة، و يمثلون الجهات الاتية:

1-مجلس شؤون الشهداء والمؤنفلين

2-وزارة الداخلية

3-وزارة المالية ولاقتصاد

4-جمعية السجناء السياسيين في الاقليم

ثانيا:

يثبت السجين او المعتقل السياسي بالطرق القانونية وفقا لاحكام قانون الاثبات النافذ المرقم 107 لسنة 1979 المعدل امام اللجنة المشكلة بموجب هذا القانون

فەقەرەی سێیەمیش وەكو خۆی ماوەتەوە لە قانونەكە، نایخوێنمەوە، ئەگەر پێتان باشە ئەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی ئاگات لێبی:

ثالثا:

تصدر اللجنة قرارها بالاغلبية ويكون قرارها قابلا للطعن امام المحكمة الادارية وفقاً لاحكام قانون مجلس شورى الاقليم رقم 14 لسنة 2008

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ناوتان ئەنووسم، دوایی كەس حەقی نیە قسە بكات، تەوزیحەكەتان بدەن، فەرموو

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەم سیاغەی كە خوێندمانەوە چەند میحوەرێكی گرتەوە، یەكێ لەوانە باسی چەند لیژنەیەك ئەكات لە مەركەزی موحافەزاتەكان، بە نیسبەت ئیدارات باسی لەسەر كرا، ئەگەر بڵێین لە هەموو ئیداراتی كوردستان دروست ئەكرێ بە واتە لە هەموو قەزا و ناحیە و شارەكان، ئەمە عەرقەلە زیاتر ئەكات، چونكە ناكرێ ئەم وەزارەتە ئەم هەموو لیژنەیە بێنێتەوە بەردەم وەزیر، ئەویش پەسندیان بكات، ئەمە بە خیلافی یاساكەوە ئەڕوات بەڕێوە، ئێمە ئەو لیژنەی كە دروستمان كردووە، كە دروستی ئەكەین وەكو یاساكە لە ئەسلدا، بە ریئاسەی حاكمێك، حاكمێك سەرۆكایەتی ئەكات، و قەراری حاكیمەكەش قەتعی نیە، خازیعی تروقی تەعنە لە بەردەم مەحكەمەی ئیداریدا، ئەمە بۆ ئەوەیە كە خیلافات و مەشاكیل و ئەو نا ڕوونیە لە چۆنیەتی سەجینی سیاسین كێ سەجینە و كێ سەجین نیە؟ بۆیە بەم سیغەیە هاتۆتە خوارێ، و تەڵەبەكەی جەنابی وەزیر باسی لەسەر كراوە، ئەڵێ دادوەرێكی تێدابێ تەرخان كراوە، كەواتە لێرە باس لە دادوەر ئەكات، نوێنەری تەرخان كراوی وەزارەتی شەهید و ئەنفال باسی لەسەر ئەكات، نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و دارایی بەهەمان شێوە هاتووە، بەڵام حاڵەتی ئەوەی كە جیاوازە لەگەڵ تەڵەبەكەی جەنابی وەزیر ئەمەیە كە جاران هەمان لیژنە ئەچووە بەردەم مەجلیسی وەزیران بۆ پەسند كردن، خەڵك هاواری لێ هەستابوو ئەیوت بە شەش مانگ مودیری سجنی سیاسی، كاك (احمد) خۆی باسی كرد كە قائیمەیان ناردووە بە شەش مانگ و بە پێنج مانگ لە مەجلیسی وەزیران بە موسادەقە نەگەڕاوەتەوە، ئێستا بچێتەوە بەردەم وەزیر، وەزیر بە كاروبارێكی زۆرەوە مەشغولە، ئەمە ئەبێ لەبەردەم ئەم لیژنەی كە باس كراوە لەوێ موسادەقەی لەسەر بكرێ، و هەمان قەراری ئەم لیژنەیەش خازیعە بۆ تروقی تەعن، سوپاس

**بەڕێز .ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر، ڕەئی جەنابت

**بەڕێز صباح احمد (ئارام)/ وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سوپاس بۆ ئەو ڕاو بۆچوونانە، هەڵبەتە ئێمە بە عەمەلی یەعنی هەر شتێك كە تاقی ئەكەیتەوە بە عەمەلی دەرئەكەوێ، من ئێستا بۆ تاریخ ئەیڵێمەوە، ئەگەر ئەو گۆڕانكاریە نەكرێ دیسان ئاستەنگی زۆر دروست ئەبێ، لایەنی سیاسیشی تێدایە، یەعنی تۆ ئەو دەستەڵاتە تەنیا بە لیژنەیەك ئەدرێ مەسەلەی مەزاج و شوێنی مەحەلی و ئەو شتانەی زۆر تیا ئەبێ، یەعنی سیاسەتی وەزارەت ئەبێ لە لایەن وەزارەتەوە دیاری بكرێ، ئەمە كێشەیەكی زۆر گەورەیە، خەڵكێكی زۆر و ئێستا كەیسێكی زۆر داوای زیندانی سیاسی كردووە، ئەمە پێویستی بە هەندێ بڕیار و پەیڕەو و بەرنامە هەیە، یەكێ لە ماددەكانی تر ئەوە دێنێتەوە سسەر وەزارەت، وەزارەت تەرخانەكەی وەكو هاوشێوەی یاساكانی تر كە پەیڕە و ڕێنمایی دەربكات، سەبارەت بە تەرخان كراوەكە، وشەی تەرخان كراو زۆر زۆر گرنگە، ئەو نوێنەرانە ئەبێ تەرخان كراو بن، یەعنی ئەبێ تەنسیب بكرێن بۆ لای ئێمە بە پێی پەیڕە و ڕێنمایی وەزارەت بجوڵێنەوە، دەوامیان، ئیش و كاریان، ئیلتیزاماتیان، ئەگەر وانەبێ وەكو ئێستای لێدێ، نایەت، ئەبێتە مەسەلەی میزاج، فرە دەستەڵاتی دروست ئەبێ، ئەوە یەك، دوو، ئەڵێ بوترێ لایەنی كەم مودیر، نەك مودیر، یەعنی بە تەحدید نەوترێ مودیر، ئەوە بكرێ باشە، و ئەوە نوێنەری ڕێكخراوی نابێ تێدابێ، ئەوە نوێنەری توێژێكە كە كاروباری ئەكات، ڕێكخراوی تریش دروست ئەبێ بەیانی، داوا ئەكات، ئەوە بۆ ئێمە كێشە دروست ئەكات، و من هیچ كێشەیەكی ئەوە نیە بێتەوە لای وەزیر، ڕاستە كە كارێكی تێ ئەكات بەراستی نەیەتەوە لای وەزیر، بەڵام كێشە سیاسیەكە دروست ئەبێ، یەعنی لە هەری شوێنێك بە پێی ئەو قورساییەی ئەو زیندانیە سیاسیانەی هەن، و ئەوەی ئیدارەی گەرمیان زۆر گرنگە، بە عەمەلی زۆربەی كێشەكانی ئێمە و ناڕەزایەكانی سەر ئیدارەی گەرمیانە، ئەوەی كاك ئیسماعیل باسی كرد باشە، ناكرێ، من ناڵێم هەموو قەزا و ناحیەیەك، كە ئەڵێی ئیدارە سەربەخۆكان بە تەحدید یەك، دووانێك ئەگرێتەوە، ئەگەر ئەوە بكرێ باشترە، ئەگەر نەكرێ لە لایەنی كەم ئەبێ ئیدارەی گەرمیانی تێدا بێ، زۆربەی ئیشە قورسەكان كە مەسەلەی ئەنفالكراوان و زیندانی كراوان، قور بەسەریشن بەراستی، مەینەتی لای ئەوانە، هاتوچۆیان و پیرێژنیان زۆرە، ئەبێ ئیدارەی گەرمیانی هەر تێدابێ، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك محمد**

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەوەی جەنابی وەزیر باسی كردووە ئەڵێ لیژنەیەكی تایبەت كە وەزارەتی كاروباری شەهیدان پێكی ئەهێنێ، ئێمە لە یاساكە ئەڵێین لیژنەیەك دروست بكرێ بە سەرۆكایەتی دادوەرێك، ئەنجومەنی دادوەری، جا بڵێین لیژنەیەك لە وەزارەتی شەهیدان، ئەمانەوێ قانونەكەی خیلاف، بۆیە ئێمە چووینەتە سەر**

ئەسلی قانونەکە، دوو، بۆ ئاسانکاری جاران لیژنەکە یەك لیژنە بوو، ئەندامانی لیژنەش مودیر عام بوون بەڕێزینە، ئێستا ئێمە ئاسانکاریمان کردووە ئەڵێین ئەو لیژنانە کە دروست ئەکرێ پلەی بەڕێوەبەر بێ، دیارە ئەبێ شارەزایی ئیداری هەبێ بۆیە نەمانوتووە، وتوومانە پلەکەی لە بەڕێوەبەر کەمتر نەبێ، ئیتر ئەو وەزارەتە، دوای ئەوە ئەبێ وەزارەتی شەهیدان بەو ئەرکە هەڵسێ و داوای ئەوە بکات کە لە تەعلیماتی خۆیان و بە یاسا، من ناکرێ ئێستا بە یاسا دیاری بکەین بڵێین ئەم موزەفە تەنسیب بکە بۆ فلاّن وەزارەت، بەراستی داوای ئەوە بێ لە تەعلیمات کە جەنابی وەزیر و وەزارەتی شەهیدان بە تەعلیماتێك داوای ئەوە بکەن ئەو موەزفە تەنسیب بێ یان لە قائیمقام، یان لە هەر شوێنێك، ئەوانەی ئەو کە نوێنەرایەتی داوای کردووە ئێمە  بەزیادەوە داوامان کردووە، ئەگەر بە ئێمە بوایە لیژنەی کۆمکاری زیندانی سیاسیمان تێکردووە بەڕێزان، بەراستی ئەوانە کارئاسانی بۆ لیژنەکە ئەکەن، لەوانەیە.... ئێمە وتوومانە نوێنەری کۆمکاری زیندانی سیاسی تێدابێ ئاسانکاریە بۆ لیژنەکە، ئەگەر وەزارەت پێی ناخۆشە ئێمەش پشتگیری ناکەین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

هەر بۆ زیاتر تەوزیح کە (لاتقل عن مدیر) هاتووە، یەعنی تەحسیل حاسل ئەبێ مودیر بێ، بە تەئکید ئەگەر بەرزتریش بڕوات ئەوە لیژنەکە سوودی زیاتری لێ وەرئەگرێ، کابرایەکی خاوەن خیبرە ئەبێ، سوودی ئەبێ بۆ لیژنەکە، ئەما ئەوەی کە جەنابی وەزیر باسی لەسەر ئەکات و ئەڵێ ئەمە تەنسیب بکرێ بۆ ئێمە لەم یاسایە چۆن ئەکرێ نوێنەری جەمعیەی سوجەنائی سیاسی تەنسیب بکەی؟ خۆ ئەوە موەزەف نیە؟ ئەو بە تەنیا دێت بۆ تەعقیب کردنی کاروباری ئەندامەکانی کە لە کۆمکارە، کۆمەڵەیە، چی پێ ئەڵێن کاری بۆ ئەکات، لەبەر ئەوە بەو سیغەی کە باسمان لەسەر کرد با بەوە بڕوات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەبێ ناوتان بنووسمەوە جارێکی تر، ئەمە یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوت، ئەمە هەشت....

**بەڕێز محمد احمد شارەزوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕوون کردنەوەیەکیشم دا، ئیدارەی گەرمیان بە موتەبەع لە ناو بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی، ئەڵێ 3 موحافەزە و ... لە بودجە ئەڵێین ئیدارەی گەرمیان، یەعنی ئێمە وەکو لیژنە کە ئەڵێین

ئێستاش تەفزیلی هیچ ئیدارەیەك نادەین بەسەر ئیدارەیەکی تر، بەڵام گەرمیان موتەبەعە، لەم پەرلەمانەی کوردستان لە هەموو قانونەکان ناوی هاتووە.....

**بەرێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەمانە ناویان نووسراوە، یەکە و یەك دەقە قسە ئەکەن، (کاك سالار، کاك قادر، کاك عبداسلام، کاك عبدالرحمن، کاك پێشەوا، سۆزان خان، بێریڤان خان، ڤیان خان، دکتۆر احمد، کاك خورشید، کاك گۆران) 10 کەس ناوی نووسراوە، کاك گۆران ئەتەوێ قسە بکەی؟ فەرموو کاك سالار یەك دەقە

**بەرێز سالار محمود مراد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم ئەم مەسەلە ئینتیباعێکی ناوچەیەیی بەخۆیەوە نەبینێ، بێ حیکمەت نیە ئەنفال خراوەتە 4/14، بێ حیکمەت نیە لە گەرمیانەوە داوای هەمواری ئەم یاسایە کراوە، هەموو ناوچەکان بۆ ئێمە وەکو یەکن، ئێمە نوێنەری خەڵکی کوردستانین، بەڵام کێشەی گەورە لەم یاسایە، لەم تایبەتمەندیەتیە لە گەرمیانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگەرنا مەسەلەی ئیدارات هەموومان پشتیوانی ئەکەین، بۆ شۆڕ کردنەوەی سەلاحیەت بۆ هەموو ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندی بە خزمەت کردنی خەڵکەوە هەیە، بەڵام کێشەی گەورە من بڵێم چی لە ڕزگاری و لە شورش دایە، ئەمە مەسەلەیەکە تایبەتە بە گەرمیان، بە ئیدارەی گەرمیان، ئەگەر ئیدارەکانی تریشی ئەخرێتە پاڵ ئەو هەموو لیژنەیە ڕۆتین دروست ئەکات و خەڵك ناگاتە مەهامەکانی

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر تەوزیحت هەبوو؟ فەرموو

**بەرێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك سالار وتی ئەم تەعدیلە لە گەرمیانەوە هاتووە، ئێمە گەرمیان جێگەی فەخر و شانازی هەموومانە بە هەموو ئەنفال و شەهید و هەرچی قوربەسەری و نەهامەتیە، ئەم پرۆژەیە خاس نیە بە یەکێك، ئەم پرۆژەیە خاسە بە هموو سەجینی سیاسی کورد لە زاخۆوە تاکو خانەقین، هیچی فەرقی نەکردووە، وتراوە ئەنزیمەی موتەعاقیب بە حەرەکەی تەحەروری کوردی لەبەر ئەوە پێویست ناکات تەفزیلی شوێنێك بەسەر شوێنێکی تر بکەین، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر.

**بەرێز قادر احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەکەی پێشوو چەند ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان داوای زیاد کردنی ئیدارەی ڕاپەڕینیان کرد، و چەند ئەندامێکیش ئەڵێن ئیدارەکان، من پێشنیار ئەکەم سەرجەم پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بگرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر لە ئایندەدا ئیدارەی سەربەخۆی تریش کرایەوە عەرقەلە بۆ یاساکە دروست نەبێ، بەڵام ناکرێ ئیدارە سەربەخۆکانی تێدا نەبێ، و ئەگەر ئیدارە سەربەخۆکان نەبێ ئەبێ ئەو داوای ئێمە کەزیاد لە شەش، حەوت ئەندامی پەرلەمان داوای زیاد کردنی ئیدارەی ڕاپەڕینمان کردووە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بێدەنگ، ئاخر ئیدارەی سەربەخۆ ئەگەر لەسەر ئەساسی دووری و نزیکی بێ لە مەرکەزی موحافەزە ئەوە ئاکرێش دوو سەعات دوورە لە دهۆك، بەرواری باڵا سێ سەعات دوورە لە دهۆك، ئەگەر حیسابی ئەو شتانە بکەن بەراستی، قەینا ئەگەر لەسەر ئەساسی ئەوەی کە شەهیدی زۆرە، ئەنفالی زۆرە قەینا، بەڵام لەسەر ئەساسی دوور و نزیکی نیە، یان ئەوە ئیدارەیە و ئەوە ئیدارە نیە، موراعاتی ئەو مەسەلانەش بکەن، کاك عبدالسلام فەرموو

**بەرێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە شتێکمان لا دروست بوو لیژنەی هاوبەش پیشنیاری ئەکەین، بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە ئیدارە سەربەخۆکانی تێ بکەین

**بەرێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیسرار لەسەر ئەوە ئەکەم کە داوام کرد بێمە ئێرە نوقتەی نیزامیم هەبوو، رەئیم نیە، نوقتە نیزامیەکەم جارێکی تر ئەو هەلە هات، ئەوەی کە ئێمە سێ، چوارێك باسمان کرد، نوێنەری فلان وەزارەت و سەربە فلان وەزارەت، ئەوە نیزامیە لای من، کە نوێنەری فلان وەزارت بێ، سەربە وەزارەتی خۆیەتی، پێشنیاری جەنابی وەزیریش چارەسەری موشکیلەکە ناکات، چونکە کە تەنسیب کرا ئیتر نوێنەری ئەو وەزارەتە نەما، بۆیە من نوقتەی نیزامیم ئەوە بوو کاکە دەست خۆشیان لێ ئەکەم، خەریك بوو شتەکە هەموو چارەسەر بکرێ، بەس لەسەر ئەوە موقەیەد بین کە نوێنەری وەزارەتێك بێ و سەر بە وەزارەت نەبێ، پێشنیارم بۆ حەلی ئەوەی کە من بە نوقتەی نیزامی ئەزانم بڵێین ڕاپۆرتی خۆی بەرز ئەکاتەوە بۆ وەزیر، وەزیر قەراری نیهائی ئەدات، بەڵام سەربە وەزیر نیە، چونکە سەربە وەزارەتێکی ترن، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالرحمن

**بەڕێز عبدالرحمن حسين ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە ئەگەر بێین سەیر بكەین ئەوە بۆ هاتو بۆ هەموار كردنی ئەم یاسایە؟ بۆ ئەوە هاتووە كە تەسهیل بكرێ بۆ خەڵكەكە، كە بە ئاسانی ئیشەكانیان بەڕێوە بچێ، ئەگەر بێین سەیری بكەین ئەڵێ نوێنەری وەزارەتی شەهیدان و نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی ئەوە لە كوێ لە هەولێر ئەگەنە دهۆك و شوێنی تر؟ ئەبێ لەو دامودەزگایانەی كە لەوێنە و سەربە ئەو وەزارەتە لەوێ ببن بە ئەندام...

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆكی پەرلەمان:**

وایە، وایە

**بەڕێز عبدالرحمن حسين ابابكر:**

بەڵام بە نیسبەت ئیدارەكان منیش پێشنیار ئەكەم ئیدارەكان هیچی تێدا نەبن، هەر موحافەزات بێ، چونكە هەموو جێگایەكان دوورن، هەموویان پێویستیان پێیە، ئەگەر بێین سەیر بكەین لە زاخۆ لەوانەیە هەزار كەس زیندانی سیاسی هەبێ، یان لە هەڵەبجە لەوانەیە هەزار و شتێك بێ، یان لە ڕانیە ئەبێ زیاتر بێ، هەموو جێگەیەك وەكو یەك دوورن و وەكو یەك بەشداری لەو زیندانی سیاسیە كردووە، هەموو ئەبێ وەكو یەك سەیر بكرێن، بە چاوێك سەیر ئەم یاسایە بكەین، سوپاس

**بەڕێز د.راسلان بایز_ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك پێشەوا

**بەڕێز پێشەوا توفيق مغديد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا من پێم وابێ ئامانج لە هەمواری ئەم یاسایە زۆر وازیحە، دیارە نەهێشتنی هەموو ئەو گیرو گرفتانەی كە پێشووتر هەبووە، خەڵك موعاناتی هەبووە بەوەی كە خەرجی لەسەر شان بووە، مەترسی هاتوچۆی ڕێگا و شایەت حاڵەكان بێنێتە هەولێر، بەڵام بەو شێوەی كە سیاغەكە داڕێژراوە و ئەگەر گوێم لێ بگرن كاك عومەر و برادەران هیچ لە مەوزوعەكە ناگۆڕێ، لیژنەی هاوبەش ئێوە لە سیاغەكە دیسان باسی ئەوەتان كردووە كە كاری لیژنەكە تەنها قەتیس كراوە لەسەنتەری موحافەزەكان، واتە ئەوە موشكیلەیەكی زۆر گەورەیە بۆ ئەوەی ئەوە چارەسەر بكرێ واباشە بڵێین سنووری پارێزگاكان بە پێی پێویستی، واتە هەر موحافەزەیەك دەستەڵاتی پێ بدرێ ، بۆ نموونە لە سلێمانی ئەگەر پێویستی كرد لە پشدەر یان لە ڕانیە یان دوكان یان هەر لە گەرمیان بۆ نموونە ئەو لیژنەیە بچێ لەوێ ئیشەكانی بكات، بە نیسبەت دهۆك بە هەمان شێوە، بە نیسبەت هەولێریش بە هەمان شێوە، ئەمە ئیشكالیەتەكە چارەسەر ئەكات، بە نیسبەت ئەوەی كە جەنابی وەزیر باسی كرد، ئێوە لیژنەیەكتان داناوە و دادوەرێك سەرۆكایەتی ئەكات، بەڵام جەنابی وەزیر باسی لەوە كرد كە لە سەرووی ئەوانیش پێویست بە بڕیار ئەكات، بۆیە پێویستە لێرە یەكلا

بكرێتەوە، بڕیاری كۆتایی لای ئەو دادوەرەیە كە سەرۆكایەتی ئەو لیژنەیە ئەكات، یان جارێكی تر ئەنجومەنی وەزیران بریار لەسەر كەیسەكان ئەدات؟، بە نیسبەت ئەوەی ئایا نوێنەری زیندانیە سیاسیەكان هەبێ؟ هەر لەم پەرلەمانە لە یاسای پێشووتر، یاسای كێبڕكێ و ڕێگری كردن لە قۆرغ كردن ماددەیەكی تێدا بوو كە یەكێتی جوتیارانی تێدا ئیزافە كرا، كە ئەمانیش ڕێكخراوێكن ڕەنگە بە پێی یاسا نین، بەڵام نوێنەریان هەبوو، بۆیە منیش تەسەور ئەكەم ئەگەر نوێنەری راستەقینەی زیندانیە سیاسیەكانە یان كۆمكاری زیندانیە سیاسیەكان، ماشاللە وابزانم دوو لایەن هەنە، بەڵام نوێنەرێكی راستەقێنەی ئەوانیش ئەندام بێ لەو لیژنەیە باشترە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بێریڤان خان

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارمان كرد وەزارەتی تەندروستی تێدابێ، نە وەڵامیان دایەوە، نە وەریانگرت، كە بۆ وەریناگرن؟ حەزم لێبوو ڕوون كردنەوەیەك بزانم، چونكە بەلای من و ئەندامێكی بەڕێز كاك لوقمان زۆر گرنگە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ڤیان خان

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە هەر پێشنیارێك كە ئەكرێ پێنج، شەش پەرلەمانتار پشتگیری كرد ئەبێ بخرێتە دەنگەوە و بە دەنگدان یەكلایی بكرێتەوە، مەسەلەی بوونی ئیدارەش ئەبێ لە رووی یاساییەوە قسە لەسەر بوونی ئیدارە سەربەخۆكان بكەین، ئەوەی ئێمە بینیومانە ئیدارە سەربەخۆكان كە بڕیاری سەرۆكایەتی هەرێمی هەیە ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەی ڕاپەڕینە، كەواتە ئەمە شتێك نیە زۆر زۆر فراوانی بكەی، من پێشنیار ئەكەم ئەمە بخرێتە دەنگەوە، دوای یەكلایی كردنەوەی پشتگیری ئەو ڕایەی كاك پێشەوا ئەكەم كە بە پێی پێداویستی پارێزگاكان ئەگەر ڕای یەكەم دەنگی نەهێنا، بە پێی پێداویستی پارێزگاكان خۆیان لە لایەن وەزارەتەوە ئەو لیژنە تایبەتمەندانە دروست بكەن

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر ئەحمەد

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من هەر وەکو نوقتەیەکی نیزامیە، لیژنەی بەرێز کە ئەو پێشنیارە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە مادام پێچەوانەی یاسا نیە پێویستە بیانخەنە دەنگدانەوە، داوا بکەن کە بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی بە دەنگدان یەکلایی بکرێنەوە،

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەرێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەزم لێیە لە ڕووی یاسایی تەوزیحێك بدەم و پێشنیارێکیشم هەیە بۆ لیژنە، لە ڕووی یاسایی کاتی خۆی کە قانونی موحافەزاتمان هەموار کرد ئیدارەی سەربەخۆی تێدابوو کە ئایا لە ناو هەیکەلیەکە دابنرێ یان نا؟ پرۆتۆکۆل بێننەوە کە خرایە دەنگ 16 ئەندام دەنگی لەسەر ئیدارەی سەربەخۆ دا کە لەناو قانونەکە هەبێ، ئەوکاتە گوترا ئەمە موخالەفەی قانونە، و موخالەفەی دەستوورە، و ئەو ئیدارە سەربەخۆیانەی کە بە بریاری سەرۆکایەتی هەرێم دروست کرا دیسان گوترا موخالەفەیە، ئەمە وەك تەوزیح، وەکو مەسەلەی ئیدارەی گەرمیان بڕۆن قانونی هەیکەلیەی وەزارەتەکان سەیر بکەن، لە زۆربەی وەزارەتەکان قانونی هەیکەلیەی وەزارەتەکان باسی ئیدارەی گەرمیان کراوە، چونکە ئیدارەی گەرمیان ئیستیسنا کراوە لە ئەسلێکدا ئەویش بۆ کاتیە تا ئەو کاتەی ماددەی 140 لە هەرێمی کوردستان جێ بەجێ ئەبێ ئەوکات ئۆتۆماتیکی ئەو ئیدارە ئەچێتەوە سەر کەرکووك، و کەرکووك موعامەلەی موحافەزەیەکی لەگەڵ ئەکرێ لەڕووی مودیریەتەکانەوە، و لە ڕووی قانونیەوە تۆ ناکرێ لەو ئیستیسنایانە تەوەسوع بکەی، و پێشنیارەکەم ئەوەیە ئەساسی هەمواری ئەو قانونە ئەو ماددەیە، کۆمەڵێك ئیشکالیاتی قانونی تێدایە، کۆمەڵێك مولاحەزە وترا، کۆمەڵێك سەرنج وترا، بۆیە پێشنیار ئەکەم مۆڵەتێك بدرێتە لیژنە لەگەڵ وەزارەت باشتر موناقەشەی ئەو قانونە بکەن، چونکە ئەو هەموارە بۆ کارئاسانیە، ئەگەر ئەو ماددەیە بە وردی دانەڕێژرێتەوە پێم وایە هیچمان نەکردووە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حەمە

**بەرێز محمد احمد شارەزوری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە حەسرمان نەکردووە، وتوومانە موحافەزات، نەمانوتووە 3 لیژنە، ئێمە ئەگەر سەیری ڕاپۆرتەکە بکەین ئەڵێین چەند لیژنەیەك، یەعنی ئەتوانی لە موحافەزەی سلێمانی چەند لیژنەیەك دروست بکەی، ئەتوانی لە موحافەزەی هەولێر چەند لیژنەیەك دروست بکەی، ئێمە ئەگەر قەسدمان ئەوە بوایە ئەمانوت

له هەرسێ موحافەزەکە 3 لیژنە، بەلاَم وتوومانە چەند لیژنەیەك دروست بكرێ، من جارێکی تریش مەسەلەی ئیدارەی گەرمیان، من وەکو خۆم پشتگیری ئەکەم

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ئیشارەت بە ماددەی 116ی دەستووری عێراق بدەین، ئەڵێ (تتكون النظام الاتحادي في جمهورية العراق من العاصمة و الاقاليم والمحافظات المركزية والادارات المحلية)، لەگەڵ ئەوەش ئێستا سیاغەیەك ئەخوێنمەوە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قبولیان کرد ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە،

المادە 2:

تعدل مقدمة الفقرتان اولا من المادة الرابعة من القانون وتقرأ كالآتي:

1-تشكل لجان خاصة برئاسة قاضي في المحافظات والادارات يرشحهم مجلس القضاء في الاقليم وعضوية ممثلين بدرجة مدير للنظر واقرار طلبات المشمولين باحكام هذا القانون وترتبط بالوزارة، و يمثلون الجهات الاتية:

1-وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين

2-وزارة الداخلية

3-وزارة المالية والاقتصاد

4-جمعية السجناء السياسيين

ثانيا:

يثبت السجين والمعتقل السياسي بالطرق القانونية وفقا لاحكام قانون الاثبات النافذ المرقم 107 لسنة 1979 المعدل امام اللجنة المشكلة بموجب هذا القانون

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کاکە قسەتان کرد، ئەوەی رازی نیە با دەنگی نەداتێ، دانیشتی ئەمڕۆ تەئجیل ئەکەین بۆ دووشەممەی داهاتوو سەعات 11 بە خوتان دەسپێرین....

**فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل**

**سكرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**